فەرهاد عەونی

ئەزموونی ڕۆژنامەوانیم

چاپی یەکەم
هەولێر
٢٠١١

فەرهاد عەونی

ئەزموونی ڕۆژنامەوانیم

پێشەکی
عەبدوڵڵا زەنگەنە

چاپی یەکەم
هەولێر
٢٠١١

ناوی کتێب: ئەزموونی رۆژنامەوانیم
چاپی یەکەم ٢٠١١
نووسەر: فەرهاد عەونی
پێشەکی عەبدوڵڵا زەنگەنە
سەرپەرشتیاری هونەری: عوسمان پیرداود
نەخشەسازی: عمر شهاب، ئەیوب محەمەد بابەکر
پیتچنین: هەوار محەمەد عەلی
تیراژ: (١٠٠٠) دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە سپاردنی (١٠٩) ساڵی (٢٠١١)ی پێ دراوە.

پێشەکی

عەبدوللاّ زەنگەنە

ئەم کتێبە کەچەند مانگێکە لامان و ئەو شەرەفەمان پێ سپاردراوە (**پێشەکی**) بۆ بنووسین، هەڵبەت زۆر هۆ و هۆکار هەن لێنەدەگەڕان دەست بە نووسینی بکەین، یان وەکو پێشەکی برادەرانی دیکەمان رەتی بکەینەوە، یەکەمیان بە حووکمی کارکردنمان لە هەردوو گۆڤاری (**رۆژنامەڤانی**) و (**رۆژنامەنووس**)ی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، نووسەرەکەی زۆر بەبێ فیزییەوە ئەو هەقەی لەبەرچیو بووە، کە بەسەر ئەو بەرهەمەوە هەمان بووە، بەڵکو زۆربەی لاپەڕەکانی ئەم کتێبە، کە لە هەردوو گۆڤارەکەدا بڵاّو کراونەتەوە، لەگەڵ (**د.ئازاد عوبێد**)ی هاوکارمان چەند جار پێیاندا چوونەتەوە وهەڵەبچێری زمان و رێنووسمان بۆی کردووە و کاریگەرییمان لەسەریان هەبووە. دووەمیشیان ئەوە ماوەی (١٠) سالّێکە، لەگەڵ نووسەر ، بە چاوپۆشین لەوەی ئێمە زۆر جاران لەمەڕ بۆچوونەکانمان کۆك نەدەبووین، بە یەکەوە کارمان کردووە، بەنموونە کاتی خۆی، لەبەر هەندێك هۆکار، دەمانەویست خۆمان لەم گۆڤارە، وەکو (**سکرتێری نووسین**)، بدزینەوە و واز بێنین، ئەوە بوو بەبێ پرسی ئەو، نامەیەکی دەست لە کارکێشانەوەمان بۆ ئەنجوومەن نووسی، بەڵام کاتێ ئەو پێی زانیبوو، نەك هەر قبوولّی نەکردبوو دەست لە گۆڤارەکە هەڵبگرین، بەڵکو ناچاریشی کردین داواکەی خۆمان بکێشینەوە، هەر ئەوسا پێی گوتین: (**تۆ دواڕۆژت لێرە و لەم گۆڤارە دەبێ**). سالّێك دواتر، کە مالّی رۆژنامەنووسان تێکەڵ کرایەوە، ئاگامان لێ بوو لەسەر هەندێ پرس لە هەمووان زیاتر ئەو بەرگری لێ کردبووین و دواتریش لە نێوان هەموو ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکا، ئەو پێشنیازی کردبوو ببینە (**سەرنووسەر**)ی گۆڤاری (**رۆژنامەنووس**)ی سەرتاسەریی رۆژنامەنووسانی کوردستان، ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا

لەوساوە تاوەکو ئەمڕۆکە، زۆر جار لەسەر هەندێ پرس ئەو پیاوەمان ماندوو و ئیزعاج کردووە ! بە نموونە بە بیرمانە جارێکیان وتارێکمان لە ژێر ناوونیشانی (**سڵاو لە موزعیجەکانی وڵاتەکەم**) لە (**ڕۆژنامەنووس**)دا بۆ بڵاوکرایەوە، تیایدا چۆنییەتی (**ئیزعاج**)ی خۆمان بۆ خوێنەران گێڕابۆوە، دواتریش لەسەر زۆر نووسینی دیکەی ئاوەها نەگەیشتووینەتە یەك، بەڵام وا کاروان هەر ڕۆیشت و گەیشتە ئەم ڕۆژەی وا هەردوولامان بە بێ ئەوەی دڵی هەر لایەکمان گەردی گرتبێ خواحافیزی لە گۆڤارەکەمان دەکەین.

بە هەرحاڵ دەستەبژێرانی کورد، تاوەکو بە ئەمڕۆ دەگا، لە کاری نووسینەوەی یادداشت و بیرەوەرییەکانیاندا دەست کورتن، ئەگەر لێرە و لەوێش هەندێ کەس بەدەر لەم بۆچوونە هەبووبن و ئەزموونی خۆیان هێنابێتە سەر کاغەز، ئەوا لە باروزرووفی دوای (**ڕاپەڕین**)دا، یان وەکو چاولێکەری دەستی پێکراوە، یانیش لەبەر ئاسانی چاپکردنی کتێب، هەروەها کەس بە کەس نەبوون، تەنانەت هەندێ لەوانە تیایان دایە هی ئەوە نین سوودیان بۆ حەل کردنی تاقە ئاریشەیەکی مێژووی هاوچەرخی نەتەوەکەیان هەبێت. لەسەر بۆچوونەکەی بەراییشمان دەڵێین ئەوەتا هەردوو برا، خاوەنی (**کوردستان**)ی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی، (**میقداد میدحەت**) و (**عەبدولڕەحمان بەدرخان**)، تاوەکو ئەمڕۆ، تەنانەت ڕۆژی لەدایکبوون و کۆچی دواییشیان دیار نییە، جگە لەو چەند لاپەڕەی دوتوویێی ڕۆژنامەی (**کوردستان**)ەکەشیان، تاقە پەڕەیەکی دیکەی نووسراویان بۆ جێ نەهێشتووین، تا کەسێتییان بخوێنینەوە، دواتریش لەگەڵ دەستپێکی سەدەی بیستەم و ئەو گۆڕانکارییە ڕۆشنبیریی و سیاسییانەی بەسەر ناوچەکەدا هاتوون، دیسان دەستەبژێرانی کورد لەم لایەنەوە هەژارن، خۆ ئەگەر (زیا گیوك ئالپ) و (سلێمان نەزیف بەگ)یش، بەو ناوەی کە ڕەچەڵەکیان لە کوردانە، هەندێ لاپەڕەی بیرەوەرییەکانیان، هێنابێتە سەر کاغەز ، ئەوا ئێمە پێمان وایە ئەو کارەی ئەوانیش هیچ کەلێنێکی مێژووی کورد پڕ ناکاتەوە، چونکە یەکەمیان دواجار حاشای لە کوردبوونی خۆی کردووە وئەوەی دووەمیشیان هەڵوێستی جێی گومانە، بەڵام ئەوەی باشە لە کۆتایی دەیەی دووەمی سەدەی بیستەم، هەندێ لە ڕۆشنبیران هەوڵیان داوە ئەم کەلێنە پڕ بکەنەوە، ئەوەتا

هەندێ سەرچاوە لەبەردەستن دەیسەلمێنن نەجمەددین حوسێن و د.مەسعود فانی و عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری و مەمدوح سەلیم و کامەران بەدرخان و کەمال فەوزی و چەند کەسێکی دیکەیان هەوڵێکی سەرەتاییان لا دەرکەوتبێ و بیرەوەری خۆیان لەسەر لاپەڕەی بلاوکراوەکانی ئەوسا تۆمار کردبێ، لە نێو ئەوانەدا (**ئەمین فەیزی بەگ**)ی ناودار و خاوەنی کتێبی (**ئەنجوومەنی ئەدیبان**) ی مامۆستایانە، لەوانەیشە هەوڵەکەی ئەو لە هەمووان بەرچاوتر بێ، ئەوە بە تایبەتی لە نامیلکەیەکیدا بە ناوونیشانی (**اثر حیاتی**) یادداشتەکانی خۆی نووسیوەتەوە، تیایدا، بە زمانی تورکی عوسمانی، باسی زۆر وردەکاری ژیانی خۆی بۆ کردووین.

لە عیراقیش، سدیق قادری، کە ئەفسەرێکی کوردی هەمەوەند بووە، بیرەوەرییەکانی خۆی نووسیوەتەوە و لە ساڵی ١٩٢٤دا چاپی کردووە و تیادا باسی شۆڕشی ئۆکتۆبەریشی کردووە، لەوانەیشە ئەو یەکەم کورد بوو بێ بە زمانی عەرەبی دژی ئەم شۆڕشە قسەی کردووە و بە پلانی جوولەکە و ماسۆنییەتی داناوە. دواتر هەر یەکە لە حوسێن حوزنی موکریانی و پیرەمێرد، زۆربەی یادداشت و بیرەوەرییەکانی خۆیان بە نووسین لە دووتوێی ئەم بلاوکراوانە تۆمار کردووە، کە خۆیان سەرپەرشتیان کردوون، لەوانە (**ژیان، ژین، زاری کرمانجی، ڕوناکی و دەنگی گێتی ی تازە**)، بە داخەوە ئەوانەش تاوەکو ئەمڕۆ بە تەواوی نەکۆکراونەتەوە و نەڕووداوەکانیان لێك بەستراوەتەوە، لەوانەیە لێرە و لەوێش، هەر لەم سەردەمەدا، کەسانێك هەبووبن بیرەوەرییەکانی خۆیان هێنابێتە سەر کاغەز، بەڵام دواتر بارودۆخی میللەتەکەیان هی ئەوە نەبووبێ کە خۆیان چاپیان بکەن و لای دەسەڵاتدارانی ئەوسا ئاشکرا ببن، ئەوەتا ڕەشید شەوقی، کە لە ساڵی ١٩٢٤دا بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری (**دیاریی کوردستان**) بووە، هەر لەوساوەش زۆربەی ڕووداوەکانی ڕۆژانە، کە بە چاوی خۆی بینیویە و تۆماری کردوون، بەڵام تاوەکو بارو زرووفی دوای (**ڕاپەڕین**)ی ١٩٩١ نەڕەخسا، نەك هەر بۆی چاپ نەکراوە، بەڵکو کەسێکیش نەیزانیوە ئەو شاکارێکی وای هەبووبێ. لەوانەشە ڕەفیق حیلمی، دواتریش ئەحمەد خواجە، لە هەمووان بە بەخششتر بووبن. یەکەمیان لە سەرەتای پەنجاکانی

سەدەی بیستەمدا، بە ماوەی چەند ساڵێك و لە چەند بەرگێکی کتێبێکدا، بە ناوونیشانی (**یادداشت**)، زۆربەی ڕووداوەکانی دەیەی سێیەمی سەردەمی حکوومەتەکەی شێخ مەحموودی بۆ نووسیوینەتەوە، هەرچی ئەحمەد خواجەیە لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانی هەر ئەو سەدەیە ئەو هەلەی بۆ ڕەخساوە، ئەویش لەژێر ناوونیشانی (**چیم دی**)دا زۆر لایەنی ئەم دەور و زەمانەی بۆ ڕوون کردووینەتەوە، دوای ئەمانیش کۆمەڵێك ناو، چ لێرە لەناو کوردستان و چ لە دەرەوە، دەکەونە بەرچاو، لە هەشتاکانی هەر ئەو سەدەیەدا (**گەشتی ژیانم**)ی مامۆستا (**مەسعوود محەمەد**) لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری (**ڕۆشنبیری نوێ**)ی ئەوسا، دیسان زۆر لایەنی ڕۆشنبیری و سیاسیی پێشووتری بۆ ڕوون کردووینەتەوە، نامانەوێ بیشارینەوە کە ئەو بیرەوەرییانە ئەوسا لە هەمووان زیاتر کاریگەریی لە سەرمان هەبوو، لە هەمان کاتیشدا لەگەڵ هاوسەرەکەم گرفتی بۆ دەنایەوە، چونکە هەرجارەی ژمارەیەکی ئەم گۆڤارە دەردەچوو ئێمە بە هەڵەداوان بە دوایدا دەچووینە بازاڕ و دانەیەکمان لێ دەهێنایەوە مااڵ، دیارە ئەوساش وەکو ئێستا نەبوو، هاتووچۆی ناو بازاڕ، چونکە زیاتر بە پاس و تاکسی بوو، بۆیە بۆ هی وەکو ئێمە و دابینکردنی پێداویستییەکانمان چوونە ناو بازاڕ ماوەیەکی پێدەچوو، ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەش کە ئەوسا هەبوون، جگە لەم گۆڤارە، (**بەیان**) و (**هاوکاری**) و (**کاروان**) و (**عێراق**)ی کوردی و بەم دوادواییەش (**ڕەنگین**) و (**بزاڤ**) و (**ئاسۆ**)ش پەیدابوون. (**ڕۆشنبیری نوێ**) گۆڤارێکی بەرچاو بوو و لە لایەن هەموو زانکۆکانی ئەوسای عێراق بە ئەکادیمی کرابوو، دڵنیاین زۆرتان شارەزای شێوازی نووسین و زمانەوانی و دەمودووی خوالێخۆشبوو مەسعوود محەمەدن، لەگەڵ گەیشتنەوەمان بۆ ماڵەوە نوقمی خوێندنەوەی ئەو (**گەشتی ژیانم**)ەی دەبووین، دیارە (**ڕەحیمە مەلا زادە**)ی هاوسەریشمان وەکو هەر ژنێکی ڕۆژهەاڵتی و کورد، چەند ساەتێك خۆی بە ئامادەکردنی خواردن و خواردنەوە ماندوو دەکرد و نەشیدەویست چێشتەکەی بە ساردوسڕی بهێنرێتە سەر سفرە، گوایە دەیەویست لەگەڵ مێردە خۆشەویستەکەی بیخوات، بەاڵم ئێمە پێمان وابوو ئەو دەیەویست دەستمان پێ لە خوێندنەوەی گۆڤارەکە

هەڵبگرێ، بۆیە چەند جارێك، كە بانگی دەكردین، هەر بە (**ئێ ئەوا هاتم**) وەڵامان دەدایەوە، تا هەموو لاپەڕەكانمان تەواو نەخوێندبایەوە، وازمان لێ نەدەهێنا، خۆشتان دەزانن مامۆستا (**مەسعوود محەمەد**) لەو جۆرە نووسینانەی چەند درێژدادڕ بووە. بڕوا بكەن لەسەر ئەو (١٣) ئەڵقەی ئەو بیرەوەرییانە، كە لەسەر لاپەڕەكانی ئەم گۆڤار و ڕۆژنامانەی ئەوسا بڵاوكراوانەتەوە، (١٣) شەڕی بێ نوقسانیمان لەگەڵ كراوە. دیارە زۆرجاریش لەسەر بیرەوەرییەكانی نێو (رحلە نحو البدایە)ی (كۆڵن وێڵسن) و (پاپلۆ نیرۆدا) و (دستۆفسكی) و (هێمن)یش، لە (لە كوێوە بۆ كوێ؟)ی دیوانەكەی (**تاریك و ڕوون**)دا هەمان دەردمان بەسەر هاتووە، ئێستاش كەوا تەمەنمان بۆ (٦٠) ساڵی هەڵدەكشێ بە خوێندنەوەی بابەتی ئاوەها گەنج دەبینەوە، وا دەزانین هەر هەرزەكارەكەی جارانین، پێشمان وایە ئەگەر دانتان بە هەر نووسینێكی ئێمەدا هێنابێ ،ئەوە هەموو سەرچاوەكەی ئەو جۆرە پەروەردە و ڕێبازی خوێندەوەمان بووە.

دوای (**پاپەڕین**)یش كە دەرووێكی ئازادی لەسەر كوردان كرایەوە، گۆڤار و ڕۆژنامە و كتێب لە كوردستان زۆر بوون، لەنێو ئەوانەدا كتێبی یادداشت و بیرەوەری زۆر بڵاوكراونەوە، هەوەڵجار پێشمەرگە و سیاسییەكان دەستیان دایە دەركردنی ئەم جۆرە كتێبانە و باسیان لە ئەزموونی ژیانی ڕابردووی خۆیان دەكرد، ئەگەرچی هەندێكیان زێدەڕۆییان لە گێڕانەوەی ڕووداوەكاندا كردووە، بەڵام هەر هەموانیان بوونیان لە نەبوونیان باشترە، ڕۆژنامەنووسانیش لە دوای سەد ساڵەی ڕۆژنامەنووسیی كوردیدا، هەوڵیان دا جێ پەنجەیان زیاتر بەسەر ئەم بوارەدا دیاربێ. ئەوەبوو هەر كەسە و ڕاست دەبۆوە، گۆشەیەكی لەسەر لاپەڕەی گۆڤار و ڕۆژنامەكان بۆ خۆی داگیر دەكرد، دیارە گۆشەش زیاتر مۆركی بیرەوەری كەسی پێوەیە، دواتر هەندێ لەو ڕۆژنامەنووسانە كارێكی باشیان كرد، كە هەموو بابەتەكانی ئەم گۆشانەیان لە دووتوێی كتێب و نامیلكەدا بڵاودەكردەوە، بە نموونە د.مارف خەزنەدار، هەموو بابەتی سەر لاپەڕەكانی (**ئێوارە گوڵان**) و (**گوڵان**)ی لە دووتوێی كتێبێكدا، بە دوو بەرگ، بە ناوونیشانی (**دیجلەی هزرم**)، لە لایەن سەرۆ قادر بۆ چاپ كرایەوە. بەڵام ئێمە لە ترسی ئەوەی نەبادا دیسان لەگەڵ

ماڵەوەماندا دەردی بیرەوەرییەکانی پێشوومان بەسەر بێت، تاوەکو ئێستا نەوێراوین هەموویان بەسەر یەکەوە بخوێنینەوە، خۆ زۆر لە یادداشت و بیرەوەری ئەو بەڕێزانە دواتر بوونەتە سەرچاوەی باوەڕپێکراو، ئەوە بە چاوپۆشین لەوەی بیرەوەری خۆی سەرچاوەیەکی ڕەسەنە بۆ نووسینەوەی مێژوو، بەڵام هەمووی نابێتە مێژوو، بە نموونە کتێبی (**سالێك له تەمەن**)ی حسێن عارف بۆ زۆر نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا کراوەتە سەرچاوە، پێشمان وایە ئەوە کتێبە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوە بۆ نووسینەوەی مێژووی دوا سالّی شۆڕشی ئەیلوول، دواتریش بیرەوەری سیاسەتمەدار و پێشمەرگەکانمان، زۆر جار لە دووتوێی سەرچاوەی نامەی ماستەر و دوکتۆراکان ئاماژەیان بۆ کراوە، خوێندکارانی خوێندنی باڵا، ئەوانەی نامەی ماستەر و تێزی دوکتۆرا لەسەر مێژووی هاوچەرخ و شۆڕشەکانی ئەم دواییەی کورد ئامادە دەکەن، ئای چەندە ئاسوودە و دڵ حەساوە دەبوون، گەر بیرەوەرییەکانی هی وەکو شێخ عەبدولقادری نەهری و سەید ڕەزا و شێخ ئەحمەدی بارزانی و قازی محەمەد، لەم دواییانەش بیرەوەرییەکانی (**بارزانی مستەفا**)یان لەبەردەست بووایە، ئەوەتا بیرەوەرییەکانی هەریەك لە ئیحسان نووری پاشا و قەدری و ئەکرەمی جەمیل پاشا بوونەتە سەرچاوەی ڕوونکردنەوەی چەند چەمکێکی شۆڕشی ئارارات و بزاڤی سیاسیی کوردان، خۆ ئەگەر لێهاتوویی و پشوودرێژی (**ڕەوشەن بەدرخان**) نەبووایە، ئێستا ئەو چەند لاپەڕە بیرەوەرییانەی (**محەمەد سالّح بەدرخان**)ی باوکی لەبەردەست نەدەبوون، دیارە (**سینەم خان**)یش بەم دواییانە بیروەرییەکانی باپیری دووبارە چاپ کردۆتەوە، وا بەبیریشمان هاتەوە بەم دواییە وا دیارە ژنانیش فێربوونە وەکو دەڵێن ئەسپی خۆیان لەم بووارەدا تاو بدەن، وەکو جارێکیان ج. خەزنەدار پێی گوتوم هەر (**ڕەوشەن بەدرخان**) پێشتر، لە پەنجاکاندا بیرەوەرییەکانی خۆی نووسیوەتەوە و دانەی لای خۆیشی هەیە.

ئەگەر هەروا پێدا بچین و وردە وردە ناوەکان بژمێرین دەمێکی دەوێت بگەینە ئەسڵی مەبەست، بۆیە وا بەسەر ناوەکانی هەریەك لە مەلا عەولای مەلا سمایل و د.نورەددین زازا و حەمڕەش ڕەشۆ و عوسمان سەبری و حەسەن هشیار و د.جەمشید حەیدەری و

د.عیزەدین مستەفا ڕەسول و موحسین دزەیی و حافز قازی و سەعید ناکام و جەمال بابان و (**چێشتی مجێور**)ی هەژار و تەنانەت عەبدوڵڵا عەباس و زۆرانی دیکە، باز دەدەین و دەڵێین: لەم دە ساڵەی دواییدا، کە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمە و ئێمەی تێدا دەژین، بواری ڕۆژنامەنووسیی کوردی نالێین زۆر پێشکەوتووە، بەڵام زۆر گۆڕانکاری، جا چ بە ئەرێنی یان نەرێنی بێت، بەسەردا هاتووە، زۆر کەس هاتوونەتە نێو بوارەکە، هەیانە بە ڕاستی زیرەک و لێهاتوون، بەڵام کەم ئەزموونن، ئەوانە نابێ و ناکرێ هەروا بێ ڕێ پێشاندەر بەجێ بهێڵدرێن و وەکو ئەوانی پێشوو چارەنووسیان بدرێتە دەست زەمانە، بەڵکو پێویستە ڕێنمایی بکرێن، دیاریشە ئەمڕۆ پڕکاری و پێداویستییەکانی ژیان لەم چاخە جەنجاڵەدا، لێ ناگەڕێ مرۆڤ وەکو جاری جاران لە دەوری یەکدی کۆببنەوە و بە ڕاشکاوی یەکدی بدوێنن و سوود لە ئەزموونی یەکدی وەربگرن، بۆیە ئێمە پێمان وایە نووسینەوەی ئەزموونی هەر ڕۆژنامەنووسێك، بە جیاوازی توانا و بیروڕا، بۆ دواڕۆژ دەبێتە مایەی سەرنجڕاکێشانی ئەوانەی دواتر دێن و هاتوون، بە تایبەتیش کە ڕۆژنامەنووسە پێشەنگەکانمان لە پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە یەکجار کۆڵەوارن، ئەوانەش کە هەوڵیان داوە ئەم کەلێنە پڕ بکەنەوە، ئەوەندەی ئێمە ئاگادارین، ژمارەیان ناگاتە پەنجەی دەست.

ساڵی (٢٠٠٠) کاتێ هەر بە تەواوی لە گۆڤاری (**ڕۆژنامەڤانی**) نزیك بووینەوە، بەڵکو لە لایەن نەقیبی ڕۆژنامەنووسان و ئەنجوومەنی سەندیکاوە وەکو (**سکرتێری نووسین**)ی گۆڤارەکە دەست نیشان کراین و هەڵبژێردراین، نایشارینەوە زۆر برادەری خۆشەویست، لەبەر دڵسۆزیمان بۆ کارەکە، هەوڵیان دەدا لەم پیشەیەدا سەرکەوتووبین، چاکمان بەبیرە لە نێو ئەوانەدا کاك تاریق جامباز چەند جارێك ڕێنمایی دەکردین، ئەوەبوو ڕۆژێکیان پێشنیازی کرد، ئەوەندەی بۆمان دەکرێ و دەچێتەسەر، هەوڵ بدەین ئەوانەی کە زۆرترین تەمەنی خۆیان لە بواری ڕۆژنامەنووسیی بەسەربردووە بە نۆرە هەر یەکە و چەند لاپەڕەیەکی گۆڤارەکەی بۆ گێڕانەوەی ئەزموونیان تەرخان بکەین، دیاریشە ئەوسا هەموو قورسایی گۆڤارەکە، بە کاری هەڵچن و خوێندنەوەی بابەتەکانەوە، تەنانەت

بردنی بۆ چاپخانه و سەرپەرشتی چاپیش، لە ئەستۆی ئێمەدا بوو، بۆیە نەدەکرا خۆمان بچین چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانە بکەین و بیروبۆچوونەکانیان بێنینە سەر کاغەز، هیچ کەسێکی دیکەش، جگە لە مامۆستا عەبدولکەریم شێخانی، ئەویش وەکو سەرپەرشتکاری زمانەوانی، هەروەها هەر یەک لە هەوار محەمەد عەلی و توانا جەمال، ئەوانیش وەکو تایپێستی گۆڤارەکە و لە هەمان کاتیشدا وەکو تایپێستی ئیدارەی سەندیکا، هاریکارمان نەبوون، سەرەتا هەریەک لە مامۆستایان: ((**مومتاز حەیدەری و زیرەک کەمال**))، یەک بە دوای یەک وەکو سەرنووسەر پشکیان لە گۆڤارەکەدا هەبوو، هەرچی دەستەی نووسەرانیش بوو، ئەوا هەموویان بریتی بوون لە ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکا، ئێ بەو خوایە ئەوان بۆ چاووزاریش جارێك وشەیەکیان بۆ نەنووسیوین، بەڵام نزیکترین کەس و ئەوەی دەمێك بوو کەوتبووە بەر زەرەبینی تێبینی و سەرنجەکانمان و پاڵێوراوی ئێمە بوو بۆ گەیشتن بەم مەرامانە، مامۆستا فەرهاد عەونی بوو، ئێ بۆ نا؟ ئەوە ئەو خاوەن ئیمتیازی (**رۆژنامەڤانی**)یە، باشیش دەزانین پێشتر ئەو بەرپرسی دەزگایەك بووە ئەوسا پێی دەگوترا دەزگای (**برایەتی و خەبات**)، لە لایەکی دیکەوەش ئەوا ئەو نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستانە و رۆژانە وا بەچاوی خۆمان دەبینین چەند بە رۆژنامەنووسان و کاروباری سەندیکاوە ماندووە، هەروەها پێشتریش لەسەر لاپەڕەکانی (**گولان العربی**)دا ئەو بابەتانەی بە زمانی عەرەبی و بە ناوونیشانی (**من الذاکرة**) سەرنجی راکێشابووین، لەوانەشە نهێنییەك ئاشکرا بکەین ئەگەر بڵێین هەر زوو هەستمان کردبوو ئەو پیاوە لەسەر نەمانەوەی لە دەزگای (**برایەتی و خەبات**) و دوورکەوتنەوەی لە کاری رۆژنامەنووسیی زۆر نیگەران و دڵ بریندار ببوو، تەنانەت جارێکیان رووبەروو لە خۆیمان پرسیبوو ئەو کە سەرپەرشتی سەندیکایەکی وا گەورە و کارا بکات، هەق نییە چاوی لە پشت مێزی بارەگای هیچ رۆژنامەیەك بێت، هیچ گومانی تێدا نییە هەر هەموتان حەز دەکەن وەڵامەکەی لە زاری ئێمە ببیستن، ئێمەش کەوا دەمێکە سەرمان بۆ بابەتی (**دژە بۆچوون**) و (**دژە تەوەر**) دەخورێ، کەواتە ئەوەتا گرێ دەروونییەکەش هەیە، ئەوەبوو چەند جارێك پرسیارمان لەخۆمان دەکرد ئەوا چەند

داوامـان لـه مامۆسـتا و برادەرانـی وەکـو: مسـتەفا سـاڵح کـەریم و سـەرۆ قـادر و فریـاد رەواندزی و شێرزاد عەبدوڵڕەحمان و ئەوانە کردبوو، بەداخەوە هیچ کامیان بەڵێنـەکانیان نەبردۆتە سەر و هـەمووی بۆتـە قسـە و ئـەمیش ناچـێتە گیرفانـەوە، ئێسـتا بـۆ داوا لـەو نەکـەین، بـەڵکو ئـەوە خوایـە دڵـی نـەرم بـێ و ئەگـەر هیچـیش نـەبێت هەنـدێك لـە بیرەوەرییەکانی خۆیمان بۆ بگێڕێتەوە و ئێمەش وەڵامەکەی وەکو خۆی بە خوێنـەرانمان بڵێین:((**کاکه من ئەوەنده دڵگران نیم که له برایەتی لابراوم، ئەگەرچی زۆریشـی لەگـەڵ ماندوو بووم تـا بـووە ئـەو** (برایـەتی)**یـەی کـه بینیبووتانـه، بـەڵام دەبـێ بـزانن کـاری زۆژنامەنووسیی سحرێکی ئەفسووناوی تێدایه**))، دوای چەند جار گفت و بەڵێن و دەستی دەستی، دواجار ئەڵقە یان بەشی یەکەمی بیرەوەرییـەکانمان بـە ناوونیشـانی (**ئـەزموونی ژۆژنامەگەریم**)مان لە ل(٦٢–٦٨)ی ژمارە (١١–١٢)ی (**ژۆژنامەڤانی**) بۆ بڵاوکردەوە، زۆر چاکمان لەبیرە ئەوسا لەسەر دانانی بابەتەکـەی لـە پـێش بابەتـەکانی دیکـەی گۆڤارەکـە ڕەخنـەی تونـدی لێ گـرتین، لەسـەر ناوونیشـانی بابەتەکـەش، کـە هـەر خۆمـان بۆیمـان دانابوو، گلەییەکی زۆری لێکردین، چونکە ئەو پێی وا بوو ئـەوە بـۆ ئـەو زۆرە ! ناشـزانین ئەوسا ئێمە خۆمان لـە کـەم ئـەزموونی یـان نـەزانینمان بـووە، لـە جیـاتی دەسـتەواژەی (**ژۆژنامەنووسیم**)، (**ژۆژنامەگەریم**)مان لـە پـاڵ ئەزموونەکـە دانـا، دڵنیـاین ئەگـەر ئـەمڕۆ بووایـە ئـەو دەسـتەواژەی یەکـەمیانمان هەڵدەبـژارد، ئێسـتاش نەچـووە، وەکـو دەڵـێن: (**الاعتراف بالخطأ فضیلة**) و ناوی کتێبەکەی بۆ راست دەکەینەوە.

ئەگـەر ئـەمڕۆش هـەر خوێنـەر و نووسـەر و تۆژەرێـك لـەبارەی ئـەم (**ئـەزموونی ژۆژنامەنووسیی**)یە لە خۆمان بپرسێ بەر لـە هـەموان دەڵـێین: نـەخێر ئەوەندەی ئێمـە ئاگادارین هەقی خـۆی بـەتێری نـەدراوەتێ و هـەموو ئەزموونەکـەی خۆیشـی لـەم بـووارە نەگێڕاوەتەوە، ئەوەتا هەر ئەنجوومەن تێکەڵکردنـەوەی ئەوسـای مـاڵی ژۆژنامەنووسـان، کە سەندیکای ژۆژنامەنووسـان لـەنێو هـەموو ڕێکخـراو و سـەندیکا پیشـەییەکانی دیکـەی کوردستان، لەم لایەنەوە دەستپێشخەر بووە، پێمان وایە ئەگەر نووسەر باسی لەم لایەنە بکردبووایە بیرەوەرییەکانی ئێجگار دەوڵەمەندتر دەبـوو، ئێمـەش پشـکێکی چـاکمان لـە

گێڕانەوەی رووداوەکان بەردەکەوت، جا ئێمەش بۆ خۆمان سنگمان بۆی دەردەپەڕاند، چونکە چەندین جار لەمەڕ تێکەڵکردنەوەی مالّی رۆژنامەنووسانی کوردستان، کارا بووینە و چەندین گفتوگۆی گەرموگوڕمان لەم بارەوە لەگەڵ خاوەنی ئەم (**ئەزموون**)ە کردووە.

هەروابێتەوە سەندیکای رۆژنامەنووسان یەکەمین لایەنە کە کاتی خۆی، پێمان وایە لەسەر پێشنیازی (**مومتاز حەیدەری**)ی سکرتێری ئەوسای سەندیکا و یەکەمین سەرنووسەری گۆڤارەکەمان ئەو ترسی هەڵکردنی (**ئالای کوردستان**)ی شکاندووە و لەسەر بانی بارەگاکەی شەکاوەتەوە. لایەنێکی دیکەی زۆر گرنگ وەرگرتنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە، وەکو ئەندامی کارا، لە فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی، بە ڕاستی ئێمە شایەتحاڵین، رۆژبازاڕی قیامەتێش شایەتی دەدەین، ئەگەر هاریکاری یەکدی ئەو زاتە و (**شێرکۆ حەبیب**)ی رۆژنامەنووس و بەرپرسی نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکای رۆژنامەنووسان نەبووایە، کە لۆبییەکیان لە نێوان یەکدی دروست کردبوو، پێمان وانییە تاوەکو ئەمڕۆکەش کە سەندیکاکەمان بکرابووایە ئەندام لەم فیدراسیۆنە، بەداخەوەین ئەگەر نووسەر باسی ئەم لایەنەی بۆ کاتی چوونە دەرەوەی لە سەندیکا جێ هێشتووە، ئەوا بە چاوپۆشین لەوەی لەکاتی خۆیدا لەلایە رۆژنامەنووسان و پەیوەندیدارانیش ئەوەندەی پێویستە ئەو بایەخەی نەدرایێ، پێمان وایە ئێستاش نەچووە، دەکرێ نووسەر کتێبەکەی چەند رۆژێك رابگرێ و ئەو لایەنەیان بکاتە بەشێکی دیکەی ئەو (**ئەزموون**)ە.

هەروا بێتەوە کاك فەرهاد بە دڕێژایی ئەم ماوەیە (٣) جاران بەشداری لە کۆنگرەکانی ئەو فیدراسیۆنە جیهانییە کردووە، نازانین بۆچی خۆی لە گێڕانەوەی رووداوەکانی ئەم کۆنگرانە بواردووە. لە ساڵی (٢٠٠٦)دا، کاتێك بەخێری گۆڕی مردوویان، ئێمەشیان لەگەڵ خۆیان بۆ مۆسکۆ برد، تا لەوێ بەشداری لە کۆنگرەی (٢٥)ی فیدراسیۆنی نێو دەوڵەتی رۆژنامەنووسان بکەین، هەموو هاوەڵەکانمان، کە ئەوسا لەگەڵمان بوون، شاهێدی بۆ ئەوە دەدەن و دەزانن رووداوەکانی کۆنگرەی ئەوسا چ شانازییەکی بۆ رۆژنامەنووسانی کوردستان و کوردان تۆمار کرد، ئێ کاکی خۆم کە

سەندیکا بە تەمابوو نوێنەری خۆی هەڵبژێرێ و بیگەینێتە ئەنجوومەنی ئەو فیدراسیۆنە نێودەوڵەتییەی رۆژنامەنووسان، هەرچەند تاوەکو ئەمڕۆ نە دەوڵەتمان هەیە و نە ئاڵاکەشمان دانی پێنراوە، بەڵام بە هەوڵ و ماندووبوونی هەموو لایەک، (**شێرکۆ حەبیب**)ی نوێنەرمان تەنیا (٦) دەنگی جیاواز بوو لەگەڵ نوێنەری دەوڵەتێکی زل و زەبەلاحی وەکو ئێران، لە خۆشی بپرسن نووسەری ئەو دێڕانە ئەوسا چۆن چۆنی پرۆپاگندە و ڕێکلامی بۆ دەکرد و لەنێو ئەندامانی کۆنگرە هەوڵی بۆ دەدا دەنگی بۆ کۆ بکاتەوە؟

کەواتە لەسەر نووسەری بەڕێزە، ئەم بەرگەی کتێبەکەی وەکو بەشی یەکەمی (**ئەزموون**)ەکەی بڵاوبکاتەوە، بۆیەش ئەو پێشنیازەی بۆ دەکەین چونکە دەزانین ئەو بە سەدان لاپەڕەی ڕەخنە و گازاندە و وتاری ڕۆژنامەنووسانی لەسەر سەندیکا و خۆی، کە پێشتر لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان بڵاو کراونەتەوە، لە دووتوێی تۆماڕێکدا لای خۆی پاراستووە، دەکرێ بەرگی دووەم و سێیەمیی(**ئەزموون**)ەکەی پەم لایەنەی لەبەر بنووسێتەوە.

دواجار داوای لێبوردنیش لە هەموو ئەو برادەرانە دەکەین کە پێشتر داوایان لێ کردبووین پێشەکی بۆ بەرهەمەکانیان بنووسین، بەڵام خۆمان بۆیان نەخستۆتە بەر ئەم ئەزموونە.

بەشی یەکەم

پێشەکی

ناوەندی پەنجاکانم باش لەبیرە، کە قوتابی پۆلی دووی سەرەتایی بووم لە قوتابخانەی یەکەمی سەرەتایەتیدا لەکۆیە، کاتێ عەسرانێکی درەنگ پاش تەواوبوونی دەوام لە قوتابخانە بە بەردەم کتێبخانەکەی (**حاجی قادری کۆیی**) تێدەپەڕیم، کە کاکە (**محەمەدشوان**)[1] بەڕێوەی دەبرد و هەندێ جار بانگی دەکردم و کۆمەڵە کاغەزێکی دەدایە دەستم و دەی گوت: (**ئەم جەریدەیە بۆ باوکت ببە**) لە سەرەتادا وەکو ئەرکێکی ئاسایی دەمگەیاندە ماڵەوە و دەمدایە دەستی دایکم بۆ ئەوەی ئەو بیدات بە باوکم، بەڵام پاش ماوەیەك باوکم فێری کردم کە (**جەریدەکە**) یەکسەر ببەمە ئەو ژوورە گەورەیەی کە لە نهۆمی دووەمی خانووەکەی ئەوسای ئێمە کە لە گەڕەکی (**بەفریقەندی**) بوو و بریتی بوو لە ژوورێکی گەورە و دوو دەرگای هەبوو، یەکێکیان رووی لە رۆژهەڵات و دەرگای دووەمیش رووی لە رۆژئاوابوو، بۆیە هەڵکەوتەی ئەو ژوورە گەورەیەی نهۆمی دووەم، کە بە (**ژووری میوانان**) ناسراوبوو، هەمان هەڵکەوتەی خانووەکەمانی هەبوو لە رووی دوو دەرگایی و رۆژهەڵات و رۆژئاوایەوە کە پاشان بۆم دەرکەوت پانتاییەکەی ئەم ژوورە (٣٠)م٢ بووە تاخمە قەنەفەیەکی داری گوێزی تێدابوو، لەلای دەرگاو پەنجەرەکەی رۆژهەڵاتیشەوە کتێبخانەیەکی چوار چاوی لەهەمان دارگوێز دروست کرابوو، پڕ بوو لە کتێب و دیوانی دەستنووسی شاعیرانی کوردی وەکو حەریق، مصباح الدیوان، ئەدەب، ئەدیب، حاجی قادری کۆیی، حەمدی، سالم، نالی و هەندێکی دیکە کە لەبیرم نەماون، لەناوەڕاستی ژوورەکەش مێزێکی لاکێشەی گەورەی تێدابوو بە پارچە قوماشێکی سەوزی ئەستوور داپۆشراوبوو، کە هەرکاتێ (**جەریدەم**) بهێنابایەوە ئەوا یەکسەر سەردەکەوتم و (**جەریدەکەم**) دەخستە سەر ئەو مێزە.

ئەوەی لەبیرم ماوە ساڵی ١٩٥٦ بوو، بۆ یەکەمجار توانیم ناوی رۆژنامەکە بەباشی بخوێنمەوە کە ئەوکاتە لە پۆلی چواری سەرەتایی بووم، زۆرجاریش بەهاندانی مامی

---

[1] کاکە محەمەد شوان، خاوەنی کتێبخانەکە بوو، ئەندامێکی چالاکی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، لەسەر هەمان ڕێباز ماوە خوا تەمەنی درێژ بکات.

خوالێخۆشبووم (**عومەر حەبیب**)[٢] کە بە (**عومەرە سوور**) بەناوبانگ بوو، ئەوسا هەم پارێزەر و هەم ئەندامی لیژنەی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، هەمیشە هانی ئەوەی دەدام ناوونیشان و ئەو نووسینانەی کە بە خەتی گەورە نووسرابوون بیانخوێنمەوە، ئەوجا بێمە سەر نووسینەکانی دیکە و زۆر جاریش، کە باسی حکومەت و نوری سەعیدیش دەهاتەپێش ئەوا یەکسەر دەیگوت "**حکومەتێکی ساختەچی و نوری سەعیدی هیچ و پووچ**".

ساڵی ١٩٥٧ لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووم، کەوتمە هاتووچۆکردنی (**کتێبخانەی گشتی کۆیە**)، کە ئەوسا بەڕێوەبەرەکەی خوالێخۆشبوو مامۆستا (**زەکی هەناری**) بوو هەمیشە هاندەری ئەوەمان بوو (**روو لە خوێندنەوە بکەین و زوبانی ئینگلیزی فێربین**). بۆ یەکەم جاریش گۆڤاری (**پەیام**)م لەم کتێبخانە، بەرچاو کەوت کە گۆڤارێکی کوردی قەشەنگ بوو، لەلایەن دەزگایەکی رۆشنبیری سەربە سەفارەتی ئەمریکا لە بەغدا دەردەچوو.

لێرەدا دەردەکەوێ سەرەتای ئاشنابوونم لەگەڵ دیتنی رۆژنامەو گۆڤار، دەگەڕێتەوە بۆ ناوەندی پەنجاکانی سەدەی پێشوو چ لە مالّەوەو چ لە کتێبخانەی گشتی کۆیە، رۆڵی باوکم و مامیشم زۆر کاریگەریی لەسەرم هەبوو، کە بۆ یەکەمجار وایان لێ کردم چیرۆکەکەی (**زادیج**) بخوێنمەوەو دواتریش لە خوێندنەوە بەردەوام بم و کە ئەمڕۆش هەر بەردەوامم و لێم بووەتە خوو.

قۆناغی دوای شۆڕشی چواردەی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨ دەرگایەکی فراوانی بۆ کردمەوە تێدا بۆ یەکەمجار رۆژانە چەند رۆژنامەیەکی کوردی، عەرەبی دەهاتە هەردوو کتێبخانەکەی (**کۆیە**)، وەک (**اتحاد الشعب، کوردستان، خەبات، ئازادی، پێشکەوتن، ژین، صوت الاحرار، هەتاو، هیوا**) کە هەندێکیان لەو رۆژنامەو گۆڤارانە باوکم بەشداری تێدا هەبوو (**اشتراك**)، سەرەڕای بەشداری خۆم و خەسرەوی براگەورەم لە هەردوو گۆڤاری

---

[١] عومەر حەبیب عەبدوڵڵا: مامی نووسەرە، لەدایکبووی ساڵی (____) کۆیەیە، دەرچووی کۆلێژی حقوقی بەغدایە، ساڵی (____)، ماوەیەکی زۆر لە کۆیە لەگەڵ خوالێخۆشبوو حاکم (بەکر ئیسماعیل) ژووریّکی هاوبەشییان هەبوو بۆ کاری پارێزەری و دوو ئەندامی چالاکی (پ.د.ك) بوون و پاشان بوون بە حاکم، حاکم عومەر ساڵی ١٩٦٣ بووە سەرۆکی دادگای بەرزی شۆڕش لە ماوەت لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول.

رەنگاوەرەنگی (**الصين المصورة، الاتحاد السوفياتي**) کە بەشداری ساڵانەی بە ١٢ ژمارەوە ٢٠٠ فلس بوو، لەم سەروبەندەدا منیش پێم نابووە قۆناغێکی تازەوە بە دەرچوونم بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندی ئەویش هاندەریکی دیکە بوو بەرەو نزیك بوونەوە لە دونیای خوێندنەوەی رۆژنامەو گۆڤارو ئاشنایەتی زیاتر لەگەڵیان کە دواتریش بە خوێندنەوەی کتێب دەوڵەمەندتر بوو، یەکەم کتێبیش کە بە زوبانی عەرەبی خوێندمەوە داستانەکەی (**مەم و زین**) بووکە لە وەرگێڕانی (**محمد سعيد رمضان البوطي**) کوردی کوردستانی سوریا نووسیویەتیو زۆرجار مانای رستەیەك یاخود وشەیەکم لێ دەبوو بەکێشە ئەوجا بە پرسیارکردن لە باوکم و خوشکەکانم کە لە من گەورەتربوون ماناکەیان بۆ لێکدەدامەوە.

مەبەست لە نووسینی ئەم پێشەکییە تەنیا بۆ ئەوەیە خوێنەری ئازیز ئاشنای سەرەتای چوونە ناو دونیای خوێندنەوەو دۆستایەتیم لەگەڵ رۆژنامە خوێندنەوە بێت، چونکە ئەم جۆرە پێشەکییە بۆ چوونە ناو بابەتێکی وەکو (**ئەزموونی رۆژنامەگەریم**) بە پێویست دەزانم. قۆناغی یەکەمم بۆ چوونە ناو دونیای رۆژنامەنووسی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ١٩٦٢–١٩٦٣، لە قۆناغی خوێندنی ناوەندی بووم لە کۆیەو ئەوسا جۆرە جوڵانەوەیەکی رۆشنبیری هەبوو لە قوتابخانەکەمان، بریتی بوو لە ئامادەکردنی بڵاوکراوەیەکی دیوار (**النشرة الجدارية**) لەلایەن چەند قوتابیەکەوە، بەسەرپەرشتی یەکێ لە مامۆستایانی قوتابخانە، ئەوەی لەبیرم ماوە بۆ یەکەمجار ئەو بڵاوکراوەیە لەلایەن مامۆستا جەمال غەفوورەوە سەرپەرشتی دەکرا، کە مامۆستای مێژوو خەلکی سلێمانی بوو، منیش تێدا بەشداریەکی بەرچاوم هەبوو بە دوو بابەت، بابەتی یەکەمیان دەربارەی سوودی وەرزش بوو بۆ ژیانی مرۆڤ کە لەوکاتەدا خولیای جموجوڵی وەرزشی بووم و ئەندامی هەڵبژاردەی تیپی تۆپی پێی قوتابخانەی سانەوی کۆیە بووم. دووەم بابەتیشم شیعرێکی خۆم بوو بەناوی (**خاکی کوردستانم**) کە پێشووتر لە هەفتەنامەی (**پێشکەوتن**)ی محەمەد بریفکانی، بڵاوم کردبووەوە. ساڵی دواتریش لەمانگی تشرینی دووەم دیسان بە سەرپەرشتی مامۆستا عبدالصمد محێدین بڵاوکراوەیەکی دیکەی دیوار بەناوی (**باواجی**) ئامادەکرا کە تێدا ئەرکی سەرەکی بە من سپێردرا، تێدا چەندین بابەتی

بچووک بچووکم بۆ ئاماده کردبوو، سەرەڕای بابەتێکی سەرەکی بەناوی (**بەهارم خۆش دەوێ**)، کە تێدا باسم لە جوانی بەهاری کوردستان کردبوو.

مالّی ئێمە بەردەوام گۆڤار و رۆژنامەی لێ بوو، لە هەر قۆناغێکدا ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەی کە دەردەچوون، وەکو (**هەتاو، هیوا، ژین، پێشکەوتن، ئازادی، خەبات، رۆژی نوێ**) لە کتێخانەکەی مالّەوە دەپارێزران هەروەکو چۆن پێشووتر سەرجەم ژمارەکانی گۆڤاری گەلاوێژ لە کتێبخانەکەمان پارێزرابوون، کە دەڵێم سەرجەم ژمارەکانی گەلاوێژ لەوانەیە لای خوێنەر سەیربێت، بەڵام چونکە باوکم چەند سالّێك یەکێ لە باوەڕپێکراوەکانی ئەم گۆڤارە بوو، زۆر جار ناوی باوەڕپێکراوانی گۆڤارەکە لە بەرگی دەرەوەی دواوە دەنووسراو، باوەڕپێکراویش بەو مانایە دەهات کە هەر شتێك پەیوەندی بەم گۆڤارەوە هەبووا لەکۆیە لە ئەستۆی ئەوەوە دەبوو، ئەوجا زۆرجار خەریکی هەڵدانەوەی لاپەڕەی ئەو گۆڤار و رۆژنامانە دەبووم بەشێوەیەك لە هەندێ کاتدا ململانێ لەگەڵ کاتی ئامادەکردنی وانەکانی قوتابخانەم دەکرد، کە هەندێ جاریش دەبووە هۆکاری تووڕەبوونی باوکم، تەنانەت ئەو خووە، واتە خوێندنەوەی بەردەوام تاکو ئێستاش نەم توانیوە وازی لێ بهێنم و هەر کاتێك ئەگەر هەست بکەم رۆژنامەیەك یاخود گۆڤارێکی تازە یان کتێبێکی تازەم لەبەردەستدا نییە وا دەزانم بۆشاییەك هەیەو شتێکم لێ ون بووە.


خاکی کوردستان

فەرهاد عوزێ - کۆیە

ئەو شیرەی خوارەوە هی کاك فەرهاد عوزێیە کە لەتەمەنی ۱۳ سالانە بەڵی کورد بێیەتی زۆرە بەڵام داخەکەم ناوەیان نیە بۆ ئەوە ئەو بێیەیە بۆ سودی وەلاتە بەکاربێنن.

خاکی کوردستان دێیەتی جوانە
لۆنکەی شاخی زۆر لە تاسمانە

•

هەوار گەی خۆشو هەوای خاوێنە
دەڵێی بەهەشتی پاکی یەزدانە

•

هەردو بە رانوی تابڵێی زۆرە
تاچاو بڕ لەکا خەڵەو خەرمانە

•

تابی زۆر دارو بێگانەی خۆخوار
لەهەولا بخوا تەم گشت ساڵانە

•

گوڕە پاس لەکا، بێشمار خوێ
هەرێەکی لەوان شێری مەیدانە

•

لاوژ سیەری پاسای جەوری
نرێەی ئازادیو نوێەی ژیانە

•

ئەلین فەرهادی لەی کۆشیرێت
ئەلیم شیرینم خاسکی کوردانە

•

رۆژی ئازادی سەری دەرهێنا
لە گەیێ بەلاوات هەرەم ژیانە

ڕێڕەوی ژیانی رۆشنبیریم لە قۆناغی دواناوەندی تاکو دەرچوونم لە قۆناغی سانەوی کۆیە بەم

شێوەیە بەردەوام بوو، بەڵام کاتێ کە لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٦ لە زانکۆی بەغدا و لە کۆلیژی (**ئابووری و زانستە سیاسییەکان**) وەرگیرام، پێم نایە قۆناغێکی تازە، کە جیاوازییەکی تەواو لە نێوان کۆیەو بەغدا هەبوو بەتایبەتی کە باس باسی ژیانی رۆشنبیری دەکرێ.

لە یەکەم رۆژی دەوام کردنم لە کۆلیژی ناوبراو، نیو سەعاتی یەکەمی پێش دەوام یاخود لە یەکەم هەلی نەبوونی وانە یەکسەر رووم لە یانەی کۆلیژ (**نادي الكلية**) دەکرد بۆ خوێندنەوەی رۆژنامەکانی وەکو (**الزمان، العرب، الجمهورية، صوت العرب**...) بەرامبەر (**٢٥ فلس**)ی ئەوسا کە (**أبو غزوان**) ناوێك ئەو رۆژنامانەی دەهێناو قوتابیان لەماوەی دەوامی رۆژانەیان دەیانخوێندەوە، ئەوەش بووە هۆکاری زیاتری پابەندبوون بە دۆستایەتی رۆژنامە خوێندنەوەو بەراوردکردنی سەردێر و مانشێتەکان و هەواڵەکانی ئەو رۆژنامانەی کە لەو سەردەمەدا دەردەچوون لەگەڵ یەکترو زۆرجار جیاوازی تەواو دەکەوتنە بەرچاو، ئەمیشیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە فەریق روکن عەبدولڕەحمان عارف سەرۆکی کۆماری عێراق بوو، جۆرە ئازادییەکی رۆژنامەنووسی پیادە دەکرا.

دەرچوونی رۆژنامەی التآخي بۆ یەکەم جار لە ١٩٦٧/٤/٢٩ و دەرچوونی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی (**برايي**) لە١٩٦٧/٥/٦ئاسۆیەکی زێدەفراوانی بۆ کردمەوە کە دەتوانم بە وەرگەڕانێکی بابەتی لە قەڵەم بدەم لە بەر دوو هۆی سەرەکی کە:

یەکەمیان: بە حوکمی ئەوەی ئەندامی (**پ.د.ك**) و ئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووم بەتایبەتیش کە لە ریزی یەکێتی قوتابیانی کوردستاندا رۆڵێکی دیار و بەرچاوم هەبوو و لەم سەردەمەشدا پارتی دیموکراتی کوردستان هیچ بارەگایەکی ئاشکرای نەبوو، تەنیا باڵەخانەکەی رۆژنامەی (**التآخي و برايي**) نەبێ لە گەڕەکی (**العيواضية**)، بۆیە دەتوانم بڵێم حەفتەی دوو جار یاخود سێ جار لەگەڵ هەڤاڵانی دیکە رووماڵەو بارەگایە دەکرد، تێدا شەهید (**صالح اليوسفي**)، چ وەکو ئەندامی مەکتەبی سیاسی (**پ.د.ك**) و چ وەکو سەرنووسەری هەردوو رۆژنامەکە، رۆڵی خۆی دەبینی و

ئێمەشی دەدیت و دەربارەی کارو چالاکییەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان ڕێنمایی دەکردین، کە لەو سەردەمەدا ڕۆڵێکی گەورەو بەرچاوی دەبینی.

دووەم: هاتووچۆکردنی نیمچە ڕۆژانەی بارەگایەکی ڕۆژنامەنووسی وەکو (**التآخي وبرايي**) ئەگەر بە مەبەستی کاری ڕۆژنامەنووسیش نەبێت، ئەوا جۆرە پەیوەندییەکی خۆشەویستی پەیدا دەکات، بەتایبەتیش ئەگەر ڕۆژنامەکەش تەعبیر لە ڕاو بۆچوونی تۆ بکات، هەربۆیەش کاتێ سەردانی بارەگای (**التآخي و برايي**) مان دەکرد، چاومان بە نووسەر و پەیامنێر و کارمەندانی دیکەی ئەو ڕۆژنامەیە دەکەوت سەرەڕای ئەو قسەوباسە ڕۆژنامەوانییەی کە تێدا دەکرا کە تێکڕای بوو بە خەزینەی سۆز و خۆشەویستییەکی بێ وێنە لە دڵ و دەروونمدا بەتایبەتیش نووسەر و ڕۆژنامەنووسی زۆر بە توانا لە بارەگاکەی(**التآخي و برايي**) دەبینران ئێمەی زیاتر بەرەو ئەو ئاقارە دەبرد کە کاری ڕۆژنامەنووس زیاتر چێژی شەفافیانە بە مرۆڤ دەدات، دیتنی نووسەر و ڕۆژنامەنووسی وەکو:

(**رسمی العامل، محەمەدی مەلا کەریم، د.عزەدین مستەفا ڕەسوڵ، عەبدولڕەزاق البارح، فاروق سەعید، شیرکۆ بێکەس، ڕەفیق چالاك، عەبدوڵڵا ئاگرین، سەعید ناکام**.....) ڕۆژانە یاخود ناوەناوە، لە بارەگاکە دەمان دیتن جۆرە سەرسامێکی پێ دەبەخشین، کە هەرگیز لە بیر ناچیتەوە، بە تایبەتیش کاتێ مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ ئەم بوارەدا دەکات، بەڵام بەداخەوە ئەو خەونە درێژخایەن نەبوو، چونکە هەر پاش کودەتای ١٧ی تەممووزی ساڵی ١٩٦٨، حزبی بەعس بیری دەکردەوە کە بە چ پیلان و بە چ ڕێگایەك شۆڕش کوردستان لە ناوبەرێ و هەر زۆو پاش کودەتاکە بە دوو مانگ ڕۆژنامەی (**التآخي و برايي**) داخست.

لێرەدا کە باس لەو قۆناغە دەکەم وەنەبێ هیچ بەشداریيەکم تێدا کردبێت، بەڵام دەتوانم بڵێم ئاشنابوونێکی ڕاستەوخۆی بۆ دروست کردم لەگەڵ بواری ڕۆژنامەنووسی، چونکە هاتووچۆ کردن و ناسینی ئەم ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەنووسانە، سەرەڕای خوێندنەوەی بەردەوامی ڕۆژنامەکە، ئەو خۆشەویستییەی لا دروست کردم و کاریگەریی لەسەر نووسینی ئەم (**بەیاننامانە**) هەبوو کە دواتر پاش کودەتای ١٧ی تەموزی ساڵی ١٩٦٨.

که له شوقەکەی ئێمە لە شەقامی شێخ عومەر بەرامبەر گۆڕستانی (**الغزالـی**) و دواتـریش لە ژووری ژمارە (١٢) هوتێلی (**دنیا**) لە شەقامی (**السرای**) بەرامبەر چایخانەی (**الزهـاوي**) لەگـەڵ بـرا و هـاوڕێم (**عبـدالموجود طـه**) بـەناوی (**یـەکێتی قوتابیـانی کوردسـتانەوە**) دەنووسراو بڵاوەکرایەوە.

* قۆنـاغی یەکـەمی راسـتەوخۆی ئـەزموونی رۆژنامەگـەریم پـاش رێککەوتننامـەی ١١ی ئـاداری سـاڵی ١٩٧٠ نێـوانی سـەرکردایەتی شۆڕشـی کوردسـتان و حکومـەتی عێـراق، ئاسۆیەکی فراوانم هاتە بەردەم کە تێدا دەرگای ئەم بوارەمان بـۆ کرایـەوە، بەتایبـەتیش لـەبواری خوێندنـدا، کۆلیـژی (ئـابووری و زانسـتە سیاسـییەکان)م تـەواو کردبـوو و لـە کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستانیش کە لە ناوەڕاستی مـانگی تـەممووزی ساڵی ١٩٧٠ گرێدرا. بەسکرتێری گشتی ئەم رێکخراوەیە هەڵبژێردرام کە تێیدا، سـەرەڕای ئەرکەکانی رێکخستن، لێپرسراویەتی لیژنەی رۆشنبیریشم کەوتە ئەستۆ و تێیدا:

یەکـەم ئامـادەکردنی بابەتـەکانی لاپـەڕەی قوتابیـان و رێنماییـە رۆشـنبیرییەکانی ئـەو سەردەمە بوو بـۆ لقـەکانی یـەکێتی لـە شـارە گـەورەکانی کوردسـتان (کـەرکووک، دهـۆک سـلێمانی، هـەولێر) بـوو کـە بـرای رۆشـنبیر و رۆژنامـەنووس کـاك مـەحموود زامـدار بەشـداریـیەکی سـەرەکی تێـدا دەکـردو بەنـدەش چ وەك لێپرسـراو و چ وەکـو هاوبـەش یارمەتیم دەدا و یەکەمین وتاریشم کە بڵاوکـردەوە بـەزوبانی عـەرەبی بـوو لـە رۆژنامـەی (**التآخي**) (**لە ژمارەی ٧٧٠ رۆژی دووشەممەی رێکەوتی ٢٨ ی حوزەیرانی سالّی ١٩٧١**) بەناوی (**خواستراوی**) (**هاوین**)بوو بابەتەکەش لەژێر ناوونیشانی(**حول مفهوم الحركة الطلابية**) بوو کە تێدا لە بڕگەیەکی دا نووسیومە:

(**في السنوات الأخيره اي في منتصف الستينات... حدث في بلدان غرب اوربـا صـعود كبير في الحركة الطلابيه..... كان يعني المقت الشديد للنظم الرأسماليه و تدني الانسان فيها**..)، ئەوەبوو دواتریش نووسەرێك رەتکردنەوەیەکی بابەتیانەی لەسەر بابەتەکەی من نووسیبوو بێ ئەوەی ناوی خۆی بنووسێ، پاشتر زانیم (**د.محمـد بكرۆيـه**) کـە کـوردێکی کوردستانی سوریایەو مامۆستابوو لە زانکۆی سلێمانی، نووسینەکەی من و رەدەکەی ئەو (**بەکرۆیە**) بوو بە سەرەتایەکی دۆستایەتییەکی پتەوی نێوانمان و بە بەردەوامیش مایەوە

تـاکو نسـکۆی شـۆڕش لەسـاڵی ١٩٧٥ دا، ئەوسـا ئـەو بـەرەو هەنـدەران رۆیشـت، بابەتەکـەش لـە ژمـارە ٧٨١ التـآخي رۆژی ١١ی تـەمووزی سـاڵی ١٩٧١ لەلاپـەڕە (٣)دا لەژێر ناوونیشانی (**ملاحظة على مقال "**حول مفهوم الحركة الطلابية**"**)دا بوو لە بڕگەیەکیدا دەڵێ:

(قبل أن يدخل المرء في الكتابه، عزيزي هاوين يجب أن يجد الكتابة و قبل أن يندفع الى النقاش وقبل هذا وذاك ي يجب أن يكون متواضعاً ومقتنعاً ان المعرفه الانسـانيه عمليـة في غايـة التعقيـد وليسـت قطعـاً حكـراً لأحـد اولاًي مـن بعـض الصـيغ الايديولوجية الجاهزة بما في ذلك صيغ– ماركوز–وغيره.)

دووەمین بابەتیشم هەر لە رۆژنامەی التآخي ژمارە ٧٨٦ لە رۆژی ١٩ تەمووزی سـاڵی ١٩٧١ بڵاوکرایەوەو مانگێك پێشتر ئامادەکرابوو، دیمانەیەکی رۆژنامەنووسـی بـوو لەگـەڵ هەردوو برای بەڕێز (**هاوار كاكه زياد ئەندامی كۆمەڵەی خوێندكارانی كورد له ئـەوروپا– لقی بەریتانیا و عزیز شێخ رەزا ئەندامی هەمان كۆمەڵە له لقی چیكوسلۆڤاكیا**) زیاتر لە نیو لاپەڕەی بەخۆوە گرتبوو، بەڵام دیسان ناوی منی

لەسەر نەبوو، چونکە ئەوکات کـەمتر گرنگـی بـەم مەسـەلەیە دەدرا دواتـر ئـەم دیاردەیـە لەسـەرووی لاپـەڕەکانی گۆڤـاری (**نضـال الطلبـة**)ش رەنگـی دایـەوە، کـە راسـتەوخۆ

سەرپەرشتیم دەکرد و تاکو ژمارە چواری، کە یەکەم ژمارەی خوولی دووەمی لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٧١دەرچوو و تێدا وەکو (**مجلة فكرية طلابية عامة تصدرها اللجنه الثقافية المركزية لاتحاد طلبة كردستان– العراق**) بە زوبانی عەرەبی کەوتە بەردەست خوێندەواران، تێیدا سەرەڕای سەروتارەکەی بە ناوونیشانی (**طريق نضال الطلبة**) بابەتێکی دیکەشم بۆ نووسی بوو لەژێر ناوی (**حول مفهوم الحركة الطلابية**) لەم ژمارەیەدا بەڕێز (**حسێن سنجاری**) کە ئەوکاتە قوتابی پۆلی سێیەمی (**کۆلێژی ئەدەبیات**) بەشی ئینگلیزی و ئەندامی لێژنەی رۆشنبیری و لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان و لە ژمارە دووشدا بەڕێز (**بەکر حسین**) ئەندامی لیژنەی راپەڕاندن لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان و قوتابی پۆلی چوارەمی (**کۆلێژی ئەندازەی تەکنەلۆژیا**) بوو، هەروەها بەڕێز (**چیا عەباس**) قوتابی پۆلی چوارەمی (**کۆلیژی پزیشك**) بوو، بەشداربیان لە سێ ژمارەیدا کرد. لێرەدا لەوانەیە پرسیارێك بێتە پێشەوە لەبەرچی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەجیاتی (**نضال الطلبة**)ی بە زوبانی عەرەبی(**خەباتی قوتابیانی**) بە زوبانی کوردی بڵاو نەدەکردەوە، بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێم ئەم مەسەلەیە لە مەکتەبی سکرتاریەت بە درێژی باسی لێوە کراو، لە کۆتاییدا هەر هەموومان هاتینە سەر ئەم رایە، پێویستە گۆڤاری (**نضال الطلبة**) کە لە بەغدا دەردەچێت، بە زوبانی عەرەبی بێت، چونکە:

یەکەم: گۆڤارەکە لەلایەن مەکتەبی سکرتاریەتەوە دەردەچێ و بڵاو دەکرێتەوەو گۆڤارێکی ناوەندە لە بەغدا کە تێکڕای رێکخراوەکانی قوتابیانی وڵاتانی عەرەبی و زۆربەی قوتابیانی عەرەبی عێراق بە زوبانی عەرەبی تێدەگەن و یەکێتی قوتابیانی کوردستانیش پێویستی بە ئۆرگانێکە بە زوبانی عەرەبی تاکو راو بۆچوون و هەڵوێست و هەواڵەکانی خۆی بۆ ئەم ناوەندە زۆرینەو کاریگەرە بڵاوبکاتەوە.

دووەم: لەهەمان کاتیشدا بڕیاردرا لقەکانی (**سلێمانی، کەرکوك، دهۆك، هەولێر**)، گۆڤارێك بە کوردی و بە ناوی خەباتی قوتابیان یاخود بە هەر ناوێکی دیکەی کوردیەوە دەربچوێنن، بۆ ئەوەی ئەم بۆشاییە پڕ بکەنەوە، ئەوەبوو ئەم بڕیارەش جێبەجێکرا و لقەکانی یەکێتی قوتابیان چالاکانە ملیان نایە بەر.

به وازهێنان و خۆکشاندنەوەم لە ریزی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە کۆنگرەی حەفتەمی یەکێتی، کە لە ١٩٧٢/٣/٢٩ تاکو١٩٧٢/٤/٢ لە سلێمانی بەڕێوەچوو، کۆتاییم بەم قۆناغەی کاری رۆژنامەگەریم هێنا کەتێدا چەند سەرنجێکم دەربارەی هەیە.

یەکەم: ئەم کارە رۆژنامەنووسییە زیاتر لە چالاکی رۆشنبیری سەرچاوەی وەرگرتبوو نەک وەکو کارێکی رۆژنامەگەری کەتێدا هونەری رۆژنامەنووسی بەتەواوی تێدا بەرجەستە کرابێت.

دووەم: کارەکان زیاتر خۆڕسک بوون، بە مانایەکی دیکە مامۆستای فێرکردنی تێدا نەبوو بەشێوەیەک کە لە ئاستی ڕێنمایی کردندابێت.

سێیەم: وەکو رۆژانی ئەمڕۆ کە لە بەرچاوە، هیچ جۆرە مونافەسەیەک لەم بوارەدا هەستی پێ نەدەکرا چ لە ناو خۆدا چ لە دەرەوە، بەڵکو هەموو لایەک بەو ئاقارە کاریان دەکرد کە تاچەند دەتوانی خزمەتێک یاخود شتێکی بەرچاو پێشکەش بکەن، بەڵام دیسان وەکو یەکەمین ئەزموون لە قۆناغەکانی ژیانی رۆژنامەگەریمدا کاریگەرییەکی تەواوی هەبوو، دەرسێکی گەورەشی فێرکردم کە بریتییە لە (**هەوڵدانی بەردەوام**) بەرەو فێربوون و پشت بەخۆبەستن بۆ ئەو کارانەی کە پێویستە ئەنجامی بدەی ئەمەش بەڕادەیەکی زۆر سوودبەخش بوون لە قۆناغی دووەمی ئەم ئەزموونەمدا.

قۆناغی دووەم (١٩٧٢-١٩٧٤/٣/١١)

پاش خۆکێشانەوەم لە ریزی یەکێتی قوتابیانی کوردستان وەکو لەپێشەوە باسم لێوەکردووە، دوو سێ مانگ وەکو فەرمانبەرێکی کاتی لە (**سکرتاریەتی کاروباری سەروو**) و (**سەر بەوەزارەتی کاروباری سەروو**) پاشانیش بەبڕیاری (**مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان**) گوێزرامەوە بۆ (**دار التآخي**) کە هەردوو رۆژنامەی(**التآخي و برایەتی**) تێدا دەردەچوو بە ناوونیشانی بەڕێوەبەری کارگێڕی لەسەرەتا بە (٧٠) دیناری مانگانەی ئەوکاتە.

لە سەرەتادا و ئەو ئێوارەی کە تێدا دەست بەکاربووم لە ژوورەکەی سەرنووسەر کە خوالێخۆشبوو دارا تۆفیق بوو، بە ئامادەبوونی بەڕێز سامی عەبدولڕەحمان هەر ئەویش خاوەنی بیرۆکەی کارکردنم بوو لە التآخي کاکە دارا

پاش بەخێزهێنان رووی تێکردم و گـوتی: (کاکـه گیـان مـن لەسـاڵی ١٩٦٣وە تـۆم ناسـیوە کـە ئەوسـا قوتـابی ناوەنـدی بـووی، پاشـانیش چەندجارێك لە ساڵانی٩٦٧-٩٧٠ لـە بەغداو لە کوردستان یـەکمان دیـوە، پـاش رێککەوتننامـەی ١١ی ئـادار بەبـەردەوامی یـەکتر دەبیـنین و ماوەیەکیشـە لـە رێگـای لاپـەڕەی یـەکێتی قوتابیـانی کوردسـتانەوە شارەزایی زیاترت بووم، بەڵام ئێستا جۆری کار و پەیوەنـدیمان دەگـۆڕێ راستە تۆ بەناوونیشانی بەڕێوەبـەری کارگێڕی کار دەکەی، بەڵام لە راستیدا وەکو کاك سامی پێی گوتووم هەموو ئیعتیمـادێکم لەسەر تۆیە، چونکە تۆ لە سێ لایەنەوە بەرپرسیاری، **بەرپرسیاری یەکەم**: کـارگێڕی کـە (**ئیدارەو مالیە**) دەگرێتەوە، **دووەم**: ئەمنیەتی دەزگاکەو پاراستنی لە هەموو رووێکەوە، پاشانیش دابەش کردنی پۆستەی رۆژانە بۆ بەشەکان و نووسـەرەکانی لاپـەڕەکان، بـەڵام ئەوەی تەئکیدی لەسەر دەکەمەوە (**بەریدی شەخسی منە**) کـە پێویسـتە ئـەو بابەتانـەی کە پەیوەندی بە منەوە هەیـە و پێویسـتە بیـانبینم دەبـێ لەپێشـەوە تـۆ خۆیندبێتـەوەو خـەتی سوورپشـم بـۆ بـەژێریا بکێشـی پێویسـتی بـە سـەرنجدانی زیـاتر هەیـە سـەرەڕای پێشـوازی کردنـی رۆژنامەنووسـانی عـەرەبی و بیـانی پـێش ئـەوەی مـن بیـانبینم لەگـەڵ رێکخستنی ئەو رۆژنامانە کە لە دەرەوە بۆم دێت و پێویست ناکات مـن هـەموویان ببینـم تۆ بۆ منی هەڵبژاردە دەکەی، ئینجا کاك سامی عەبدولڕەحمان-یش راسـتەوخۆ بـە مـنی راگەیاند (**خۆت دەزانی کاك دارا بە دائمی لە بەغدا نییە، سەفەری کوردستان دەکـات، سەفەری ئەوروپا دەکات، ئەگەر من لە بەغدا بووم ئێواران دێمە ئێرە، ئەگەر لەبەغداش نەبووم لەگەڵ کـاك محەمـەدی مـەلا کـەریم و کـاك فەلەکـەدین تـەعاون بکـەن و ئەگـەر**

هەرشتێکی سلبی رووبدا ئەوە تۆ مەسئوولی، چونکە ئێمە حیسابی فلترت بۆ دەکەین)، وتەکانی سەرەوەی خوالێخۆشبوو کاکە دارا و بەڕێز کاك سامی یەکەم دەرسی گرنگیدان بوو لە بواری رۆژنامەنووسیدا، بەتایبەتیش کاتی رۆژانە کە خوالێخۆشبوو کاکە دارا مامەڵەی لەگەڵ دەکردم، ئەوەم بۆ بەدیارکەوت کە ئەم زاتە بەڕاستی مرۆڤێکە هەموکەس دەتوانێ کاری لەگەڵدا بکات، زۆر بەلێهاتوویی سەرکردایەتی دەزگایەکەی دەکرد، دەتوانم بڵێم تاکو ئێستاکە پارتی دیموکراتی کوردستان لە پاش دووبەرەکییەکەی ساڵی ١٩٦٤وە کەسایەتییەکی بواری راگەیاندنی وەکو دارا تۆفیق بەخۆیەوە نەدیوە، کە تێدا سەرەڕای بواری رۆشنبیری هەڵگەوتوانەو وەکو دیپلۆماتکارێکی شارەزا مامەڵەی لەگەڵ دونیای راگەیاندن و کارمەندان و رۆژنامەنووسان کردبێت، زۆرجاریش شانازی بەو قسەیەی بارزانی نەمر دەکرد کە کاتێ کاکە دارا پاڵێوراوی وەزارەتی کشتوکاڵ بوو پاش رێککەوتننامەی یازدەی ئادارى ساڵی ١٩٧٠، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێك پۆستی وەزارەتی کشتوکاڵی پێ نەدراو وەکو خۆی دەیگوت بارزانی نەمر پێی گوتبوو: (**دارا وادەکەم کارێکی باشتر وەربگریت**)، (**کارە باشەکەش**) ئەو پۆستەی سەرنووسەری رۆژنامەی (**التآخي**) و (**برایەتی**) بوو کە لە سەردەمی ئەودابوو التآخي بوو ئەو قوتابخانە رۆژنامەگەرییەی کە نەك لە مێژووی رۆژنامەگەریی کوردستاندا، بەڵکو لە مێژووی رۆژنامەگەریی عێراقیشدا یەکێکە لەو چەند ئەستێرە پرشنگدارە دەگمەنەی کە جارێکی دیکە دووبارە نابێتەوە، سەرەڕای ئەوەی وەرچەرخانێکی گەورەیشی لە مێژووی رۆژنامەگەریی کوریدا دروست کرد، کە ئەویش لەسەردەمی سەرنووسەرایەتی و لێپرسراویەتی ئەودابوو بۆ یەکەمین جار لەمێژوودا رۆژنامەیەکی رۆژانەی کوردی دەربچێت، کە ئەویش (**برایەتی**) بوو.

کاری رۆژانەم لە دەزگای التآخي بەم شێوەیە بەڕێوەیەدەچوو:

بەیانیان سەعات (٩) دەوامی ئێمە دەستی پێ دەکرد، خوالێخۆشبوو مام یوسفی خزمەتگوزاری بەشەکەی سەرنووسەرو من، لەگەڵ منداپێکەوە پێش هەموولایەك دەوامان دەکرد، ئەوجا بەرەبەرە کارمەندان و نووسەران و رۆژنامەنووسان دەگەیشتنە بارەگا، کە لەگەڵ سەعات (١٠)دا کەس نەدەما دواکەوتبێ تەنها (**پەیامنێران و هەواڵهێنەران**) نەبێت، ئەوان یەکسەر پێش ئەوەی دەوامی دەزگا بکەن، بە دوای هەواڵ و

دەنگوباس و کارەکانی خۆیان دەگەڕان، ئەوجا دەهاتنەوە بارەگای دەزگا، هەر لەگەڵ یەکەم ساتی دەوامدا مام یوسف دانەیەکی رۆژنامەکەی لەبەردەم دادەنام، منیش لە پێشەوە تەماشایەکی خێرای لاپەڕە (١) و پاشانیش سەیرێکی لاپەڕەکانی دیکەم دەکرد، ئەوجا جارێکی دیکە بەوردی تەماشای مانشێت و هەواڵەکان و بابەتەکانی لاپەڕەکانم دەکرد بۆ ئەوەی ئەگەر هەڵەیەك یاخود لە رووی هونەرییەوە ئەگەر کەموکوڕییەك هەبوایە ئەوا یەکسەر بە تەلەفۆن پەیوەندیم لەگەڵ (**خوالێخۆشبوو فاروق سەعید**)[٣] دەکرد، کە دەوامی لەچاپخانەی (**التایمس**) بوو، کاتێ کە دەیزانی منم دەیگوت (**انشاءالله ماكوشي استاذ**)، منیش ئەگەر شتێك هەبوایە پێم دەگوت و ئەویش لەوەڵامدا دەیگوت (**بسيطة استاذ باچر تدبر**).

ئەرکی دووەمم کردنەوەی بەرید و چاوپێخشانی بابەتەکان و دابەش کردنی بوو بەسەر لێپرسراوی لاپەڕەکان و بەشەکاندا و هەندێ بابەتیشم لای خۆم گلدەدایەوە بۆ سەرنجی زیاتر و زۆرجاریش لەلای خۆمەوە لەسەر پارچە کاغەزێك سەرنج و تێبینییەکانی خۆم لەسەر هەندێ بابەت دەنووسی و بۆ سەرنووسەرم دەنارد، ئەویش زۆرجار تێبینییەکانی بە هەند هەڵدەگرتم و شتێکی لەسەر دەنووسی و بۆی دەگەڕاندمەوە، جارێکیان لەسەر (**سكالاًيەكى**) هاوولاتیان کە خوالێخۆشبوو رۆژنامەنووس (**بشير**) کە ناوی باوکیم لەبیر نەماوە لێپرسراوی بلاوکردنەوەی ئەم بابەتانە بوو بۆ تێبینییەکم لەسەری نووسیبوو بەو مانایە (**يرجى تخفيف اللهجة لأن لهجة الشكوى قاسية ولا تخدمنا**) کاتێك بێ ئەوەی بزانم مەسەلە چییە کاك دارا بانگی کردمە ژوورەکەی خۆی وەکو عادەتی هەمیشەیی خۆی زەردەخەنەیەکی لە رووا دیاربوو لەهەمان کاتیشدا مامۆستا بەشیریش لەلای چەپەوە دانیشتبوو و کاغەزێکی بەدەستی راستی و جگەرەیەکیش بەدەستی چەپەوە بوو، کاتێ سلاّوم کرد کاك دارا بە عەرەبی گوتی: (**كاكه فرهاد استاذ بشير زعلان منك على هذه الملاحظة، تفضل استاذ بشير نور فرهاد بملاحظتك**) هێشتا کاك دارا بەتەواوی قسەکەی تەواو نەکردبوو، مامۆستا بەشیر بە گرژی و بە تووڕەییەوە گوتی: (**استاذ دارا كاكه**

---

[١] فاروق سەعید: رۆژنامەنووسێکی بەتوانای ئەو سەردەمە بوو، لێپرسراوی لاپەڕە یەکی التآخي بوو، شەوانەش هەر لەو چاپخانەیە دەنووست (التایمس)، کە التآخي تێدا چاپدەکرا.

فرهاد طالب من عندي تخفيف اللهجة مال الشكوى قابل أنا چايچى حتى أخفف الچاي هذا شُغلي مو شوغلَه)، كاك دارا دەيزانى من لە روانگەی بەرژەوەندییەوە ئەم تێبینییەم لەسەر سكالاكە نووسیوە، دەشیزانی مامۆستا بەشیریش لەسەر حەقە، چونكە تەمەنی خۆی لە حەفتا سالّ دەدا و ماوەی نیو سەدەش بوو كاری لەبواری رۆژنامەنووسی دەكرد، بۆیە بۆ رەواندنەوەی تووڕەیی مامۆستا بەشیر رووی لە هەردووكمان كردو گوتی: (**استاذ بشير انت استاذنا رأيك صائب من الناحية الصحفية، بس فرهاد ينظر الى المسألة من الزاوية السياسية ولكن أنا من رأيك انشرها كما تريد**) لێرەدا كاكە دارا زۆر سەركەوتووانە توانی جۆرە (**توفيقيك**) لەنێوان مامۆستا بەشیر و مندا بكات، لەراستیشدا باش بۆی چووبوو ئەوەبوو پاش نیو سەعاتێك مامۆستا بەشیر هاتە ژوورەكەی من و یەكسەر گوتی: (**كاكه فرهاد كلام استاذ دارا صحيح ملاحظتك من الناحية السياسية صحيحة واني ما أتسبب في خلق مشاكل بينكم وبين السلطة و قررت تخفيف لهجة الشكوى**).

رۆژنامەنووس و نووسەرو كارمەندانی دەزگای دار التآخي لە ماوەی ئەم دوو سالّەی كە من كارم تێدا دەكرد، بریتی بوون لە برای بەڕێز مامۆستا محەمەدی مەلا كەریم كە دەتوانم بلّێم رۆلّێكی گەورەو بەرچاوی هەبوو و كاكە دارا تۆفیقیش متمانەی تەواوی پێ بوو، رێزی تایبەتیشی دەگرت و ئەوەی من ئاگاداریشم زۆربەی سەروتارەكانی التآخي (**المقال الافتتاحي**) كە لەلایەن كاك داراوە دەنووسراو یاخود هێلّە سەرەكییەكانی دەنووسی، كاك محەمەدی مەلا كەریم لە سەرەتاوە دایدەڕشتەوەو بلّاودەكرایەوە و هەندێكیشیان راستەوخۆ بەراسپاردە و بیرۆكەی كاك دارا لەلایەن كاكە محەمەدەوە دەنووسرا و د.عیزەدین مستەفا رەسولّیش بەبێ موقابل یارمەتی تەواو و بەشداری بەرچاوی لە رۆژنامەكەدا دەكرد، كاك فەلەكەدین كاكەییش سەرەڕای سەرقالّ بوونی لە رێكخستنەكانی ناو ریزی پارتی (**خەتی كرێكاران**) وەكو نووسەر و رۆژنامەنووسێكی دیار لە (**التآخي**) كاری دەكرد هەندێ لەو رۆژنامەنووسە گەورانەی كە پێشووتر لە التآخي كاریان دەكرد لەوێ نەمابوون، بەڵام دیسان یادگار و جێ پەنجەیان دیاربوو لەوانە خوالێخۆشبوو صالح حەیدەری، شمران الیاسری (**ابو گاطع**) فائق بطي و جورج یوسف و

وائـل سـعید و محمـود البیـاتي کـه لەسـەرەتای دەسـت بـەکاربوونی کاکـه دارا وەکـو سەرنووسەر هەندێ لەم رۆژنامەنووسانەی هێنابووە رۆژنامەکە.

بەڵام هەندێکیشیان کە من چووم هەر لەوێ بوون بە بـەردەوامیش مانـەوە تـاکو رۆژی ١١ ئـاداری سـاڵی ١٩٧٤ وەکـو خوالێخۆشـبوو عبـدالغنی المـلاح، ضـیاء المرعـب، جعفـر یاسین، رشدی العامـل، عبـدالمنعم الاعسـم، یوسـف الصـائغ، حلـیم الأعرجـي، حسـب الله یحیی، ابتسام عبدالله، اسماعیل خلیل، باقر الناصری، ابراهیم علی، محمود سعید القدس، سعدی المالح، شکریه العقیـدی، عـادل الهـاشمی، عـدنان محمـد المنـدلاوی، یحیـی حمیـد رضا، حسین البدری، نجدت فتحی صفوت، محمود الدستوری، خالد بیتر، رجاء الزنبوری، فاضل العاني و محمد خلف (فاروق سعید) کە لە راسـتیدا (**سـکرتیر التحریـر لـیلاً**) بـوو، چونکە بابەتەکانی لاپەڕە (١) بەبێ سەروتار هەمووی لە هەڵبژاردەی رێکخستنی ئـەوبوو، کە تا درەنگی شەوانێك خۆی لەگەڵ ئامێری (**تیکەرس**) کە دەنگوبـاس لـە (٥٠) ئاژانسـی رۆژنامـەنووس و سەرچـاوەی جیاجیـا وەردەگـرت و لـە بەرامبەریشـدا یـەك شووشـەی عەرەقیشی دادەنا لەگەڵ تەواوبوونی لاپەڕە یەك شووشەی عەرەقەکشی تەواو دەکرد.

نووسەرو رۆژنامەنووسە کوردەکانیش کە لە التآخي کاریان دەکرد هەردوو برا (**حەسەن دەرویش و حسێن حەیدەر**) بوون، هەروەها خوالێخۆشبوان رەمزی قەزاز و رەفیق چالاك تاکو یەکەمیان بەغدای جێهێشت و دووەمیان کۆچی دوایی کرد کاریان دەکرد، سـەرەڕای کامەران قەرەداخیی رۆژنامەنووس و یۆنان هرمزو ئەحمەد جـەزراوی و پـۆلس ئـەلبازی و عەبدوەلوەهاب بریفکانی و جاسم الیاس و خوالێخۆشبوو حەمید سـوری، سـەلاح عیرفـان بوون.

دەوامی رۆژانەی من، وەکو لەپێشەوە باسم لێوە کردووە، لە سەعات (٩)ی بەیانییەوە تاکو سەعات (٢)ی پاش نیوەڕۆ لە سەعات (٥)ی ئێوارەشەوە تاکو شـەو درەنگانێك کـە قەت پێش سەعات (١١) کارەکان تەواو نـەدەبوون، کـاتێکیش مـاکێتی لاپـەڕەکان تـەواو دەبوون، یەکسەر دەچوومە چاپخانەی (**الثایمس**) لە شارع الرشـید و ماکێتـەکانم تەسـلیم بە خوالێخۆشبوو (**فاروق سعید**) دەکرد و مامۆستا (**أحمد شبیب**)یش کە ئەو دەمەو تاکو ئێستا هەر بەڕێوەبەری چاپخانەیە خواحافیزیمان لێکدەکرد.

دەربارەی رۆژنامەی برایەتیش کە پێشووتر بە چەند قۆناغ و خولێکدا تێپەڕبوو (**بە درێژیی باس لەو بابەتە کراوە لە یەکێ لە ژمارەکانی برایەتیدا بڵاوکراوەتەوە**) ئەوکاتەی کە من دەست بەکاربووم خوالێخۆشبووان رەمزی قەزاز وەکو لێپرسراوی یەکەم و کاک رەفیق چالاکیش وەکو لێپرسراوی دووەم، پاشانیش بە گەڕانەوەی مامۆستا رەمزی قەزاز بۆ سلێمانی خوالێخۆشبوو رەفیق چالاك بوو بە لێپرسراوی یەکەم لەو کات و ساتەدا رۆژێك کاکە دارا پێی راگەیاندم کە لەمەولا دەبێت چاودێری بابەتە سیاسیەکانی رۆژنامەکە بم و هاوکاری کاك رەفیق چالاك بکەم کە لە راستیدا سەرەتای پەیوەندییەکی دۆستانەی ئەو و من دەگەڕێتەوە، کاتێ لە نەخۆشخانەی (**مدینة الطب**) بوو رۆژانە سەردانیم دەکرد بەهۆی تێکچوونی باری تەندروستی و نەخۆشی دڵەوە، هەمیشە ئەوەی دەگوتەوە (**بریا ١٠ سالێ پێشووتر بمناسیبای**)، لە راستیشدا مرۆڤێکی هەڵکەوتەی زانا و وریابوو زۆر جاریش شەوانە پاش تەواوبوونی کاری رۆژنامە بۆ ماوەی سەعاتێك رووماں لە ماڵەکەی دەکرد لەگەڕەکی (**کرادة داخل**)ی نزیك لە شەقامی (**ئەبو نەواس**).

ئەوکاتەی من چوومە رۆژنامە، بارەگاکەی لە شەقامێکی لاوەکی گەڕەکی بەتاوین بوو، پاش (**ساحة النصر**) لەراستیدا شوێنێکی نالەباربوو بۆ رۆژنامەیەکی وەکو التآخي. لە سەرەتای سالّی ١٩٧٣ من و خوالێخۆشبوو (**عبدالرحمن وەفی**)کە ئەمینی سندوق و ژمێریار بوو، قەناعەتمان بە کاك دارا هێنا کە شوێنەکەمان بگوێزێنەوە جێگایەکی دیکە پاش راسپاردن و گەڕان (**عمارة اطلس**) یان کە بەتەنیشت سینەمای ئەتڵەسەوە بوو، بۆ دۆزیینەوە بە هەردوو نهۆمییەوە کە (٢٠) شوقە بوو، لەبەر ئەوەی شوێنەکە زۆر شارستانیانە بوو (**شوقەیەکی**) بۆ ئیشوکاری مەکتەبی سیاسی تەرخان کرا، بارەگاکە لەراستیدا سەرەڕای ئەوەی بارەگای (**دار التآخي**) بوو، لە هەمان کاتیشدا وەکو بارەگایەکی گشتی لێهاتووبوو تەنانەت ئەوەی ئیشووکاری دیکەشی هەبوایە رووی لەم شوێنە دەکرد.

چەندین جار (**التآخي**) لەگەڵ رۆژنامەکانی (**الجمهوریة**) و (**الثورة**)، کە هەردووکیان زمانحاڵی حکومەت و حزبی بەعس بوون، تووشی (**شەڕی راگەیاندنی رۆژنامەنووسی**) دەبوون تێدا تێکڕای نووسەر و رۆژنامەنووس و کارمەندانی دەکەوتنە (**حاڵەتی ئینزار**).

راستە کاکە دارا وەکو سەرنووسەری رۆژنامەکە لەگەڵ هەندێ لە دەستەی رۆژنامەکە وەکو ئەڵقەیەکی بچووک دەکەوتنە کار و بیرۆکە سەرەکییەکەش لەلای ئەوەوە گەڵاڵە دەبوو، بەڵام لەهەمان کاتیشدا کاك فەلەکەددین و د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ و کاك محەمەدی مەلا کەریم و رۆژنامەنووسی عەرەب کە بیروباوەڕی چەپی هەبوو (**ضياء المرعب**) ئەو ئەڵقە بچووکەیان یەك یەك و دوو دوو پێکدەهێنا بۆ ڕەتدانەوەی ڕاگەیاندنی بەرامبەر کە هی بەعس بوو، زۆرجاریش کاك سامی عەبدولڕەحمان سەرکردایەتی ئەو گرووپەی دەکرد و زۆر جاریش بەتەنیا پاش دەوامی وەزارەت دەهاتە رۆژنامەو دەرگای لەسەر خۆی پێوە دەداو خەریکی نووسین و ڕەتدانەوەی بەرامبەر بوو، زۆرجاریش لە سەرەوە لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە بەتایبەتی لە شەخسی کاك حەبیب محەمەد کەریم، نووسین و وتار داهات.

لەو میانەدا ئەوەی زۆر بەلامەوە قورس بوو، شەڕە رۆژنامەنووسییەکەی نێوان (**التآخي**) و (**طريق الشعب**) بوو، کە لە ئاکامی ڕەنگدانەوەی هەڵوێست و بۆچوونی هەردوو حزبی هاوپەیمانی پێشوو (**پارتی دیموکراتی کوردستان**) و (**حیزبی شیوعی عێراقی**) بوو، ئەمیشیان لە ئاکامی ئەو هاوپەیمانێتییە تازەیەی نێوان (**حزبی شیوعی عێراق و حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی**) بوو، پاش ئەوەی عێراق پەیمانی دۆستایەتی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتی جاران مۆرکرد، لێرەدا ناچمە ناو ناخی مەسەلەکەو بڕینی کۆنی نێوان دوو حزبی تێکۆشەر بکولێنمەوە، بەڵام لە نزیکەوە، چونکە لەناو مەسەلەکەدا بووم، ئەم چەند ڕووداوە لەو میانەدا کە ڕوویداوەو وەکو خۆی دەگێڕمەوە:

یەکەم: ڕۆژنامەنووسە چەپەکانی کارمەندی (**التآخي**)، چ کورد چ عەرەب، بوون بەم شەڕە ڕاگەیاندنەی نێوان دوو لایەنی نیشتمانپەروەر زۆر نیگەران بوون، دەرکیشیان بەوە دەکرد کە چی و کێ لە پشت مەسەلەکەدایە، کاتێك، چ وەك بەڕێوەبەر و چ وەکو لێپرسراوی پارتی لەو دەزگایەدا، لە دەزگا ناڕازینامەی ڕۆژنامەنووس و کارمەندانی (**التآخي**)م بردە لایان بۆ ئیمزاکردنی وەکو ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر هەڵوێستی حزبی شیوعی دەربارەی ئەو کێشەی کە ئەو گۆبەندەی نابووەوە، بەڵام (**هاوڕێیان**) ڕازی نەبوون ئیمزای لەسەر ئەو ناڕازیبوونە بکەن و ئیشوکارەکانیش وەکو خۆی بەڕێوە

دەچوون و پەیوەندییە تووندوتۆڵەکانیش وەکو خۆی مایەوە کەسێکیش لەگوڵ کاڵتری پێ نەگوتن.

دووەم: سەرکردایەتی پارتی لە دروست بوونی ئەم کێشەیە زۆر نیگەران بوون، بەڵام دیسان نەدەبوو بەرامبەر ئەو هێرشە راگەیاندنەی حزبی شیوعی بێ دەنگ بن و لەو سەروبەندەدا سەرنووسەری (**التآخي**) لە بەغدا نەبوو بە زیارەتێکی دۆستانە لەگەڵ شەهید (**صالح يوسفى**) سەردانی (**سۆڤیەت**)یان دەکرد، ئەو رۆژەی کە گەڕانەوە من چووم بۆ(**فرۆکەخانەی بەغدا**) بۆ پێشوازی کردنیان رێککەوتی بوو بەهاتنە خوارەوەیان رۆژنامەی ئەو رۆژەی (**التآخي**)م پێدان کە مانشێتی سەرەکی ئەوەبوو (**البارزاني يدعو الى تجنب الاحتكاك والاصطدام مع الشيوعيين**) کاتێك خوالێخۆشبووان صالح یوسفی و دارا تۆفیق رۆژنامەکەیان دیت صالح یوسفی گوتی (**بەداخەوە درەنگ بوو**)، منیش یەکسەر گوتم (**خێرە بۆ درەنگە**) لێرەدا کاك دارا گوتی لە رێگا لەناو ئۆتۆمبێلەکە قسەت بۆ دەکەم ئاخاوتنەکەی کاك دارا دەربارەی (**بەداخەوە درەنگ بوو**) گوتی:

(ئێمە کاتێ گەیشتینە مۆسکۆ پێشوازییەکی گەرمیان لێ کردین وەکو دوولایەن، حزبی شیوعی یەکێتی سۆڤیەت و پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەرەتاوە سۆڤیەتەکان ئامادەبوون پرۆتۆکۆڵی دۆستانەو هاوکاریمان لەگەڵ مۆریکەن و لەسەر ئاستێکی بەرز ئەم مەسەلەیە لەلایەن سۆڤیەتەوە کە بوریس یونو ماریوف ئەندامی پالێوراوی مەکتەبی سیاسی و روستلان ئولیانوفسکی ئەندامی کۆمیتەی حزبی شیوعی سۆڤیاتی سەرۆکایەتی وەفدی سۆڤیەتیان دەکرد، بەڵام کاتێ هەواڵەکانی کوردستان

گەیشتنە ئەوێ رووسەکان ساردبوونەوەو بە ئاشکرا پێیان گوتین ئێمە ناتوانین لەم بارودۆخە ئەم جۆرە رێککەوتنە ئیمزا بکەین، ئێمە لەلایەن خۆمانەوە هەوڵماندا کە مەسەلەکە ساردبکەینەوە، بەڵام بەداخەوە بێ هودە بوو واپێدەچوو نەخشەکە لە بنەڕەتدا بۆ لاوازکردنی ئێمە داڕێژرابێ).

سێیەم: ئەو چەند رۆژەی کە کێشەی نێوان ئێمەو حزبی شیوعی گەرم بوو، رۆژانە بەدەیان وەفدی هەمە جۆر رووبان لە بارەگای دەزگای (**التآخي**) دەکرد بۆ ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر هەڵویستی وەکو ئەوان دەیان گوت (**الجناح اليميني في القيادة الكوردية**) دەربارەی رووداوەکانی کوردستان کە لەنێوان حزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستاندا هەبوو، بەیانیان زۆر بەزەحمەت دەمانتوانی (**كاك فلك الدين و بەندە**) روو بەرووی ئەو هەموو خەڵکە راوەستین و هەڵویستی دروستی پارتی دیموکراتی کوردستانیان بۆ روون بکەینەوە، بۆیە زۆرجار ناچاردەبووم تەلەفۆنی (**خاتو زكيه اسماعيل حقي**) بکەم وەکو ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان کە زۆر بوێرانەو بەوپەڕی لێوەشاوەییەوە لە ژووڕەکەی من پەیتا پەیتا پێشوازی لەو خەڵکە دەکردو قسەی بۆ دەکردن، لە هەمووی سەیرتر رۆژێکیان لەناو یەکێ لەو وەفدانەی کە دەهاتنە لامان بۆ ناڕەزایی دەربڕین قوتابیەکی قۆناغی خۆمم دیت لە کۆلیژی ئابووی و زانستە سیاسییەکان کە خۆی لەڕاستیدا سەر بە حزبی بەعس بوو، بۆیە کاتێك کە چاوی بە من کەوت زۆر پەشۆکا، بەڵام من هەر زوو پێم گوت (**لا ديريال احنا نعرف اصل اللعبة شنو**) بۆیە ئاشکرابوو لەلای ئێمە کە بەعس دەستی لەم یارییە گلاوە هەیە، لەبەرژەوەندی هیچ لایەکیشمان (**پارتی و شیوعی**) بە کۆتا نەهات.

برایەتی رۆژانە

ئاشکرایە یەکەم ژمارەی برایەتی لەخوولی یەکەمیدا رۆژی ١٩٦٧/٥/٦ کەوتە بەردەستی خوێندەوارانەوە، دوا ژمارەش هەر لەم قۆناغەدا کە ژمارە ٤٢٧ی لەسەرە رۆژی ١٩٦٨/١١/٩ بوو کە بە وەرگەڕانێکی بابەتی دادەندرێ لە مێژووی رۆژنامەگەریی کوردیدا/ چونکە لە بنەڕەتدا دەرچوونی ئەم رۆژنامەیە لەلایەن پارتێکی سیاسییەوە لە قۆناغی بەرەنگاربوونەوەی چەکداریدا مەسەلەیەکە شیکردنەوەو بابەتێکی زۆر هەڵدەگرێ کە لێرەدا ئەسڵی مەبەست نییە، بەڵکو وەبیرهێنانەوەیەکی ئەو لایەنەیە کە رۆژنامەگەری کوردی ئەو شەرەفەی پێ بڕاوە شان بەشانی تفەنگ بەشداری لەو راپەڕینە مێژوویی بکات، کە بە شۆڕشی ئەیلوول دەناسرێ، بە مەبەستی وەدیهێنانی داخوازی و مافەکانی ئەو گەلەی کە بەڕادەیەك زۆرداری لێکراوەو تەنانەت نەیتوانیوە یەکەمین رۆژنامەی لەم هەموو ولاتە پانوبەرینەی خۆی دەربچوێنی. بۆیە هەموو کاتێك پرۆژەی رۆژنامەیەکی رۆژانەی کوردی شان بەشانی (**التآخي**) کە لە بەغدا دەربچێت زادەی بیری ئەو رۆژنامەنووسە بە تواناو لێهاتووە بوو کە شەرەفی ئەوەی پێ بەخشرا کە رۆڵی سەرکردایەتی دەستەی نووسەرانی یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەی کوردی لە مێژوودا ببینێ و ببێتە سەرنووسەر و خەمخۆری ئەو پرۆژە نەتەوەییەی بیت کە تاکو رۆژنامەگەری کوردی بمێنێ (**دارا توفیق**)ی شەهید وەکو ئەستێرەیەکی پرشنگدار لە ئاسمانی شارستانیەتی وشەی کوردیدا دەدرەوشێتەوە .

سەرەتای زستانێکی ساردبوو یان چاکتر وایە بڵێم ئەم رۆژە رێکەوتی ٢٢ مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٣ بوو ساتەکەش پاش نیوەڕۆیەکی درەنگی ئەم رۆژە بوو کاتێ کاکە دارا وەکو عادەتی هەمیشەیی ئەگەر شتێکی گرنگی لەمێشك با ئەوا بە زەردەخەنەیەك و زۆریش شەفافانە رووی لە بەرامبەر دەکرد و پێش ئەوەی بچێتە ژوورەکەی خۆی دەیگوت فەرموو با بچینە ژوورەکەی من.

بۆ زانینی خوێندەوارانی خۆشەویست باڵەخانەکەی (**التآخي و برایەتی**) لە شەقامی (**السعدون**) بریتی بوو لە دوو نهۆم (**طابقین**) کە هەر نهۆمەی بریتی بوو لە (١٠)شوقە، هەندێ لەو شوقانە (٣)ژوور و هەندێکیشیان (٢) ژوور بوون تەنیا ئەو شوقەی کە کاکە دارا و من نەبێت بریتی بوو لە (٤) ژوور، ژووری پێشەوە کە لە دەستە چەپ بوو بریتی بوو لە نووسینگەی من کە پانتاییەکی (٢٠م٢) بوو، نووسینگەی کاکە داراش

(**سەرنووسەر**) لە دەستەڕاستی ژوورەکەی من بوو، ژووری سێیەمیش بریتی بوو لە ژووری پێشوازی تایبەتی و کۆبوونەوەی سەرنووسەر لەگەڵ خێزانی هەردوو رۆژنامە، ژووری چوارەمیش ئامێرێکی (**استنساخ**) و پەڕاوی نهێنی تێدابوو پاش کاکە دارا تەنیا من دەمتوانی بۆ کاری تایبەت وەکو فۆتۆکۆپی کردنی کۆنووس، کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی پارتی لەگەڵ لێپرسراوانی بەعس لە بەغدا یاخو فۆتۆکۆپی کردنی هەر نامەیەکی تایبەت کە لە سەرکردایەتی دەهات بۆ سەرۆک کۆمار یاخود جێگرەکەی (**صدام حسين**)، یاخود چاپ کردن و فۆتۆکۆپی کردنی کۆبوونەوەکان لەگەڵ مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی عێراق یاخود هەرکارێکی دیکە کە شێوازی نهێنی هەبووایە، هەموو جارێکیش کاك دارا ئەو قسەیەی بۆ من دووبارە دەکردەوە:

(**ئاگاداربە کاتێ کارەکان تەواو دەکەیت دەستنووسەکان یاخود ئەوراقی زیاد بەدەستی خۆت بسووتێنە، چونکە بەعس هەمیشە چاوەدێری شتی گەورەو بچووکی ئێمە دەکات**).

کاکە دارا لە پاش بەکۆتاهاتنی کۆبوونەوەیەکی کۆمێتەی ناوەندی پارتی کە لە ناوپردانی گرێدرابوو، گەڕایەوە بەغداو یەکسەر هاتە ژوورەکەی من و داوای قاوەیەکی کاکە (**سەلمان**) چایەچییەکەی بارەگا کرد، بۆ زۆر جاریش بە سەلمانی دەگوت: (**من زۆر حەز لە قاوە ناکەم، بەڵام کاتێ قاوەی تۆ دەخۆمەوە حەزم دەچێتە قاوەیەکی تر**).

بە خواردنەوەی قاوەکەی هەستاو رووی کردە من و گوتی: (**بڕیار درا برایەتی بکرێتە رۆژانە، با برایانی برایەتی سەعات چوار بێنە لای من، دەبێت خۆتان ئامادە بکەن**).

زۆر زەحمەتە مرۆڤ بتوانێ تەعبیر لەو خۆشحاڵییە بکات، کە لە سیمای رۆژنامەنووس و کارمەندە کوردەکانی التآخي و برایەتی دەباری، کاتێکیش کاك دارا ئەو مژدەیەی دایە برادەران، قسەیەکی کاك (**سەریەست بارمەڕنی**)م لەبیرە ئەوکاتە گوتی: (**ئێستا پێم وایە دەبینە حکومەت**) ئەو رۆژانەی نێوان ١٩٧٣/١٢/٢٢ تاکو ١٩٧٤/١/١ بە رۆژانی مێژوویی دەژمێردرێن:

یەکەمیان: سەرقاڵی و خۆ ئامادەکردن بۆ سەرکەوتنی ئەو کەرنەڤاڵە نەتەوەییەی کە هەموو لایەکی مەشغوول کردبوو، تەنانەت (**مام یوسفی**) خزمەتگوزاریش ناوە ناوە لەبەر خۆیەوە دەیگوت (**ئەز دبێژم حەفلەیە**) و هەر یەك لەلای خۆیەوە خەریکی ئامادەباشی بوو.

برایانی رۆژنامەنووس: سەربەست بامەڕنی، خوالێخۆشبوو جەلالی میرزا کەریم، صلاح شوان، عبدالوهاب تالەبانی، عبدالله عەباس، عبدالرحمن نەقشبەندی، چەند برایەکی رۆژنامەنووسی دیکە کە بەداخەوە لەم کاتەدا ناوەکانیان نایەنەوە یادم.

هەمیشە لەو دوو شوقەیەی کە لە نهۆمی یەکەمی تەلاری (**دارالتآخي**) بوون سەرقالی نووسین و سڕینەوەو چاککردنی بابەتەکان بوون، زۆر بە گەرمی و لەناخی دڵیانەوە لە هەوڵ و کۆششی بەردەوامدا بوون بۆ ئەوەی بابەتی ژمارە (٠) و یەک دوو ژمارەی دیکەش ئامادەکەن؟ لە سەروبەندی ئەم خۆئامادەکردنە رۆژێکیان کاکە دارا پێی راگەیاندم (**کاکه فەرهاد برادەران لەسەرەوە وایان لا باشه خۆشم پێشووتر ئەوەم پێ گووتووی که لەمەولا زیاتر گرنگی به دیتنی بابەته سیاسییەکان بدەیت، ڕاستەوخۆ تۆ لەم لایەنه بەرپرسیاری، بەڵام نابێ کارمەندانی برایەتی وا هەست بکەن که** (ڕەقابە)**یان لەسەرە کاتەکه ناسکه، لەوانەیە بابەتێك کێشەیەکی گەورەمان بۆ دروست بکات، تکایه بەجیدی ئاگاداریه، کاك سەربەستیش کوڕێکی چاك و وریایه تەفەهومی بارودۆخەکه دەکات**).

لەم روانگەوە کاتێ سەرپەرشتی سەربابەته سیاسییەکانم دەکرد بەهیچ شێوەیەك نەم دەهێشت برادەرانی دیکە هەست بەم مەسەلەیە بکەن زۆربەی ئەو گرفتانەی دەهاتنەپێش ڕاستەوخۆ لەنێوانی سەرنووسەرو مندا چارەسەر دەکران و هەندێ جاریش ئەویش زۆر دەگمەن بوو لەگەڵ کاك سەربەست بامەڕنی مەسەلەکان یەکلا دەکرایەوە.

شەوی دووشەممە لەسەر سێ شەممە ڕێککەوتی ١٩٧٣/١٢/٣١ کاتی لەسەرتاسەری ئەم جیهانە خەڵکی سەرقالی ئاهەنگ گێڕان بوون چ بۆ مالئاوایی کردن لەساڵی کۆن و چ بە پێشوازی کردن لە ساڵی تازەو تەنانەت شەقامی (**السعدون**)یش کە تەلاری ڕۆژنامەکەمانی لێ بوو سیمای ئاهەنگ گێڕانی بەخۆیەوە دەبینی، بەڵام ژووری کانی تەلاری (**التآخي و برایەتی**) ڕووداوێکی مێژوویی تێدا چاوەڕوان دەکرا ئەویش لە دایك بوونی یەکەم ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردی بوو. بابەتەکان دوو سێ ڕۆژ پێشووتر ئامادەباشی بۆ کرابوو تەنیا نامە پیرۆزباییەکەی بارزانیی نەمر نەبێت کاك دارا لەگەڵ گەڕانەوەی لە کوردستان لەگەڵ خۆی هێنابووی کاتێکیش کە خاتوو زەینەبی تایپێست نامەکەی تایپ کردبوو، کاك دارا ڕایسپاردم کە هەر خۆم (**هەڵەچنی بکەم و پێیدا بچمەوە**).

شەوی ١٩٧٣/١٢/١٢ بابەتەکان بەرەو چاپخانە (**الجاحظ**) بە رێکران کە خاوەنەکەی (**رسمی العامل**)ی سیاسەتوان و رۆژنامەنووس بوو، چونکە چاپخانەی (**تایمز**) کە لە شەقامی (**الرشید**) بوو، نەیدەتوانی (**برایەتی**)یش چاپ بکات. تیراژی رۆژنامەکە لەسەرەتادا (٣٠٠٠) دانەی لێ چاپ دەکرا و ئەوەی لەبیریشم مابێت لە ژمارە (١٥)تیراژەکەی بوو بە (٥٠٠٠) دانە، کە بۆ ئەم سەردەمە ژمارەیەکی یەکجار زۆر بوو.

١٩٧٤/١/١ رۆژی جەژن و پشوو بوو بۆ هەموولایەک، بەڵام بۆ ئێمەی خێزانی دەزگای (**التآخي و برایەتی**) دوو جەژن و بێ پشوو بوو، ئەو رۆژە لە تەلاری رۆژنامەکە بە دەیان کەس دەهاتنە لامان، لەوانە مامۆستایانی خوالێخۆشبوو(**عبدالمجید لطفي و مستەفا نەریمان**)، بەوپەڕی گەرمی و دلخۆشییەوە پیرۆزباییان لێکردین. سەرەڕای دەیان پەیوەندی تەلەفۆنی لە شارەکانی کوردستان و لە خوێنەرانی کوردی شاری بەغدا، زۆر جاریش کە برایەتی بەهۆی نەبوونی ئۆتۆمبێلی تایبەتی دەزگاو لە رێگای موتەعەهیدەوە دابەش دەکرا چ لە بەغدا و چ بۆ کوردستان گەیشتنەکەی بۆ کوردستان دوادەکەوت، ئەوسا کە دەگەیشتە سەعات یەک و دووی نیوەڕۆ و برایەتی نەگەیشتبا کوردستان ئەوا دەبوو وەڵامی چەندین پرسیاری خاوەن کتێبخانەکان و لێپرسراوانی پارتی بدەینەوە، بەردەوام لە هۆکاری دواکەوتنی (برایەتی) یان دەپرسی تەنانەت رۆژێکیان سەعات (١٢)ی نیوەڕۆ کاك (**عبدالغني علي یحیی**)ی رۆژنامەنووس کە لەژێر ناوونیشانی (**اوراق کوردیة**)ی بۆ (**التآخي**) بە زوبانی عەرەبی دەنووسی، بە تەلەفۆن و بە هەڵەداوان لێی دەپرسیم (**راستە دەڵێن برایەتی راگیراوە لەلایەن حکومەتەوە**)، منیش لە وەڵامدا پێم گوت: (**کاکە عبدالغنی تکایە سەغڵەت مەبە لەوانەیە بە هۆی رێگاوە دوابکەوێ، بەڵام کەس ناتوانێ** (برایەتی) **دابخات، چونکە داخستنی** (برایەتی)**مانای هەڵگیرسانەوەی شەڕە لە کوردستان**). ژمارە (٠)ی برایەتی بە(١٠) لاپەڕە دەرچوو، بەڵام لە سەرەتادا بڕیاری (٨) لاپەڕە بۆ برایەتی رۆژنامە درابوو، بەڵام لە ژمارە(٠)دا ئەم بڕیارە جێ بەجێ نەکرا، چونکە ژمارە (٠) وەکو ژمارەیەکی ئەزموونی کە (٠) بوو بە ١٠ لاپەڕە دەرچوو.

ماوەی یەک هەفتە لەنێوان ژمارە(٠) و ژمارە (١)یکدا بۆ ئەمیشیان وەنەبێ لەرووی بێ بابەتی بووبێ، بەڵکو بابەتی چەند ژمارەیەک ئامادەکرابوو، بەڵام لەبەر هەندێ هۆکاری هونەری و دیراسەت کردنی (**ردود الفعل**)ی خوێندەواران سەرەڕای هەڵسەنگاندنی لەلایەن چەند رۆشنبیرێکی گەورەی گەلەکەمان. ژمارە(١) لە رۆژی سێ شەممە رێککەوتی

١٩٧٤/١/٨ بـه (٨) لاپـەڕه دەرچـوو، ئەوكاتـه نرخـی (٢٠) فلسـی لەسـەر بـوو لـه سەرەتاشـەوە بڕیـاری ئـەوە درا كـه لـه حاڵـەتی زۆر پێویسـت نـەبێت ئیعلانـاتی تێـدا بڵاونەكرێتـەوە، بـەڵام ئـەم بڕیـارە جـێ بـەجێ نـەكرا، چـونكە بـوونی ئـیعلان لـه هـەر رۆژنامەیەك سەرەڕای هێنانی داهات كە سەرچاوەی بنەڕەتی بـەردەوام بوونیـەتی، بـەڵام لەلایەكی دیكەشـەوە ئـەو راسـتییە دەیسـەلمێنێ كـه ئـەم رۆژنامەیـە چـەند بـڵاوە لـەناو خەڵكدا.

(برایـەتی) رۆژانـه دوو جـۆرە پـەیامنێری هـەبوو، هەنـدێكیان بـەڕەسمی ناسـرابوون و هەندێكیشـیان وەكـو ئـەركێكی نەتـەوەیی ئـەم كارەیـان ئـەنجام دەدا، بەتایبـەتی ئـەو خوێندەوار و پارتیانەی كە لە شارەكانی كوردستانەوە رۆژانە چ بـە تەلـەفۆن چ بـە نامـە پەیوەندییان پێوە دەكردین.

لە سـلێمانی كـاك مسـتەفا سـاڵح كـەریم لێپرسـراوی نووسـینگەی برایـەتی، سـەرەڕای التآخي، چالاكانه و بەوپـەڕی دڵسـۆزییەوە ئیشـوكارەكانی ئـەنجام دەدا، لەبیرمـه لـەكاتی گرێدانی كۆنگرەی پێنجەمی یەكێتی مامۆستایانی كوردستان كه لە رۆژانی ١-٣/٢/١٩٧٤ لە سلێمانی بەسترا، بەندە وەكو نوێنەری برایەتی ئامادەی كۆنگرەكە بووم، لە سینەمای دڵشاد كاك مسـتەفام دەبـینی بـە چ دڵسـۆزییەك بەشـداری كـۆنگرەو نووسـینی هـەواڵ و ئامادەكردنی رییۆرتاژی بۆ برایـەتی ئامـادە دەكـرد خوالێخۆشـبوو عـەزیز خانـەقاش زۆر ژیرانه و دڵسـۆزانه هاوكاری برایەتی دەكرد و پاشـانیش كـاك محمـد مـوكریش بـە هـەمان دڵسـۆزی هەڤاڵ و هاوڕێیانی بەشـداری ئـەم ئەركـه نیشـتمانی و نەتەوەییـەی دەكـرد كـه هەردووكیان لە كەركووكی كوردستانەوە بە وشـەی كـوردی پـاراو برایـەتییان دەوڵەمەنـد دەكرد. كاكه جەواد شێروانی و شەهید كاردۆ گەاڵڵەیش لە هەوڵێرەوە بەتەنگ دەوڵەمەند بوون و بەردەوامی برایـەتی بـوون و نووسـینگەكەیان بـەڕێوە دەبـرد. كـاك عبـدالرحیم و رۆژنامەنووسێكی دیكه نووسینگەی دهۆكیان لە ئەستۆدابوو، لێرەدا من نـاتوانم بـاس لـه رۆڵی جوامێرانەی هەموو ئەو رۆژنامەنووس و نووسەر و دەستەی نووسینگەكانی برایـەتی لە شاره گـەورەكانی كوردسـتان بكـەم كـه هـەر هـەموویان وەكـو پێشـمەرگەیەكی گیـان لەسەردەست لە خزمەتی برایەتی دابوون كە بەداخەوە بـە ژمـارە (٠) وە لـە ٢٧ ژمـارەی تێپەڕ نەكرد كە ئەمیشیان گێڕانەوەی چیرۆكی داخستنەكەیەتی:

لەسەرەتادا برایەتی کە دەرچوو هیچ پرسێك یاخود راوێژی وەزارەتی راگەیاندن نەکرا، چونکە لە کەشوهەوای رێککەوتنی ١١ ئادارى ساڵی ١٩٧٠دا سەرکردایەتی حکومەت و حزبی بەعس دانیان بەوەدانابوو کە لەلایەنی کوردی لە رێگای پارتی و رێکخراوەکان و دامودەزگا رۆشنبیرەکانی کوردی مافی دەرچواندن و بلاوکردنەوەی رۆژنامەو گۆڤاری بە زوبانی کوردی و عەرەبی هەیە، بە مەرجێك کە پیتی لاتینی تێدا بەکار نەهێندرێت، لەم روانگەیەوە کاتێ برایەتی بڕیاری دەرچوونی درا، نەمەسەلەی مۆڵەت وەرگرتن یاخود پرسکردنێك لە ئارادا نەبوو، لە هەفتەی یەکەمدا هیچ گرفتێك نەهاتە پێشەوە، بەڵام هەر پاش هەفتەیەك (**رەسمی العامل**) پێشنیاری ئەوەی کرد کە لە ژمارە (٩)وە لە (**بوکسی**)لای چەپی تایتڵی رۆژنامەکە وشەی (**پاشکۆی التآخي**) بنووسین، چونکە دوو ئێوارە پێشووتر رەسمی بەمنی گوت کە بەکاك دارا رابگەیەنم کەوا لێپرسراوێك لە وەزارەتی راگەیاندنی ئەوسای عێراق بە رەسمی گوتووە، کەوا برایەتی رۆژانە مۆڵەتی رەسمی نییە، (رەسمی)یش وەکو خۆی بۆی گێڕامەوە بەم لێپرسراوەی راگەیاندووە کە پاشکۆ مۆڵەتی ناوێ و لێپرسراوەکەش گووتوویەتی باشە بۆ وشەی (**پاشکۆ**)ی لەسەر نییە، ئەوەبوو لە ژمارە (٩)وە وشەی (**پاشکۆی التآخي**) نووسراوە، بەڵام دیسان بەعس هەر بەوە نەوەستاو هەر رۆژەو بیانوویەك و کێشەیەکیان بۆ دەناینەوە. رۆژانەش لە چەند شوێنێکی ناوشاری بەغداو کەرکووك و مووسڵ دەزگای ئەمنیەتی بەعس هەڵدەستا بە کڕینی ژمارەیەکی زۆر تاکو بەردەستی خوێندەوارانی کورد نەکەوێ.

ئاستەنگێکی دیکە کە هاتەبەردەم گەشەکردنی زیاتری برایەتی چ لە رووی هونەری و چ لە رووی بابەتییەوە شەڕی راگەیاندنی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی عێراقی بوو، کە بەداخەوە هەموو ئەو هەوڵ و کۆششانەی کە تەرخان کرابوو بە مەبەستی پرشنگداربوونی برایەتی و بەرەو پێشەوەچوونی لە هەموو بوارێکەوە، لەلایەکی دیکە سەرف کرا کە ئەویش بریتی بوو لە نووسین و رەتدانەوەی رۆژنامەی (**طریق الشعب**) بە زوبانی کوردی کە لە راستیدا کات و هەوڵێکی زۆری بۆ تەرخان کرابوو.

رۆژی چوارشەممە رێککەوتی ١٩٧٤/٢/٦ نووسراوێکی رەسمی بە ئیمزای (**حامد الجبوری**) وەزیری راگەیاندن و لە رێگای فەرمانبەرێکی وەزارەت بە ئیمزاکردن لەسەر (**وصل الاستلام**)م وەرگرت و کاتێ کە ناوەرۆکەکەم خوێندەوە ئەم چەند دێڕەی کەوەکو لەیادم مابێت ناوەرۆکەکەی لێی نووسرابوو (**السید رئیس تحریر جریده التآخي المحترم**..

نحيطكم علماً بأن صدور ملحق جريدة التآخي بالكردية وبشكل يومي مخالف لقانون الصحافة المرقم... في/ / وعليكم طلب أجازة مستقلة لجريدة برايتي الكردية اليومية).

کاتێ نامە رەسمییەکەی وەزارەتی راگەیاندنم دایە دەستی کاک دارا و پێش خوێندنەوەی لێی پرسیم (**دیارە مەسەلەکە موهیمە**) (**یانی گرنگە**) منیش لە وەڵامدا گوتم: (**ئەگەر مانگ لە ئاسمان بەدیارکەوت پێویست بە پەنجە ناکات**)، کاتێ کاک دارا نووسراوەکەی خوێندەوە تەماشام کرد ئەو وەکو من بە ئەهمیەتی وەرنەگرت، تەنانەت زۆر بەئاسایی نامەکەی داوە دەستم، ئەوجا دەستێکی بە ناوچەوانیا هێناو گوتی:

(**کاکی خۆم خۆت ئاگاداری ئێمە ماوەی ٣ هەفتەیە خەریکی گفتوگۆین لەگەڵ سەرکردایەتی بەعس خۆشت زۆژانە کۆنووسی دانیشتنەکان فۆتۆکۆپی دەکەی، ئێمە و بەعس لێك دوورین، عوقدەی کەرکوك پێم وانییە حەل ببێ، بارزانی ممکن نییە تەنازول لە کەرکووك بکات بەعسیش کەسبی سۆڤێتی کردووەو ئاگاداریشی زۆژانە حزبی شیوعی چیمان پێ دەکات، ئەحداسەکان بەرەو ئەوە دەچن شەڕ دەست پێ بکاتەوە. مەسەلەی بەردەوامبوونی برایەتی متەوەقفە بە بارودۆخی گفتوگۆی ئێمەو بەعس داوای ئیجازە ناکەین هەتا بە زۆر راینەگرن، ئێمە بەردەوام دەبین، بەڕاست شتێکی دیکەم هاتەوە بیر تۆ خەریکی ژن گوێزانەوەی بە** (عبدالرحمن وەفی) **ئەمین سندوقم راگەیاندووە (٥٠٠) دینارت وەکو دیاری بۆ سەرف بکات و موچەکەشت تەعدیل دەکەم تۆ ئیجازەی خۆت وەرگرە، بەڵام لە هەفتەیەك زیاتر نەبێت، چونکە بارودۆخەکە ڕووی لە باشی نییە**).

کاتێ کاك دارا لە قسەکانی بووەوە پێم گوت:

(**من ئیجازە وەرناگرم تاکو چارەنووسی برایەتی نەزانم، سوپاس بۆ دیارییەکەت**).

ڕۆژی دواتر پێنج شەممە ڕێککەوتی ١٩٧٤/٢/٧ ژمارە (٢٦)ی برایەتی دەرچوو، بەڵام هەر لەهەمان ڕۆژ و پێش نیوەڕۆ (**حامد علوان الجبوری**) بە تەلەفۆن لەگەڵ دارا قسە دەکات و دەڵێ:

(**السید النائب** (واتە صدام حسین) **زعلان جداً من هذا التصرف أي** (صدور برایەتی بدون اجازة) **وأعتبر هذا المکالمة بمثابة انذارنا الأخیر و النهائي لکم بأیقاف الجریدة عن الصدور**).

دوابـەدوای ئـەوەش هەرهـەمان وەزیـری راگەیانـدن قسـە لەگـەڵ خـاوەنی چـاپخانە (**الجاحظ**) کردووەو پێی راگەیاندبوو (**قسما بـالله اذا صـدرت برایـەتی باچـر نحرگك ویـا المطبعة**).

رۆژی دواتـر کـە رێککـەوتی دوو رووداوی ناخۆشـی دەکـرد یەکـەمیان دەرنەچـوونی برایـەتی پـاش (٢٧)ژمـارە کـە بەڕاسـتی کاریگەییـەکی سـەلبی لەسـەر دەروون هـەبوو. دووەمیشیان ئەم رۆژە رێکەوتی یادی (٨)ی شـوباتی نـەگریس بـوو کەلـەم رۆژەو سـاڵی ١٩٦٣ هەمان ئەو بەعسەی ئێستا بە ئینقیلابێکی خوێناوی هاتنە سـەر حـوکمی عێراق و دواتریش خوێناویترین شەڕیان بەسـەر کوردستاندا سەپاند و ئەم رۆژە هەر هـەموومان لـە ژوورەکەی کاك دارا و منداباس باسی راگرتنی برایەتی بوو، بەڵام دیسان وەکـو کـاك دارا گوتی: خۆتان بۆ ژمارە (٨٣)حەفتانـە ئامـادە بکـەن (**چـونکه کـاتی خـۆی دوا ژمـارەی هەفتانـە (٨٢) لـە ١٩٧٣/١٢/٢٨ دەرچـوو بـوو**). منـیش لـە رۆژی ٢/٩/وە مۆڵـەتی حەفتەیەکی مانگی هەنگوینم وەرگرت و لەگـەڵ هاوسـەرم بـەرەو کوردسـتان سـەفەرمان کرد.

ژمارەکانی هەفتانەی برایەتی پاش قۆناغی رۆژانە بەم شێوەیە دەرچوو:

- ژمارە ٨٣ لە رۆژی ١٩٧٤/٢/١٦ دەرچوو
- ژمارە ٨٤ لە رۆژی ١٩٧٤/٢/٢٠ دەرچوو
- ژمارە ٨٥ لە رۆژی ١٩٧٤/٢/٢٤ دەرچوو
- ژمارە ٨٦ لە رۆژی ١٩٧٤/٣/٢ دەرچوو

کە ئەمەیان دوا ژمارەی برایـەتی هەفتانـەی ئـەو سـەردەمە بـوو وا رێککـەوت سـەعات (١٢)ی نیـوەڕۆی ئـەم رۆژە کـاك سـامی عبـدالرحمن ئەنـدامی (**م.س**) پـارتی و وەزیـری کاروباری ژووروو بـە خـۆی و بـە جانتایـەکی رەشـی دبلۆماسـی هاتـە تـەلاری (**التـاخي و برایەتی**) و یەکسەر لە ژوورەکەی منداد انیشت، چونکە کـاك دارا لـەو کاتـە لـەوێ نـەبوو داوای چـایەکی کـرد، منـیش زۆرم پەلـە بـوو کـەوا پرسـیاری دەربـارەی دوا جەولـەکانی گفتوگۆی لێ بپرسم، بۆیە یەکسەر پێم گوت: (**بشر كاك سامی**) ئەویش لەوەڵامـدا گـوتی: (**مایبشر بالخیر و بەعس تەواو خۆی ئامادە کردووە بۆ شەڕ، هێدی هێدی خۆتان ئامادە بکەن بۆ گەڕانەوە بۆ کوردستان**).

زۆربەی هەرەزۆری خێزانی (**التآخي و برايەتی**) تاك تاك و یا دوو دوو دەچوون منیش لە رۆژی ١٩٧٤/٣/٨ پاش ئەوەی بە نوێنەرایەتی رۆژنامە لە کۆنگرەی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر ئامادەبووم و گەڕامەوە بەغداو پاشان بەیەکجاری بەرێکەوت لەگەڵ خوالێخۆشبوو شەهید سالّح یوسفی و کوردستان عەلی عبدالعزیز هەر بە ئوتومبیلە مارسیدسەکەی سەیدا سالّح بەرەو ناوپردان بەڕێکەوتین، لە ئێوارە درەنگانێك گەیشتن و لەم رۆژە قۆناغێکی دیکە لە ژیانی راگەیاندن و رۆژنامەنووسیم دەستی پێکردو بوو بە بەشێکی دیکە لەو مێژووەی کە هەتا ماوم شانازی پێوە دەکەم.

قۆناغی شۆڕش ١٩٧٤/٣/٨ – ١٩٧٥/٣/١٨

بە گەیشتنمان بۆ ناوپردان قۆناغێکی دیکە لە ژیانی سیاسی رۆژنامەوانییم دەستی پێکرد، سەرەتا سەرقالّی وەرگرتنی ئەو برایانە بووین لە رێگای لیژنەی (**ئیستیعاب**)ەوە کە لەسەرەتادا لە برایان عبدالقادر حمد أمین و ئەنوەر عبدالله و بەندە پێکهاتبوو کە تێدا بە دەیان رۆشنبیرو بە دەیان هونەرمەندو دەیان رۆژنامەنووس و نووسەر ئەدیب و شاعیر ناویان تۆمارکرا لە دەزگای راگەیاندن بە مەبەستی وەرگرتن و رێکخستنیان و دابین کردنی شوێن و بژێوی رۆژانەیان، پاشانیش کە سەرکردایەتی بەعس ئەو پرۆژەی خۆی کە گەلاّلەی کردبوو بەناوی (**یاسای ئۆتۆنۆمی**) راگەیاند، سەرکردایەتی پارتیش بڕیاری بەگەڕخستنەوەی (**ئیزگەی دەنگی کوردستانی**)داو هەموو هەولّ و تەقەلایەکان بۆ ئەم ئێستگەیە تەرخان کراو پاشانیش بە فەرمانێکی ئیداری بوومە سکرتێری تەنسیق لەگەلّ دەزگاکانی شۆڕش لە دەزگای راگەیاندندا بەلاّم کاتێ ئەمانەتەکان (**وەزارەت**) دامەزران کە یەکێك لەمانە (**ئەمانەتی گشتی راگەیاندن و رۆشنبیری و لاوان**) بوو کە پێکهاتبوو لە سێ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کە ئەمانە بوون:

١. بەڕێوەبەرایەتی گشتی راگەیاندن، كاك فلك الدين كاكەیی بەڕێوەبەری گشتی بوو.

٢. بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری، كاك تەلعەت نادر بەڕێوەبەری گشتی بوو.

٣. بەڕێوەبەرایەتی گشتی لاوان، (**نووسەری ئەم بابەتە**) بەڕێوەبەری گشتیی بوو.

دەربارەی چالاکی رۆشنبیری و راگەیاندنی هەردوو بەڕێوەبەرایەتی یەکەم و دووەم و مەکتەبی ئەمانەت من لێرەدا قسەی لەسەر ناکەم بەلاّکو بۆ هەردوو بەڕێوەبەری گشتییەکانی بەجێ دەهێلّم، بەلاّم ئەوەی پەیوەندی بەکاری بەڕێوەبەرایەتیە

گشتییەکەی لاوانەوە هەبوو بریتی بوو لە ئەنجامدانی چالاکی هونەری (**پێشانگاو پۆستەر**) و دامەزراندنی یانەی (**شەترەنج و تێنس**)، هەروەها بۆ یەکەم جار لە مێژووی وەرزشدا لە کوردستان تیپی تۆپی پێ هەڵبژێردراوی کوردستان دامەزرا، کە تێدا چەندین یاری لەگەڵ تیپەکانی ئازەربیجانی رۆژئاوادا سازداو کە لە هەموو یارییەکان بردییەوە.

بەڵام لێرەدا ئەم چەند دێڕە بە مەبەستی ئاگاداربوونە لە هەلومەرج و پێکهاتنی ئەمانەتی گشتی راگەیاندن، کە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکەی ئێمە بەشێك بوو لەم ئەمانەتە کە سەرەڕای ئەو چەند چالاکییە وەرزشی و هونەریی و کۆمەڵایەتییەی ئەنجامی دەدا، بیرم لە دەرچوونی گۆڤارێك دەرکردەوە کە دەڵێم گۆڤار مەبەستم لە بڵاوکراوەیەکی رۆشنبیری لاوان بوو، کە پێشووتر لە یادی سەد ساڵەی رۆژنامەگەری کوردی ژمارەیەکی تایبەتی (**برایەتی**)مان بە ٢٨لاپەڕە بۆ تەرخان کردبوو لەلاپەڕە ٧ی ژمارە (٢٥٧٠)لە ١٩٩٨/٤/٢٢ بابەتێکم بڵاوکردووەتەوە لەژێر ناوی "(**خەباتی قوتابیان**) و(**دیاری لاوان**)" دوو لاپەڕەی پرشنگداری مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی کە ئەو چەند دێڕەی خوارەوەم دەربارەی (**دیاری لاوان**) نووسیوەو وەکو خۆشی لێرەدا بڵاوی دەکەمەوە.

دیاری لاوان

پاشگەزبوونەوەی حکومەتی مەرکەزی لە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ وایکرد سەدان هەزار کەس لە ئاداری ١٩٧٤ ڕووبکەنە ناوچە ئازادکراوەکان و پەیوەندی بە شۆڕشەوە بکەن، هەریەك لە بواریکی تایبەت کاری خۆی ئەنجام دەدا. لە چوارچێوەی ئەو ئەمانەتە گشتییانەی کە هەر لە سەرەتای مانگی نیسانی هەمان ساڵدا، دامەزران کە یەکێك لەو ئەمانەتانە (**ئەمانەتی گشتیی راگەیاندن و ڕۆشنبیری و لاوان بوو**) کە پێك هاتبوو لە (٣) بەڕێوەبەرایەتی گشتیی: راگەیاندن، ڕۆشنبیری، لاوان و هەریەکێ لەو ئەمانەتانە خەڵکێکی زۆر کاریان تێدا دەکرد، لێرەدا ئەوەی پەیوەندی بە باسەکەمانەوە هەیە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی لاوانە کە لێرەدا نامانەوێ باس لە چۆنیەتی دامەزراندن و ئیشوکارەکانی بکەین بۆ بۆنەیەکی دیکەی هەڵدەگرین، لێرەدا مەبەست تەنیا لەو گۆڤارە بچووکە خنجلانەیە کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی لاوان دەری دەکرد.

* دیاری لاوان، گۆڤارێکی وەرزی گشتی بوو، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی لاوان بە زمانی کوردی بڵاوی دەکردەوە.

* بارەگای رۆژنامەکە لە شوێنی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی لاوان بوو لە دەربەندی رایات کە بە مولکایەتی دەگەڕایەوە بۆ خوالێخۆشبوو(**جەمال ئاغای کاکەیی**) لەسەر ئەو رێگا گشتییەی، گەڵاڵەو چۆمان بە حاجی ئۆمەران دەبەستێتەوە.

* سەرپەرشتکاری گۆڤارەکە (**نووسەری ئەم چەند دێڕەبوو و کاك دارۆ شێخ نوری**)ش یاریدەدەرو سەرپەرشتیار بوو.

* خوالێخۆشبوو ئەنوەر تۆفق و سۆران قەفتان و نوری ئیسماعیل بەشداربیان لە دەرچوونی گۆڤارەکە دەکرد.

*حەسەن خۆشناو بە تایپ رایتەر پیتەکانی دەچنی، پاشانیش برایانی بەڕێزم یوسف مەولود قەساب و جەمیلی مەحمود بەگ بە ئامێری رۆنیۆ رایان دەکێشا.

* تەنیا دوو ژمارە لە گۆڤاری دیاری لاوان بڵاوکرایەوە، ژمارەی یەکەمی لە مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٧٤بوو، بۆ ژمارەی دووەمیش لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٥ دەرچوو، بابەتەکانی ژمارەی سێیەمیش خەریکی تەوابوون بوو کاتێك پیلانە شوومەکەی ٦ی ئاداری جەزایری بەسەراهات.

* بابەتەکانی بریتی بوو لە بابەتی هەمەجۆری رۆشنبیری یان ئەوبابەتانەی، کە پەیوەندی بەلاوانەوە هەبوو، بەداخەوە هیچ یەکێك لەو دوو ژمارەیە لەبەردەست نییە، بۆیە ناتوانم بەدرێژی باس لە بابەتەکانی بکەم، بەڵام ئەوەی لە یادمە پاش دەرچوونی ژمارەی یەکەمی رەخنەیەکمان لەلایەن مەکتەبی سیاسی بۆ هات دەربارەی بابەتێك، کە لەگەڵ هەلومەرجی بارودۆخی ئەو سەردەمە رێك نەدەکەوت.

* نرخی گۆڤارەکە (١٠٠) فلسی لەسەر نووسرابوو ١٥٠ ژمارەشی لێ چاپ دەکرا، بەڵام هەمووی بەبێ پارە بەسەر دەزگاکان بڵاودەکرایەوە.

* تایتڵی گۆڤارەکە بەو شێوەیەی خوارەوە دەنووسرا (**دیاری لاوان– گۆڤارێکی وەرزی لاوانە**) بەڕێوەبەرایەتی گشتیی لاوان لە ئەمانەتی گشتیی راگەیاندن و رۆشنبیری و لاوان دەری دەکات، لە یەکێ لە ژمارەکانی (**صوت کوردستان**) کە بەڕێز د.کەمال مەزهەر ئەحمەد سەرپەرشتی دەرکردنی دەکرد، کە ئەو کاتە بەڕێزیان یاریدەدەری ئەمینداری گشتی ئەمانەی رۆشنبیر و لاوان بوو باس لەو چالاکیانە کراوە کە بەڕێوەبەرایەتییە

گشتییەکانی سەر بە راگەیاندن ئەنجامیان دەدا، یەکێك لەو هەواڵانەی تێیدا بڵاوکراوەتەوە بە چەند دێرێك باس لە (**دیاری لاوان**) دەکات.

پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول کە لە ئاکامی ئەو ڕێککەوتننامە خیانەتکارەی لەنێوان سەدام و شای گۆڕبەگۆڕ لە ١٩٧٥/٣/٦ لە جەزائیر مۆرکرا، بەندە تاکو ڕۆژی ١٩٧٥/٣/١٨ لە کوردستان سەرقاڵی گواستنەوەی هەندێ کەلوپەلی ئەمانەتی گشتی راگەیاندن بووم لەگەڵ کاك (**شێرزاد مەحمود حەسەن**) کە ئێستا ئەندامی مەکتەبی دارایییە، پاشانیش وەکو سەدان هەزار کەس بەرەو کوردستان گەڕاینەوەو منیش پاش ماوەیەك لە شاری (**کۆیە**) گیرسامەوەو لەنێوان ئەم سالانە تاکو ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ خەریکی ڕێکخستنی کتێبخانەیەکی دیکە بووم لەماڵەوە، چونکە پاش چەند مانگێك بە پەیوەندی کردنمان بە شۆڕش لە ئاداری سالّی ١٩٧٤ خێزانەکەشم لە ڕۆژی ١٩٧٤/٤/٣٠ لە بەغدا تەسفیرکراو سەراپای کەلوپەل و کتێبەکان و ئەوراق و وێنە و هەر هەمووی لەلایەن دائیرەی ئەمنەوە (**حجز**) کراو هەڕاج کرا، بەڵام جارێکی دیکە دەستم پێ کردەوە لەماوەی ئەو ١٦ ساڵە (١٩٧٥–١٩٩١) تەنیا یەك وشە چییە نەم نووسی و هەموو کاتەکانم بۆ خوێندنەوەو ڕێکخستنی باخ و پاشان گوێ گرتن لە هەردوو ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق و دەنگی گەلی کوردستان تەرخان کردبوو، ناوە ناوەش لە ڕێگای ئەم دۆست و هەڤاڵانە ئەدەبیاتی لایەنە سیاسییەکانم بەدەست دەگەیشت کە ئەم بەڕێزانە بوون:

١. لەکۆیە لەلایەن خوالێخۆشبووان عبدالرحمن رووتەو عەزیز مەحمود و بۆ خۆشەویستم کاك شێردڵ حەوێزی.

٢. لە سلێمانی لەلایەن برایانم هیوا جەلال حەمدی و جەلالی حەمەعەلی و شێرزادمەحمود حەسەن کە پاش مانگێکیش لە کۆچی دوایی بارزانیی نەمر هەر کاك شێرزاد (**کاسێتی ڕێوڕەسمی بەخاك سپاردنی بارزانی لە شنۆ**) دامێ کە لە ستریوکەی خۆی کە ناوی نابوو نەوروز دانەیەکی بۆ تۆمارکردبووم.

٣. هەندێ جار کە کاك عیزەتی سلێمان بەگ کە بە ڕێکەوت دەهاتە کۆیە یان لە هەولێر کە پێکەوە لە ماڵ برای ئازیزمان (**دڵشاد شێخ نەجیب**) کە ئێستا (**عەمید دڵشاد**)ە یەکترمان دەدیت ئەدەبیاتی پارتی دەدامێ کە دواییان کتێبەکەی کاك مسعود بارزانی بوو (**البارزاني والحركة التحررية الكوردية**)بوو کە بە ڕۆنیۆ چاپ کرابوو، ئەوەی ڕۆریش

ئەزیەت، دەدام (**ئێستگەی دەنگی کوردستانی عێراق**) بوو کە ماوەیەک بوو عەودالّی دیتنەوەی بووم تاکو شەوێك بە رێکەوت لەمالّی برای بەڕێز (مەجید ئاسنگەر) بۆ یەکەم جار لە شەوی/ /١٩٧٧ گوێمان بەو ئێستگە تێکۆشەرە شاد بووەوە لەپاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولەوە دابڕابوو ئەزییەتدانەکەش بریتی بوو لەو شەپۆلە (**تشویش**)ەی کە لەسەری بوو و بەهیچ شێوەیەك بواری نەدەدا گوێبیستی ببین، بەڵام هەرچۆنێك بوو لە هەر سێ پرۆگرامی کە بە هەردوو لەهجەی سۆرانی و کرمانجی و پاشانیش بە زوبانی عەرەبی شتێکی لێ حالّی دەبووین، بەڵام زۆرجار پاش بەسەرا رۆیشتنی یەك کاتژمێر گوێم لە هیچ نەدەبوو.

لەنێوانی کارکردنم لە (**التآخي و برایەتی**) (٩٧٢–٩٧٤)، چ وەکو رۆژنامەنووس یاخود چ وەکو نوێنەری (**التآخي**)، سێ سەفەری دەرەوەی عێراقم کرد کە بەڕاستی سوودێکی زۆری هەبوو و ناکرێ لێرەدا باسی نەکەم، چونکە لە هەر یەك لەو سێ سەفەرانەدا جۆرە ئەزموونێکی تێدابوو کە لە رووی زانیاری و کاری رۆژنامەگەریی تاکو ئێستاکەش کەم یا زۆر کاریگەریی سوودبەخش لەسەر ژیانی رۆژنامەگەریی و سیاسیمدا هەرماوە.

سەفەری یەکەمم، بۆ وڵاتی رۆمانیا سوشیالست، لە نێوان رۆژانی ١٧–٦تاکو ٩٧٣/٦/٣٠بوو لە سەربانگهێشتی رۆژنامەی(**سکانتایا**)ی زمانحالّی حزبی شیوعی رۆمانیا کە بە زوبانی کوردی مانای (**مەشخەڵ**) دەدات، ئەو سەردەمە رۆژانە یەك ملیۆن دانەی لێ چاپ دەکراو لە هەموو وڵاتی رۆمانیا بەیانیان بە فڕۆکە دابەش دەکرا و تەلاری رۆژنامەکەش لە ناوەڕاستی (**بوخارست**)ی پایتەختی رۆمانیا بوو کە بریتی بوو لە تەلارێکی حەوت نهۆمی هەموو رووکەشی بە بەردی مەرمەڕی سپی دروست کرابوو رۆژێك لە دوای گەیشتنم هەر لەو تەلارە لەلایەن سەرنووسەر و لێپرسراوی بەشی ئابووری و لێپرسراوی پەیوەندییەکانی دەرەوەو لێپرسراوی بەشی پرۆتۆکۆڵ زۆر بەڕێزەوە پێشوازی کرام، لەسەرەتادا بەندە بە درێژی باسی هەردوو رۆژنامەی التآخي و برایەتیم بۆ کردن و لە ژمارەی ١٣٩٣ رۆژی ١٩٧٣/٧/٢٥ وەکو دیمانەیەکی رۆژنامەنووسی کە بۆ خۆشەویستم کاك یۆنان هرمزی نووسەر و رۆژنامەنووس لەگەڵی کردم بە درێژی باس لە رۆژنامەی سکانتایا دەکەم کە (٢٣٠)کارمەند و (١٤٠) نووسەر و پەیامنێر کاریان تێدا دەکرد کە راژەی ئافرتان تێدا ٣٠٪ بوو پاش گەڕانەوەم بۆ بەغدا دوو وتارم دەربارەی ئەم گەشتە نووسی یەکەمیان لەژێر ناوی (**العلاقات الاخوية بين الشعبين الكردي والروماني**

تزدهر باستمرار) لەلاپەڕە دووی التآخي ژمارە ١٣٨٦ی رۆژی ١٧تەممووزی سالّی ١٩٧٣ بلاّوکراوەتەوەو لە بڕگەیەکدا هاتووە:

(ان الشعوب الصغيرة والمظلومة تجد بصعوبة بالغة اصدقاء حقيقيين لها بسبب تداخل المصالح في العلاقات الدولية لاسيما منذ بداية الستينات وتراجع حدة التوتر الدولي وسياسة الحرب الباردة ومع هذا نرى أن الشعب الروماني وحزبه الشيوعي قد ابدو تفهماً عميقاً للمسألة الكوردية في كردستان العراق وحركة شعبنا بقيادة البارزاني بأعتبارها اي الحركة التحررية للشعب الكردي جزء هام من حركة التحرر العالمي و..... وأن مثل هذا المواقف المشرفة ليست وليده الصدفة لدى الشعب الروماني الذي يزخر تأريخه المجيدة ببطولات كثيرة منذ اقدم العصور فهوالذي قاوم احتلال تراجان في القرن الثاني للميلاد كما قاوم غزو روما ضد أراضيه وحارب عمليات الاستيطان والاستعمار والصهر القومي ايام الامبراطورية الرومانية ودافع عن كرامته ضد غزوات الغوط والهون والسلاف والتتر كما قاوم الغزو التركي قبل اكثر من خمسة قرون .....)

وتاری دووەمیشم لەژێر ناوی **(مشاهدات وانطباعات عن التقدم الصناعي والسياحي بجمهورية رومانيا الاشتراكية)** لە لاپەڕە (٣)ی ژمارە ١٣٩٠ رۆژی ١٩٧٣/٧/٢٢ لە التآخي بلاّوکراوەتەوە کە لە دوا بڕگەدا نووسیومە:

(وفي الختام اود أن اعبر عن التقدير والاعتزاز لأصدقاء الرومانيين لما لقيته منهم من حفاوة وتكريم، املاً أن تزدهر الصداقة الرومانية الكردية).

یەکێ لە سیما گرنگەکانی ئەم گەشتە کە تێدا (١٢) رۆژنامەنووس، هەریەکەو لە ولاّتێکەوە بانگهێشت کرابوون، رێکخستنی چەند کۆڕێکی رۆژنامەنووسی بوو بۆ ئەم رۆژنامەنووسە میوانانە یەکەمیان لە **(یانەی رۆژنامەنووسان)** لەبوخارست دەربارەی **(گۆڕینەوەی زانیاری دەربارەی بارودۆخی کاری رۆژنامەنووس و کاریگەریی لەسەر ژیانی سیاسەتدا)** لە هەریەك لەو ولاّتانەی کەلّێی هاتبووین کە تێدا من چوارەمین رۆژنامەنووس بووم نیو کاتژمێرم بۆ تەرخان کرابوو تێیدا باسم لە بارودۆخی مێژوو و کاری رۆژنامەگەری کرد هەر لە دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی **(کوردستان)** لە ٢٢-٤-١٨٩٨ لە قاهیرەی پایتەختی ولاّتی میسر تاکو هاتمە سەر باسی هەردوو رۆژنامەی **(التآخي و برایەتی)** کە بووە مایەی سەرسوڕمان و رێزێکی زۆر، هەر بۆیەش کاتێ رۆژی ١٩٧٣/٦/٢٦ لە نێوان باخو رەزەکانی **(مورتفلار)** کۆڕێك ئامادە کرابوو بۆ ئەوەی

قوتابیانی (**پەیمانگای رۆژنامەگەریی**) گوێ بیستی (**ئەزموون و مێژووی ئەو رۆژنامانەی کە نوێنەرایەتییان دەکەین**) منیان بە یەکەم رۆژنامەنووس دانا لە دەستپێکردنی کۆرەکە و دیاربوو قسەکانم رۆژانی پێشووتر لە (**یانەی رۆژنامەنووسان**) کاریگەرییەتی خۆی دروست کردبوو، کۆڕی سێیەمیش لەناو ئەو (**پاپۆڕە**) رێکخرابوو کە لە بەندەری (**تولجا**)وە کەوتۆتە رۆژهەڵاتی (**زێ دانوب**)وە تێدا سەرەڕای هەر (١٢) رۆژنامەنووسی میوان چەندین سەرنووسەر و رۆژنامەنووس رۆمانیای ئامادەبوون و باسە سەرەکییەکەش دەربارەی (**گرنگی هاتووچۆی رۆژنامەنووسان لەنێوان وڵاتانی جیاجیادا**) بوو لە نێوان رۆژنامەنووسەکان (**ئەنتۆنی لادن**)ی لێپرسراوی بەشی دیراساتی سیاسی لە رۆژنامەی (**حزبی شیوعی کوبا**) پێشنیاری (**گەشتی بۆ کوردستان**) کرد، منیش لە وەڵامدا گوتم ئومێدەوارم بێنە کوردستان، بەڵام رێگا بۆ گەیشتنە کوردستان دەبێت لە بەغداوە بێن و بەداخەوە (**فیزا**)ی تایبەتمان بە (**کوردستان**) نییە و رێگایەکی دیکەش هەیە، ئەویش ئەو رێگا بە ترسەیە کە (**دانا ئادەم شمیت**) ساڵی ١٩٦٢پێی هاتە کوردستان، کاتێ لە قسەکانم بوومەوە جێگری سەرنووسەری (**سکانتایا**) هاتەلام و سوپاسی کردم و گوتی:

(**هیوادارم جارێکی دیکە گەشت بۆ رۆمانیا بکەی وەکو نوێنەری رۆژنامەی دەوڵەتی کوردستان**) (**دەربارەی ئەم گەشتە رۆژنامەنووسییە لە ژمارە ٣٨ گۆڤاری گوڵان العربی**) کە لە ١٩٩٧/٢/٢٥دەرچووە بابەتێکم لەژێر ناوی(**کوردستان کانت حاضرة معنا في رومانيا قبل ٢٤ عاماً !**) نووسیوە.

سەفەری دووەمم دەربارەی بەشداربوونی لاوانی کوردبوو لەچوارچێوەی شاندی عێراقی کە بریتی بوون لە لاوانی پارتی و شیوعی و بەعس بۆ (**بەرلین**)ی پایتەختی ئەڵمانیای دیموکراتی جاران، بۆ بەشداری لە فیستیڤاڵی دەیەمی قوتابیان و لاوانی جیهانی کە لە سەرەتادا من وەکو نوێنەری (**التآخي**)دەست نیشان کرام بۆ بەشداری لەم ڤیستیڤاڵە، بەڵام لەبەر ئەوەی برای بەڕێز كاك موحەمەدی مەلا کەریم ئاڕەزوویان وابوو ئەو نوێنەرایەتی التآخي بکات، بۆیە ناوی من خرایە سەر لیستی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان کە لە بنەڕەتدا مەبەست لە بەشداری کردن بوو لە فیستیفاڵەکە، بۆیە ئەرکی من لەم گەشتەدا زیاتر بەئاقارە پروپاگەندە سیاسییەکەدا دەڕۆیشت لەگەڵ برایانی ئەندامی شاندەکە کە زۆربەمان چ کورِ چ کچ، بەجلوبەرگی کوردییەوە کە ژمارەمان ٦٥ لاو بوون، سەرلەبەیانیان تا شەو درەنگانێك خەریکی خۆبە بەخەڵك ناسین و بەشداری

لقاء مع رئيس جمعية الطلبة الاكراد في

كۆڕ و کۆبوونەوەی بەشداربووانی شاندی میللەتانی جیهان و سازدانی هەڵپەڕکێی کوردی لە گۆڕەپانی (**ئەلکسندەر پالاس**) تاکە کاری رۆژنامەنووسی کە لەم گەشتە ئەنجامم دا دیمانەیەکی رۆژنامەنووسی لەگەڵ برای بەڕێز (**طارق ئاکرەیی**) بوو کە ئەو سەردەمە سەرۆکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بوو لە ئەورووپا و لەژمارە ١٤١٠ی التآخي رۆژی ١٩٧٣/٨/١٤لەژێر ناوی(**لقاء مع رئيس جمعية الطلبة الاكراد في اوربا**) بڵاوکراوەتەوە.

گەشتی سێیەم بۆ قاهیرەی پایتەختی وڵاتی میسر بوو لەگەڵ برای بەڕێز کاك عادل مۆراد کە ئەوکاتە سەرۆکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بوو بەمەبەستی گەیاندنی نامەیەکی تایبەتی (**بارزانی نەمر**) بۆ کۆنگرەی (**قمة عدم الانحياز**) کە رۆژی ١٩٧٣/٩/٥ لە جەزائیری پایتەختی وڵاتی (**الجزائر**) دەبەسترا ئێمە رۆژی ٩/٣/لە بەغداوە بەری کەوتین بۆ ئەوەی بتوانین رۆژی ٩/٤ لە قاهیرەوە سەفەر بۆ (الجزائر) بکەین، بەڵام بەداخەوە سەفارەتی جزائیر (**فیزا**) ی پێ نەبەخشین، ناچاربووین لە قاهیرە چەند رۆژێك بمێنینەوە بۆ ئەوەی سەردانی چەند نامەکەی (**بارزانی**) بۆ سەرۆکایەتی کۆنگرەکە، لێرەدا تەنیا تاکە سەفارەت ئەو داواکارییەی قەبوولکردین سەفارەتی وڵاتی یوغوسلاڤیا بوو کە خۆشبەختانە ئەوان سەرۆکی پێشووی هەمان کۆنگرەبوون کە چەند ساڵێك پێشووتر لە (**بەلگراد**)ی پایتەخت بەسترابوو، پاش بەکۆتاهاتنی ئەم ئەرکە

پەیوەندییەکی تەلەفۆنیم بە رۆژنامەنووسێکی دیاری وڵاتی میسرەوە(**صلاح حافظ**) کرد کە پێشووتر لەبەغدا سەردانی التآخي کردبوو، ئێوارەیەک لە چێشتخانەی (**حامورابی**) داوەتی نان خواردن لەلایەن کاکە داراوە کرا، تێدا بەندەش بە سێ قۆڵی ماوەی سێ سەعاتێکمان بە قسەو باسی سیاسەت و کاری رۆژنامەگەریی بەڕێکرد. بەداخەوە، لەم کاتەدا (**صلاح حافظ**) لە قاهیرە نەبوو، بەڵام لەجیاتی ئەو نووسەر و رۆژنامەنووس (**سعدالدين وهبة**) وەڵامی دامەوەو کاتێ کە خۆم پێناساند پێم گوت نامەیەکی سەرنووسەری (**التآخي**)م بۆ (**صلاح حافظ**) هێناوە یەکسەر بە خۆشحاڵییەوە داوەتی بۆ (**دار الاهرام**) کردین، ئاشکراشە کە رۆژنامەی (**الاهرام**) چ ناوبانگێکی گەورەی هەیە بەتایبەتی لەسەردەمی (**محمد حسنين هيكل**)دا تەلارێکی مۆدێرنی زێدە نایابی بۆ دروست کرد، ئەوەی لێرەدا جێگای مەبەستە دیتنی ئەنجامدانی کاری (**الاهرام**) بوو، کە لەڕاستیدا جێگای سەرسوڕمان بوو لە هەموو باریەکەوە. (**دەربارەی ئەم گەشتەش لە ژمارە ٤٠ی گوڵان العربی**) بابەتێکم نووسیوە لە ژێر ناوی (**قصة ايصال رسالة موجهة من البارزاني الخالد الى مؤتمر قمة دول عدم الانحياز المنعقد في الجزائر عام ١٩٧٣، وزيارة لمؤسسة الاهرام الصحفية وحديث عن مساهمة الكورد في الحضارة الاسلامية**) بڵاوکراوەتەوە.

رووداوێکی دیکەی گرنگ هەیە، بەپێویستی دەزانم لێرەدا باسی بکەم، رووداوەکەش دەربارەی کاری رۆژنامەنووسی دیپلۆماتکار و وەرگێڕ و نووسەر (**نجدت فتحي صفوت**) بوو، لە رۆژنامە التآخي کاتێ من دەست بەکاربووم مامۆستا (**نجدت**) دەمێک بوو لە (**التآخي**) کاری رۆژنامەنووسی دەکرد، ئاشکراشە کە مامۆستا (**نجدت**) لەسەردەمی رژێمی پادشایەتییەوە لەبواری دیپلۆماسیدا کاری کردووە بۆیە کاتێ کە باس دەکرا وەکو (**كۆنەپەرستێکی راستڕەو**) دەیاننیاساند، بەڵام لەلایەن سەرنووسەرەوە رێزێکی تایبەتی لێ دەگیرا، چونکە لەڕاستیدا مرۆڤێکی هێمن و لەسەرخۆبوو و کارە رۆژنامەنووسییەکەی زۆر بە رێکوپێکی ئەنجام دەدا.

رۆژێکیان کاک دارا پێی راگەیاندم کە ئەو لەسەر سەفەرە و چەند رۆژێک بەرەو کوردستان دەچێت ئەوەی لەسەر من پێویستە کە ئەنجامی بدەم سەرەڕای ئیشوکارەکانی خۆم وەکو کاک دارا پێی راگەیاندم: (**قسه لەگەڵ رۆژنامەنووس نجدت فتحي صفوت**) بکەم زۆر بەڕێزەوە پێی رابگەینم لەبەر چەند هۆیەک ناتوانین لە التآخي

بیهێڵینەوە و ئەو خۆی تێدەگات و (٣٠٠) دینـاریش وەکـو پاداشت بـۆ **سـەرف بکـە**).
لەڕاســـتیدا ئـــەم ئەرکـــەم زۆر لا گـــران بـــوو بەتایبـــەتی بـــۆ وەرگێـــڕ و رۆژنامەنووس و دیپلۆماتکارێکی وەکو مامۆستا (**نجـدت**) ئاشکراشـە کـە پاشـان مامۆسـتا (**نجدت**) چۆن لەلایەن بەعسییەکانەوە سوودی لێ وەرگیرا بۆ کاری نووسـین و وەرگێـڕان بەڕادەیەک ناردیانە (**لەندن**) بۆ ئەوەی لەوێ جێگیربێت و هەموو کاتی تـەرخان بکـات بـۆ نووسین و لێکۆڵینەوەو وەرگێڕان.

خوێندەواری ئـازیز: بەشـی یەکـەمی (**ئـەزموونی رۆژنامەگـەریم**) لێـرەدا تـەواو دەبـێ هیوادارم لە بەشی دووەمدا بەدرێژی و بە ئاشکرا و راشکاوانە باس لەو ئەزموونە بکەم کە لـە ١٩٩٣/١٠/٢٦ دەسـت پـێ دەکـات و لـە ٢٠٠٠/٢/٢٠ کۆتـایی پـێ دێـت و وەکـو سەرنووســـەری رۆژنامـــەی برایـــەتی، ســـەنتەری برایـــەتی، ئـــەدەب و هونـــەری برایەتی، وەرزشی برایەتی و برایەتی وەرزش سەرەڕای بەرپرسیاریەتی دەزگای برایـەتی و خەبات کارم کردووە.

کاتێ (**نیکۆلای شاوشیسکۆ**)ی سـکرتێری گشـتی کۆمیتـەی ناوەنـدی حزبـی شـیوعی رۆمانی و سەرۆکی ئەنجوومەنی دەوڵەتی رۆمانیا رۆژی ١٩٧٤/٢/١٩ سەردانی عێراقی کرد و رۆژی پاشـتر یـانی رۆژی ١٩٧٤/٢/٢٠ پێشـوازی لـە بـەرێز (**حـەبیب محەمـەد کـەریم**) سکرتێری گشتیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئەوسا کردو بەندەش وەکو رۆژنامەنووس لە (**التآخي**) ئامادەی دیدارەکە بووم لە (**کۆشکی بەغدا**) تاکو کۆتایی دیدارەکە، هەر خۆم هەواڵەکەم بۆ (**التآخي**) ئامادەکرد و وێنەیەکی یادگاریش گیرا، بەڵام من خۆم رازی

التآخي
البارزاني يدعو الى تجنب الإحتكاك والاصطدام مع الشيوعيين
بـرقـيـات «طـريـق الشـعـب» مخـتـلـقـة

نەبووم کاتێ رۆژی ٢١/٢/له ژمارە ١٥٦٧ التآخي کە هەواڵەکە بڵاوکرایەوە وێنەی منی لەگەڵدابێت بەبۆنەی راگرتنی برایەتی رۆژانە لەلایەن سەرکردایەتی رژێمەوە رۆژنامەی التآخي لە ژمارە ١٥٦٢ی رۆژی ١٩٧٤/٢/١٦ و لەلاپەرە (٣)دا بابەتێکی رۆژنامەنووسێکی کورد لەژێر ناوونیشانی (**برایەتی والمصیر**)ی بڵاوکردۆتەوە، نووسیوە: (**برایەتی**) توقفت عن الصدور...

قيل لي اكتب.. قلت لهم مهلاً فأن المشاغل تمنعني الأن وسأكون مع من يكتبون دوماً، فلم اكتب، ولم يسجل اسمي في سجل من أسهموا بشرف في شيء تأريخي رائد عمره ٢٦ يوماً.

عدت الى دليل الصحافة الكردية الذي طبع قبل عام بمساعدة وزارة الاعلام نفسها (**رابەری رۆژنامەگەری کوردی لەلایەن جەمال خەزنەدارەوە سالّی ١٩٧٣ ئامادەکراوەو چاپ کراوە– نووسەر**) بدأت اسجل اشاره عند نهاية كل صحيفة منذ (٧٥عاماً) الى منذ صدور الجريدة الكردية الاولى فكنت اسجل عن معظمها.

(**أغلقت من قبل السلطات**) احتجبت بسبب المنع... الخ، وهاهي (**برایەتی**) وهي الصحيفة الكردية الاولى التي رأت خلال مسيرة قوامها ثلاثة ارباع القرن على الصدور بصورة يومية منظمه... هاهي تحتجب كغيرها من الرايات الخفاقة في المسيرة، لم نكن نتمنى لها نهاية ... قد كان البعض يتوقعون نهاية لها أو تعثراً في المسيرة..

فقد كانت تجربة جديدة حبيبة على النفوس كل النفوس التي شعرت عبر التأريخ الطويل بمخاضات الصحافة الكردية ولحظاته الموحيه...

وساعات ازدهارها وأيام اضطهادها...

ترى هل نسجل ازدهار اخرى؟

(صحفي كردي)

بەشی دووەم

١٩٩٣/١٠/٢٦ - ١٩٩٤/١٢/٢٩

راپەڕینی بەهاری سالّی ١٩٩١، کە دەمێك بوو لە چاوەڕوانییدا بووین، هاوکات لەگەڵ رووداني لەنێوانی چەند رۆژێکدا تەختوبەختی رژێمی بەعسی جینایەتکاری تەفروتوونا کرد، ئەو سەردەمە بەندە دەمێك بوو لە کارگەی پوختەکردنی تووتن وەك فەرمانبەر دەرکرابووم، چونکە بەپێی نووسراوی نهێنی کارگەی جگەرەی هەولێر ژمارە٤٦٧٢/ذ.م/٦/٤/٤لە ١٩٨٦/١٢/٣و بەهۆی (**خۆدزینەوەم لە سوپا**) (**فصل**) کرابووم، ئەو ماوەیە تاوەکو رووداني راپەڕین ئەوەی بەردەستم دەکەوت لە رۆژنامە، **گۆڤار**، کتێب دەمخوێندەوە، زۆرجار بە مەبەستی بەسەرکردنەوەی برادەرە نزیکەکانم و گەڕان بەدوای کتێبی تازە لە کتێبخانەکان، سەفەری هەولێر و سلێمانیم دەکرد، بە حوکمی ئەوەش مالّی خەزورم لە بەغدا بوو، ناوە ناوەش لەگەڵ خێزانەکەم سەردانی ئەوێشمان دەکرد، هەرجاریش لەگەڵ گەیشتنم بۆ بەغدا هەمیشە دوو شتم لە پێشەوەی سەفەرەکەم دادەنا:

یەکەمیان: سەردانی براو دۆستە ئازیزەکانم (**شەهید دارا تۆفیق، شەهید مەلا جەمیلی رۆژبەیانی، د. کەمال مەزهەر، خەسرەو تۆفیق**) بوو.

دووەمیشیان: رۆژێکم بۆ گەڕان تەرخان دەکرد، بەپێ لە (**ساحة الطیران– ساحة النصر– السعدون– شارع الرشید– شارع المتنبی تاوەکو الحیدرخانه**) دەچووم و سەرم بە هەموو کتێبخانەکاندا دەکرد، هەتا جارێکیان لەسەر بەدوا گەڕان بە شوێن دوو کتێبدا خەریك بوو لەو کتێبخانەی کە لەسەری شەقامە لاوەکییەکەی نێوان (**ساحة الطیران– شەقامی السعدون**)ە کە دەکەوێتە بەرامبەر (**کنیسة الأرمن**) خەریك بوو تووشی گرفتێك بم، ئەویش بە هۆی ئەوەی لە هەواڵی دوو کتێبم پرسی، کتێبەکانیش یەکەمیان ناوی (**السید الرئیس**) و دووەمیشیان (١٩٨٤)ی جۆرج ئۆریل بوو، کە هەردووکیان دوو رۆمانی یەکجار سەرنج راکێش بوون، بەتایبەتی یەکەمیان کە باسی سیستەمێکی زێدە فاشی و دیکتاتۆری دەکات.

کابرایەکی سمێڵ زل کە لای خاوەنی کتێبخانەکە دانیشتبوو پرسی بۆ بەدوای ئەو دوو کتێبەدا دەگەڕێی؟، منیش پێشووتر دەمزانی ئەو دوو کتێبە (**ماهیەتیان**) چییە؟ لەوەڵامدا گوتم: لە پاشکۆی ئەدەبی یەکێ لە رۆژنامەکانی بەغدا زۆر بە باشی لەسەریان

نووسراوه، بۆیه سەرنجیان راکێشاوم و بەدوایاندا دەگەڕێم، بەڵام کابرا بەم وەڵامەم وازی نەهێنا و داوای (**هەوییە**)ی لێکردم، منیش دەفتەری نفوسەکەم پێداو پاش سەیرکردنی کابرا، لەبەر خۆیەوەو لەژێر سمێڵییەوە، گوتی: (**هم كوردي هم يدور على الكتب العجيبة**)، بەڵام خاوەن کتێبخانەکە، کە پاشان بۆم بەدیارکەوت پیاوێکی باش و پاک بوو، هاتە وەڵام و گوتی: (**تره أبو شيماء الاكراد هوايه يدورون على الكتب والمجلات وبينهم ناس أمثال الاستاذ مسعود محمد يعتبر من المثقفين العراق الكبار**)، ئینجا رووی لە من کرد و وێستی بەڕێم بکات و گوتی (**أخوي متأسف والله كان عندي هسة خلصان، لقبل يومين چان باقی عندی چم عدد**).

پێش ڕاپەڕینیش ڕۆژانە لەو کتێبخانەیەی کۆیە، کە کاک (**نەوزادی وەستا کەریم**) خاوەنییەتی دەکرد، بەشداریم لە چەند ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە و هەفتانەی کوردی و عەرەبی هەبوو، دەشیزانی من بەدوای چ کتێب و چ گۆڤار و ڕۆژنامەیەکدا دەگەڕێم، بۆیە کاتێک کتێبەکەی (**د.فاضل البراك**)، (**البارزاني بين الاسطورة والحقيقة**) بۆهاتبوو، نیوەڕۆکەی یەکسەر تەلەفۆنی بۆ کردم کەوا کتێبێکی بەم ناوونیشانە بۆ هاتووە، منیش هەر لەهەمان کات دلێری برام ڕاسپارد کە هەر ئەو دەمە دانەیەکم بۆ بکڕێ و بۆم بهێنێتە ماڵەوە، کاتێ کتێبەکەم کەوتە بەردەست ئەو ڕۆژە تاکو ئێوارەیەکی درەنگ بە خوێندنەوەی خەریك بووم و تا تەواوم نەکرد، وازم لێ نەهێنا

ڕاستە من هەر لەپاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول و گەڕانەوەم بۆ کۆیە و تاکو ڕاپەڕین، هیچ بابەتێکم نەنووسیوەو سەردانی هیچ دەزگایەکی ڕۆشنبیری یاخود ڕۆژنامەنووسییم نەکردووە، بەڵام دیسان لەگەڵ ڕۆژنامەو گۆڤار و خوێندنەوەی کتێب دەژیام و هەمیشە بە فەخرەوەش باسی کارکردنم لە ڕۆژنامەی (**التآخي**) و (**برايەتی**) دەکرد، هەتا جارێکیان هاوینی ساڵی ١٩٨٠ بوو، کە لە دائیرەی پوختەکردنی تووتندا فەرمانبەر بووم، باسی ڕووداوێکی ساڵی ١٩٧٣ی (**شەڕە ڕۆژنامەنووسییەکەی نێوان التآخي والثورة**)م بۆ هەندێ لەو فەرمانبەر و کرێکارانەی کارگەکە دەکرد، کە هەر هەموویان کوڕی باش و نیشتمانپەروەر و کوردپەروەر بوون، لەنێو قسەکاندا برادەرێکمان کاك (**حەسەنی کوێخا ڕەحیم**) هەڵی دایەو گوتی: (**انشاءالله ڕۆژێك دادێ دەبیتە سەرنووسەری التآخي و**

برایەتی) هەر ئەوسا منیش لە وەڵامدا گوتم: (**هەمیشە گەشبینم**)، بۆیە (١٣) ساڵ دوای ئەم رۆژە کاتێ لە رۆژی ١٩٩٣/١٠/٢٠دا بروسکەیەکی (**شەهید سامی عبدالرحمن**)م پێگەیشت لەهەمان رۆژیشدا لە ماڵەکەی خۆی یەکترمان دیت، کە ئەوسا لە (**خانووەکانی پەرلەمانی ئێستا**) بوو، گوتی: هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی تۆیان دەستنیشان کردووە بچیتە شوێنەکەی کاك (**حەبیب محەمەد کەریم**)، چونکە ئەو دەچێتە (**هیئة المراقبة والتفتیش المرکزي**)، کە پێشتر کۆنگرەی یازدەی پارتی بڕیاری لەسەر پێکهاتە و دروست کردنی داوە، ئەوسا یەکسەر قسەکەی (**کاکە حەسەنی کوێخا رەحیم**) بیرکەوتەوە.

لەپاش گەیشتنی ئەو بروسکەیە، کە بەهۆی لیژنەی ناوچەی کۆیەی (**پ.د.ك**)ەوە پێم گەیشتبوو، سەر لە ئێوارەکەی رۆژی ١٩٩٣/١٠/٢٠ لەگەڵ بڕای بەڕێزم (**عەبدولمەوجود تەها**) سەردانی ماڵی کاك (**سامی**)م کرد، نێوانی ئەو سێیانەمان، واتە (**کاك سامی و عەبدولمەوجود و من**) دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٦٧، ئەوسا لەگەڵ عەبدولمەوجود پێکەوە لە کۆلێژی ئابووی و زانستە سیاسییەکانی لە زانکۆی بەغدا قوتابی بووین، لەگەڵ کاك سامیش دەگەڕێتەوە پێش چەند مانگێك بەر لە ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠، کاتێ لەنێوان وەفدی سەرکردایەتی پارتی و شۆڕشی ئەیلوول، بە مەبەستی وتووێژکردن لەگەڵ سەرکردایەتی حکومەت و حزبی بەعس، هاتبوونە بەغداو لە کۆشکی سپی (**القصر الابیض**) دابەزیبوون، چوار ساڵی پاشتریش هەر ئەو رۆڵی لێپرسراویەتی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی دەبینی و منیش ئەو کاتە سکرتێری گشتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووم. پاش ساڵی ١٩٧٢–١٩٧٤یش، بە حوکمی گواستنەوەم بۆ (**التآخي و برایەتی**)، ئەوا ڕۆژانە لەگەڵ کاك سامی یەکترمان دەدیت. ساڵی ١٩٧٤–١٩٧٥یش تاکو نسکۆی شۆڕش، ئەوا دیسان زۆری لێ نزیك بووم، پاشانیش بەهۆی ئەو رۆڵەی من و کاك عەبدولمەوجود لەگەڵ کاك سامی بەمەبەستی هاتنەوەی بۆ ناو پارتی کە بە فیعلی ئەوکاتە شەخسی یەکەمی پارتی گەل بوو، پاشانیش هەمان دەوری دەدیت کاتێ لەگەڵ هەردوو حزبی (**سوشیالیست و پاسۆك**) یەکیان گرت و پاشانیش لە کۆنگرەی یازدەمی پارتی (**کۆنگرەی یەککرتن**) بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و پاشانیش مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرا. بەندە لە سەرەتادا هاتووچۆی نێوانی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی

کوردستان و کاك سامی عەبدولڕەحمانم دەکرد تاکو کار گەیشتە ئەوەی (**بەستەڵەکی نێوان هەردوولا**) توایەوە، ئینجا ڕۆڵی من تەواو بوو، بۆیە کاتێ ئێوارەی ١٩٩٣/١٠/٢٠ کاك سامی پێشوازی کردم گوتی: (**اهلا بصديقنا الوفي وبالصديق الوفي لـ-كاكه دارا توفيق و بالعضو البارتی المخضرم، گەلەك بەخێرهاتی**)، کاك سامی زۆر بە گەرمییەوە خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەرامبەر ئەو کارە تازەیەی کە پارتی بۆی دەستنیشان کردبووم، بەتایبەتی کە ئەویش، واتە کاك سامی، لێپرسراویەتی مەکتەبی ناوەندی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پێ ڕاسپێردرابوو، هەر لەوێ پێی ڕاگەیاندم پێویستە سەردانی کاك حەبیب بکەم (**لە برایەتی و خەبات**) تاکو لەماوەی چەند ڕۆژێکدا پۆست و ئەرکەکە وەرگرم.

لەڕاستیشدا هەر لەگەڵ سەرکەوتنی ڕاپەڕین، دەمێك بوو پارتی لە بیری ئەوەدابوو ئەرکێك بخاتە سەرشانم و لێپرسراویەتییەکم بخاتە ئەستۆ، بەڵام من تاکو ١٩٩٣/٧/٢٠ ڕۆژی کۆچ کردنی (**عەونی**) باوکم، پاشان بەهۆی ئەو ئیلتیزاماتە خێزانییەی کەوتبووە ئەستۆم، نەمتوانیبوو کۆیە بەجێبهێڵم، بەتایبەتی کە باوکی منیش، وەکو هەر باوکێکی دیکەی جگەرسۆز بەتایبەتی لە دواڕۆژەکانی ژیانی پێویستی بە خزمەت کردن هەبوو، من هەمیشە، تاکو دواساتی ژیان، خۆم بە قەرزاری ئەو دەزانم، چونکە سەرەڕای ئەوەی هەر بە هەوڵ و کۆششی خۆی فێری خوێندەواری بووبوو، سەرەڕای لێپرسراویەتی ئەرکی خێزانێکی گەورە وەکو باوك لەگەڵ ئێمەشدا زۆر ماندوو بووبوو، ئەوجا هەر لە پاش مردنی باوکی لەسەرەتای لاوێتییەوە خەریکی دانانی شیعری کوردایەتی و دڵداری بوو لەبواری یەکەمدا ئەم شیعرە بەناوبانگەی لەساڵی ١٩٣٩ گوتووە:

ئەسلحەی جەنگی دەبەستم پاسی کوردستان دەکەم

قەتلوعامی تورکەکان[1] و غارەتی ئیران[2] دەکەم

یاخود لە شیعرەکەی (**شین بۆ پێشەوا**)ی لە ساڵی ١٩٤٧دا دەڵێ:

---

(١) مەبەستی فەرمانڕەوایەتی دەوڵەتی تورکە کە بە ئاگروئاسن لەگەڵ کورد هەڵسوکەوتیان کردووە.

(٢) مەبەست لە (غارەتی ئێران) غارەتە بۆسەر فەرمانڕەوایەتی ڕەزا شای ئێرانە.

لـــه ســـی مـــارتی چـــل و حـــەوتا
لەچـــەپ گـــەردی چـــەرخی چـــەوتا
لـــه مـــەهاباد لـــه چوارچـــرا
داری بـــــێ دادی هـــــەڵکرا
ئـــەو دارەی پـــێش نیـــوە شـــەوا
وەســـتا لـــەژێریا پێشـــەوا
گـــوتی: ئێســـتا دەڵـــێم کـــوردم
لـــه ڕێـــی ئـــازادی کـــورد مـــردم

هەروا شیعرە بەناوبانگەکەی (**جیهانم پشکنیوە**) کە هونەرمەندی گەورە (**تایەر تۆفیق**) لە کۆتایی چلەکاندا بە دەنگە بەجۆشەکەی چڕیویەتی لەگەڵ شیعرە حەماسییەکەی کە بەناوی:

نەسرین ئەمڕۆ نەورۆزە، لێت بێ جەژنە پیرۆزە
لە کوردستانی گەورە، جەژنی گشت تیرو هۆزە

لەگەڵ ئەوانەشدا هەر لە ساڵی (**١٩٤٦**)وە تاکو رووخانی رژێمی پاشایەتی ناوە ناوە ساڵی جارێ یان دووجار لەگەڵ مامی خوالێخۆشبووم (**عومەر حەبیب**) دەبوونە میوانی حەپسخانەکانی (**قشلەی کۆیە، هەولێر، کەرکووك**)، بەڵام لە زەمانی کۆماریدا، **هەر لە ساڵی ١٩٦٠ەوە تاکو ساڵی ١٩٦٧**، بۆ چەندین جار، کە لەنێوانیاندا هەبوو پتر لە ساڵێ، دەبووە میوانی حەپسخانەکانی (**بغداد– فضیلیة، کوت، نوگرە سەلمان**)، بۆیە بەهیچ شێوەیەك بیرم لەوە نەدەکردەوە ئەرکێك بخەمە سەرشانم و باوکم لە کۆیە جێ بهێڵم، بەتایبەتیش دەمزانی چەند خۆشی و فەرامۆشی بە من دەهات.

لە ڕۆژی ١٩٩٣/٢/٢٠، کاتێ لە قەبرستانی عارەبیانی کۆیە لە ناشتنی تەرمی باوکم دەگەڕاینەوەو بەرەو ماڵ دەبووینەوە، هەر لە ڕێگا کارمەندی بێتەلی ناوچەی کۆیەی پارتی بروسکەیەکی دایە دەستم، کە تێدا دەڵێ:

لە/ ن.ب

بۆ/ فەرهاد عەونی

تکایە بەپەلە سەردانی م.س بکە

منیش هەر لەم رۆژە وەڵامی بروسکەکەم دایەوەو بە برای بەڕێزم (**نێچیرڤان بارزانی**): (**بەداخەوە ئێستاکە بەهۆی کۆچی دوایی باوکم ناتوانم سەردانتان بکەم.**)، لە رۆژی دووەمی پرسەکە شەهیدی نەمرو بۆ ئەمەک و وەفادارم کاکە (**فەرەنسۆ هەریری**) لە پرسەکەدا ئامادەبوو، پێش رۆیشتنی جیای کردمەوەو گوتی (**کاک نێچیرڤان سڵاوورێزی هەیەو سەرەخۆشیت لێ دەکات و بروسکەی بەم بۆنە دڵتەنگە بۆ ناردووی، بەڵام مەسەلەیەك هەیە دوێنێ رۆژی ٧/٢٠ کاک نێچیرڤان بروسکەیەکی بۆ کردبووی مەبەستیش ئەوەیە کە ئەمڕۆ منی راسپاردووە کەوا راتان وەربگرم دەربارەی ئەوەی ئایا رازیت پۆستی بریکاری وەزارەتی رۆشنبیری وەربگریت**).

منیش لە وەڵامدا گوتم: سوپاسی ئەو هەڵوێستەیان دەکەم و انشاء الله پاش دە رۆژێکی دیکە سەردانیان دەکەم و رای خۆمی پێ دەڵێم، بەڵام حاڵی حازر ناتوانم رای تەواو بدەم، پاش ماوەیەك کە سەردانی (**کاك نێچیرڤان بارزانی**)م کرد، پێی راگەیاندم کاتێ لەگەڵ برادەرانی م.س باسی ئەو پۆستەیان کردووە، یەکێك لە ئەندامانی م.س رای وابووە، گوایە (**من ناتوانم لەگەڵ فلان لەم پۆستەدا کار بکەم**)، چونکە وەکو ئەو برادەرە گوتبووی: (**من مرۆڤێکی هێمن و ناسکم**)، یانی لێرەدا زەحمەتە بتوانێ لەم کارەدا بەم شێوەی (**فیفتی فیفتی**) سەرکەوێ، بۆیە ئەوسا پێشنیاری ئەوەیان بۆ کردم کەوا خەریکی دانانی یاسای (**رئاسة دیوان الرقابة المالیة**)ن و ئەم پۆستە بەر پارتی دەکەوێ منیشیان بۆ دەستنیشان کردووە.

خوێنەری خۆشەویست..

لەوانەیە هەندێکتان لاتان باش بێت، کە من ئەم پێشەکییەی بەشی دووەم بۆ بابەتەکەم (**ئەزموونی رۆژنامەگەریم**) نووسیوە، چونکە وەکو پێشەکی چوونە ناو بابەتەکە پێویستی بە هەندێ بارودۆخی بابەتە سەرەکییەکەوە هەیە، بۆ ئەوەی خوێنەر

ئاگاداری هەندێ لەم رووداوانە هەبێت، کە چوار دەورو کاریگەریی لەسەر نووسەری بابەتەکە هەبووە. هەندێکیشتان بە زێدەڕۆیی و چوونە دەرەوەی بابەتە سەرەکییەکەی دەزانن و وای لێکبدەنەوە کەوا ئەم جۆرە پێشەکیانە جۆرێکە لە بە شانوباڵ هەڵدان و خۆدەرخستن، کە نابێت نووسەر بچێتە ناوی و باسی لێوە بکات.

بەهەرحاڵ من بە چوونە دەرەوەی بابەتەکەی نازانم و واش هەست دەکەم بوونی پێویستە، بەڵام دەمەوێ خوێنەرانی ئازیز لەوە دڵنیا بکەم ئەوەی نووسیومەو ئەوەی دەی نووسم مەبەست لێی خۆهەڵکێشان نییە و ناشمەوێ لێرەدا خۆم تاریف بکەم، چونکە وەکو (**نیکیتا خرۆشۆف**)ی سەرۆك و سکرتێری پێشووی سااڵنی شەستەکانی چەرخی پێشوو لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو و لە کتێبی (**الوصیة الاخیرة**)دا، لە وەڵامی رۆژنامەنووسێکی ئەمریکیدا، کە لە مۆسکۆ دیداری لەگەڵ کردووە، گوتویەتی **(من پێویستم بە شوهرەت نییە، چونکە من لەسەرەتای چوونە بازارنیم، بەڵکو لە بازار دەگەڕێمەوە)**.

ئێوارەی رۆژی ۱۹۹۳/۱۰/۲۰ لەگەڵ کاك سامی لەسەر تەواوی راپەڕاندن و جێبەجێ کردنی ئەرکەکان قسەمان کرد، ئەو وای بە باش زانی پاش چەند رۆژێك، یەکەم کۆبوونەوەی (**مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن**) بە ئامادەبوونی بەندە بکەین.

رۆژی شەممە رێکەوتی ۱۹۹۳/۱۰/۲۳ سەردانی مامۆستا (**حەبیب محەمەد کەریم**)م کرد، کە ئەوکاتە سەرنووسەری برایەتی و لێپرسراوی دارایی و ئیداری هەردوو رۆژنامەکەی برایەتی و خەبات (**النضال**) بوو، کە ئەوەی دواییان هەفتانە بە زوبانی عەرەبی دەردەچوو، پاش بەخێرهێنانێکی گەرم، کاك حەبیب داوای لێ کردم بەزووترین کات ئەو بەرپرسیاریەتییە وەرگرم، کە ئەو چ وەکو سەرنووسەر چ وەکو لێپرسراوی دارایی و ئیدارەی هەردوو رۆژنامەکە پێشتر لە ئەستۆی بوو، منیش بە مەرجی ئەوە رەزامەندیم نیشاندا یارمەتیم بداو دوو–سێ رۆژ بەجێم نەهێڵێ تاکو بە تەواوی کۆنترۆڵی ئیشوکارەکان دەکەم.

دەسپێکی ئیشوکارەکان لەسەرەتادا بەم رێچکەی خوارەوەدا دەچوو:

یەکەم: ناسینی ئەو رۆژنامەنووس و کارمەندانەی کە لە هەردوو رۆژنامەکە، کاریان دەکرد

لەوانەی بە بیرم ماون:

١. زاهیر رۆژبەیانی/ جێگری سەرنووسەری رۆژنامەی برایەتی.

٢. سەعید یەحیا/ سکرتێری نووسینی خەبات.

٣. ئەسعەد عەدۆ/ بەڕێوەبەری نووسینی برایەتی.

٤. سەرۆ قادر، ئاسۆ کەریم، شەمال حەوێزی، زادوق ئادەم، کە هەریەکەیان لێپرسراوی لاپەڕەو ئەندامی دەستەی نووسەران بوون، لەگەڵ ئەو برا رۆژنامەنووسانەی خوارەوەش: عەبدولڕەحمان کاکل، شێرزاد عەبدولڕەحمان، حەیدەر عەبدولڕەحمان، یاوەر نامق سالم، سدیق گچکە، محەمەد زادە، خالد سلێمان، شکار عەفان، مەسعود پەرێشان، خوالێخۆشبوو محەمەدی مەلا ئەسعەد، بۆتان جەلال، محێدین قادر، فەیسەڵ دێهاتی، محەمەد خدر مەولود، عەزیز هەریری، محەمەد حەسەن رۆژبەیانی و چەندانی دیکە کە بەهۆی نەمانی ئەرشیف و کەلوپەلی مالّم لە کاتی هەڵگیرسانی شەڕی نەگریسی ناوەخۆدا لە هەولێر زۆربەی یادەوەری رۆژانەو ناو و وێنەی لەگەڵدا بوو کە بەداخەوە هیچی نەما و تالآن کرا.

دووەم: بەسەرکردنەوەی سیستەمی ئیشوکاری رۆژانە و لێپرسراوی لاپەڕەکان و چۆنیەتی مامەڵەکردنی سەرنووسەر لەگەڵ ئەو رۆژنامەنووس و ئەو بابەتانەی کە ئامادە دەکرێت.

سێیەم: پەیامنێرەکانی رۆژنامە، چ ئەوانەی لە هەولێر و دەوروپشتن یاخود ئەوانەی کە لەشارەکانی دیکەی کوردستان کار دەکەن، هەروەها باسی شێوازی ناردنی بابەت و هەواڵ، بۆیە هەر ئەو رۆژە لەگەڵ کاك حەبیب بڕیارماندا رۆژی ٩٣/١٠/٢٦ کۆبوونەوەیەکی گشتی لەگەڵ هەموو پەیامنێری شارەکانی کوردستان ئەنجام بدەین، بەتایبەتی کە من دەمزانی پەیامنێر چ رۆڵێك لە دەوڵەمەندکردنی رۆژنامە دەبینێ.

چوارەم: جۆری مامەڵەکردنی ئیداری و دارایی و سەرمایەی مانگانەی رۆژنامەکان (**بودجە**) و سیستەمی سەرف کردن و مامەڵە کردن لەگەڵیاندا لەگەڵ موچەو دەرمالّەی هەریەك لەو رۆژنامەنووسانەی کە لە هەردوو رۆژنامەکە کاریان دەکرد.

پێنجەم: جۆری پەیوەندی چ لەگەڵ مەکتەبی سەرۆك بارزانی و چ لەگەڵ مەکتەبی

سیاسی و چ لەگەڵ مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن.

شەشەم: پرسیار دەربارەی وەکو مامۆستا حەبیب محەمەد کەریم گوتی (**مامسموح به وماهي الممنوعات**).

حەوتەم: سیاسەتی گشتی رۆژنامەکە دەربارەی:

- هێزە سیاسییەکانی کوردستان.
- حکومەتی دووبەش، واتە فیفتی فیفتی.
- حکومەتی مەرکەزی بەغدا و صدام حسێن.
- هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراق.
- وڵاتانی دراوسێ، بەتایبەتی، ئێران و تورکیاو سوریا.
- پەکەکەو دیاردەی بوونی لە کوردستانی باشوور.

هەشتەم: ئامێری بێ تەل (**جهاز اللاسلكي**) و شیفرە نهێنییەکەی کە لە رێگای ئەو ئامێرە هەواڵ و دەنگوباسی لق و ناوچەکانی کوردستان، سەرەڕای پەیوەندی لەگەڵ م.س و مەکتەبی سەرۆک، کاری پێ دەکرا و رۆژانەش بە خشتە ژمارەی نهێنی بۆ دادەندرا.

رۆژانی ٢٣ر٢٤ و نیوەی یەکەمی رۆژی ١٩٩٣/١٠/٢٥ بە هاوکاری مامۆستا حەبیب و کاك ئەسعەد عەدۆ، توانیم جلّەوی ئیشوکارەکان بخەمە دەست، کە لە راستیدا کارێك بوو بە هەموو ئارەزوویەکەوە حەزم لێ دەکرد، پاش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێکەوتی ١٩٩٣/١٠/٢٥ بە ئامادەبوونی جێگری سەرنووسەر و بەڕێوەبەری نووسین و لێپرسراوی لاپەڕەکان، یەکەمین کۆبوونەوەی دەستەی نووسەران کرا و جەخت لە سەر چەند خاڵێکی گرنگ کرا، کە بریتی بوون لە:

یەکەم: (**برایەتی**) سەرەڕای ئەوەی کە رۆژنامەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستانەو یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەی کوردییە لە مێژوو، بۆیە پێویستە بە گوڕ و تینێکی تایبەتی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، لەبارودۆخێکدا کە رۆژنامە بەشێکە لەو پرۆژە شارستانییەی خەریکە سەرەتای لە کوردستان دەست پێ دەکات و پاش چەندین ساڵی تێکۆشان و خەباتی چەکداری کە بوار نەڕەخسابوو تاکو گەلی ئێمەش بتوانێ شێوازی تێکۆشانی خۆی بگۆڕێ.

دووەم: بەتین کردنی گیانی برایەتی و دروست کردن و هەست کردن بەگیانی یەك خێزانی و ئیش کردن بەو ئاقارەی کە پەیوەندی نێوان رۆژنامەنووسان و کارمەندان دەبێت بە تەواوی گیانی یەك (**تیمی فوتبولّی**) تێدابێت، چونکە هەریەکێکمان تەواوکەری ئەوانی دیکەین.

سێیەم: دروست کردنی هاوکێشەیەك، کە لە ئاکامدا توندرۆ، میانرۆ پێکەوە بتوانن خزمەتی سیاسەتی گشتی رۆژنامەکە بکەن.

چوارەم: گرنگیدان بەگیانی تەبایی و خۆ دوورگرتن لە نانەوەی تەنگژە لە ژێر رۆشنایی ئەو سیاسەتەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان پیادەی دەکرد.

پێنجەم: پێداچوونەوە بە ئاستی مووچەی رۆژنامەنووس و کارمەندانی هەردوو رۆژنامەکە.

شەشەم: خۆ دوورخستنەوە لە لێپرسراویەتی دارایی و کۆپینی پێداویستییەکانی چاپکردنی رۆژنامە بەتایبەتی کاغەزی رۆژنامە، چونکە مامەڵە بە پارەیەکی زۆر دەکرا، بۆیە هەر زوو لە دانشتنێکدا لەگەڵ سەرۆك بارزانی ئەم مەسەلەیەم باس کرد و ئەویش مەسەلەکەی خستە ئەستۆی شەهید شەوکەت شێخ یەزدین، کە لە سەرەتادا بەواسیتەی کاك عەبدوڵڵا ئاکرەیی کە لە پەیوەندییەکانی پارتی لە ئێران لێپرسراویەتی هەبوو کاغەزی رۆڵ دابین دەکرا و پاشانیش کە هەست کرا لە رێگای ئێرانەوە هەندێ جار دوا دەکەوێ، راستەوخۆ مەکتەبی ناوەندی دارایی کاك (**خالد خۆشناو**)ی راسپارد کە سالّانە یاخود هەرجارە بۆ دووسالّ کاغەزی رۆڵ دابین دەکراو لە کۆگاکانی دهۆك دادەندراو هەرسێ مانگ جارێك بەوەجبە بۆمان دەهاتە چاپخانەی پەروەردە، چونکە رۆژنامەکە تاکو ئێستاشی لەگەڵدابێت، هەر لەم چاپخانەیە چاپ دەکرێت.

حەوتەم: پەیوەندی راستەوخۆ لەگەڵ رۆژنامەنووس و نووسەران و پەیامنێران، نەك لە رێگای دەستەی نووسەران یاخود لێپرسراوانی لاپەڕەکان، چونکە پەیوەندی راستەوخۆ لەگەڵ سەرجەم نووسەران و رۆژنامەنووسان و کارمەندانی ئیدارە گرۆتینێکی زیاتر بە ئیشوکارەکان دەدات و دەبێتە مایەی هەست کردنی زیاتر بە لێپرسراویەتی، ئەمانە و چەند شتی دیکە بوونە مایەی پێکهێنانی خێزانێکی تەبا، کە بە گیانێکی لێکحالّیبوونەوە

مامەڵە لەگەڵ یەکتری دەکرا، رۆژنامەنووسان و کارمەندانی دەزگاش، بە (مام حەسەن)ی خزمەتگوزارەوە، تاکو ئێستاکەش ئەوە دووپات دەکەنەوە کە ئەو سەردەمە سەردەمی زێڕینی دەزگاکە بوو.

لە یەکەم رۆژەوە هەستم دەکرد کە ئەو شوێنەی بارەگای **(برایەتی و خەبات)**ی لێیە، کە لە باڵەخانەیەکی چەند شوقەیی پێکهاتبوو و ژێرەوەش چەند دوکانێکی ئارایشگاو چێشتخانە بوو، بۆ بارەگای رۆژنامە چەند نالەبارە، بۆیە دیسان ئەو مەسەلەیەم لەگەڵ سەرۆک بارزانی باس کرد و پێشنیارم بۆی کرد داوا لە کاك سامی بکات بارەگاکەی خۆیان کە پێشووتر بارەگای پارتی گەل و **(بارەگای ئێستاکەی برایەتی و خەبات)** بدەن بە ئێمە، چونکە ئەو شوێنە پێشتر بە مولکایەتی هی **(وەزارەتی ئاودێری)** بوو، پاشان ببووە بارەگای رێکخراوی زانکۆی حزبی بەعس. ئەوەبوو پێشنیارەکە قەبوڵ کرا، پاش دوو–سێ مانگ و رێکخستنی گوێزامانەوە بۆ ئەو شوێنە کە تاکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت هەر لەم شوێنەن، پاشانیش مامەڵەی تاپۆکردنیم کرد و ئەویش جێبەجێ بوو.

لێرەدا دەمەوێ ئیشارەت بە مەسەلەی هەوڵدان بۆ تاپۆکردنی ئەو بەشەی پشتەوەی بارەگای رۆژنامەکە بدەم کە هەر لەسەرەتادا مالّەکەی من لەوێ بوو و هەر لەوێش لە سەری ساڵی ١٩٩٥دا تالّان کرا. لەڕاستیدا دەمێك بوو بیرۆکەی تێکدانی ئەو باڵەخانە کۆنەم لا دروست ببوو، تا لەسەر شێوازێکی هاوچەرخ لەسەر رووبەری ئەو ٣ هەزار مەترە جارێکی دیکە باڵەخانەیەکی چوار نهۆمی هاوچەرخ کە بۆ بارەگای رۆژنامەیەکی رۆژانەو هەفتەنامەکان و پاشکۆیەکانی دەست بدات، ئەوە سەرەڕای شوێنی تایبەت بە چاپخانەکە هەر لەژێر زەمینی هەمان باڵەخانەبێت ئەم مەسەلەیەم لەگەڵ کاك نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان باس کردبوو، ئەویش بیرۆکەکەی لاباش بوو، داواشی لێکردم کەوا ئەندازیارێکی بیناسازی رابسپێرم بۆ ئەوەی نەخشەو پارەی تێچوونی ئامادە بکات، ئەوەبوو منیش مەسەلەکەم لەگەڵ برای بەڕێز (**عیماد عەلی کەسرە**)، کە ئەندازیارێکی بیناسازی بە ئەزموونە، باس کرد، ئەویش نەخشەو پێداویستییەکانی دەست نیشان کردبوو، لەسەروبەندی ئەوەدابووم کە موافەقەتی کۆتایی وەربگرم و ناوی خوای لێبێنین، بەسەردا بە بڕیاری سەرۆك بارزانی گوێزرامەوە

بۆ ئەو دەستە سێ کەسییەی راگەیاندنی ناوەندی کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان (**فەلەکەدین کاکەیی، کاروان ئاکرەیی و بەندە**) کە دواتر من نەمتوانی ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرم، لە ئاکامدا لەگەڵ گوێزانەوەی من ئەم مەسەلەیە نەك هەر پشتگوێ خرا، بەڵکو هیچ کەس هەر بەبیری دا نەهات کە باڵەخانەیەك بۆ ئەو دەزگایە لە سەر شێوازێکی تازە دابین بکات.

دیسان لە رووی یاساییەوەو وەکو دابونەریتی لێپرسراویەتیش لە رۆژنامە، دەبا لەگەڵ رۆیشتنی کاك حەبیب و دەست بەکاربوونی من، ناوم بێتە سەر رۆژنامەکە، کە ئەویش تەنیا نووسراوێکی دەویست بۆ وەزارەتی رۆشنبیری، بەڵام من ئەو ئیشەم نەکرد و ناوەکەی کاك حەبیبیش تاکو ١٩٩٤/٢/٨ لەسەر رۆژنامە مایەوە، یانی لە ژمارە ١٧٨٠ تاکو ژمارە ١٩٠١ ئەویش لە لایەکەوە بۆ ڕێزگرتنم بوو لە مامۆستا حەبیب، لە لایەکی دیکەوە هەستم بە جۆرە شەرمێك دەکرد ئەگەر داوای ئەوە بکەم ناوم بێتە سەر رۆژنامە !

سەبارەت بە دەوامی کارمەندان و رۆژنامەنووسانیش، هەر لەسەرەتاوە میکانیزمی دەوامم بەدڵ نەبوو، بەتایبەتی کە دەمدیت دەوامی شەو تەنیا رۆژنامەنووسێك وەکو (**خەفەر**) بە مەبەستی ئامادەکردنی هەواڵی لاپەڕە (١) دەمێنێتەوە کە دواتریش ئەمیش زۆر جار بە کاڵ و کرچی دەبیندرا، یاخود لاوازییەکی پێوە دیار بوو، بۆیە هەر لەپاش هەفتەی یەکەمەوە راستەوخۆ وەکو سەرنووسەر سەرپەرشتی لاپەڕە (١)م خستە ئەستۆی خۆم و شەوانە تاکو لاپەڕەکان بەرەو چاپخانە دەچوون لە بارەگا دەمامەوەو ئەو میکانیزمەی ئیش کردنم تاکو کۆتایی لەگەڵمدا مایەوە، زۆر جار کە شەکەتو ماندوو دەبووم پاش سەعات (١١)ی شەو دەگەڕامەوە ماڵەوە، وەکو گوتم ماڵەکەشم ئەوسا هەر لە پشت رۆژنامەبوو، لە ماڵەوەش تاکو (**کۆردۆ ئەنوەر**)ی لێپرسراوی چاپ هەموو لاپەڕەکانی بۆ دەهێنامە ماڵەوە کەم وابوو ئیسراحەت بکەم، بۆیە جارێکی دیکە پێیاندا دەچوومەوە، ئەگەر گرفتێك هەبا دیسان دەگەڕامەوە بارەگای رۆژنامەو لەگەڵ بەرپرسی لاپەڕەو نەخشەساز جارێکی دیکە تێهەڵدەچووینەوەو زۆرجاریش وادەبوو تاکو بەرەبەیان لەگەڵ دەستەی لاپەڕە (١) و (نەخشەساز) دەماینەوە.

لێرەدا دەمەوێ هەقی خۆشیەتی کە ئاماژە بە رۆڵی هەریەک لە رۆژنامەنووسان زادۆق ئادەم و شەماڵ حەوێزی و عەزیز هەریری و محەمەد رۆژبەیانی بدەم، کە لەو ماوەیەدا بەرپرسیاریەتی لاپەڕە (١)یان دەکردو لەگەڵ رۆڵی بەشی (**نەخشەسازی**) کە تێیدا رۆژنامەنووسان شکار عەفان و یەحیا جاف و تاریق جاف و کاروانی سینۆ تۆڤی و خالد گەردی، لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە، تاکو دوا ساتی تەواوبوونی لاپەڕەکان دەمانەوە.

ئیشوکاری لاپەڕەکانی ناوەوە (٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧) تا رادەیەک گرفتی نەبوو، کە لە قۆناغی یەکەمدا من دەست بەکاربووم، یانی لە (١٩٩٣/١٠/٢٦–١٩٩٤/١٢/٣١) زۆربەی کارەکان بە رۆژ ئەنجام دەدران، تێیدا برایانی رۆژنامەنووس زاهیر رۆژبەیانی، سەرۆقادر، ئاسۆ کەریم، شێرزاد عەبدولڕەحمان، عەبدولڕەحمان کاکل، مەسعود پەرێشان، محێدین قادر، محەمەد قادری کاریکاتێریست، محەمەد خدر مەولود، محێدین عەزیزی (**بابەکە**)ی وێنەگر، خالد سلێمان، محەمەد زادە، حەیدەر عەبدولڕەحمان و لەگەڵ برایان فەیسەڵ دێهاتی و یاوەر نامق و سدیقی گچکەو پەیامنێر رەسوڵ بەختیار و نووسینگەی سلێمانی کە رۆژنامەنووسان زاهیر سەوزو ئەحمەد سەلام و ساسان دەروێش و هۆشیار جاف و هاوژین حەمەڕەشید کاریان تێدا دەکردو بەڕێوەیان دەبرد و لەگەڵ پەیامنێرانی شارو شارۆچکەکانی کوردستان، لاپەڕە (٧)یش لاپەڕەیەکی هەمەچەشن بوو کە بۆ وەرزش و پاشماوەو ئاگادارییەکان تەرخان کرابوو، بەڕاستی لەشێواز و ناوەرۆکی رازی نەبووم و بەڵام بۆشم نەکرا دەستی لێ بدەم، چونکە ئەوکات بەدیل نەبوو.

لاپەڕە(٨)، یانی دوالاپەڕە، من پێم وایە یەکێکە لەو لاپەڕانەی پێویستە وەکو لاپەڕە (١) گرنگی پێ بدرێت، چونکە وێستگەی پشووی خوێنەرە کە لە ئاکامدا خۆی تێدا دەبینێتەوە، بۆیە هەر لەسەرەتادا داوام لە کاك سەرۆ قادر کرد کە ئەو قۆڵی خۆی لێ هەڵمالێ و یارمەتی دەستەی لاپەڕەکە بدات، پێشتریش هەر لەسەر پێشنیاری ئەو گۆشەیەك بەناوی (**دەریچە**)وە بۆ ئەو نووسینانەی کە رای سەربەست و گلەیی و پێشنیازی تێدا بڵاو دەکرایەوە، لە لاپەڕە (٨) تەرخان کرابوو، بەڵام پاش ئەوەی کە چەند رۆشنبیرێك مانای وشەی (**دەریچە**)یان بە جۆرێکی دیکە لێکدەدایەوە، بۆیە لە سەر پێشنیازی من ناوونیشانی (**دەنگی چوارەم**)ی بۆ داندرا کە پڕ بە مانای دەسەڵاتی

چوارەم دێ بۆ رۆژنامە یانی دوور لە دەسەڵاتی سەرنووسەر و جێگری سەرنووسەر و بەڕێوەبەری نووسین، لە ڕاستیشدا دەرگای ئەم گۆشەیە بۆ هەر نووسینێك والابوو کە لە لایەن رۆژنامەنووسان و نووسەران و هاوولاتییانەوە دەهات تا کۆتایی بە بەردەوامیش مایەوەو شتی باشی تێدا دەنووسرا، بەڵام پاش بەجێ هێشتنی من بە قودرەتی قادر (**دەنگی چوارەم**)ەکە بوو بە (**پرۆفایل**) کە وابزانم نە(**وشەیەکی**) کوردییەو نەماهیەت و بیرۆکەی دەنگی چوارەمیش دەدا.

لە قۆناغی یەکەمدا (١٩٩٣–١٩٩٥) تەنیا چەند گۆشەیەك هەبوو وەکو (**دەنگی چوارەم**) و (**دەروازەی کراوە**) لەگەڵ ئەو ستوونەی کە لە لاپەڕە (٣)دا کە هەرماوەیەك لە چەند ئەڵقەیەکدا شەهید (**فرەنسۆ هەریری**) بابەتێکی گرنگی تیا شی دەکردەوە، بەڵام لە قۆناغەکانی دیکەی پاش ساڵی ١٩٩٦ پتر و زیاتر گرنگی تێدا بەم لایەنەدرا کە دەتوانم بڵێم مەسەلەی (**گۆشە**) لە رۆژنامەدا ئێگجار گرنگە و هەمیشە رۆژنامە دەوڵەمەند دەکات.

(**سەروتار**) یاخود (**پەیامی برایەتی**) لای من مەسەلەیەکی زێدە گرنگ بوو، بۆیە نەدەکرا لە کۆنترۆڵی سەرنووسەر بچێتە دەرەوە، چونکە سەروتار لە رۆژنامەی هەر لایەنێکی سیاسی تەعبیر لە راوبۆچوون و سیاسەتی ئەو لایەنە دەکات، سەرەڕای زانیاری پێشەکیم دەربارەی چۆنیەتی نووسینی سەروتار لە رۆژنامەکانی پارتیدا هەر لە (**خەبات**)ی ساڵانی ١٩٥٩ تاکو (**التآخي**) و (**خەبات**)ی شاخ و (**برایەتی**)، لەسەرەتادا بەپێویستم زانی خۆم لەم مەسەلەیە بەدوور بگرم، بۆیە یەکەم سەروتار کە لە (**برایەتی**) نووسیم سەروتاری رۆژی هەینی رێکەوتی ١٩٩٣/١٢/١٠ بوو کە رێککەوتی لەگەڵ یادی چل و پێنج ساڵەی جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ بوو، ئەوەی زیاتریش پاڵی پێوەنام کە ئەم سەروتارە بنووسم ئەندامیەتیم بوو لە رێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان لە (١٩٩٢/٦/٢٨) هوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وتارەکەم بە کاك زاهیر رۆژبەیانی جێگری سەرنووسەردا تاکو لە ڕووی زوبانەوە پێدا بچێتەوە، تا ئەگەر کەموکورتییەکی تێدابێت دەستکاری بکات، دواتریش ئەو بنەمایە لای من بەردەوام بوو، کە سەروتارو نووسینەکانی دیکەم دەنووسی پیشانی رۆژنامەنووسانی ناو (**برایەتی**) بدەم، تاکو رۆژی دەرچوونم، لە قۆناغی یەکەمدا کاك زاهیر رۆژبەیانی و لە قۆناغی دووەمیش لە مەسیف

سەلاحەدین کاك سەعید یەحیاو کاك شێرزاد عەبدولڕەحمان لە قۆناغی دوای گەڕانەوەمان بۆ هەولێر کاك ئاسۆ کەریم و لە دووسالّی دواییشدا (١٩٩٨–٢٠٠٠) کاك ئازاد حەمەدەمین وتارەکانمیان دەخوێندەوەو بە هەڵە زمانەوانییەکانیدا دەچوونەوەو منیشیان رازی دەکرد، زۆرجاریش هەبوو بیرۆکەی سەروتارەکان لە لایەن خودی شەهید کاك (**سامی عەبدولڕەحمان**)ەوە دەهات، منیش دامدەڕێژتەوە و ئەوجا بە قۆناغەکانی دیکەدا تێدەپەڕی و هەندێ جاریش لە مەکتەبی سیاسییەوە دەستنیشانی هێڵە سەرەکییەکان دەکرا، ئاگاداریان دەکردم کەوا لەسەر فلّان بابەت بنووسم، سەرەڕای رۆڵی سەرنووسەریشم هەندێ جار دیمانەو کاری پەیامنێریشم دەکرد، بەتایبەتی لە قۆناغەکانی دیکەدا، یەکەم دیمانەشم کە بە دوو قۆڵی لەگەڵ برای رۆژنامەنووس سەرۆ قادر ئەنجامدا، لەگەڵ کەسایەتی نیشتمانپەروەری کوردستان مامۆستا (عەزیز محەمەد)ی سکرتێری پێشووی حزبی شیوعی عێراق بوو، کە دواتر بە سێ ئەڵقە لە برایەتی بڵاوکرایەوە.

لاپەڕەی (کتێبی برایەتی)

زۆرجار بابەتێك سەرنج رادەکێشی وا دێتە بەردەمی سەرنووسەر کە پێویستی بە تێڕوانین هەیە، چونکە تێڕوانینەکە لەوەوە سەرچاوە وەردەگرێ بابەتەکە خۆی لە خۆیدا وەرگێڕانی کتێبێکە پەیوەندی بە وڵات و مێژووی گەلەوە هەیە و بە زوبانێکی دیکە نووسراوە و نووسەرێك وەریگێڕاوەو ناشتوانێ چاپی بکات، ناچار بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی پەنا دەباتە بەر ئەم و ئەو، لە هەمان کاتیشدا لە رۆژنامە ناتوانرێ چەند لاپەڕەیەکی بۆ تەرخان بکرێ و بە یەک–دوو رۆژ بڵاوبکرێتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە مەسەلەی بڵاوکردنەوەی کتێب بە زنجیرە و لە رۆژنامەی رۆژانە یاخود هەفتانە، من پێم وایە بۆتە نەریتێك و تا ڕادەیەك لە زۆر رۆژنامە گرنگی بەو لایەنە دەدرێ، بۆ نموونە رۆژنامەی (**لۆمۆند**)ی فەرەنسی پاشکۆیەکی هەفتانەی هەیە کە تەنیا بۆ بڵاوکردنەوەی چەند کتێبێکی چاپ نەکراو تەرخان کراوەو لەم پاشکۆیەو بە زنجیرە بڵاودەکرێتەوە، لە هەمان روانگەوە ئەو بابەتەی کە بۆ نووسەر و رۆشنبیر شەهید فەرەنسۆ هەریری ئامادەی کردبوو بۆ چاپ لە برایەتی و لە ژمارە (١٩٣١) لە رێکەوتی ١٩٩٤/٤/٢٦ ئەڵقەی یەکەمی بڵاوکرایەوە، پاشان ئەڵقەکانی دیکەی بە زنجیرە بڵاوکرایەوە، کتێبەکەش ئەوەبوو کە کاکە فەرەنسۆ لە فارسییەوە بەناوی (**کارەساتی ناشوورییەکان**) وەری گێڕابووە سەر زوبانی کوردی.

کتێبی دووەمیش کە هەر لە ساڵی ١٩٩٤وە دەست بە بڵاوکردنەوەی کرا کتێبی (**بزووتنەوەی کورد لە سەردەمی نوێدا**)ی نووسەر و مێژووناسان (**جەلیلی جەلیل، م.س لازاریف، م.م حەسرەتیان، شاکر مگویان و ئولگاژیگالییە**) بوو کە برای نووسەر (**نەجاتی عەبدوڵڵا**) وەریگێڕابووە سەر زمانی کوردی، کتێبی سێیەمیش (**محەمەد پاشا جاف**) بوو کە لە نووسینی ئومێد ئاشنا بوو، هەر لە ساڵی ١٩٩٤دا بە زنجیرە بڵاوکرایەوە ئەمیش ئەڵقەی یەکەمی لە ژمارە (١٠٨٦) رێکەوتی رۆژی ١٩٩٤/١١/١٤ بڵاوکرایەوە. پاشتریش زنجیرەی کتێبەکانی برایەتی تاکو ساڵی ٢٠٠٠ گەیشتە (١٥) و لە هەمان کاتیشدا (١٣) کتێبی دیکەمان لەسەر حیسابی دەزگای رۆژنامەنووسیی (**برایەتی و خەبات**) وەکو کتێب لە دەرەوە چاپ کردو بڵاوکرایەوە، کە ژمارەیەکی دیاری لێ دەدرا بە نووسەرانی بۆ

ئەوەی خۆی تەسەروفی پێوە بکات، بەداخەوە ئەم پرۆژەیەش لە پاش دەرچوونم لە رۆژنامە وەکو زۆر دیاردەی دیکە کۆتایی پێ هات، بێ ئەوەی کەسێکیش لێی بپرسێتەوە لە ئەڵقەکانی داهاتوو ناوی ئەو کتێب و نووسەرانە بڵاودەکەمەوە کە هەریەکەیان چ جۆرە کتێبێکە یاخود نووسەرو وەرگێڕەکەی کێ بووە.

ئیشوکارەکان، تاکو یەکەم بڵێسەی شەڕی ناوەخۆ هەڵگیرسا، هێمنانە بەڕێوە دەچوون، دیارە شەڕەکەشی لە سەرەتادا لە نێوان بزووتنەوەی ئیسلامی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، پاشانیش لەنێوان هەردوو حزبی گەورەی کوردستان (**پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان**) رووبدا، کە بەڕاستی گەورەترین کاریگەریی خراپی لەسەر سەرجەم ئیشوکار و ئەرکەکان هەبوو و بەڕادەیەکی یەکجار گەورەش بوو بە هۆکاری (**مراوحە**) کردنی رۆژنامەکە لە جێگای خۆی، چونکە لەو هەلومەرجەدا نەدەکرا گرنگی بە چلۆنایەتی رۆژنامەکە بدەی بەهۆی سەرقاڵبوونی رۆژنامەنووسانی دەزگا بەرەو دووبەرەکاری و سەرەڕای دڵەڕاوکێ و ترسیش لەوێ بوەستێ.

لێرەدا دەمەوێ بڵێم خودا وەکیلە نامەوێ بەقەد تۆزقاڵێك هیچ لایەنێك تۆمەتبار بکەم، یاخود بچمە ناو مەسەلەیەك کە هەموو گەلی کوردستان لێی نیگەرانەو ئاسەواریشی تاکو رۆژانی ئیمڕۆ هەر ماوە و زەرەر و زیانێکی زۆریشی بە ئەزموونی گەلی کوردستان گەیاندووە، خۆزیاو سەد خۆزیاش رووی نەدابا، بەڵام کە رووشیدا هیوادارم ببێتە پەند و عیبرەت وای لێ بێت جارێکی دیکە هیچ کەس و لایەنێك هەتا بە خەیاڵیش ئارەزووی ئەوەش نەکات رووداوێکی پڕ قێزەونی لەم جۆرە رووبداتەوە.

لێرەدا دەمەوێ هەندێ خاڵی دیکە باس بکەم کە پەیوەندی بە ڕێڕەوی کاری رۆژنامەنووسیی ناو دەزگاکە هەبوو کە شەڕی ناوەخۆ تێوەیگلاندبوو:

<u>یەکەم</u>: هەر لە رۆژی دەست بەکاربوونم لە رۆژنامە سیاسەتێکی زۆر هێمنانەم گرتەبەر کە دوور بوو لە هەڵچوون و تووندڕەوی و لە هەموو رووێکەوە، چ سیاسی و چ کۆمەڵایەتی و چ ئایینی، هەمیشە ڕێنماییەکانم بەو ئاقارەدا دەچوو کە بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستان **(لە کاری رۆژانەدا هەمیشە دەستەواژەی بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستانم**

دووبارە دەکردەوە) لەوە دایە کە کێشە (**دروست نەکرێت و ئەگەر دروستیش کرا، ئێمە دەستپێشخەری لە بڵاوکردنەوەی نەکەین**)، بەڵام ئەزموونی پاش راپەڕین و ململانێی ناعەقڵانی لەنێو ریزەکانی بزاڤی رزگاری گەلی کوردستاندا، کە تێیدا بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی سەرچۆپی ئەو گۆڤەندەی گرتبوو، خەریك بوو کوردستان بەرەو هەڵدێرێکی نادیار ببات.

دووەم: هەرچەندە سەرەتای دروستبوونی تەنگژەو کاری توندوتیژی لە یەکی ئایاری ساڵی ١٩٩٥ بوو، بەڵام ئێمە لە برایەتی، تا ماوەیێکی باش کە زیاتر لە چەند رۆژ بوو، دانمان بە خۆداگرت بێ ئەوەی ئیشارەت بۆ رووداوە ناخۆشەکان بکەین، بەڵام لەبەر ئەوەی رۆژنامەکە رۆژنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو کە لایەنێکی سەرەکی ئەو ململانێیەیە بوو و نەدەکرا راوبۆچوونی خۆی لە رۆژنامەکە بڵاو نەکرێتەوە، من لێرەدا نامەوێ لەو بەرپرسیاریەتییە خۆم دەرکەنار بگرم، چونکە بە حوکمی ئەوەی ئەندامی دوو مەکتەبی ناوەندی (**راگەیاندن و دیراسات و بحوث**) بووم، ئەوە سەرەڕای بەرپرسیاریەتی دەزگا و مەوقعی سەرنووسەری برایەتی بۆیە خۆم بە بەشێك لەو بەرپرسیاریەتییە دادەنێم، بەڵام لێرەدا راستیەك هەیە، ئەویش ئەمەیە هەمیشە رێبازی (**أصادق بشرف و أعادی بشرف**)م گرتۆتەبەر و نووسین و هەڵسوکەوتی پاش راپەڕینیش تاکو رۆژانی ئێستا ئەو شایەدیەم بۆ دەدەن، دەبێ ئاماژەش بەوە بکەم کە من پاش راپەڕین هەر لە سەرەتاوە ئەندامی رێکخراوی مافی مرۆڤ بووم لە کوردستان، پاشانیش لە کۆنگرەی دووەمی هەمان رێکخراو کە لە هاوینی ساڵی ١٩٩٣ لە سلێمانی بەسترا بە ئەندامی ئەنجوومەنی بااڵی ئەم رێکخراوە هەڵبژێردرابووم، **دیارە ئەویش وای لێ دەخواستم هەمیشە لە مامەڵەکردندا لەگەڵ دەوروبەر و کێشەکاندا بەگیانی مرۆڤێکی کوردپەروەری هێمن و دوور لە توندوتیژی و نانەوەی ئاشوبە و دروستکردنی لەمپەر و تەنگژەوە مامەڵە بکەم**، وابزانم برایانی ئەنجومەنی بااڵی رێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان، بەتایبەتی برای بەڕێز کاك جەمال عەبدول سەرۆکی رێکخراو، ئەم شایەدیەم بۆ دەدات، کە چۆن مامەڵەم لەگەڵ بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەڵوێستانە دەکرد، کە دەیانەویست رێکخراوەکە لەژێر فشاری بارودۆخی سیاسی بکەنە دوو لەت، بەڵام **دیسان راشکاوانە دەیڵێم ئەوەی لە برایەتی نووسراوە من وەکو سەرنووسەر لێی بەرپرسیارم و ئەگەر چەندین نهێنی و شتی شاراوەش هەبێت ئەوا نە بەرژەوەندییە باسی لێوە بکرێت و نە خزمەتیش بە بەرژەوەندی گەلی کوردستان دەکات.**

بەڵام دیسان هەندێ راستی هەیە کە پێویستە بە بەرپرسیاریەتییەوە دوور لە هەڵچوون و گیانی لایەنبازی باس لێوە بکرێت.

یەکێ لەو راستیانە کە لە (برایەتی) پیادە دەکرا، هەڵبژاردنی ئەو ناوونیشان و مانشێتانە بوو کە زیاتر بۆنی ئاشتی و ئاشتبوونەوەی گشتی لێوە دەهات، بۆ نموونە کاتی بارودۆخی کوردستان لە ناوەڕاستی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٤ بەرەو گرژبوون دەچوو، برایەتی لە ژمارەی (٢١١٢) رۆژی ١٩٩٤/١٢/٢٠ بە مانشێتێکی سەرانسەری **(ئەمڕۆ کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی رادەگەیەندرێت)** و لە ژمارەی (٢١١٤)ش لە رێکەوتی ١٩٩٤/١٢/٢٤ بە مانشێتێکی دوو خەتی گەورە نووسیویەتی **(بەرژەوەندی گەلی کوردستان لە راگرتنی ئەم شەڕە شوومەدایە)** و لە ژمارە ٢١١٨ لە رێکەوتی ١٩٩٤/١٢/٢٨، کە دواژمارەی برایەتی بوو لە قۆناغی یەکەمی هەوڵێری دا بە گەورەترین مانشێت لە مێژووی برایەتی کە بەندە راستەوخۆ هەڵمبژاردبوو ئەو مانشێتە سەرنج راکێشە بوو کە دەڵێ:

شەڕی براکوژی راگیرا

بەڵام سەد حەیف و مەخابنە ئاگری ڕەش و شوومی براکوژی کە پێشووتر ژمارە (٢١١٥ی) تێدا سووتێندرا، کە هەر هەمان رۆژ بە هیمەتی هەموو لایەك بۆ یەکەم جار لە مێژووی رۆژنامەگەری کوردی چاپی دووەمی چاپ کراو بڵاوکرایەوە، ئەو جارە پاش بڵاوکردنەوەی ئەو مانشێتە گەورەیە کە **نەك وەکو ئارەزووی سەرنووسەری برایەتی کە هەموو هیواو ئاواتی ئەوە بوو ئەو شەڕە خۆکوژییە رابگیرێ، نەك هەر رانەگیرا، بەڵکو ئاگرەکەی بەشێوەیەك پەرەی ساند گەیشتە ناو ماڵ و حاڵی نووسەری ئەم بیرەوەرییانە کە بەداخەوە ئەوەی هەیبوو سەری تێداچوو، کە تەنیا بەگیان زەرەری تێدا نەکرد، دەربارەی ئەم مەسەلەیەش بابەتێکم بە ناوونیشانی (مرثیة) بڵاوکراوەتەوە.**

برایەتی
BIRAYETI
شەڕی براکوژی راگیرا

بەشی سێیەم

١٩٩٤/١٢/٢٩- ١٩٩٦/٩/٢٧

پـاش نیـوەڕۆی ڕۆژی ١٩٩٤/١٢/٢٨ هـەواڵی دەسـت بەسـەرا گـرتنی چـاپخانەی پـەروەردەیان پـێ ڕاگەیانـدین لەلایـەن مەفرەزەیـەکی (**پ.م**) یـەکێتی نیشـتمانی کوردسـتانەوە، ئـەو چـاپخانەی کـە ئێمـە ڕۆژنامـەی برایـەتی–مـان تێـدا چـاپ دەکـرد. هەواڵەکـە زۆر نیگـەرانی کـردم، بـەڵام دیسـان ئـەو چـەند ڕۆژنامـەنووس و کارمەندانـەی مابوونەوە دەستەوەستان ڕانەوەستاین، من تا ڕادەیـەکی زۆر گەشـبین بـووم وامـدەزانی کار ناگاتە ئەوەی ڕۆژنامەی برایەتی دەرنەچێ. پێشووتریش بە یەک–دوو ڕۆژ چـاپخانەی ڕۆشنبیریش دیسان لە لایەن برادەرانی (**ی.ن.ک**) کۆنترۆڵ کرابوو، کە کوردستانی نـوێ و گوڵانی تێدا چاپ دەکرا، کاک سەرۆ قادر داوای لێ کردم ئەو ژمارەیـەی گـوڵان کـە لەبـەر دەست بوو لە چاپخانەی پەروەردە چاپ بکەین بەهۆی بارودۆخی چـاپخانەی ڕۆشـنبیری پێش داگیرکردنی چایخانەی پەروەردە، گوڵان کە ئەو کاتە لەبەر دەستدابوو دوا ژمـارەی لێ چاپ کرا. ئەو شەوە تاوەکو درەنگانێك لە بارەگـای ڕۆژنامـە ماینـەوە، کـاك ئەسـعەد عەدۆ هەر ئەم شـەوە دەسـتگیر کـرا و کـاك ئاسـۆ کـەریمیش دیـاربوو شـتێکی زانـی بـوو ئەویش بەرەو مەسیف سەڵاحەددین، ڕۆیشت لە ئەندامانی دەستەی نووسەران کاك زاهـیر ڕۆژبەیانی جێگری سەرنووسـەر و کـاك شـەماڵ حـەوێزی لەگـەڵم مابوونـەوەو کـاك زادۆق ئـادەمیش نەیـدەتوانی لـە عـەنکاوەوە بێـت و شـەوانە درەنـگ بگەڕێتـەوە، لـە ڕۆژنامەنووسانیش کاك شێرزاد عەبدولڕەحمان کاك شـکار عـەفان، کـاك کـاروان محەمـەد سینۆ و کاك خالـد گـەردی و کـاك محەمـەد حەسـەن ڕۆژبـەیانی و کـاك عـەزیز هـەریری و کارمەندی ئیدارە شێخ محێدین عەزیز (**بابەکە**) مابوونەوە، لێرەدا بەهیچ شێوەیەك گلەیی لەو براو خوشکە ڕۆژنامەنووسانە و کارمەندانە ناکرێت کـە لـەم چـەند ڕۆژەی دوای ڕۆژی ١٩٩٤/١٢/٢٥ دیار نەبوون و دەوامیان نـەدەکرد، چـونکە بارودۆخەکـە تـابڵێی نـاخۆش و ترسناك بوو، تەقە و چەکداری هەردوولا لە زۆربەی شەقام و کۆڵانەکانی هـەولێر هـەبوون ڕەحمیان بەیەکتری نەدەکردو تەنانەت شـەڕو پێکـدادانیش کەوتـە نـاو خەسـتەخانەکانی پایتەختیش، ڕۆژی سووتاندنی ژمارە (٢١١٥)ی برایەتی و چاپ کردنەوەی چاپی دووەمی زۆر بە زەحمـەت لەلایـەن ڕۆژنامـەنووس شـێرزاد عەبـدولڕەحمان گەیەندرایـە باڵەخانـەی

پەرلەمان و بەشی دابەشکردنی ناو شاری هەولێریش بە ئۆتۆمبێلێکی تاکسی لە لایەن شێخ محێدین عەزیزەوە گەیاندرایە لای کتێبخانەی سۆلاف کە پێشووتر کاك ئەحمەد جەمیل خاوەنی کتێبخانەی (**سۆلاڤ**)م بە تەلەفۆن لێ ئاگادار کردبوو.

پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ١٢/٢٧ لەگەڵ کاك ئەسعەد عەدۆ کە بەڕێوەبەری نووسین بوو بە کۆڵانەکانی پشتەوەی باڵەخانەی برایەتی سەردانی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستانمان کرد و چووینە لای شەهید مامۆستا سەعد عەبدوڵڵا کە ئەوکاتە لێپرسراوی لق بوو، مەبەستیش لە سەردانەکەمان داواکردنی چەند پێشمەرگەیەك بوو بۆ پاراستنی باڵەخانەی برایەتی، چونکە پاسەوانەکانی برایەتی لە کۆی (١٤)پاسەوان (٣)پاسەوانی پێشمەرگە مابوونەوە، کە بریتی بوون لە:

١. پ.م عەبدوڵڵا، کە بەداخەوە ئەویش پاش چەند مانگێك لە (**کانی قرژاڵە**) شەهید بوو.
٢. پ.م عەریف ئەحمەد.
٣. کوڕێکی عەریف ئەحمەد.

بەداخەوە بەهۆی بارودۆخە خەتەرناکەکە، لقی دوو نەیتوانی پێشمەرگەمان بۆ دابین بکات و لەڕێگای گەڕانەوەمان کاك ئەسعەد گوتی: (.....**ئەوەیە کوزران بکوتێ**) خۆمان حراسەتی خۆمان دەکەین" بۆ ئێوارەی ئەم ڕۆژە کاك ئەسعەدیش لەماڵی خۆی گیراو نەمان دیتەوە تاکو دوای چەند ڕۆژێك گەیشتە سەلاحەددین.

ڕۆژی ١٢/٢٩ فاکس و تەلەفۆنەکانیش لەکار کەوتن تاکە ئامێری پەیوەندیمان کە مابۆوە (**ئامێری بێ تەلی**) ڕۆژنامەبوو کە (**شیفرەکە**)ی لای خۆم بوو، پێشمەرگەی بێ تەلەکەش کە ناوی (**؟؟؟؟**) بوو، کە تا دوا سات لە برایەتی لەگەڵم بوو، پاشان لە گەڕی دووەمی شەڕ، ئەویش لە کۆیە شەهیدبوو.

بە حوکمی ئەوەی ماڵی من لە تەنیشت باڵەخانەی برایەتی و خەبات بوو شەوانە تاکو درەنگانێك دەمامەوەو ئەو چەند شەوەی دواییش کاك زاهیر ڕۆژبەیانی و کاك شەماڵ حەوێزیش لەگەڵم دەمانەوە، لەنێوان ماڵەکەم و باڵەخانەی ڕۆژنامە پردۆکەیەکی لە ئاسن دروست کراو پێکی دەبەستنەوە کە هەرچەند مانگێکی پێشووتر بۆ ئاسانی هاتووچۆی شەوانە دروستم کردبوو کە زیاتر بەهۆی بارودۆخی شەقامی سەرەکی(**شەقامی ڕێگای هەولێر – کەرکوك**)، کە هەمیشە تەقەی لەسەر بوو بەم ڕێگایە هاتووچۆمان دەکرد و شەو لەماڵی ئێمە دەماینەوە.

شەوی ٢٩–٣٠/ ١٢/١٩٩٤ لەگەڵ کاك زاهیر و کاك شەماڵ، تاوەکو سەعات (١)ی دوای نیوەشەو، لە ژوورەکەی من دانیشتبووین و تەماشای تەلەفزیۆنی هەردوولای شەڕکەرمان دەکرد، بەوهیوایەی گوێبیستی هەواڵێك ببین کە کۆتایی بەو تراژیدیایە بێنێت کە بەڕۆکی گەلی کوردستانی گرتبوو، بەڵام بەداخەوە ئەو هەواڵە رانەگەیەندراو ئێمەش بە ناچاری بەرەو ماڵ گەڕاینەوە و تاوەکو درەنگانێکی شەو بەدەم قسەو شیکردنەوەی بارودۆخی سیاسی کاتمان بەسەردەبرد.

سەرلەبەیانییەکەی ڕۆژی ١٢/٣٠ لە هەر چوارلاوە دەنگی تەقەی کلاشینکۆف و ئاربیجی دەهات، ناوەناوە دەنگی تۆپێشی لەگەڵدابوو، بێ ئەوەی بزانین چی ڕوویداوە، لەنێواندا (**پەروپنی هاوسەرم**) بە ئاگای هێنام و بە لێکدانەوەو پێشبینی خۆم زانیم کارلەکار ترازاوە، بۆیە ئەویش (**ڕێکان و لانەی**) بە ئاگاهێناو پاش نان خواردنێکی خێرا ئێمە هەرسێکمان "**نووسەری ئەم بابەتەو کاك زاهیر و کاك شەماڵ**" لە ڕێگا "**پردۆکە ئاسنینەکە**" چوینە بارەگای ڕۆژنامەو لە گۆڕەپانی باڵەخانەی ڕۆژنامە چەند پێشمەرگەیەکمان دیت کە لە گۆڕەپانەکە هاتووچۆیان دەکرد و کاتێ ئێمەیان بینی ئامۆژگاری ئەوەیان کردین کە بارەگاکە چۆڵ بکەین و بڕۆین بەلایەکدا بەهەرحاڵ چارنەماو ناوە ناوەش گولەی قەناس بەولاو بەولامان دەهاویشترا بەتایبەتیش ماڵی پارێزگاری بەرامبەریشمان کەسی تێدا نەمابوو زووتر کاك شەماڵ حەوێزی و شکار عەفان و کاروان محەمەد سینۆم بەڕێ کرد، ماینەوە من و کاك زاهیر ڕۆژبەیانی و بابەکە، کاك زاهیریش پەلەی ئەوەی دەکرد زووتر بارەگای ڕۆژنامە بەجیبهێڵین، چونکە مانەوەمان بەبێ پاسەوان وەکو قەڵایەکی ئابڵوقەدراو وایە لەم شوێنە ئەگەری سەلامەتیمان وەکو کاك زاهیر دەیگوت ئەگەری گیران یاخود تێداچوونمان مسۆگەرە، بەڵام دیسان تاکو سەعات (١١) نیوەڕۆ خۆمان ڕاگرت و پاشان بە ئۆتۆمبیلە بەرازیلییەکەی کاك زاهیر، کە لە ماڵێکی پشتەوەی باڵەخانەی ڕۆژنامە دانابوو، بەرەو دەزگای گولان دەرچووین بۆ شیراتۆن و ئۆتۆمبیلەکەی خۆشم کە جۆری بەرازیلی مۆدێلی ٩٨٧و بە ژمارە (**١٩٧٤ هەولێر**)بوو لە گۆڕەپانی باڵەخانەی ڕۆژنامە بەجێما، چونکە ماوەی دەرچوونم نەبوو بەهۆی کۆنترۆڵی شەقامی سەرەکی کەرکوك لەلایەن پێشمەرگەکانی (**ی.ن.ك**)وە.

(**دایکی ڕێکان و ڕێکان و لانەم لەگەڵ ساسانی برام**) کە شەوی پێشووتر لە ماڵی ئێمە بوو ڕەوانەی ماڵی خوشکێکم کردن بەپێ و بە کۆڵانان لەکاتێکدا گوللە وەکو باران

بڕیاری، بەهەرحاڵ ئێمەش هەرسێکمان بە بەرازیلییەکەی کاک زاهیر هەرچۆنێک بوو خۆمان گەیاندە ئوتێلی شیراتۆن کە دەزگای ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری گۆڵانی تێدابوو، سەرەڕای ئەوەی بارەگایەکی سەربازی بوو کە بەهۆی شوێنە ستراتیجییەکەی لە ناوەندی شاری هەولێر (**گرنگی پێ دەدراو کاك جەمال مورتکەش لێپرسراویەتی دەکرد و بۆ ڕۆژنامەنووس کاك سەڕۆ قادریش کە بەرپرس دەزگای گۆڵان بوو پێشوازییەکی گەرمی لێکردین و گوتی گرنگ ئەوەیە بەسەلامەتی گەیشتن و لە ئایندەشدا سەلامەت بین**).

بەڕاستی، بەهۆی ئەو پێشوازییە گەرمەی کاك سەڕۆ و هاوڕێکانی، هەستمان بە ماندووبوون نەکرد و بە ئارەزووەوە دەستمان بە کارکرد.

بە گەیشتنمان بۆ شیراتۆن زانیم زەرەڕێکی زۆر گەورەم کردووە، ئەویش لەدەستدان و بەجێهێشتنی دەزگای ڕۆژنامەنووسی (**برایەتی و خەبات**) بوو کە ئەویش بەهۆی ئەو بێ چارەییە بوو کە تووشی ئێمەبووبوو، چونکە من لە ڕاستیدا ڕۆژێك لەڕۆژان هەرگیز بەخەیاڵم دا نەدەهات جارێکی دیکە کورد تووشی شەڕی براکوژی ببێتەوە، پاش ئەو ئەزموونە تاڵەی ساڵانی پێشوو کە تێیدا بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستان تووشی زەرەر و زیانێکی گەورە هاتبوو و ئەگەری بەڕپابوونەوەی ئەم شەڕە نەگریسە زۆر لاوازبوو، لەلایەکی دەیکە ئەگەر مرۆڤ ترسی هەڵگیرسانی ئەم جۆرە فیتنەیەشی بکردبایە بە خەیاڵێدا نەدەهات ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووسان، لەهەر لایەنێك بن، ببنە سووتەمەنی شەڕی نەویستراو وەکو لەپێشەوە باسم کردووە، هەستم دەکرد ئەوەی لەماوەی پێشوودا بنیاتم ناوە ئێستا خەریکە لەناو دەچێ وەکو چوو.

له شیراتۆن بەگەیشتنمان مامۆستا محەمەدی مەلا قادر و کاک مەحمود محەمەد و کاک سەلاح دەلۆ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی (**پ.د.ك**) و رۆژنامەنووسان سالار عوسمان، ئازاد عەبدولواحید و هەندێك لە برایانی (**پ.م**) لەژێر زەمینی شیراتۆن بوون کە پەخشی رادیۆی گولّانی تێدا دەکرا و ئێمەش لەژێر ڕێنماییەکانی مامۆستا مەلا محەمەد کەوتینە نووسینی وتار و بانگەوازی هەمەجۆر بە مەبەستی بەرزکردنەوەی وڕە و بلّاوکردنەوەی راوبۆچوونی پارتی دەربارەی ئەو ڕووداوە تالّانە.

خەم و پەژارەیەکی گەورە دایگرتم، بەتایبەتی کە بیرم لە بەجێهێشتنی بارەگای رۆژنامەی خەبات و برایەتی دەکردەوە، چونکە پێشەکی دەمزانی هەولّی پێشووی سالّانی پاش ڕاپەڕین بۆ دامەزراندنی ئەو دەزگا رۆژنامەنووسییە چەند هەولّ و پارەی تێدا خەرج کراوە. بە مەبەستی دروست کردنی دەزگایەکی رۆژنامەنووسی دوای ڕاپەڕین. تاکو ئێوارە ئەم دەستە بچووکە کە لەژێر زەمینەکەی گولّان بووین رۆلّێکی گەورەی بینی لە ڕێگای رادیۆی گولّانەوە کە تاڕادەیەکیش (**پ.م شیرکۆ.....**)، لەگەلّ برادەرە پێشمەرگەکانی دیکە، بە بەردەوامی لە هەولّی دابینکردنی کارەباو ئەمنیەتی ناو ژێر زەمینەکەدابوون.

لێرەداو دوور لە هەموو خۆپێهەلّدانێکی شەخسی، دەمەوێ باس لە مەسەلەیەك بکەم کە لەوکات و ساتانەدا تووشی هاتم، ئەویش پەیدابوونی خوالێخۆشبوو برای ئازیز (**حەمەی حەلاق**) بوو کە بەهۆی برادەرایەتی پێشوومان لە شاری کۆیە و لەسەرەتای

هەشتاکاندا پێش ئەوەی ببێ بە پێشمەرگە خۆم و براکانم هاتووچۆی دوکانی ئەومان دەکرد و سەرمان لای ئەو دەتاشی، کە پاش مردنی باوکی خوالێخۆشبووی (**حەمەدەمینی حەلاق**) ئەو دوکانەکەی ئیدارە دەکرد و ئێمەش لە روانگەی هاوسۆزیمان لەگەڵ لاوێکی پاک و نیشتمانپەروەر کە ئەو وەکو کادیرێکی حزبی شیوعی کاری دەکرد و ئێمەش وەکو دۆست و لایەنگیری پارتی دیموکراتی کوردستان کە هەرهەموومان لە بەرەی شۆڕشی گەلی کوردستان و رکەبەرایەتی سەلبیانەی حزبی بەعس و حکومەتی بەعس کۆیکردبووینەوە. زۆرجار لە دوکانەکەی (**حەمەدا**) گرد دەبووینەوەو هەندێ جاریش ئەویش (**ئەدەبیاتی حزبی شیوعی**) دەداینێ و دەنگوباسی دەرەوەی بۆ باس دەکردین، زۆرجاریش خوالێخۆشبوو (**شێروان عەبدوڵڵا کەریم**)، بەڕەحمەت بێت، کە بە (**شێروانە سوور**) بەناوبانگ بوو دەهاتە دوکانەکە و باسی جموجوڵی شەوی پێشووتری پێشمەرگەکانی بزووتنەوەی سۆسیالست و یەکێتی نیشتمانی کوردستانی بۆ دەکردین.

کاتێ خوالێخۆشبوو (**حەمەی حەلاق**) لە یەکێ لە دالآنەکانی قاتی یەکەمی شیراتۆن تووشم هات و پاش چاك و خۆشی ئەم گفتوگۆیە لەنێواناندا هاتە ئاراوە (**بۆ زانینی خوێنەری خۆشەویست ئەو کاتە کاکە** (حەمە) **ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی کاری سەربەخۆ بوو**).

حەمەی حەلاق: لام سەیرە لێرەت دەبینم پێش نیوەڕۆ لە بارەگای خۆمانەوە "**ئەوکاتە بارەگای پارتی کاری سەربەخۆ دووسەد مەترێك لە خوار بارەگای رۆژنامەی برایەتی و خەبات بوو**" بەپەلە بەهەر چۆنێك بوو هاتمە لات لە برایەتی، بەڵام کەسی لێ نەبوو تەنیا پاسەوانێك کە لەسەر باڵەخانەی بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵ بوو پێی راگەیاندم کە ئێوە بەر لە چەند دەقیقەیەك ئێرەتان بەجێهێشتووە، وامدەزانی بەرەو مەسیف سەڵاحەدین چوون ئێستا لێرەت دەبینم خێرە هاتووی بۆ ئێرە ! ؟

بەندە: ئەوەی راستی بێت بارەگای برایەتی کەڵکی نەما، منداڵەکانیشم لەگەڵ ساسانی برام نارده مالّی خوشکم، من و کاك زاهیر رۆژبەیانی و بابەکە هاتینە ئێرە (**شیراتۆن**)، چونکە ئێرەش دەزگایەکی راگەیاندنی پارتییە.

حەمەی حەلاق: کاکی خۆم ئێرەش کەڵکی راگەیاندنی نەماوە و بۆتە بارەگایەکی سەربازی، ئەوەی من بیزانم بە هەموو جۆرە چەکێك لێرەش دەدرێ دەشگیرێ، چونکە وەکو من بیزانم زۆریان رق لە گوڵانە، باشترین شت ئەوەیە کە لەگەڵم بێیتە دەرەوەو بە

ئوتۆمبێلی (**پارتی کار**) بۆ شوێنێکی ئەمینت دەبەم، ئەویش مالّی خوشکمەو تۆش برایەکی ئازیزیت و باشیشت دەناسن، گوناحە تۆ وەکو مرۆڤ، وەکو کادیرێکی پێشکەوتووی راگەیاندنی پارتی بکوژرێی! بەڕاستی حەیفە لەکاتێکدا (**فلّان و فلّان**) کە دەبا ئێستاکە لێرەبان و شەڕی یەخەگیریان بکردایە پێش هەموو کەسێك خۆیان گەیاندۆتە مەسیف سەلّاحەدین و خەلّکی وەکو ئێوەشیان بەم شێوە حەیابەرە لێرە بەجێهێشتووە، بەخوا وازت لێناهێنم تاکو لێرەت نەبەمەدەر.

بەندە: تۆ خۆت من باش دەناسی کە هیچ کاتێك سڵ لە مردن ناکەمەوەو بەهیچ شێوەیەك ترسم لە لەشدا نییە، بڕیارمداوە لێرەبم تاکو (ئەمری حزبم) بۆدێ.

کاتێك کاکە حەمەی حەلاق زانی بە قسەی ناکەم بەبێ ئومێدی ڕۆیشت، بەلّام دیسان دەوروبەری سەعات (٣)ی عەسر لە یەکێ لە خانووەکانی پشتی شیراتۆنەوە کە تەلەفۆنی تێدابوو کە تاکو ئەو ڕۆژەش گەرمایی تێدامابوو کوڕێکی گەنج بە هەلّەداوان منی دۆزییەوەو گوتی: تەلەفۆن تۆی دەوێ. تـــــەقە زۆر

گەرم بوو تەنانەت نەتدەتوانی لە شوێنێکی کراوە بەدیارکەوی لەبەر ڕێژنەی گوللە، بەلّام دیسان بە پارێز بەدوای کوڕە گەنجەکە کەوتم و خۆمان کرد بەو خانووەی کە هەر لەو کۆلّانەی دوای بالّەخانەی شیراتۆن بوو، یەکسەر کوڕە گەنجەکە منی بردە ئەو ژوورەی تەلەفۆنی تێدابوو، منیش دەستم بۆ تەلەفۆنەکە برد و گوتم:

بەلّێ، هەلاو، فەرموو:

دەنگی بەرانبەر: کاك فەرهاد تۆی؟ من محەمەدی حەلاقم، لەمەقەڕی خۆمانەوە قسەت لەگەلّ دەکەم، ئاگام لێیە تەقە لەسەر شیراتۆن زۆر بە قوەتە، کاکە خۆت ئامادە بکە من پاش نیو سەعاتی دیکە دەگەمە لات دەبێ ڕزگارت کەم چی دیکە عینادی مەکە (**دایکت نیوەڕۆ لەمالّی خوشکم بوو**) (**ئەم قسەیەی تەنیا بۆ ئەوەبوو کە تەنسیر لە من بکات**) دەیگوت: (**هەرچۆنێك بێت فەرهادم بۆ نەجات بدە**).

بەندە: زۆر سوپاس کاکە گیان من پێش نیوەڕۆ بە جەنابتم گوت من بۆ درێژە دان بە کاری ڕاگەیاندن هاتوومەتە ئێرە، تاکو ئێرەش پێویستی بەمن هەبێت جێینا‌هێڵم، جارێکی دیکەش سوپاسی ئەو پەرۆشیەت دەکەم.

حەمەی حەلاق: بەڕاستی نەم دەزانی ئاوا عینادی انشاءالله مەحفوز دەبی، ئەو ژمارە تەلەفۆنە لای خۆت بنووسە بۆ کاتی پێویست.

7

برایمنی

«هێڤی» هیوا بە منداڵانی کوردستان دەبەخشێ....

DIAKONIA

HÊVÎ
ORPHANAGE

FUNDS
BY
DIAKONI A - SWEDEN
1995

(GRETHE GRIMSTAD)

رۆژی ٣٠مـانگ و شـەوی ٣٠–٣١و رۆژی ٣١ی مانگمـان بـەو شـێوەیە بەسـەربرد، نووسینی وتار و بانگەواز لەنێوخۆشماندا باس لەو کەمو کورتیانە دەکران کە بۆ هۆکاری گەیشتنمان بـەو حالـەی کـە تێیکـەوتبووین، شـەوی ١٩٩٤/١/٣١–١٩٩٥/١/١٢، کـە دوا شەوی زێدە ناخۆشی ساڵی ١٩٩٤ بوو، لەژێر زەمینەکەی شـیراتۆن لەگـەڵ ئـەو هـەڤاڵ و برایانەی کە پێشووتر ناوم هێنـاون بـەدیار تەلەفزیۆنەکـەی کـەنالی گـوڵان کـە حـەمکۆی هونەرمەند بەوپەڕی ئازایـەتی و گیـانی لەخۆبردوویـەوە مشـوری تەلەفزیۆنەکـەی وەکـو هونەرمەنـد، بێـژەر، تـەکنیکی) رۆڵـی دەگێـڕاو ناوەنـاوەش گۆرانییـە بەناوبانگەکـەی (**ئیبراهیم تاتڵیسان**)یان (**زاڵم زاڵم**) لە تەلـەفزیۆن لێدەدا، لەکاتێکدا کـە سـەیری کەنـاڵە ئاسمانییەکانی ولاتانی دیکەمان دەکرد دەمان دیت میللـەتانی سەرتاسـەری جیهـان لـەم کات و ساتانەدا خەریکی ئاهەنگ گێڕانن بۆ بەڕێکردنی ساڵێکی دیکە لە ژیان و پێشـوازی لە ساڵێکی تازە دەکەن، دیمەنەکان تا ڕادەیەکی زۆر نیگەرانی دەکردم بۆ ئـەو حاڵەتـەی کە گـەلی کوردسـتان و پـەیوەنـدی نێـوان پـارتی و یـەکێتی تێکـەوتووە کـە خـەریک بـوو خـەونی چـەند سـاڵەی ئێمـەمانانی زیندەبەچـاڵ دەکـرد و پـاش ئـەو هـەموو قوربـانی و مااڵکاولییەی کە گەلەکەمان تووشی هاتبوو، بەهەرحاڵ ئەو شەوە بـە خـەم و خەفـەتێکی زۆرەوە درەنگانێك لە ژوورێکی سەرەوە لەگـەڵ مامۆسـتا محەمـەدی مـەلا قـادر و برایـان

کاك مەحمود ئەحمەد و کاك سەلاح دەلۆ و کاك زاهیر رۆژبەیانی و بەندە نووستین، سەرەڕای ئەو هەموو تەقەیەی کە بە چەکی جۆراوجۆر لە باڵەخانەکەدا دەکرا.

رۆژی یەکەمی ساڵی تازە هەر زۆر زوو لە خەو هەڵساین، بەڵام تاکو بڵێی تەقە زۆر بوو، ناوەناوە یەکێك خۆی بەباڵەخانەکەدا دەکرد و هەواڵێکی تازەی ناخۆشی بۆ دەهێناین. سەعات ١١ ی رۆژی ١٩٩٥/١/١ شێخ محێدین (**بابەکە**)م نارد لای بارەگای رۆژنامەو ماڵی ئێمە، لەگەڕانەوەدا هەواڵی پێدام کەوا ماڵەکەی من وەکو لە دراوسێیەکانی زانیبوو شەوی پێشووتر تاکو بەرەبەیان لەلایەن چەکدارانەوە تاڵان کراوەو گەسکیان بۆ لێداوین، ئۆتۆمبێلەکەشم براوەو خۆمان خۆش، بەڵام بارەگای رۆژنامە جارێ وەکو خۆی مابووەوە، تاڵان کردنی ماڵەکەم ئەو رۆژە، کە رۆژی یەکەمی ساڵی تازە بوو خەمێکی گەورەی بۆ دروست کردم لەکاتێکدا پێشووتریش دووجاری دیکە تووشی ئەم دەردە هاتبووم، (**دەردی مانّ تاڵان کراو**) جاری یەکەمیان ساڵی ١٩٦٣ بوو کاتێ لەگەڵ دەست پێکردنەوەی شەڕی یەعسی فاشی بۆ سەر کوردستان لە حوزەیرانی ئەم ساڵە ئێمەو دەیان خێزانی دیکەی شاری (**کۆیە**) رووماڵ کردە ناوچە ئازادکراوەکان و خێزانی ئێمە لەگەڵ چەندین خێزانی دیکە لە گوندی (**هەڵشۆ**)ی سەر بە قەزای قەڵادزێ لەسەر سنووری ئێرانە گیرسانەوەو منیش بووم بە پێشمەرگەی کاتب لە دادگای بەرزی شۆڕش لەماوەت، کاتێ سوپاو حەرەس قەومی و جاش دەگەنە کۆیە یەکسەر ئەو ماڵانە تاڵان دەکرێن کە شاریان بەجێهێشتبوو، کە یەکێك لەو ماڵانە ماڵەکەی ئێمە بوو، کە تێیدا چەندین وێنەو جلوبەرگ و کتێبخانەیەکی خنجیلانەی بچووکی تایبەتی خۆم کە لە ژوورە تایبەتییەکەم لەگەڵ هەموو کەلوپەلی ناو ئەو ماڵە گەورەیە بە کتێبخانە گەورەکەی باوکیشمەوە کە دەیان دیوانی دەستنووسی شاعیرەکانی کوردی تێدابوو، تاڵان کراو پاشانیش ئاگریان لە پاشماوەکەی بەر دابوو. تاڵان کردنی جاری دووەمیشم ماڵەکەی بەغدام بوو، کە تازە لە شوباتی ساڵی ١٩٧٤ ژنم هێنابوو و مانگێکی ڕێکوپێك و کتێبخانەیەکی باشم پێکەوە نابوو، ئەویش کاتی پاش پاشگەزبوونەوەی بەعس لە ڕێککەوتننامەی (١١)ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠بوو، لە ئاداری ساڵی١٩٧٤ پەیوەندیم بە شۆڕشەوە کرد و چوونمان بۆ سەرەوە و بۆناو دەزگاکانی شۆڕش بوو بەهۆکاری ئەوەی بەعس لە بەغدا چەند ماڵێکی دەست بەسەرداگرت و هەڕاجی کرد، یەکێك لەو ماڵانە ماڵەکەی من و ماڵی خەزورم عەمیدی خانە نشین (**عبدالله سعید**)بوو، کە ئەوکاتەش

سەرەڕای کەلوپەل و شتومەکی ناو مالێ وێنەو ئەلبووم و ئەرشیف و کتێبخانەی ئەو هەشت نۆ ساڵەی کە لە بەغدابووم بە تاڵان چوو، تێیدا هەموو ئەو وێنانەی کە لە ژیانی زانکۆو پاشانیش ئەو وێنانەی کە لە دەرەوەی عێراق لەگەڵ ئەو کەسایەتییە کورد و بێگانانە گرتبووم تێدا فەوتا، بەڵام جاری سێیەم کاریگەریی دەروونی لە هەردوو جاری پێشوو زیاتر بوو، ئەویش سەرەڕای ناو مالّی ئەو (٢٠) ساڵەی کە لە ساڵی (١٩٧٥–١٩٩٥) پێکەوەم نابوو لەگەڵ ئەو کتێبخانە دەوڵەمەندەی کە هەمبوو، کە لە پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولەوە لەکۆیە کۆمکردبووەوە، زۆرم خۆ پێوە خەریک کردبوو، چونکە پاش نسکۆی شۆڕش یەکێک لە برادەرە هەرە خۆشەویستەکانم بوو، هەمیشە ئەو سەلوایەی پێ دەبەخشیم کەلێی بێ بەش بووبووم لە دوای نسکۆی شۆڕشدا، سەرەڕای وێنەو یادگار و شەهادەی قوتابخانەی (**رێکان و لانە**)کە هەمووی لەشەوی سەری ساڵی ١٩٩٥ تێداچوو، کە بەداخەوە تاکو ئێستاشی لەگەڵدابێت، نە هیچ وێنەیەک و نە هیچ بڕوانامەیەکی مندااڵنەکانم و نە ئۆتۆمبێلە بەرازیلییەکەم دەست نەکەوتەوەو خەریکە بەرە بەرە بەزۆر لەبیر خۆمی دەبەمەوە.

سەرلە ئێوارەی ڕۆژی ١٩٩٥/١/١ پێیان راگەیاندین کەوا کادیر و لێپرسراوە مەدەنییەکان، ئەگەر دەتوانن خۆیان دەرباز بکەن (**چونکە شیراتۆن کەڵکی خەڵکی وەکو ئێمەی نەماوە**)، برادەران یەک و دوو شیراتۆنیان بەجێهێشت. ئێوارە درەنگانێک پاش مشتومڕێکی زۆر برای ڕۆژنامەنووس (**سالار عوسمان**)، کە ئەوکاتە کارمەندی دەزگای گوڵان بوو قەناعەتی پێ کردم منیش لەگەڵ ئەو و بابەکە ڕوو بکەمە بارەگای حزبی شیوعی کوردستان کە تەنیا شەقامە سەرەکییەکە لە شیراتۆنی جیا دەکاتەوە، باران نەمنەم وەکو بڵێی یاخود من وام دەهاتە بەرچاو زۆر بە غەمگینی دەباری، دەتگوت فرمێسکی دایکێکی میهرەبانە بۆ ڕۆڵە بێ سەروشوێنەکەی دەگری، تەقەو تەقەی بەرانبەریش بە شێوەیەک گەرم بوو کە مرۆڤ زاتی نەدەکرد سەر لەکون دەربێنێ، بەڵام پاش هاتووچۆیەکی زۆر بابەکەو سالار لە پێشەوەو منیش لە دواوە بەدوو قۆناغ کە قۆناغی یەکەم گەیشتینە شوێنی خاڵی پاسەوانی باڵەخانەی پێشەوەی شیراتۆن (**نقطة الحراسة**) لەسەر شۆستەی بەردەم شیراتۆن کە بۆ ماوەی چارەکە سەعاتێک تێدا چاوەڕوانیم کرد، قۆناغی دووەمیش ڕاکردنێکی هەرە خێرای کە تاکو چەند تاقەتم هەبوو لەوێوە بۆ سەر دیواری دەرەوەی بارەگای حزبی شیوعی کوردستان بوو کاتێ ناسیمیان

دەرگایان بۆ کردینەوە، دوو شەویش بەڕێزێکی تایبەتی گلیان داینەوەو میواندارییەکی شیوعیانەو مرۆڤ دۆستانەیان کردین، کە هەرگیز لەبیرم ناچێ، پاشانیش بە یاوەری بەڕێزان (**حەیدەر فەیلی ئەندامی م.س حزبی شیوعی کوردستان و سەید حەسەن بەرزنجی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان سەر بە لیستی سەوزو مامۆستا مەلا ..... ئەندامی پەرلەمان و سەر بە لیستی زەرد بە ئۆتۆمبێلێکی شەخسی لەسەر راسپاردەی کاك جەوهەر نامق، یەکەم سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، منیان گەیاندە تەلاری پەرلەمانی کوردستان و بۆ ئێوارەش لەگەڵ مامۆستا مەلا محەمەدی مەلاقادر و بەڕێزان مەحمود ئەحمەد و مەئمون بریفکانی، کەریم فندی**) لەگەڵ کاروانی (I.N.C) سەربە بەڕێز ئەحمەد چەلەبی گەیشتینە مەسیف سەڵاحەددین.

خوێنەری بەڕێز...

لەوانەیە هەندێکتان، کاتێ ئەو چەند دێرە دەخوێننەوە، یەکسەر رەخنە لە نووسینەکەم بگرن کە لە سەرەتادا بە (**ئەزموونی رۆژنامەگەریم**) ناوزەدکردووە و لەوانەشە بڵێن ئەم نووسینە یاخود ئەم چوونە ناو دونیای سیاسەتە و شەڕی ناوەخۆ هیچ پەیوەندییەکی بە ئەزموونی رۆژنامەگەرییەوە نییە، بەڵام بۆ وەڵامی ئەم جۆرە رەخنەیە منیش دەڵێم: هیچ ئەزموونێك چ ئەزموونی رۆژنامەگەریی بێ یاخود ئەزموونی سیاسی یاخود کاتێ بیرەوەری رۆژانی رابوردوو دەگێڕییەوە نووسەر ناتوانێ لەناو خودی ئەو بابەتە بخولێتەوە کە لە پێشەوە ناوونیشانی بۆ داناوە یاخود تەنیا بە رووتی باس لەو بابەتە بکات کە تەنیا بەشێکە لەسەراپای بابەتێك کە ئەوکاتە ئەو لایەنەی گرتۆتەوە، چونکە هیچ تەجروبەیەك بەتەنیا بەرووتی لەدایك نابێت و بەتەنیاش نامێنێتەوە، بەڵکو تێکەڵاوی بە تێکڕای ژیانی مرۆڤ دەبێت، بۆیە ئەم پێشەکییەی کە نووسیومە دەربارەی قۆناغێکە کە ئەزموونی رۆژنامەگەریمی پێدا تێپەڕیوەو دەتوانم بڵێم "**ئەزموونە رۆژنامەگەرییەکەم**" بەو حاڵەتانە تەنراوە کە باسم لێوەکردوون و ناکرێ بە رووتوقوتی باس لە مەسەلەیەك بکەم وەکو موعادەلەیەکی کیمیایی بێ ئەوەی باس لە دەوروپشت و بارودۆخ و کاریگەرییەتی ئەم و ئەو کە تا رادەیەکی یەکجار گەورە ئەم چیرۆکە دروست دەکەن کە هەریەکە لە لایەکەوە دەچێتە ناو خودی بابەتەکە.

بارودۆخی ئێمەی ئەندامانی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن، (**رێبوار یەڵدا، بارزان مەلا خالد، ئاسۆکەریم، زاهیر رۆژبەیانی، سەرۆ قادر، کاروان ئاکرەیی، نەژاد عەزیز سورمێ و**

نووسەری ئەم چەند دێڕەو پاشانیش کاك ئاریان فەرەجیش بوو بە ئەندام)، کە هەریەکەمان لێپرسراوی دەزگایەکی راگەیاندن بووین تەنیا کاك بارزان کە وەکو نوێنەری دەزگای رۆشنبیری حکومەت (**وەزارەتی رۆشنبیری و نەژادی عەزیز سورمێ**) وەکو سکرتێری رۆژنامەنووسی مەکتەبی سەرۆك بارزانی رۆژانە بۆ ماوەی سەعاتێك لە ژوورەکەی شەهید سامی عەبدولڕەحمان، کە ئەوکاتە لێپرسراوی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن بوو، کۆدەبوونەوە و تاوتوێی بارودۆخە سیاسییەکەمان دەکرد سەرەڕای بایەخدان بە راگەیاندن کە لە سەرەتا لەم قۆناغەدا بریتی بوو: لە کەناڵی تەلەفزیۆنی (K.tv) و ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق، پاشانیش ئێزگە و تەلەفزیۆنی گۆلانیش کەوتنەوە گەڕ.

بە درێژایی رۆژانی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٩٥تاوەکو ١٩٩٥/٢/١٣ هەمیشە بیرم لەوە دەکردەوە چۆن بتوانین جارێکی دیکە رۆژنامەی برایەتی بخەینەوەبەر دەستی خوێنەران، یەك–دوو جار ئەم مەسەلەیەم لەگەڵ خوالێخۆشبوو کاك سامی عەبدولڕەحمان باس کرد، ئەویش هەرجارە بەم شێوەیە وەڵامی دەدامەوە: **"کاکە فەرهاد جارێ لێ بگەڕێ وەزعەکە موعەقەدە پارە کەمە با ئێمە ئەهمیەت بە تەلەفزیۆنی مەرکەزی و ئێزگە بدەین، رۆژنامە ناگاتە دەستی هەموو کەس لەم وەختە، بەڵام ئێزگەو تەلەفزیۆن کادری حازرن لە هەموو ماڵێك لە کوردستان جارێ بوەستە** (لم يأت اوانها)".

دەمزانی کاك سامی وەکو من بەپەلە نییە بۆ مەسەلەکە، بەڵام هەردووکمان حەقمان لابوو، ئەو گرنگی زیاتری بە ئێزگەو تەلەفزیۆن دەداو دەیگوت پێویستە (**هەموو تەرکیزمان بخەینە سەر ئەم دوو کەناڵە**) لەلایەکی دیکەشەوە لەم رۆژانەدا مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن ئەو پارەیەی نەبوو کە بۆ برایەتی و خەباتی تەرخان بکات، چونکە خەرجی ئەو خەڵکەی کە خۆیان گەیاندبووە مەسیف سەڵاحەددین، سەرەڕای خەرجی سوپا، وای لێ کردبووین کە ئەم مەسەلەیە یانی دەرچوونەوەی برایەتی و خەبات، تا رادەیەك فەرامۆش بکرێت.

لە سەرەتای مانگی شوبات کاك جەوهەر نامیق، کە ئەوکاتە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بوو و لەهەمان کاتیشدا ئەندامی مەکتەبی سیاسی (**پ.د.ك**) و خاوەنی ئیمتیازی رۆژنامەی برایەتی بوو، ناوە ناوە لە هەولێرەوە کە ئەوسا لەگەڵ ژمارەیەك

پەرلەمانتاری لایەنەکان پەناگیریان (**اعتصام**) راگەیاندبوو، لە باڵەخانەی پەرلەمان مابوونەوە، بەڵام چەند رۆژ جارێك بۆ ئیرتباتاتی حزبی دەگەڕایەوە سەڵاحەدین هەموو جارێکیش یەکتریمان دەدیت و شەکوای دەرنەچوونی رۆژنامەم بۆ دەکرد، سەرلە ئێوارەی رۆژێك لە سەرەتای مانگی شوبات پێکەوە سەردانی بەڕێز ئەحمەد چەلەبیمان کرد لە ماڵەکەی خۆی لە سەڵاحەددین بە مەبەستی زیارەت و تەکلیف لێ کردنی بۆ یارمەتی دانمان کەوا بتوانین برایەتی و خەبات بەو ئامێرەی کە لە بارەگاکەیان بارەگای (I.N.C) هەیانبوو کە جۆری (**ریزۆگراف**)ی یابانی بوو بە پلێتی کاغەز (**پلیت ورقی**) تێدا بەکار دەهات بۆ چاپ کردن و بە کاغەزی (**شیت**) بتوانین سوودی لێ وەربگرین. ئەحمەد چەلەبی لە وەڵامی ئەو داوایەی کە بە ناوی منەوە کاك جەوهەر لێی کردبوو کە ئایا "**فەرهاد دەتوانێ چەند ژمارەیەکی برایەتی و خەبات بەو** (ریزوگرافە)**ی ئەوان چاپ بکات**". بەڕێز چەلەبی زۆر جوامێرانە دەستی دایە تەلەفۆنەکەی کە لەسەر مێزێکی تەنیشتییەوە داندرابوو بەو لێپرسراوەی ئەو شوێنەی گوت کە ئامێرەکەی تێدابوو (**عيني أبو فلان استاذ فرهاد عوني يجي يمك راح يطبع جريدتهم** (البرايتي) **بالجهاز الرزيوكراف مالتنا خليهم يستعملون الجهاز الى أن هم ينجازون و برهاوتهم**). کاتێ گوێم لە قسەکانی الچلبی بوو جارێ لەپێشەوە سوپاسێکی بێ پایانم کرد و خەریکیش بوو لە ناخەوە لە خۆشیاندا گەشکە بگرم.

ئامێری چاپ دابینکرا، بەڵام من بەوە نەوەستام، بۆ رۆژی دوایی کارمەندی رۆژنامە کاکە (**کاروان محەمەد سینۆ**)م لەگەڵ خۆم بردە بارەگای الچلبی (**ئەو بارەگایەی کە ئامێری چاپەکەی لێ بوو**) کە لە خوار تەلاری ئێستگەی دەنگی کوردستانی عێراق بوو و ئەو برادەرەی لێپرسراوی ژوور و ئامێرەکەمان ناسی و لەگەڵی رێککەوتین کە کاتێ بابەتی رۆژنامە ئامادەبوو بە رۆژ ئاگاداری بکەین بۆ شەوەکەشی چاپی بکەین و کاروانیشم راسپارد لەگەڵ چاپ کردنی هەر ژمارەیەك لە خەبات و برایەتی پادداشت بدات بەو برادەرەو بەو کارمەندەی کە کاری لەگەڵ دەکات، پاشانیش هەر بە هەمان شێوەو بەبێ ئاگاداری (**الچلبی**) بە خشکەیی چەند ژمارەیەکی (**گولان**)یشم تێدا بە چاپ گەیاند، چونکە (**الچلبی**) رازی نەبوو گولان بە ئامێری ئەوان چاپ بکرێت بەهۆی ئەو کاریکاتێرەی کە لە یەکێ لە ژمارەکانی گولان لەسەر (**الچلبی**) بڵاوکرابووەوە، مایەوە گرفتی پێداویستی چاپ کە پێداویستییە سەرەکییەکە (**کاغەزی رۆژنامە**) بوو کە دەبا هەرهیچ

نەبێت (٥٠) بەندی ٥٠٠ کاغەز پەیدا بکەم کە تەنیا لە بازاڕی هەولێر دەست دەکەوت، بەڵام بەداخەوە (پارە) نەبوو، یەک دوو رۆژ لەگەڵ کاک سامی خەریک بووم بۆ پارە، بەڵام بەداخەوە، وادیاربوو ئەویش لەبەر دەستی نەبوو، پەنام بۆ چەند شوێنی دیکە برد هەر بێ سوود بوو، ناچار بووم سەفەرێکی بەپەلەم بۆ دهۆک کرد، بۆلای برادەرێکی خۆشەویستم کە ئەوکاتە ئەویش لە ئوتێل (**قصر دهوك**) رۆژی دەبردە سەر و لە هەولێر دورکەوتبووە ئەویش کاکە (**سەرۆ نامیق دزەیی**) بوو کە یەکسەر بڕی (٣٥,٠٠٠) سی و پێنج هەزار دیناری سویسری بە (**قەرزی حەسەنە**) دامێ تاکو ئەو رۆژەی پارە پەیدا دەبێت ئەوجا بیدەمەوەو ئەم هەڵوێستەی کاک (**سەرۆ دزەیی**)م قەت بیرناچێتەوە پاشانیش ١٠ر٠٠٠ده هەزار دیناریشم لە کاک سەرۆ قادر وەرگرت وەکو قەرز بۆ پێداویستی رۆژانەی ئەو چەند رۆژنامەنووس و کارمەندەی برایەتی و خەبات کە ئەویش شایانی سوپاسێکی گەورەیە. پارەکەم هێناو کاک ئەسعەد عەدۆم تەکلیف کرد بەهۆی ئەوەی کە یەکێ لە کوڕەکانی حاجی هاشم خاوەنی (**قرتاسیەی دڵشاد**) زاوای بوو، کە کاغەزمان بە قاچاغ بۆ بنێرێ، کاتێ کاغەزەکەمان بەدەست گەیشت باش دەرنەچوو، پاشان بەهۆی کاک زادۆق ئادەمەوە کە ئەو بە حوکمی ئەندامی (**م.س**) حزبی (**بێت نەهرێن**) بوو لە هەولێریش مابووەوە، نامەیەکم بۆ برای بەڕێز کاک (**عەبدولڕەحمان بەهجەت**) خاوەنی قرتاسیەو چاپخانەی نازە نووسی، بە گەیشتنی نامەکەم کاکە عەبدولڕەحمان یەکسەر ئەوەندە بەندە کاغەزەی داوام لێ کردبوو بۆی ناردم و بە گەیشتنی کاغەزی رۆژنامە سەراپای پێداویستییەکانی دەرچوونی رۆژنامە هاتنە بەردەست.

ژیان و بەرخودان..
«خالید نازگەیی»
ئەو پیاوەی نزیکەی
سێ سەدەیە ئەشقیای چیایە

بابەتەکانی یەکەم ژمارەی ئەم خوولە کە لە ١٩٩٥/٢/١٣ بە ژمارە ٢١١٩ لە مەسیف سەلاحەددین دەرچوو بە (١٠) لاپەڕە ئامادەبوو، تایتل و مانشێتیش ئامادەکرا کە لە بۆکس لای چەپی سەرەوە نووسراوە:

برایەتی چاپی لەندەن

ئاگادارى خوێنەرە نازیرەکانمان دەکەین کە (برایەتی) بەشێوەیەکی کاتی بەشێوەی ئێستای دەردەچێ.
هەروەها ئەم ژمارەیە و، لە بەردەستدایە لە یەک کاتدا لە کوردستان و لەندەن دەرچووە.

برایەتی
BIRAYETÎ
الساخي
رۆژنامەیەکی سیاسی رۆژانەیە پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکگرتوو دەری دەک

ژمارەی ٢٣ی رێبەندان ٢٦٩٤ی کوردی ١٣ی رەمەزان ١٤١٥ NO.(2119) Mon. Feb.13.1995 ١٠. چوارە. نرخی ٢٠ دینارە

بابەتەکانی ئەم ژمارەیە زیاتر ئیعتیمادی لەسەر ئەو بلاوکراوانەی کە لە مەکتەبی سیاسی و یاخود مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنەوە دەهات و لە ئەندامانی دەستەی نووسەرانیش کاك زاهیر رۆژبەیانی لەسەرەتادا هاوکارم بوو، بەڵام بەهۆی گۆڕانەوەی مالّ و منداڵی بۆ دهۆك، مانەوەی ماوەی پشووی لەوێ کەمتر دەپەرژایە سەر کاری رۆژنامە، بەڵام دیسان ئەو ماوەی لە سەڵاحەددین دەمایەوە کەمتەرخەمی نەدەکرد، بەڵام زیاتر بە ئیشوکاری پەرلەمان سەرقاڵ بوو. ئەندامانی دیکەی دەستەی نووسەرانیش هەریەکە زیاتر سەرقاڵی ئیشوکارێکی دیکەی راگەیاندن بوون و لە سەرەتاشدا تاکەوتاك نەبێت رۆژنامەنووسان و کارمەندانی دیکەی هەردوو رۆژنامە جارێ هەر لە هەولێر مابوونەوە، بۆ مەسەلەی هەفتەنامەی خەباتیش کە کاك فەلەکەدین کاکەیی سەرنووسەری بوو، پاش هەڵگیرسانی گەڕی یەکەمی شەڕی ناوخۆ رووی لە هەولێر نەکردەوەو مامەڵەی لەگەڵ رۆژنامەکە لە مەسیفەوە تەنیا لە رێگای ئەو فاکسەی کە لە ژوورەکەی من بوو، سەرپەرشتی دەکرد، هەڵسووڕێنەری هەفتەنامەکەش کاك سەعید یەحیای رۆژنامەنووس بوو، بێ ئەوەی ناویشی لەسەر هەفتەنامەی خەبات بنووسرێ. دیسان ئەو ماوەی لە مەسیف سەڵاحەددین بووین بەهەمان شێوە کاك سەعید راستەوخۆ کارەکانی هەڵدەسووڕاند و کاك فەلەکەدین—یش هەفتەی جارێك سەری دەدا یاخود بە یەکێك (**الافتتاحية**) و بابەتی دیکەی دەنارد و کارەکانی کارگێڕی و ژمێریاری و چاپ کردن و دابەشکردنیشی وەکو رۆژنامەی برایەتی لە ئەستۆی ئێمەدابوو.

کاك شێرکۆ حەبیبی رۆژنامەنووس، کە ئامۆزای منە، لە ساڵی ١٩٨٤وە وەکو پەنابەری سیاسی لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا دەژی، ئەویش سەرەڕای کاری رۆژانەی بۆ دابین کردنی بژێوی ژیان لە غوربەتدا زۆر بەدڵ (**وەکو باوك و مامی خوالێخۆشبووانی کە لە سەرەتای دروستبوونی پ.د.ك و، لە ساڵی ١٩٤٦ لە ریزەکانی ئەم پارتە لە تێکۆشان دابوون**) پارتایەتی دەکرد و لەوانەشە زۆرجاریش تووشی کێشەی هەمەلایەنە دەبوو لەسەر ئەو هەڵوێستەی، حەزیشی لەکاری رۆژنامەنووسی دەکرد و بە تەنیاو

لەسەر حیساب ب گیرفانی خۆی (٣٦) ژمارەی لە گۆڤاریّك دەردەکرد بەناوی (**ژینۆ**) پاشانیش منیشی تێوەگلاند. شێرکۆ بە تەلەفۆن هەمیشە لەگەڵ من پەیوەندی دەگرت، دیسان هەر بە تەنیا هەڵوێستی نواند و ئامادەیی نیشاندا کەوا برایەتی و خەبات لەیەك کاتدا ئێمە لە کوردستان و ئەویش لە لەندەن چاپیان بکاتەوە بە هاوکاری راستەوخۆی کاك بورهان جاف کە ئەویش لە لەندەن سەرەڕای سەرقاڵی بە ئیشوکاری سیاسی کاری رۆژنامەنووسی دەکرد.

بۆ جیبەجێ کردنی ئەم کارەش کاکە (**شکار عەفان**)ی نەخشەساز و لێپرسراوی بەشی کۆمپیوتەر زۆر لێبوردوانە کارەکانی مەیسەر دەکرد و بە هاوکاری کاك (**شەریف**) لە مەکتەبی سەرۆك بە دیسك راستەوخۆ لەگەڵ تەواوبوونی کاری هونەری لە مەسیف سەلاحەددینەوە دەیاننارد لەندەن و شێرکۆش لە لەندەن کارەکەی رادەپەڕاند.

چەند سەرەقەڵەمێکی دیکەی چڕکراوە دەربارەی برایەتی لەم قۆناغەدا:

یەکەم: یەکەم ژمارەی برایەتی کە لە مەسیف سەلاحەددین دەرچوو بە ژمارە ٢١١٩بوو رێکەوتی رۆژی ١٩٩٥/٢/١٣ بوو ژمارەکانی دیکەش بەم شێوەیەی خوارەوە کە مێژوو ژمارەی لاپەڕەکانی دیاریکراوە:

ژمارە	مێژووی دەرچوونی	لاپەرە
٢١٢٠	١٩٩٥/٢/٢٧	١٠
٢١٢١	١٩٩٥/٣/١٠	١٢
٢١٢٢	١٩٩٥/٣/١٠	١٠
٢١٢٣+٢١٢٤	١٩٩٥/٤/٢٢	١٦
٢١٢٥	١٩٩٥/٥/٧	١٠
٢١٢٦+٢١٢٧	١٩٩٥/٥/٢٨	١٨
٢١٢٨	١٩٩٥/٦/١٥	١٦
٢١٢٩ +٢١٣٠	١٩٩٥/٧/٦	٢٢
٢١٣١ +٢١٣٢	١٩٩٥/٧/٢٠	١٦
٢١٣٣+٢١٣٤	١٩٩٥/٨/٧	٢٠
٢١٣٥+٢١٣٦	١٩٩٥/٨/٢٧	١٨

٢٢	١٩٩٥/٩/١٧	٢١٣٧+٢١٣٨
٣٠	١٩٩٥/١٠/١١	٢١٣٩ +٢١٤٠ +٢١٤١
٣٤	١٩٩٥/١١/٨	+٢١٤٢ ٢١٤٣+ ٢١٤٤+ ٢١٤٥+
١٠ لەگەڵ پاشکۆ	١٩٩٥/١١/٢٠	٢١٤٦
١٠	١٩٩٥/١١/٢٨	٢١٤٧
١٢	١٩٩٥/١٢/٨	٢١٤٨
١٢	١٩٩٥/١٢/١٦	٢١٤٩
١٢	١٩٩٥/١٢/٢٥	٢١٥٠
١٢	١٩٩٥/١٢/٣٠	٢١٥١
١٤	١٩٩٦/١/٨	٢١٥٢
١٤	١٩٩٦/١/١٦	٢١٥٣
١٠	١٩٩٦/١/٢٣	٢١٥٤
١٢	١٩٩٦/١/٣٠	٢١٥٥
١٢	١٩٩٦/٢/٧	٢١٥٦
١٢	١٩٩٦/٢/١٥	٢١٥٧
١٤	١٩٩٦/٢/٢٩	٢١٥٨
١٢	١٩٩٦/٣/٨	٢١٥٩
١٢	١٩٩٦/٣/١٤	٢١٦٠
١٦	١٩٩٦/٣/٢٤	٢١٦١
١٤	١٩٩٣/٣/٣١	٢١٦٢
١٢	١٩٩٦/٤/٨	٢١٦٣
١٢	١٩٩٦/٤/١٤	٢١٦٤
١٢	١٩٩٦/٤/٢١	٢١٦٥
١٢	١٩٩٦/٤/٢٦	٢١٦٦
١٢	١٩٩٦/٥/٨	٢١٦٧
١٢	١٩٩٦/٥/١٥	٢١٦٨

٢١٦٩	١٩٩٦/٥/٢٤	١٦
٢١٧٠	١٩٩٦/٥/٣١	١٢
٢١٧١	١٩٩٦/٦/٧	١٢
٢١٧٢	١٩٩٦/٦/١٥	١٢
٢١٧٣	١٩٩٦/٦/٢٤	١٦
٢١٧٤	١٩٩٦/٦/٣٠	١٦
٢١٧٥	١٩٩٦/٧/٨	١٦
٢١٧٦	١٩٩٦/٧/١٥	١٦
٢١٧٧	١٩٩٦/٧/٢٤	١٦
٢١٧٨	١٩٩٦/٧/٣١	١٦
٢١٧٩	١٩٩٦/٨/٧	١٦
٢١٨٠	١٩٩٦/٨/١٤	١٦
٢١٨١	١٩٩٦/٨/١٩	٢٠
٢١٨٢	١٩٩٦/٨/٢٨	٢٠
٢١٨٣	١٩٩٦/٩/٣	٨
٢١٨٤	١٩٩٦/٩/١٠	١٢
٢١٨٥	١٩٩٦/٩/١٤	١٦
٢١٨٦	١٩٩٦/٩/١٩	١٢
٢١٨٧	١٩٩٦/٩/٢٧	٨ لاپەڕە چاپخانەی پەروەردە لە هەولێر

دواین ژمارە کە هەر بە دەستەی پێشووی مەسیف سەلاحەددین دەرچوو ژمارە ٢١٨٦ بوو کە لە رۆژی ١٩٩٦/٩/١٩بە ١٢ لاپەڕە دەرچووە.

لەنێوان ١٩٩٥/٢/١٣کە رۆژی دەرچوونی ژمارەی یەکەمی قۆناغی مەسیف سەلاحەددینە تاکو رۆژی ١٩٩٦/٩/١٩، (٦٧) ژمارە بە (٨١٢) لاپەڕە لەو ماوەی سالێك و ٧ مانگ و شەش رۆژدا دەرچووە.

دووەم: ئەو شوێن و چاپخانانەی کە برایەتی و خەباتی لێ چاپ دەکرا ئەم چاپخانەو شوێنانەبوون.

١. لـه ژمـاره ٢١١٩ تـاكو ژمـاره ٢١٤٦ بـه پاشـكۆيەكى ٢٠ لاپـەڕەيى كـه لەگـەڵ ژمـاره (٢١٤٦)ه بـه ئامێرەكـەی (I.N.C) جـۆری (ریزوگـراف) بـوو كـه لـه بارەگاكـەی بـەڕێز ئەحمەد چەلەبی بو له مەسیف سەلاحەددین یانی ٢٧ ژمارەی پێ چاپ كراوه.
٢. ژمارەكانی ٢١٤٧، ٢١٤٨، ٢١٤٩ به ئامێرێكی ئیستینساخی جۆری شارب له دهۆك لـه (قیرتاسیەی محەمەد) چاپ كراوه.
٣. لـەژماره ٢١٥٠ وه تـاكو ژمـاره ٢١٧٨ لـه چـاپخانەی كۆلیـژی (شـەریعه)ی سـەر بـه زانكۆی دهۆك له دهۆك چاپ كراوه.
٤. لـەژماره ٢١٧٩ تـاكو ژمـاره ٢١٨٦ لـه چـاپخانەی خـەبات–ی پـارتی دیمـوكراتی كوردستان له دهۆك كه ئـەو كاتـه بـرای رۆژنامـەنووس كـاك سـەعید یـەحیا بەڕێوەبـەری چاپخانەكه بوو.
٥. له ژماره ٢١٨٧وه هاتەوه ئامێزی چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە له هەولێر.

سێیەم: بارەگای هەردوو رۆژنامـەی برایـەتی و خـەبات لـه سـەرەتادا كـه هـیچ شـوێن نەبوو، ناچاربووین ئـەو چـوار ژووره‌ی كـه لـه پێشـەوەی باڵەخانەكـەی ئێزگـەی دەنگـی كوردستان بوو، بیكەینه ئەو (**قەڵەندەرخانەی**) كه كارمەندان و رۆژنامەنووسانی هـەردوو رۆژنامەكەی تێدا ستاربوون، هـەم وەكـو بارەگـاو هـەم شـوێنی حەوانـەوەی ئـەو چـەند كەسەی كه له سەرەتادا پاش رووداوەكانی شەڕی ناوخۆ رووبان له مەسیف سەلاحەددین كردبـوو، بەڕاسـتی شـوێنێكی نالـەبار و ناڕێـك بـوو بەشـێوەیەك دەتـوانم بڵـێم هـەر لـه حەپسخانه دەچوو، بۆ ئەوەی تەحەمول بكرێت گرنگییەكی زۆرمان به پاك و خاوێنیدا كه ناوەناوه به دیتۆل دەمان شووشت و نەشمان دەهێشت كەس به پێڵاوەوه بێتەژووره‌وه، ئەم وەزعه تەحەمول كرا تاكو سەرەتای مانگی ئایاری سـاڵی ١٩٩٥ پاشـان خانوویـەكی دوو نهۆمیمـان دۆزیـەوه لـه یـەكێ لـه گەڕەكـەكانی رۆژهـەڵاتی شارۆچـكەی مەسـیف سـەلاحەددین كـه تـاكو كۆتـایی قۆنـاغی سـەلاحەددین لـەم شـوێنه ماینـەوەو باشمـان رێكخستبوو و هەندێ له كارمەندانیش هەر لەوێ دەنووستن پاشـان هـەر بەرانبـەر هـەمان خـانوو خانوویـەكی دیكـەمان بـەكرێ گـرت بـۆ نووسـتن و حەوانـەوەی رۆژنامـەنووس و كارمەندانی هەردوو رۆژنامەكه.

چوارەم: دەستەی رۆژنامەکە بریتی بوون لە هەمان رۆژنامەنووس و کارمەندانی پێشووی برایەتی و ئەوانەی کە هاتبوونە مەسیف سەلاحەددین کە بریتی بوون لەم رۆژنامەنووسانە:

١. زاهیر رۆژبەیانی
٢. ئەسعەد عەدۆ
٣. ئاسۆ کەریم
٤. شەمالّ حەویزی
٥. یاوەر نامیق سالم
٦. خالد حەمەئەمین
٧. محەمەد خدر مەولود
٨. شێرزاد عەبدولڕەحمان
٩. حەیدەر عەبدولڕەحمان
١٠. شکار عەفان
١١. سلێمان خالید ئاژگەیی
١٢. زەینەب جوبرائیل
١٣. رووناك یوسف
١٤. یەحیا جاف
١٥. کاروان محەمەد سینۆ
١٦. محێدین عەزیز (بابەکە)
١٧. شەهید عەبدولسەتار کەریم.
١٨. دلێر عەونی.
١٩. پەیمان فەرهاد

ستافی هەردوو رۆژنامەکەی دەزگای برایەتی و خەبات – مەسیف سەلاحەددین

پـاش ماوەیـەك رۆژنامەنووسـان فـەرهاد محەمـەد و وشـیار جـاف و محێـدین قـادر و شـاخەوان عـەلی حەمـەد و شـادمان دەرگەڵـەیی و کـەمال نـوری مـەعروف و هاوکارەکانیشـمان نووسـەرو رۆژنامەنووسـان سـالار عوسمـان و سـابر زەنگەنـەو خوالێخۆشـبوو حەمیـد رێبـوار و نیـازی حەمەعـەزیز و هـاوار کاکـەیی و ئـەمیر فنـدی و رێبەر ئەحمەد و ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی و شەهید مەهـدی خۆشـناو و عەبدولغـەنی عەلی یەحیا و موحەمەدی حاجی کەریم و خوالێخۆشبوو موحەمەدی مەلا ئەسعەد و

سـەرەڕای ئـەو نووسـەرو رۆژنامەنووسـانەی کـە لـە هـەولێر و سـلێمانیەوە بابـەت و هەواڵیان بۆ دەناردین.

نووسینگەی برایەتی و خەبات لە دهـۆك کـە بـرییتی بـوون لـە رۆژنامەنووسـان ئـازاد گولـەیی و موسـڵح عەبـدولقادر و ئیسـماعیل بـادی بـوون رۆژنامـەنووس رەشـید عەبدولعەزیزیش لە زاخۆوە پەیوەندی پێوە دەکردن و بەجدی کارەکـانی خۆیـان بـەڕێوە دەبرد و نووسینگەکەیان ببوو بە (**مەقەڕی خەلفی**) بۆ جێبەجێ کردنـی کارەکـان، بـەڵام سەبارەت بە ئەو تۆڕە پەیامنێرەی کە پێشووتر لە هەولێر و سەراپای کوردستان هەبوون دەتـوانم بڵـێم هیچـی نـەما بـەهۆی ئـەو بارودۆخـەی کـە شـەڕی نـاوخۆ دروسـتی کـرد، ژمارەیەکی کەم نەبێت لە رۆژنامەنووسان وەکو خوالێخۆشبوو شەهید عەبدولستار کـەریم و شاخەوان عەلی حەمەد بۆیە زۆر جار بەندەو رۆژنامەنووس شێرزاد عەبدولڕەحمان ئـەم رۆڵەمان دەبینی، لەگەڵ داوای لێبوردن لەو بـرا کارمەنـد و رۆژنامەنووسـانەی کـە ناویـان نـەهاتووەو هیـوادارم ئەگـەر هـەر رۆژنامەنووسـێك نـاوی نـەهاتووەو یـاخود بابـەتێکم هـەڵبواردووە ئـەوا بـە نووسـین ئاگادارمـان بکاتـەوە تـاکو لـە ژمارەکـانی داهـاتووی (**رۆژنامەنووس**) بە ئەمانەتەوە بۆی بڵاو بکەینەوە.

زۆر و کەم ئەو برایانەی کە ناویان هاتووە بەشداریان لە دەرچوونی برایـەتی کـردووە لەو قۆناغەدا، بەڵام راستییەك هەیە ئەویش ئەوەیـە کـە بەنـدە ئەرکـە هـەرە قورسـەکەی لەسەر شان بـوو، سـەرەڕای بەرپرسـیاریەتی (**سەرنووسـەر**) کـە ئاشـکرایە کـاری چـیـیە، کاری هەڵەچن و هەواڵ پەیداکردن و هەندێ جـاریش دەبوومـە پـەیامنێر سـەرەڕای کـارە ئیداری و ئازوقـە پـەیداکردن و دابـین کردنـی مووچـەی رۆژنامەنووسـان و کارمەنـدان بـە ڕادەیەك زۆربەی رۆژان لە سەعات ٨ی بەیانییەوە تاکو (١١)ی شەو لە بارەگـای رۆژنامـە دەمامەوە.

پێنجەم: بارودۆخی سیاسی ئەم ماوەیە کە لە ئاکامی شەڕی ناوەخۆ هاتبووە ئاراوە، تاکو بڵێی ناخۆش و دژوار بوو بەشێوەیەک زۆرجار مرۆڤی تووشی نامۆیی دەکرد لە کۆمەڵگای کوردەواریدا، چونکە هەموو هەوڵەکان لە هەردوو لاوە بەمەبەستێکی سەرەکی بەرەو ئەو ئاقارە دەچوو کە دەبێت لایەک لایەکی دیکە لە گۆڕەپانی سیاسی بباتە دەرەوە، لێرەدا من هیچ لایەنێک یاخود مەبەستم نییە هیچ لایەنێک تاوانبار بکەم لەدەست پێشخەری هەڵگیرسانی ئەو شەڕە خۆکوژییەی کە چەندین لاپەڕەی سپی و بەرخودانی لە مێژووی سەردەمی گەلەکەمانی رەش کرد، بەڵکو مەبەستی سەرەکیم لە تێوەگلانی رۆشنبیرانی وڵاتەکەمانە کە زۆربەی هەرە زۆریان چ لە سەردەمی رەش بەعسداو چ لەسەردەمی دوای راپەڕین نووسین و پەخشان و شیعر و لێکۆڵینەوە بابەتە رەمزییەکانیان لە خزمەتی کوردستان و یەکگرتوویی ریزەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلەکەمان بوو، بەڵام کاتێ شەڕی شوومی ناوخۆ رووبدا بە قودرەتی قادر قەڵەمەکانیش وەکو تفەنگەکانی بەرەکانی شەڕ کەوتنە گیانی یەکتری هیچ نەما پێکی نەڵێن و هیچ نەما لەگەڵیان نەکرێ، ئەمەیان سیمای بەدیارەوەی ئەم تۆپڕەبوون کە نەدەکرا خۆیان لەو بارودۆخە دەرکەنار بکەن، چونکە رۆشنبیرانیش بەشێکن لەو کۆمەڵگایەی کە تووشی ئەم دەردە مالکاولکارییە ببوون، کە مادامەکی کۆمەڵگاکە بە تێکڕای بەم دەردەی دەنالاند نەدەکرا یاخود بڵێین زۆر زەحمەت بوو ئەگەر نەڵێم مومکین نەبوو رۆشنبیران خۆیانیان

13

جەنگ

دروود لە گەورەیی زانای کورد هەژاری موکریانی

جەنگە گوڵێکی رازاوە.. بۆ یادی هەژار موکریانی هەمیشە زیندووە!

لێ دەرکەنار بکردایە، بەڵام دیسان وەکو کورد دەڵێ لە هەر عەقڵە لە خەساری، هیوادارم کە جارێکی دیکە گەلەکەمان تووشی ئەم دەردە نەبێتەوە، خەریك بوو تەپو وشکی کوردستان بسووتێنێ.

شەشەم: ئەگەربێت و بەوردی بەدەفتەری یادگارییەکانمدا بچمەوە بیانهێنمە سەر رووی ئەم لاپەڕانە، کە لە ماوەی کاری رۆژنامەنووسیم لەو ماوەیەی کە لە مەسیف سەڵاحەددینداا مابووینەوە، تۆمارم کردووە ئەوا زۆر راستی هەیە ئەگەر بێت و بڵاوی بکەمەوە لەوانەیە هەندێ براو برادەر ناڕەحەت بکات و هەندێکی دیکەیش، کە ئێستاکە لە مەوقیعی جیاجیای دیکەدان، تووشی جۆرە ئیحراجێکیان بکات.

زۆر جار بەتایبەتی لە مانگی یەکەم و دووەمی ئەم میحنەتە (**مانگی یەك و دووی سالّی ١٩٩٥**) مرۆڤ دەگەیشتە قەناعەتێك کە دەیبینێ رەش و سپی تێکەڵ دەکرێت، ترسنۆك بۆتە پاڵەوان و زەرەرمەند و کۆڵنەدەریش دەبا بە شەرمەوە داوای دابین کردنی (**الحد الأدنى**) بژێوی ژیانی کارمەندە قەلەندەرەکانی بکات. سەرەڕای فشاری لایەنی بەرامبەر کە بەداخەوە تەنیا لەبەر ئەوەی کە تۆ وەکو رۆژنامەنووسێکی ئەو بەرەی کە بە حوکمی چوونە ناو ریزی خەباتی کوردایەتی قەدەر بۆ ئەو لایەی فرێداوی ئەوا دەکەویتە بەر شالاّوێ کە نەخۆت و نە مالّ و منداڵ و نە دایك نەخوشك و نەبرا بەهیچ شێوەیەك رەحمیان پێ نەدەکراو بەپێچەوانەی ئەو مرۆڤانەی کە بەناوی خوازراوەوە بە هەڵوێستی خوازراوەوە بە قەناعەت و ویژدانی و سیاسی خوازراوەوە بە بیروباوەڕی خوازراوەوەش مامەڵەیان لەگەڵ بارودۆخە سیاسییەکە دەکرد و جێگەو رێگەی ئەو مرۆڤە رۆشنبیر و ئەو کادیرە تێکۆشەرە رەسەنانەیان (**في غفلة من الزمن**) دەگرتەوە، چونکە لەو بارودۆخە شەڕانییە و ئاکامەکانی ئەوا دووجای (**العملة الرديئة تطرد العملة الجيدة في السوق من التداول**) کاری پێ دەکرا.

لێرەدا نامەوێ کەسێك جۆرە لێکدانەوەیەکی تایبەت بەو چەند دێڕەی کە نووسیومە بە مەرامی دژ بەخۆی لێکی بداتەوە، چونکە من ئەگەر مەبەستێکم لەم چەند دێڕە هەبێت ئەوا گوناهەکە دەخەمە ئەستۆی بارودۆخێك کە سیمای دیارو نادیاری بۆنی فیتنە و ئاشوبەو رکەبەرایەتی لێوە دەهات و شەڕ لەسەر (**سفرەی بەتاڵ دەکرا**) و دەشبوایە قەناعەتیش بەخۆمان بێنین کە سفرەکە بەتاڵ نییەو خێری کوردی تێدایە و (**كل شيْ عن المعنى الصحيح محرف**)یش دەرکی پێ نەدەکراو هەمیشە و پاش تێپەڕبوونی دەیان سالّ

شیعره ڕەخنە ئامێزە بەناوبانگەکەی (**حەمدی**) شاعیری دەهێنایەوە یاد کە لە ساڵی (١٩٢٣) دەڵێ:

(باسی تەشکیلاتی ثانی هەر ئەکەم بۆ پێکەنین کەمترین بۆ گەورەتر، هەم گەورەتر بوو کەمترین).

حەوتەم: گیانی یەک خێزانی لەناو ئەو ڕۆژنامەنووس و کارمەندانەی کە لە هەردوو ڕۆژنامەی برایەتی و خەبات کاریان دەکرد تا ڕادەیەکی زیاتر باڵی بەسەریاندا کێشابوو، کە ئەو دیاردەیەش ڕەنگدانەوەی هەمان ئەو ڕێڕەوەبوو کە لەسەرەتاداو لە ڕۆژی دەست بەکاربوونم لە ١٩٩٣/١٠/٢٦ بە هەموو قەناعەتەوە پیادەم دەکرد و ڕێنماییم پێدەکردن، کە لە بنەڕەتدا لەو بڕوایەوە هاتبوو کە خۆم باوەڕی تەواوم پێیەتی ئەویش بەراوردکردنی خێزانی ڕۆژنامە بە تیمی فوتبوولّی تۆپی پێ، کە ئەگەر بەتەواوی تەباو هاوکاری یەکتری نەبن زۆر زەحمەتە سەرکەوتن بەدەست بهێنن بۆیە هەر کاتێک هەستم بەشتێکی نائاسایی نێوان دوو ڕۆژنامەنووس یا نێوانی کارمەند و ڕۆژنامەنووس یاخود نێوانی ئیدارەو تەحریر بکردایە ئەوا بە هەموو قورساییەک دەچوومە ناو کێشەکەو هەر لە ژووڕەکەی خۆم چارەسەرم دەکرد، بەڵام زۆر جاریش هەستم بەوە دەکرد کە لێرەولەوێ خەڵکانێک هەن دەیانەوێ کێشەم بۆ دروست بکەن و تەگەرە بخەنە بەردەم ئیشوکارەکانم بۆ ئەوەی سەرکەوتن لەو ڕێڕەوەدا بەدەست نەهێنم، بەڵام وەڵامی هەمیشەی من بەرانبەر بەو جۆرە مرۆڤ و بەو جۆرە گرفتانە فەرموودەیەکی پێغەمبەر بوو (د.خ) کە دەڵێ: **"تعاظموا بالتغافل"** و **"ویموتون بغیظهم"**.

ڕۆژنامەنووسان و کارمەندانی سەردەمی من چ وەکو سەرنووسەری ڕۆژنامەی برایەتی و چ وەکو لێپرسراوی دەزگای ڕۆژنامەنووسی برایەتی و خەبات (١٩٩٣/١٠/٢٦–٢٠٠٠/٢/٢٠) بەتایبەتی ڕۆژانی سەختی ژیانمان لە مەسیف سەڵاحەددین کە بە چ جۆرێک مامەڵەم لەگەڵ دەستەی هەردوو ڕۆژنامە دەکرد کە هیچ کاتێک لە مامەڵەی باوکێکی میهرەبان یاخود برا گەورەیەکی خەمخۆر نەدەچووە دەرەوە و هەمیشە شانازیشم بە دەستەکەوە دەکرد و دەیان جاریش ئەو پەندە سەربازییەم دەگوتەوە و بڕوای تەواویشم پێیەتی کە دەڵێ: **"الوحدة بأمرها والأمر بوحدته"** شێوازی ئیش کردنیشم کە لە ئەڵقەکانی داهاتوودا زێتری باس لێوە دەکەم بریتی بوو لە:

رایۆرت

لەراپۆرتێکی تایبەتی نێرگەی دەنگی ئەمریکا بەشی کوردی دا:

رۆژنامەی «برایەتی» مێژووییەکی پر شانازی تۆمار کردووە

تەمبەخانی تایبەتی دا بەڕێی بەرچاوی رۆژنامەی «برایەتی» و بەسەرکردنەوەی مێژووی پر سەروەریی ئەم رۆژنامەیەو جو خشتەنەوە بەراوردوی رووناکی بە درێژایی تەدیبک بوونی تا رۆژی دەگیرکردنی لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستان و نێزگەی دەنگی ئەمریکا بەشی کوردی تەمبەرنامەکانی ئیواردی ۱۹۹۵/۱۲/۳۰ رادیۆرتێکی تایبەتی بلاوکردەوە و تیایدا ئاماژەی بۆ قۆناغەکانی سەرهەڵدان و پێشکەوتنی بەردەوامی رۆژنامەکە کرد لەبووارێ جۆراوجۆرەکانی ئەم کۆڵە بڕاقی رۆشنبیری کوردی. ئەمەش دەقی ڕاپۆرتەکەیە:

برایەتی

برایەتی ژمارە ٥٠، ساڵی ١٩٤٣

دیمۆکراسی بۆ گەلانی ئازاد

برایەتی ژمارە ٥٠ ساڵی ١٩٤٤

برایەتی

گۆڤاری دەنگی ئەمریکا - بەشی کوردی
ڕاپۆرتی دوا جار: ١٩٩٥/١٢/٣٠

(الف)- سەبارەتی ئەم دەڵی دا ڕۆشنکردنەکی کوردی بەشێوەیەکی هەمەلایە دەربڕین. ئەم دوو ئەم ڕۆژنامە کوردی یە بلاوبووم

١. کۆبوونەوەی پێشوەخت لەگەڵ دەستەی نووسەران و لێپرسراوی لاپەڕەکان بە مەبەستی باس کردنی ڕێڕەوی ڕۆژنامەکەو ئەو بابەتەی کە لە ئارادایە لە ڕۆژێکی دیاریکراودا ڕۆژنامەی بۆ تەرخان دەکرێت تاکو پێش وەخت بتوانین کۆنترۆڵی ڕووداوەکە یاخود ژمارەی تایبەتی ڕۆژنامەکە بکەین و ئەم خەسڵەتە تاکو دوا ڕۆژی کاری ڕۆژنامەنووسیم لەگەڵم بەردەوام بووەو بەردەوامە.

٢. لەو قۆناغەی مەسیف سەلاحەددیندا نەمدەتوانی ئەو ڕێڕەوەی پێشوو بە تەواوی پیادە بکەم، چونکە برادەرانی ڕۆژنامەنووس لە دەستەی نووسەران لەبەر هۆکاری پێویست و جیاجیا کە هەریەکە خەریکی کارێکی دیکەش بووە، ڕۆژنامەکەش هەفتانە یاخود بە ١٠ ڕۆژ جارێک دەردەچوو بۆیە پێویستی بەوە نەدەکرد دەستەی نووسەران بە بەردەوامی لە (**قەڵەندەرخانەی**) ڕۆژنامە بمێنینەوە و ئەو برا ڕۆژنامەنووسانەی کە لە دەرەوەی دەستەی نووسەران بوون و زیاتر لە ڕۆژنامە دەمانەوە ڕۆژنامەنووسان (**شێرزاد عەبدوڵڕەحمان، حەیدەر عەبدوڵڕەحمان، محەمەد خدر مەولود، شەهید عەبدولستار کەریم، فەرهاد محەمەد، شکار عەفان، دلێر عەونی، یەحیا جاف، پەیمان فەرهاد، سلێمان خالید ئازگەیی، زینەب جبرائیل، ساسان دەرویش، وشیار جاف و لێزان بارزان مەلا خالید**) تاکو ڕۆژی ئۆغرکردنیان بۆ دەرەوە، ئازاد ئەحمەد، محێدین قادر، محەمەد خۆشناو، کەمال نوری مەعروف، نووسینگەی دهۆک (**کە پێشووتر ناوەکانیان هاتووە**) یاوەر نامیق سالم، کاروان محەمەد سینۆ، ڕێبەر ئەحمەد، سابر زەنگەنە، محەمەد حاجی قادر، مامۆستا خالید محەمەد ئەمین، شاخەوان عەلی محەمەد لە دەرەوەی دەستەی ڕۆژنامەش برایانی نووسەر و ڕۆژنامەنووس شەهید مەهدی خۆشناو، بارزانی مەلا خالید،

ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی لە سلێمانی، عەبدولغەنی عەلی یەحیاو رزگار نوری شاوێس هاوکارمان بوون، هەمیشە پەرۆشی پێشکەوتن و بەردەوامی برایەتی بوون.

براو هەڤاڵی دێرینم خوالێخۆشبوو شەهید فرەنسۆ هەریری رۆژ نەبوو تەلەفۆنم بۆ نەکات و حەفتەی جارێك یان دوو جاریش سەردانی دەکردم و لەهەموو پێشهاتێك و شتە نهێنییەکان ئاگاداری دەکردم و هەمیشە وەکو پارێزەری برایەتی هەڵسوکەوتی دەکرد و لە ئەڵقەکانی دواییشدا هەندێ شتی دیکە دەگێڕمەوە کە پەیوەندی بەو جوامێرەوە هەیە.

بۆ رۆژنامەنووس سەعید یەحیا خەتات کە لە سەردەمی گرێدانی کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە ناوەڕاستی مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٩٧٠ لە ناوپردان بەستراوە کە کاك سەعیدیش لە پێشکەشکەرانی برگەکانی رۆژی یەکەمی کردنەوەی کۆنگرەکە بوو، ناسیاویم لەگەڵی پەیدا کردو پاشانیش لە ساڵی ١٩٧٤دا کە هەردووکمان ئەوسا لە ریزی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن درێژەمان بە خەبات دەدا، زیاتر یەکترمان ناسی و پاشانیش بەهۆی نسکۆی شۆڕشەوە لێکدابڕاین و پاش ڕاپەڕین یەکترمان دیتەوە و سەرپەرشتی کارای رۆژنامەی خەبات بوو لەسەردەمی مامۆستا حەبیب محەمەد کەریم و لەسەردەمی کاك فەلەکەددین کاکەییشدا زۆر بە دڵسۆزی هاوکاری دەکردم و زۆر جاریش سوودم لە ڕێنماییەکانی ئەو وەردەگرت چ وەکو رۆژنامەنووس و چ وەکو کوردی و عەرەبی زانێکی زێدەباش.

هەشتەم: کارمەندانی خزمەتگوزار کاکە سەبری، کە خەڵکی شەقڵاوەو بە ئایین مەسیحی بوو، تاکو بڵێی کوڕێکی ژیر و پاك و خاوێن بوو، لە سەرەتادا سەرپەرشتی چێشخانە هەژارانەکەی دەکردین، بەڵام پاش ماوەیەك بەجێی هێشتین و کاکە کیفاح، کە ئەویش مەسیحی و خەڵکی شەقڵاوە بوو، پێناساندین، کە ئەوە بوو تاکو رۆژانی مانّاواییم لە برایەتی هەر مابووەوە ئێستاکە لە وڵاتی سوید وەکو پەنابەر دەژی، پاسەوانی بارەگای رۆژنامەش کاکە ئیسماعیل حەوێزبوو کە پێشمەرگەیەکی چاونەترس و بەوەفا و دڵسۆزە کە تاکو رۆژانی ئەمڕۆش لەگەڵمان ماوەتەوەو وەکو زۆرانی دیکە بەجێی نەهێشتووین.

خاتوو بێرگیتا ئەنگل پۆبێلێد میوانی منداڵانی کوردستانە..

DIAKONIA

دیمانەی: ئەرهاد عەونی

خاتوو «بیرگیتا ئەنگل پۆبێلێد» ئافرەتێکی خەڵکی وڵاتی سوێدە پسپۆڕێکی شارەزای «ئەنیای پەروەردەی منداڵانە»، بڕوانامەکەشی کە دکتۆرایە لە بواری پاری دەروونیدا لە زانکۆی (ئۆلۆنای) سوید وەرگرتووە و ماوەی ٢٥ ساڵە بەپەردەوامی ڕەگەز پسپۆڕێک کارەکانی ئەنجام دەدات بۆ ئەم مەبەستەش پێنج ساڵی ڕابردو لە کۆڵۆمبیا ژیاوەو سەرەڕای کارکردنی لە چەندین وڵاتی دیکەی جیا جیا وە لەسەر داوای زێکخراوی «دیاکۆنیا»، کە فیدراسیۆنێکی خێر خوازی شەش کلیسایی سوێدیە سەردانی کوردستان دکات بۆ بەسەر کردنەوەی پەناگای «هیڤی» لەشاری دهۆک کە خاتوو وگیتا» سوێدی سەرپەرشتی دکات و کردنەوەی چەند خولێکی بۆ ئەو کارمەندانەی کە لە بواری پەروەردەی منداڵان کار دکەن لە شارەکانی دهۆک و هەولێرو سلێمانی و شایانی باسە خاتوو بیرگیتا بە زمانەکانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و ئینگلیزی و سوێدی قسە دکات وە پارێزگێکی تایبەی هەیە کە بڕیتیە لە ئەرمێنە تایبەتەکانی خۆی سەبارەت بە پەروەردەی منداڵان.

گرفتی منداڵ لت و خەونەوە گەورەیە نازانیین لە کەی بە دوەوە بێ بگەین

کێشەیەکی تایبەتی هەیە لەسەر منداڵان. تایا بۆی ئەم کێشەیە ئاگرێتە بەڵگەی کارکردن بۆ منداڵان؟ یان ئەرجەوە بگرێت؟

– دیارە ئەو کێشەیەم سەبارەت بەر خەڵکە نووسراوە کە پەراگەندە لێ بوون. وایان گەرەدوەم سەرگوزشتەی ئەرموتی خۆم دگێڕمەوە، ئەمن عوزگ جارێکی ترینیدا بچێتەوە، ئەمەش پێویستی بە ئوان هەیە

● ئو گوتیا پارەیەکی زۆر سەرف دکات هەر لە ئەمریکای لاتینی، ئاسیار ئەفریقیا دتوانێت کارێکی وا بکات کە سودی گشتی تێدابە.. تایا سیهان ئەوە گرتوەتەوە؟

– وەکم ناسیازم بۆ کەرا کە پێویستیمی بە ئوانیکی چاک هەیە

● تایا وەکم پسپۆرێک ئەر بوترا، چۆن دەوڵەتێت شەڕی ناخۆی گەورەشار و ئاخۆ ئەم ئەفەمەکانی ئەسەر منداڵ و بارێ دەروونی منداڵ چۆن دەهێشا؟

– ڕاستیە ئەمان زۆرجای ڕاستیە ئەمنم ڕاستن. بەڵام ئەسەرمان هەمارن.. چونکە سەرەکەیان هۆ بەفزیە. ئەمڕ ئەوە، بەڵای منەوە، ئەمە شتێکی زۆر ئالە. ئەک هەر ئەسەر منداڵ بەڵکەو ئەسەمر گەورەکانیمی. دیارە هەرچەندە کە هەمووی ئە نیگە ئەی دانێت، کە هیڤیکی وروژاوە ڕیاشە زۆڵ دیارێتە و دانێتا ئەن.

بەداهەوە، ئەو پارەیەی کە بۆ شەڕ سەرف کرارا دەبوایە بۆ منداڵان و بەخشەدەری ئەژان بێت، دیارە ئەو کارە باشتر دەبوون. هەر ئەم منداڵانەش بەجیانی دەبن بە ناسیوی دوا ڕۆژ و هیچ گیرەیەمان نیمە کە دوو چاری ئەم بارە شەڕیزە بوون.

ئەوەی من دەیڵێم هیچ پەیوەندی بە سیاسەتەوە نیمیە بەڵکو پەیوەندی بە دنیای منداڵەوە هەیە. پەداهەوە دڵڕەقی منداڵی، قوربانی ئەخاست دکرە.

● ئاخۆ بەڕاستی چ جۆرە چارەسەرێک دبێتە ئەوان منداڵانی ئەمەر ئەم شەڕانەی کە سەردانتان کردووە؟

– گەرەنتی منداڵ ئیشرە ئەوتنە گەورەیە کە ئازانیین لە کوێ وە دەست پێ بکەین.. بەئەمێکی وەکم من لە هەندەران بێت، مەسەلەکە بەو شێوەیە دەبینێت، ئامان نیمیە کە وەڵامی ئەوە، ئەمڕ وگە چی بکەین بۆ ئەم منداڵانەی کە هەئیسوکەوتیان دەگەڵ.. لە ڕاستیدا ئەمەیان پێویستیی بە کاتێکی زۆرە ئەسڵ هەیە، وائە هی ساڵێک نیمە.

● لە دهۆک دیاگنۆ ئەوەی ئەهێنە دی، بەڵام هەستمان کرد کە بۆتایەیەک هەیە لە ڕووی مرەزیەوە کە ئایەت بێت بە دنیای منداڵ؟

– ئەمەیان ڕاستیە.. ئەمن ئەم ئاهی گیە سەرپەرشتی دەکەن فیری ئەم شتانە بن. بەڵێگ کە ئەرگەکانیشم ئەوەیە کە ئەم کەسانە فێر بکەین چۆن ڕەفتار لەگەڵ منداڵ بکەن و ڕاسپاری ئەوی فێربین، پێشنیریش هەندی ڕێنمایمان پێشکەش کرون کە ئایەست بوو بە منداڵان. هەنگاوی یەکەمەو بۆ ئەم

بەشی چوارەم

لە ژمارە(٢)ی رۆژنامەنووس ئەلقەی سێیەمی ئەم بابەتەم، مێژووی ١٩٩٦/٩/٢٧م بۆ دانابوو، چونکە ژمارەی (٢١٨٧) رۆژنامەی برایەتی لە رۆژی ١٩٩٦/٩/٢٧، دوا ژمارەی خوولی مەسیف سەلاحەدینە کەتاکو ئەم رۆژەش برایەتی هەر لە سەلاحەددین دەردەچوو. خوولی قۆناغی سێیەمی برایەتیش کە لە ١٩٩٦/١٠/١٣ دەست پێ دەکات، خوولی گەڕانەوەی برایەتی بۆ هەولێری پایتەختە پاش نزیکەی (٢٠) مانگ لەئاوارەبوون و دەردەسەری، تێیدا کارە رۆژنامەنووسیەکەمان لە شێوازی سەردەمی هەردوو بەهەشتی حوسێن حوزنی و پیرەمێرد دەچوو، یانی گەڕانەوەبوو بۆ سەردەمی بیست و سییەکانی چەرخی بیستەمی رابردووە، چونکە شێوازی کارکردنمان هەر لە نووسین و ریپۆرتاژ و پەیامنێری و هەڵچن و وێنەگری، تاکو رێکخستنی لاپەڕەکان لەسەر شێوازی (**مەلزەمە**) و تووند کردنی بە (**کابیسەی**) دەستی و کاری ئەرشیفی تێکەڵاو بووبوو، هەر هەموو خێزانی هەردوو رۆژنامە (**خەبات و برایەتی**) بەکارمەندی خزمەتگوزارەوە تاکو بەندە لەسەر ئەرز بۆی دادەنیشتین و زۆربەی کاتیش بێ رووناکی کارەبا، کارەکانمان لە (**قەلەندەرخانەکەی**) برایەتی، جێبەجێ دەکرد. بەراستی دەتوانم بڵێم شێوازی هاریکاری تووندوتۆڵی یاریزانانی تیمی تۆپێن و یەک خێزانی پێوەدیاربوو، سەرەڕای نووستن ونان خواردنی بە کۆمەڵ، بە رادەیەک تاکە یەک کێشەش لەنێواندا رووی نەدا.

رۆژانی دوای یۆبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتی کوردستان (١٩٤٦/٨/١٦ – ١٩٩٦/٨/١٦) گۆڕانکارییەک لە بارودۆخی شەڕی ناوەخۆ هاتە ئاراوە، تێیدا گەڕێکی دیکەی شەڕی خوێناوی بەرۆکی گەلی کوردستانی گرتبوو، بە رادەیەک ترسی ئەوەمان هەبوو شەڕەکە گەورەترو فراوانتربێت، کلاوقاسم و کەپکی حەمەدئاغا و رێگای نێوان هێران و شەقلاوەو زیارەت و دەرگەڵەو سپیلک و گەلاڵەو سیدەکان، ناوونیشانی هەواڵەکانی راستەوخۆی رۆژی چەند جارەی (**دەنگی کوردستانی عێراق و دەنگی گەلی کوردستان**) بوو، لەنێواندا بەتەواوی (**هێرش و دژە هێرش**) سیمای قێزەونی ئەزموونێک بوو کە لە ئاکامدا هەر هەموو لایەکی خستە بەرەی چەند لایەنێک و لە ناخەوە و بە قەناعەتەوە لێی ئاگادارنەبووین، رۆژانە ئەو لایەنانە –لایەنە دەرەکییەکان– (٢٤) کاتژمێر خەریکی پیلان گێڕانن دژی (**کوردو کوردستان**)، بەڵام ئەوەی جێی داخە ئەو شەڕە ناوەخۆیە کە هەندێک بەشەڕی (**دەسەلاتی**) ناودەهێنن، خەریک بوو ئەو دوو زلهێزەی

کوردستان که لـه ٨٠٪ جەماوەریـەتی بزووتنـەوەی ئـازادیخوازی کـورد پێکـدێنن، بگەنـە ئاقارێك رۆژانی لەناو چوونی هەندێ لە میرنشینە کوردمان بێننەوە یاد، چۆن نێـوانی دوو برای باوك ودایکی و دوو سەرکردەی یەك ئامانج و یەك چارەنووس یان دوو ناوچەی نەژاد کوردی ولاتێکی دابەشکراو، دەگەیشتە ئاقارێك کە دووسەدو پـەنجا جـار لـە دوژمنایـەتی دوژمنە سەر سەختەکانمان بـەهێزتربوو. بـارودۆخی رۆژانـی پـاش یـۆبیلی زێـڕین و رۆژی ٣١ی ئابی سالّی ١٩٩٦ تاکو رۆژانی بەکۆتا هاتنی ئـەو شـەڕە شـوومە، سـیماو ماهیـەتی ناخی ئەو رۆژگارەبوو کە بـەزەیی بـەهیچ شـتێك نەدەهاتـەوە و تاکـە پەرۆشـیش کـە بـە خەیالّدا دەهات، خۆپاراسـتن بـوو لـە لەناوچـوون و تێکشـکاندا، ئـەوجا بەهـەر جۆرێك و بەهەر نرخێك بووبێ.

رۆژی ١٩٩٦/٨/٢٣ لەگەلّ هاوکارانم شێرزاد عەبدولڕەحمان و محیەدین عەزیزی وێنەگر بە ئۆتۆمبێلێکی تاکسی لە مەسیف سەلاّحەددینەوە بەرەو سیدەکان چووین کە تا سـاتی گەیشتنمان شوێنەواری سووتان و دژە هێرشی تێـدا مـابوو، بـوو بـە بابـەتێکی سـەرەکی رێپۆرتاژێـك کـە لـە ژمـارەی ٢١٨٢ی رۆژی ١٩٩٦/٨/٢٨ بلاّوکرایـەوە، تێیـدا بـۆ یەکـەم جاربوو هەستم بە قورسایی و ترسناکی ئەو گەڕی شەڕی نـاوەخۆ دەکـرد، بـەلاّم دیسـان دەسـەلاّت چییە دەبێ ملی بۆ رابکێشین و لە چاوەڕوانی ئاکامە بێ ئاکامەکانی دابین.

ژمـارە ٢١٨٢ دوا ژمـارەی پـێش رووداوی ٣١ ی ئـابی ١٩٩٦ بـوو کـە بارودۆخەکـەی سەرتاپا گۆڕی، بەندە لێرەدا نایەوێ بچێتە ئاقـاری شـیکردنەوەی ئـەو رووداوە، چـونکە زۆر لە من گەورەتربوو، بەلاّم بێ گومان هۆکارو وئاکامی خۆی هەبوو، کە لێـرەدا جێگـەو کاری شیکردنەوەی من نییە، بەلاّم ئەوەی لێرەدا مەبەسـتمە بـاس کردنـی رەنگدانـەوەی ئەو رووداوە بوو بە سەرکاری رۆژنامەنووسـیمدا سـەرەڕای کاریگەرییـەتی لەسـەر لایـەنی تایبەتی خۆمدا، کە لێرەدا راشکاوانە باسی لێوەدەکەم. مەبەستیشـم تێیـدا تـەنیا باسـی لایـــەنی پەیوەنـــداری بەبەنـــدەوە هەیـــە، نـــەك خوانەخواســـتە بریـنـــدارکردن یـــاخود لەکـەدارکردنی لایـەنێك بـێ، چـونکە مـن دەمێکـە هاتوومەتـە ئـەو قەناعەتـە وێـژدانی و سیاسییە کە هەر هەموو لایەکمان هەڵەمان کردووە و راشکاوانەتریش گوناهـەکان هێنـدە زۆرو فراوانن بەشی هەموو لایەکمان دەکات، بێ ئەوەی لایەنێك بە تەنیا تۆمەت بار بکـەم و بەشە زۆرەکەی بدەمێ.

خوێنەری خۆشەویست نامەوێ لێتانی بشارمەوە کە بارودۆخە سیاسی و کۆمەلایەتییەکە تا چ رادەیەک کاریگەرییەتی لەسەر ئاستی باری دەروونیم کردبوو، باوەڕ مەکەن ئەگەر لێرەدا خۆشحاڵی ئەو کاتەی خۆم رانەگەیێنم بە رووداوی ٣١ی ئاب، چونکە منێکی رۆژنامەنووس لەسەر ئەم کارەو بە حوکمی کارەکەش تەرەفگیری پارتی دیموکراتی کوردستان بووم کە لەپێشووتردا هەر لە هاوینی ساڵی (١٩٦٣)وە بەرەسمی ئەندامی ئەو پارتی دیموکراتی کوردستانە بووم کە لە ڕێگەی پێشمەرگایەتیم لە (**دادگای بەرزی شۆڕش لە ماوەت**) هاتمە ریزییەوە کە بوو بە هۆکاری یەکەمی ئەو هەموو دەردەسەرییەی ساڵانی (١٩٦٣، ١٩٧٥، ١٩٩٤) کە تووشی هاتووم، بەاڵم لە هەمووی ناخۆشتر ماڵ تاڵان کردنەکەم و سەرگەردانی خێزانم بوو بۆ ماوەی دووساڵ لەو ماڵ بۆ ئەم ماڵ و لە کیسچوونی ساڵێکی تەمەنی خوێندنی (**ڕێکان و الننە**) و تووشبوونی پەروینی هاوسەرم بە نەخۆشی حەساسیەت و سەرەڕای لەدەستچوونی کەلوپەل و کتێبخانەو وێنەو شەهادەی منداڵەکانم هەر لە قۆناغی باخچەی ساوایان تاکو ئەم ڕۆژە، لەگەڵ سەرتاپای ئەرشیف و ئۆتۆمبێل، ئەوجا دەرکردنی دایکێکی (٧٥) ساڵەی ئەم کاتە(هاوینی ساڵی ١٩٩٥) لەگەڵ پووڕم و خوشکێکی مامۆستای قوتابخانە لە شاری کۆیە، کە (عەونی) خوالێخۆشبووی باوکمان، لە ڕۆژە هەرە سەختەکانی ساڵانی ٩٨٨ و ٩٨٩، کە کۆیە بە بڕیاری (**مجلس قيادة الثورة**)ی گۆڕبەگۆڕ، بووبە گوندو خەریک بوو بەدەردی قەلادزێ بچێت، ئەگەر ڕۆژگاری شەڕی داگیرکردنی کوێت نەبوایە، لەو کاتەدا (عەونی) باوکمان لە وەاڵمی ئەو وردە گلەییانەی کە لە الیەن ئێمەوە، (کوڕو کچانی) لێ دەکرا کە لە بەرچی بیری لەوە نەکردۆتەوە خانوێك یاخود موڵکێکی لە هەولێر نەکڕیوە، یاخود بۆ ئێستا کە (**ئەوکاتە**) نایکڕێ ئەویش زۆر بە هێمنی و لەسەر خۆ لە وەاڵمدا دەیگوت (**ژیانم لە کۆیە بووە دەبێت مردنیشم هەر لەکۆیە بێت و تەنیا کۆیە**)شە دەبێت دوا مەنزڵگا (**قەبرم**) بێتوو یەزدانی گەورەش ئاواتەکەی هێنایە دی و ڕاماڵینی بەعسی لە بەهاری ١٩٩١ لە کوردستان بەچاوی خۆی بینی و کاتی کاك (**ڕەهبەری سەید برایم**)ی کادیر و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە لە سەرەتای ساتەکانی ڕۆژی ١٩٩١/٣/٩ ڕۆژی ئازادکردنی کۆیە هەر زوو سەری بەماڵی ئێمە دەکات و دەچێتە الی باوکم، داوای ئەوەی لێ دەکات کە ماوەیان بدات (**مەبەست لەو دەستە پێشمەرگەی**

یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، بە رابەرایەتی کاك رابەر خۆی) لەسەر بانی مالّی ئێمەوە تەقە لە بالّەخانەی (**مەنزومەی استخبارات**) بکەن، وەلاّمەکەی باوکیشم لای کاکە رەهبەرەو کە چوون پێشوازی لە خۆی و پێشمەرگەکان کرد، بەلاّم سەد حەیف و مخابن شەڕی ناوەخۆ ئەوەندەی یەکتری لا ناشیرین کردبووین کە ئەوەی پێمان کرا، لەگەلّ یەکتری کردمان تەنانەت، ئەو شەپۆلە خێزانی (**عەونی**)یشی گرتەوە تەنیا لەبەر ئەوەی (**فەرهادی**) کوڕیان سەرنووسەری رۆژنامەی لایەنی بەرامبەرە، لەکاتێکدا (**فەرهاد**) لە ساڵی ١٩٧٠ وە مالّ و حاڵی خۆی جیایەو دایکی فەرهادیش پێش ئەوەی دایکی فەرهاد بێت خێزانی (**عەونی**)یە کە (**عەونی**)ش هەر لە سەرەتای سییەکانی چەرخی بیستەمەوە شیعری بۆ کورد و کوردستان گوتووە، تەنانەت دوا شیعریش لەسەردەمی بەعسدا ئەو چەند دێرە شیعرەی خوارەوەیەکە بۆ (**یەکبوونی**) کوردی نووسیوە، لە کات و ساتێکدا کە کەم کەس دەیتوانی لەمالّی خۆشی بەم شێوەیە باس لەیەکبوونی کورد بکات. کەبە داخەوە پاداشتەکەی پاش مردنی پەڕاگەندە کردنی خانەوادەکەی بوو، دیسان بەوپەڕی داخەوە بڕیارەکەش (**بڕیاری دەرکردنی خێزان و خوشك و کچی عەونی کە سێ ئافرەت بوون**) لەسەر مێزی خواردنەوەی شەوێکی بەهاری ئەو شارە بوو کە عەونی لەسەردەمی بەعسدا دەیگوت (**کۆیە**) دەبێت (**قەبرم بێت**)، ئەو چەند دێرە شیعرەش شاهیدی حاڵی ئەو (**یەکبوونە بوو**) کە عەونی خەونی پێوە دەدیت کە لە ژمارەی ٨٨ ساڵی ١٩٩٠ی گۆڤاری (**کاروان**) بلاّوکراوەتەوە، سوێندتان لەسەرم نییە، پاش بلاّوبوونەوەی ئەم شیعرە بۆ ماوەی یەك دوو مانگ لەوە دەترسابن بەم تەمەنە باوکم لێرەدا (**کە ئەوسا ٧٧ ساڵ بوو**) راپێچی دەزگا داپلۆسێنەرەکانی بەعس بکرێت، لێرەدا شیعرەکە وەکو کە کاتی خۆی بلاّوکراوەتەوە، ئەوە بلاّوی دەکەمەوە تاکو خوێنەری ئازیز حوکمی خۆی لەسەربدات، کە بەناوونیشانی:

(یەکبوون)

ئێستە من پیر بووم و شوێن دڵداری ناکەوم
ڕێ سەرەو هەورازە بۆ خۆم تێ دەگەم سەرناکەوم!
دوای هەموو زانست و تاقی کردنەوەم ماوەی ژیان
من بەهاندانی ئەم و ئەو تازە هیچ تێ ناکەوم

مـــن بـــەڵێنم داوە تـــا مـــاوم بەســـەر بـــەرزی بـــژیم
گـــەر ســـەرم بـــڕوا لـــە ڕێـــدا قـــەت لـــەژێر پـــێ ناکـــەوم
تەندروســـتیم هـــەر نـــی یـــە ئیمـــڕۆ مەترســـی مەرگمـــە
تـــاکو دوژمـــن شـــاد نـــەبێ بۆیـــە لەســـەر جـــێ ناکـــەوم
نـــۆش داروی دەردی گشـــت یەکبوونـــە دەیـــزانین هـــەموو
گـــەر هیـــواداربم بەیـــەکبوون شـــوێن ئـــەم و ئـــەو ناکـــەوم
ئاشـــنا گـــەر نـــەم کـــوژێ ترســـم نییـــە نـــا ئاشـــنا
بـــا هەمیشـــە گوللـــە بـــارانم بکـــا پـــێ ی ناکـــەوم!!
خۆشـــە نـــەمرم تـــاکو ڕۆژی خـــۆم بەسەربەســـتی دەدی
بشـــمرم بـــاکم نـــی یـــە ئـــەو ســـاکە شـــوێن ســـوێ ناکـــەوم

بەهەر حاڵ ئەو بابەتەی کە ئێستا ئیشارەتم بۆ کردەوە هۆکاری خۆشحاڵیبوونم بوو بۆ ڕووداوی ٣١ی ئاب کە لە حاڵەتی ئاوارەبوون و پەڕاگەندەی خێزانی بچووک و گەورەم و گەڕانەوەمان بۆ کۆیەو هەولێر بوو، بەاڵم دیسان ئەم ڕووداوە خەریك بو نێوانی کاك جەوهەر نامیق و بەندە ئاڵۆز بکات چونکە کاتێ ئەندامانی هەردوو فراکسیۆنی زەردو سەوزو لیستی مۆری پەرلەمانی کوردستان بڕیاریان دابوو کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان ببەستن و کاك جەوهەر وەکو سەرۆکی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەنەبوو ئەو کۆبوونەوەو هیچ کۆبوونەوەیەکی دیکەی پەرلەمان لە هەولێرو لەتەلاری پەرلەمان ببەستڕێت بە وجودی هێزەکانی (**گاردی کۆماری**) کە پێشتر بەیانێکی ناڕەزایی سەبارەت بە هاتنی ئەو هێزە بۆ هەولێر (لە ٣١/ئاب ١٩٩٦) دەرکردبوو، کۆبوونەوەکە لەمزگەوتی گەورەی شارۆچکەی شەقلاوەدا لەکاتژمێری ٨ی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٩٦/٩/٣ بەسترا بەئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی و زۆربەی زۆری ئەندامانی هەردوو فراکسیۆن و لیستی مۆر.

کاك جەوهەر وەکو سەرۆکی پەرلەمان دەیویست ناڕەزاییەکەی بەرامبەر بارودۆخەکە کە خۆی لەو بەیاننامەدا دەدیتەوەو وێنەیەکی (**دەقەکەی**) بۆمن ناردبوو، تاکو لەبرایەتی

بلاوبکرێتەوە، بەڵام من رازی نەبووم ئەو راگەیاندنە لە **(برایەتی)** بلاوبکرێتەوە، لەبەر چەند هۆکارێک کە ئەو کاتە بەکاك جەوهەرم گوت: کەیەکەمیان برایەتی رۆژنامەی پارتییەو سەرنووسەرەکەشی ئەندامی پارتی و ١٠٠٪ مولتەزیمە بەرێبازو سیاسەتی پارتی، راستە ئێوە **(مەبەست کاك جەوهەرە)** ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی و سەرۆکی پەرلەمان و خاوەنی ئیمتیازی رۆژنامەکەشن، سەرەڕای پەیوەندی خزمایەتیشمان، بەڵام ئیلتیزامی پارتایەتیم و بەرپرسیاریەتی سەرنووسەری برایەتی لەوە بەهێزترە کە شتێك بلاوبکەمەوە لەگەڵ سیاسەتی پارتی نەگونجێ.

لەوەڵامی ناڕەزایی ئێمە بەرامبەر بلاوکردنەوەی بەیاننامەکەی سەرۆکی پەرلەمان کاك جەوهەریش لەوەڵامدا بەهەندێ تووڕەیی و شێوازێکی گلەیی ئامێز پێی گوتم: من وەکو پارتییەك سەرەڕای پلەی لێپرسراویەتیم خۆم بەمولتەزیم ئەزانم و هەڵوێستی جەنابیشت **(مەبەستی بەندە بوو)** بەتەواوی تەفاهوم دەکەم، پێم خۆشە هەڤاڵانی پارتیمان هەریەك لەجێگای خۆی وا مولتەزیم و گوێڕایەڵی بڕیاری سەرکردایەتی پارتی بن، بەڵام ئەمەی ئێمە مەسەلەیەکی دیکەی چەندلایەنی تایبەتی خۆی هەیە، بەدەر لەدروستی و نادروستی ئەوەی رووبدا لە ٣١ی ئاب..

یەکەمیان: بەندە یەکەم سەرۆکی یەکەم پەرلەمانی هەڵبژێردراوی کوردستانم سوێندی یاساییمان خواردووە، یاسای ژمارە(١) ساڵی ١٩٩٢ و پەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمان وەکو سەرۆکی پەرلەمان هەندێ ئەرك و ئیلتیزاماتی لەسەر فەرز کردووین، **(حەرەس جمهوری)** هاتۆتە هەولێری پایتەختی کوردستان، تۆپبارانی باڵەخانەی پەرلەمانی کردووە، زیاتر لە (١٥) گوللە تۆپی بەرکەوتووە **(حەرەس جمهوری)** هاتوونەتە نێو باڵەخانەی پەرلەمان کەچی یاسای ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ و پەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمانیش مەودا نادات هیچ هێزێکی چەکدار داخیلی سنووری تەلاری پەرلەمان بن بێ موافەقەت و فەرمانی سەرۆکی پەرلەمان، نەخاسمە نێو خودی تەلاری پەرلەمان، سەرەڕای ئەمانە چەند ژوور و هۆڵی پەرلەمانیان تێکداوە و سووتێندراوە، ژووری سکرتێری پەرلەمانییان کردۆتە تەوالێت و ژووری سەرۆکایەتی بۆتە ژووری عەمەلیات عەسکەری دەستییان بەسەر هەموو دیکۆمێنت و ئەرشیف و کتێبخانەی پەرلەماندا گرتووە، گوێزاویانەتەوە بۆ بەغدا.

دووەمیان: کاتێ جەولەی یەکەمی شەڕی نێوان پارتی و یەکێتی رووبدا هێزەکانی یەکێتی حورمەتی تەلاری پەرلەمانییان شکاند، ئێمەش موقاتەعەی باڵەخانەی پەرلەمانمان کردوو تاکو چۆلیان نەکرد، ئەو ئامرازانەی کە تاڵان کرابوو نەیانگەڕاندەوە نەچووینەوە بۆ تەلاری پەرلەمان و ئەو رووداوەمان مەحکوم کردو لەهەموو شوێنێکەوە دەنگی نارەزایی بەرز بۆوە، هەر هەمان شت کەبۆ جاری دووهەم هێزی چەکداری یەکێتی هاتنە نێو حەرەمی پەرلەمان لە گەڕی دووەمی ساڵی ١٩٩٥ لەکاتی مانگرتنی زۆربەی زۆری ئەندامانی پەرلەمان دژ بەشەڕی ناوەخۆ لە ئەنجامی ئەو دەستدرێژییە هەم مانگرتنمان کۆتایی پێ هێناو هەم ئەو کارەمان مەحکوم کرد، لەهەردوو حاڵەتدا بەیان و راگەیاندنی رەسمیمان بڵاوکردەوە.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٣یش کاتێ هێزەکانی جندرمەی تورک سنووری کورستانییان بەزاند مەحکوممان کرد. دیسان کە ساڵی ١٩٩٥ هێزێکی پاسدارانی ئێران سنووری کوردستانییان شکاندو هاتنە شاری کۆیە و لەسێبەری شەڕی نێوخۆدا هەوڵییاندا گورزێکی کوشندە لەبارەگاکانی حزبی دیموکراتی کورستانی ئێران و ئاوارەکانییان بدەن، ریسواو مەحکوممان کرد بەراگەیاندنێکی رەسمی لێرەدا چ مەنتیق و مەعقولییەتی تێدایە (**حەرەس جمهوری**) بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان بکەن کە بەندە سەرۆکییەتی، تاکو ئێستاش تەڕاتێن لەهەولێری پایتەخت بکەن، ئێمەش لێرەدا بێ دەنگبین، ئەم بەیاننامەیەشم داوەتە دەستی جەنابی سەرۆك بارزانی رۆژی ٣١ی ئاب، ئامادەیش بووم بۆ هەموو ئیجرائاتێکی حزبی، بەڵام وەکو سەرۆکی پەرلەمان شەرم و لاوازی و ناحەقییە ئەگەر بێت و بێ هەڵوێستە بم، ئەم هەڵوێستە، یاسای ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ پەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمان فەرزی کردووە لەسەرمان، وەکو ئەرکێك و ناکرێ پیادەی نەکەم.

کاك جەوهەر نامیق وەکو سەرۆکی پەرلەمانی سوێندخواردووی یەکەم پەرلەمانی کوردستان، مامەڵەی لەگەڵ رووداوەکان دەکردو پێی وابوو ئەوە ئەرکی راسەقینەی ئەوەو حەقدارە بەحوکمی یاسا، بەڵام منیش سەرەڕای پێخۆشحاڵیم بەرووداوی ٣١ی ئاب کە لەپێشەوە باسم لەهۆکارەکانی کردووە نەدەکەوتمە ژێر کاریگەرییەتی قسەکانی کاك جەوهەر وەکو پارتییەکی مولتەزیم، کە تارادیەیەکی گەورە ماوەی مناوەرەو ئازادی

رۆژنامەنووسیی و ئازادی رادەربڕین کە پارتی بڕوای پێیەتی و منی سەرنووسەریش مامەڵەم لەو روانگەوە دەکرد، وای لێکردم ئازادانە قسەکانی ئەو و خوالێخۆشبوو نەژادی ئەحمەدی عەزیز ئاغا جێگری سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆك و جێگری هەردوو فراکسیۆنی زەرد و سەوز و هەندێ پەرلەمانتاران کەلە مزگەوتی شەقلاوە بە رۆژنامەی برایەتیان راگەیاند لەو ژمارەی برایەتی (٢١٨٤) رۆژی ١٩٩٦/٩/١٠ وەکو خۆی بلاوبکەمەوە.

رۆژی ١٩٩٦/٩/١ لە سەعات ١ی سەر لەبەیانی لەگەڵ رۆژنامەنووسان شێرزاد عەبدولڕەحمان و حەیدەر عەبدولڕەحمان هاتینە هەولێرو یەکسەر رووماڵ لەبارەگای پێشووی برایەتی و خەبات کرد، بەڵام چۆنمان دیت، دیتنێك بەڕاستی نیگەرانی کردم، کە بریتی بوو لە باڵەخانەیەکی کاولّ و وێران و هەر ژوورەی ماڵێکی هەژاری تێدا حەوابوەوەو هیچی لەسەر هیچ نەمابوو، بە شێوەیەك دەتگوت رۆژێ لە رۆژان شوێنی ئەوە نەبووە مرۆڤ بتوانێ لێی دانیشتبێ، بەڵام دیسان خۆم بەخۆمم وت دەبێ لە ماوەیەکی کەمدا بیگەڕێنمەوە بۆ هەمان دۆخی جارانی. پاش یەك دوو رۆژێکی دیکە کاك سامی عەبدولڕەحمان لەبارەگای (م.س) لە سەڵاحەددین پێی راگەیاندم کە بەزووترین کات پێویستە بچمە هەولێر و ئەو بارەگایەی کە رۆژنامەی (**کوردستانی نوێ و الاتحاد**)ی لێ دەردەچوو (**کە بریتی بوو لە باڵەخانەی قوتابخانەی ئامادەیی هەولێری پێشوو**) ئێستاکە بووەتە باڵەخانەی بەشێکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان (**ئیدارەی هەولێر**)، کاك سامی پێی راگەیاندم کە باڵەخانەکە لەئەمانەتی (**فەرماندەیەکی هێزی پێشمەرگە کە بەڕێز خالد محەمەد بوسەڵی**)یە لێی وەرگرم، گوتیشی کاك خالد بوسەڵی ئاگادار کراوەتەوە.

رۆژی ١٩٩٦/٩/٤ سەردانی هەولێری بێ ئاوو کارەبام کرد و یەکسەر چووم بۆ شوێنی مەبەست، بارەگای هەردوو رۆژنامەی (**کوردستانی نوێ و الاتحاد**) بوو، کاتێ چوومە ژوورەوە بەو دیمەنە سەرسام و نیگەران بووم کە هاتەپێش چاوم، کاغەز و کتێب و وێنەی ساغ و دڕاو لەهەموو لایەکی بارەگاکە بلاوببۆوەو هیچ لەسەرهیچ نەمابوو بەشێکیش لە ئەرشیفی پێشووی دەزگای رۆژنامەنووسی برایەتی و خەبات لە هەمان شوێن بلاوببوونەوەو چەند وێنەیەکی خۆشمی لەگەڵدابوو کە وادیاربوو کاتی خۆی لەدەزگای ئێمەوە گواسترابۆوە بۆ ئەوێ ، کاتێ چوومە ژووری سەرنووسەری (**الاتحاد**)

که دۆست و برادەر و هەڤاڵی دێرینم کاك (**عادل موراد**) بوو، ئەم جارە دووجار نیگەران بووم، کاتێ کەدوا ژمارەی هەفتەنامەی (**الاتحاد**)م بینی بە چاپکراوی و لەسەر مێزی سەرنووسەر دیاربوو رۆژی ٣١ی ئاب پێڕانەگەیشتبوون دابەشی بکەن ئەویش بەهەمان دەردی ژمارە (٢١١٨) برایەتی چووبوو، کاتێ بە ماکێتی هەر (٨) لاپەڕەی لەسەر مێزەکەی ژووری من لە برایەتی بەبێ خاوەن مابۆوە کە هەردووکیان چ (**برایەتی**) و چ (**الاتحاد**) تووشی هەمان (**دەردە کورد**) بووبوون، لە کاتێکدا تەنیا چوار ساڵ بەسەر تێپەڕینی چەرخی بیستەم مابوو ئێمەش (**ئێمەی کورد**) تازە خەریکی مالّ کاوڵکاری یەکتری و تالآن کردنی مالّی رۆڵەی کورد بووین، لەو کاتەشدا ئەوەم بیرهاتەوە کە ٢٥ ساڵ پێش ئەوکاتە(**عادل موراد و بەندە**) هەردووکمان رۆڵی سەرۆك و سکرتێری گشتی گەورەترین رێکخراوی قوتابیانمان دەبینی، کە ئەویش (**یەکێتی قوتابیانی کوردستان**) بوو، پاشانیش بەخت و قەدەری بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستان هەریەکەمانی فڕێدابووە لایەك کە مالّ و حاڵی یەکتری تالآن بکەین (**مەبەست لەهێزەکانی هەردوو لایە**)، لەوانەیە کاك عادل و من حەزمان لەو حاڵە ئابڕووبەرە نەکردبێ، بەڵآم چونکە هەریەکە لەلایەنێکی دژ بەیەك بووین لەوکاتەدا، دەبوایە ئێمەشی تێدا بکەوێ وببینە بەشێك لە تراژیدیای کوردی بەبێ ئارەزوو و حەزی هەریەك لەئێمە.

ژمارەکانی برایەتی (٢١٨٣) رۆژی ١٩٩٦/٩/٣ بە (٨) لاپەڕە لەگەڵ پاشکۆی ئاگادارییەکان و ژمارە (٢١٨٤) لە ١٩٩٦/٩/١٠ بە (١٢) لاپەڕەو ژمارە، (٢١٨٥) بە (١٦) لاپەڕە لە ١٩٩٦/٩/١٤ ژمارە (٢١٨٦) بە (١٢) لاپەڕە بەهەمان دەستەی ئاوارەیی مەسیف سەلآحەددین و لە هەمان چاپخانەی خەبات لە دهۆك چاپکرا، تێیدا تەنیا ئامادەکردنی ئەو بابەتانەی دەگرتە خۆ کە بابەتی گەرم و تازەی رووداوەکانی پاش ٣١ی ئاب بوون، لەوە زیاتر چونکە رووداوەکان زۆر خێراو گرنگ بوون نەدەپڕاینە سەر بابەتی دیکە، بەڵآم پاش دەرچوونی ژمارە ٢١٨٧ لە رۆژی ١٩٩٦/٩/٢٧ بە هەشت لاپەڕە، کە تێیدا (**پەرلەمانی کوردستان باوەڕی بە کابینەی سێیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان**)دا، د.ڕۆژ نوری شاوەیس بە سەرۆکی حکومەت و نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆك دەست نیشان کران.



(عادل موراد، فەرهاد عەونی) کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی قوتابیانی
کوردستان ١٩٧٠/٧/١٤ ناوپردان

دواین ژمارەی بارودۆخە نائاسایی قۆناغی حاڵەتی ئاوارەبوون و ئیستیسنائی برایەتی بوو ئەم ژمارەیەش کە دەرچوو زیاتر پەلەی ئەوەی تێدا کرا کە هاوکات بوو لەگەل بلاوکردنەوەی دەنگوباس و کۆبوونەوەی رۆژی ١٩٩٦/٩/٢٦ پەرلەمانی کوردستان، تێیدا سەرەڕای وتاری سەرۆک بارزانی لەپەرلەمان و راگەیاندنی کابینەی سێیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی تێدا ئەنجام درا، کە دوو بابەتی گرنگی ئەو رۆژەبوون، وتارەکەی سەرۆک و داڕشتنی هەواڵەکەی کابینەی سێیەم و پەیامی برایەتی ئەو ژمارەیە کە لەژێر ناوی (**پشتگیری کردن لەحکومەتی هەرێمی کوردستان ئەرکێکی نیشتیمانی و نەتەوایەتیە**) تاکو سەعات (١١)ی شەوێ هێشتمەوە پاشان بە ئۆتۆمبێلەکەی رۆژنامەنووس شێرزاد عەبدولڕەحمان تاکو (**نەقلیاتی گشتی**) لەوێشەوە بۆ مەسیف سەلاحەددین بە ئوتومبێلێکی تاکسی گەیشتمەوە ماڵ، چونکە تاکو ئەو رۆژەش ماڵم هەر لەسەلاحەددین بوو.

برایەتی
BIRAYETİ
رۆژنامەیەکی سیاسی رۆژنامەیە پارتی دیموکراتی کوردستان دەری دەکا
بەیانی برایەتی
برایەتی و خولێکی دیکەی کاروانی سەروەری

رۆژی ۱۹۹٦/۱۰/۱۳ سەرەتای قۆناغێکی تازەی برایەتی بوو، پاش قۆناغی دوایی راپەڕین و قۆناغی مەسیف سەلاحەددین. ئەم قۆناغە تازەیەش بە ژمارە ۲۱۸۸ دەست پێ دەکات پاش ئەوەی توانیمان:

یەکەم: دابین کردنی شوێن و جێگای بارەگای برایەتی و خەبات بە شێوەیەکی کاتێ کە لەبارەگای پێشووی (**کوردستانی نوێ و الاتحاد**) بوو، چونکە ئاشکرایە کە بارەگای پێشووی (**برایەتی و خەبات**) چی بەسەر هاتبوو و هەموو هەولێکم خۆی لەو چوارچێوە دەدیتەوە کەبە زووترین کات (**م.س**) رازی بکەم بۆ پەیداکردنی هەندێ پارە بۆ چاکردنەوەی بارەگاو کرێنی کەلوپەل و ئامێری تازە. لەراستیشدا بە هیچ شێوەیەك حەزم نەدەکرد لەو شوێنەی بارەگای کوردستانی نوێ بمێنمەوە، چونکە هەمیشە کە باس لە بارەگای برایەتی دەکرا، دەگوترا بارەگای پێشووی کوردستانی نوێ، بەلاّم ئەوەبوو خوا هێنای و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران پاش دامەزراندنی کابینەی سێیەم و فراوان بوون و رێکخستنی کارەکانیان وای کرد کە ئەوان لە ئێمە بە(**پەلەتر**) بن بۆ ئەو شوێنە ئەوەبوو برای شەهید (**شەوکەت شێخ یەزدین**) راستەوخۆ ئەو بڕەپارەی کە (**تەخمین کرابوو**) بۆ چاکردنەوەی بارەگای برایەتی بۆی مەیسەر کردین و ئێمەش لێژنەکمان بە سەرۆکایەتی رۆژنامەنووس (**ئاسۆ کەریم**) کە هەم ئەندازیار و هەم ئەندامی دەستەی نووسەران کە پاشان بوو بە سکرتێری نووسین پێکهیناو لەگەلّ کارمەند محیەدین عەزیز و کاك شێروان ئەنوەر فەیزی کە ئەو کاتە بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕی و حیسابات بوو، توانیان بەماوەی مانگێك کارەکان تەواو بکەن، چونکە شەو و رۆژ بەبەردەوامی کاری تێدا دەکرا.

دووەم: رێکخستنەوەی دەستەی رۆژنامەکە لەپێشەوە بە پێکهاتەی دەستەی نووسەران دەستی پێکرد، چونکە دەتوانم بڵێم دەستەی نووسەرانی برایەتی کە لەقۆناغی رۆژانی هەولێر پێش چوونە سەلاحەددین لەکاردابوون و بە هۆی بارودۆخی ئەوان جۆری کارو بارودۆخی تایبەتی برایەتی (**پەراگەندە**) بووبوون و هۆکارەکانیش لە ئەلقەی پێشوودا باسم کردووە، بەلام پاش گەڕانەوەمان بۆ هەولێر و جێگیربوونمان بە شێوەیەکی کاتی لە شوێنی پێشووی کوردستانی نوێ، توانیمان جارێکی دیکە دەستەی نووسەران کۆبکەینەوە (**کارا**) بکرێ و ئیشوکارەکان دابەش بکرێن کە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١. رۆژنامەنووس زاهیر رۆژبەیانی جێگری سەرنووسەر.

٢. رۆژنامەنووس ئاسۆ کەریم کە لەو قۆناغەدا تاکو رۆژی دەرچوونم لەبرایەتی لە ٢٠٠٠/٢/٢٠ بە سکرتێری نووسیندا مایەوە، پێشووتر چ لە قۆناغی پێشووی هەولێر و مەسیف سەلاحەددین سکرتێری نووسین نەبوو لە برایەتی، بەڵکو لە رۆژی دەست بەکاربوونم لەبرایەتی رۆژنامەنووس ئەسعەد عەدۆ بەرێوەبەری نووسین بوو تاکو هاوینی ساڵی ١٩٩٥ کاتێ بەماڵ و منداڵەوە بەرەو هەندەران بارگەی تێکنا و ماڵئاوایی لە برایەتی کرد.

٣. رۆژنامەنووس شەماڵ حەویزی کە هەر لە ساڵی ١٩٩٤ وە بوو بە ئەندامی دەستەی نووسەران

٤. رۆژنامەنووس زادوق ئادەم کە هەر لەسەرەتاوە لەدوای راپەڕین کەبارەگای راگەیاندنی پارتی لە شەقلاوە بوو، دەست بەکار بوو، بەلام لەقۆناغی مەسیف سەلاحەددین دابڕا بەهۆی بەرپرسیاریەتی وەکو ئەندامی مەکتەبی سیاسی لە حزبی (**بیت النهرین**)، بەلام دیسان ناوەناوە لە سەلاحەددین سەردانی دەرکردین و هاوکارمان بوو.

٥. رۆژنامەنووس یاوەر نامق سالم کەلەپێش هاتنی منەوە بۆ برایەتی ئەو سەرپەرشتی لاپەڕەی وەرزشی دەکرد، بەڕاستی خۆی، چونکە وەرزشوان و پێشووتریش مامۆستاو ناوبژیوانی دەولی وەرزش بوو زۆر حەزی لەئیشەکە دەکرد و بەهەموو توانایەوە هەوڵی پێشخستنی لاپەڕەی وەرزشی دەدا، کە لەئەلقەکانی دیکەدا زیاتر دێمە سەرباسی

لاپەڕەی وەرزش و رۆژنامەی برایەتی وەرزش و گۆڤاری وەرزشی برایەتی کە چ رۆڵێکی گەورەیان دەگێڕا لەو بوارەدا.

٦. رۆژنامەنووس شێرزاد عەبدوڵڕەحمان لەدوا رۆژەکانی مەسیف سەلاحەددین بوو بە ئەندامی دەستەی نووسەران وەکو خۆی مایەوە تاکو دوایی بەجێهێشتنی من.

٧. هەردوو رۆژنامەنووس فەیسەل دەباغ و فوئاد سەدیق لە دوو قۆناغی جیای پاش گەڕانەوەمان بۆ هەولێر پێم وایە لە ساڵی ١٩٩٨ەوە وەکو ئەندامی دەستەی نووسەران بۆ برایەتی گوازرانەوە، پاشانیش زیاتر هەردووکیان (تەفەروغیان) بۆ گۆڤاری (**سەنتەری برایەتی**) کرد، سەرەڕای نووسینی بابەت بۆ برایەتی و سەرقاڵبوون بەگۆڤاری (**هەولێر**) کەبرای شەهیدمان فەرەنسۆ هەریری خاوەن ئیمتیازی بوو.

کۆبوونەوەکانی دەستەی نووسەران سات و کاتی دیاریکراوی بۆ نەبوو، بەڵکو زۆرجاریش پێش وەخت بە رۆژێك یاخود بە دوو رۆژ کاتی بۆ دیاری دەکرا، لەگەڵ دیارکردنی ئەو بابەتەی کە کۆبوونەوەکەی بۆ تەرخان دەکرا، ئەویش بریتی بوون لە خۆئامادەکردن بۆ بۆنە نیشتمانی و کوردستانییەکان، یاخود سااڵوەگەری دامەزراندنی پارتی و رۆژی لەدایك بوون و کۆچی دوایی بارزانی نەمر و کاك ئیدریس بارزانی کە زۆربەی ئەم بۆنانە ژمارەی تایبەتی بەلاپەڕەی زیاتر دەردەچوو، پاشان باس لەو ژمارە تایبەتیانە دەکەم. سەرەڕای کۆبوونەوەی دەستەی نووسەران ناوە ناوە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نووسەران (**یانی دەستەی نووسەران + لێپرسراوی لاپەڕەکان**) چ بە خۆئامادەکردن یاخود بۆ مەسەلەی (**هەڵسەنگاندن**)ی رۆژنامەکە یاخود سااڵنە پێش کۆتایی سەری ساڵ بەمانگێك یاخود زیاتر لە مانگێك کۆبوونەوەیەکی فراوانی ئەنجومەنی نووسەران و رۆژنامەنووسە سەرەکییەکانی لاپەڕەکان و لێپرسراوی بەشی هونەری وێەرشیف و نەخشەساز و هەندێ جاریش (**بەڕێوەبەری کارگێڕی و حیسابات**) ئامادەی بەشێك لەو کۆبوونەوە فراوانە دەبوو، بەتایبەتی کاتێك کە ئەم بۆنەو ژمارە تایبەتیانە پێویستیان بەکاری ئیداری و پارە هەبوایە، بۆیە ئیشوکارەکان زۆر بە ڕێکوپێکی بەڕێوەدەچوون.

سێیەم: دابین کردنی چاپخانەو پێداویستی چاپ (**مستلزمات اصدار/ وطبع الجريدة**)، لەسەرتاوە رۆژنامەی برایەتی لە چاپخانەی پەورەردە چاپدەکرا، چاپخانەکە لە پاش رێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ دامەزرابوو، ماندووبونی پێوەدیار بوو، بەڵام بەڕێوەبەرو کارمەندانی خۆیان زۆر هیلاك دەکرد، شەوو رۆژ ئیشیان تێدا دەکرد و منیش بەهەموو شێوەیەك یارمەتیم دەدان، تەنانەت پەیدا کردن و کڕینی گازوایلیش لەسەر ئێمە بوو تا کۆتایی ساڵی ١٩٩٤ و زۆر جاریش چ بەرۆژ و چ بەشەو، سەردانی بەڕێوەبەرو کارمەندانیم دەکرد، پێداویستی مانەوەی شەوانیانم بۆ دابین دەکردن، سەرەڕای ئەو پاداشتەی کە بۆیان تەرخان کرابوو وەکو مافێکی موستەحەقی خۆیان.

دەربارەی پێداویستییەکانی چاپ

قۆناغی ١٩٩٣–١٩٩٥ لە رێگای کاك عەبدوڵڵا ئاکرەیی لە پەیوەندییەکانی پارتی لەکۆماری ئیسلامی ئێران، پێداویستییەکانی چاپ دابین دەکرا، بەتایبەتی بۆ برایەتی و خەبات (**کاغەزی رۆل**)مان بەکاردەهێناو لە بازاڕی کوردستان پەیدانەدەبوو، چونکە جارێ بزووتنەوەی بازرگانی لەگەڵ دەرەوەی هەرێم لەسەرەتادا بوو، لە قۆناغی مەسیف سەلاحەددین جۆری چاپ و جۆری کاغەزو گۆڕانکاری گەورەی تێکەوت، چونکە (**ئامێری چاپی رۆل**) تەنیا لەهەولێرو لەچاپخانەی پەروەردە هەبوو، بۆیە ناچار بووین بگەڕێینەوە سەردەمی بەهەشتی (**حوسێن حوزنی موکریانی**)، کە لێرەدا مەبەستم گەڕانەوەیە بۆ سەرەتای چاپی رۆژنامە لە کوردستان بۆ بیست و سییەکانی چەرخی پێشوو کەلە ئەڵقەی پێشوو باسم لە چۆنیەتی دەرچوون و جۆری چاپ کردنی کردووە. پاش گەڕانەوەشمان بۆ هەولێر و دەست پێکردنی قۆناغی تازەی دەرچوونەوەی رۆژانەی برایەتی لە ١٩٩٦/١٠/١٣، پێویستی بەوە دەکرد کەوا بیر لە پەیداکردنی (**کاغەزی رول**) بکەینەوە، لەسەرەتادا و بەهۆی ئەو دوو ژمارەی دواییەی کە لەسەلاحەددین دەرچوو (ژمارەی ٢١٨٦، ٢١٨٧) لەگەڵ هەندێ قەرزی کۆن نزیکەی ١٨٠,٠٠٠ سەدوهەشتا هەزار دیناری چاپی سویسری کاك (**صباح نوری**) قەرزار بووین کە کارمەندی چاپکەری چاپخانەی پەروەردە بوو، سەرەڕای سەرقاڵی بازرگانی کردن بەپەیدا کردنی پێداویستی

چاپ، بەراستی مرۆڤێکی جوامێر بوو، چونکە کاتی بڕیاری دەرچوونەوەی برایەتی رۆژانە درا دەبوایە لەلایەکەوە مل کەچی بڕیارەکەبم و بەهەموو جۆرێك سەرقاڵی دابین کردنی پێداوستی چاپ و رێکخستنی ئیشوکاری ناو رۆژنامەو کارمەند و نووسەر و هونەرسازییەکانی بم کەلەو بارودۆخەدا بەتەواوی جۆرە نائارامییەکی پێوە دیاربوو، سەرەڕای قەرزاری پارەیەکی زۆر کە هەمووی لە ملی من بوو، چونکە کاك سامی هەفتەیەك بوو دەیگوت: (**کاکە فەرهاد**)، هیمەتێك وەختی دەرچوونی برایەتی بەرۆژانە هاتۆتەوە و (**برادەرانی (م.س) استعجالم لێ دەکەن**)، منیش کاتێ دەمگوت (**کاك سامی پارەم بۆ پەیدا بکەو رۆژنامە پاش ٢٤ سەعات دەردەچێ؟**)، ئەویش زۆر بە هێمنی و لەسەرخۆ بە زەردەخەنەیەکی نەرمەوە دەیگوت (**دبرها**)، دەبرکردنەکەش لەلای کاك صباح نوری بوو کە قەرزەکەی پاش چەند ژمارەیەکی رۆژانە گەیشتە (٣٧٥,٠٠٠) هەزار دینار، لێرەدا زەنگی ترسناکی بۆ لێدام بەتایبەتیش، کاتی کاك صباح هات وای پێگوتم (**کاکە بیکە بەخاتری خودا لەمە زیاتر تاقەتم پێدا ناشکێ؟**) منیش یەکسەر بەرەو مەسیف بەڕێکەوتم، چوومە لای کاك سامی و کلیلی ژوورەکەم لەبەر دەمی داناو گوتم (**کاك سامی فەرموو ئەوە کلیلی ژوورەکەم منیش لەتوانام دا نەماوە چیدیکە رۆژنامە بەقەرز دەریکەم**)، پێداویستی سەرەکی چاپ بریتی بوو لە کاغەزی رۆڵ کە پارەیەکی زۆری دەویست، سەرەڕای گرانی هێنان وگوێزانەوەی کە پاشان لە قۆناغی دوایی توانیمان لەرێگای بازرگانێکی چالاك و شارەزا راستەوخۆ لەرێگای (**م.س**)ەوە مامەڵەی لەگەل دەکرا، کە ئەویش برای بەڕێز کاك خالد خۆشناو بوو، تواندرا بەسالێ کاغەزی رۆل دابین بکرێت و لە کۆگاکانی دهۆك دابندرێ و ئێمەش هەر سێ مانگ جارێك (**وەجبەی**) پێویستمان دەهێناو لە چاپخانەی پەروەردە دامان دەناو رۆژانە بۆ برایەتی و هەفتانەش بۆ خەبات و چاپەمەنییەکانی دیکە بەکاردەهات. لێرەدا جێی باس کردنە کە ئاماژە بە خاڵێکی دیکە بکەم، ئەویش لێپرسراویەتی بەڕێوەبردن و دارایی هەفتەنامەی خەبات بوو، لە سەرەتاو لەپاش راپەڕین، مامۆستا (**حەبیب محمد کەریم**) لێپرسراویەتی راپەڕاندن و بەڕێوەبەردنی رۆژنامەی خەباتی بە کوردی و بە عەرەبی لە ئەستۆدا بوو، بەڵام کاتی دەرچوونی برایەتی بە کوردی و خەبات بە عەرەبی بڕیاری لەسەر درا، کاك حەبیب راستەوخۆ سەرپەرشتی هەردوو رۆژنامەکەی دەکرد و راستەوخۆش سەرنووسەری

(**برایەتی**)یشی پێ سپێردرابوو، بۆیە پاش کۆنگرەی یازدەی پارتی کاتێ کاك حەبیب محمد کەریم بو بە لێپرسراوی دەستەی چاودێری و پشکنینی پارتی. (**م.س**) برپاری دا (**بەندە**) ئەرکەکانی کاك حبیب وەربگرم، کە خۆی لە سەرنووسەری برایەتی و لێپرسراوی کارگێڕی و دارایی هەردوو رۆژنامەکە پاشان بەکردار (**فعل**) کردمە دەزگا و لێپرسراویەتیم دەکرد، کارەکانی دیکەش هەمووی لەئەستۆی من دابوو، چونکە رۆژنامەنووس (**فەلەکەدین کاکەیی**) کە سەرنووسەری خەبات بوو، لەهەمان کاتیشدا وەزیری رۆشنبیریش بوو، هەفتەی جارێك بۆ ماوەی چەند سەعاتێك دەهاتە بارەگای دەزگا سەرقالّی نووسینی (**الافتتاحیة**) دەبوو یاخود نووسینی هەندێ بابەتی دیکەو ئەرکە کارگێڕییەکانیش هەر لە ئامادەکردنی پێداویستییەکانی چاپ تاکو ناردنە چاپخانە، ئەوجا مەسەلەی دابەش کردن و ناردنە سوریا و لبنان، سەرەڕای کارە کارگێڕییەکانی دیکە و چارەسەرکردنی پێداویستی و کێشەکانی رۆژنامەنووسانی خەبات هەمووی لە ئەستۆی من دابوو، کەرۆژانە لەگەلّ لێپرسراویەتی ئیشوکاری سەرنووسەری رۆژنامەی رۆژانەو کارە کارگێڕییەکانی دیکە، وای لێ کردووم رۆژانە لەنێوانی (١٢ تاکو ١٤) سەعات لەبارەگای دەزگا بمێنمەوە، تەنیا بۆ نووستنی شەوانە روو لەمالّەوە بکەم. خۆشبەختانە مالّەکەم راستەوخۆ لە پشتی بارەگای رۆژنامەبوو، ئەوەش کاتێکی باشی بۆ دەگەڕاندمەوە. بەلاّم دیسان شەوانە تاکو پاش تەواو بوونی لاپەڕەکانی لە بارەگای رۆژنامە دەمامەوەو ئەگەر لاپەڕەیەکیش دوا بکەوتایە ئەوا لەمالّەوە چاوەڕوانی کارمەند (**کوردۆ**)ی سەرپەرشتیاری چاپم دەکرد کە مانکێتەکانی بە لاپەڕە (١)ەوە بۆ دەهێنامە مالّەوە، ئەوجا جارێکی دیکەش بە مانکێتەکان دادەچوومەوە بۆ ئەوەی ئەگەر هەر کەموکوڕییەك یاخود هەڵەیەك هەبا چاکم دەکردەوە و بۆ دواجاریش تەماشای لاپەڕەکانم دەکرد و بەهەموو شێوەیەك لەهەوڵی ئەوەدا بووم کە هەڵەی چاپ و زمانەوانی و سیاسی روونەدا، بەلاّم ئەوەی کاری رۆژنامەنووسی کردبێ، دەزانێ مەسەلەی هەڵە لەهەموو رۆژنامەو چاپەمەنییەکانی سەرتاسەری دنیادا روودەدات، تەنیا وەکو دەڵێن لەچاپەمەنییەکانی (**اکسفۆرد**) هەڵە روونادات و روودانی هەڵەش بۆ جارێك لەگەلّ هەندێ لەبرایانی (**م.س**) تووشی کێشەی کردم، تێدا بۆ چەند جارێك بەنامەی رەسمی رەخنەی توندم لێ دەگیراو واپیشان دەدرا من راستەوخۆ لە دووبارە بوونەوەی هەڵەکان (**بە هەموو**

(شەهید سامی عەبدولڕەحمان، فەرهاد عەونی) بارەگای رۆژنامەی برایەتی ٢٢ی نیسان ١٩٩٨

شـــــێوەکانییەوە) لێـــــی بەرپرسیارم. راستە سەرنووسـەر راستەوخۆ بەرپرسیارە لەهـەموو کەموکوڕییـەک، بـەڵام دیسـان وەکو من تێدەگـەم سەرنووسـەر نابێتـە (**سـوپەرمان**) بەتایبـەتی لـــەوڵاتی ئێمـــە کـــە کـــاری رۆژنامـــەنووس بـــەو فراوانییـــە، پێشـــووتر نـــەبووە، مـــن خـــۆم دەمزانـی زۆرجـار بۆئـەوەی مـن (**لەلایەن هەندێکەوە**) تۆمەتبار بکەن (**حبة**)یەکیان لێ دەکردمە (**کبە**)، بەڵگـەکانیش لای من وەکو (**دیکۆمێنت**) پارێزراوە و ئەو (٣) رۆشنبیرە (**گـەورەی**) کـە رۆژانـە بـۆ (**رصـد**) کردنـی هەڵـەکانی برایـەتی لـە (**بۆسـە**)دا بـوون کـە لەلایـەن برادەرێکـی (**م.س**) راسپێردرابوون، چاویان بـە هەڵـەکانی رۆژنامـەو گۆڤارەکـانی دیکـەی راگەیاندنی پـارتی نەدەکەوت، چونکە ئەوکاتە وا پێدەچوو (**فـەرهاد عـەونی**) مەبەسـت بـووبێ و پاشـانیش مەسەلەکە لەلای من ئاشکرایە، وەکو رۆژی رووناك بـۆ ئـەو برادەرانـەش تـەنیا (**سـامحهم الله**)یـان بـۆ دەخـوازم. پێکهاتـەی مەکتـەبی ناوەنـدی راگەیانـدن و جـۆری پەیوەنـدیمان لەگەڵی پاش کۆنگرەی ١١ی پارتی دیمـوکراتی کوردسـتان، بەسـەرپەرشـتی راسـتەوخۆی خوالێخۆشبوو کاك (**سامی عەبدولڕەحمان**) بوو، کەبووبە لێپرسـراوی مەکتـەبی ناوەنـدی راگەیاندن بە حوکمی بوونە ئەندامی لە مەکتەبی سیاسی پارتی، پاش تێکـەڵ بوونـەوەی حزبی (**یەکگرتن**) لەگەڵ (**پارتی**)، کە یەکگرتنیش لە ئاکـامی تێکـەڵ بوونـەوەی (**پـارتی گـەل و سۆسیالیسـت و پاسـۆك**) هاتـە کایـەوە، پاشـتریش پرۆسـەی تێکـەڵ بوونـەوەی یەکگرتن لەگەڵ پارتی کە (**بەندە**) لەسەرتادا بەهاریکاری بـرادەری دێرینم (**عبـدالموجود طه**) رۆڵێکی دیار و کاریگەرمان بینی و بـۆ چـەند جارێك لەسـەرەتادا بـە نهێنـی ئەلقـەی پەیوەنـدی نێـوان (**سـەرکردایەتی پـارتی و کـاك سـامی بـووم**)، تـاکو گەیشـتە قۆنـاغی (**قـەناعەت**) ئەوسا ئێمەی لێ دەرچووین و گفتوگۆیەکانیش لـەنێوان هـەردوو لا بـەڕەسمی

دەستی پێ کرد و گەیشتە ئەو ئاکامەی کە بەشی هەرە زۆری لەگەڵ پارتی تێکەڵ بوونەوە.

بەنیسبەت کاك سامی، من بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٦٣ لە ماوەت چاوم پێی کەوت، کەلاوێکی هێمنی ئەندازیاری دەرچووی ولاتی بەریتانیا بوو، بێ ئەوەی یەکتری بناسین، ئەو لەبەشی تەکنیکی وەکو ئەندازیاری کارەبا لە ئێزگەکەی شاخی گردەڕەشی (**دەنگی کوردستان**) نزیك شارۆچکەی ماوەت کە بارەگای (**م.س**)ی پارتیش لە گوندی (**عیساوی**)ی نزیك ماوەت بوو کاری دەکرد، ئەوکاتە (**بەندە**)ش کاتبی دادگای بەرزی شۆرش بووم لە ماوەت، بەڵام ناسین و ئاشنایەتیم بەتەواوی لەگەڵ خوالێخۆشبوو کاکە سامی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ووتوێژی نهێنی نێوانی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەتی بەعس و هاتنی وەفدی کورد بوو لەبەغدا، لە مانگی دوازدەی ساڵی ١٩٦٩، لە (**کۆشکی سپی – القصر الابیض**)، ئەو کاتە ئێمەش بەسێ قۆڵی (**عبدالموجود طه و جەلال خۆشناو وبەندە**) کە ئەوسا وەکو شاندی (**یەکێتی قوتابیانی کوردستان**) بەشێوەیەکی نهێنی سەردانی (**الوفد المفاوض**)ی کوردیمان دەکرد، لە کۆشکی سپی نیشتەجێ بوون.

تێدا خولێخۆشبووان (**ئیدریس بارزانی، سامی عەبدولڕەحمان، نوری شاوەیس، دارا تۆفیق، سالح یوسفی، نافیز جەلال حەویزی**) سەرەڕای سەرۆك مەسعود بارزانی ئامادەبوون. ئێمە (**هەرسێکمان**) توانیمان خۆمان بگەیەنینە ئەم شوێنەو لە لایەن شاندی کوردییەوە زۆر بەگەرمی پێشوازیان لێ کردین، بەڵام ئەوەی زیاتر لێمان نزیك بۆوە کاك سامی بوو، چونکە ئەو زیاتر وەکو سەرپەرشتیاری رێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکان دەهاتە پێش چاو، لەماوەی ئەو دوو کاتژمێرەی کەلای شاندی شۆڕش ماینەوە، کاك سامی بە راوێژکرن لەگەڵ کاك مەسعود بارزانی و خولێخۆشبوو کاك ئیدریس بارزانی، زیاتر هەوڵی ئەوەی لەگەڵ دەداین کە خۆمان لە پیاوو سیخوڕانی بەعس بپارێزین، چونکە جارێ هەمووشت تەواو نەبووەو ئەگەری (**سەرنەگرتنی وتوێژ**) لەگۆڕێ دایە، لەو رۆژەوە تاکو سەروبەندی دەرچوونم لە برایەتی، بە چەند مانگێك نێوانمان (نێوانی کاك سامی و بەندە) زۆر هەڤالانەو دۆستانە بوو، بەتایبەتیش ئەزموونی چوار ساڵەی نێوان (١٩٧٠–١٩٧٤) کە لە قۆناغی یەکەم تاکو مانگی ئایاری ١٩٧٢ ئەو وەکو لێپرسراوی

رێکخراو و یەکێتی و سەندیکاکان و منیش وەکو سکرتێری گشتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، پاشانیش بە حوکمی بەرپرسیاریەتی سیاسی ئەو لە بەغدا و منیش وەکو بەڕێوەبەری رۆژنامەی (**برایەتی و التآخی**) (١٩٧٢–١٩٧٤)، دیسان لەنێوانی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٤، تاکو ئاداری ساڵی ١٩٧٥ کە ئەو کاتە لە ناوچەی ئازادکراوی سەرکردایەتی شۆڕش و پارتی رۆژانە یەکترمان دەدیت، هۆکاری یەکەمی ئەو پەیوەندییە بوو، بەدرێژایی ئەم ماوەیە و تاکو رۆژانی پاش راپەڕینە شکۆدارەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ زۆربەی براو کەسوکاری کە پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە ژەنگار دوورخرابوونەوە و نیشتەجێی هەولێر و دهۆک و زاخۆ بوون، پەیوەندی تونـدو تۆڵم لەگەڵیان هەبوو. بۆ یەك رۆژیش نێوانمان نەپساو زیاتریش بەهۆی برای ئازیز عبدالموجود تەها ئەنجام دەدران و ئامادەی هەموو بۆنەیەکیان دەبووم، بۆیە کاتێ کاك سامی بوو بە لێپرسراوی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن و لەسەر راسپاردەی مەکتەبی سیاسی پارتی لە نێوەڕاستی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٣ لە ڕێگای بروسکەیەك کە بە واسیتەی لێژنەی ناوچەی کۆیەی پارتی پێمگەیشتبوو تێدا داوام لێ کرابوو پەیوەندی و سەردانی کاك سامی بکەم، بۆ ئەوەی بە ئاگاداری و سەرپەرشتی ئەو رێوڕەسمی دەوروتەسلیم لەگەڵ مامۆستا حەبیب محەمەد کەریم بکەم کە ئەوکاتە سەرنووسەری برایەتی و لێپرسراوی دارایی و کارگێڕی هەردوو رۆژنامەی برایەتی و خەبات بوو، بەڵام لە رۆژی دیاریکراودا من بە تەنیا لە لایەن مامۆستا (**حەبیب**)ەوە ئەرکەکەم پێ سپێردراو کاروباری دەزگاو لێپرسراویەتی سەرنووسەری برایەتیم وەرگرت.

پێکهاتەی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی ئەوسای پارتی بریتی بوو لە برایان:

– رێبوار یەڵدا لێپرسراوی T.V مەرکەزی

– سەباح بیتواللە لێپرسراوی ئێستگەی دەنگی کوردستانی عێراق

بارزان مەلا خالید بریکاری وەزارەتی رۆشنبیری (**چونکە مەکتەبی ناوەندی تەنیا بریتی نەبوو لە راگەیاندن بەڵکو مەکتەبی ناوەندی رۆشنبیری و راگەیاندن بوو**).

– نەژاد عەزیز سورمێ سکرتێری رۆژنامەنووسی سەرۆك بارزانی

– سەرۆ قادر، ئاسۆ کەریم، زاهیر رۆژبەیانی، فەرهاد عەونی لە رۆژنامەی برایەتی پاشانیش کە رۆژنامەنووس سەرۆ قادر بوو بەلێپرسراوی دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی

گولآن له بەهاری سالّی ١٩٩٤، ئەو وەکو نوێنەری دەزگای گولآن لە مەکتەبی ناوەندی مایەوە، ئێمەش هەرسێکمان (**زاهیر و ئاسۆ و بەندە**) نوێنەرایەتی برایەتیمان دەکرد، کە ئەمەیان خالّێکی لاوازی پێکهاتەی مەکتەبی ناوەندی بوو، چونکە مادام سەرنووسەر ئەندامی مەکتەبە پێویست ناکات دوو رۆژنامەنووسی دیکە (**رۆژنامەنووسان زاهیر رۆژبەیانی و ئاسۆ کەریم**) ئەندامی مەکتەب بن، بەلآم چونکە پێش دەستبەکاربوونی من ئەو پێکهاتەیە بەم شێوەیە دامەزرابوو، نەدەکرا دەستی لێبدرێت، لە سەرەتادا رۆژنامەنووس کاروان ئاکرەیی بە نوێنەرایەتی یاخود بەرپرسی راگەیاندنی (**لقی ١**)ی پارێزگای دهۆك ئەندامی مەکتەب بوو، پاشانیش رۆژنامەنووس فەهیم عبدالله بوو بە ئەندامی مەکتەب و رۆژنامەنووس کاروان ئاکرەیی بوو بە بەرپرسی کەنالّی تەلەفزیۆنی، ئاسمانی کوردستان و بە ئەندامی مەکتەب مایەوە، لە نێوەڕاستی سالّی ١٩٩٥ لەسەر بڕیارو پێشنیاری کاك سامی رۆژنامەنووس(**ئاریان فەرەج**)یش بوو بەئەندامی مەکتەبی ناوەندی و شێواز و پێکهاتەی مەکتەبی ناوەندی بەم شێوەیە مایەوەو تەنیا کاك بارزانی مەلا خالید نەبێت، هەر زوو وازی لە ئەندامی مەکتەب هێنا لەبەر هۆکاری چۆنیەتی دابەش کردنی مەسئولیەت لەمەکتەب کە حەق بەلای ئەو دابوو خۆی لەمەکتەب دەرکەنار کرد. لێپرسراوی مەکتەب خوالێخۆشبوو کاکە سامی تاکو بڵێی مرۆڤێکی هێمن و ڕێك و پێك و شارەزا و بەتوانابوو، دەیزانی چی دەڵێ و دەیزانی چی دەکا، ڕیزی لە هەمووان دەناو مامەڵەیەکی شارستانیانەی لەگەڵ دەکردین. لەسەرەتادا وابزانم رۆژی ١٩٩٣/١٠/٢٣ بوو، کاتێ لەگەڵ براو برادەری دێرینم عبدالموجود تەها کەمن ئەو رۆژە لەسەر داوای (**م.س**)ی پارتی بە بروسکە ئاگادار کرابووم ئێوارە درەنگانێك چوینە مالّی کاك سامی کە لە خانووەکانی ئێستای پەرلەمان، بەگەیشتنمان شادمان بوو، خۆشحالّێکی گەرم و گوڕی نیشاندا بەتایبەتیش نێوانمان (**خوالێخۆشبوو کاك سامی و عبدالموجود و بەندە**) زۆر لەوە بەهێزتربوو کە تەنیا کارێك کۆمان بکاتەوە، پاش ڕووداوەکانی نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، لە سالّەکانی ١٩٧٦ بەدواوە، بەبەردەوامی لەگەڵ عبدالموجود و برادەرانی دیکەی بەهەڵوێست و نیشتیمانپەروەر سەرقالّی دەنگوباسی شۆڕش بووین (**شۆڕشی گولآن–شۆڕشی تازەی گەلەکەمان**)ی قیادەی موەقەتەو بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان وکۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، پاشانیش پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و حیزبی سۆشیالیستی

کوردستان که هەموویان بەلای خەڵکانی وەکو ئێمە جێگای شانازی و حورمەت بوون، چونکە (**میحنەتەکە**) هێندە گەورە بوو، بەعس هێندە درندەو فاشیست بوو زوڵم و زۆرداری بەشێوەیەک لەم گەلە ستەم دیدە دەکرا، ماوەی ئەوەی نەدا لەناو شار و شارۆچکەکان بەتایبەت تاکو ساڵی ١٩٨٠ خەڵکی کوردپەروەرو خاوەن هەڵوێست باس لە دووبەرەکی بکات، چونکە دوژمن وەکو پیشەی هەمیشەیی جیاوازی نێوان سەوز و سوورو زەردی نەدەکردو قەسابخانەکانی بەعس هەمیشە بەبەردەوامی خەریکی ئیعدام کردنی لاو و تێکۆشەرانی کورد بوون، بەڵام کاتی پاش ساڵی ١٩٨٠ گوێبیستی جیابوونەوەی کاك سامی بووم لە پارتی دیموکراتی کوردستان و (**البدیل الثوری**)ی دۆزییەوە، پێم هەزم نەدەکرا، چونکە بەڕاستی کاتێ رۆڵی کاك سامیم لە نێوان ساڵانی (١٩٦٤–١٩٧٠) (٩٧٠–٩٧٤) و (٩٧٤–٩٧٥) و (١٩٧٥–١٩٧٩) دواتر دەهاتەوە بەرچاو، پێم وانەبوو ئەم مرۆڤە بتوانێ رۆژانێك دوور لە پارتی گوزەران بکات، لە هەمان کاتیشدا وام لێکدەدایەوە دوورکەوتنەوەی کاك سامی لە پارتی بۆشاییەکی گەورە دروست دەکات و بە ئاسانی پڕناکرێتەوە. بۆیە سەرەڕای پابەندبوونم بە هەڵوێستە وسیاسەتی پارتی هیچ کاتێك هەستم نەدەکرد رقم لەکاك سامی بووبێتەوە، بە پێچەوانەشەوە هەمیشە بەڕێز و حورمەتەوە لە رۆژانی پاش نسکۆ و تاکو رۆژانی راپەڕین لەلای براو ئامۆزا وخزم و کەسوکاری باسم دەکرد و هەمیشە بەمامۆستای خۆم دادەنا، بۆیە کاتێ پاش نیوەڕۆی رۆژی ١٩٩١/١٢/٣١لەبارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی لەمەسیف سەلاحەددین لەدیدارێکی سەرۆك بارزانیدا لەو خاڵانەی کە باس لێوە کرا بابەتێك کەمن وورووژاندم کەجۆرە (**پاڕانەوەیەك**) بوو لە سەرۆك بارزانی کەوا کارێك بکات کاك سامی بگەڕێتەوە ناو پارتی و لەوەلاّمی پرسیارێکی سەرۆك بارزانی کە هۆکاری ئەو (**داوایەم**) چییە، وتم (**زۆربەی کادیرانی پارتی**) تا ئێستاش کاك (**سامی**)یان خۆشدەوێ ئاشکراشە هۆکاری خۆشەویستیان بۆ کاك سامی چییە لەلایەکی دیکەوە، نەبوونی کاك سامی لەناو پارتی خاڵێکی لاوازی دروست کردووە، بۆیە بەرژەوەندی پارتی لەوەدایە کەوا کاك سامی بگەڕێتەوە ناو پارتی و هەوڵی جیدی بۆ بدرێ، ئەمەیان سەرەداوی چیرۆکی هاتنەوەی کاك سامی بوو بۆناو پارتی کە پاشووتر وەکو باسم لێوەکردووە (**بەندە**) لە سەرەتادا بەوە تەکلیف کرام کە پەیوەندی بەکاك سامی–یەوە بکەم و بزانم (**چی دەخوازێ**)، خوا ماڵی هەڤاڵی دێرینم کاك عبدالموجود تەها ئاوەدان کات بەهەموو شێوەیەك لەسەرەتاوە

پالّپشتی ئەو هەنگاوە بوو، کە کاك (**سامی**) یش ئەو رۆلّەی ئێمەی نەشاردەوە، هەتاجارێك لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەلّ نوێنەرانی (٨) حزبی کوردستانی سوریا، لە بەهاری سالّی ١٩٩٦ئەنجامیدا، لەشاری (**قامشلی**) بەندەش لە چوارچێوەی شاندێکی حزبی لەگەلّیدا بووم گوتی (**باشترواية (٨) حزب ببێتە (٤) و (٤) و حزبیش ببێتە (٢) و دوو حزبیش ببێتە** (یەك) **وەکو ئێمە کردمان کە ئەو هەڤالّەش** (دەستی بۆ من درێژکرد) **دەورێکی باشی تێدابینی**)، مەبەستی کاك سامیش لەباس کردنی ئەم بابەتە بەمەبەستی کەلك وەرگرتن بوو لەئەزموونی خۆی (**پارتی گەل + پاسۆك + سۆشیالیست**) پاشانیش یەککرتنەوە لەگەلّ پارتی.

کۆبوونەوەکانی مەکتەبی ناوەندی لەسەرەتادا هەفتەی جارێك بوو، زۆر جاریش کاك سامی راستەوخۆ بەتەلەفۆن لەمەسیفەوە پەیوەندی پێوە دەکردین، راستەوخۆ ئەوەی (**مەتلّەب**)با پێی رادەگەیاندین، پاش بەجێهێشتنی هەولێریش لەکۆتایی سالّی ١٩٩٤و گیرسانەوەمان لەمەسیف سەلاّحەددین، رۆژانە هەموو بەیانییەك لە ژووڕەکەی خۆی کاك سامی پێشوازی لێ دەکردین و بەرنامەی راگەیاندنی ئەو رۆژەمان تاوتوو دەکردو بڕیاری لێ دەدرا.

وەك لەپێشەوە باسم لێوەکردووە قەت کاك سامی (**ئیرتیجالی نەبوو**) چ کاتی باسی بابەتێك دەکرا، یاخود کە کار دەگەیشتە بڕیاردان، مەبەستیشم لێرەدا لە (**ئیرتیجالی نەبوونی**) کاك سامی بەو مانایە دێت کە هەمیشە لەسەر کاغەز و بەنووسین و تێبینی قسەی دەکرد و ژیرانە شتەکانی لێك دەدایەوە، وەکو سەرکردەیەکی لێهاتوو، هەتا ئەگەر لەگەلّیشی ناکۆك بایت ئەوا دیسان شارستانیانە مامەلّەی لەگەلّ بۆچوونەکانت دەکرد و دانوستانی هێمنانەی دەکردی، ئەم دیاردانەم هەمیشە لەکاك سامی دەدیت و تاکو رۆژی دەست بەکاربوونی وەکو لێپرسراوی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی. لێرەدا بەوێڕدانەوە دەلّێم تاکو رۆژانێ کە کاك سامی لێپرسراوی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن بوو ئیشوکارەکان، وەکو (**میلی سەعات**) بەڕێوە دەڕۆیشت، بەلاّم لەپاش ئەو، مەکتەبی ناوەندی کەوتە بەر شەپۆلی میزاج و لێکناحالّیبوون کە تاکو رۆژی مالّئاواییم لە راگەیاندنی پارتی لە ٢٠٠٠/٢/٢٠، بەم شێوەیە مایەوە. پاشانیش ئەو حەقە بەخۆم نادەم کە باسی لێوەبکەم چونکە (**لێم دوورە**)، بەلاّم دیسان خوێندەواری ئازیز لەگەلّ ئەو

هەموو خەسڵەتە باشانەی کاك سامی (**واذکروا حسنات امواتکم**) کە خۆم بەقەرزاری دەزانم، هەندێ شت هەیە بۆ مێژوو کە ناتوانم باسی لێوە نەکەم، ئەویش پەیوەندی بە (**کاری رۆژنامەنووسیمەوە**) هەیە خوداش وەکیل بێت، مەسەلەکە وەك خۆی باس بکەم کە بۆ هۆکاری ناڕازی بوونی کاك سامی لەمن، کاتێ ئەو جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بوو، بەهۆی خوالێخۆشبوو برای شەهیدم فەرەنسۆ هەریری وردە تێبینی و هەندێ جار نەرمە گلەییی بۆ دەناردم، دەربارەی جۆری بلاوکردنەوەی هەواڵ و چالاکییەکانی چ لەلاپەرە (١) یاخود لەلاپەرە (٤)دا کە دەتوانم بڵێم بەلای تێگەیشتنی منەوە (**المهم**) و (**الاهم**) لێکدەدرایەوە، سەرەڕای ناڕەزای هەندێ جاری (**سەرکردایەتی**) پارتی لەجۆر و شوێنی بلاوکردنەوەی هەواڵ و چالاکییەکانی وەزیرەکانی حکومەتی هەرێم و بریکار و بەڕێوەبەرە گشتییەکان، دیسان لەگەڵ جۆرو بابەتی چالاکییەکانی لێپرسراوەکانی پارتی لە لق و ناوچەکاندا کە بەڕاستی دەبوایە (**وەستاکارییەکی**) وردی تێدا بکەم تاکو بتوانم جۆرە (**توفیق**)ێك لە میان ئەو هەموو (**تەناقوزاتە**)دا بکەم، کەنەدەکرا ١٠٠ ٪ تێدا سەرکەوتووبم و هاوکێشەکە بەدروستی رابگیرێ.

سەر لە ئێوارەی رۆژی ١٩٩٩/١٢/٣٠ خوالێخۆشبوو شەهید کاکە هەڵمەت حەمید، کە سکرتێری کاك سامی بوو، لە برایەتی هاتە لام پێی گوتم کەوا بەڕێز کاك سامی زۆر نیگەرانە لە بلاوکردنەوەی وێنەیەکی ئەو لەگەڵ ئەو وتارەی کە لە ژمارەی برایەتی(٣٠٠٢)رۆژی١٩٩٩/١٢/٣٠ بلاوکراوەتەوە، لەژێر ناونیشانی (**هەڵوێستی سلبی و ئینقیسامی بەنووسین و گوتار داناپۆشرێ**) کەتەواوی لاپەرە (٣)ی گرتبوو، راستەوخۆش پێی گوتم کاك سامی دەڵێ: (**مع الاسف تاکو ئیستاکە برایەتی نەبووەتە رۆژنامەیەکی مەعقول**). کاك هەڵمەت کە قسەکەی کردو پێی گوتم: (**کاکە فەرهاد نصا ئەمە قسەی کاك سامییەو من داوای لێبوردن دەکەم**)، لەراستیدا وەکو لە پێشەوە باسم کردووە، ئەمە جاری یەکەم نەبوو کەبەڕێز کاك سامی گلەیی و گازاندەی بۆ دەناردم، بەتایبەتیش لەرێگای کاکە فەرەنسۆ هەریرییەوە، بەڵام ئەمجارەیان مەسەلەکە بەبارێکی دیکەدا وەرگەڕا، کەئەویش لەلای منەوە بەجۆرە (**طعن**) و لە (**قیمەت**)ەکەم کردنەوەی (**برایەتی**)یم لێکدایەوە، (**سەد جار بەداخەوە**) نەدەکرا لێی بێ دەنگ بم، چونکە بێ دەنگی وەکو قسەیەکی عەرەبی هەیە دەڵێ (**السکوت في الرضا**) دەبەخشی و نەخۆم و نەرۆژنامەنووسانی برایەتی و نەرۆژنامەی برایەتی شایانی ئەو (**طعن**)ە بوون، بۆیە منیش

3

ڕاپەڕین

هەڵوێستی سلبی و ئینقیسامی بە نوسین و وتار داناپۆشرێ

سامی عەبدوڵڕەحمان

ڕاستەوخۆ بە کاک هەڵمەتم گوت: براگیان دەزانم تۆ لەم مەسەلەیە هیچ ڕۆڵێکت نییەو وەکو دەڵێن **(ناقل الکفر لیس بکافر)** بوویە هیوادارم تۆش ئەو ڕایەی من بەبرای بەڕێز

کاک سامی بگەیەنەکە ئەویش ئەوەیە **(ئەگەر کاک سامی وا بزانێ، بلاوێنەکردنەوەی وێنەیەکی ئەو بووەتە هۆکاری نەبوونی برایەتی بە ڕۆژنامە، منیش دەڵێم برایەتی ڕۆژنامە نییەو نابێتە ڕۆژنامەش! تاکو ڕۆژی قیامەتیش ئەگەر من بە سەرنووسەر بمینێم برایەتی هەروا دەمینێتەوە)**. ئەمەو چەندین مەسەلەی دیکەی کە لە **(ئاسمان)**ەوە بۆم دەبارێ لەلایەن یەک دوو برادەری دیکەی **(م.س)** کە بەراستی غەدریان لێکردم و دوور لە قەناعەتی ویژدانی و سیاسیی مامەڵەیان لەگەڵ دەکردم کە لێرەدا جارێ نامەوێ بچمە درێژایی باسکردنی و بۆ هۆکاری ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆی دروست بوونی بڕیارێك کە دەتوانم بڵێم **(جارێ زۆری مابوو بگا)**، مەبەست لە بڕیاری دەرچوونمە لەبرایەتی وەکو سەرنووسەر، چونکە وەکو ئاشکرایە سەرنووسەری ڕۆژنامەیەکی ناوەندی حزبی نەبەو جۆرە دەست کرایەوەو نە بەو جۆرە ئازادە کەبتوانێ هەموو شتی بەلێکدانەوەی خۆی و دەستەی بڕیاردەر لە ڕۆژنامە کارەکان بەڕێوە ببات و تێیدا زۆر جاریش دوور لە قەناعەتی ویژدانی سیاسی و هەندێ کار یاخود هەندێ نووسینت بلاوەدەکردەوە کە نێوان بۆچوونی سەرنووسەر و بابەتەکە نێوانی ئاسمان و ڕێسمان بوو.

لێکدابڕانی کاک سامی و من تاکو ڕۆژانی کۆنگرەی بەرهەڵستکارانی عێراقی کە ڕۆژی ٢٠٠٢/١٢/١٤ لە لەندەن بەسترا بەردەوام بوو، بۆ تاکە جارێکیش لێی نەپرسیمەوە تەنانەت کاتی تووشی **(الجلطة القلبیة)** و پاشووتریش کە گەیاندرامە تاران و نەشتەرگەرییەکی قورسی دڵم بۆ کرا و گەڕانەوەم بۆ کوردستان، کاک سامی و ڕۆربەی

ئەندامانی (**م.س**) بە تەلەفۆنیش لێیان نەپرسیم و ئەوانیش حەقیان بوو، هەندێکیان لە روانگەی (**کە پۆستی سەرنووسەری برایەتی**)م لێستاندراوەتەوە و هەندێکیش لەوانەیە بەهەڵەدا نەچووبم ئەگەر بشمردبام ئامادەی خۆیندنی (**تاکە فاتیحایەك**)یش نەدەبوون (**سامحهم الله**)، بەهەرحاڵ ئەمیان مەسەلەیەك نییە زۆری لەسەر بوەستم، چونکە مرۆڤێك ئەگەر بەتەواو بڕوای بەخۆی هەبێت بزانێ ماوەی زیاتر لە ٤٠ ساڵی لە ڕێزی حزبێکی سیاسی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاری تێدا کردبێت و هەمیشە وەك پارێزەرێکی بە ئەمەکی بووبێ بۆی، دەبێ لای ئاشکرا بێت کە هەندێ لەو (**برادەرانە**) حەز ناکەن ئەو جۆرە مرۆڤانە (**پایەدار**) بن و هۆکارەکانیش وەکو زۆری ڕوونان دیارن.

بەڵام کاتێ لە لەندەن لە ڕۆژی ٢٠٠٢/١٢/١٥ لەهۆڵی هوتێلی (**هیلتون**) ڕووبەڕووی کاك سامی هاتم، من وێستم خۆمی لێ لادەم، بەڵام خواهەڵناگرێ ئەو دەستی بۆ درێژ کردم و گوتی (**عینادی مەکە بیناتنا خبز وملح و صداقه عمرها تتجاوز ربع قرن، وەرە بچینە کافتریا قەهوەیەك، چایەك بخۆین**).

لەوانەیە خوێنەری ئازیز پرسیاری لای دروست بێت، بۆچی هێندە لەسەر ئەو (**پەیوەندییەی بەندە بە کاك سامی**)یەوە دەڕۆم لێرەدا باسی لێوەدەکرێت، لەبەرئێشدا بابەتەکە (**ئەزموونی ڕۆژنامەگەری**) منەو منیش لە وەڵامدا دەڵێم: لە ژیانی کاری ڕۆژنامەگەریم کاك سامی دووجار ڕاستەوخۆ پەیوەندەی بەچون وکاری من بۆ ناو ژیانی ڕۆژنامەنووسییەوە هەبوو، پێشووتر باسم لێوەکردووە، کە چۆن پاش بەجێهێشتن و تەواو بوونی کارم لە ریزەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە مانگی ئایاری ساڵێ ١٩٧٢ کاك سامی لە پشتی بڕیاری گوێزانەوەم بوو بۆ ڕۆژنامەی (**التآخی و برایەتی**) لەبەغدا، لە نێوەڕاستی مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٢ و بەردەوامی پەیوەندی تاکو ڕۆژانی نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ی خایاند. جاری دووەمیش هەردیسان (**التاریخ یعید نفسه**) کاتێ بە بڕیاری (**م.س**) بوومە سەرنووسەری برایەتی و دەست بەکاربوونم لە ١٩٩٣/١٠/٢٦، خوالێخۆشبوو کاکە سامی پۆستی لێپرسراویەتی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی پارتی پێ سپێردرابوو کە زۆر سەرکەوتووانە ڕۆڵەکەی بینی و سەرکەوتوو بوو. ئەوجا ئەگەر (**سوء التفاهم**) ێك یاخود جۆرە لێك دوورکەوتنەوەیەك لە نێواندا هاتبێتە ئاراوە ناکرێ، لایەنە باشە زۆرەکەی باسی لێوەنەکرێ، لێرەدا هەندێك وردەکاری

کۆنگرەی بەرهەڵستکارانی عێراق – لەندەن ٢٠٠٢/١٢/١٤

هەیە کە پەیوەندی بە رۆژانی کاری رۆژنامەنووسیم لە برایەتی ١٩٩٣–٢٠٠٠هەیە کە ئێستاکە لەبەر هەندێ هۆکار نامەوێ باسی لێوەبکەم، ئەگەر تەمەن یاربێت بەنیازم لە ئایندەدا ئەم بابەتەی بەردەست و ئەو وردەکاریانەی کە ئێستاکە باسی لێوەناکەم بەزوبانی عەرەبی و بەناوونیشانی (**سنوات فی برایەتی**) یان (**تجربتي في برایەتی**) بەدرێژی بیخەمە سەر رووپەڕی نامیلکەیەک.

لە ناوەڕاستی پایزی سالّی ١٩٩٦ گەڕاینەوە بارەگای دێرینی خۆمان، پاش ئەوەی توانیمان بە پارەیەکی کەم ئاوەدانی بکەینەوە، بە گەڕانەوەمان بۆ بارەگای پێشوومان توانیمان بە رادەیەکی باشتر خۆمان رێکبخەینەوەو هەر لە دابەش کردنی ژوورەکان بە گوێرەی پێویست تاکو دابین کردنی پێداویستیەکان و دابەشکردنەوەی رۆژنامەنووسان و کارمەندان بەسەر بەشە جیاکاندا، بەگوێرەی کارامەیی و ئارەزوو و گونجان، ئەویش بۆ سەرەتای قۆناغێکی بەرهەمبەخشی ئەوتۆ تاکو ئێستاکەش خەڵکە بە ویژدانەکەی خێزانی برایەتی و رۆشنبیر و خوێندەواران لە دەرەوەی برایەتیشدا (**بەقۆناغی زێڕینی**) ناوزەند دەکەن، سەرەڕای ئەو ئاستەنگ و گیروگرفتانەی کە لەکاتی کارکردنمدا دروست دەبوون و هەندێ لەوانە بە (**ئەنقەست**) بۆم دروست دەکرا، کە لە ئەلقەی داهاتوو باس لە هەندێکی دەکەم کە بواری بلاّوکردنەوەی هەیە.

بە گەڕانەوەمان بۆ هەولێر راستەوخۆ و ناراستەوخۆ پەیوەندیم بە هەندێ لە رۆژنامەنووسانی دەزگاکانی راگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کرد ئەوانەی پاش رووداوی (٣١ی ئاب) لە هەولێر مابوونەوە ئەویش بە دوو مەبەست:

یەکەمیان: لە روانگەی خەمخۆریم بۆ ئەو برا رۆژنامەنووسانەی کە بژێوی ژیانیان لەسەر کاری رۆژنامەنووسی وەستا بوو پاش رووداوەکە بێ کار مابوونەوە.

دووەمیان: بڕوای تەواوم بەنەبوونی سنوور لەنێوان رۆژنامەنووسانی دەزگاکانی راگەیاندنی لایەنە سیاسییەکانی گۆڕەپانی کوردستان، بەتایبەتیش لەنێوان رۆژنامەنووسانی (**پارتی و یەکێتی**)، راستە دوو حزبی جیاوازن، بەڵام لە هەموو حزبەکانی دیکە، لەڕووی نیشتمانی و نەتەوایەتی و عیلمانیەت، لێك نزیکترن، چونکە هەردوولا ئامانجی سەرەکیان رزگاری (**کورد و کوردستان**)ە، وەکو دوو حزبی نەتەوەخوازی پێشکەوتووی دیموکراتی راستە لەهەندێ (**وردەکاری**) دا جیاوازیان هەیە، بەڵام جیاوازییەکە لە یەکتری چوونەکە کەمترە، بۆیە پەرۆشی ئەو رۆژنامەنووسانە بووم کە دەمزانی مرۆڤی پاك و کوردپەروەرن و لەوئاکامدا توانیم چەند رۆژنامەنووسێك قەناعەت پێ بهێنم، کە لە سەرەتاوە ئاگاداریشم کردن کە کەس بۆی نییە یاخود کەس ناتوانێ لەناو دەزگای رۆژنامەنووسی برایەتی و خەبات داوای بە (**پارتی بوونیان**) لێ بکات، تا ئەو کاتەی کە خۆی قەناعەتی ویژدانی و سیاسی دیت و بە ئیختیاری تەواوە، هۆکاری توانینیشم بەسەرکەوتوویی لەو مەسەلەیەدا لەوکات و ساتانەدا راستەوخۆ خۆم سەرپەرشتی (**رێکخستنەکانی پارتی دەزگای برایەتی و خەبات**)م دەکرد و برایانی رۆژنامەنووسی ئەوکاتەی ئەو دەزگایە باش ئەو راستییەیان لە بیرە و تەنانەت زۆرجار برایەکی رۆژنامەنووس کە خۆم چووم لەدەرگای ماڵەکەییم دا تاکو لە لای ئێمە کاری رۆژنامەنووسی بکات لەبرایەتی، بەڵام ئەوکاتە ئەو برا رۆژنامەنووسە رازی نەبوو کاری رۆژنامەنووسیمان لەگەڵ بکات. بەهەر حاڵ ئەوە بەشێك لەو بۆچوونەمە کە تاکو ئێستاکەش بڕوای تەواوم پێیەتی و ئیشی پێ دەکەم، ئەویش خۆی لەئازادکردنی رۆژنامەنووسی دەبینێتەوە لەو چوارچێوەی کە کاری تێدا دەکات و ناچار نەکرێت کە تەنیا بە ئاقارێکدا بڕوا کە پاشان لێی بێزار دەبێت، چونکە (**لەقالب**)دانی مرۆڤ جا نەخاسمە رۆژنامەنووس و رۆشنبیر کە لە ئاکامدا بەرهەمەکەش لەقالب دراو دەبێت و وەکو ئەو نووسینانەی لێ دێت کە خوێندەوار تەنیا ناوونیشانەکەی بە بێزاری دەخوێنێتەوەو لەلایەکی دیکەوە رۆشنبیر و رۆژنامەنووسی لەقالبدراو ناتوانێ (**داهێنان**)

لە کارەکەی بکات، کە پاشانیش دەبێتە هۆکاری بەجێمان و بێ بایەخی لەکۆتایشدا ئەو رۆژنامەی کە بەتەواوی ئەو رێرەوەی گرتۆتەبەر، دەبینین راژەی فرۆشتنی (**لە چەند سەد دانەیەك**) تێپەڕناکات.

زۆر سەرنووسەر یاخود رۆژنامەنووسی دەزگایەکی راگەیاندنی حزبی، بەشێوەیەك (**سانسۆر**) لەسەر خۆی قورس دەکات، ناتوانێ لەو بازنەیە بچیتە دەرەوە کە بە (وەهم) دروست کراوە، راستە رۆژنامەیەکی حزبی جیاوازی هەیە لەگەڵ رۆژنامەیەکی ئەهلی یاخود (**کەرتی تایبەت**)، بەڵام دیسان سەرنووسەر دەتوانێ ئەو چوارچێوەیە فراوان بکات، یاخود خۆی بە (**ئازاد**) ببینێ، وەکو ئاشکرایە رۆژنامە لە بنەڕەتدا بەدوو بنەمای سەرەکی پەیوەندداراە، کە بریتییە لە (**هەوالْ + را "رأی"**) بەنیسبەت یەکەمیان جۆری داڕشتنی لەرۆژنامە بۆ رۆژنامەیەکی دیکە جیاوازی تێدا دەبینرێ، بەڵام جۆری داڕشتنەکەی ئەگەر هاتوو (**الاثارة یاخود ئاشکرا کردنی جۆرە نهێنیەك**) دوور لە قالّبدراویەتی داڕشتن بێت، ئەو رۆژنامەیە دەتوانێ ببێتە جێگای سەرنج و مایەی عەودالّی خوێنەر بۆی، کە لێرەدا رۆژنامەنووس دەتوانێ هەتا ئەگەر لە رۆژنامەیەکی حزبیش کاربکات، ئەو شێوازە بگرێتە بەر کە رۆژنامەکەی بەرەو پێشەوە ببات. دووەمیشیان مەسەلە (**رایە ، الرأی**) کە بێگومان رۆژنامەی حزبی مافی خۆیەتی راو بۆچوونی خۆی دەربارەی هەر مەسەلەیەك دەربڕێ، بەڵام دیسان رێگا نەدان بەلایەن و خەڵکی دیکە کە رای خۆیان دەربڕن لەو رۆژنامە حزبیە ئەوە ئەو رۆژنامەیە تووشی زەرەرێکی گەورە دەکات. (**بەندە**) تا رادەیەك بەپێی خوێندنەوەیەکی بابەتی سەردەم و ئازادی بیروڕا و حزبیەتی برایەتی زۆرجار چوارچێوە وەهمیەکەم دەشکان، کە هەندێ جار تووشی (**سەرئێشەی**) دەکردم، بەڵام لێرەدا دەمەوێ راستییەك ئاماژە پێ بکەم ئەو (**سەر ئێشەییەی**) کە تووشم دەهات، راستەوخۆ پەیوەندی بە بۆچوون و رای سەرکردایەتی پارتییەوە نەبوو، بەڵکو لەلایەن هەندێ لە ئەندامانی سەرکردایەتی پارتییەوە دروست دەکران، ئەویش نەك (**حبا بعلي وانما كرها بعمر**) مەعلومیشە (**عومەر**)ەکەش من بووم و ئەو هۆکارەی کە (**کرهـة**)ەکەشی دروست دەکرد مەسەلەیەك بوو دوور لەبەرژەوەندی پارتی، بەڵکو لەئاکامی ئەو (**ململانێ**)یە نامەعقول و ناپارتییەوە دەهاتە ئاراوە کە ببووە

مایەی دروست بوونی حالەتی پاشاگەردانی لەراگەیاندندا، کە لەئاکامدا بڕینی نانی دەیان کارمەند و رۆژنامەنووس و (**قەپات**) کردنی هەندێ لە چاپەمەنییەکانی ناو دەزگای برایەتی و خەبات کۆتایی هات، کە دواتر دێمەسەری.

لەگەڵ ڕێکخستنەوەی بارەگای دەزگا دوو (**هۆڵ**)ی گەورە، یەکەم بەناوی (**هەژاری موکریانی**)ەوە ناونرا کە تایبەت بوو بە شاعیر و چیرۆکنووس و رەخنەگران، کە پاشان بۆ هەفتانەی (**ئەدەب و هونەر**) تەرخان کراو چەندین ئەدیبی بیروباوەڕی جیا کاریان تێدا دەکرد کە دیسان دێمەوەسەری. هۆڵی دووەم بەناوی (**هۆڵی میقداد بەدرخان**) ناوزەند کرا، کە پێشەنگ و رابەری کاری رۆژنامەنووسی کوردە لەمێژوودا وهۆڵەکەش دەوڵەمەند کرابوو بەسەدان (**کتێبی هەمەجۆرو دەیان رۆژنامەی مێژوویی**)، کە بەداخەوە لەپاش (**لابردنی من**)، هەندێك وەکو لێکدانەوەیەك بوو (**ئینقیلابێکی عەسکەری**) تەماشای ئەو ڕێکخستن و گرنگیدانەیان کرد، کە دواتر نەهۆڵ بەناوی میقداد بەدرخان و نەهۆڵ بەناوی هەژاری موکریانی و نە ئەو کتێبخانەو ئەرشیفەی کە دەیان هەزار دیناری تێچووبوو هیچی وەکو خۆی نەما. لێرەدا دەبێت خوێنەر بزانێ لەو سەردەمەی کە ئەو کارانە ڕێك دەخران پارەو پوول وەکو ئەو سەردەمەی ئێستا نەبوو کە تەخشان و پەخشان بەپارە دەکرێ و تەنانەت دەبوایە مانگانە سەرتاپای مەسروفات و داهات بگەڕێتەوە بۆ مەکتەبی ناوەندی دارایی بەمەبەستی تەدقیق کردنی و زۆر جاریش ئامۆژگاری دەکراین، کە پێویستە خەرجییەکان کەم بکەینەوە.

(**برایەتی**) **و چاپەمەنییەکانی دیکەی دەزگا**

برایەتی بە ١٢ لاپەڕە، برایەتی ئەدەب و هونەر، وەرزشی برایەتی، برایەتی وەرزش، سەنتەری برایەتی، کتێبە چاپکراوەکانی برایەتی. بەدوو شێوە هەر لە رۆژانی یەکەمی دەست بەکاربوونم لە رۆژنامە بیرم لە زۆر شت دەکردەوە، بەمەبەستی بەرەو پێشەوە بردنی برایەتی، کە ئەویش لە رۆژانی پێشووترەوە یاخود لەسالانی حەفتاکاندا کە بەڕێوەبەری کارگێڕی (**التآخي**) و سەرپەرشتکاری بابەتە سیاسییەکانی رۆژنامەی برایەتی بووم، لەرووی رامیارییەوە کە راستەوخۆ پەیوەندیم بەکاری رۆژنامەنووسیەوە هەبوو،

پێشووتریش هەر لە سەرەتای لاویمەوە، کە دەگەڕامەوە بۆ سەروبەندی دوای شۆڕشی ١٤ تەممووزی سالّی ١٩٥٨، خولیای کڕین و خوێندنەوەی ڕۆژنامەو گۆڤار بووم، لە سەرەتادا بە کوردی و پاشانیش لە پۆلی سێیەمی ناوەندی دەستم بە خوێندنەوەی عەرەبی کرد، دەتوانم بلّێم ڕۆژێ نەبوو کە من دوورەپەرێز کات لە دۆستایەتی خوێندنەوە چ ڕۆژنامە چ گۆڤارو چ کتێب. ڕۆژانەش پاش تەواوبوونی دەوامی قوتابخانە (**موشتەری**) بەردەوامی (**کتێبخانەی گشتی**) کۆیە بووم، خوالێخۆشبووانی بەڕێوەبەر (**چ لە سەردەمی مامۆستا زەکی ئەحمەد هەناری و چ لەسەردەمی مامۆستا عبدالصمد حاجی تەها**) کە تاکو ڕۆژانی تەواوکردنی قۆناغی دواناوەندیم مابوون، پاشانیش لە قۆناغی خوێندنم لە زانکۆی بەغدا (**کۆلێژی ئابووری و زانستە سیاسییەکان**)، ڕۆژانە ماوەی نزیک (**یەک کاتژمێر**)م لە هۆلّی یانەی کۆلیژ بەسەردەبرد، بەمەبەستی خوێندنەوەی ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە، پاشانیش کە (**التأخي و برایەتی**)ش لەقۆناغی یەکەمی دەرچوونیاندا (**٤/٢٩ التأخی و ١٩٦٧/٥/٦ برایەتی**) بارەگای ڕۆژنامەو خوێندنەوەیان ئەرکی بەردەوامی ڕۆژانەم بوو کە تێکرای مێژووی دۆستایەتیم لەگەلّ ڕۆژنامەدا بۆ (**خەزینی**) ڕۆژانی دەست بەکاربوونم لە برایەتی، بەرادەیەك کارەکەم لا خۆشەویست بوو، نەدەپرژامە هیچ کارێکی دیکە. تەنانەت ڕۆژانی (**پشووەدانیش**) نیوەی ڕۆژەکەم هەر لە بارەگای ڕۆژنامە بەسەردەبردو زۆر جاریش لەسەر ئەم ڕێڕەوە خێزانم (**سەرکۆنەی**) دەکردم.

لە قۆناغی یەکەمدا کە (١٤) مانگی خایاند تاکو کۆتایی سالّی ١٩٩٤ تەوانرا لاپەڕەکان بە شێوازێکی تازە ڕێك بخەینەوە و گرنگی بە ڕۆلّی پەیامنێران بدەین، بەلاّم بارودۆخی سیاسی بەتایبەتیش پاش ١٩٩٤/٥/١ کە سەرەتای قۆناغێکی دژواری شەڕی ناوەخۆ بوو، هەموو پرۆژەیەکی بەرەو پێشەوەبردنی برایەتی دواکەوت، سەرەڕای بایەخنەدان و لەڕووی ناوەڕۆك و هونەرییەوە، بە ڕۆلّی ڕۆژنامە، چونکە لەوکات و ساتانەدا بەهۆی تووندوتیژی ململانێی سیاسی و نەبوونی هۆشیاری تەواویش، بەگرنگی بەرەو پێشەوەبردنی، بەلاّم دیسان لە بارودۆخی پاش ڕاپەڕین دەرچوونی ڕۆژنامەی ڕۆژانە، کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵکو دەبوایە شەونخووننی تەواوی بۆ بکرێ.

قەوارەی (٨) لاپەڕەیی ببوو بە سیستەمی لەقالبدراوی ڕۆژنامەکان، تێدا برایەتیشی بەخۆوە گرتبوو نەدەکرا لەو کاتەدا باس لە زیادبوونی لاپەڕەکان بکەیت، بەلاّم دیسان

لەبۆنە جیاکاندا توانیم جۆرە رایەك فەرز بكەم، ئەویش خۆی لە زیادكردنی لاپەڕەكان دەدیتەوە، لام وایە یەكەم جاریش كە توانیمان ئەو قالبە بشكێنین ئەو ژمارە تایبەتییەی برایەتی بوو، بەبۆنەی سالیادی چوارەمی خوالێخۆشبوو (**هەژاری موكریانی**) بوو كە برایەتی ژمارە(١٨٧٩) لە رۆژی ١٩٩٤/٤/٢١ بە (١٦) لاپەڕە دەرچوو، كە لام وایە بۆ یەكەم جار بوو رۆژنامەیەكی رۆژانە بتوانێ ژمارەیەكی تایبەتی بە (١٦) لاپەڕە تەرخان بكات، بەڵام چونكە بەندە هەر لەسەرتاوە هەمیشە لەگەڵ ئەو راوبۆچوونانەم كە دەڵێ (ئەوەی رۆڵی سەركردەكانی پێشووی گەلی كوردستان لە قۆناغە جیاجیاكانداو رۆڵی شاعیر و ئەدیب و كەسایەتییە نیشتمانپەروەرەكانی لەبیر بچێت، كە تا چ رادەیەكی گەورە لە خزمەتی كێشەی گەل و كەلتوور و زوبان و ئەدەبی كوردی دابوونە، ناتوانێ خەمخۆری راستەقینەی گەلەكەی بێت ئەوجا لە هەر بواریكدا كە كاری تێدادەكات ئەو دەستەواژەیەی كە لە مانشێتە سەرەكییەكەی ئەو ژمارەیەش بەكارم هێناوە بۆ یادی هەژاری موكریانی دەڵێ: **"لەیادی پاسەوانی زمان و گەورە رۆشنبیری كورد هەژاری موكریانی"** سوودم لەو هەڵسەنگاندنەی **"عەونی"** شاعیر وەرگرتووە كە لە دیمانەیەكی رۆژنامەی **"كوردستان نوێ"**ی ژمارە ١٠٩ سالّی یەكەم پێنجشەممە رۆژی ١٩٩٢/٦/٤ كەلەگەڵ عەونی كراوەو دەڵێ **"هەژاری موكریانی نەك تەنها شاعیرێكی زۆر گەورەیە، بەڵكو پاسەوانێكی زمانی كوردیشە"**ـە لەو ژمارە تایبەتیەشدا چەندین رۆشنبیری قەلەم بەپێزی كوردی وەك بەڕێزان **"زاهیر سەوز، رەئوف ئەحمەد ئالانی، سەرۆ قادر، ئەحمەد سەلام، مستەفا سالّح كەریم، عومەر محەمەد سالّح، مومتاز حەیدەری، سیڤەر–زاد، كەریم شارەزا، مەحمود زامدار، نورەدین سەعید وەیسی، محەمەد سالّح سەعید، ناجی ئەرگوشی، محەمەد خدر مەولود"**، لەگەڵ بابەتێكی دیكە كە رۆژنامەنووس سەرۆ قادر لە فارسییەوە وەری گێڕابوو، بەناوونیشانی **"چەند بیرەوەرییەك لە بارەی شەرەفكەندی هاوسەرمەوە"** كە دیمانەیەكی گۆڤاری **"اصحاب انقلاب"**ە لەگەڵ مەعسومە خانی هاوسەری مامۆستا هەژارە، سەرەڕای بلاوكردنەوەی بابەتێكی گۆڤاری (**سروە**)ی كوردستانی رۆژهەلاّت كە ماوەیەك بەر لە كۆچی دوایی خوالێخۆشبوو هەژاری موكریانی لەژێر ناوی **"وتوویژ لەگەڵ مامۆستا هەژار"** دا وەكو خۆی بلاوكرایەوە.

دیمانەی (کوردستانی نوێ) لەگەڵ (عەونی)دا ژمارە ١٠٩

لە قۆناغی دووەمی برایەتیش لە پاش راپەڕین مەبەست لە رۆژانی گیرسانەوەمان لە هاوینەهەواری سەلاّحەددین کە لە سەرەتای سالّی ١٩٩٥ دەست پێ دەکات، لاپەڕەکانی برایەتی وەکو لە ئەلقەی پێشوو دیاری کراوە، هەرجارەی بەچەند لاپەڕەی جیاواز دەرچووە، کە هەندێکیان دەگەیشتە (١٢ ، ١٦ ، ٢٤ ، ٢٨) لاپەڕە بەلاّم دیسان، چونکە لەبەر بارودۆخی ئەوکاتە رۆژانە دەرنەدەچوو ناتوانین بلّێین ژمارەی لاپەڕەکانی لە ٨ لاپەڕە تێپەڕی کردبوو، لە قۆناغی دوای گەڕانەوەشمان رۆژجار سیستەمی (٨) لاپەڕەیی دەشکاو رۆژ جار دەبوو بە ١٢ لاپەڕە کە ئەویش بە بۆنەی ئەو بۆنانەوە بوو کە دەیخواست لاپەڕەکان زیاد بکرێت، رۆژ جار هەندێ لە ئەندامانی دەستەی نووسەرانی (پەست) دەکردن، بەلاّم دیسان زیادبوونی لاپەڕەکان لە بۆنەکاندا بە هەولّ و کۆششی رۆژنامەنووسانی برایەتی دەهاتە بەرهەم و لە پێشەوە کۆبوونەوەیەکی چەند سەعاتی بە ئامادەبوونی ئەندامانی دەستەی نووسەران و لێپرسراوی لاپەڕەکان ئەنجام دەدرا. لە سالّیادی یەکەمی رووداوی (٣١)ی ئابدا، برایەتی بە (٣١) لاپەڕە دەرچوو تێدا بە درێژی باس لەو دەستکەوتانە کراوە کە لەماوەی سالّی نوێدا لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە جێبەجێ کراوە.

مەسەلەی زیادکردنی لاپەڕەکانی برایەتی لە ٨ لاپەڕەوە بۆ ١٢ لاپەڕە جۆرە ماندووبوونێکی زۆری تێدا بوو لە سەرەتادا بەقەناعەت پێکردنی رۆژنامەنووسان زاهیر رۆژبەیانی جێگری سەرنووسەر و ئاسۆ کەریم سکرتێری نووسین دەستی پێکرد، چونکە دەبوایە بۆ جێبەجێ کردنی (**نەخەشەکە**) بە ئەلقەی یەکەمی دەستەوە دەست پێ بکەم.

لە سەرەتادا رۆژنامەنووس ئاسۆ کەریم لەگەڵ زیادکردنی لاپەڕەکاندا نەبوو، چونکە ئەو دەیگوت زیادکردنی لاپەڕەکان بەتەنیا نابێتە گۆڕان لە نەوعیەتدا، پێویستە زیاتر گرنگی بەم لایەنەی دوایی بدرێت، لە راستیدا قسەکەی رۆژنامەنووس ئاسۆ کەریم مەعقولیەتی تێدا بوو، بەڵام دیسان وەکو من بۆی دەچووم زیادکردنی لاپەڕەکان سەرەڕای سەنگ و قورسایی رۆژنامەکە لە لای خوێنەران کە بەباشی لێك دەدرایەوە، بەڵام دیسان زیادکردنی لاپەڕەکان دەرگای رۆژنامە زیاتر والاّ دەکات و ماوەی زیاتر بەنووسەر و رۆژنامەنووس و رۆشنبیران دەدات تێیدا بنووسن.

لەراستیشدا رایەکەی من لەلایەن زۆربەی رۆژنامەنووسانەوە پەسەند کراو ئەوەبوو یەکەم ژمارەی بەردەوامی برایەتی بە (١٢) لاپەڕە دەرچوو.

بەشی پێنجەم

وەکو لە پێشووشدا باس کراوە، (**برایەتی**) چەندەها ژمارەی بە زیاتر لە (٨) لاپەڕە دەرچووە، بەڵام چونکە بە بەردەوامی بە (٨) لاپەڕە بووە ناکرێ بڵێین رۆژێ بووە بە (١٢) لاپەڕە ئەو رۆژانە بووە کە بە (١٢) لاپەڕە دەرچووە، بۆیە ژمارەی برایەتی ٢٨٧٤ لە رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ١٩٩٩/٤/٢٩ بە سەرەتابوونی برایەتی بە (١٢)لاپەڕەیە لە مێژووی ئەم رۆژنامەیەدا کە ئەمەشیان وەرچەرخانێکی دیکە بوو لە مێژووی برایەتی، کاتێ لە (٨) لاپەڕەوە بوو بە (١٢) لاپەڕە، بەڵام هێشتا دڵمان پێی دابین نەبوو، بەتایبەتیش کاتێ دوو مانگ و چەند رۆژێك پێشووتر سەردانی کۆماری ئیسلامی ئێرانمان کرد بوو، لە یادی رۆژی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بە سەر رژێمی شای گۆرپەگۆڕدا (**شوباتی ١٩٩٩**)، لە ماوەی ئەم چەند رۆژەی کە لە تاران ماینەوە رۆژانە چەند رۆژنامەیەکی فارسیم دەکڕی کە بە لاپەڕەی زۆری جۆراوجۆر دەردەچوون، بیرم لەوە دەکردەوە کە رۆژانێك دابێت ئێمەش بتوانین لە کوردستان رۆژنامەکان بەم ئاقارەدا ببەین و دەرکیشم بەو راستییە دەکرد کە هۆکاری یەکەمی پێشکەوتنی رۆژنامە چ لە رووی بابەتی و چ لە رووی ژمارەی لاپەڕەکانی دەگەڕێتەوە تا چەند ئەو رۆژنامەیە بۆتە پێداویستی (**حاجە**)ی خەڵکی، کە رۆژانە نەتوانن دەستبەرداری خوێندنەوەی بن، چونکە ئەگەر رۆژنامەیەك نەتوانێ ببێتە زادی رۆژانەی خوێنەران هیچ هێز و ئامرازێك نییە بتوانێ ئەو رۆژنامەیە پێش بخات، کە بەداخەوە تاکو ئەو ساتەش رۆژنامە لە کوردستان نەگەیشتۆتە ئەو قۆناغە ئەمەشیان هۆکاری جۆراوجۆری خۆی هەیە لێرە جێگای مەبەست نییە.

سەرەڕای رۆژنامەی برایەتی کە بە (١٢)لاپەڕە دەردەچوو توانیمان بەهاوکاری برایانی رۆژنامەنووس و کارمەندانی دەزگای برایەتی و خەبات چەندین چاپکراوی دیکەی (**هەفتەنامە + گۆڤار + کتێبی چاپکراو**) چاپ و بڵاوبکەینەوە کە مەبەستیش لەو هەنگاوە بابەتییە دابەشکردنی بابەت بوو لەسەر بنەمای (**اختصاص**) وەك کۆکردنەوەی بابەتی ئەدەبی و شیعر لە هەفتەنامەی (**ئەدەب و هونەر**) و بابەتی وەرزش لە هەفتەنامەی (**وەرزشی برایەتی**) و بابەتی سیاسی و فیکری درێژ بۆ (**گۆڤاری سەنتەری برایەتی**) کە لێرەدا لەسەر هەریەك لەو بڵاوکراوانەدا چەند دێرێکیان لەسەر دەنووسین بەپێی مێژوو و رۆژی دەرچوونییان.

١. برایەتی پاشکۆی ئەدەب و هونەر:

(**برایەتی ئەدەب و هونەر**): سیمای رۆژنامەکانی دوای قۆناغی راپەڕین وەکو قۆناغەکانی دیکەی پێشووتر بە هەمان ئاقار لای دەکردەوە، کە ئەویش بریتی بوو لە تێکەڵاوی بابەتەکانی (**سیاسی، ئەدەبی، میژوویی، وەرزش... هتد**) و بڵاوبوونەوەی لە یەك رۆژنامەدا کە تا رادەیەك لەو قۆناغەدا ئەم جۆرە رۆژنامەیە پەسەند بوو، چونکە خوێنەران بە تێکڕایی و کەمی کادیری و رۆژنامەنووسی (**متخصص**) و پێویست نەبوونی (**عدم الحاجة**) رۆژنامەی تایبەت بە بابەتێك و پێنەگەیشتنی قۆناغی پێداویستی ئەم جۆرە میزاجە لە کاری رۆژنامەنووسی سەرەڕای تێکەڵاوی کاری سیاسی و ئەدەبی بەهۆی بارودۆخی ئەو قۆناغە کە زۆربەی کادیرانی رۆژنامەنووس یان لە ڕێگای سیاسەتەوە یاخود لە ڕێگای ئەدەب و ئەدەب دۆستییەوە تێکەڵاوی کاری رۆژنامەنووسی دەبوون، بەڵام پاش تێپەڕبوونی چەند ساڵێك بەسەر ئەو قۆناغەدا و زۆربوونی خوێنەران و جیاوازی هەست و حەز و پێگەیشتنی کادیری رۆژنامەنووس لە بواری جیاجیادا ئەو حاڵەتەی دروست کرد بیر لەو مەسەلەیە بکرێتەوەو هەر بواره رۆژنامەیەك یاخود هەفتەنامەیەك یاخود بڵاوکراوەیەکی نیو مانگی بۆ بڕەخسێنێ و تێیدا ئارەزوومەندان و خوێنەران و نووسەرانی ئەم بواره بە خۆیەوە بگرێت. بۆیە هەر لەم روانگەیەشەوە بوو چەند جارێك لەگەڵ رۆژنامەنووسان (**زاهیر رۆژبەیانی**) کە ئەو کاتە جێگری سەرنووسەر بوو و (**ئاسۆ کەریم**) کە سکرتێری نووسین بوو ئەم بابەتەم باس دەکرد، لە ئەنجامدا هەرسێکمان هاتینە سەر ئەم رایە کە هەفتەنامەیەك بە نێوی ئەدەب و هونەری برایەتی دەربکەین و لەسەر ئەوەش رێککەوتین کە رۆژنامەنووس (**زاهیر رۆژبەیانی**) سەرپەرشتی بکات، چونکە ئەو لە هەموومان زیاتر بەحوکمی ئەوەی خۆی لە بنەڕەتدا وەکو ئەدیب و رەخنەگرێك (**ناقد**) دەستی پێکردووە، کە لە راستیشدا لەو کاره سەرکەوتووبوو، بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەو رۆژنامەنووسانەی کە وەکو دەستەی نووسەران و بەشدار کاریان تێدا دەکرد، کە بریتی بوون لە رۆژنامەنووسان (**کەریم شارەزا، عەباس عەبدوڵڵا یوسف، ئەحمەد سەلام، جەلیل کاکەوەیس، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، تاریق کارێزی، نەجات حەمید، ئازاد سوبحی**) لە سەرەتادا دوو هەفتە جارێك و ژمارەی یەکەمی رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ١٩٩٦/١٠/٣١ دەرچوو و هۆڵێکی گەورەشی بۆ تەرخان کرا بە پێی

ئیمکانیاتی هەژارانەی ئەو دەم، هەر بە ناوی (**هۆڵی هەژاری موکریانی**) ناوی لێندرا، وەکو رێزلێنان و شانازی بەو کەڵە ئەدیب و نووسەر و وەرگێڕو شاعیر و فەرهەنگ دارێژە کە بە راستی شایانی ئەوەیە لە هەموو شارێکی کوردستان شوێن و هۆڵە ئەدەبیەکان بەناوی ئەو نووسەر و ئەدیبانەوە بێت کە هەموو ژیانیان لە پێناوی کورد و کوردستانەوە تەرخان کردبوو، بەڵام بەداخەوە وەکو ئەوەی زانیم پاش دەرچوونم، نەهۆڵە هەژارانەکەو نە ناوەکەش لەم دەزگایە نەما.

هاوکات لەگەڵ ئەو هۆڵەی بۆ کۆبوونەوەکانی دەستەی نووسەران و کۆبوونەوە گشتییەکان تەرخان کرابوو، بە نێوی (**هۆڵی میقداد بەدرخان**) ناوزەد کرابوو، تێدا سەرجەم کۆبوونەوەکانی دەستەی ئامادەکار و لیژنەی راوێژ و پاشانیش کە هەردووکی بوو بە دەستەی ئامادەکاری پرۆژەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان کە هەر لە خودی ئەم هۆڵەدا پرۆژەی یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی تێدا ئامادەکراو پاشانیش کە یاسای سەندیکا لە یادی سەد ساڵەی رۆژنامەی "**کوردستان**" لە پەرلەمانی کوردستان لە ١٩٩٨/٤/٢٢ دەرچوو، دەستەی دامەزرێنەری سەندیکا کە (٢٠) رۆژنامەنووس بوون، کۆبوونەوەکانیان تا بەستنی کۆنگرەی یەکەمی سەندیکا لە ٢٩-١٩٩٨/١٢/٣١ لە هەولێر بەسترا، ئەم هۆڵە بارەگاو جێگای ئامادەکردنی پێداویستی کاری کۆنگرەکە بوون.

بە دەرچوونی ئەدەب و هونەری برایەتی تواندرا پێگەیەك بۆ شاعیران و ئەدیبان و هونەرمەندان بە هەموو بوارەکانی ئەم دوو لایەنە (**ئەدەب و هونەر**) دروست بکەین و دەرگایەکەی والا بکرێت بۆ هەموو ئەو نووسەرانەی کە لەو بوارە دەیان نووسی بە جیاوازی راوبۆچوونی سیاسی و ئەدەبی کە بووە جێگای رەزامەندی زۆربەی ئەدیبان و نووسەرانی ئەو بوارە. بۆیە ئەگەر بێتو جارێکی دیکە چاومان بە لاپەڕەکانی ئەم رۆژنامەیە بخشێنینەوە دەبینین بە دەیان شاعیر و ئەدیب و هونەرمەند و گەنج و پیر و پیاو و ئافرەت، بەجیاوازی بیروڕاوە تیایاندا نووسیوە. بۆ نموونە ناوی هەندێکیان بە بیر خوێنەران دەهێنمەوە کە لە ژمارەکانی برایەتی ئەدەب و هونەر نوسیویانە (**د.فەرهاد پیربالّ، عەبدولکەریم شێخانی، مەلا جەمیل رۆژبەیانی، رەوشت رەشید، موسەدەق تۆفیق، پیربالّ مەحمود، نەجات حەمید ئەحمەد، سەباح رەنجدەر، حەمە سەعید**

حەسەن، مستەفا زەنگەنە، حەمە فەریق حەسەن، نەوزاد کەلهوڕ، ئازاد دڵزار، نەبەزی حەمە بچکۆل، مەولود بێخاڵی، مومتاز حەیدەری، تاریق جامباز، جەلیل کاکەوەیس، نەوزاد رەفعەت، ڕۆستەم باجەلان، بۆتان جەلال، محەمەد خدر مەولود، کەمال غەمبار، جەلال مەدحەت خۆشناو، لەتیف هەڵمەت، هیمداد حوسێن، غازی حەسەن، سەلاح سەیدۆك، غەریب پشدەری، کەمال سەعدی، نەریمان تالێب مۆریاسی، کاکل حەسەن ئاسۆ، عەبدوڵڵا سەراج، عەباس عەبدوڵڵا یوسف، کەریم شارەزا، سابیر ڕەشید، نەژاد عەزیز سورمێ، عەتا قەرەداخی، حەمە ئەحمەد جاف، ئەحمەد سەلام، زاهیر ڕۆژبەیانی "کە هەر ئەویش سەر وتارەکانی ئەدەب و هونەری لەژێر ناوی –نۆرینگ–وە دەنووسی" فوئاد سدیق، شێرکۆ ئەحمەد حەوێز، خالید کۆچەر، چنوور نامیق، سەعدوڵڵا ئاکرەیی، فوئاد حەمەدەمین سەراج، هیمەت کاکەیی، ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، سالار عەبدولڕەحمان، سەلاح هروری، ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، یوسف لەتیف، عەبدوڵڵا زەنگەنە، عەبدولموتەلیب

برایەتی
BIRAYETİ
پاشکۆیەکی نەدەبی و هونەریبە دووهەفتە جارێک دەردەچێت
پەنج شەمە ٣١/١٠/١٩٩٦ ژمارە (١/٢٢٠٢)
نۆرینگ
داهێنان لە بواری کاری نەدەبیدا وە نەبێ نەوەندە ئاسان بێ و هەر کەسێک ویستی خۆی لە خانەی نەو ژمارانە دابنێ کە سەبەنی لە سایەی نەو خولیا داپشتنی بیرەوە نەمر بێ، بەڵکو کاری داهێنان خۆی لەخۆیدا عیشقێکمر لە پاڵ عیشقەکەشدا پراکتیک و مەشقێکی بێوچانی دەوێ، جا ئێمەش لەم نۆرینگەیەوە، دەمانەوێ ئەم پاشکۆ خنجیلە نەدەبییەی برایەتی بیێتە نەو مینبەرە ئازادەو نەو سەکۆ سەربەستە کە هەموو نووسەرانی گەرمیان و کوێستان بتوانن بەرهەمی خۆیان تێدا بڵاو بکەنەوە. ئەوسا لە دوو سەرەوە تەوژمێکی نەدەبی هاوچەرخانە دەخولقێ. ئەسەرێکەوە هزری خەڵکیی خاوەن نەزموونەکان دەبێتە کانیاوێک و تینوێتی نەوەی نوێ دەشکێنێ. لەسەرێکی دیشەوە ئەم سەکۆیە دەبێتە جێی سەربەیەکدا کردنی نەو خاوەن قەڵەمە نوێیانەی کە هێشتا لەسەرەتای ڕێگەو نەزموونی نەدەبیدان.
جا لە نۆرینگەی ئەم پاشکۆ نەدەبی و هونەربیەوە بانگی نەدەبی بۆ هەموو هونەرمەندان و نووسەرانی کوردستان هەڵدەدەین و دەڵێین:
هاوکاری تێزەو و دڵسۆزی و خۆشەویستی وشەی ڕەسەنی کوردی چاوپێکەوتنی داهێنەرانەی نەدەبی و شیعری جوان و چیرۆکی مشوور خۆری شارستانیانە و نەدەبی و بیری کوردانە و مرۆڤانە لەسەر لاپەرەکانی پاشکۆی نەدەبی و هونەری، دەرسکێنێ و بەری دڵ و دیدەی کۆمەڵی کوردەواری ڕوون دەکاتەوە، نەنجامیش بەری ڕەنج و داهێنانە، داهێنانیش دنیایەکی بێ سنوورە.
پاشکۆی نەدەبی و هونەریی برایەتی ئێستا حالی حازر مانگی دووجار دەردەچێ و هیوادارین بیێتە کۆڕەپانی نەفراندن و داهێنان وتەکانێک بەو بارە ڕۆشنبیریی و نەدەبی و هونەربیەی ئێستامان بدا... دەست لەدەست و چاوەڕوانی دەست و قەڵەمی نووسەران و هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی کوردین.

ژمارە (١)ی (**برایەتی ئەدەب و هونەر**)

سەرەتا وەکو پاشکۆ لەگەڵ ژمارە (٢٢٠٢)ی برایەتی بڵاوکرایەوە

عەبدوڵڵا، شێرزاد حەسەن، میقداد شاسواری، عەبدولخالق سەرسام، عوسمان شاربازێڕی، سیروان ناشاد. کامەران تاهیر، فەرەیدون سامان. د.جەمشید حەیدەری، نیازی حەمە عەزیز، تەحسین نافشگی، باکوری، نالّە عەبدولڕەحمان، گرفتار کاکەیی، حەمەکەریم عارف، سەلام مەنمی، شەونم بەرزنجی، بەهزاد حەوێزی، ڕەزا سەید گول بەرزنجی، محێدین قادر، مەجید ئاسنگەر، مەهدی خۆشناو، بێکەس حەمەد قادر، بەهرە موفتی، کاروان عەبدوڵڵا)، لەگەڵ سەدان ناوی بەڕێزی دیکەی نووسەران و ئەدیبان (**لەگەڵ داوای لێبوردن کە لێرەدا ناویان نەهاتووە لەبەر زۆری ناوەکان**) دیسان لەگەڵ سەدان ڕیپۆرتاژ و دیمانەو چاوپێکەوتن.

برایەتی ئەدەب و هونەر لە ژمارە (١٨)وە کە لە ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/٣/٢٧ بوو بە هەفتەنامەیەکی ڕێکوپێک کە هەموو ڕۆژی پێنج شەممان دەردەچوو، دوو ژمارەی تایبەتیش لەم ساڵەدا دەرچوو، یەکەمیان ژمارە ١٤ی ڕۆژی ١٩٩٧/٢/٢٠ کە ژمارەی تایبەت بە (**هەژاری موکریانی**) بوو، دووەمیان تایبەت بە نەورۆز کە بە ١٢ لاپەڕە ڕۆژی ١٩٩٧/٣/٢٠دەرچووە.

برایەتی ئەدەب و هونەر توانی لە ماوەی دەرچوونی، کە ژمارەی یەکەمی لە ١٩٩٦/١٠/٣١ دەرچوو تاکو دواین ژمارەی (٢٤٧) لە ٢٠٠١/١٠/٥ بە ١٢ لاپەڕە دەرچووە، ژمارەیەکی زۆری نووسەران و ئەدیبانی لاو و بە تەمەنی عاشقی وشەو بابەتە ئەدەبییەکانی زمانی کوردی لە خۆی کۆبکاتەوە تا ڕادەیەکی گەورەش توانی زۆربەی ئەو قەڵەمانە لە ئامێز بگرێ کە خولیای زمان و وشەی کوردی بوون، تێدا بەندە تاکو ژمارە (١٦٧) لە ٢٠٠٠/٣/٣دا

سەرنووسەری بووم، بەڵام لەڕاستیدا ئەم ژمارەیەی دوایی من ئاگاداری نەبووم، چونکە من لە ٢٠٠٠/٢/٢٠ دەزگام بەجێهێشت، بەڵام وەکو لە پێشەوە باسم کردووە، ستافی هەفتەنامەکە تاکوو دوایی بریتی بوو لە:

سەرپەرشتیار: زاهیر ڕۆژبەیانی

دەستەی نووسەران:

١. ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل
٢. جەلیل کاکەوەیس
٣. کەریم شارەزا
٤. عەباس عەبدوڵڵا یوسف

برایەتی ئەدەب و هونەر دیسان وەکو لە پێشەوە باسم لێوەکردووە تـوانی لـە نێـوانی ژمـارە (١)ی تـاکو دوایـین ژمـارە (٢٤٧) بەسـەدان نووسـەر و رەخنـەگر و شـاعیر و پەخشاننووس و چیرۆکنووس لەخۆی کۆبکاتـەوە، چـەندین ژمـارەی تایبـەت دەربکـات و دەیان و سەدان ریپۆرتاژ و دەیان دیمانەی جۆراوجۆر و رووداوی ئەدەبی لە ئـامێز بگـرێ کە بەداخستنی تۆێژێکی زۆری رۆشنبیر و رووناکبیری لەو (**مەرکەزە**) یـاخود لـەم شـوێنە دوورخستەوە کە بە زیـانێکی بەرچـاو کۆتـایی هـات کـە نـەدەبا ئـەم تۆێـژە (**دەرکـەنار**) بکرێن، بەڵکو دەبوایە (**یانەو سەنتەری رۆشنبیری و ئەدەبیان**)یان بۆ بکرێتـەوە، بـەڵام داخی گرانم (**لاتجری الریاح بما تشتهی السفن**) لە کاتێکدا تواناو ئیمکانیاتێکی زۆر هەبوو، کە ئەو خەونە (**زیندە**) بەچاڵ نەکرێت!

٢- لاپەرەی وەرزش هەفتەنامەی وەرزشی برایەتی و گۆڤاری برایەتی وەرزش:

لە سەرەتای دەست بـەکاربوونم لـە برایـەتی (١٩٩٣/١٠/٢٦) بابـەتی وەرزشـی لاپـەڕە (٧)ی بۆ تەرخان کرابوو کە زۆربەی جاران رێکـلام رێگـای لـە بەشـێکی لاپـەڕە دەگرت، چـونکە چـار نـەبوو دەبوایـە ئیعلانـات بـەهۆی دەسـکەوتی پـارە شـوێنێکی بـۆ تـەرخان بکرێت، بەڵام چونکە بابـەتی وەرزشـیش لایـەنێکی گـەورەو خـاوەن جـەماوەرێکی زۆرە، دەبوایە ئەویش بایەخی پێ بدرێت بۆیە هەمیشە ئەم دوو بابەتـە لـە لاپـەڕە (٧) جێگـای مشتوومڕی بەندەو رۆژنامەنووس (**یاوەر نـامق سـالم**) بـوو کـە سـەرپـەرشـتی لاپـەڕەکـەی دەکرد بە هاوکاری رۆژنامەنووسی بواری وەرزشی وەرزشوان سدیقی گچکە کە لە راستیدا هەردووکیان هەر یەکە بەقەدەر تواناو خۆشەویستیان توانیان ئـەم لاپـەڕەیـە یـاخود ئـەم نیوە لاپـەڕەیە رۆژانە بـەرەو ئاسـتێکی زۆر گـەورە ببـەن. دەتـوانم بڵـێم لـەنێوان هـەموو رۆژنامەکانی کوردستانی بواری رۆژنامەی وەرزشی رۆڵی پێشەنگیان دەگێڕا.

لاپـەڕەی وەرزشی برایـەتی بـەم شـێوەیە بـەردەوام بـوو تـاکو پـاش گەڕانـەوەمان بـۆ هەولێر لە (٣١)ی ئابی سالّی ١٩٩٦، بەڵام چونکە ململانێـی سیاسـی لەوکاتـەدا لەوپـەڕی گەرمیدابوو بۆمان نـەدەلوا بپـەرژێینـە سـەر گرنگیـدان بـە لاپـەڕەی وەرزش تـاکو پـایزی

سالّی دواتر ئەویش لە ئاکامی فشاری دەستەی سەرەکی لاپەڕەی وەرزش (**یاوەر نامیق– سدیقی گچکە، خالد محەمەد، زیاد هورمزیار، ئیبراهیم عەلی مۆراد**) سەرەڕای حەز و ئارەزووی خۆم لە وەرزش بە حوکمی ئەوەی هەر لە پۆلی پێنجی سەرەتاییم لە قوتابخانە تاکو دەرچوونم لە پۆلی سێیەمی دواناوەندی لە کۆیە خولیای تەواویی وەرزش بووم، بەتایبەتی (**تۆپی پێ**)، کە لە ساڵانی ٩٦٠–٩٦٣ هەڵبژاردەی تیمی تۆپی پێ قوتابخانەی دواناوەندی کۆیە و پاشانیش ئەندامی تیمی تۆپی پێی کۆیە بووم و چەندین جار یاریمان لەگەڵ تیمەکانی سلێمانی و بروسکی هەولێر و هەڵبژاردەی رانیە کردووە. پاشانیش ساڵی ١٩٧٤ کاتی بەعسی فاشی شەڕی شۆڤینستانەی بەسەر گەل و خاکی کوردستان دووبارە کردەوەو لە ئاکامی ڕێکخستنی ئیدارەی شۆڕش لەنێوان (١٩٧٤/٣/١١–١٩٧٥/٣/٦) کە تێدا چەندین (**ئەمانەتی گشتی یانی وەزارەت**) لەناوچەی ئازادکراوی شۆڕش کە ئەوکاتە سەرکردایەتی (**بارەگای ئەمانەتەکان**) لە ناوچەی (**گەلاڵەو ناوپردان و چۆمان و دەربەندی رایات و بابەکراوە و ئازادی**) دابووە کە تێدا منیش بە حوکمی ئەوەی پێشتر لە ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو (**بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی التآخي و برایەتی بووم لە بەغدا**) یەکسەر هەر لە ساتی یەکەمی پەیوەندی کردنم بە شۆڕش بە ڕێنمای شەهید دارا تۆفیق کەوتمە بەڕێوەبردن و ڕێکخستن و دامەزراندنی ئەو کارمەند و ڕۆژنامەنووسانەی کە پەیتا پەیتا پەیوەندییان بە شۆڕشەوە دەکرد.

لەگەڵ برایان لە سەرەتادا (**ئەنوەر عەبدوڵڵا و قادر حەمە ئەمین**) پاشانیش لەگەڵ برای بەڕێزم (**جەلالی عومەری سام ئاغا**)، پاش ڕاگەیاندنی پێکهێنانی (**ئەمانەتەکان**) کە یەکێك لەوانە (**ئەمانەتی گشتی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و لاوان**) بوو سێ بەڕێوەبەری گشتی بۆ داندرا کە بریتی بوون لە ڕۆژنامەنووس فەلەکەددین کاکەیی بۆ بەڕێوەبەری گشتی ڕاگەیاندن و کاك (**تەلعەت نادر**) بۆ بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری و (**بەندە**)ش بۆ بەڕێوەبەری گشتی لاوان کە لە ماوەیەکی کورتدا بە هاوکاری برایان (**جەمیل مەحمود بەگ و یوسف مەولود قەساب و جەمال مستەفا**) لە بواری وەرزش و لە هەمان کاتیشدا لەگەڵ برایانم خوالێخۆشبوو ئەنوەر تۆفی و کاکە عەلی جۆلاّو نوری هونەر و نوری ئیسماعیل لە بواری هونەر بەتایبەتی هونەری شێوەکاری توانیمان لە ماوەیەکی کورتدا

پێشانگایەکی هونەری کە بریتی بوو لە ٢٤ تابلۆی رەنگاوڕەنگ لە هۆڵی ئوتێلەکەی دەربەندی رایات ساز بکەین، خوالێخۆشبوو **"شەهید سامی عەبدولڕەحمان"** وەک سەرۆکی **(ئەمانەتەکان)** لەگەڵ شەهید دارا تۆفیقی ئەمینی گشتی راگەیاندن بوو و د.کەمال خەیات و د.دارا رەشید جەودەت و عەقیدی خانەنشین عەلی شەریف لێپرسراوی دەزگای تۆپخانەی شۆڕش و جەلالی عومەری سام ئاغا بەڕێوەبەری گشتی ئیداری و دارایی ئەمانەی گشتی راگەیاندن و فەلەکەددین کاکەیی بەڕێوەبەری گشتی راگەیاندن" و چەندین کەسایەتی دیکەی شۆڕش و زۆربەی زۆری کارمەندانی ئەمانەتی راگەیاندن و چەندین رۆژنامەی بیانی لەم کاتەدا کە لە کوردستان بوون شەهید سامی عەبدولڕەحمان پێشانگایەکەی کردەوە کە لە پێشەوەی هۆڵەکەدا ئەم دوو بەیتەی شیعرە بەناوبانگەکەی **(هێمن موکریانی)** کە لەسەر گلکۆی حاجی قادری کۆیی لە شاری کۆیەی خوێندبووەوە بە خەتێکی سووری گەورە هەڵواسرابوو کە دەڵێ:

ئیتر سەنگەر بەتاڵ کردن مەحاڵە
ئیتر کوردو بەزین خەون و خەیاڵە

لێرەدا بە پێویستی دەزانم قسەی یەکێ لە رۆژنامەنووسانی بیانی کە لە کاتی کردنەوەی پێشانگایەکە ئامادەبوون پاش دیتنی تابلۆ رەنگاورەنگەکان تۆمار دەکەم، گوتی: **(حەیفە میللەتێك خاوەنی ئەو بەهرە گەورەیە بێت بۆی نەگونجێ لە ئۆتۆنۆمی زیاتر داوا بکات)**. هەروەها دیسان بە هاوکاری برایان یوسف مەولود قەساب و دلێر ئیبراهیم و کاکە یاسین و نەژادی برام توانیمان یانەیەکی **(شەترەنج و پینگ پۆنگ)** ئامادە بکەین، لە قاتی خوارەوەی بارەگاکەمان لە نزیك دەربەندی رایات، رۆژانە چەندین کەس یاری تێدا بکەن.

وەکو لە پێشەوە باسم کرد وەکو گەڕانەوەیەك بۆ دواوە دەربارەی هۆکاری بایەخدانم بە وەرزش چ لەو کاتەی کە قوتابی بووم لە قۆناغی سەرەتایی و دواناوەندی پاشانیش لەکاتی دەستپێکردنەوەی شەڕ لە ساڵی ١٩٧٤ کە لەسەرەتادا لەو بەرپرسیاریەتییە پێم راسپاردرابوو توانیمان بەهاوکاری برایان: جەمیل مەحمود بەگ کە خۆی دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی زانکۆی بەغداو مامۆستای وەرزش بوو لە زانکۆی سلێمانی

و یوسف مەولود قەسابی ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و وەرزش دۆست بوو، لەگەڵ جەمال مستەفا کە ئەویش وەرزشوانێکی کارامەو لێهاتوو بوو، سەرەڕای مامۆستایەتی لە بواری وەرزش لە بەغدا توانیمان تیمی تۆپی پێ لەسەرەتا دروست بکەین، کە بارەگاکەی لە شاری (**شنۆ**)ی رۆژهەڵاتی کوردستان بوو، چونکە لە ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕش شوێنی وەرزش و یاریگای لێ نەبوو، سەرەڕای باری ئاسایشی ناوچەکە هەر لە (**بەرزێوەوە تاکو حاجی ئۆمەران**)، بۆیە بەناچاری پاش رەزامەندی ئێرانییەکان، توانیمان لە شنۆ شوێنێکی لەباریان بۆ ئامادە بکەین.

لە سەرەتای مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٩٧٤ توانیمان بۆ یەکەم جار لە مێژووی وەرزشی کوردا ئەم تیمە بەیارمەتی و هاوکاری کاکە دارا تۆفیق بکەین بە تیمی هەڵبژاردەی کوردستان (**منتخب کوردستان**) پاش ئەوەی یاریزانە دیارەکانی هەولێر هاتنە ناو شۆڕش، کە بە درێژی باس و ناوەکانیان لەگەڵ وێنەیەك لە یەکێ لە ژمارەکانی وەرزشی برایەتی باسم کردووە و لەنێوان هاوین و سەرەتای زستان توانیمان چەند یارییەك لەگەڵ تیپەکانی (**مەهاباد، شنۆ و تەورێز و هەڵبژاردەی ئازەربێجانی رۆژئاوا**) ئەنجام بدەین. لەسەرجەم یارییەکان تیمی تۆپی پێی هەڵبژاردەی کوردستان سەرکەوتوو دەبوو، کاتێکیش کە دنیا خەریك بوو سارد بکات، بڕیارماندا پاش رەزامەندی ئێرانییەکان تیمەکە بگوێزێتەوە بۆ ناوچەیەکی گەرمیانی وڵاتی ئێران نزیك بە شاری (**دیزفول**) لەسەر ڕێگای گشتی (**ئەهواز**) کە تا دوا رۆژەکانی نسکۆی شۆڕش لەوێ مانەوە، جارێکیشیان لەگەڵ کاك جەمیل سەرمان لێدان و مووچەو یارمەتییەکانمان بۆ بردن.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم دەقی ئەو دیمانەیەی کاکە ئەسعەد عەلی "**یاریزانی قاچ ڕەنگینی هەولێر**" کە باس لە تیپی هەڵبژاردەی کوردستان دەکا، کە لە ژمارەی (٢١) رۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٦/١٦ بڵاوکراوەتەوەو جێی ئاماژە پێ کردنە کاکە ئەسعەد لەنێوان ساڵانی (١٩٦٤–١٩٧٩) یاریزانێکی سەرەکی تیمەکانی هەولێر بووەو لە بارەی تیپی هەڵبژاردەی کوردستانەوە دەڵێ: (**کاتێ کە ساڵی ١٩٧٤ شەڕ هەڵگیرسایەوەو پەیوەندیمان بە شۆڕشی ئەیلوول کرد**)، ئێمەی وەرزشوانان بە ئومێدی ئەوەبووین تیپێکمان هەبێت نوێنەری کوردستان بکات لە دیدارە وەرزشییەکاندا و لە ڕێگەی

هەڵبژاردنەوە کاك (**فەرهاد عەونی**)بووە لێپرسراومان و لە نزیکەوە هانی دەداین و سەرپەرشتی دەکردین، بەڵام نابێ رۆڵی خوالێخۆشبوو (**دارا تۆفیق**) کە ئەوساکە ئەمیندارى گشتى رۆشنبیرى و لاوان بوو لەبیر بکەین... دواى مەشق و خۆ ئامادەکردن کە بەڕێز مامۆستا جەمال راهێنەرى تیپ بوو، چەند یارییەکى دۆستانەمان سازکرد و بە ئەنجامى باش دەرچووین وەك یارى یەکەممان کە بەڕێزان (دارا تۆفیق و فەرهاد عەونى ئامادەبوون و تیایدا تیپى هەڵبژاردەى کوردستان بە (٣-٠) گۆڵ لە هەڵبژاردەى مەهابادى بردەوە، خەڵکى ئەو شارەش یەك هەفتە لە پێشوازى و میواندارىماندا بوون و دواجاریش ئێرانییەکان قەدەغەیان کرد، هەروەها دوو یاریمان لەگەڵ هەڵبژاردەى ئازەربێجانى رۆژئاوا کرد و لە هەردووکیان بە ئەنجامى (٥-١) و (٣-١) گۆڵ سەرکەوتین...

هەروەها تیپەکە کە زیاتر ئاستى بەرز بۆوە، کارگیرى دیکەى بۆ تەرخانکرا، وەك بەڕێز سەید موحسین، بەنیازى ئەوە بووین سەردانى ولاتانى سوید و ئینگلتەرا و نەمسا بکەین و دەنگى کورد و بۆردوومانەکەى قەڵادزێ بگەیەنینە ئەو ولاتانە، بەڵام داخەکەم رێککەوتننامەى جەزائیر نسکۆى بە شۆڕش هێنا. (**تیپى هەڵبژاردەى کوردستان**)یش بریتى بوون لەم وەرزشوانانە: (**نەجاح دەرویش، مەجید میرخان، سالح عەبدوللا، سەباح شێخ جەلال، هەڵێن فەتاح، مامەند رەمەزان عادل شاکر، کانەبى گچکە، کاپتن ئەسعەد عەلى، عەلى حەسەن، دارا جەمیل، عەبدوللا، ئەبو زەید، جەلال**). هەر دەربارەى ئەم بابەتە لە ژمارەى (٤٣)ى رۆژى ١٩٩٨/٧/١٣ نووسینێکم لەژێر ناوى (**لە تیپى کوردستانەوە... بۆ وەرزشى برایەتى**) بڵاوکردۆتەوە.

جا لێرەدا باسکردنى ئەم چەند دێرە بە مەبەستى ئاگادار بوونى خوێنەرى بەڕێزە لە هۆکارى گرنگى دانمان بە وەرزش، سەرەڕاى ئەو گیانە وەرزشییەى کە رۆژنامەنووس یاوەر نامیق سالمى دەجوڵاند و هەمیشە بەوپەڕى گیانى وەرزشییەوە رۆژانە بۆ چەند دەقیقەیەك مشتومڕى لە نێوانماندا رووى دەدا، کە تێدا ئەو داواى زیاترى رووپەڕى لاپەڕەى وەرزشى دەکرد، کە هەمیشە ریکلام لە پێشبڕکێدابوو، زۆر جاریش رۆژنامەنووسى بە توانا سدیق گچکە ناوبژیوانى دەکردین لەسەرەخۆ پاش رۆیشتنى

هەڵبژاردەی تۆپی پێی کوردستان ١٩٧٤، لەشاری شنۆی کوردستانی ئێران

رۆژنامەنووس یاوەر لە ژووری نووسینگەکەم لەسەر خۆ پێی دەگوتم (**نیگەران مەبە پێکی دەهێنم**) کە لە راستیدا سدیق گچکە[1] یەکێکە لەو رۆژنامەنووسانەی بواری وەرزش کە بە جووتە لەگەڵ رۆژنامەنووس یاوەر و رۆژنامەنووس خالد محەمەد بە هاوکاری ئەو دەستەیەی کە کاریان لەو بوارە دەکرد، توانیان داستانێك لە بواری کاری رۆژنامەنووسی وەرزش تۆمار بکەن و دەتوانم بڵێم کەسێك نەبوو تەجاوزیان بکات، سەرەڕای لاپەڕەی وەرزش لە رۆژنامەی برایەتی رۆژانە کە (**داستانەکەش**) ناهەقم نییە ناوی لێ بنێم (**داستان**) کە بریتی بوو:

یەکەم: لە رۆژنامەیەکی وەرزش کە هەردوو هەفتە جارێك دەردەچوو بە نەخشەسازییەکی رەنگاورەنگ و ژمارەی (**سفر**) لە رۆژی یەك شەممە رێککەوتی ١٩٩٧/١٠/١٣ دەرچوو بە (٨) لاپەڕەو نرخەکەشی (٣)دیناری ئەوکاتە بوو لەسەر داوای رۆژنامەنووس یاوەر نامیق (**یەکەم پەیامی**) ژمارە (**سفر**) لەژێر ناوونیشانی (**بەرەو ئاسۆیەکی وەرزشیی پیرۆز**) بنووسم و پاشانیش ئەرکەکەم بەوان سپارد و ژمارە (١)یش لە رۆژی یەك شەممە ریکەوتی ١٩٩٧/١٠/٢٦ دەرچوو، کە تێدا بەردەوام تاکو دوا ژمارەی

---

(١) لە / / کۆچی دوایی کردووە.

له پێشکەوتنی وەرزش دا
وەرزش برایەتی
رۆژنامەیەکی وەرزشی گشتییە
زمارە(٠)

(٢٠٥) لـــە ٢٠٠١/١٠/٦ دەرچـــوو، بەڵام من تاکو ژمارە (١٢٥) کە لـە ٢٠٠٠/٢/١٩ دەرچـــــــــــووە سەرنووســـەری بـــووم، چـــونکە **(بەنـــدە)** لـــە ٢٠٠٠/٢/٢٠ بـــەبێ ئـــارەزووی خـــۆم لـــەو دەزگایـــە **(دەرچـــواندرام)** کـــە لـــە ئەلقـــەی داهاتوودا باسی بارودۆخ و هۆکاری **(دەرچواندنەکەمی)** تێدا باس دەکەم.

جێی وەبیرهێنانەوەیە، یارمەتی و پێخۆشحاڵی برای دێرینم شەهید **(فەرەنسۆ هەریری)** لەم بارەیەوە کە پێویستە باسی بکەم، کە تێیدا بەوپەڕی توانایەوە پشتگیری لەو پرۆژە وەرزشـیانە دەکـرد کـە ئێمـە نـاوە نـاوە بۆمـان بـاس دەکـرد سـەرەڕای رێنماییـە وەرزشییەکانی کە رۆژانە بە چاوێکی دڵسۆزانەو ڕەخنەگرانەوە تەماشای بڵاوکراوەکـانی برایـەتی دەکـرد، بەتایبـەتی سیاسـی و وەرزشـییەکان زۆر جـاریش هەڵـەی بـۆ ڕاسـت دەکردینەوە **(کە دیسان رۆڵی ئەم جوامێرە)** لە ئەڵقەی داهـاتوودا باسـی دەکـەم، بـەڵام دیسان ئەوە وەبیر خۆیـنەری بەڕێز دەهێنمەوە کە لە ژمارەی **(سفر)**ی وەرزشـی برایـەتی و لـە ناوەڕاسـتی لاپـەڕەی **(یەکەمـدا)** و لـەژێر ناوونیشـانی **(خـەمخۆری وەرزش و وەرزشـوانان)** ئـەم بابەتـەی خـوارەوە بڵاوکراوەتـەوە لەگـەڵ وێنەیـەکی رەنگـاورەنگی **(شـەهید فرەنسـۆ)**، کـە تێـدا دەقەکـەی ئەمەیـە **(رێـزدار فرەنسـۆ هـەریری یەکێکـە لـە کەسـایەتییە ناودارەکـانی کوردسـتان بـە پاڵپشـت و خـەمخۆری هەمیشـەیی وەرزش ناسراوەو بەم هەڵوێسـتە دیار و پیرۆزانەی جێگەی خۆی لە دڵ و دەروونی وەرزشوانانی شاری هەولێردا کردۆتەوەو هەمیشە لە ریزی پێشەوەی جـەماوەر دەبینرێـت لـە گشـت یارییەکانی یانەی وەرزشی هەولێر کە لە یاریگای یانەی هەولێر ئەنجام دەدرێت، هەر بە هەوڵ و کۆششی بەڕێزیشـیان بـوو کابینـەی سـێیەم پـرۆژەی چـاککردنەوەی یاریگـای جێبەجێ کرد، بەهیوای سەرکەوتن و تەمەن درێژی بۆ رێزدار هەریری).**

"وەرزشی برایەتی "

لایەنێکی گرنگی بواری وەرزش کە پێویستە بەوپەڕی ئاقلانە و لێهاتوویی‌یەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت بریتییە لەو (**هەواداریەتی**) ئەم یانەو یاخود ئەو یانەیە بەتایبەتیش لە تۆپی پێ، کە خەریکە ئەو نەخۆشییەی ئەوروپاش بگاتە ئێمە، تێدا لایەنگرانی یانەیەک لەکاتی ئەنجامدانی یارییەکی تۆپی پێ لەگەڵ لایەنێکی بەرانبەردا هەتا ئەگەر دوو یانەکە یاخود دوو تیپەکەش تیپی یەک وڵات بن. ئێمە لەکاری رۆژنامەنووسی وەرزشیدا زۆر بەوردی و بەوپەڕی (**حیاد**)ییەوە مامەڵەمان لەگەڵ ئەو دیاردەیە دەکرد، یانی بەیەک چاو و بەیەک بۆچوون و بەیەک خۆشەویستی و بەیەک نەفەس هانی هەموو پێشبڕکێ و جوڵانەوە وەرزشییانەکانمان دەدا، هەربۆیەش بوو لاپەڕەی وەرزش لە رۆژنامەی (**برایەتی**) و رۆژنامەی (**برایەتی وەرزش**) و گۆڤاری (**وەرزشی برایەتی**) گەورەترین جەماوەری هەبوو، دەشتوانم بڵێم رۆڵی پێشەنگی و پێشڕەوی دەبینی. بۆ راست و دروستی ئەم رایەمان ئەگەر هاتوو رۆژێك لە رۆژان (**لێکۆڵەرەوەیەك یاخود توێژینەوەیەك**) لەسەر ئەم بڵاوکراوانەی برایەتی بکرێت دەبینین چۆن هەڵدەسەنگێندرێ. نووسەرەکانی (**برایەتی وەرزش**) هەمەجۆر بوون لەوانە (**وەرزش دۆستان، خودی رۆژنامەنووسان**) مامۆستایان، قوتابیان، ئەندامانی پەرلەمان، کارمەندانی حکومەت کە ئەمیشیان دەگەڕێتەوە بۆ هەمەجۆری هەواداران و خۆشەویستانی وەرزش، نووسینگەکانی خودی رۆژنامەی (**برایەتی**) رۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لە دەوڵەمەندکردنی (**وەرزشی برایەتی**) بەتایبەتیش رۆژنامەنووس (**ئازاد گولی**) بەڕێوەبەری نووسینگەی دهۆك و رۆژنامەنووس (**لێزان**) پەیامنێری برایەتی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، رۆژنامەنووس و پەیامنێری لوبنان و رۆژنامەنووس سۆران لە نووسینگەی هۆڵەندا و رۆژنامەنووس یونس حەمەد لە نەرویج، رەشید عەبدولعەزیز لێپرسراوی نووسینگەی دهۆك و رۆژنامەنووس محەمەدی حاجی کەریم لە نووسینگەی سۆران و ئەحمەد نهێلی لە نووسینگەی ئامێدی و رۆژنامەنووسان (**ئیبراهیم عەلی مورات**) لە دەستەی سەرەکی (**وەرزشی برایەتی**)، (**ئەحمەد سەلام، ئەحمەد حەیران و د.فەیسەڵ عارەب بڵباس و سەباح قەرەچوغی، بەهادین جەلال، رۆستەم باجەلان و دیار بیارەیی، حسێن سابیر، سابیر ئەحمەد و سامان عەبدوڵڵا و هاوار مورتکەیی و گۆران تۆفیق و مەسعود پەرێشان**

و سەردار میران، هۆشیار نوری لەك، عەدنان ئیسماعیل کەلوری، هیوا کەریم، بەرهەم عەلی، مەریوان جەباری، تاهیر عوسمان، عەبدوڵڵا بۆتانی، تەحسین شێروانی، یەحیا فائق جاف، سالم نوری ئەحمەد و موسڵیح لە نووسینگەی دهۆك، ئیحسان تاهیر محەمەد، محەمەد کوردە، کاوە خەسرەو کاوانی، عوسمان ریشە، موحسین مزوری، د.عومەر یاسین جەباری، ئیدریس محەمەد تاهیر هەرکی، ڕەشاد قادر ئۆمەر، فەرهاد قادر و دەیان ناوی بەڕێزی دیکە کە لێرەدا جێگەیان نابێتەوە) لەگەڵ داوای لێبوردن لەو نووسەرە بەڕێزانەی کە لێرەدا ناویان نەهاتووە.

دیسان لە روانگەی گرنگی وەرزش لە ژیانی خەڵکێکی زۆری کوردستان وەکو هەر گەلێکی دیکەی ئەم سەرزەمینە، کە تێدا وەرزش ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێ لە ژیانی خەڵکدا، تەنانەت یارییەکانی تۆپی پێی جامی جیهانی و یاری و پێشبڕکێکانی ئۆلۆمپیاد و جامی ئەوروپی و تاکو دەگاتە یاری و پێشبڕکێکانی شارۆچکەیەکی بچووکی ئەم دنیایە، دەبێتە جێگای سەرنج ڕاکێشانی خەڵکێکی زۆر بۆیە لە هەمان روانگەی گرنگی پەیوەندی وەرزش بە ئارەزوو و خۆشەویستی خەڵکێکی یەکجار زۆر، بیر لەوە کرایەوە کە (**وەرزشی برایەتی**) لە ڕۆژانی (مۆندیالی فەرەنسا)ی ساڵی ١٩٩٨ بەم بۆنە وەرزشییەوە کە یەکجار گرنگ بوو، لە ڕۆژانی یەکەمی ئەم ڕووداوە بکرێتە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە کە شایانی ئارەزووی وەرزش و وەرزشوانان و وەرزشدۆستان و جەماوەری خۆشەویستی کوردستان بێت. لە سەرەتاداو لە ناوەڕاستی مانگی ئایاری ساڵی ١٩٩٨ هەرسێ ڕۆژنامەنووس (**یاوەر نامیق سالم و سدیق گچکە و خالد محەمەد ئەمین**) هاتنە

ژووره‌که‌ی من که له‌و کاته‌دا برای خۆشه‌ویست شه‌هید فره‌نسۆ هه‌ریری وه‌کو عاده‌تی رۆژانه‌ی له‌سه‌ر ئه‌و قه‌نه‌فه‌یه دانیشتبوو که به‌رانبه‌ر په‌نجه‌ره سه‌ره‌کییه‌که‌ی لای شه‌قامی سه‌ره‌کی ژووره‌که‌دا بوو هاتنه ژووره‌و سڵاویان کرد و دانیشتن و یه‌کسه‌ر شه‌هید (**فره‌نسۆ**) رووی تێکردن و پێی گوتن (**یا الله فه‌رموو بێژن داواکاریتان چییه؟**) رۆژنامه‌نووس یاوه‌ریش پاش ئه‌وه‌ی ته‌ماشای رۆژنامه‌نووسان سدیق گچکه‌و خالید حه‌مه‌د ئه‌مینی کرد، گوتی: (**والله کاك فره‌نسۆ له حه‌قیقه‌تدا چه‌ند رۆژێکه بیرمان له‌وه کردۆته‌وه که به بۆنه‌ی مۆندیالی سه‌ده که له فه‌ره‌نسا ساز و ئه‌نجام ده‌درێت، وه‌رزشی برایه‌تی بکه‌ینه رۆژانه، چونکه به‌ڕاستی** (طه‌فره‌یه)**یانی بازدان و هه‌نگاوێکی گه‌وره‌یه، ئێمه بۆ ئه‌م مه‌به‌سته ده‌سته‌ی وه‌رزشی برایه‌تی کۆبوونه‌وه‌مان له‌سه‌ر کردووه‌و کاك** (شکار)**یش لێپرسراوی به‌شی هونه‌ری و کۆمپیوته‌ر و یه‌حیا جافی یاریده‌ده‌ری پێخۆشحاڵی خۆیان نیشانداوه که‌وا هه‌موو هه‌وڵ و کۆششی خۆیان و کارمه‌ندانی به‌شه‌که‌یان شه‌وانه دره‌نگ بۆ ئه‌م ئه‌رکه بایه‌خداره ته‌رخان بکه‌ن**)، لێره‌دا شه‌هید (**فره‌نسۆ**) قسه‌ی به یاوه‌ر برِی و گوتی: (**ته‌واو ئه‌وا من له جیاتی فه‌رهادیش موافقم و ناوی خوای لێبێنن**)، رۆژی سێشه‌مه ڕێککه‌وتی (۹)ی حوزه‌یرانی ساڵی ۱۹۹۸ ئاهه‌نگی کردنه‌وه‌ی (**مۆندیالی سه‌ده**) له شاری هه‌ره جوان و قه‌شه‌نگی ئه‌م دنیایه (**پاریس**) کرایه‌وه، که هه‌ر چوار ساڵێك له وڵاتێك به‌ڕێوه‌ده‌چێ و بۆ رۆژی دوایی چوار شه‌مه ڕێکه‌وتی ۱۹۹۸/٦/۱۰ ژماره‌ی به زنجیره (۱۷) که یه‌که‌م ژماره‌ی رۆژانه‌ی وه‌رزشی برایه‌تی بوو به‌کاغه‌زی (**ئارت**) و کراسێکی ره‌نگاوره‌نگ و به چوار لاپه‌ڕه به‌تیراژی (۵۰۰۰) دانه که‌وته ده‌ست خوێنه‌رانه‌وه تاکه یه‌ك دانه‌ش له بازاڕ نه‌ماوه‌و تێدا هه‌ر(۲۷) ژماره‌ی به هه‌مان تیراژ و به ره‌نگاو ره‌نگێکی زۆر نایاب به (٤)لاپه‌ڕه و به نرخی (۳) دینار ده‌رچوو.

ئه‌م داهێنانه‌ی له مێژووی وه‌رزش له کوردستان تۆمارکرد، که هیچ لایه‌نێکی ئه‌م مۆندیاله نه‌ما چ به وێنه‌و چ به هه‌واڵ و بابه‌تی رۆژنامه‌نووسی بڵاوی نه‌کاته‌وه. دوا ژماره‌ی ئه‌م بۆنه‌یه‌ش (٤۳) که له رۆژی دوو شه‌مه ڕێکه‌وتی ۱۹۹۸/۷/۱۳ به (۸)

لاپـەڕە دەرچـووە، تێـدا بـە مانشـێتێکی گـەورە نووسـراوە (**زێـدان جـامی جیهـان لـە بەرازیلییەکان وەردەگرێتەوە**) لەگەڵ وێنەیەکی نیو لاپـەڕەی تیپـی فەرەنسـای بـراوەی رەنگاورەنگ کە بەم چەند دێڕە باس لە کۆتـایی ئـەم رووداوە وەرزشـییە گرنگـە دەکـات (یاریگـای پـارک دی بـرانس) **دوێـنێ کەرنـەڤاڵی یـاری کۆتـایی مۆنـدیالی سـەدەی بـە خۆوەگرت، کە فەرەنسییەکان دوێنی بۆ یەکەمین جار زەنگی گورچـکبڕی بـێ وێنـەیان لەسـەمای (سامبا) وەشاند و تەختی جامی جیهانیان لەسـەر لووتکەی ئێڤڵەوە بە جیهان پیشاندا**). پاپا یوحەنا پۆڵسـی دووەمـیش کـە ئێسـتا بـۆ کـات بەسـەر بـردن لـە گونـدی "**لورینزاگو**"ی شاخاوی دەژی لە باکووری رۆژهەڵاتی وڵاتی ئیتاڵیاوە وەکو دەیان ملیـۆن کەسی ئەم جیهانە لـە شاشـەی تەلەفزیۆنـەوە تەماشـای یـاری کۆتـایی مۆنـدیالی سـەدە دەکات و بەبۆنەی کۆتایی هاتنی ئەو کەرنەڤاڵە وەرزشییە جیهانییە، رۆژنامەنووس یاوەر نامیق سالم سەرپەرشتیاری رۆژنامەکە لە ژمارە (٤٤)ی رۆژی ١٩٩٨/٧/١٨ بابـەتێکی لـە لاپـەڕە یەکدا و لەژێر سەردێڕی (**مۆندیالی سەدە... وێـڕای دیـاری وەرزشـی برایـەتی... سوپاس و پێزانین**) نووسیوە لێرەدا دەقەکەی بـڵاو دەکەمـەوە، چـونکە تیشـک دەخاتـە سەر دەرچوونی رۆژانەی برایەتی وەرزش و هاریکاری ئەو برا کارمەند و رۆژنامەنووسانەی کە ئەم ئەرکەیان لە ئەستۆ گرتبوو، وەکو خۆی بڵاوی دەکەمەوە کـە دەڵـێ: (**بـەکۆتایی هاتنی مۆندیالی سەدەو سەرکەوتنی فەرەنسا بەسەر بەرازیل تیپەکان یەک لەدوای یـەک بارگەی خۆیان پێچایەوە بەو ئومێدەی دوای چوار ساڵی دیکە لە کۆریا و ژاپۆن بەیـەک شادبینەوە ئێمەی کوردیش پتر لە مانگێک میوانێکی ئازیز و خۆشەویستمان لابوو هەموو رۆژێک دەست لەملانێ و لەئامێز گرتنی یاریـیـەکانی حـەز و ئارەزوومـان دەگەشـایەوە، گـەورەترین، گەورەکەرنـەڤاڵی تـۆپی پێـی جیهانیمـان بـەرێ کـرد و لەگـەڵ ئەوپـەڕی**

بەختەوەریماندا بۆ یەکەمین جار "وەرزشی برایەتی**" لە مێژووی رۆژنامەگەریی کوردیدا هەموو رۆژانی مۆندیالی بە بەرگێکی رەنگاوڕەنگ وەک دیاری پێشکەش بە خوێنەرانی وەرزش دۆست کرا، بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم کارە پیرۆزە دەگمەنەش نابێت رۆڵی سەرنووسەر و دەستەی نووسەران و کارمەندانی کۆمپیوتەر بەڕێزان (**شکار و یەحیاو هەردی و کوردۆ و کاروان و تاهیر**) هەروەها نووسەران و پەیامنێران و خوێنەرانی رۆژنامەکەمان و پاڵپشت و هاوکاری دیکەی ماددی و مەعنەوی کە لە پشت ئەم سەرکەوتنە بوون لە بیر بکرێن.**

هەروەها سوپاسی تەلەفزیۆنی (K.tv) و رادیۆی لقی دووی پارتیمان و گوڵان و هەر کەناڵ و کەسێکی دیکە دەکەین کە هاوکارمان بوون.

ماوە ئەوەش بڵێین لەمەودوا رۆژنامەکەمان بەشێوەی هەفتانەو هەموو رۆژانی شەممە دەکەوێتە بەردەستی خوێنەرانی ئازیز، ئێمە نائێین گەیشتینە لوتکە، بەڵکو لە ناوەڕۆکی رۆژنامەکەماندا هەندێ کەموکوڕی بەدی دەکرا و داوای لێبووردنیش دەکەین.... ئیتر تا مۆندیالی (٢٠٠٢) سڵاو و ڕێزی تایبەتیمان بۆ سەرجەم خوێنەرانی رۆژنامەکەمان و هاوکارانمان).

بەم جۆرە وەرزشی برایەتی توانی رۆڵ و پێگەی خۆی لە گۆڕەپانی کاری رۆژنامەنووسیی و رۆژنامەنووسی وەرزشیدا بەتایبەتی جێگیر بکات وەکو یەکەم رۆژنامەی وەرزش لە کوردستاندا و بە هەموو شێوەیەک چ وەکو سەرنووسەر و چ وەکو وەرزشدۆستێک و چ وەکو خوێندەوارێکی ئەم بواره بەردەوام بووین لە پاڵپشتی و هاوکاری بەردەوام تاکو رۆژانی کۆتاییم لە دەزگای (**برایەتی و خەبات**)دا.

دیسان وەکو پەیمان بە خوێندەواران درابوو وەرزشی برایەتی بووە هەفتەنامەیەکی ڕێکوپێک رۆژانی شەممە دەردەچوو، تێیدا (**بەندە**) تاکو ژمارە (١٢٤)ی رۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٠/٢/١٩ سەرنووسەری بووم، چونکە من لە ٢٠٠٠/٢/٢٠ مالئاواییم لە برایەتی کرد، بەڵام وەکو (**خاترانە**) لە هەردوو ژمارەی پاشوتریش (١٢٦,١٢٥) ناوی منی لەسەر مابوو ئیدی لە ژمارە (١٢٧)ەوە ناوەکە لابرا، دوا ژمارەی ئەم هەفتەنامەیە ژمارە (٢٠٥) بوو کە لە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١٠/٦ دەرچووە، سەد حەیف و مەخابن بە فەرمانێک ڕاگیرا کە لە ١٠٠٪ دژی گیانی وەرزش و خۆشەویستی وەرزش و خوێنەرانی رۆژنامەی وەرزش

دۆست بوون دەتوانم بڵێم گەورەترین جەماوەری ئەم وڵاتەن لە رووی چەندایەتییەوە کە هەمیشە ئامادەباشن روو لە یاریگاکانی یاری بکەن لە کوردستان چ لە رۆژانی هەرە ساردی زستان و چ لە رۆژانی هەرە گەرمی هاوین بە پارەی خۆشیان تێدا بە هەزاران هاوواڵتی پێشبڕکێی ئەوە دەکەن کامیان زووتر بچنە ناو یاریگایەکە، لە کاتێکدا کاتێ هەر رێکخراوێکی پیشەیی دەیەوێ کۆڕێك ساز بکات و جێگایەکی باشیشی بۆ تەرخان دەکات، سەرەڕای پێشکەش کردنی چاو سارد و کێك و بەبێ پارەش ئەو جاش ژمارەی ئامادەبووانی لە (١٠٠) کەسێك تێناپەڕێ، ئەوجا نازانم کێ لەپشت بڕیاری (**خنکاندنی**) وەرزشی برایەتی بوو، کە جەماوەرێکی یەکجار زۆر و فراوانی هەموو جۆری لە خۆی کۆکردبووەوە (**مامۆستای زانکۆ، مامۆستایان بەگشتی، قوتابیانی سەرجەم قۆناغەکان بە زانکۆشەوە، کرێکار، کاسبکار، فەرمانبەر، رۆشنبیران لە ژن و پیاو، بۆ مێژووش دەیڵێم و مافی خۆشمەو ئەو راستییە بدرکێنم کاتێ هەواڵی داخستنی وەرزشی برایەتیم بیست پێشووتریش دەمزانی پەڵپی پێ دەگیرێ، چونکە بەداخەوە مەسەلەکان لە وڵاتی ئێمە بەگشتی لە روانگەیەکەوە سەرچاوە وەردەگرن کە ئەویش رەنگدانەوەی ململانێی سیاسەتە (لەناو پارتە سیاسییەکان و رێکخراوەکاندا)** کە دیسان بەداخەوە وەرزشی برایەتی لێ (**بێبەری**) نەبوو، چونکە ئەگەر لەم روانگەیەوە نەبێت چ وەڵامێك هەیە خۆی لەبەردەم ئەو پرسیارە قوت بکاتەوە (**لەبەرچی وەرزشی برایەتی داخرا؟! ئایا هیچ بەرژەوەندییەکی وەرزشی تێدا بوو؟ ئایا لە بەرژەوەندی کێ بوو ئەم جەماوەرە فراوان و هەمەجۆرە لە خۆی دوور بکاتەوە؟ پرسیارێکە و بۆ ئەمانەتی مێژووش** (بەندەش) **پاش راگیرانی وەرزشی برایەتی هەمان پرسیار و هەمان ناڕەحەتیم بە بەڕێز** (سەرۆك بارزانی) **راگەیاند و کە تێکڕای پەرۆشی ئەم جەماوەرە زۆر و زەبەندەم بۆ باس کرد، کە نیگەرانن لە داخستنی رۆژنامەیەك، کە خەڵکێکی زۆر هەفتانە لە چاوەڕوانیدابوون، لێرەدا ئەمەندە بەسەو ئەگەر یەزدانی گەورەش تەمەنی زیاتری دامێ ئەوا زیاتر و راشکاوانەتر باس لە هەندێ لایەنی شاراوەی دیکەی ئەم بابەتە دەکەم).**

دووەم: گۆڤاری (برایەتی وەرزش):



ژمارە (٥)ی برایەتی وەرزش، دوا ژمارەی گۆڤارەکەبوو

دیسان لە روانگەی بایەخدان بە بواری وەرزش کە ماوەی سالانێکە بەشێوەیەك فراوان لە هەموو بوارەکانی دیکەی ژیانی ئادامیزادی تێپەڕاندووە، تەنانەت لە گوندێکی بچووکیشدا ئەگەر کارەبای لێبێ بێگومان تەلەفزیۆنیشی لێ کار دەکات، دەبینین منداڵ و لاوانی ئەم گوندە یاریگایەکی هەژارانەو بچکۆلانەیان پێکهێناوە کە تێدا یاری لێ بکەن و ماوەیەکیشە لە سەرتاسەری دنیا و لە وڵاتانی جیاجیادا کەنالّی تایبەتی وەرزش.. تەلەفزیۆنیش هاتۆتە مەیدان و بەمەبەستی ئارەزووی جەماوەری هەرە فراوانی ئەم بوارە رازی بکەن، کە ئێمەی لێی بێبەشین تاکو ئێستاکە، بەڵام ئەوەی لە دەستمان دەهات لە دەزگای (**برایەتی و خەبات**) هەتا ئەگەر بە قەرز وقۆڵە و (**پارانەوەش**)بوا هەر کارمان بۆ دەکرد، بۆیە دیسان بیرمان لە گۆڤارێکی وەرزشی کردەوە، چونکە دەمانزانی دەرچوونی گۆڤار زیاتر لە رۆژنامە سەرنج راکێشتر دەبێت و زیاتر هەڵدەگیرێ و لە کتێبخانەکانی خەڵکی شوێنی تایبەتی خۆی دەگرێ، ئەمانە و شتی دیکەش هۆکاری بیرکردنەوەی (**دەستەی وەرزشی و بەندە**) بوو، کە بیر لە دەرچوونی گۆڤارێکی وەرزش بکەینەوە، پاش گۆڕینەوەی بیروڕا لە نێوانی خێزانی (**برایەتی**)دا بڕیاری ئەوە درا گۆڤارێك بەناوی (برایەتی وەرزش) بێتە گۆڕەپانی کاری رۆژنامەنووسی وەرزش، کە ژمارە (١)ی لە ١٩٩٩/١٠/١٢ بە بەرگێکی



ژمارە (١)ی گۆڤاری (**سەنتەری برایەتی**) ئابی ١٩٩٧

زێدە قەشەنگ و نایاب کەوتە بەردەست خوێنەران، لێرەدا دەتوانم بڵێم رۆژی دەرچوونی گۆڤارەکە وەکو جەژنی لێهات دەیان کەس و دەیان ئاخاوتنی تەلەفۆنی پیرۆزبایی گەرمیان ئاراستە کردین کە لێرەدا دیسان نابێت رۆڵی سەرپەرشتکار یاوەر نامیق سالم و سدیقی گچکە و خالید محەمەد و زیاد هورمزیار و ئیبراهیم عەلی موراد و هونەرکاران: شکار نەقشبەندی و یەحیا جاف و کاروان توفیق و هەردی ئیسماعیل و پیتچنین، حەسەن محەمەد و ئەردەلان سلێمان، لە بیر بکەین.

گۆڤاری برایەتی وەرزش، تاکو من سەرنووسەری بووم، دوو ژمارەی لێ دەرچوو لە ژمارە (٣)وە ناوی منی لەسەر نەما و دوایین ژمارەش ژمارە (٦)بوو راگیرا ئەویش (**رەحمەتی خوای لێبێت**) بە دەردی برا گەورەی حەفتەنامەی (**وەرزشی برایەتی**) چوو، کە لەوانەیە پێداهەڵدان نییە ئەگەر بڵێم تاکو ئێستاکە هیچ گۆڤار و رۆژنامەی بەو شێوە سەرکەوتووە دەرنەچووە چ لە رووی ناوەرۆک و چ لە رووی جوانی هونەری و شێوازدا کە تێدا هەردوو دەستە خوشک هاوکات لەگەڵ رۆژانەی لاپەڕەی وەرزشدا لە رۆژنامەی برایەتی ئەو کەلێنە پڕ بکەنەوە کە دەمێك بوو رۆژنامەگەری کوردستانی لێ بێبەش بوو، بەڵام دیسان بە داخەوە دەیڵێم زۆر جار لە روانگەی نا (**مەبدەئیەتەوە**) (**موجەپەرد**) بە مەبەستی تێکدان لە رقی فڵان و فلتان بەرژەوەندی بااڵ دەخرێتە (**پەراوێزەوە**) کە دیسان بەداخەوە تێکدەری نا بەحەقی لەم جۆرە کەسانە ئەوجا هەر

پلەو پایەیەکیان هەبێت (**بزانن یا نەزانن**) وەکو مرۆڤێکە لەسەر درەختێك دانیشتووە، بەڵام خودی هەر ئەو مرۆڤە بە (**موشار**) لەژێرەوە خەریکی بڕینەوەی درەختەکەیە زیانەکەش لە پێشەوە بە (**ئیعدام**)کردنی دارەکە دەست پێدەکات پاشان بە (**کەوتنە خوارەوەی خۆی**) تەواو دەبێت و دەبێتە هۆکاری (**مل**) شکاندنی ئەم و ئەو و ئەو ئەم.

سێیەم: گۆڤاری سەنتەری برایەتی:

لە سەرەتای بەهاری سالّی ١٩٩٤وە بیرم لە گۆڤارێك دەکردەوە کە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بێت بۆ ئەو بابەت و لێکۆڵینەوانەی کە ناتواندرێ لە هەردوو رۆژنامەی (**برایەتی و خەبات**) بڵاوبکرێتەوە، لەبەر درێژی و سروشتی بابەتەکان، بۆ ئەم مەبەستە چەند جارێك لەگەڵ رۆژنامەنووس (**سەعید یەحیا**) کە بە فیعلی ئەوکاتە سکرتێری نووسینی هەفتەنامەی (**خەبات**) بوو، ئەویش بیرۆکەکەی لا پەسەند بوو، تەنانەت چەند ناوێکیشمان بۆ گۆڤارەکە دانابوو کە لەکاتی جێبەجێ کردنی ناوێکیان لێ هەڵبژێرین لەوانە (زاگرۆس، میدیا، کوردستانی ئەمرۆ (**کوردستان الیوم**)، بەڵام بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕی خۆ کوژی نەگریسەوەو کۆچکردنمان بۆ مەسیف سەڵاحەددین و گیرسانەوەمان بۆ ماوەی نزیکەی دووسالّ بیرۆکەکە دواخراو نەماندەتوانی لەو بارودۆخە دژوارە بیر لە جێبەجی کردنی بکەینەوە، بەڵام پاش گەڕانەوەمان بۆ هەولێر لە ١٩٩٦/٨/٣١ بەهۆی سەرقاڵی و خۆ ڕێکخستنەوەمان پاش دوو سالّ سەرگەردانی چ ڕێکخستنەوەی بارەگاو چ ڕێکخستنەوەی باری ناوەخۆی دەزگا (**کارمەندان نووسەران**)، ئەوجا دیسان کاتێ کە (**ئیستیقرارمان**) کرد بیرمان لە دەرچوونی گۆڤارێك کردەوە ئەو جارە لەگەڵ رۆژنامەنووس (**ئاسۆ کەریم**) کە هەر لە سەرەتادا زۆر هاندەری ئەو کارە بوو، بەڵام بە مەرجێ تەنیا دەرچوونی گۆڤارەکە بە زمانی کوردی بێت لە راستیشدا منیش هاتبوومە سەر ئەو رایە کە مادامەکی گۆڤارەکە لە برایەتییەوە دەردەچێت پێویستە کوردی بێت، ئەگەر رۆژنامەنووسانی خەباتیش کاتێ ویستیان گۆڤارێك لەم چەشنە بڵاو بکەنەوە ئەوا دەتوانن بە زمانی عەرەبی گۆڤارێکی هاوچەشن لە رۆژنامەی خەبات، کە ئەوسا بە زمانی عەرەبی دەردەچوو، بڵاوبکەنەوە، بە هەرحاڵ لەگەڵ رۆژنامەنووس (ئاسۆ کەریم) کەوتینە بیرکردنەوەو راوێژکردن دەربارەی (**ناوی گۆڤارەکە، سکرتێری نووسینی،**

بابەتەکان، دەستەی گۆڤارەکە، خەرجی گۆڤارەکەو...هتد)، سەبارەت بە ناوی گۆڤارەکە من لەگەڵ ئەو رایەدا بووم کە دەبێت وشەی برایەتی لەگەڵدابێت، چونکە هەروەک چۆن بڵاوکراوەکانی دیکەی دەزگا (**برایەتی ئەدەب و هونەر**)و (**وەرزشی برایەتی**)و، (**برایەتی وەرزش**)، کە هەر هەموویان سەرچاوەی ناوەکانیانم لە (**برایەتی**)وە هەڵگرتبوو، هەربۆیەش بۆ ناوی گۆڤارەکە دەبوایە وەشەی "**برایەتی**" لەگەڵدابێت و لەکۆتاییشدا ناوی (**سەنتەری برایەتی**)مان بۆ هەڵبژارد لە روانگەی بۆچوونێک و ئامادەکردنی پرۆژەیەکی نەتەوەیی کە سەنتەری برایەتی ببێتە (**نواة**)ی مەڵبەندێکی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی نەتەوایەتی سەربەخۆ زیاتر لە (**مركز الدراسات الفلسطينية**) بچێت کە لە ساڵی ١٩٧٣ لەسەردانێکی تایبەتیدا بۆ بێروت، ئەوکاتە بەڕێوەبەری رۆژنامەی (**التآخي**) و (**برایەتی**) بووم لە بەغدا، کاریگەریەتییەکی یەکجار گەورەی هەبوو لەسەر جۆری کارکردن لەم جۆرە مەڵبەندانەدا کە (**مركز الدراسات الفلسطينية**) نموونەیەکی یەکجار پێشکەوتووی ئەو سەردەمەیە، دەتوانم بڵێم شان لە شانی (**مركز دراسات الاهرام**) دەدات ئەگەر لە پێشەوەتر نەبێت، تاکو ئێستاکەش وەڵامی ئەو رووناکبیرەم لەیادە لە وەڵامی پرسیارێکی منداڵەکاتی سەردانەکەدا لێم کرد (**ئایا ئامادجی سەرەکی ئەو** (المركز)**ە چییە لە کاروباری رۆژانەو پرۆژە دوارۆژەکانیدا، رووناکبیرە فەلەستینیەکە، کە بەداخەوە ناوەکەییم لەیاد نەماوە**، لە وەڵامدا گوتی: (**کێشەی نێوانی فەلەستین و ئیسرائیل لە دوارۆژدا بەو ئاقارەدا دەڕوات کە** (حتماً) **دوور دەبێت لە چارەسەری سەربازی، قەڵەم لە جیاتی تفەنگ رۆڵی خۆی دەبینێ و گفتوگۆ و وتووێژیش کە ئێستاکە لەخۆمان** (حرام) **کردووە، دەبێتە تاکە رێگای چارەسەری ئەو کێشەیەو ئەو** (مەڵبەندەمان) **بۆ ئەم مەبەستە پێکهێناوە، راستە پرۆژەیەکی دوور خایەنە، بەڵام دەبێت خۆمان بۆ چارەگە سەدەو نیو سەدە، ئامادە بکەین ئێمە وانەیەک لە** (ڤێتنامییەکان) **فێربووین کە دەڵێ** (دوژمنەکەت بناسە چییە، چی دەوێ، چۆن بیردەکاتەوە، کاروباری خۆی چۆن بەڕێوە دەبات، تێگەیشتنی بۆ تۆ چییە، چۆن تەماشای دوارۆژ دەکات)**. ئێمە لە** (مركز الدراسات الفلسطينية) **کۆمەڵگای جوولەکەمان لە هەموو باریکەوە و لە هەموو رووێکەوە داوەتە بەر لێکۆڵینەوەو توێژینەوە چیمان**

دەستکەوێ لەسەر دەوڵەتی ئیسرائیل وەری دەگێڕینە سەر زمانی عەرەبی، نایەڵێن شتێکی شاراوە هەبێت، تەنانەت زۆر جار شیعری ئەدیبانی جوولەکەش وەردەگێڕین و دەیخەینە بەردەم سەرکردایەتی سیاسی بزووتنەوەی نیشتمانی فەلەستینی، سیاسەتمەداران، رووناکبیران و خەڵکی سادە ئەوجا هەریەکە بەشێوەیەك سەرەڕای ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەی پوختەی مانگانە بۆ (دروستکەری بڕیاری سیاسی فەلەستینی).

ئەمەیان بۆچوونی من بوو کە زۆر باسم لێوەکردووە تا جارێکیان کەوتینە مشتومڕێکی گەرم لەگەڵ رەحمەتی شەهید سامی عەبدولڕەحمان کە ئەوسا لێپرسراوی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندن بوو لە سەرەتادا کاتێ ژمارەی (١)ی سەنتەری برایەتیم بۆ برد لە پێشەوە دەستخۆشی لێکردین، بەڵام دەربارەی ناوەکە و ناوەڕۆکەکەی گوتی: **(بزانە کەلیمەی سەنتەر مەعنایەکی ئەوها نادات کە تۆ بۆ منت شەرح کرد، خۆزگە ناوەکەی شتێکی دیکەبا بەهەرحاڵ مەشروعەکەت زۆر خەیاڵیە** (وأنت تحلم) **نەسیحەتی من ئەوەیە لەگەڵ کاك جەوهەر نامیق تەعاون بکەن کە برایەتی و** (مەکتەبی ناوەندی لێکۆڵینەوە، تۆژینەوە) **کە تۆ هەمدیس لەوێ ئەندامی بۆ جێبەجێ کردنی ئەم فیکرەیە، راستە فیکرەکە موبارەکە، بەڵام ئەوە مەسەلە بە تووبەتەنها جێبەجێ ناکرێت، سەنتەری لەم جۆرە موتەرجم و باحث و نووسەری بەتوانای دەوێ بە ئیمکانیاتی گەورە، علی کل حال اتمنی لکم النجاح).**

ژمارەی (١)ی سەنتەری برایەتی لە ئابی ساڵی ١٩٩٧ دەرچوو کە **(گۆڤارێکی مانگانەی تایبەتە بە لێکۆڵینەوەو تۆژینەوەو دەزگای برایەتی دەری دەکا)** کە لە سەرەتادا خاوەن ئیمتیازی جەوهەر نامیق سالم و بەندەش وەکو سەرنووسەر، بەڵام لە ژمارەی (٢)ەوە ناوی ڕۆژنامەنووس **(ئاسۆ کەریم)**یشی لەسەر دانرا وەکو سکرتێری نووسین لە هەمان کاتیشدا سکرتێری نووسینی ڕۆژنامەی **(برایەتی)**یش بوو لەراستیدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕا لە ئامادەکردنی سەنتەر بەتایبەتیش لە ژمارەکانی وەرزی یەکەمدا.

بە مەبەستی شارەزابوون لە ڕەوتی گۆڤارەکە دەقی ئەم چەند دێڕە بڵاو دەکەینەوە کە لەلاپەڕەی یەکەمیدا وەکو سەروتار لەژێر ناوونیشانی **(ئەم گۆڤارە)**دا هاتووە:

(له راستیدا فکرەی دەرکردنی گۆڤارێکی لەم بابەتە لە لایەن دەزگای "برایەتی"یەوە تازە بابەت نییەو چەندان نووسین و لێکۆڵینەوەی زانستی ورد و بابەتی سەبارەت بە بوارە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵانی، سیاسی، ئابووری، ستراتیژی بۆ "برایەتی" **دەهاتن و لەبەر بێ جێیی و نەبوونی دەرفەت و ئەرکی جیای رۆژنامەیەکی رۆژانە وەك** "برایەتی" **دەمانەوەو بڵاو نەدەبوونەوە، ئەمە وێڕای نەبوونی گۆڤارێکی تایبەت بە لێکۆڵینەوەو تۆژینەوە دەزگای** "برایەتی" **هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە وەك هەنگاوی یەکەم مانگانە گۆڤارێکی لەم بابەتە دەربکات، هیوادارین بەم کارەمان خزمەتێکی بچووکمان بە رەوتی زانستی و فیکری وڵاتەکەمان کردبێ و داواشمان لە سەرجەم لێکۆڵەرەوان و شارەزایان**
"سەربە هەر ڕێبازێکی فیکری و سیاسی بن، ئەوەیە کە بە نووسینی زانستی و بابەتیانە بەشداریمان لە تەکدا بکەن").

سەنتەری برایەتی: ژمارەی یەکەمی گۆڤارەکە ئەم بابەتانەی خوارەوی لەخۆ گرتووە.

– **د.ڕەشاد میران**: دیمانە

– **د.ئازاد نەقشبەندی**: شوێنی دراوسێتی (**ڕێژەیی**) هەرێمی کوردستان و کاریگەرێتی لەسەر ئێستاو ئایندەی هەرێمدا.

– **فەرهاد عەونی**: ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە دووبارە شۆڕشی ئەیلوول هەڵبسەنگێنینەوە.

– **تاریق جامباز**: لاپەڕەیەکی شاراوە لە مێژووی (**حزبی هیوا**) لە هەولێر.

– **د.فەرهاد پیرباڵ**: چەند دێڕێك لە بارەی ویلایەتی کوردستان و ویلایەتی جەزیرە لەسەرەتای سەدەی حەڤدەهەمدا.

– **مومتاز حەیدەری**: جەژنی ڕۆژنامەنووسیی کوردی و ڕێباز و گیانی کوردایەتی ڕۆژنامەی ئومێدی ئیستیقلال.

– **بیرژنیسکی**: گۆڕانکاری مەزن، کە ڕۆژنامەنووس چیمەن سالح لە ئینگلیزییەوە کردویەتی بەکوردی.

ژمارە (٢)ی سەنتەر لە ئەیلوولی هەمان ساڵ (١٩٩٧)دەرچوو کە تێدا سەرەڕای ناوی خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر ناوی ڕۆژنامەنووس (**ئاسۆ کەریم**) وەکو سکرتێری نووسین نووسراو لە بەرگی ناوەوەشدا ناوی ڕاوێژکاران هاتۆتە خوارەوە پاش ئەوەی ژمارە(١)یان دیت و بە خۆشحاڵییەوە ڕازی بوون وەکو ڕاوێژکار ناوەکانیان بنووسرێ کە بریتی بوون

لە (**پرۆفیسۆر دکتۆر ئازاد نەقشبەندی، پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر شێرزاد نەجاڕ، پرۆفیسۆری یاریدەدەر ئەحمەد چاوشین، دکتۆر ڕەشاد میران، دکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی**). کە لە ڕاستیشدا ڕاوێژکار بوون هەریەکە لەو بەڕێزانە بابەتەکانیان هەڵدەسەنگاند بە پێی (**اختصاص**)ی خۆی و زۆر جاریش کۆبوونەوەی بە کۆمەڵمان بۆ دەکرد.

لەسەرەتادا یانی ژمارەی (١)ی بە تیراژی (١٠٠٠) دانەی لێ چاپ کراو کە لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا لە بازاڕ نەما تەنانەت وایلێهات لە بەشە ئەرشیفی دەزگامان ڕادەکێشا کاتی میوانێکی دەرەوەی کوردستان یاخود مامۆستایەکی زانکۆ داوای لێ دەکردین کە تێدا (٥٠) ژمارەی بۆ تەرخان کرابوو، ئەوەی لە بیرم بێت تاکو ڕۆژێکیان (**دلێر**)ی برام، کە لێپرسراوی ئەرشیف بوو، هات و پێی گوتم: (**چی دیکە لەو بەشەی ئەرشیف مەبەخشە تەنها (٥) دانەمان بە** (تەجلید)**کراوی ماوە، بەڵام ئەگەر موافەقەت بکەی ئەوا چەند دانەیەکی لێ** (ئیستینساخ) **دەکەین**).

ئێستا کاتی بە ژمارەکانی سەنتەردا دەگەڕێمەوە بە مەبەستی تەواوکردنی (**ئەرمونی ڕۆژنامەگەرییم**) دەبینم ئەو دانەیەی کە لە کتێبخانەکەی منداپارێزراوە لەو جۆرەی (**ئیستنساخە**)کەیە بۆیە هیوادارم لە خوێنەرانی بەڕێز ئەگەر یەکێکیان شاهید دانەیەکی زیادی هەیە بۆمی بنێرێ (**بەوپەڕی سوپاسەوە**) لە بەر زۆری داواکار و فرۆشتنی لە کتێبخانەکان لە ژمارە (٣)دا تیراژەکەمان کردە (١٢٠٠) دانە، بەڵام دیسان داواکاری لەسەری لەزیادبوون بوو بە لە هەموولایەکی کوردستانەوە بەتایبەتیش لە (**سلێمانی**) سەرەڕای باری گرژی زێدە ناخۆش کە بەهۆی شەڕی ناوەخۆ لە ئارادابوو سەنتەری برایەتی بێ (**گومرك**) لە بازگەکان دەگەیشتە سلێمانی و ڕەواجێکی زێدەباشی هەبوو بۆیە دیسان ناچاربووین تیراژەکەی بکەین بە (١٥٠٠) دانە، بەڵام نرخەکەی (**نرخی فرۆشتنی**) هەر بە (١٠) دینار مایەوە.

بەهاتنی ڕۆژنامەنووسان (**فوئاد سدیق و فەیسەڵ دەباغ**) بۆ دەزگای برایەتی لەگەڵ سکرتێری نووسین هاتینە سەر ئەو ڕایە کەوا سوود لە ئیمکانیاتی ڕۆژنامەنووسی ئەو دوو ڕۆژنامەنووسە وەربگرین کە هەردووکیان (**بە گرپو تینێکی**) گەورەوە کاری

رۆژنامەنووسیان لە برایەتی ئەنجام دەداو بە پێویست زاندرا کەوا تەکلیفیان لێ بکرێت کە بـۆ سـەنتەری برایـەتی (**تەفـەروغ**) بکـەن ئـەوەبوو هـەردووکیان بـە خۆشـحاڵییەوە پێشنیارەکەی ئێمەیان وەرگرت و بە (٣) قۆڵی لەگەڵ رۆژنامەنووس (**ئازاد حەمـەدەمین**) کـە ئـەو لەسـەرەتای هـاوینی سـاڵی (١٩٩٦) لـە (**مەسـیف سـەلاحەددین**)ەوە بـوو بـە ئەندامێکی کارامەی برایەتی هەرسێکیان بوونە دەستەی نووسەرانی (**سەنتەری برایـەتی**) و لە ژمارە (٨)ی ساڵی دووەم کە لە تشرینی یەکـەمی سـاڵی ١٩٩٨ دەرچـوو ناویـان لـە لاپەڕەی یەکەمی گۆڤارەکەدا هاتۆتە خوارەوە کە لە راستیدا ئەرك و کـارێکی زۆریـان لـە (**کۆڵ**) ئێمە کردەوەو ژمارەی لاپەڕەکانی بـەرەو زیـادبوون دەچـوون لـە هەموولایەکـەوە بەتایبەتی رووناکبیران و مامۆستاو قوتابیـانی زانکـۆ مانگانـە لـە چـاوەڕوانی دەرچـوونی گۆڤارەکە بوون.

لە ناوەڕاستی ساڵی دووەم بەهۆی فراوان بوونی رۆژی گۆڤارەکە لە رووی لێکۆڵینەوەی زانستی و توژینەوەی هەمەلایەنی بابەتەکانی کە بـۆ گۆڤارەکـە دەهـاتن یـاخود لـە سـەر راسـپێری دەسـتەی سـەنتەری برایـەتی پـاش راوەرگـرتنی هەنـدێ لـە برایـانی پسـپۆر و رەزامەندییان کە ئەوانیش لە بەشداری لەو پـرۆژە نەتەوایەتییـە بکـەن بڕیـار درا خێزانـی راوێژکارانی سەنتەر فراوانتر بکرێت بەهاتنی دکتۆر شەفیق قەزاز، دکتۆر دلێر شـاوەیس، دکتۆر محەمەد عومەر مەولود، م.رۆژان عەبدولقادر دزەیـی کـە لـە ژمـارە (١١) لـەکۆتایی ئایاری ساڵی دووەم (١٩٩٩) ناوەکانیان هاتە خوار و ئەرکەکانیان بەوپـەڕی لێهـاتوویی و کارامەیی ئەنجام دەدا.

(**سەنتەری برایەتی**) هەر لەسەرەتاوە بایەخێکی تـەواوی بـەو نووسـین و لێکۆڵینـەوەو توژینەوانە دەدا کە راستەوخۆ لەخزمەتی پرۆژە نەتەوایەتییەکەبێت لە رووی ستراتیژەوە دوور لە میزاجی سیاسی رۆژانە و بۆچـوونی تەسـکی حزبایـەتی کـە بابـەت و نووسـەرانی ژمارەکانی سەنتەر شاهیدی ئەو راستیەن و سەرۆکایەتی زانکۆی (**سـەلاحەددین**)یش بـە بایەخەوە تەماشای گۆڤارەکەی دەکرد و رێکـەوت لـە (ئـاخر و ئـۆخری) رۆژانـی مـانم لـە دەزگای برایەتی (**بە پێی نووسـراوی ژمـارە ٩٧/١/١ی رۆژی ٢٠٠٠/٢/١٣ی ئەنجوومـەنی زانکـۆی سـەلاحەددین بـە نووسـراوی ژمـارە ١٢١١/١/١ی رێکـەوتی ٢٠٠٠/٢/٢٩ی**

سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین گۆڤاری سەنتەری برایەتی بە گۆڤارێکی زانستی-ئەکادیمی دەژمێردرێ)، بەڵام بەندە تاکو ژمارە (١٤) سەرنووسەری بووم و لە ژمارە (١٥)وە کە لە بەهاری ٢٠٠٠ دەرچووە ناوی منی لەسەر نەما، چونکە من لە ٢٠٠٠/٢/٢٠ەوە (**ئینفیکاکیان**) پێ کردم، بەڕێوەبەری نووسینیش رۆژنامەنووس (**فوئاد سدیق**) لەلاپەڕە (٥) ژمارە (١٥) بابەتێکی دەربارەی مالئاوایی دەستەی پێشوو نووسیویە لە ژێر ناوی (قۆناغێکی نوێ) کە تێدا دەڵێ: ئەم ژمارەیەی سەنتەری برایەتی، گۆڕانکارییەک بەسەر ستافەکەیدا (**دەستەی نووسەران، دەستەی راوێژکاران**) هاتووەو هاوکات بەرەسمیش متمانەی زانستی ئەکادیمی بوونی لەلایەن ئەنجوومەنی زانکۆی سەلاحەدینەوە پێدرا. ئەگەرچی بە ئەکادیمی بوونی ئەم گۆڤارە لەگەڵ گۆڕانی ستافەکەیدا هاوکات بوو، بەڵام پێشتر تەواوی زەمینەی بۆ رەخسێندرابوو تا متمانەی زانستی ئەکادیمی بوونی بدرێتێ، رەخساندنی ئەو زەمینەش بۆ هەوڵ و توانای ستافی ئەو (١٤) ژمارەیەی پێشوو دەگەڕێتەوە کە بەڕاستی پەرۆش بە ئەکادیمی بوونی گۆڤارەکە بوون. بۆیە هەوڵی ئەو برا بەڕێزانە نەك هەر لەیاد ناکرێن، بەڵکو جێگای شانازیشمانن کە زیاتر لە دوو ساڵ هاوکاری یەکتری بووین ئەویش بەڕێزان (**فەرهاد عەونی، ئاسۆ کەریم، فەیسەڵ دەباغ، ئازاد حەمەدەمین**) بوون.

بە حەقیقەت دابڕانی ئەو خۆشەویستانە لە سەنتەری برایەتی بەهۆی سپاردنی هەر یەکێکیان بە کارێکی دیکە بۆ من خەمێکی گران بوو، چونکە ماوەی کارکردنم لەگەڵیاندا ئەزموونێکی چڕوپڕ و پڕ لە بەختەوەری بوو.

لەنێوان دەرچوونی گۆڤاری سەنتەر ژمارە (١)ی کە لە ئابی ساڵی ١٩٩٧ دەرچوو تاکو دەرچوونی ژمارە (١٤) کە لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٩ (ساڵی سێیەم) دەرچووە سەرەڕای بایەخدانی دەستەکەی بە دەولەمەندکردن و پێشکەوتنی گۆڤارەکە لە هەموو رووێکەوە پرۆژەیەکی دیکەمان لە تەنیشت ئەوەوە ئەنجامدا ئەویش چاپکردنی هەندێ لەو کتێبە بایەخدارانەی کە پێویستی دەکرد بە زنجیرە لە بڵاوکراوەکانی (**سەنتەری برایەتی**)ەوە دەربچێت کە لەوەشدا توانیمان (**بە هەوڵوکۆششی هەرهەموو دەستەکە و**

ڕەزامەندی و پێخۆشحاڵی نووسەرە بەڕێزەکانی) (٧) کتێب لەم زنجیرەیەدا چاپ و بڵاو بکەینەوە کە بریتین:

- **بڵاوکراوەکانی سەنتەری برایەتی:**

١. ڕۆژنامەگەریی کوردی بە زمانی فەرەنسی د.فەرهاد پیرباڵ.

٢. لە بیرەوەری یۆبیلی زێڕینی جاپنامەی مافی مرۆڤ پارێزەر: هەژار عەزیز سورمێ.

٣. جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق: دانانی کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆ: وەرگێڕانی سەنتەری برایەتی و ئاسۆ کەریم بە کوردییەکەی داچووتەوە.

٤. ئیدریسی بەدلیسی، نووسینی محەمەد بایراقدار، وەرگێڕ: شکور مستەفا.

٥. کۆمەڵێ لادێی کوردستانی هاوچەرخی عێراق بەرامبەر بە نوێ بوونەوە: دانانی پرۆفیسۆر دکتۆر لیژەك ژیگیل/ وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە عەزیز گەردی.

٦. ڕۆڵی سیاسی و کەلتوری ئەفسەرانی کورد لە بزاڤی کوردایەتی کوردستانی باشووردا: محەمەد عەبدوڵڵا کاکەسوور (١٩٢١–١٩٤٥).

٧. ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، د.ڕەشاد میران.

دەستەی تازەی سەنتەریش توانی پاش ئێمە (١١) ژمارەی دیکە بە ڕێکوپێکی ئامادە بکات و چاپ و بڵاوی بکاتەوە، بەڵام ئەویش بە هۆی **(خوێندنەوەیەکی)** نابابەتیانەی **(هەندێ لە بەرپرسیاران)** گۆڤارەکە پاش دەرچوونی (٢٥) ژمارە ڕاگیرا و هۆکارەکەشی گوایە بەهۆی **(تەقەشوف)**ەوە بوو!...

بەشی شەشەم

لە بەشێکی پێشووتری ئەم نووسینەدا، بە کورتی باس لەو کتێبانە کراوە کە **دەزگای "برایەتی و خەبات"**چاپی کردوون، یاخود بە زنجیرە لە رۆژنامەی **"برایەتی"** بڵاوکراونەتەوە، کە تێدا خوێندەوارێکی زۆری هەبوو تا رادەیەکی زۆریش خزمەتی ئەو کتێبانەو نووسەرەکانی دەکرد، چونکە رۆژنامە ئاسانتر دەکەوێتە بەردەست، ئەوە سەرەڕای ژمارەی زۆری خوێندەوارانی رۆژنامە.

بیرۆکەی چاپکردنی کتێبی نووسەرانی کورد بە شێوەیەکی سەربەخۆ یاخود بڵاوکردنەوەی بە زنجیرە لە راستیدا بۆ خۆم دەگەڕێتەوە، چونکە بەندە لە پشت ئەم مەسەلەیە بووم، بەڵام دیسان رۆڵی هاوکارانم لە رۆژنامەنووسانی ئەو سەردەمەی **"برایەتی"** لە بیرناچێت سەرەڕای ماندووبوونی بەشی هونەری، بە کۆمپیوتەر و نەخشەسازانەوە، لە پێشەوەیانیش رۆژنامەنووس ئاسۆ کەریم، ئازاد حەمەئەمین و کارمەندانی بەشی کۆمپیوتەر کە هەر یەك لە راستی خۆی سەرەڕای ئیشوکاری رۆژانەی رۆژنامەیەکی رۆژانە چەند بڵاوکراوەیەکی دیکەی **(دەزگای برایەتی و خەبات)** کە تێدا کاك شکار عەفان و یەحیا جاف و کاروان توفی و خالد گەردی و پەیمان فەرهاد و زەمان عوسمان رۆڵێکی بەرچاویان لە راپەڕاندنی ئەرکەکان دەبینی و هیچ کاتێك لە لایەن ئەو کارمەندانەوە هەستم بە ناڕەزاییەك نەکردووە، چونکە گیانی یەك **(خێزانی)** و دسپلینی تیپی فوتبۆڵ، کە هەر یەکێکیان تەواوکەری ئەوەی دیکەبوون لەنێوانماندا بوو، بۆیە کارەکان بەڕێوە دەچوو بێ ئەوەی هیچ هۆکارێك لە دەرەوەی ئەو دوو خاڵەدا توانیبێتی رۆژێك لە رۆژان کاریگەرییەتی خراپی لەسەر ڕێڕەوی **"برایەتی"** و ئیشوکاری دەزگا هەبووبێت و تاکو ئێستاکەش زۆربەی زۆری کارمەندان و رۆژنامەنووسانی ئەو قۆناغە **(بە قۆناغی زێڕێن)** ناودەبەن، دواتر باس لە هەندێکی دەکەم.

ئەو کتێبانەی کە سەربەخۆ لە لایەن **"برایەتی"**یەوە چاپ کران و بڵاوکرانەوە بریتی بوون لە:

١. (**رزگاری**) ثم (**خەبات**) لسان حال الحزب الديمقراطي الكوردستاني، عرض تأريخي ١٩٤٦– ١٩٩٨/ رزگار نوری شاوەیس.

٢. مدرسة ١١ آذار/ اول مدرسة كوردية في مدينة الموصل، د.عبدالفتاح على بۆتانى.

٣. رۆژنامەگەری کوردی، چەند سەرە قەڵەمێك لەبارەی تەکنیك و هونەرەکانی/ نەژاد عزیز سورمێ.
٤. چاپکردن و نەخشەسازی/ عەبدولقادر عەلی مەردان و ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی.
٥. پەکەکە چما وادەکا/ فەرەنسۆ هەریری.

جۆری دووەم لە بڵاوکردنەوەی کتێب بریتی بوو لە وەرگرتنی دەستنووسی کتێبەکە لە خودی نووسەرەکەی و بڵاوکردنەوەی بە زنجیرە کە لەسەرەتادا بە بڵاوکردنەوەی کتێبێك دەستی پێ دەکرد، بەڵام لە دواییدا لە رۆژێکی هەفتەدا چوار کتێب بە یەك رۆژ بڵاودەکرایەوە کە تا رادەیەکی زۆر رەنگدانەوەو دەنگدانەوەیەکی باشی لێ کەوتەوە. جۆری دووەمی کتێبە بڵاوکراوەکانی **"برایەتی"**بریتی بوون لەو کتێبانەو لەگەڵ ناوی نووسەرە بەڕێزەکانی لە دەستپێکی بڵاوکردنەوەی زنجیرەیاندا ئەم وتەیە وەکو پیشەیەك نووسراوە کە دەقەکەی دەڵێ:

"برایەتی" ئەو رۆژنامەیەی کە هەموو رۆژانێك ژوانی کوردانەی تێدا دەکرێ وەك پێویستیەکی رووناکبیری و بە مەبەستی بڕەودان بە رەوتی رووناکبیرمان، بڕیاری داوە یەکبینە چەند کتێبی هەڵبژاردە لە سەرجەم بوارە مەعریفییەکاندا بە زنجیرە وەکو کتێبی **"برایەتی"** بڵاوبکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش پرۆژەی ئێستامان بڵاوکردنەوەی دوو کتێبی ناوازەیەو دوای تەواوبوونی هەر یەکێکیشیان ئامادەین بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبانەی کە بە هەق پوختەو هەڵبژاردەن، هەوەڵین کتێبمان کتێبی **(کارەساتی ئاشووریپەکان – تراژدی اشوریها، دەبی کتێبەکە لە ئەسڵدا ساڵی ١٩٣٤ لە لایەن نووسەرێکی گومناوە نووسراوەو بۆناتن بت گلیا و یەکێك لە هاوەڵەکانی ساڵی ١٩٨٠ کردوویانە بە فارسی و رێزدار فرەنسۆ هەریریش بەر لە ڕاپەڕین لە وڵاتی ئێرانەوە لە فارسییەوە بە زوانە شیرینە کوردییەکەی خۆی کردوویە بە کوردی، ئێمەش لە ئێرەوە بەدواوە هەموو رۆژانێکی سێ شەموان بەشێکی بە زنجیرە بڵاو دەکەینەوە)**.

ئەو کتێبانەی کە بە زنجیرە لە **"برایەتی"** بڵاو دەکرانەوە بریتی بوون لە:

١. کارەساتی ئاشوریپەکان، فرەنسۆ هەریری لە فارسییەوە کردوویە بە کوردی. لە برایەتی ژمارە (١٩٣١)ی رۆژی لە ١٩٩٤/٤/٢٦ زنجیرەی یەکەمی بڵاوکراوەتەوە.

٢. بزووتنەوەی کورد لە سەردەمی نوێدا، نووسینی جەلیلی جەلیل، م.س لازاریف، م. حەسرەتیان، شاکرۆ مگویان، ئولگا ژیگالینە – نەجاتی عەبدوڵڵا کردوویەتی بە کوردی، کوردستان ١٩٩٤، بەشی یەکەمی لە ژمارە ١٩٣٣ی رۆژی ١٩٩٤/٤/٢٩ بڵاوکراوەتەوە.

٣. محەمەد پاشای جاف – ئومێد ئاشنا بەشی یەکەمی لە ژمارە ٢٠٨٦ لە ١٩٩٤/١١/١٤ بڵاوکراوەتەوە.

٤. راپەڕینی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی، نووسینی زوبێر بلال بە عەرەبی، وەرگێڕانی مەسعود پەرێشان، لە ژمارە ٢١٠٤ رۆژی ١٩٩٤/١٢/١٠ بڵاوکراوەتەوە.

٥. راپەڕینی شێخ ئەحمەدی بارزانی– نووسینی زوبێر بیلال ئیسماعیل، لە ژمارە ٢٢٠٠ لە ١٩٩٦/١٠/٢٩ بڵاوکراوەتەوە، لە پەراوێزی کتێبی ژمارە (٥)ی برایەتیدا (**بزووتنەوەی خەلیل خۆشەوی**)، ئەڵقەی یەکەمی لە ژمارە ٢٢٣٧ لە ١٩٩٦/١٢/١٩ بڵاوکراوەتەوە.

٦. کوردو کوردستان لە پەیماننامەو دیکۆمێنتە نێودەوڵەتییەکاندا، لە ژمارە ٢٢٨٣ لە ١٩٩٧/٣/٢ بڵاوکراوەتەوە.

کاتی خۆی بەندە داوای لە نووسەری خوالێخۆشبوو کاکە زوبێر (**بیلال ئیسماعیل کرد ئەو بابەتە گرنگە ئامادە بکات، چونکە لە راستیدا مەبەستی سەرەکی لەم بابەتە ئاگاداری خوێنەری نەوەی تازە بۆ ئاگاداربوون و زانیاری لەسەر ئەو پەیمان و رێککەوتننامانەی کە لە دژی کوردستانی و گەلەکەی کراوە**).

٧. چیرۆکی گەڕانەوەی بارزانی و هەڤاڵانی لە یەکێتی سۆڤیەتەوە پاش شۆڕشی چواردەی تەممووزی ساڵی ١٩٥٨، عەبدولڕەحمان پاشا.

٨. رێگاکانی نەهێشتنی ئازار و ئەشکەنجە، پارێزەر هەژاری عەزیز سورمێ کردوویە بە کوردی و پێشەکی بۆ نووسیوە، بەشی یەکەمی لە ژمارە ٢٣٧١ لە ١٩٩٧/٧/١٣ بڵاوکراوەتەوە.

٩. رۆژنامەگەری لە سەرەتای سەرهەڵدانەوە تا کودەتای ئابووری و چەرخی نوێکاری– برایمی مەلا، ئەڵقەی یەکەمی لە ژمارە ٢٥٠٤ لە ١٩٩٨/١/١٢دا بڵاوکراوەتەوە.

١٠. نەوتی کوردستانی عێراق– مەکتەبی ناوەندی دیراسات و توێژینەوە، ئەڵقەی یەکەمی لە ژمارە ٢٥٢٧ لە ١٩٩٨/٢/١٦دا بڵاوکراوەتەوە.

١١. هەڵوێستی حزبە سیاسییەکانی عێراق لە مەڕ کێشەی کورد ١٩٤٦– ١٩٧٠– مەکتەبی دیراسات و توێژینەوە کە د.عبدالفتاح عەلی بۆتانی ئامادەی کردووە، ئەڵقەی یەکەمی لە ژمارە (؟؟؟؟).

١٢. بیرەوەرییەکانی هادی چاوشلی لەگەڵ پیاوە دیارەکانی عێراق – تاریق ئیبراهیم شەریف، لە ژمارە ٢٨٢٨ لە ١٩٩٩/٥/٥ بڵاوکراوەتەوە.

١٣. رۆڵی سیاسی و رۆشنبیری ئەفسەرانی کورد لە بزاڤی کوردایەتی کوردستانی باشوردا– محەمەد عەبدوڵڵا کاکە سوور ١٩٢١– ١٩٤٥,

١٤. رۆمانی کوردی لە عێراقدا– د.ئیبراهیم قادر محەمەد.

١٥. رەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا د.رەشاد میران، بەشی یەکەمی لە ژمارە ٢٨٢٨ لە ١٩٩٩/٥/٥ بڵاوکراوەتەوە.

١٦. رەهەندە سیاسی و ئابوورییەکانی بڕیاری (٩٨٦)، خالد حەمەد وەرتی، شاهۆ کەمال رەئووف، سەیوان مەجید کەریم بە سەرپەرشتی و چاودێری پرۆفیسۆر، د.خەلیل ئیسماعیل محەمەد، لە ژمارە (٢٩٣٠) لە١٩٩٩/٩/٢٣ بڵاوکراوەتەوە.

١٧. کورد لە سەدەی حەوتەمەوە تا سەدەی دەیەم، بە پێی سەرچاوە عەرەبییەکان، نووسینی ئارشاك پولادیان، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی، د.خەلیل عەبدولڕەحمان و جەلیل کاکە وەیس لە ژمارە (٢٩١٨)ی رۆژی ١٩٩٩/٩/٨بڵاوکراوەتەوە.

برایەتی سەرەڕای بڵاوکردنەوەی کتێب بە ئەڵقەی هەفتانە یاخود چاپ کردنی هەندێ لە بەرهەمی نووسەران، بایەخی تەواوی بە گۆشەی هەمەلایەنە دەدات جارێ لە سەرەتادا کە ئەرکی سەرنووسەریم پێدرا، گۆشەیەك هەبوو لەلاپەڕە (٨)دا بەناوی **(دەریچە)** کە بۆ رۆژنامەنووس **(سەرۆ قادر)**، ئەوکاتە کە ئەندامی دەستەی نووسەرانی **"برایەتی"** بوو، (ئەو ناوونیشانەی بۆ ئەو گۆشەیە دانابوو، هەر جارەش نووسەرێك یاخود رۆژنامەنووسێك تێیدا دەنووسی. بەڵام من بەشێوەیەکی دیکە بیرم لە گۆڕینی ئەو گۆشەیە کردەوە کە بیگۆڕین بۆ گۆشەیەکی رەخنە ئامێز لەژێر ناوونیشانی **(دەنگی چوارەم)**، زۆر جارێش بە ئەندامانی دەستەی نووسەرانم دەگوت ئەم گۆشەیە بۆیە ئەم ناوەم بۆ هەڵبژاردووە تاکو یەکەم دووربێت لە دەسەڵاتی سەرنووسەر و جێگری سەرنووسەر و بەڕێوەبەری نووسین، یانی چوارەم دەسەڵات بێت لە رۆژنامەو تێیدا نووسەر بتوانێ بە ئازادی بیروڕاو بۆچوونی خۆی تێدا دەربڕێ، دووەمیشیان کە رۆژنامە

خۆی پێی دەگوترێ دەسەڵاتی چوارەم، بەڵام جارێ لە وڵاتی ئێمە زۆری ماوە بگاتە ئەم قۆناغە کە گەیشتنیش بەم قۆناغە سااڵنێکی زۆر و هەلومەرجی سەردەمی پێ گەیوی خۆی دەوێ، کە جارێ لە کوردستان بە هۆی بارودۆخی دەیان ساڵەی پێشووتر و ئەو زوڵم و زۆرداریەی لەگەڵی ستەمدیدەی کورد کراوە، سەرەڕای بارودۆخی سیاسی عێراق و ناوچەکە نەگەیشتۆتە ئەم قۆناغە و گوناهێکی گەورەش دەکەین ئەگەر هاتو هەلومەرج و بارودۆخی کوردستان وڵاتانی ئەوروپامان بەیەک چاو هەڵسەنگاند، بۆیە ئەگەر بەتەنگ ئەوەبین رۆژنامە لە وڵاتی ئێمە ببێتە دەسەڵاتی چوارەم، دەبێت بیر لە سووتاندنی قۆناغەکان (**حرق المراحل**) نەکەینەوە با بۆخۆی بە ئاسایی ئەم قۆناغە پێ بگات، بەهەرحاڵ گۆشەی **(دەسەڵاتی چوارەم)**، تا رادەیەک رۆڵی خۆی ببینی و لە هەموو رۆژنامەیەکی ئەم سەرزەمینە گۆشە هەیەو گۆشەش دەمێنێ زۆر جاریش لە رۆژنامەیەکی زۆر (موعتەبەر)دا تەنیا گۆشەیەک لەم رۆژنامەیە کاری خۆی دەکاو رۆژنامەکەی پێ دەباتە پێشەوە.

گۆشەکانی برایەتی (١٩٩٣ – ٢٠٠٠) لەکات و ساتی جیاوازدا بریتی بوون لە:

١. بە ئیجازەی خوێنەر..... ئاسۆ کەریم.

٢. کۆبین.... نەوزاد حاجی (**ناوێکی خواستراوەو هەرکاتێك ویستی ناوی تەواوی ئاشکرا دەکەین**).

٣. لە پەنای رۆژنامەوانیەوە... ئازاد حەمەد ئەمین، پاشووتریش گۆشەیەکی دیکەی بەناوی تێزە جوانەکان ئامادە دەکرد.

٤. شەبەنگ.... شەماڵ حەوێزی.

٥. پەیڤی هەفتە .... فوئاد سدیق.

٦. تیشکێك ....نەژدەت ئاکرەیی.

٧. ساتەکانی رەهابوون... مەهدی خۆشناو.

٨. دەروازەی کراوە.... بەهزاد حەوێزی.

٩. ئەلفێك و بەس.... تاریق کارێزی.

١٠. دەردە دڵ... شێرزاد عەبدولڕەحمان.

١١. ئەمڕۆ.... فەرهاد عەونی.

گۆشەکان بە تێکڕایی خوێنەری خۆی هەبوو، زۆرجاریش رەت دانەوەی دروست دەکرد، بەنسبەت گۆشەی خۆم **(ئەمڕۆ)**، زۆر جار تاکو ئێستاکە هەندێ لە خوێنەرانی

کاتی لێرەو لەوێ تووشم دەبن باسی گۆشەکە دەکەن، کە تێدا باسی رووداوێکی کونم دەکرد **(لە سەرەتادا رووداوێك یاخود کەسایەتیەکی بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی سەردەمی پێشوو)**.

پاشانیش لەگەڵ بارودۆخێکی رووداو یاخود بابەتێکی ئەم سەردەمەم بەراورد دەکرد کە زۆرتریان رەخنە ئامێزبوون، بە هەرحاڵ تاکو مانەوەم لە **"برایەتی"** بە هەموو شێوەیەك بایەخم بەم لایەنە دەدا، چونکە بە پێی تێگەیشتنی من پێویستە رۆژنامە **(رۆژنامەی هەواڵ و را بێت)**، بۆیە کاتێ رۆژنامەنووسێك یاخود نووسەرێك گۆشەیەك بە نووسین ئامادە دەکات بێ گومان مەبەستی دەربڕینی راوبۆچوونی خۆیەتی کە ناکرێ ڕێگای لێبگیرێ، چونکە گۆشە کۆڵەگەی بنەڕەتی رۆژنامەیە، بەڵام سەد حەیف و مەخابنە ئەو یانزە گۆشەیەی برایەتیان پێ جۆش دەدرا ئەوانیش کەوتنەبەر **(عەقڵیەتی ئەفسەرانی کودەتای سەربازی ئاسا)** و پاشان شوێنەواریان لە **"برایەتی"**دا نەما وەکو ناوی هۆڵی بەهەشتی **(میقداد بەدرخان و بەهەشتی هەژاری موکریانی)**.

کاتێ مرۆڤ بە بابەتێك ماندوو دەبێت یاخود دەزگایەك دروست دەکات و پێ بەپێ ڕێکی دەخات و پارەی لێ سەرف دەکرێت، لای ئەستەم دەبێت کە دەبینی ئەو باڵەخانەیەی دروستی کردووە، دەکەوتە ژێر رەحمەتی تێکدەران و کەم یا زۆر ئاسەواری ناهێڵن، کاتێ کە لە سەرەتادا ئەرکی سەرنووسەری و لێپرسراویەتی دەزگای برایەتی و خەباتم کەوتە ئەستۆ هەر لە قۆناغی یەکەمدا (١٩٩٣– ١٩٩٥) پاشانیش لە قۆناغی مەسیف سەلاحەددین (١٩٩٥– ١٩٩٦/٨/٣١) و قۆناغی مەسیف دواییش (١٩٩٦– ٢٠٠٠) سەرەڕای ئیشوکاری رۆژنامەیەکی رۆژانەو ئەرکی دەزگاو سەرقاڵی دامەزراندنی بەشی **(ئەرشیف و کتێبخانە)** بووم، کە تێیدا بە هەزاران دیناری تێدا سەرف کرا تەنانەت بە هیمەتی رۆژنامەنووس ئاسۆ کەریم توانیمان **(جریدة الوقائع العراقیة)** هەر لە سەرەتای دەرچوونیەوە لە سییەکانی سەدەی پێشووە تاکو ژمارەکانی ساڵی ١٩٩٥ توانیمان هەر هەمووی بە قەچاغ لە بەغدای پایتەختەوە بکڕین و کتێبخانەکەی پێ دەوڵەمەند بکەین، ئاشکراشە بۆ ئەو برایانەی ئەرشیفی **"برایەتی"**یان دیتبێ دەزانن چ هەوڵ و پارەیەکی تێدا سەرف کراوە، تەنانەت **(دلێر)**ی برام کاتێ لە قۆناغی مەسیف سەلاحەددین پاش دەربەدەربوونی لە کۆیەو هاتە لامان ئەرکی ئەم کارەم پێسپارد کە دەتوانم بڵێم کارەکەی **(کرێکارییەکی)** بێ وێنە بوو لە ڕووی کۆکردنەوەو ڕێکخستنی زانیاری و وێنەو

تەجلیدکردنی رۆژنامەکان کە ببووە سەرچاوەی زانیاری ئەوانەی پێویستیان هەمە چەشنە هەبوو، بەڵام دیسان کتێبخانەکەو ئەرشیفەکە لەگەڵ **(دلێر)** کەوتنە بەر شاڵاوی نەهێشتنی ئاسەواری **(قۆناغی من)**، بەڵام لە هەموو سەیرو سەمەرەتر ئەوەبوو کاتێ رۆژنامەنووسێك لە یەکێ لەو **(زاتەی)** بەرپرسی ئەو سەردەمەی دەزگای پرسی بوو هۆکاری **(خنکاندنی)** کتێبخانەکە چی بوو، ئەویش لە وەڵامدا وتبووی **(رۆژنامە پێویستی بە کتێبخانە نییە ! !)**.

لێرەدا نازانم تەفسیری نەهێشتنی کتێبخانەو پشت گوێ خستنی ئەرشیف چییە، ئەگەر نەزانین نەبێت بە کاری رۆژنامەنووسیی، بەڵام دیسان بەندە بەرانبەر ئەم کارە ناڕەوایە و دابەشکردنی **(مجلداتی)** و بڕیەتی و خەبات بەسەر ئەم و ئەودا خۆم پێ رانەگیراو وام دەزانی لە کیس مااڵی باوکم دەچن و نەمتوانی لێی بێ دەنگ و ناچاربووم وەکو هەڵوێست نامەیەك بۆ بەڕێز **(سەرۆك بارزانی)** بنووسم و (**داوام لێ کرد کە بە فریای "ئەو هەڕاچ کردنە"**) بکەوێ کە بەرانبەر کتێبخانەو ئەرشیفی برایەتی دەکرێ **(من رأی منکم منکراً فلیغیره بیده فإن لم یستطع فبلسانه فأن لم یستطع فبقلبه وذلك اضعف الایمان)**، پاش چەند رۆژێك لە نووسینی ئەم نامەیە (براو هەڤاڵی خۆشەویستم **(فرەنسۆ هەریری)**، هاتە الم لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان پێی راگەیاندم کەوا **(سەرۆك بارزانی)** (**جماعەتی)** ئاگادار کردۆتەوە کە ئەم (**سەروەتە**) بپارێزن.

لە ماوەی حەفت ساڵی تەمەنی سەرنووسەریم لە **"برایەتی"**دا، بەهیچ شێوەیەك ناکرێ رۆڵی جوامێری و مەردانەی شەهیدمان **(فرەنسۆ هەریری)**، فەرامۆش بکەم یاخود باس نەکەم، چونکە پێم وایە ئەوەی رۆڵی دۆست و برادەری دڵسۆز و بەوەفای خۆی لە بیر بچێت لای من بە **(مرۆڤێکی ناتەواو)** لە قەڵەم دەدرێ، لە یەك دوو جێگای دیکە لە ئەڵقەکانی پێشەوە پەیمانم بە خوێندەواران دابوو کە لە ئەڵقەکانی دواتر دێمە سەر رۆڵی ئەم مرۆڤە بە نیسبەت ئێمە و برایەتییەوە.

ساڵی ١٩٥٩ شەهید فرەنسۆم ناسی کە ئەوکاتە بەندە لە پۆلی یەکەمی ناوەندی کۆیە بووم تێدا ئەندامی هەڵبژاردەی تۆپی پێی ئەو قوتابخانەیە بووم لەو سەردەمەش جموجوڵی وەرزشی لە کوردستان زۆر گەرم و گوڕ بوو، شاری **(کۆیە)** ئەوکاتە مەڵبەندی وەرزشی و سیاسەت بوو، لە هەمان کاتیشدا زۆر جار تیپی بروسکی هەولێر و هەڵبژاردەی سلێمانی لە کۆیە بە یەك دەگەیشتن و لە گۆڕەپانی **(کۆیە)**ی ئەوسا یارییان

دەکرد، لەو سەروبەندەدا بوو کە رۆژێکیان هەڵبژاردەی **(دار المعلمين)**ی هەولێر بۆ یاری هاتنە کۆیەو تێدا شەهید فرەنسۆم ناسی و بە درێژیش بە زمانی عەرەبی لە گۆڤاری **(گولّان العربي)** لە (**الحلقه ١٩**) لەژێر ناوونیشانی **(محطات مع الغائب الحاضر فرنسو حريري)** ئەم بابەتەم نووسیوە تاکو رۆژی شەهید بوونی، بەڵام لێرەدا دەمەوێ تیشک بخەمە سەر لایەنی ئەوەی پەیوەندی بە رۆژنامەی برایەتییەوە هەیە.

شەهید فرەنسۆ خولیای خوێندنەوەو موتابەعەی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و ئێستگەی رادیۆ بوو، بە ئەندازەیەك کەم بەرنامەو کەم رۆژنامە هەبوو نەیبینێ، خۆشی دەستی نووسینی هەبوو و بۆ مەسەلەی رەتکردنەوە ئەوا پێی ناوێ من باسی بکەم، چونکە زۆربەی رۆشنبیران ئاگاداری ئەو خەسڵەتەی ئەو برادەرەن. لە قۆناغی یەکەمدا (١٩٩٣–١٩٩٥) کەمتر دەپەرژایە سەر هاتنی بۆ برایەتی، چونکە ئەو کاتەکەی خۆی دابەش کردبوو لە نێوان **(مەسیف سەلاحەددین و هەولێر)**، کاتێکیش لە هەولێر دەبوو ئەوا لەنێوان **"برایەتی"** و **"گولاندا"** دابەش ببوو، بەڵام دواتر لە مەسیف و هەولێر ١٩٩٥–٢٠٠٠ ئەوا زیاتر دەهاتە برایەتی، لە پاش ساڵی ١٩٩٦وە رۆژانە تەنیا ئەگەر لە هەولێر نەبا سەردانی ئێمەی دەکرد و شوێنێکی تایبەتیشی هەبوو کە لێی دادەنیشت. کاتێ دەهاتە برایەتی پاش سەعات چواری رۆژانی زستان و لە دوای سەعات ٦ی ئێوارەی هاوینان ماوەی چەند دەقیقەیەك بەبێ دەنگی **(چایەکی)** دەخواردەوە، ئەوجا سەرەتا بە گلەیی لە **(برایەتی)** دەستی پێ دەکرد، ئەگەر هەڵەیەکی چاپ یاخود هەواڵێکی شێوازی موبالەغەی بەسەردا زاڵ بووبایە، یاخود رەخنەگرتن لە نووسەری بابەتێك ئەگەر لایەنێکی نادروستی تێدابا، **(بەندە)** زۆر جار بیرم لە **(مێشك و زاکرەی)** ئەم مرۆڤە دەکردەوە، تا رادەیەکی یەکجار زۆر بیری لە هەموو شتێك دەکردەوەو بەقەدەر (کۆمپیوتەرێکیش) زانیاری هەمەلایەنەی تێدا **(خەزن)** کرابوو، بۆیە کاتێ مرۆڤ لەگەڵی دادەنیشت بابەت نەبوو قسەی لەسەر نەکردبا و بە شێوەیەکی یەکجار پرپیش زانیاری دەربارەی مێژووی کورد و کوردستانەوە هەبوو کەم جار هەبوو بێ دەنگی کردبا دەربارەی هەر بابەتێك لە سیاسەتی رۆژانەی ئەو رۆژگارە قسەی لەسەر بکرابا، زۆری حەز بە پێشکەوتنی **"برایەتی"** دەکرد و زۆر جاریش سەرچاوەی هەواڵە تایبەتییەکانی برایەتی بوو، نهێنییەك ئاشکرا ناکەم ئەگەر بڵێم سەرچاوەی زۆربەی نهێنییەکانی ناو

گۆشەکەی رۆژنامەنووس **(ئاسۆ کەریم)** بە **(ئیجازەی خوێنەر)** بوو کە ئەو **(فرەنسۆ)** سەرەداوی هەواڵێك یاخود بابەتێکی بۆ دەهێنا کاك ئاسۆش (دەیهۆندەوەو ترش و خوێی بەشێوازی خۆی پێدا دەکرد) کە لە راستیدا منیش زۆرم حەز بەو شێوازە پەیوەندییە دەکرد، چونکە **(ماشاءالله)**ی لێ بێت هیچ سەرچاوەیەکی نهێنی لەسەردەمی منـدا نـەبوو بۆ **"برایەتی"**یاخود هیچ ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یاخود کۆمیتەی ناوەندی رۆژێك لـە رۆژان بیری لەوە نەدەکردەوە **(جۆرە هەواڵێك بدات بە برایەتی)** کە خێری بڵاوکردنەوەی تێدا بێت **(عمومیاتیش)** ئەوە لە رێگای مەکتەبی ناوەندی و کەناڵەکانی دیکەی راگەیاندن پەیدا دەبوو.

تەنانـەت زۆر جـار ئـەو **(گلەییـەم لـە ئەنـدامانی مەکتـەبی سیاسـی)** کـردووە، بـەڵام کاتێکیش ئەم پرسیارەم رووبەڕووی شەهید سـامی عەبـدولڕەحمان دەکـردەوە، کـە ئـەو کاتـەی لێپرسـراوی مەکتـەبی ناوەنـدی راگەیانـدن بـوو، پێـی دەگـوتم **(کـاك فـەرهاد رۆژنامەنووسی زیرەك و بەتوانا دەبێت خۆی خەبەر پەیدا بکات)** منیش لە وەڵامدا بە کاك **(سامی)**م دەگوت، کاك سامی خۆ رۆژنامەنووسی زیرەك لە گیرفانی باوکی نایهێنێتـەدەر، دەبێـت سەرچـاوەیەك هـەبێت پـەنای بـۆ ببـات، بـەناوبانگترین رۆژنامـەی ئـەم دونیایـە سەرچاوەیەکی هەواڵی هەیەو رۆژنامەنووسە زیرەکەکەش بەدواداچوون و تێکهەڵکێشی بۆ دەکات، ئەوجا کاکە **(سامی)**یش بە زەردەخەنەیەکی کەمەوە دەیگوت **(فرەنسۆ یکفـی)**، وابزانم **(فرنسو یکفی)**یەکەی کاك سامی دەردی ئێمەی تیمار دەکرد و بە هـەر شـێوەیەك ئەگەر داوای زانیارییەك یـاخود سەرچـاوەی هـەواڵێك یـاخود هـەواڵێکی سەرنجڕاکێشـمان لێکردبا ئەوا دەکەوتە پەیوەندی و سۆراخ تاکو بۆی راست دەکردینەوەو زۆر جـاری واش هەبوو شەوانە درەنگ بە تەلەفۆن پەیوەندی پێوە دەکـردین و ئـەوەی پێویسـت بـا بـۆی دەگـووتین، خـۆی بـەدەم راسـتی برایـەتی دەزانـی و یـەکێك بـوو لـەو دوو سـێ کەسەی بە هـەموو دڵـەوە داکـۆکی لـە **"برایـەتی"** و خێزانـی **"برایـەتی"** دەکـرد، وەکـو لەسەرەتاشەوە باسم کردووە ئەو لە هەردوو بواری وەرزش و سیاسەتدا ئامادەباشـی بـۆ برایەتی دەکرد، سەرەڕای رێنماییە بەنرخەکانی، بـەڵام دیسـان ئـەو هـەموو پەیوەنـدی و خەمخۆرییەی بێ کێشە نەدەڕوێی زۆر جاریش لێمان تورە دەبـوو یـاخود لەگـەڵ رایـەکێ ئێمە کۆك نەدەبوو، بەڵام دیسان دەستی نەدەخستە ناو ئیشوکارەکانمان، بۆیە لێرەدا



وێنەیەکی دانسقە لە بەهاری ساڵی ١٩٩٤دا لە نووسینگەی (**برایەتی**) لە هەولێر گیراوە.

تێیدا (**سەرۆك بارزانی**) لەنێوان رەوانشاد (**فرەنسۆ هەریری**) و نووسەری ئەم بیرەوەرییانە دەبینرێ.

بەندە بە قەناعەتەوە دەڵێم فرەنسۆ (**دیاردەیەك بوو**) لەناو پارتی کە تێدا (**خەمخۆر + موتابع + حازر بەدەست + زانیاری پڕ + دەربڕینی بیروڕا بێ پێچ و پەناو رووبەڕو+ راستگۆ + بەوەفا بۆ دۆست و برادەر + دڵسۆزی رێبازی بارزانی**) ئەو خەسڵەتانەی تێدابوو کە لە هیچ کەسێکی دیکەی ناو پارتیم نەدیوە، بۆیە کاتێ کە شەهید بوو بۆشاییەکی گەورەی دروست کرد، کە لام وایە تاکو ئێستاکە (**پڕنەکراوەتەوە**)، چونکە ئەو جوامێرە دڵسۆزی بۆ پارتی و رۆژنامەو کێشەی کادیر و ئەندامانی حیزب و هەر شتێکی دیکەی کە لە بەرژەوەندی پارتی و بارزانی دابا ئەو سڵی لە داکۆکی نەدەکردەوەو سەرەڕای خەمخۆریەتی کە لە ناخیدا جێگیربوو بۆ هەر چاکەیەك کە پێی بکرابایە، قسەو باسم لەو بارەیەوە زۆرە، بەڵام لێرەدا هەرهەندە هەڵدەگرێ و باشترین وەفاداریش بۆ ئەم مرۆڤە کاتێ کەوتە بەردەستدرێژی ئەو خودانەناس و نەفام و مرۆڤ کوژ و بەکرێ گیراوانەداو شەهید بوو ئەو پرسە چلۆنایەتییە بوو کە بەدەگمەن شتی بەو جۆرە رووبدابێت کە تێدا بەسەدان هەزار کەس لە هەولێر و سەرتاسەری کوردستان

بەشداریيان تێدا کردو فرمێسکی وەفادارییان بۆ دەڕشت و بەندەش لەناخی ناخەوە بەکوڵ بۆی دەگریا.

نووسەرانی **"برایەتی"** وەکو هەر رۆژنامەیەکی دیکەی کوردستان و دەرەوەی کوردستان دوو جۆربوون کە:

یەکەمیان بریتی بوون لە دەستەی برایەتی کە چەندین رۆژنامەنووسی بەتواناو نووسەری هەڵکەوتەی تێدابوو مرۆڤ شانازی پێوە دەکردن، چ لەڕووی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و چ لە رووی نووسین و شیکردنەوەی بابەتەکان و هەمیشە بە گیانی یەک خێزانی و وەکو تیمێك کارمان دەکرد، تەنانەت کاتێ ئەگەر بۆنەیەك یاخود پرسەیەك هەبوایە دیسان هەر پێکەوە دەچووین.

"برایەتی" چاپی لەندەن و دانانی لەسەر ئەنتەرنێت

لە قۆناغی مەسیف سەلاحەددین پێویستیمان بەوە هەبووە چۆن چاپێکی **"برایەتی"** لە دەرەوەی وڵات بینینە کایەوە کە بی گومان ئەرك و ماندووبوونێکی زۆری دەویست بۆئەم مەبەستە باشترین شوێنی بۆ ئەنجامدانی ئەم مەبەستە **(لەندەن)** بوو، لەبەر چەند هۆکارێك، لە پێشەوەیان لەندەن وەکو سەنتەرێکی رۆشنبیری و سیاسی کوردی تەماشا دەکرا، بەهۆی بوونی خەڵکێکی زۆری پەنابەران، کە لە پاش نسکۆی ساڵی ١٩٧٥رووبیان تێکردووە تێدا لەناویاندا کۆمەڵێك لە رۆشنبیران و رۆژنامەنووسان و نووسەرانی سەرقاڵی کاری رۆژنامەنووسی و رۆشنبیری بوون و لە هەموولایەنە سیاسییەکانی کوردستان، سەرەڕای هۆکاری دیکەی ئەوتۆ کە نەدەکرا لە شوێنێکی دیکە ئەنجام بدرێ، بۆیە لە بەهاری ساڵی ١٩٩٥ وە لە رێگای هەرسێ رۆژنامەنووس شێرکۆ حەبیب، بورهان جاف، فەوزی ئەتروشی توانیمان ئەم ئامانجە بەدی بهێنین، تێدا شێرکۆ حەبیب رۆڵی پەیامنێری برایەتیشی دەبینی لە لەندەن و لە رێگای ئەوەوە بابەتەکان لە رێگای بەرپرسی بەشی کۆمپیوتەر رۆژنامەنووس **(شکار عەفان)** کە ئەویش شەونخوونی بۆ دەکرد و بابەتەکان لە رێگای کاك شەریف لە مەکتەبی سەرۆك، لێپرسراوی بەشی کۆمپیوتەر بوو دەنێردرا بۆ لەندەن، ئەوەبوو لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٩٥ هەردوو رۆژنامەی برایەتی و خەبات هەر ١٥ رۆژ جارێك لە لەندەن دەردەچوو، تێدا لە ٩٠٪ی بابەتەکانی برایەتی و خەباتی چاپی کوردستانی تێدا دووبارە دەکرایەوە لەگەڵ

برایەتی چاپی لەندەن

ئاگاداری خوێنەرە نازیزەکانمان دەکەین کە (برایەتی) بەشێوەیەکی کاتی بەشێوەی ئێستای دەردەچێ.
هەروەها ئەم ژمارەیە وا لە بەردەستدایە لە یەک کاتدا لە کوردستان و لەندەن دەرچووە.

برایەتی
BIRAYETÎ
الأخي
رۆژنامەیەکی سیاسی رۆژنامەیە پارتی دیموکراتی کوردستان . یەکگرتوو دەری دەکا

دووشەممە ١٣/٢/١٩٩٥ ژمارە (٢١١٩) ٢٣ی رەبیعولئاخر ٢٦٩٤ی کوردی ١٣ی رەمەزان ١٤١٥ Mon. Feb.13,1995 NO.(2119) ١٠ بەرە نرخی ٢٠ دینار

هێشتنەوەی پەراوێزێك بۆ برادەرانی لەندەن، تیراژی رۆژنامەکانیش بۆ هەریەکێکیان (١٠٠٠) هەزار دانە کە شێرکۆ ئەرکی ناردن و دابەش کردنی لە ئەستۆ دابوو و هەواڵی چاپی لەندەنیش لە ژمارەی برایەتی چاپی کوردستان ژمارە (٢١١٩) لە١٣/٢/١٩٩٥ بڵاوکرایەوە.

شێرکۆ حەبیب رۆژنامەنووسێکی چالاك و بە سەلیقەیە خۆی بە تەنیا نووسەرەو تایپێست و نەخشەسازی هەردوو رۆژنامەکە بوو سەرەڕای سەرقاڵی بە ئامادەکردن و چاپ و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری **(ژینۆ)** کە لە ماڵی خۆی لەسەر حیسابی گیرفانی خۆی **(کە لە هەندێ قۆناغدا کرێکاری دەکرد)** و گۆڤارەکەی بڵاو دەکردەوە کە (____) ژمارەی لێ دەرچووەو ماوەیەکی زۆریش منیش تێیدا دەمنووسی و بابەتم تێدا بڵاودەکردەوە، پاشانیش بە هەردووکمان لەیەك کاتدا لە کوردستان و لە لەندەن رۆژنامەی **(کوردستان الیوم)**مان ئامادە دەکرد و بە زمانی عەرەبی بڵاومان دەکردەوەو ئەویش (١٢) ژمارەی لێ دەرچوو.

برایەتی لە ٦/٥/١٩٩٩ یانی پاش (٣٢) ساڵ لە دەرچوونی یەکەم ژمارەی کە لە ٦/٥/١٩٦٧ دەرچووە بە تەواوی کەوتە سەر ئەنتەرنێت بەشێوازی تەواوی خۆی کە چەند پێشووتریش لە سەرەتای هەمان ساڵدا رۆژانە چەند بابەتێکی هەڵبژاردەی لەسەر ئەنتەرنێت، شێرکۆ بڵاوی دەکردەوە، لێرەدا دەتوانم بڵێم رۆڵی شێرکۆ رۆڵێکی سەرەکی بوو لەم بوارە بێ ئەوەی **(تاکە فلسێك)** لە ئێمە یاخود لە شوێنێکی دیکە وەربگرێ، لە رۆژانی کۆنگرەی (١٢) پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو و من پێشبڕکێی ئەوەمان دەکرد، کە چەند زووتر برایەتی پێش چاپ کردن و بڵاوکردنەوەی لە کوردستان لە چەند سەعاتێك پێشووتر لە ئەنتەرنێت بڵاو دەکرایەوەو ئەندام و هەواداران و لایەنگرانی پارتی لەم ڕێگەیەوە رۆژانە ئاگاداری ڕەوشی کۆنگرەو ڕووداوەکانی ناو کۆنگرە دەبوون، بۆ مێژووش بەهەمان نەفەس و بە شاهیدی هەموولایەك هەمان رۆڵی بینی لەنێوان سەندیکا

له «برایەتی»، کۆڕێکی ڕۆژنامەوانی سازکرا

برایەتی:

دوێنێ بەیانی و لە هۆڵی میقداد بەدرخان لە ڕۆژنامەی برایەتی، بەشی هەواڵ و ڕپۆرتاژی ڕۆژنامە، میواندارێ بەڕێز شێرکۆ حەبیب-ی کرد بۆ پێشکەش کردنی کۆڕێکی کورت سەبارەت بە بایەخی ئەنتەرنێت و ئەو ڕۆڵە بەرچاوەی لە دنیای ڕۆژنامەدا دەیبینێ.

بەڕێزی ئامادەی بەو پێشکەوتنە بەرچاوە کرد کە لە ڕۆژنامەدا بەدی هاتووە

سەرگوزشتەی داخیل بوونی برایەتی گتراپەوە بۆ ئەنتەرنێت وەک دەست پێشخەرییەکی گرنگ.

پاشان باسی لەوە کرد کە ئێستا ڕۆژنامەگەری بەرینتایی لە چ قۆناغێکدایە و بەراوردی ئەو پێشکەوتنەی کردو ئامارەی بەودا کە ئەمڕۆ هەزاران کەس بەبایەخەوە دەنگویاسی کورد دەخوێنێتەوە.

شایانی باسە کە بەڕێزی وەک پەیامنێری «برایەتی» لە لەندەن کاردەکات.

و فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی (IFJ) هەر لە ساڵی ۱۹۹۹ەوە تاکو لە حوزەیرانی ساڵی ۲۰۰۳ بە ئەندامی بەشدار وەرگیرا، بەڵام دیسان سەد حەیف و مەخابنە بەهەمان **(عەقڵیەتی ئەفسەرانی کودەتای سەربازی ئاسا)** پاش دەرچوونی من لە **"برایەتی"**ئەویش ناوی نەما و لە برایەتی **(دەرکەنار)** کرا و تاکو ئێستاکەش بەو هەموو ئیمکانیاتەی کە هەیە لەو ڕۆژەوە نەتواندراوە ڕۆژنامەنووس و کادیرێکی ڕاگەیاندنی وەکو شێرکۆ لە لەندەن دروست ببێ، خۆشحاڵین وا ئێستاکە سکرتێری مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکایەو ئەرکی خستنە سەر ئەنتەرنێتی گۆڤاری **"ڕۆژنامەنووس"** و ڕۆژنامەی **(الصحفی)**یشی لە لەندەن لە ئەستۆدایە.بابەتێکی دیکە کە جێگەی لێوردبوونەوەو لێکۆڵینەوەی من بوو **(ساغکردنەوەی)** خوولەکانی دەرچوونی ڕۆژنامەی **"برایەتی"** بوو لە ژمارەی یەکەمیەوە کە لە ١٩٦٧/٥/٦ دەرچووە تاکو ڕۆژانێ کە ئێمەی تێدا سەرنووسەر بووین، بەتایبەتی کاتی**(ڕۆژانی ئاوارەییمان)** لە مەسیف سەلاحەددین بەسەر دەبرد کە ناوەناوە سەردانی **(ئەرشیفی پارتی دیموکراتی کوردستان)**م دەکرد تا لە دواییدا توانیم هەموو خوولەکانی **"برایەتی"**بە ژمارەوە ساغ بکەمەوە کە بۆ پێشەکی کتێبەکەی ڕۆژنامەنووس **(نەژاد عەزیز سورمێ) (برایەتی یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردییە)** کە هەر لە دەزگای برایەتی و خەبات چاپ کراو پاشی لە ژمارەی برایەتیش بڵاوکرایەوە پاشانیش هەر لە ژمارە (؟؟؟) ڕۆژی / / / / کە لەژێر تایتلی **"برایەتی"**دەنووسرا **(برایەتی یەکەمین ژمارە لە ١٩٦٧/٥/٦ دەرچووە)** و ئەوەبوو پاش دەرچوونم (ئەوجا نازانم ئەویش چ بیرو هزرێك بوو! ؟ یاخود لە چ **(ڕوانگەیەکی فەیلەسوفانە بوو! ؟)** کە ئەو نووسینەی بە دێڕێك باسی دەرچوونی یەکەم ژمارەی یەکەم ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردی دەکات لە مێژوودا بە **(قودرەتی قادر)** لابردرا، کە لەگەڵ هیچ پێوەر و بۆچوونێکی شارستانیانە ناگونجێ و ناچاری کردم، سەرەڕای ئەوەی هیچ پەیوەندییەکم لەگەڵ **"برایەتی"** نەمابوو، بەڵام لە

رووی وەفاو خۆشەویستی بۆ مێژووی **"برایەتی"** پەنابەرمە بەر برای بەڕێز کاك جەوهەر نامق کە ئەو سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو و راشکاوانە پێم گوت (**کە لەبەرچی ئەو زوڵمە لە مێژووی رۆژنامەگەری کوردی بە گشتی و رۆژنامەگەری پارتی دیموکراتی کوردستان بەتایبەتی دەکرێ و نازانم حیکمەت لەو چییە مێژوو بەبێ هۆ بسڕێتەوەو کێ لێی بەرپرسیارە ! ؟**)، کاك جەوهەریش یەکسەر پەیوەندی بە (**سەرووترەوە**) کرد و هەمان سکاڵای منی بۆ دووبارە کردنەوە، کە ئاکامەکەی گەڕانەوەی مێژووە (**حەیاتەکە**) بوو بۆ سەر رووپەڕی **"برایەتی"**، کە ئەمیشیان (**یانی لابردنی مێژووی دەرچوونی یەکەم ژمارە**) وەکو ئەو هەڵە نابەجێیەی پێشووتر بوو کە دەرحەق بە **"برایەتی"**کرا، کە ئەویش خۆی لەو مەسەلەیە دەدیتەوە کە چۆن لەکاتی دەرچوونی **"برایەتی"**لە خوولی پاش راپەڕین دواین ژمارەی (**التآخي**) یان پێوە لکاند کە کاتی خۆی دووا ژمارەی لە رۆژی ١٩٧٤/٣/١٢ لە بەغدا دەرچوو بوو کە ئەویشیان گوناهێکە دەرحەق بە مێژووی **"برایەتی"** کراوە، چونکە دواین ژمارەی **"برایەتی"**تاکو ١٩٧٤/٣/١١ روون و ئاشکرایەو پێویستی نەدەکرد ژمارەی (**التآخي**) پێوە بلکێنن لەلایەکی دیکەوە گوناهێکی گەورەتریش بە نیسبەت **"برایەتی"** کرا و هیچ پاساوێکی بۆ نییە (**چونکە ئەگەر پاساو بۆ مەسەلەی لکاندنی دواین ژمارەی** (التآخي) **پاش یازدەی ئاداری ساڵی ١٩٧٤ بە** "برایەتی" **پاش راپەڕینەوە هەبێت کە بەندە لەگەڵی کۆك نییم و لەسەردەمی منیش نەبووەو پێش ئەوەی من ئەو پۆستە وەربگرم، کرابوو**) هیچ پاساوو لێکدانەوەیەك ئەوە هەڵناگرێ کەتۆ بەدەستی خۆت (**فەرمانی**) لەناوبردنی ناوی یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەی کوردی لە مێژوودا بسڕییەوە، چونکە پارتی دیموکراتی کوردستان هەمیشە شانازی بەوە دەکات، خۆی خاوەنی یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەیە لە مێژووی رۆژنامەگەریی کوردیدا، کە بە خاڵێکی یەکجار گرنگ لە مێژووی ئەو (**پارتی**)یەدا حیساب دەکرێت و هەموو لایەکیش دان بەم راستییەدا دەنێ، بەڵام دیسان زۆر جار مرۆڤ تووشی جۆرە سەرسوڕمانێك دەبێت ئایا دەبێت سەرکردایەتی یاخود بڕیار بەدەستان لەو جۆرە مەسەلانە بێ ئاگابن، خۆ ئەگەر بێ ئاگابن ئەوا موصیبەتێکە و ئەگەر بزانن و بڕیاری ئەوانیش بێت (**فالمصيبة اعظم**)، لە رۆژانی نووسینی ئەم بابەتەدا (١٠٨) ساڵ بەسەر دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان (١٨٩٨/٤/٢٢) رەت دەبێت کە لەلایەن رۆشنفکرانی خانەوادەی بەدرخانیان لە رۆژگارێکی هەرە دژواری و نەهامەتی کوردیدا دەرچووە، لە

کاتێکدا لەو ولاتە پان و بەرینەی کوردستان کەسێك بۆی نەکراوە رۆژنامەیەك بە زوبانی شیرینی کوردی دەربکات و ناچار رووبان کردۆتە پایتەختی ولاتی میسر (**قاهیرە**) و لەوێ دوور لە دەستی زۆرداران وفەرمانڕەوایانی عوسمانلی رۆژنامە لەسەر حیسابی خۆیان کە بە ئاوارەیی دەژیان دەربکەن، رۆژنامەنووسان و رۆشنبیران و روونـاکبیران و سیاسەتمەداران شانازی بەو رۆژنامەو ئەو رۆژەوە دەکرێت و هەزاران سڵاو بۆ گیانیان دەنێردرێت و تاکو مێژوو ماوەو ئەو ناوەو ناوی سەرنووسەر و سەرپەرشتیاری لە لاپەڕە زێڕینەکانی مێژووی کورددا تۆمار کراوەو شانازی پێوە دەکرێ، دیسان جارێکی دیکە ئەوە دووبارە دەکەمەوە (**چ بڕیار و چ هۆکارێك**) لە پشت کوژاندنەوەی ناوی یەکەمین رۆژنامەی کوردی لە مێژوودا بووە؟! کە دەبێت هەڵوێستەیەکی لەسەر بکرێت، چونکە ئەگەر ئێستاش باسی لێوە نەکرێت رۆژانێك دادێت مێژوونووسان و رۆژنامەنووسان باس لەو (**گوناهە**) گەورەیە دەکەن کە دەرحەق بە زیندە بەچاڵ کردنی (**برایەتی**) دەکرا، چونکە "**برایەتی**" راستە پارتی دیموکراتی کوردستان خاوەنی بوو، بەڵام برایەتی مولکی مێژووی شارستانیەتی نەتەوەی کوردبوو، کە حەق نەبوو بەم شێوەیە مێژووی بسڕدرێتەوە ! !

بەشی حەوتەم

لـه ئەڵقـەکانی پێشـوودا تـا ڕادەیـەک بـاس لـه وردەکارییـەکانی زۆربـەی لایەنـەکانی ئەزموونی ڕۆژنامەگەریم کردووە، تەنانەت هەندێ جاریش لە بابەتەکە چـوومەتە دەرەوە، بەڵام دیسـان بەشـێوەیەک لـه شـێوەکان یـاخود ڕاسـتەوخۆ، پەیوەنـدی بـه ئەزموونەکـه یاخود ڕۆژانی گوزەرانم لەکات و ساتی سـەرقاڵیم بـه کـاری ڕۆژنامەنووسـییەوە هـەبووەو زۆر جاریش خوێنەر **(که یەک لەوانە خۆمم)** حەز لە هەندێ بابەت دەکا کە نووسـەر ڕۆژانی تێدا بەسەر بردووە، بە مانایەکی دیکە جۆرە پێکەوە گرێدرانێك بەستوویەتییەوە کە خـۆ دزینەوە لێی جۆرە لێکترازانێك دروست دەکات و بابەتەکـه مـانی خـۆی وەرناگرێت، بۆیـه منیش ئـەو ڕێگایـه هەڵدەبـژێرم کـه خوێنـەر دەخاتـه چوارچـێوەیەکی ئاگـادار لـه ژیـانی پیشـەیی و سیاسـی و هەنـدێ جـاریش شـتی شەخسـی تێدەکـەوێ کـه هـەمووی سـەراپا دەبێتە بابەتێکی **تەواو تێروتەسەل**.

لـه نێـوانی کـاری ڕۆژنامەنووسـیم لـه **(برایـەتی)**دا چـەندین **(سـەفەری)** دەرەوەی کوردستانم کردووە کە ڕاستەوخۆ وەکو ڕۆژنامەنووسێك لە چوارچێوەی ئەو شاندانە بووم کە لەلایەن **(سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان)**ەوە هەڵدەبژێردرا و هـەموو ئـەو گەشتانەشم لە دەفتەری بیرەوەرییەکاندا تۆمار کردووە، لەگەڵ هەندێ وردەکاری کـه بـه گەشتەکەوە پابەندبووە، بەڵام تەنیا لەسەر یەک لەو سەفەرانەم بابەت بڵاوکردۆتـەوە کـه ئەویش کاتێ لە زستانی ساڵی (٢٠٠٠)دا سەرۆکایەتی شاندێکم کرد کە پێکهاتبوو لە (١٥) ڕۆژنامەنووس و وێنەگر و نووسەر بۆ یادی **(سـەید تـاهیری هـاشمی)** لـه **(کرماشـان)** کـه هاوکات شاندێکی دیکەش لەلایـەن یـەکێتی نیشـتمانی کوردسـتانەوە هەڵبـژێردرابوون بـه سـەرۆکایەتی **(د.عیـزەدین مسـتەفا ڕەسـوڵ)** کـه تێیـدا بەوپـەڕی هەسـت بـه لێپرسراویەتییەوە هەڵسووکەوتمان دەکرد وەکو بڵێی بەیـەک **(شـاند)**دەچـوو بەڕادەیـەک وەکـو کـاك **(بـارامی وەلەدبـەگی)** گوتـەنی **(خـەڵکانی بەشـداربووی کـوردی ڕۆژهـەڵاتی کوردستان لێیان تێك چووە نازانن کامتان پارتینەو کامتان یـەکێتی)** تـەنیا لەسـەر ئـەم **(گەشتە)**سێ ئەڵقەم لە **(برایەتی)** لە ژمارەکانی ٢٩٨٩، ٢٩٩٤، ٢٩٩٩ نووسی دەنا لەسەر گەشتەکانی دیکە شتێکم لێ بڵاو نەکردۆتەوەو لە دووتوێی **(دەفتەری بیرەوەرییـەکانم)**دا

هەڵگیراون تاکو رۆژی خۆی دێت، چونکە گەشتەکان گەشتی سیاسی بوون ناکرێ باس لە هەندێ لایەنی بکرێت کە لەوانەیە بڵاوکردنەوەی سوودی تێدانەبێت لە رۆژی ئیمڕۆدا.

گەشتی یەکەمم لە کاتی کارکردنم لە برایەتی دەگەڕێتەوە بۆ بەهاری ساڵی ١٩٩٦ لە نێوانی شاندێك دا کە خوالێخۆشبوو **(سامی عبدالرحمن)** سەرۆکایەتی دەکرد و ماوەی (١٠) رۆژێك لە دیمەشقی پایتەخت و سەرەتاش دوو رۆژ لە شاری قامشلی کە تێدا چاومان بە زۆربەی لایەنە سیاسییە کوردستانییەکانی ئەو دەڤەرە کەوت و لە پایتەختیش سەردانی **(القيادة القومية)**مان کرد کە ئەوکاتە **(عبدالله الاحمر)** جێگری سەرۆك **(حافظ الاسد)** بوو لە ئەمینداریەتی سەرکردایەتی نەتەوایەتی (**القيادة القومية**) حیزبی بەعس لەگەڵ دیتنی **(عبدالحليم خدام)** و سەرۆکی پەرلەمانی سووری و **(عەلی دویا)** کە ئەوکاتە لێپرسراوی گشتی دەزگای موخابەراتی سوریا بوو، ئەوە سەرەڕای دیتنی هەندێ لایەنی سیاسی عیراقی وەکو **(نوێنەرانی مەکتەبی الحزب الشيوعي العراقي)** و **(حزب الدعوة)** و**(حسن مصطفى النقيب)**، لە هەمان کاتیشدا بەتایبەتی لە یەکێ لە نەخۆشخانەکانی دیمەشق سەردانی خوالێخۆشبوو کەسایەتی تێکۆشەر و کوردپەروەری سوریا **(کەنعان عگید)**مان کرد، لەم گەشتەدا **(سورییەکان)** بەڵێنی زۆریان دا بەتایبەتیش دروست کردنی پردێکی گەورە لەسەر ئاوی **(دیجلە)** بە مەبەستی ئاسان کردنی هاتووچۆی نێوان کوردستان و وڵاتی سوریا لە کاتێکدا تورکەکان رۆژانە **(سەدویەك)**کێشەیان بۆ هاتووچۆکەرانی کە لە کوردستانەوە بۆ تورکیاو یاخود لە ڕێگای تورکیاوە بۆ ئەوروپا دەچوون، دروست دەکرد، بەڵام بەداخەوە کاربەدەستانی سوریا نەئەو بەڵێنانەو نەهەندێ شتی دیکەشیان بەجێ نەهێنا، چونکە ئەوان لەنێوانی بڕیار و جێبەجێ کردندا حساباتی موخابەراتی زۆر وردیان بۆ کورد دەکرد، بەڵام دیسان ئاسانکارییێکی زۆریان بۆ دەکردین کە تا رادەیەکی باش ڕێگا والابوو بێ ئەوەی وەکو تورکەکان رۆژانە خەڵك **(ئیهانە)** بکەن و کێشەیان بۆ دروست بکەن.

گەشتی دووەمم لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٩٩ بوو لەچوارچێوەی شاندێکی کوردستانی گەورەی حیزبی، عەشائیری و لایەنە سیاسیەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان بەجیاوازی نەتەوەو ئایین لە یادی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێران کە تێیدا بە سەرۆکایەتی کاك **(فازڵ میرانی)** بوو لەو سەفەرەدا چاومان بە **(ئاغای رەفسەنجانی)** کەوت کە ئەوکاتە **(سەرۆکی دەزگای تەشخیسی مسلەحەتی نیزام)** بوو لە بارەگاکەی خۆیدا و پەیمانی ئەوەی دا کە بە هەموو شێوەیەك ئاسانکاری بۆ ئەزموونی گەلی کوردستان بکەن و هەر لەم سەردانەشدا زیارەتی مەزاری خوالێخۆشبوو ئیمام **(خومەینی)**مان لە بەهەشتی زەهرادا کرد کە هەر لەو گۆڕستانە بەرفراوانە چوینە سەر مەزاری **(گۆڕ غەریبی)** هەندێ لە شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە کە هەندێکیان ناوەکانیان لەسەر کێڵەکان نووسرابوو و

هەندێکیشیان تەنانەت ناوەکانیشیان نەزانراوبوون، گەشتی سێیەمیشم ئەو گەشتە بوو کە بۆ کرماشان کردمان و لە پێشەوە ئیشارەتم پێداوە.

سەفەرکردن بۆ رۆژنامەنووس یەکجار بەکەڵکە بەتایبەتی بۆ رۆژنامەنووسانی وڵاتی ئێمە کە لە زۆر شت بێبەشن، سەرەڕای ئەوە کە دیتنی وڵاتانی دەرەوە ئاسۆی بیرکردنەوەی مرۆڤ فراوانتر دەکات، چونکە هەر وڵاتەو سیماو سروشت و شتی جیاوازی لەگەڵ وڵاتەکەی تۆی تێدایەو سەرەڕای ئەو ئاسودەییە دەروونییەی کە سەفەر بە مرۆڤی دەبەخشێت، ئەوجا دیتنی ئاسەواری شارستانی و پێشکەوتنی بواری رۆشنبیری و رۆژنامەنووس کە تا ڕادەیەکی گەورە رۆژنامەنووسانی ئێمەی لێ بێبەشن کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکار بەو ئومێدەی لە ئێستاو ئایندەدا دەرگاکان فراوانتربن و ئاسانکاری بۆ بکرێت.

خاڵێکی گرنگی دیکەی رۆژانی ئەزموونی رۆژنامەگەریم لە **(برایەتی)**دا بابەتی پێوەندیمە بە **(مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندن)**ی ئەوکاتە کەلە سەرەتاوە ساڵی (١٩٩٣)تاکو پێکهێنانی کابینەی سێیەم لە (١٩٩٩/١٢/٢٠)خوالێخۆشبوو شەهید **(سامی عبدالرحمن)** راستەوخۆ لە ١٩٩٣وە تاکو ١٩٩٧ و پاشان ناڕاستەوخۆ کاتێ بووە لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی پارتی لێپرسراوی بوو، تێیدا سەرەڕای هەندێ کەموکوڕی لە شێوازی ئیش کردن و پەیوەندی نێوانادا **(کە ئەمشیان مەسەلەیەکی ئاساییە)**کە لە هەموو بوارێکدا هەیە بەتایبەتیش لەبواری ڕاگەیاندندا، بەڵام وەکو رێکوپێکی ئیشوکارەکان و رۆڵی کاك سامی لە لێپرسراویەتی مەکتەب زۆر ئاسایی بەڕیوە دەچوو، چونکە کاك سامی دەیزانی چۆن سەرکردایەتی مەکتەب دەکات، چونکە ئەو خۆشیی لە بنەڕەتدا هەمیشە لە کاری ڕاگەیاندن و رۆژنامەنووسی نزیك بوو، هەر لە سەرەتای پێوەندیکردنی بە شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٦٣ تاکو رۆژی بەجێ هێشتنی مەکتەب، پاش تەکلیف کردنی کاك سامیش بۆ جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندن بێ لێپرسراومایەوە، لەو سەروبەندەدا ئێمەی ئەندامانی مەکتەب لەوکاتەدا **رۆژنامەنووسان (زاهیر رۆژبەیانی، کاروان ئاکرەیی، ئاسۆ کەریم، سەرۆ قادر، نەژاد عەزیز سۆرمێ، ئاریان فەرەج، بەندە)** وامان لێك دەدایەوە کە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی دیکە لەمەودوا سەرپەرشتی مەکتەبی ڕاگەیاندن دەکات

یاخود یەکێك لە ئەندامانی مەکتەب هەڵدەبژێردرێ بۆ لێپرسراویەتی لەژێر چاودێری ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی کە ئەمیشیان **(خیلافی پرۆگرامی پارتییە)**، بەڵام پاش ماوەیەك هەردوو بۆچوون بە هەڵە دەرچوون کاتێ کە زانیمان سەرکردایەتی پارتی برادەرێك لە **(ئەوروپا)**وە دێنێتەوەو لێپرسراویەتی مەکتەبی دەداتێ کە ئەویش کاك **(عبدالسلام بەرواری)**یە، برادەرانی مەکتەب پێشووتر کاك عبدالسلامیان نەدەناسی، بەڵام من لە سالانی پاش رێککەوتننامەی ١١ی ئاداری سالی ١٩٧٠وە دەمناسی کە ئەویش لە ریزی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بوو، لە راستیدا من زۆرم لا سەیر بوو کە کاك **(عبدالسلام)**یان بۆ ئەم پۆستە هەڵبژاردووەو لە ئەوروپاوە بۆ ئەم مەبەستە دەیهێننەوە کوردستان، چونکە لەگەڵ رێزم بۆ کاك **(عبدالسلام)** نەم زانیبوو کە ئەو رۆژێك لە رۆژان کاری راگەیاندن، یاخود کاری رۆژنامەنووسیی کردبێ، سەیرتریش ئەوەبوو بۆچی لەناو خودی ئەندامانی مەکتەب برادەرێك دەستنیشان نەکرا بۆ ئەم لێپرسراویەتییە، کە هەر هەموویان ئەزموونی رۆژنامەگەرییان یاخود کارکردنیان لە بواری راگەیاندن لە کاك **(عبدالسلام)** زیاتر بوو و ئەگەر مەسەلەی پارتایەتیش حیساب بکرابایە **(بەندە)** بەتایبەتی زۆر لە کاك عبدالسلام لەرێزی حزبایەتی **(کۆنتر)**بووم و سالانێکی زۆریش پێشووتر لە بواری رۆشنبیری و رۆژنامەنووسی یەکێتی قوتابیانی کوردستان هەروەها کارکردنم لە **(التآخي و برایەتی)** و راگەیاندنی شۆڕشی ئەیلوول لەنێوان ئاداری سالی ١٩٧٤ تا نسکۆی سالی ١٩٧٥ لەم بوارە کارم کردبوو، ئەوە سەرەڕای سەرنووسەریم لە رۆژنامەیەکی رۆژانەی ئۆرگانی پارتی کە **(برایەتی)** بوو، لێرەدا ئەگەر مەسەلەکە باس لە ئەزموونی رۆژنامەگەریم نەبوایە کە پەیوەندی بەشێکی بە مەکتەبی راگەیاندنی پارتییەوە هەبووە رۆژێك لە رۆژان بیرم نەدەکردەوە کە بیخەمە سەر کاغەز و باسی لێوە بکەم، بەڵام لێرەدا مافی خۆمە باس لەو مەسەلەیەو هەندێ لایەنی شاراوەی دیکەش بکەم بۆ ئەوەی کەس بە **(هەڵە)** لە من و لە مەسەلەکە نەگات، بەتایبەتیش کە هەموو لایەکمان تاکو رۆژانی نووسینی ئەم بابەتە لە سایەی خواوە زیندووین و دوعای تەمەن درێژیش بۆ هەمووان دەکەم.

بەهاتنی کاك **(عبدالسلام بەرواری)**، لەگەڵ رێزێکی زۆرم بۆی، ئیشوکارەکانی مەکتەب کەوتە بەر مەحەك و مقیاسی **(میزاج)**، کاتێ حەفتانە کۆبوونەوەی مەکتەب دەکرا،

شاندی کوردستان لەبەردەم مەزاری ئیمام خومەینی لە بەهەشتی زەهرادا

دەتوانم بڵێم زۆربەی کاتەکان دەبوو، **(حوار الطرشان)**ی نێوانی کاك عبدالسلام و من کە ئەو لە **(ئەدای)** بەندە رازی نەبوو، تەنانەت جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە پێویستە **(سەروتار)**ەکانی **(برایەتی)** بەناوی بەندەوەبێت، چونکە ئەم سەرووتارانە تەعبیر لە رای پارتی ناکات و رای نووسەرەکەیەتی، بەڵام کاتێ من ئەو راستییەم بۆ شی دەکردەوە کە هەر لە دەرچوونی رزگاری لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٤٦ ئەوجا **(خەبات)** پاشانیش **(التآخي)** و دیسان **(خەبات)**ی شاخیش هەموو کاتێك سەروتار بێ ناوی سەرنووسەر هاتۆتە خوار و تەعبیری لە سیاسەتی پارتی کردووە و هەمیشەش مەکتەبی سیاسی یاخود ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی سەرپەرشتی ئەو رۆژنامانەی کردووە هەر لە زەمانی خوالێخۆشبووان **(هەمزە عبدالله)**و **(ئیبراهیم ئەحمەد)** ئەوجا بەڕێزان **(مام جەلال)** **(حەبیب محەمەد کەریم)**، پاشانیش شەهید **(صالح یوسفی)** و شەهید **(دارا تۆفیق)** تاکو رۆژانی پاش راپەڕینیش کاك **(حەبیب محەمەد کەریم)** لە سەرەتادا سەرنووسەری **(برایەتی)** و سەرپەرشتی **(خەبات)**ی دەکرد، تەنیا لە ساڵی ١٩٩٣وە ئەم ڕێچکەیە شکا، بەڵام دیسان

سەرەڕای ئەم **(خیلافاتانەش)** پەیوەندییەکی ئاسایی لەنێواندا هەبوو، نەم دەهێشت لێك ترازانێك دروست بێت، بەڵام بەهەرحاڵ **(تەجروبەکە)** یانی رۆڵی مەکتەبی ناوەندی بەم شێوەیەی کە باسم لێوەکرد سەرکەوتوو نەبوو، چونکە هەر یەکەمان بە **(ئاوازێك)** دەمان خوێند کە لە خزمەتی راگەیاندنی پارتی نەبوو، کە تاکو ماوەی دواتریش نەکەوتەوە سەر ڕێچکەی خۆی ئەمیشیان خودی هەندێ لە **(دەست ڕۆیشتوانی)** ناو مەکتەبی سیاسی **(تەحەمولی)** ئەم دیاردە نامۆیە و زەرەرمەندە دەکەن، کە نەیانتوانی بەو هەموو ئیمکانیاتەوە راگەیاندنی پارتی بگەیەننە قۆناغێك کە سەرکردایەتی پارتی و خەڵکی لێ ڕازی بێت، چونکە لە بنەڕەتدا **(نان بۆ نانەواو گۆشت بۆ قەساب)** نەبوو، بەڵکو زۆر جار **(نان بۆ قەساب و گۆشت بۆ نانەوا)** پیادە دەکرا، ئەمیشیان ڕەنگدانەوەی سەلبی لەسەر خودی راگەیاندن هەبووەو تاکو رۆژانی ئەمڕۆشی لەگەڵدابێت بەشێوەیەك لەشێوەکان هەر وا ماوەتەوە.

دڕێژەی کاری رۆژنامەنووسیم لە **(برایەتی)** ئاسایی و بەڕێکوپێکی بەڕێوە دەچوو، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە بێ لەمپەر و ئاستەنگ کارەکان ڕۆیشتبن، بەڵکو هەندێ جار رۆژانەو هەندێ جاریش هەفتە نەبوو کێشەیەکم بۆ دروست نەبێ. جارێ لە پێشەوە **(هەڵەی چاپ)** بۆ من سەرئێشەیەکی زۆری دروست دەکرد، سەرەڕای دانانی **(دەستەیەکی کارامەو بە ژمارە زۆری کارمەندانی هەڵەچن)**، ڕۆژانەش جارێك و شەوانەش جارێ سەردانی هەردوو بەشی

پارتی دیموکراتی کوردستان-یەکگرتوو
مەکتەبی سیاسی

ژمارە: ١١٤
ڕۆژ: ١٩٩٧/ ١/ ١٠

بۆ/سەرنوسەری ڕۆژنامەی برایەتی تێکۆشەر

سلاوێکی شۆڕشگێڕانە

بایەخ و گرنگی ڕۆژنامەی برایەتی ڕوون و ئاشکرایەو هەر بۆیەش سەرکردایەتی پارتیمان بە پەڕۆشی ئەوەیە کە بەردەوام ئاستی ئەم ڕۆژنامەیە بەرزبێتەوەو بەردەو پێشەوە بچێ.
بەداخەوە لە ژمارەی ٢٢٥٦ی ڕۆژی ١٩٩٧/١/١٦ی ڕۆژنامەکەتاندا ژمارەیەک هەڵەی سیاسی و زمانەوانی و چاپەمەنی بەرچاو دەکەوێت پێگومان ئەم وەزعە قابیلی قبوڵ نی یەو نیشانەی بایەخ نەدان و کەمی موتابەعەیە.
هیوادارین لەمەودوا ئەم شتانە دووبارە نەکرێنەوە.

ئینتر بۆ پێشەوە.

وێنەیەک بۆ/

- بەڕێز جەنابی سەرۆک / بۆ ئاگاداری تکایە.
- بەڕێز خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەی برایەتی / بۆ ئاگاداری و ئەوەی پێویست تکایە.
- مەکتەبی ناوەندی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن ی تێکۆشەر/بۆ ئاگاداری و ئەوەی پێویست تکایە.

(کۆمپیوتەر و هەڵەچن)م دەکرد و دەفتەری راژەی هەڵەی هەر یەک لە کارمەندانی چاپم دانابوو تاکو بزانم کام لەو کارمەندانە هەڵەی زۆرە بۆ ئەوەی ئاگادار بکرێنەوە، بەڵام دیسان هەندە سوودی نەبوو کە من رازی بکات، چونکە زۆر جار هەڵەی چاپیش بۆ من دەبوو بە **(گایەك)** سەدو یەك حیسابی بۆ دەکرا، هەمیشە رۆژانە یەك دوو تەلەفۆنم لەسەرەوە بۆ دەکرا لەسەر دووبارەبوونەوەی هەڵەی چاپ کە بەڕاستی بێزاری دەکردم، راستە هەڵەی چاپ بابەت دەشێوێنێ و دیاردەیەکی زۆر خراپ و ناشیرینە، بەڵام ئاشکرایە چاپەمەنی نییە لەسەر رووی ئەم زەوییە هەڵەی چاپی تێدا نەبێت، تەنیا وەك دەڵێن **(چاپەمەنییەکانی زانکۆی ئۆکسفۆرد نەبێت)** کە تاکە هەڵەی تێدا ناکرێ، منیش حەزم دەکرد **(برایەتی)** و ئەو چاپەمەنیانەی کە لەو دەزگایە بڵاو دەبوونەوە وەکو چاپەمەنییەکانی ئۆکسفۆرد بێ هەڵەبان، بەڵام چیم بکردایە کە ئەم مەسەلەیە **(مەیسەر نەدەبوو)** و ئەمە لەلایەك و لەلایەکی دیکەوە، زۆر جار کێشەی سەیر و سەمەرەم بۆ دروست دەبوو، چونکە وەکو بڵێی (**هەندێ**) بۆم لە **(کەمین)**دا بوون، بەڕادەیەك رۆژێك لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٦ کاتێ دیمانەیەکی فراوان لە یەکێ لە ژمارەکانی **(برایەتی)** بڵاوکراوەتەوە لەگەڵ هەندێ لە نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان **(ئەو کاتە یەکجار زۆربوون)** بە بڵاوبوونەوەی بابەتەکە پاش رۆژێك بە ئیمزای ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی کە هیچ پەیوەندی بە راگەیاندنەوە نەبوو، نووسراوێکی هەڕەشە ئامێزی ئاراستە کردبووم و وێنەیەکی بە سەرووترەوە دابوو، وای نیشاندابوو کەوا، برایەتی تاوانێکی سیاسی گەورەی کردووەو سەرنووسەر لێی بەرپرسیارە کە نابێت ببڕای ببڕ ئەم هەڵە گەورەیە دووبارە ببێتەوە **(خودی تاوانەکەش)** خۆی لە بەقسەهێنانی نوێنەرێکی یەك لەم لایەنانەبوو کە لەسەر رەوشی ئەو کاتە رای خۆی دەربڕیبوو بێ ئەوی **(پارتی)** بە هیچ شێوەیەك بریندار بکات، بەڵام منیش هەمیشە لەوەڵامدا دەستەوەستان رانەدەوەستام و پڕ بەپێستی خۆی وەڵامی بەجێی خۆیم دەدایەوە **(کە زۆرینەی ئەو دیکۆمێنتانە)** لای من پارێزراون، هەندێ جاریش لە لایەن هەندێ **(راپۆرتنووسی بێ ویژدان)**ەوە کە بەداخەوە راپۆرتەکانیان دەخوێندرێنەوە تۆمەتی **(سەیروسەمەرەم)** بۆ دروست دەکرا، تۆمەتە سەیروسەمەرەکانیش بریتی بوون لە **(شیکردنەوەی)** بابەتێك کە لەناوئاخنی یەکێ لە دێرەکاندا وشەیەك یاخود رستەیەك دەکەوتە بەر **(زەرەبینی)** ئەو

جۆرە کەسانەو ئەوجا خۆت بگرە بابەت بەخەتی گەورەی سوور وشەکە یاخود رستەکە ڕەنگ دەکراو وا لێك دەدرایەوە کە سەرنووسەر **(کەمتەرخەمە)**و بابەتەکە لەگەڵ سیاسەتی **(پارتی)** ناگونجێ، زۆر جار لەناخمدا بێزار دەبووم و بڕیاری وازهێنانم لا دروست دەبوو، بەڵام چونکە هەر لە منداڵیمەوەو تاکو ڕۆژانی لاویەتیم ئەوجا تاکو ڕۆژی ئەمڕۆش ئەو قسەیەی خوالێخۆشبووی باوکم لا ئامادەیە کە دەیگوت **(نابێ ئینسان بیر لە بەزین بکاتەوە، ئەگەر زەرەری زۆریشی تێدابێت)**، پاشانیش لە ڕۆژانی قۆناغی ئامادەیی قوتابخانەم (١٩٦٤–١٩٦٦)کە ئەوکاتە سەرقاڵی خوێندنەوەی کتێبی هەمەجۆر بووم، ڕۆژێك بابەتێکم لەسەر **(ئەرستۆ)**ی فەیلەسوف کەوتە بەرچاو کە دەڵێ (کاتێ لەسەرەتادا کە بابەتەکانم بڵاودەکرانەوە هەمیشە گوێم بۆ را جیاوازەکان هەڵدەخست و هەمیشە لە قوتابیەکانی خۆمم دەپرسی **(ماذا یقولون)** ئەوانە چیێ دەڵێن، بەڵام بەرە بەرە ئەم بەدواداچوون و لێکدانەوەم لا کاڵ بووەوە گەیشتمە ئەو ئاستەی کاتێ کە یەکێ لە قوتابیەکانم دەیگوت **(مامۆستا فلاّن وا دەڵێ)** منیش یەکسەر لە وەڵامدا دەمگوت **(دعهم یقولون فأنا باقی فی مکانی ولن اتحرك)** یانی **(لیێان گەڕێن چی دەڵێن بابڵێن من لەجێگای خۆم وەستاوم)**، کە لە راستیدا ئەم **(قسەیەی باوکم و ئەو پەندە پڕلە مانایەی** (ئەرستۆ) **سەلوای پێ دەدام و لە بڕیارەکە پاشگەز دەبوومەوە و سێ چوار جگەرەم لەگەڵیدا دەکێشاو کە تێدا ناڕازی بوونەکەم و دووکەڵی جگەرەکەم بەبادا دەدا و بەگوڕ و تینێکی زیاترەوە گوڕم بە کارەکانم دەداو شەونخونیم بۆ دەکرد).**

دواین سەفەر، کە لە پێشەوە ئیشارەتم بۆ کردووە، گەشتەکەی **(کرماشان)**مان بوو کە لێپرسراویەتی ئەو شاندەبووم، کە بۆ یادی **(سەید تاهیری هاشمی)** ڕێکخرابوو، دەتوانم بڵێم تاکو ئەوکاتە سەردانی بەو چەشنە نەکرابوو کە تێیدا شاندێکی هەمەجۆر لە ڕۆژنامەنووس و نووسەر و شاعیر و هونەرمەندی شێوەکار و وێنەگری تێدابوو، سەرەڕایی بەشداریکردن لەم بۆنەیە شاندەکەی ئێمە پێشانگایەکی شێوەکار و فۆتۆگرافی پێ بوو کە لە شاری **(کرماشان)** و **(سنە)** نمایش کراو خەڵکێکی زۆر ڕۆژانە ئامادەی دیتنی دەبوون، دیسان نزیکەی (٣٠٠٠) کتێبی کوردیمان لەگەڵ خۆمان بردبوو ئەویش لە کرماشان و سنە نمایش کران و دواتر بەبێ بەرانبەر بەسەر نووسەران و ڕووناکبیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابەش کراو ڕەنگدانەوەیەکی باشی لێ کەوتەوە و ڕۆژانەش هەواڵەکانی لە میدیاکانی

کوردستان و هەندێ میدیای ئێران بڵاو دەکرانەوە، بۆیە کاتێ لە یەکەم کۆبوونەوەی پاش هاتنەوەمان لە مەکتەبی راگەیاندن کە **(سەرۆك مسعود بارزانی)** سەرپەرشتی دەکرد، بە گەرمی دەست خۆشی لێکردین و هیوای خواست کە گەشتی لەم جۆرەمان زۆربێت، لێرەدا بۆیە باسی ئەو رووداوەم کرد، چونکە هەر لەو کۆبوونەوەی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن کە لە هەفتەی کۆتایی مانگی یەکی **(کانوونی دووەمی)** ساڵی (٢٠٠٠) لە بارەگای **(سەرۆك مسعود بارزانی)** کە خۆی سەرپەرشتی دەکرد و بەڕێوە دەچوو، لەسەرەتای بەرنامەی کاری مەکتەبی ئەو رۆژە پاش هەندێ ئاخاوتن بەڕێزیان گوتیان **(من لە راگەیاندن رازی نیم، کەمو کوڕی زۆرە پێویستە لە سفرەوە دەست پێ بکەین)** ئەو رایەی سەرۆك مسعود بارزانی دەستپێکی کاری ئەو کۆبوونەوانە بوون کە لەسەرەتای مانگی یەکەمی ٢٠٠٠ەوە دەستی پێ کرد بوو و لە ماوەی (٥) کۆبوونەوەی چڕوپڕ کە تێیدا لە هەموو بارێکەوە راگەیاندن بە گشتی هەڵسەنگێندراو هەر لە کۆبوونەوەی دووەمەوە، کە سەرەڕای ئەندامانی مەکتەبی پێشوو رۆژنامەنووس **(بەدران ئەحمەد حەبیب)** لێپرسراوی سەتەلایتی کوردستانی ئەوکاتە و ئەندازیار **(ئەحمەد بریفکانی)** بەرپرسیاری بەشی تەکنیکاری مەکتەبی راگەیاندن ئامادە دەبوون کە لە سەرەتادا بڕیاری ئەوە درا بۆ کۆبوونەوەی دووەم **(ورقة عمل)**ی لەلایەن **(ئاسۆ کەریم و کاروان ئاکرەیی و بەندە)** ئامادە بکرێت ئێمەش هەرسێکمان هەمان ئێوارە لە هۆڵی **(میقداد بەدرخان)** لە باڵەخانەی برایەتی کۆبوونەوەیەکی دوو سەعاتیمان کرد و ئەو وەرەقەیەمان ئامادەکرد دەربارەی **(هەیکەلەی)** دەزگاکانی سەر بە مەکتەبی راگەیاندن، کە بە دیارترین خاڵی هەڵوەشاندەوەی سیستەمی کاری دەزگای **(برایەتی و خەبات)** بوو کە پێشووتر **(بەندە)** سەرەڕای سەرنووسەریەتی رۆژنامەی **(برایەتی)** لێپرسراوی کارگێڕی دەزگای **(برایەتی و خەبات)** بووم، هەر لە رۆژی دەست بەکاربوونم پاش ماوەستا حەبیب محەمەد کەریم (لە ١٩٩٣/١٠/٢٦) تاکو ئەم رۆژە یانی جیاکردنەوەی کاری سەرنووسەری لەگەڵ ئیشوکارە کارگێڕییەکاندا، کە ئەویش زیاتر کاك ئاسۆ کەریم پێوەی سەرقاڵ بوو، چونکە ئەو وای بۆ دەچوو کە نابێ دوو ئیش پێکەوە بکرێت. لە سەرەتادا من لەگەڵ ئەو رایە نەبووم، چونکە ئەزموونی پێشووتری **(التآخي و برایەتی)** لە

ساڵانی (١٩٦٧–١٩٦٨) (١٩٧٠–١٩٧٤) کە تێدا خوالێخۆشبوو شەهید **(سەیدا سالّح یوسفی)** پاشان مامۆستا **(عەلی عبدالله)** و دواتریش خوالێخۆشبوو شەهید **(دارا تۆفیق)** هەم سەرنووسەری **(التآخي)** بوون و هەم لێپرسراوی کارگێڕی دەزگاکە بوون، پێشووترین ئەزموونی هەر دیاری کاری رۆژنامەنووسی وەکو **(الأهالي)**ییەکەی **(کامیل جادرچی)** و **(البلاد)**ی **(روفائیل بطي)** و **(طریق الشعب)** ی پاش ١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨ی **(عبدالقادر اسماعیل)** و **(خەبات)**ی مامۆستا **(ئیبراهیم ئەحمەد)**ی پاش شۆڕشی چواردەی تەموز و تاکو رۆژانی ئەمڕۆش کە بە دەیان رۆژنامە دەبینین کە لە لای سەرەوەی تایتڵی رۆژنامەکان نووسراوە **(رئیس مجلس الادارة و رئیس التحریر)**، چونکە هاتوو وەکو **(ئەزموونی خۆم)** ئەگەر سەرنووسەر جڵەوی کارگێڕی لەدەست نەبێت ناتوانێ کارەکان بەو شێوەیە رابپەڕێنێ کە خۆی جڵەوی کارگێڕی لەدەستدایە، هەر بۆ نموونە، کاتێ سەرنووسەر پەیامنێرێك رادەسپێرێ بابەتێك ئامادەبکات، دەبێت پێشووتر داوای رەزامەندی لێپرسراوی کارگێڕی بکات تاکو خەرجی ئەم پەیامنێر و ئەو ریپۆرتاژەی بۆ ئامادە بکات و لەوانەیە زۆر جار میزاج و بۆچوون و لێکدانەوەی لێپرسراوی کارگێڕی وەکو سەرنووسەر نەبێت، کە هەریەکەیان ئاو لە ئاشێك دەکەن، سەرەڕای گرنگی کارێك لەلایەن سەرنووسەرەوە بە پێچەوانەی لێکدانەوەی لێپرسراوی کارگێڕی بێت، بەهەرحاڵ بۆ ئەوەی مەسەلەکە بەشێوەیەکی دیکە لێك نەدرێتەوە رازی بوونی خۆم لەسەر وەرەقەکە دەربڕی بێ ئەوەی قەناعەتم پێی بێت، لێرەدا دەمەوێ ئەو خاڵە روونبکەمەوە کە من لەژیاندا هیچ شتێکم نەکردووە، کە قەناعەتی تەواوم پێ نەبووبێ سەرەڕای قەناعەتی سیاسییم و دەمێکیشە ئەو قسە نەستەقەی مامۆستای خوالێخۆشبوو **(مەسعود محەمەد)**م لە مێشکدا چەسپاوە کە دەیگوت، من هەمیشە **(ئەسیری تەواوی قەناعەتی خۆمم)**، بەڵام ئەوسا من بۆچی و لەبەرچی بەبێ قەناعەت رەزامەندیم لەسەر ئەم وەرەقەیە دەربڕی وا ئێستا ئاشکرای دەکەم و دەڵێم تەنیا لەبەر ئەوەبوو کەوا لێکدانەوەی خراپی بۆ نەکرێ، چونکە مەسەلەکە پەیوەندی بە پارەوپوول و بە سەلاحیاتەوە هەبوو. کۆبوونەوەکان هەر هەمووی هەفتانە بە سەرپەرشتی **(سەرۆك مسعود بارزانی)** بوو زۆربەی کۆبوونەوەکان لە سەعات ١٠ی سەرلەبەیانی دەستی

پێدەکرد تاکو سەعات (١) نیوەڕۆ ئەوجا پێکەوە نانیش دەخوراو پاش پشوویەکی کورتیش دەست بە کۆبوونەوەکە دەکرایەوە، لە سەروبەندی ئەم کۆبوونەوانەو پێشووتریش پەیوەندیم لەگەڵ هەندێ لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی باش نەبوو، یاخود بە مانایەکی راستتر و دروستر ئەوان لەگەڵ منداباش نەبوون، چونکە ئەوان دەست ڕۆیشتوو و بە دەسەڵات بوون مەسەلەکە لای من نەبوو، لێرەدا هەندێکی **(خودا وەکیلە)** وەکو خۆی و بە ئەمانەتەوە باس لە لایەنێکی کەمی دەکەم و مەبەستیش لە باسکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارانەی کە کاریگەریی لەسەر دوورخستنەوەم هەبوو لە دەزگاو لە سەرنووسەری **(برایەتی)**، کە ئەمیشیان **(مسك الختام)**ی ئەو ئەزموونەیە کەوا لەم حەلقەیەدا منیش کۆتایی پێ دەهێنم، بە ئەمانەتەوە لەسەرەتادا باسم لە بارودۆخی چۆنیەتی وەرگرتنی ئەم پۆستەم کردووە، لێرەدا جێگای خۆیەتی کە باس لە **(دەرکەنارەکەشم)** بکەم، چونکە زۆربەی لایەنەکانی بواری کارکردنم باس کردووە لە ماوەی ئەوەندە ساڵەدا (١٩٩٣/١٠/٢٦–٢٠٠٠/٢/٢٠) کە درێژترین ماوەی سەرنووسەرایەتی **(برایەتی)**یە کە بەندە ئیشغالی کردووە هەر لە سەرەتای دەرچوونییەوە تاکو ڕۆژانی **(لەگۆڕ هەلگیرانی)**[1] لە گۆڕەپانی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا، بەڵام دیسان هەندێ وردەکاری و هەندێ نهێنی هەیە کە ماوە بە خۆم نادەم باسی لێوە بکەم، چونکە سەرەڕای ئەوەی مەسەلەیەکی سیاسییە لە پێشەوەش بە مەسەلەیەکی **(ئەخلاقی)** دادەنێم کەنابێت و ناکرێ باسی لێوە بکرێ لە هەر بارودۆخێکیدابێت و هەتا ئەگەر **(بریندارییش)**کرابم.

کە دەڵێم پەیوەندیم لەگەڵ هەندێ لە هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی باش نەبوو، یاخود لاواز بوو، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوان، چونکە ئەوان خاوەن دەسەڵات و بەشداری دروست کردنی بڕیاریان دەکرد، راستە لە پارتی مەکتەبی سیاسی تا رادەیەك بڕیار دروست ناکات، بەڵکو **(مەرجەعیەت)** لە پارتی هەر لە پاش ساڵی ١٩٦٤ەوە دەگەڕێتەوە بۆ شەخسی یەکەم یانی سەرۆکی حزب کە ئەم دیاردەش بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ململانێی ناو خودی سەرکردایەتی ئەوەی فەرز کردووە، کە ئێمەی ڕۆشنبیرانی ناو پارتی

---

[1]

نووسەر لەگەڵ شەهید سامی عەبدولڕەحمان، لە بارەگای رۆژنامەی (برایەتی)
بە بۆنەی (٣١)ەمین ساڵیادی دەرچوونی رۆژنامەی برایەتی ١٩٩٨/٥/٦

لە پاش لەت بوونییەوە لە ساڵی ١٩٦٤ەوە کە هەندێکمان لەگەڵ ئەو خەتەو ئەو لایەنەی پارتی کارمان دەکرد و پێیان دەگوتین **(مەلایی)** زیاتر و بە گوڕتر بانگەشەمان بۆ ڕاست و دروستی ئەو **(مەرجەعییەتە)** دەکرد کە خۆی لە **(بارزانیی نەمر)** دەدیتەوە، چونکە سەرکردەیەکی کاریزمی جۆری **(بارزانیی نەمر)** ئەو **(واقیعی و حاڵەتەی)** دروست کردبوو کە بانگەشە بۆ ئەو مەسەلەیە بکەی، سەرەڕای پشتیوانی لێ کردنی لە هەموولایەکەوە، بەڵام دیسان مەرجەعییەت بەو مانایە نییە کە ئەندامانی سەرکردایەتی بێ ئاگابن یاخود بەشداری لە بڕیار نەکەن، چونکە وەکو لە ئەڵقەی (چوارەم) ژمارەی (٣) **(ڕۆژنامەنووس)** باسم لەو دوورکەوتنەوەی نێوانی شەهید سامی عبدالرحمن و بەندە کردووە، دەبێ ئەوەش بڵێم: پاش زیاتر لە سێ ساڵ کاتێ لە سەروبەری کۆنگرەی موعارەزەی عیراقی لە لەندەن لە دالانیکی ئوتێل **(هلتن)** شوێنی بەستنی کۆنگرەکە، ڕووبەڕووی یەک هاتین، وەکو پێشووتریش گوتوومە، لە ڕاستیدا من ویستم خۆمی لێ لادەم، بەڵام ئەو هەڵوەستەیەکی کرد و تەماشای کردم و بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی: وەرە **(قەهوەیەک)**

بخوێنەوە "لەکاتی قاوە خواردنەوەکە گوتی" دەزانم لێم عاجزی، بەڵام نەدەبوو ئەو

نووسەر لەگەڵ دکتۆر ڕۆژ نووری شاوەیس

ماوەیە بخایەنێ، چونکە عیلاقەی من و تۆ ٣٠ساڵی تێپەڕاندووەو **(یا کاکه بیناتنا الف خبز وملح)** منیش لەوەڵامدا گوتم: ڕاستە بیناتنا ملح و خبز، بەڵام دەبوایە ئەو خوبز و ملحە وای لە جەنابت بکردایە کە لە دوو موناسەبەتدا بە دەنگمەوە بهاتبای یەکەمیان کاتێ پێش چەند مانگێك لە یەك ڕۆژدا دووجار تووشی **(جلطه قلبیة)**هاتم و چومە تاران و نەشتەرگەریی دڵم بۆکرا، دەبوایە ئەگەر خۆشت **(کاتت)** نەبوو بە سکرتێرەکەت یاخود بە دۆستێکی نێواندا تاکە گوڵێکیشت بۆ ناردبام لەگەڵ هیوای سەلامەتی قەبوڵم دەکرد و مەسەلەکەی دیکەش کە جێگای گلەیی و گازاندەی منە هیچ کامێکتان **(له دۆسته‌کانی ناو مه‌کته‌بی سیاسیم)** مەوقیفێکتان نەبوو، کاتێ کە باس لەو گۆڕانکارییەی ناو ڕاگەیاندن کراو منیان لەسەرنووسەری **(برایەتی)** لابرد، خوالێخۆشبوو شەهید سامی زۆر لەسەرخۆ و بەوپەڕی پەرۆشییەوە گوتی: **(ئەوەی ئەوەل حەق به تۆیه، به‌ڵام من له‌و وه‌قته له خارج بووم، ڕاسته پاشان پێم زانی حەق بوو سوئال بکەم و من لێرە قەرزداری تۆم و ته‌مه‌نای ساغ و سەلامەتیت بۆ دەکەم الحمدلله ئێستا باشی و نیشاتیشت** (نشاط) **باشه.**

سێ شەممە ٢٠٠٠/١/٢٥ ژمارە (3015)

بەرپرسی لقی دووی پارتی دەست بەکاربوو

مەسەلەی دووەم بە نسبەت برایەتی بە قەبری باوکم کاتێ کاك مسعود بڕیارەکەی پێ گوتین لە م.س منیش لام تەعەجوب بوو، بەڵام ئەو قەراری خۆی دابوو عیلاقەی بە مەکتەبی سیاسییەوە نەبووە).

هەڤاڵێکی دیکەی ئەندامی مەکتەبی سیاسی کە (**د.ڕۆژ نوری شاویس**)ە لە ساڵی ١٩٩٨ەوە پەیوەندیمان پچڕا بە هۆی ئەنجامدانی کارێکی ڕۆژنامەنووسی کە ئەوکاتە بەندە وەکو سەرنووسەری (**برایەتی**)بوو لەگەڵ ڕۆژنامەنووس ئاسۆ کەریم، کە ئەوکاتە سکرتێری نووسینی (**برایەتی**) بوو لەگەڵ وێنەگری ڕۆژنامە شێخ محیی الدین (**بابەکە**) سەردانی د.ڕۆژمان کرد لەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بە مەبەستی ئەنجامدانی دیمانەیەك دەربارەی ئەرك و چالاکییەکانی کابینەی (**سێیەم**)، بەڵام بەهۆی (**سوء التفاهم**)ێك کە دروست بوو دیمانەکەمان ئەنجام نەداو گەڕاینەوەو تا ماوەیەکی زۆر پەیوەندییەکە پچڕا، کە لە ناخدا حەزم لەم پچڕانە نەدەکرد بەتایبەتیش مەسەلەکە لای من (**موقف**)ە، کاتێ زۆر بەگەرمی داکۆکیم لە هەڵوێستێکی ڕۆژنامەنووس ئاسۆ کەریم کرد، بەڵام د.ڕۆژ بە جۆرێکی دیکەی تەفسیرکرد و پەیوەندییەکە پچڕا.

هەڤاڵی سێیەمی مەکتەبی سیاسی کەوا نێوانم لەگەڵی سارد بوو کاك جەوهەر نامیق بوو، کە ئەوکاتە سکرتێری مەکتەبی سیاسی بوو، ئەویش بە جۆرێك لێم تورەو عاجزبوو

نووسەر لەگەڵ شەهید فرەنسۆ هەریری، لەبارەگای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ١٩٩٩/٤/٢٢

کە ساردبوونەوەی نەبوو، مەسەلەکەش بەم شێوەیە بوو: ئێوارەی ٢٠٠٠/١/٢٥ رۆژنامەنووس خالد محەمەد ئەمین نامەیەکی کاك جەوهەری پێدام کە دەقەکەی بەو شێوەیە نووسرابوو.

بۆ/برایەتی تێکۆشەر

لە/ جەوهەر نامیق

لەمەولا بەهیچ شێوەیەك هەواڵی من لە برایەتی بڵاو مەکەنەوە

کاتێ نامەکەم خوێندەوە بەڕاستی نیگەرانی کردم، بەڵام دیسان دانم بەخۆمدا گرت تاکو شەو گەڕامەوە بۆ ماڵ و ئەوجا دەستم دایە تەلەفۆن و پەیوەندیم بە کاك جەوهەرەوە کرد و بە قسەم هێنا، بەڵام لە ئاخاوتنیدا زۆر تووڕەو بێ سەلیقەبوو، تەنانەت لە کۆتاییشدا خواحافیزیشی نەکرد، مەسەلەی تووڕەبوونەکەی کاك جەوهەریش دەگەڕێتەوە بۆ شێواز و شێوێنی بڵاوکردنەوەی هەواڵێك کە پەیوەندی بە شەهید **(فرەنسۆ هەریری)**وە هەبوو کە ئەویش بەم شێوەیەبوو لە ژمارە (٣٠١٥)ی برایەتی کە لە رۆژی سێ شەممەی رێکەوتی ٢٠٠٠/١/٢٥ دەرچووە لەلاپەڕە (٤)دا کە تایبەت بوو بە هەواڵەکانی ناوەخۆ، لە بەشی هەرە سەرەوەو لە ناوەندی

نووسەر لەگەڵ جەوهەر نامیق سالم، لەبارەگای برایەتی ١٩٩٨/٥/٦

لاپەڕەکەدا هەواڵەکە لەگەڵ وێنەیەکی بۆنەکە بەم شێوەیە بڵاوکراوەتەوە کە ئەمەی خوارەوەیە:

بەڕێز لقی دووی پارتی دەست بەکاربوو

(دوێنێ بە ئامادەبوونی بەڕێزان جەوهەر نامق سالم سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی و فازڵ میرانی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی و ژمارەیەك لە بەرپرسانی حزبی، بەڕێز فرەنسۆ هەریری لە بارەگای لقی دووەا لە ڕێورەسمێکدا پۆستی لقی دووی وەرگرت بەم بۆنەیەوە وێڕای پیرۆزبایی داوای سەرکەوتن بۆ بەڕێزی دەکەین لە کارە تازەکەی دا).

تورەبوونەکەی کاك جەوهەر لە من لەبەر خۆی نەبوو، بەڵکو وەکو لە کاتی ئاخاوتنە تەلەفۆنییەکەی نێوانمان بەدیارکەوت دەیەویست هەواڵ و وێنەکەی بابەتی دەست بەکاربوونی کاك فرەنسۆ لەلاپەڕە (١)دا بڵاوبکرابایەوە، چونکە ئەو یانی کاك جەوهەر دەیەویست موراعاتی زیاتری کاك فرنسۆ بکرابایە لەوەی پاش گۆڕینی پۆستی کاك فرەنسۆ لە پارێزگاری هەولێر بۆ بەرپرسی لقی دوو وای دەخواست کە زیاتر بایەخ بە هەواڵەکە بدرێت، سەرەڕای ئەوەی لە هەواڵەکەدا هاتووە کە سکرتێری مەکتەبی سیاسی لەگەڵ ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی ئامادەی ڕێورەسمی ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی کە بەرپرسیاریەتی گرنگترین لقی پارتی پێ دەسپێردرێت کە ئەویش لقی

هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانە، کە ئەویش لقی دووە، لێرەدا من ناهەقی کاك جەوهەر ناگرم کە یەکجار زۆر **(پارتیانە)** بیری دەکردەوەو هەڵسوکەوتی دەکرد و هەمیشە بەرژەوەندی پارتی لە ریزی پێشەوەی هەموو شتێك دادەنا، تەنانەت زۆر جار ئێمە لەو جۆرە مەسەلانەدا نەدەگەیشتینە یەك و جیاوازیمان لەم جۆرە بۆچوونانە هەبوو، لە لایەکی دیکەوە، منیش خۆم بەڕاست دەزانی کە هەواڵەکەم لەلایەڕە (٤) بڵاوکردۆتەوە، چونکە منیش لە روانگەی بۆچوونی رۆژنامەنووسییەوە مامەڵەم لەگەڵ هەواڵەکە کردبوو یانی دوو بۆچوونی جیاواز، یەکەم لە روانگەی بەرژەوەندی و گرنگیدان بە هەواڵی چالاکییە حیزبییەکان کە بەسەر بۆچوونی کاك جەوهەردا زاڵ بوو، دووەم مامەڵەیەکی رۆژنامەنووسیی لەگەڵ هەواڵێکی ناوخۆیی کە بەلای منەوە باشترین جێگای لاپەڕەی چوار بوو کە تایبەت بوو بە هەواڵەکانی ناوخۆ.

هەڤاڵێکی دیکەی مەکتەبی سیاسی کە لە دروست کردنی بڕیاری سیاسی پارتی نزیك و کاریگەرە کە لێرەدا نامەوێ ناوی بێنم وەکو دەڵێن (**فی سبیل الله**)، مامەڵەیەکی نادۆستانەو دوور لە گیانی هەڤاڵەتی مامەڵەی لەگەڵ دەکردم، بێ ئەوەی هیچ خراپەیەکم بۆ ئەو هەبووبێ، بەڵام ئەو شەڕێکی **(بالتعویض)**ی لەگەڵ دەکردم، **یەکەمیان** بەهۆی رەنگدانەوەی ململانێی ناپارتیانەی خودی ناو مەکتەبی سیاسی بۆ سەر هەندێ لە کادیری پارتی، کە تێیدا بەهۆی خزمایەتی کاك جەوهەر لەگەڵ من، پرپشکی ئاو ئاگرە زۆر جار لەو برادەرەو یەك دوو برادەری دیکەی مەکتەبی سیاسی دەگەیشتە من، بێ ئەوەی رۆژێ لە رۆژان ڕێگام بەخۆم دابێ کە بێمە ئەو ئاستەی تێکەڵاوی ئەو جۆرە ململانێیە بم، چونکە جارێ لە پێشەوە خۆدانە پاڵ ئەندامێکی سەرکردایەتی بۆ ئەوەی لە شەڕی یەکێکی دیکە بەشداربێت لە روانگەی خۆمەوە من ئەو مرۆڤە نە بە پارتی و نە بە خاوەن هەڵوێستی دەزانم، ئەمیان کاری مرۆڤێکی لاوازە و جێگای ڕێزلێنان نییە. **دووەمیان**: بەندە لە ریزی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەندێ ئەندامانی سەرکردایەتی **(کۆنترم)** کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هاوینی ساڵی ١٩٦٣، کە چوومە ریزی پێشمەرگایەتی و پارتی دیموکراتی کوردستان کە دەڵێم کۆنترم یانی چ بە تەمەن یاخود بە تەمەنی چوونە ناو ریزی تێکۆشانی کورداییەتی، کە من هەر لە سەرەتای

تەمەنی **(حەفدە)** ساڵییەوە لە کات و ساتی دیتنی (بارزانیی نەمر) لە کۆیە لە مانگی ئاداری ساڵی ١٩٦٣ کە لە ژمارەی گوڵان العربی لە حەڵقەیەکی **(من الذاکرة)** باسم لێوەکردووەو بڕیاری چوونە ناو ریزی **(پارتی دیموکراتی کوردستان)**مدا، بەڵام وا پێ دەچێت لەو سەردەمەدا نە تەمەنی حزبایەتی و نە تێکۆشان و نە ماندووبوون نە زەرەرو زیان کە لە مرۆڤ کەوتووە نابێتە هۆکاری **(هەڵسەنگاندنی حزبایەتی)** و پێشکەوتن و خۆشەویست بوونی لەلای هەندێك لە ئەندامانی سەرکردایەتی، کە لە بنەڕەتدا بیریشی لێ ناکەنەوە، من کە لێرەدا باس لەو مەسەلەیەو ئەو جۆرە پەیوەندییە نەخۆشەو نادروستەی نێوان کادیرێك و هەندێ لە ئەندامانی سەرکردایەتی دەکەم، پێم باوەڕ بکەن و خوا وەکیلە **(دڵم دێتە ژان)** و **(نەعلەت)** لەو جۆرە بیرو هەڵسەنگاندن و بۆچوونە نەخۆشانە دەکەم، کە بۆتە هۆکاری دوورکەوتنەوەی من و سەدان کادیری هاوچەشنی من لە ریزی حزبایەتی بێ ئەوەی **(برژانگی) بەرچاوی ئەو جۆرە ئەندامانەی سەرکردایەتی بجوڵێنێ**، چونکە بە لێکدانەوەی من ئەوی پەرۆشی حزب و ئایندەی حزب و چارەنووسی حزب بێت، دەبێت و پێویستیشە وەکو **(دێوانە)** بەدوای پەیداکردنی دۆست و لایەنگر بگەڕی نەك پاڵ بە کادیری (٤٠) ساڵ تەمەنی پارتایەتی بۆ دەرەوەی حزب بنێ و ببێتە هۆکاری دروست بوونی رایەك کە ئەمەو هەندێ شتی شاراوەی دیکە وا لە **(مەرجەعیەت بکات دەستبەرداری ئەو جۆرە کادیرە بن)**بەتایبەتی کە هەندێکیان لە قۆناغە سەخت و دژوارەکاندا نموونەی خۆڕاگری و قەڵغانی ئەو حیزبە بوون. جارێ لێرەدا بۆ ئەوەی زیاتر لە مەسەلەکە دوور نەکەومەوە، دێمەوە سەر بابەتی یاخود رۆژانی دەرچوونی بڕیارێك کە لەسەرنووسەری **(برایەتی)** لا بدرێم، لێرەدا بە پێویستی دەزانم بگەڕێمەوە سەر لاپەڕەکانی دەفتەری رۆژانی **(بیرەوەرییەکانم)**و هەندێکی وەکو خۆی بڵاو بکەمەوە، بەڵام کە دەڵێم وەکو خۆی یانی هەندێ دەق لەگەڵ بڵاونەکردنەوەی هەندێکی دیکە کە بە پێویستم نەزانی بڵاو بکرێنەوە.

چوار شەممە ٢٠٠٠/٢/٢

ئەمڕۆ کاتژمێر دوو و نیوی پاش نیوەڕۆ سەرۆك مسعود بارزانی سەرپەرشتی کۆبوونەوەی دووەمی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن و لێپرسراوانی دەزگاکانی راگەیاندنی

کرد دەربارەی **(اعادة هيكلة الاعلام)**، کە تێدا تەئکید لەسەر **(ورقة العمل)**ی دانیشتنی هەفتەی پێشوو کراو، سەرۆك پێی راگەیاندین کەوا کاك فەلەکەدین لەمەولا دەبێتە لێپرسراوی مەکتەبی راگەیاندن، بەڵام نەزاندرا کاك عەبدولسەلام بۆ چ لایەك دەچێت و سەرۆك پێی راگەیاندین کەوا گۆڕانکارییەکان لە هەفتەی ئایندە پێمانی رادەگەیەنێ، لە کاتی دانیشتنەکەدا یانی لە سەعات (٣,٥)ەوە بەفر دەستی بەبارین کرد و سەعات (٥)ئێوارە کۆبوونەوەکە کۆتایی هات و ئێمەش گەڕاینەوە کە تاکو خوارەوەی لۆفەکانی سەڵاحەددین بەفر گرتبووی.

شەممە ٢٠٠٠/٢/١٢

سەعات (١٠)ی سەرلەبەیانی سەرۆك سەرپەرشتی کۆبوونەوەی سێیەمی راگەیاندنی کرد، سەرەتا هەندێ بابەتی سیاسی قسەوباسی لێوەکرا پاشان پێی راگەیاندین کە **(فەرهاد عەونی، کاروان ئاکرەیی، ئەحمەد بریفکانی)** بۆ ئەو هەیئەتەی کە کاك فەلەکەدین لێپرسراویەتی تێیدا کاك کاروان بۆ لێپرسراویەتی راگەیاندن و کاك ئەحمەد بریفکانی بۆ لێپرسراویەتی لایەنی تەکنیکی دەزگای راگەیاندن و بەندەش بۆ لێپرسراویەتی کارگێڕی و **(ئیدارەو مالیە)** داندراون.

ئەوەی راستی بێت لەسەرەتادا راگەیاندنی ئەو ئالۆگۆڕییە بۆ من وەکو **(صدمە)**وابوو و ماوەی چەند چرکەیەکیش بێ دەنگ بووم، چونکە لە راستیدا بۆم **(ئیستیعاب)** نەدەکرا، بۆیە کاتێ کە سەرۆك بارزانی گوتی:**(کێ قسەی هەیە و کێ ناڕازییە)** یەکسەر من دەستم هەڵبڕی و کەوتمە قسەو وەکو چۆن لە دەفتەری بیرەوەرییەکاندا تۆمارم کردووە گوتم: **(من تاوەکو ئەمڕۆ و ئەم ساتە خۆم بە سەرنووسەرێکی سەرکەوتوو و ئیدارەیەکی پێشکەوتوو دەزانم لە هەموو بارێکەوە ناکرێ بزانم هۆکاری ئەم گۆڕینەی من چییە)**!؟.

سەرۆك بارزانی لەوەڵامی پرسیارەکەی من گوتی: **(ئێمە مانگی چەند ملیۆن دینار "**دیناری ئەو کاتە یانی چاپی سویسری**" لە راگەیاندن سەرف دەکەین نازانم چۆن سەرف دەکرێت و نەبۆتە سەبەبی پێشکەوتنی ئیعلام، تۆشم ئیختیار کردووە بۆ ئەوەی تۆ کۆنترۆڵی بکەی و ببێتە سەبەبی پێشکەوتنی)**.

منیش لەوەڵامدا گوتم **(جەنابی سەرۆك من راستە لێپرسراوی دەزگای برایەتی و خەباتیشم، بەڵام ئێمە لە دەزگا ژمێریار و بەڕێوەبەری کارگێڕیمان هەیە، من راستە**

دەرچووی کۆلیژی (اقتصاد)**م بەڵام بۆ یەك رۆژ ئیشی موحاسبیم نەکردووە، پێم باشە دوو موحاسبی زیرەك و رێکوپێك لەو شوێنە دابنێی تاکو بتواندرێ کۆنترۆڵ بکرێت).**

کاتێ من لە قسەکانم بوومەوە کە ناڕەزاییم پێوە دیار بوو، کاك سەرۆ قادر لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو لەسەر خۆ پێی گوتم **(کاکە گیان بڕیارەکە دراوە پێویست بەو جۆرە موناقەشە ناکات!)** منیش لەوەڵامدا بە کاك سەرۆم گوت: **(بۆ مێژوو دەیکەم بۆ ئەوەی سبەینێ خەڵکانێك نان و پیازی پێوە نەخۆن و تەفسیراتی جیاجیای بۆ نەکەن).**

پاش تەواوبوونی کۆبوونەوەکە من یەکسەر بەرەو بارەگای مەکتەبی سیاسی چووم و تووشی کاك جەوهەر هاتم کە تا ئەو ساتەش هەر لێم تورە بوو، پێم راگەیاند کە ئەو ئالۆگۆڕیانە لەلایەن **(کاك مسعود)**ەوە کراوە هیوادارم بە زووترین کات مەکتەبی سیاسی لیژنەیەك پێکبهێنێت بۆ ئەوەی دەوروتەسلیم بکەم و بە زووترین کات شوێنەکە تەسلیم بەو کەسە بکەم کە دێتە جێگای من.

کاتێ گەڕامەوە هەولێر یەکسەر چوومە بارەگای رۆژنامەو کۆبوونەوەیەکی خێرام لەگەڵ دەستەی نووسەران و لێپرسراوانی لاپەڕەکان کرد و گۆڕانکارییەکانم بۆ باس کردن و داوام لە کاك یوسف مەولود قەساب بەڕێوەبەری کارگێڕی دەزگا کرد، کە هەر لەم ساتەوە خەریکی رێکخستنی ئەوراقی دەوروتەسلیم بێت، تاکو ئێمە پێش هەموو دەزگاکانی دیکە ئالۆگۆڕیەکان ئەنجام بدەین، پێش بەکۆتاهاتنی کۆبوونەوەکە، بە چەند ساتێك شەهید فرەنسۆ هەریری سەری بە ژوورەکەی مندا کرد و گوتی: **"خێرە" (ئەرێ ئەو کۆبوونەوانەی ئێوە کەی تەواو دەبێت؟)** منیش لە شوێنی خۆم هەڵسام و کۆبوونەوەکەم کۆتایی پێهێناو فەرموم لێکرد و ئەویش پێش ئەوەی دانیشێت رووی تێ کردم و گوتی **(دەموچاوت باش ناخوێنمەوە خێرە!؟)** منیش لەسەر خۆ جگارەیەکی رۆثمانم لە پاکەتەکە دەرهێناو دام گیرساند و مژێکم لێداو گوتم **(ئەمڕۆ سەرۆك گۆڕانکارییەکانی پێ راگەیاندین کە بەم شێوەیەبوو، بەڕاستی من بەدڵم نییە، بەڵام دیسان من لەگەڵ گەڕانەوەم داوام لە مەکتەبی سیاسی کرد، بۆ پێکهێنانی لیژنەی دەوروتەسلیم و بە گەیشتنم بۆ هەولێریش دەستەی نووسەران و لێپرسراوانی لاپەڕەکان و بەڕێوەبەری کارگێڕیم کۆکردنەوە بۆ ئەوەی ئاگاداری گۆڕانکارییەکان بن لە زاری**

منەوە بیزانن باشترە نەك بە سەد جۆری دیکە رابگەیەندرێ و تەفسیراتی جۆراوجۆری بۆ بکرێت)، شەهید فرەنسۆش لە پێشەوە سەرێکی بۆ باداو تەنیا یەك رستەی لە دەم هاتە دەر و گوتی: **(عەجەلەت کرد، انشاءالله ئاخیری خێر دەبێت، بە هەرحاڵ (مەسئولیەت) تا سەر بۆ کەس نییە، بەڵام جارێ بۆ تۆ زوو بوو)** ئەو ئێوارەیە شەهید فرەنسۆ چایەکەی کە هەموو ئێواران داوای دەکرد و تەئکیدی لەسەر خاوێنی **(ئیستیکان)**ەکە دەکرد و بێ ئەوەی بیخواتەوە ژوورەکەی بەجێهێشت.

یەك شەممە ٢٠٠٠/٢/١٣

رۆژنامەنووسان و کارمەندانی دەزگا بە کۆڕ و کچەوە پەیتا پەیتا رووبان لە ژوورەکەم دەکرد و پێیانەوە دیاربوو کە بەتەواوی نیگەرانن هەندێکیان قسەیان بۆ نەدەکراو هەندێکیشیان فرمێسکیان لە چاویان قەتیس مابوو، سەرلە بەیانی ئەو رۆژە رۆژنامەنووس شێرزاد عەبدولڕەحمان سەعات (٨,٥) هاتە مااڵەوەو سۆز و نیگەرانی خۆی راشکاوانە دەربڕی.

دوو شەممە ٢٠٠٠/٢/١٤

رۆژێکی سارد و هەورێکی زۆر بە ئاسمانەوەیە، بەڵام باران ئەمرۆ نەباریوە، بەشێوەیەکی ئاسایی ئیشوکارەکان بەڕیوە دەبەم، بەڵام لە ناخمدا بێزاربووم لەو گۆڕانکارییەی کە کراوە، چاوەڕوانی لیژنەی دەورو تەسلیمم.

شەممە ٢٠٠٠/٢/١٩

بەیانی سەعات (٧) لە خەو هەستام بۆ دە دەقیقە گوێم لە رادیۆی لەندەن گرت، سەعات (٩) بە **(قاتە جلێکی تازەوە چوومە بارەگای رۆژنامە)** سەعات (١٠) لیژنەی سەرپەرشتی دەوروتەسلیم هاتن کە بە سەرۆکایەتی کاك **(رەمزی شەعبان، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و لێپرسراوی مەکتەبی دارایی)** بوو کە زۆر بەڕێزەوە تەماشای کۆنووس و مەوجوداتی قاسەو سجلاتی کەلوپەلی کرد و لە کۆتاییدا گوتی **"دەستتان**

خۆش خۆزیا هەموو دەزگاو بارەگاکانی ئێمە وا رێکوپێك بان، بەڕاستی موستەحەقی سوپاسن، هیوادارم لە جێگا تازەکەشت موەفەق بیت) سەعات (١٢)ی نیوەڕۆ لە باغچەی پێشەوەی بارەگا کە بە شێوەیەکی جوان کاك **(یوسف مەولود قەساب)** شوێنی کۆبوونەوەی لەگەڵ رۆژنامەنووسان و کارمەندان لەگەڵ بەندە رێکخستبوو کە لە سەرەتادا رۆژنامەنووس ئاسۆ کەریم بە **(تەئەسوورەوە)** باسی گۆڕانکارییەکانی کرد، پاشان رۆژنامەنووس زاهیر رۆژبەیانی سەرنووسەری تازەی برایەتی ئەویش قسەی خۆی کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ کردین.

پاشان منیش بە کورتی باسی ئەم چەند ساڵەی خۆمم لە **(برایەتی)**و لە دەزگا کرد و هیوام خواست کە لێپرسراوی دەزگای تازە و سەرنووسەری **(برایەتی)** تازەو سەرنووسەری **(خەبات)**ی تازە بەهەمان شێوەی ئێمە مامەڵەیان لەگەڵ رۆژنامەنووسان و کارمەندانی دەزگا بکەن و گیانی یەك تیمی و پەیوەندی شێوازی یەك خێزانی رابگرن.

کۆنووسی تەسلیم کردنی دەزگای رۆژنامەنووسی برایەتی و خەبات

ئەمرۆ شەمە رێککەوتی ٢٠٠٠/٢/١٩ بە ئامادە بوونی رێزدار ڕەمزی شەعبان بەرپرسی مەکتەبی ناوەندی دارایی بەرێز/ دەزگای رۆژنامەنووسی برایەتی و خەبات تەسلیم بە بەرێز بەرپرسی تازەی دەزگا کرا کاك «ئەژاد عەزیز سوزمی» بەپێی لیستی «جرد» بۆیە لە خوارەوە ئیمزا کرا:

ڕەمزی شەعبان — ئەژاد عەزیز سوزمی — فەرهاد عەونی

سعید یحیی — زاهیر رۆژبەیانی — یوسف مولود قصاب

عبدالسلام برواری

ئەمرۆ رۆژێکی خۆش و ناخۆش بوو لە ژیانمدا خۆشییەکەی لەوەدایە کە سەربەرزانە و سەرکەوتوانە لە لوتکەدا شوێنێکی دیکەشم بەجێهێشت، ناخۆشیش بوو، چونکە شوێنێکی یەکجار ئازیزم بەجێهێشت کە لە هەموو ناخمەوە حەزم لێ دەکرد و بەکاری سەرەکی خۆمم دەزانی کە بەدیلی نییە سەرەڕای بەجێهێشتنی ئازیزانی زێدە ئازیز لە رۆژنامەنووس و کارمەندان و خزمەتگوزار و پاسەوانانی بارەگا،

بەڵام ئەمڕۆ ئەوەی کە دڵی خۆمم پێ دەدایەوە ئەو هەموو سۆزە پاک و راستگۆییەو خۆشەویستی **(خەڵکی شارەکەی دەزگای برایەتی و خەبات بوو)**.

هەر بەم بۆنەیەوە دوا نووسینیشم لە **(برایەتی)** ئەو بابەتە مانۆ ئاوایە بوو کە لە ژمارەی(٣٠٣٣) برایەتی رێکەوتی رۆژی **٢٠٠٠/٢/٢٠** کە لەلاپەڕە ١٢ بڵاوکراوەتەوە لەژێر ناوی **(برایەتی ئازیز بەخێر بمێنێ)**، بەڵام بڵاوکردنەوەی وێنەی من لەگەڵ بابەتەکە بە ئارەزوو و بڕیاری من نەبوو، بەڵکو بە ئارەزوو بڕیاری رۆژنامەنووس **(حەیدەر عەبدولڕەحمان)** بوو کە ئەو کاتە لێپرسراوی لاپەڕە (١٢) بوو ئەو وێنەیەی منی لەگەڵ بابەتەکە بڵاوکردەوە. کە ئەمەش دەقەکەیەتی:

برایەتی خۆشەویست بەخێر بمێنێ

فەرهاد عەونی

شکسپیری مەزن لە یەکێ لە شانۆگەرییە بەناوبانگەکانی و لە سەرزاری یەکێ لە پاڵەوانەکانی شانۆگەرییەکە کاتێ ئەم مرۆڤە لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا زەمانە لێکیان جودا دەکاتەوە بە نابەدڵییەوە ئەو رستەیەی لە مێشکی دووبارە دەبێتەوە **(الفراق حزن عذب)** واتە لێکدابڕان خەمێکی خۆشە.

راستە لێکدابڕان ئەو جا هەر لێکدابڕانێك بێت جۆرە خەمێك بۆ مرۆڤ دروست دەکات، کە ئەویش پەیوەندی راستەوخۆی بە هەست و نەست و بیرو سۆزی ئەم مرۆڤەوە هەیە، بەتایبەتیش کاتێ ئەگەر ئەم مرۆڤە رۆژانێکی زۆری بە خۆشی و ناخۆشییەوە لەگەڵ ئەو شوێنەدا بەسەر بردبێ و بە دەست و پەنجەو مێشك و جەستە دروستی کردبێ بووبێتە بەشێك لە مێژووی.

پێشەکی ئەم چەند دێڕە نووسینەم لە کاتێکدایە کە پاش (٦) ساڵ و (٣)مانگ و (٢٣)رۆژ ئەم دەزگایە بەجێ دەهێڵم چ وەکو سەرنووسەری یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەی کوردی کە ئەویش **"برایەتی"**زێدە خۆشەویستە یان وەکو بەرپرسی کارگێڕی و دارایی دەزگای رۆژنامەنووسی **"برایەتی و خەبات"** کە تێیدا بەوپەڕی دڵسۆزییەوە لە خزمەتیاندا بووم، شەونخونیم بۆ کردوون لەگەڵ تێکڕای کارمەندە

خۆشەویست و سەربەرزەکانی، کە بە هەموومان خێزانێکمان دروست کردبوو، دەتوانم بڵێم کەم جێگا هەیە ئەو جۆرە پەیوەندییە گیانییەی تێدا دروست بووبێت، کە بۆتە مایەی رازی بوون و ئارامی گیانیم بەرانبەر یەزدانی گەورەو گەلی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، دیسان بەرانبەر وێژدانی خۆم کە دەبینم ئەمڕۆ ئەم دەزگایە لە چ ئاستێکی بەرز و پێشکەوتندایە کە تێیدا رۆژنامەی برایەتی بە (١٢)لاپەڕەو گۆڤاری سەنتەری برایەتی و هەفتەنامەی برایەتی ئەدەب و هونەر و هەفتەنامەی وەرزشی برایەتی و گۆڤاری برایەتی وەرزشی لێ دەردەچێت، سەرەڕای هەفتەنامەی تێکۆشەری "خەبات" و جێگای شانازیشە کە دەبینین ئەمڕۆ بڵاوکراوەکانی ئەم دەزگایە بە تەواوی دەچێتە ناو تۆڕی **(ئەنتەرنێت)**ەوە، لە چەندین پایتەختی وڵاتانی ئەورووپا پەیامنێری بەتوانا و کارامەی هەیەو چەندین کادری رۆژنامەنووسی و راگەیاندنی پێگەیاندووە، کە ئێستا لە دەزگا جیاجیاکانی راگەیاندن ئەرك و کار بەڕێوە دەبەن **لە کانگای دڵمەوە لە خودای گەورە دەپاڕێمەوە، کە ئەم دەزگا سەربەرزە بپارێزێ لە هەموو جۆرە بەڵا و پیلانێك.**

دوا کۆبوونەوەی ماڵئاوایی لە رۆژنامەنووسان و کارمەندانی دەزگای برایەتی و خەبات ٢٠٠٠/٢/١٩

هیـوادارم برایـانی رۆژنامـەنووس و کارمەنـدانی زێـــدە خۆشەویســـتم هـــەنگاو بـــە هـــەنگاو بەرەوپێشـــەوە بچـن و لێپرسـراوو سەرنووسـەری تازەش کاروانی شەهید سالّح یوسـفی و مامۆسـتا عەلی عەبـدوللّا و شـەهید دارا تۆفیـق و مامۆسـتا حەبیب محەمەد کەریم درێژەی پێ بدەن، کە هەر چواریان هەریەکە لە قۆناغێکی تایبەتـدا لـە رۆژی دەرچـــوونی یەکـــەم ژمـــارەی برایـــەتی لـــە (١٩٦٧/٥/٦)وە تـاکو رۆژانـی ئـەمرۆ قوتابیـانی هـەمان قوتابخانـەی ئـەو رێبـازەین کـە پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان سـەرکردایەتی دەکـات و بـارزانیی نـەمر بـەردی بناغـە پۆلّاینییەکـەی بـۆ داناوە.

جارێکی دیکەش لەگەلّ ئەوپەڕی خۆشەویستیم بۆ خوشك و برایانی کارمەندی ئەم دەزگایە.

برایەتی خۆشەویستیش بە خێر بمێنێ.

شەممە ٢٠٠٠/٢/٢٦

رۆژێکی سارد بوو بەپێی برِیار دەبوایـە ئـەمرۆ لە یەکەم کۆبوونەوەی دەستەی راگەیاندن **(هیئـة الاعلام المركزي)** ئامـادەبم کـە لەگـەلّ ئەنـدامانی مەکتـەبی ناوەنـدی راگەیانـدن رێکخرابـوو بـۆ بەدواداچوونی برِیارەکانی پێشوو، دەربارەی ئـەو گۆڕانکارییانـەی کـە لـە دەزگاکـانی راگەیانـدن کرابوو، بەڵام من ئامادەی کۆبوونەوەکە نەبووم و برِیارمدا کەوا راگەیاندن بەجێبهێڵم و جـارێکی دی بـۆی نەگەڕێمـەوە، چـونکە هەسـت دەکـەم کـە

برایەتی خۆشەویست بە خێر بمێنێ

نەرهاد عەونی

شـکسـپـیـری مـەزن لە یەکێ لـە شـانۆگـەرییـە بەناوبانگەکانی ولەسـەر زاری یەکی لە پالەوانەکانی شانۆگەرییەکە کاتێ نەم پالەوانە لـەگـەل خۆشـەویسـتـەکەیدا زەمـانە لێکیـان جـودا دەکاتەوە دەڵێ (الفـراق حـزن عذب) واتە لێکدابڕان خەمێکی خۆشە.

راســـتـــە لێکدابڕان نەوجـــا هـەر لێکدابڕانێک بێت جۆرە خەمێک بۆ مرۆڤ دروست دەکـــات، کـــە نەویش پەیوەندی راسـتـەوخـۆی بەهـەسـت و نەسـت و بیـر و سـۆزی نەم مرۆڤـەوە هـەیە، بەتایبـەتیش کاتێ نەگـەر نەم مرۆڤـە رۆژانێکی زۆری بە خۆشی و ناخـۆشـیـیـەوە لەگـەل نەو شـوێنەدا بەسـەر بردبێ و بووبێتە بەشێک لە میژووی.

غـەدرێکی گـەورە لـە برایـەتی و لـە مـن کـراوەو رەچـاوی بنـەمای کـاری رۆژنامەنووسـی نەکراوە، سەرەڕای ئەوەی من ئەمڕۆ نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستانم کـە بـە تێکـڕای دەنگ هەڵبژێردراوم لە کۆنگرەیـەکی گشـتی و چـەند مـانگێکی مـاوە بەسـەر تـەواوبوونی خـولی یەکـەم و خـاڵی بەهێزیشـم وەکـو نـەقیبی رۆژنامەنووسـان جێگـەو پێگـەی سەرنووسەرایەتیم بوو لە یەکەم رۆژنامەی رۆژانەی کوردی لە مێژوودا سـەرەڕای مێـژوو و کەسایەتی خۆم، بۆیە تۆ کاتێ ئەرکی سەرنووسـەری لـە رۆژنامەنووسـێك وەردەگرییـەوە کە لە هەمان کاتدا نەقیبی رۆژنامەنووسانە دەبێت هەڵوێسـتەیەك بکـەیت، بۆیـە دەبوایـە بڕیاربەدەستانی ناو سـەرکردایەتی پـارتی ئـەو مەسـەلەیان بەهەنـد هەڵبگرتایـەوە و ئـەو بڕیـارە بەپەلەیـە نـەدەن، بەتایبـەتیش دەربـارەی مـن و کـاری سەرنووسـەرایەتیم لـە برایەتی، چونکە تۆ کاتێ رۆژنامەنووسێك لە مەرکەزێکی رۆژنامەنووسی بەبێ هۆ لادەبەی دەبێ بیر لەوە بکرێتەوە ئایا ئەو بڕیارە چەندی زەرەر و چەندی قازانجە و تا چ رادەیەك خزمـەتی رەوشـەکە دەکـات و کاریگـەریی لەسـەر مەرکەزەکـەی دیکـەی **(نـەقیبی رۆژنامەنووسان)**چی دەبێت؟ بەڵام بەداخەوە من ئەو کاتـەو ئەمڕۆکـەش لـەو بـاوەڕەدام ئەوانەی **(مەبەست لەو هەڤاڵانەیە کە کاریگەرییان لەسـەر دروسـت کردنـی ئـەو بڕیـارە نامۆیە هەبوو)** هەرگیزاو هەرگیز بیریان لەو لایەنە نەکردۆتـەوە، بەپێچـەوانەی مـەنتیق و بەرژەوەندی هەتا ئەو لایەنەی کە منی تێدا ئەندامم). کاریان بۆ کردبوو.

یەك شەممە ٢٠٠٠/٢/٢٧

سەعات (٣) پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ رۆژنامەنووس **(سـەرۆ قـادر)** لـە بارەگـای سـەندیکا سەردانی کردم، هاوسۆزی خۆی بۆ من دەربڕی، بەڵام موقاتەعەکردنەکەمی بۆ کۆبوونـەی دوێنێ لا راست دروست نەبوو، گوتیشی **(حەزم دەکـرد بـیروڕای خـۆت لـە کۆبوونـەوەی مەکتەب باس بکردایە)**.

ئێوارەی ئـەمڕۆ رۆژنامـەنووس **(فەیسـەڵ دەبـاغ)** کـە ئەوکاتـە و تـاکۆ رۆژانـی ئـەمڕۆ پۆستی **(سکرتێری رۆژنامەنووس سەرۆك بارزانی)** وەرگرتووە لەمانەوە سـەردانی کـردم دیاربوو راسپاردەیەکی **(سەرۆك مسعود بـارزانی)** پـێ بـوو، تەنانـەت زانیبووشـی کـە لـە

کۆبوونەوەی مەکتەبی راگەیاندن بەشداریم نەکردووە کاک فەیسەڵ لە زاری سەرۆکەوە پێی راگەیاندم **(کە هەر ئیشێکی هەم بێ بۆمی جێ بەجێ دەکا)** منیش لە وەڵامدا گوتم **(ساغ و سەلامەتی و سەرکەوتنی ئەوم دەوێ تاکە داخوازیم دیتنی بەڕێزیانەو بە تەنیا)**.

سێ شەممە ٢٠٠٠/٢/٢٩

سەعات (٨,٥)ی بەیانی هاوکات لەگەڵ کاک فەیسەڵ هەریەکەو بە ئۆتۆمبێلی خۆمان بەرەو سەری رەش چوین، رۆژێکی خۆش بوو سەرما و بەستەڵەکیش نەمابوو.

بە گەیشتم بۆ بارەگای (سەرۆک) سەعات (٩,١٥) دەقیقە کاک کەریم جومعە یەکسەر منی بردە مەکتەبی سەرۆک، کە چوومە ژوورەوە سەرۆک لە سەر مێزی خۆی خەریکی خوێندنەوەی هەندێ ئەوراقی بەردەستی بوو، بە گەرمی جوابی بەیانی باشی منی دایەوەو. پاش چەند دەقیقەیەک لە شوێنی خۆی هەڵساو هاتە بەرامبەرم و لە ئەحوالّی پرسیم. پاشان بە زەردە خەنەیەکەوە گوتی: **"ئەو رۆژە هەستم کرد ناڕازیی لە بڕیارەکان، حەز دەکەم بزانم ئەسبابی ئەو ناڕازیبوونەت چییە"**؟

منیش لە دوێنێ شەوەوە خۆم بۆ ئەو دیدەنە ئامادە کردبوو، سەیری هەندێ ئەوراق و نووسراوی مەکتەبی سیاسی وەڵامەکانی خۆم و پاشان خاڵ بەخاڵ لە سەرەتای چونم بۆ ناو ریزەکانی پارتی لە ساڵی ١٩٦٣ەوە تاکو ئەمڕۆ **٢٠٠٠/٢/٢٩** کە ماوەی سی و حەفت ساڵە ئەوجا ماوەی کارکردنم لە برایەتی و بەرپرسیاریەتی نزیک حەفت ساڵەی دەزگای برایەتی و خەبات ئەوجا بەدرێژی ئەو پێشکەوتنەی کە برایەتی و دەزگا بە خۆیەوە بینیوە، سەرەڕای ئەو لەمپەر و ئاستەنگانەی کە هاتۆتەوە پێش کەلەلایەن خودی هەندێ لە هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی بۆم دروست کراوە کە بەڕێزیان ئاگای لە هەندێکی هەبوو، کە خۆم لە دیدەنییەکانی پێشووتر بووم باس کردبوو بۆم گێڕایەوە. ماوەی قسەکردنم بە بەردەوامی لەنیو سەعات تێپەڕی کرد و هەستم بەخۆم کرد کە زۆر رۆیشتووم و ئامانجی کۆبوونەوەکەم پێکاوە کە تەماشای سەعاتم کرد دیتم سەعات (١٠) کەم پێنج دەقیقەیە و لەسەر خۆ بە سەرۆکم راگەیاند کە قسەکانی من تەواوبوو.

سەرۆک بارزانی ماوەی چەند دەقیقەیەک وا پێ دەچوو بیر لە قسەکانی من بکاتەوە وە ئەوەی من لە سیمای بەڕێزیانم خوێندەوە **"جۆرێ لە هاوسۆزی بوو لەگەڵ مندا"**.

له کاتی ئەنجامدانی دیمانەیەکی رۆژنامەنووسی، بارەگای سەرۆک مەسعود بارزانی، بەهاری ١٩٩٦

لەسەرەتای قسەکانی زۆر مەوزوعیانە هۆکاری ئالۆگۆڕی لە ناو دامودەزگاکانی پارتی شی کردۆتەوە، لە پێشەوەشیان لە دەزگاکانی راگەیاندن، گوتیشی **"من زۆرم مەبەست بوو کە شوێنی باشترت بدەمێ و وەکو تەرفیعێك دەمزانی کە جێگایەکەت ماندووی کردووی، لەو جێگا تازەش ماندوو دەبێت، بەڵام ماندووبوونی فکر نییە، کە دەڵێم تەرفیع یانی ئەو هەیئەتەیە کە بەرزترین هەیئەتی ئیعلامەو من ئەگەر بمزانیبایە کە تۆ حەز لەو جێگا تازەیە ناکەی ئەوا دە ساڵی دیکەش لە برایەتی دەم هێڵایەوە".**

کاتێ سەرۆك بارزانی گوتی: **" من زۆرم مەبەست بوو کە شوێنی باشترت بدەمێ وەکوو تەرفیعێك..."** لێرەدا وەکوو بروسکە ئاسا رووداوێکم بیر کەوتەوە کە ناوەڕۆکەکەی لەم قسەیەی **(بارزانیی نەمر)**دەچوو، بەڵام بە پێچەوانەی بۆچوونەکەی ئەو کە ئەمیشیان بۆ مێژوو وەکو خۆی دەگێڕمەوە:

پاش ڕێککەوتننامەی یازدەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ بەتایبەتی ئەو ئێوارەیەی کە گۆڕانکاری لە وەزارەتدا (**التعديل الوزاري**) لە بەغدا راگەیاندرا کە تێیدا پێنج وەزیری شۆڕشی کورد و پارتی لەم وەزارەتەدا دادەران کە بریتی بوون لە خوالێخۆشبوان:

١. سامی عبدولڕەحمان، بۆ وەزارەتی کاروباری سەروو (**وەزارە شؤون الشمال**).

٢. نوری شاوەیس بۆ (**ئیشغالێ و نیشتەجێ کردن**).

٣. صالح یوسفی وەزیری دەوڵەت.



بارزانی نەمر، دارا تۆفیق، یۆنان هورمز، پاییزی ساڵی ١٩٧٤

٤. ئیحسان شێرزاد وەزیری شارەوانی.

٥. نافیز جەلال حەوێزی بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ، ئەو ئێوارەیەی کە گۆڕانکارییەکە لە وەزارەتدا راگەیاندرا، ئێمە هەرسێکمان **(سیروان عەبدوڵڵا سەعید و جەلال خۆشناو و بەندە)** بەرەو ئوتێلی بەغدا **(فندق بغداد)** دەچووین کە هەر لە رۆژی ١١ ئادارەوە وەکوو

بارەگـای سـەرکردایەتی شـۆڕش و پـارتی لێهـاتبوو تـاکوو ماوەیـەکی زۆریـش ئـەو سەرکردایەتییە لەوێ نیشتەجێ بوون و ئەرکەکانیان رادەپەڕاند، کاتێك ئێمە هەرسێکمان لە شەقامی **(السعدون)**وە بەرەو ئـوتێلی بەغـدا دەچـووین لـەناکاو ئۆتـۆمبێلێکی تاکسـی لەلامانەوە وەستاو کاکە دارا تـۆفیقی لـێ دابـەزی مـن لـە یەکـەم سـاتەوە کـاك دارام بـە تەبیعی نەهاتە پێش چاو پاش چاکوچۆنی هـەر چـوارمان بـەرەو باخچـەکەی پێشـەوەی ئوتێلەکە دەچووین و لەو ساتەدا کاك دارا پرسیاری ئەوەی لێ کردین کە ئایا گوێمـان لـە تەعدیلە وەزاریيەکە بووە یان نا ئێمەش بە بەڵێ وەڵاممانداییەوە، بەڵام وا پێدەچـوو ئـەو مەبەستێکی دیکەی هەبوو، بۆیە کاتێ لێم پرسی خێر بوو تۆی تێدا نەبووی؟ لـە وەڵامـدا کـاك دارا بـە زەردە خەنەیـەکی خەماویـەوە گـوتی: لـە سـەرەتادا لەلایـەن مەکتـەبی سیاسییەوە من دەستنیشان کرابووم بۆ وەزیری کشتوکاڵ بـەڵام پـێش چـەند رۆژێـك لای **(سەرۆك مستەفا بارزانی)** بووم و پێی راگەیاندم کە لەبەر چەند هۆکارێك بڕیار دراوە کـە کاك **(نافیز جەلال)** بە وەزیری کشتوکاڵ دابنرێ، بـەڵام بـارزانی هـەر ئـەو کاتـە پێیگـوتم **(دارا دڵگیر مەبە وەعد بێت وا بکەم شوێنێکی باشترت بدرێتێ)**.

شوێنە باشەکەی کە **(بارزانیی نەمر)** بۆ شەهید دارا تـۆفیقی دەستنیشـان کردبـوو کـە دەیزانی دارا شایانی ئەو جێگەیە پۆستی **(سەرنووسەری رۆژنامەی التآخي و برایەتی)** بوو کە لای **(بارزانیی نەمر)** زۆر لە پۆستی وەزارەت گەورەتر بوو، ئـەوەبوو پـاش چـوونم بـۆ التآخي وەکو بەڕێوەبەری کارگێڕی کە ئەوکاتە کاکـە دارا تۆفیـق سەرنووسـەری بـوو زۆر جار ئەم رووداوەی دەگێڕایەوە کە **(بـارزانیی نـەمر)** چـەند بـە بایەخـەوە باسـی پۆسـتی سەرنووسەری التآخي دەکرد و ئەو شوێنەشی بە رەوای کاکە دارا دەزانی. لـە ئاکامیشـدا دەرکەوت کە بۆچوون و هەڵبژاردنەکەی **(بارزانیی نەمر)** چەند لە جێگای خـۆی بـوو، کـە تێیدا دارا تۆفیق توانی ئەم متمانەو تەشخسـیەی **(بـارزانیی نـەمر)** لـە سەداسـەد حـەقی خۆی بداتێ و تێیدا سەرکەوتنی یەکجار گەورە لەو پۆستەدا بەجێ بهێنێ و التـآخي بکـات بە دەنگی رەسەنی هەموو گەلانی عیراق و **(برایەتی)**ش بکاتە یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەی کوردی لە مێژوودا بەو هەڵوێستە و بۆچوونەی کە بە هەموو قەناعەتی ویژدانی و سیاسـی هەڵی بژاردبوو بریتی بوو لە هەڵبژاردنی رێبازی کوردایەتی پێشکەوتنخواز لە ئاکامدا بووە

هۆکاری لەناوچوونێکی تراژیدیایی ئەو **(دارا)** کە تاکو نووسینی ئەم بابەتەش نهێنی لەناوچوونەکەی نادیارە و تاکە ئاسەوارێکی نەکەوتۆتە بەردەست.

تاکو سەعات (١٠,١٥) بە بەردەوامی خەریکی ئاڵوگۆڕی بیروڕابووین کە لە دوا وتەمدا گوتم **(جەنابی سەرۆك لەگەڵ داوای لێبووردن هیوادارم بمبووری لەو ئەرکە تازەیە، چونکە لە روانگەی دەروونیشەوە ئامادەباشیم بۆ ئەو جێگایە نییە بەو تەشکیلەیەی کە بڕیارت لێ داوە ئەمەش هۆکارەکانی)** ئەوجا سەرۆك هەڵسایە سەرپێ و گوتی:**"دەتەوێ ئیعلام بەجێ بهێڵی"** لەوەڵامدا گوتم **(بەڵێ ئەگەر لێم قەبوولێ بکەی)**. سەرۆکیش بە ناڕەزاییەوە گوتی **(باشە مادام ئارەزووی خۆتە)، پاشان لەگەڵ بەڕێزی ئامادەی دوا کۆبوونەوەی راگەیاندن بووم کە هەر ئەوساتە ئەندامانی هەیئەتی ئیعلام و مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن کە لە هۆڵی کۆبوونەوەکان لە چاوەڕوانی ئێمەدابوون)**، پاش تەواوبوونی کۆبوونەوەکە لەگەڵ رۆژنامەنووس کاك **(رێبوار یەڵدا)** پێکەوە هاتینەوە هەولێر کاتێ کە قسەکانی نێوان سەرۆك و بەندەم بۆ دەگێڕایەوە کە دوا بڕیارم ئەوە بوو لە راگەیاندن دوور بکەومەوە، یەکسەر هاتە قسەو گوتی **(بەڕاستی پێم ناخۆشە قەرارێکی سەلیم نییە حەق نەبوو ئەم جۆرە هەڵوێستەت هەبێت، چونکە تۆ تەنیا بۆ راگەیاندن و سیاسەت خەلق بووی، هیوادارم موراجەعەی خۆت بکەی و دووركەوتنەوەت لە بەرژەوەندی راگەیاندنی پارتی نییە !)**. منیش بەدەم لێخوڕینی ئۆتۆمبێلەوە گوتم **(کاکە رێبوار مەسەلەکە تەواو بوو من بڕیاری خۆم داوەو هەروەك مامۆستا "مەسعود محەمەد"** دەڵێ: **(من ئەسیری قەناعەتی خۆمم)**.

سەعات نزیکەی دووی پاش نیوەڕۆ بوو کاتێ گەیشتمەوە ماڵەوە لە هەولێر یەکەم ئەندامی خێزان **(پەروین)**ی هاوسەرم بوو کە هەر یەکسەر لێی پرسیم **(دەموچاوت باش ناخوێنمەوە، خێر بوو چیتان کرد" منیش لەوەڵامدا زۆر لەسەر خۆ بە هێمنییەوە پێم گوت) "هەرچی بوو بوو گرنگ ویژدانم ئاسودەیە، تۆ لە هەموو کەس باشتر دەزانی من کاتێ بڕیارێك دەدەم (ماانطق عن الهوی) من چەند رۆژە دیراسەتی هەموو مەسەلەکەم کردووە، هاتوومەتە ئەو قەناعەتە (غەدرم لێکراوە) تاکە کەسێکیش لە مەکتەبی سیاسی نەبووە داکۆکیم لێ بکات.**

نووسەر لەگەڵ هاوسەرەکەیدا

(پەروین)یش یەکسەر بەروومدا هات و گوتی: **(دەبوایە لەبەر خاتری سەرۆك جێگا تازەکەت قەبوولّ بکردایە، پاش ئەو تەمەن و ماندووبوونەت دەتەوێ لە ماڵەوە دابنیشی! ؟)** لەوەڵامدا گوتم **(خاتری سەرۆك لەسەر سەرم من لەنێوانی قسەکانم بە سەرۆکم گوت: "ئێستا لەبەر خاتری تۆ ئیستعدادم هەیە ببمە پێشمەرگەیەك و بمنێری بۆ چیای "گارە" وەعدی شەرەفیش بێت هەر شەش مانگ جارێك بە ئیجازە بۆ دوو سێ رۆژ بێمەوە ماڵەوە، بەڵام ئەو ئیشەی تازەم پێ ناکرێ)** من بە قەناعەتەوە شەوو رۆژم لەسەر یەك دادەنا بۆ ئەوەی لە کاری رۆژنامەنووسی سەرکەوتوبم، بەڵام دەزانم چونکە هۆکارێکی مەنتیقی لە پشت گواستنەوەم لە برایەتی بۆ ئەو جێگا تازە نییەو مەسەلەیەکی دیکەی لە پشتەوەیە **(کە تێدا هەندێك تەئسیریان لە جەنابی سەرۆك کردووە)**، بۆیە گوناهە من پۆستێك وەربگرم کە لە بنەڕەتدا قەناعەتم پێی نییە.

بەهەرحاڵ خوێنەری بەڕێز ئەمە چیرۆکی ئەزموونی رۆژنامەنووسێکە کە بە دڵ و بەگیان لە خزمەتی دابووە بێ ئەوەی بۆ ماوەی ساتێکیش کەمتەرخەمی لە ئیشوکاریدا کردبێت، رۆژنامەنووسانی **(برایەتی و خەبات)**، کارمەندان، تێکڕای خێزانی دەزگای **(برایەتی و خەبات)** لە ماوەی کارکردنم ئەو شایەدیەم بۆ دەدەن کە مامەڵەم چۆن بووە لەگەڵ هەر هەموویان هەر لە مام حەسەنی خزمەتگوزارەوە تاکو جێگری سەرنووسەر، لەوانەیە لای خوێنەران مایەی سەرسوڕمانبێت، ئەگەر بڵێم دوو بەش و نیوی لە سێ بەشی ٢٤ سەعاتدا بۆ رۆژنامەم تەرخان کردبێت، کە لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ پاشخانی رابوردوویك کە هەر لە سەرەتای لاویمەوە تێکەڵاوی سیاسەت بووم، کە ئەگەر

لێم ببوورن کورتەیەکیشتان بۆ دەگێڕمەوە، چونکە لێرە زیاتر بەڕەوای نازانم کە ئەو بیروڕایانەی لێ تۆمار بکەم کە هەموو تێکڕا بوو بە ئەزموونێك، کە سەدان ڕۆژی تاڵ و سوێری و ترس و لەرز و جورئەت و بەرەنگاربوونەوەو بەردەوام بوون لە ڕێبازی نیشتمانپەروەری و کوردایەتی و زەردەر و ماڵکاولی بەخۆیەوە بینیوە کە لێرەشدا تۆماری دەکەم بۆ ئەوە نییە خۆمی پێ هەڵکێشم، بەڵکو وەڵامێکی پڕ بە پێستی هەندێ لەو کەسانەیە کە دەیانەویست وای لێك بدەنەوە کە گوایە من پۆستی سەرنووسەری **(برایەتی)**م لەبەرخاتری ئەم یاخود ئەو وەرگرتووە، کە ئەمیشیان لێکدانەوەو جۆرە بۆچوونی **(کاڵفامانی)** ناو دونیای سیاسەتی ئەو سەردەمەیە کە ڕەش و سپی و تێکۆشەر و دەست بەکڵاوی خۆگرتوو ماندوو و پاڵدەرەوە زەرەرمەند و سوودمەند و نیشتمانپەروەر ماستاوچی لێك جیا ناکاتەوەو **بەشێوەیەك شێواندوویانە کە ماستاوچیان و ڕاپۆرتنووسانی بێ ویژدان بوونەتە هەڵسەنگێنەری (تقیم) تێکۆشەر و پارتی ڕەسەن و خۆڕاگر ماندوونەناسانی دوێنێ و ئەمڕۆ.**

پاش شۆڕشی چواردەی تەممووزی ساڵی ١٩٥٨ کەوتمە قۆناغی ناوەندی لە کۆیە یانی لە قۆناغی سەرەتاییەوە بۆ قۆناغی ناوەندی کە تەمەن لە نێوان (١٣–١٤) ساڵان بوو، بەڵام بەهۆی کاریگەرییەتی باوکێکی هۆشمەند و شاعیرو کوردپەروەر لەگەڵ مامێکم بەناوی **(عومەر حەبیب)** کە بە عومەرە سوور ناوزەد دەکرا، کە بە هەموو گیان و دڵەوە هەر لە سەرەتای دروست بوونییەوە لە ساڵی ١٩٤٦ پارتایەتیان دەکرد، کە ئەو کاتە تاکە ڕێگای بزووتنەوەی کوردایەتی بوو، کە تێیداو لە ئاکامیدا خێزانەکەمان ساڵی یەك دوو جار تووشی کێشمەکێشمی تەوقیف و حەپس و خۆ شاردنەوە دەبوو، هەتا جارێکیان وابزانم ساڵی ١٩٥٤ بوو کە لەبەر دەرگای خۆمان نەنکم ئێمەی لە پەنای خۆی گرتبوو بۆ ئەوەی باوکم و مامم کە لە **(سەرای کۆیە)**ی ئەو سەردەمە بە **(کەلەپچە)** کراوی بۆ **(قشلەی)** کۆیەیان دەبردن کە کەوتۆتەلای سەروو بەرزایی **(کەکون)** لە کۆیە دیتنی باوك و مام بە کەلەپچەکراوی و دەیان جاری لەخەو هەڵساندنمان لەنیوە شەودا بەهۆی مانۆ پشکنینەوە (تەحەڕیات) و خۆشاردنەوەی مامم بە هۆکاری ڕاگەیاندنی **(ئەحکامی عورفی)** سەردەمی پاشایەتی هەموو ئامانە پاشخانی گردبوونەوەی مەسەلەیەك

کوتری ئاشتی

فەرهاد عەونی

پولی یەکەمی قوتابخانەی ناوەندی کویە

ئەی کوتری ئاشتی
بالندەی جوان
توی هیوای گەلان
لابەری پەستی

* * * *

گەرچی بچوکی
خوشی ژیانی
نەرمو نیانی
زۆرئیسك سۆکی

* * * *

گەلان لەدواتن
راستی ئەبیژن
هەر ئەت پارێزن
شورەو قەلاتن

* * * *

بفرە بخوێنە
لەگوندو شارا
بەسەر کومارا
شادی بنوێنە

* * * *

گەلان بەیەك دەنگ
بو ئاشتی جیهان
هاتوونە مەیدان
بودوربونی جەنگ

* * * *

بوو که سیاسەتی لێ دەچۆڕاو ئێمەی خستە ئەو دنیایەی کە سیاسەت و کوردایەتی سەراپای ژیانمان لێ داگیر بکات، پاش شۆڕشی چواردەی تەممووز زیاتر کەوتمە دونیای خوێندنەوەو هەوڵدان بۆ فراوان کردنی ئاقاری بیرکردنەوەم کە هەر لەسەرەتای پۆلی پێنجەمی سەرەتایی خولیام پێوە گرتبوو ئەوەبوو کەوتمە **(شیعر نووسین)** یەکەم شعریشم لە رۆژنامەی **(پێشکەوتن)**ی خوالێخۆشبوو **(محمد بریفکانی)** بڵاوکردەوە کە خوالێخۆشبوو **(محەمەد تۆفیق وردی)** پێشەکییەکی چەند دێڕی بۆ نووسیوە کە لە ئەڵقەی یەکی پێشووی ئەم زنجیرەیە بڵاوم کردۆتەوە، لە ژێری ناوی **(کوردستان)** پاشانیش شیعری **(کۆتری ئاشتی)** لە نامیلکەی یەکێتی قوتابیان کە مامۆستا **(کەمال غەمبار)** یارمەتی بڵاوکردنەوەی دام پاشان شیعری **(کوردم)** دیسان هەر لە **(پێشکەوتن)** بڵاوکردەوە، ئەمانە هەمووی سەرەتا هاندەربوون بۆ سەردانی رۆژانەی کتێبخانەکانی کۆیە کە بریتی بوون لە دوو کتێبخانە، یەکێکیان کاك **(محەمەد شوان)**ی کوردپەروەر بەڕێوەی دەبرد، کە سەربە پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، دووەمیشیان کتێبخانەی **(ئازادی)** بوو کە شاعیری نیشتمانپەروەر **(ئەحمەد دڵزار)** سەرپەرشتی دەکرد، پاش ماوەیەك کەوتمە ژێر کاریگەرییەتی ئەویانی **مامۆستا(ئەحمەد دڵزار)** کە رۆژانە بەشێوەو شێوازێکی زۆر رێکوپێك باسی لە سیاسەت و شیعر و حەپسخانە و تێکۆشان دەکرد، ئەوەبوو لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٠ کە ئەوکاتە تەمەنم **(١٤ساڵان بوو)** لە پۆلی دووی ناوەندی بووم بە **(پاڵێوراو)** یانی تەرشیح کرام بۆ ئیش کردن لە ریزی **(حزبی شیوعی)** عیراقیدا، کە دەبوایە قۆناغی پاڵێوراویەتی لە ماوەی شەش مانگدا ببڕم، ئەگەر دوو مەرجی **(سەرەکی)**م لێبهاتایە دی، یەکەمیان ئیلتیزام بە قەواعیدی سلوکی حزبایەتی بکەم کە ئەویشیان لەسەر راپۆرتی **(لێپرسراوەکەم)** رادەوەستا، کە مامۆستا **(جەمال عەزیز)** بوو. دووەمیان خوێندنەوەو تێگەیشتنی دوو کتێب بوو کە بریتی بوون لە:

١-**(کیف تصبح مناضلاً "شیوعیاً" جیداً)** کە نووسەرەکەی **(لیو شاوش)** کە یەکێ لە سەرکردە هەرە بەناوبانگەکانی ئەوسای پارتی کۆمۆنیستی چین بوو.

٢-**(من مستلزمات کفاحنا الوطني)** کە نووسەرەکەی سەرکردەو دامەزرێنەری حزبی شیوعی عیراق هاوڕێ **(فهد)**بوو.

بۆ من کارێکی گران بوو ئەو دوو کتێبە بخوێنمەوە، چونکە بە زمانی عەرەبی بووون و چیرۆک و شیعر نەبوون، بەڵکو دوو کتێبی سیاسەت و لێدوانی سیاسی بووون، بەڵام ئەوەی ئاسانکاری بۆ کردم گیانی فێربوونی زمان و خوێندنەوەی خۆم بوو، دووەمیان مامۆستا **(جەمال عەزیز)**یش یارمەتی دەدام، بەڵام یارمەتیدەری سەرەکیم خوالێخۆشبوو **(ئەکرم عەبدولقادر)** بوو کە پێشووتر لە زەمان و سەردەمی پادشایەتی ئەندامێکی کارای پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، پاشانیش لە بەر هەندێ هۆکار پارتی بەجێهێشتبوو چووبوو بۆ ناو ریزەکانی حزبی شیوعی عیراقی کە لە پاش شۆڕشی ١٤ی تەممووز لە کۆیە لە دەستەی سەرۆکایەتی یەکێتی لاوانی دیموکراتی عیراق کاری دەکرد، خوالێخۆشبوو کاك **(ئەکرەم)** خوێندەوارێکی زۆر باش بوو، کتێبخانەیەکی مام ناوەندیشی لە ماڵەوە هەبوو لە ساڵانی نێوان (١٩٣٨–١٩٤٨) چەندین بابەتی وەرگێڕدراوی لە گۆڤاری گەلاوێژ بڵاوکردۆتەوە کاتی خۆی لە پۆلی شەشی سەرەتایی خوێندبوومەوە بابەتێکیان وەکوو لەبیرم ماوە بەناوی **(نامەی سەربازێکی سۆڤیەتی بۆ دایکی)**بوو کە تاکو رۆژانی ئەمڕۆش رووداوەکانی لە مێشکمدا هەرماوە.

خوالێخۆشبوو کاك **(ئەکرەم)** هەفتەی جارێك یان دووجار لە ماڵی خۆیان کە بە تەنیشت ماڵی ئێمەوەبوو، لە هەمان کات وەستای ئەو **(ئاشە)**بوو کە باوکم یەکێك بوو لە خاوەنەکانی، بە هیمەتی کاك ئەکرەم و یارمەتی مامۆستا جەمال عەزیز لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٦٠ یانی پاش حەفت مانگ لە **(تاقیکردنەوەی بەکەلۆریای حیزبیدا سەرکەوتم)**و بوومە ئەندام لە حزبی شیوعی عیراقی و لەو ماوەیەدا یانی لەسەرەتای ساڵی (١٩٦٠)ەوە تاکو کۆتایی ساڵی (١٩٦٢)دا زۆر چالاکانە لەناویدا کارم دەکرد تەنانەت لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٢ لە پۆلی سێیەمی ناوەندی بووم، لێپرسراوی شانەی سەرەکی حزبی لە قوتابخانەی **(دواناوەندی کۆیە)**.

حزبی شیوعی عیراقی قوتابخانەیەکی یەکجار دەوڵەمەندی کاری سیاسەت بوو، لە مێژووی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کە تێیدا بە سەدان و هەزاران تێکۆشەری پێگەیاندووە ئەگەر تەماشای مێژووی حزبە سیاسییەکانی عیراق و کوردستان بکەین دەبینرێ کە حزبی شیوعی عیراقی بەسەدان کادیری پێگەیاندووی و چوونەتە ریزی ئەو حزبانەو تەنانەت هەندێکیان پلەوپایەی زێدە بەرزیان وەرگرتووە، بەڵام سەد حەیف و مەخابنە

که هەندێك لەوانە زۆر بە ناشیرینی و بێ ویژدانییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو (**کانی**)یە دەکەن کە ئاویان لێ خواردۆتەوە.

بەنسبەت خۆم شتی زۆر لەو حزبە تێکۆشەرە فێر بووم کە بریتییە لە شێوازی کارکردنی حزبایەتی (**مەسئولیەت**) قەواعید و دەسپلینی حزبی و حزبایەتی، بەڕێوەبردنی شانەو شانەی سەرەکی، خوێندنەوە، لێپرسینەوە، رەخنەو رەخنە لەخۆ گرتن، ئیحترامی کات و کۆبوونەوەو گیانی لەخۆبردن، نەترسان، چوونە ناو کۆمەڵانی خەڵك. کە ئەوانە هەموویان تاکو رۆژی ئەمڕۆش رەنگدانەوەی راستەوخۆیان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیم هەبووە و رەنگی داوەتەوە.

هۆکاری دەرچوونیشم لە حزبی شیوعی عیراقی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ململانێیەی کە لە ناخمدا پەیدا ببوو تەوژم و هێزی کوردایەتی بوو کە رۆژ بەرۆژ لە مێشکمدا گەورەتر دەبوو ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی خێزانیم، بەتایبەتیش باوکم و مامم کە راستە باوکم راستەوخۆ تێکەڵی ئیشوکاری شەخسیم نەدەبوو، بەڵام بەهۆی حەپس کردن و دوورخستنەوەی بە تۆمەتی کوردایەتی لە سەرەتای ساڵی ١٩٦١ لەسەروبەندی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن، پاشانیش لە ئابی ساڵی ١٩٦٢ کاتێ کە حەپس کراو رەوانەی حەپسخانەی (**فضیلیة**)ی بەغدا کراو ئەوجا بۆ (**نوگرە سلمان**) کە تاکو سەرەتای مانگی ئاداری ساڵی ١٩٦٣ لەوێ مایەوە و لەژێر فشاری سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول لەکاتی وتووێژکردن لەگەڵ حکومەتی بەعسدا پاش رووخانی حکومەتی (**عبدالکریم قاسم**) ئازادکرا کە تێیدا سۆزی کوردایەتی رۆژانە لام زیاد دەبوو، ئەگەرچی من هەر لە سەرەتاوە لەو بوارە بێ بەش نەبووم و سەرەتای نووسینی شیعریشم بۆ کورد و کوردستان بووە، کە زۆرجار برای بەڕێز (**بەکر فەتحوللا**) کە بە مەلا بەکر ناسراو بوو لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٦١ەوە بوو بە لێپرسراوی ئەو شانە سەرەکییەی (**دواناوەندی کۆیە**) کە من تێیدا ئەندام بووم پێی دەگوتم (**تۆ شیوعییەکی قەومی و وەکو شیوعییە چینییەکان بیر دەکەیەوە**) سەرەڕای گلەیی و گازاندەی مامم کە هەر کاتێ دەهاتە کۆیە رووبەڕووم دەبووەو هەمیشە پێی دەگوتم (**تۆ زێڕی بەڵام کەوتییە ناو قوڕاو**)، ئەمەو رۆژێکیان لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٢دا ململانێ لە گۆڕەپانی کوردستان لە نێوان حزبی شیوعی عیراق و پارتی دیموکراتی کوردستان لە لوتکەدابوو (**شیوعییەکان**) سیاسەتی

(کفاح و تضامن)یان پەیڕەو دەکرد لەگەڵ حکومەتی **(عبدالکریم قاسم)** و شیعاری **(السلم فی کردستان)**یان بەرزکردبووەوە، کە تێیدا دەیان هەزار ئیمزاو سەدان چالاکییان لە پێناویدا ئەنجامدا **(کە بەندە بەشداری چالاکییەکی دووەمی کردووە لە کۆیە)** بەشداری کردنم لەو کۆبوونەوە فراوانەی کە لە **(نزیك فولکەی حاجی قادری کۆیی)** ئێستا، لیژنەی ناوچەی کۆیەی حزبی شیوعی ڕێکی خستبوو، کە تێیدا مامۆستا **(سەلاح حوسێن)** بەشێوەیەك هەموو سیمای خۆی گۆڕی بوو، هاتە سەر مێزێك لە ناوەندی شەقام دەستی بە هیتاف لێدان کرد و وتارێکی خوێندەوە کە بریتی بوو لە سیاسەتی حزبی شیوعی کە ئەویش خۆی لە **(ئاشتی لە کوردستان)** دەدیتەوە، تێیدا بەندەش یەکێ لە بەشداربووان و **(حیمایەی شوێنەکە بووم)**. بۆ ئەوەی دوورنەکەومەوە لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٢ بوو لە کۆبوونەوەیەکی شانەی سەرەکی قوتابخانەی سانەوی کۆیە لە ژوورێکی بەلاوەی مزگەوتی **(مەلا ئەسعەد)** بە حوکمی ئەوەی **(عیزەدین)**ی کوڕی خوالێخۆشبوو مەلا محەمەدی مەلا بەهادین ئەندامی ئەو لیژنە سەرەکییە بوو، مزگەوتەکە عائیدی ئەوان بوو باوکی ئیمام و خەتیبی مزگەوتەکەبوو بۆمان ئاسایی بوو بە فێڵی **(دەرس خوێندن)** کۆبوونەوەی لێ بکەین. لە کۆبوونەوەکەو لەسەرەتادا کۆبوونەوەیەکی ئاسایی بوو، سەرپەرشتیاری ئەم کۆبوونەوەیە ئەندامێکی لیژنەی ناوچەی کۆیە بوو، زۆر بەخۆشحاڵییەوە پێی ڕاگەیاندین و دەقاودەق گوتی: **(مزگێنی، دوێنێ مەسئوولی ئیختیالاتی پارتی لە سلێمانی کۆڕاوە کە پێشووتر دەستی لە کوشتنی هاوڕێیەکی ئێمەدا هەبوو)** لە ڕاستیدا شێوازی گوتن و ناوەڕۆکی خەبەرەکە لە ناخمەوە هەژاندمی و ڕقێکی ئەستووری بەرانبەر ئەم بڕادەرە لا پەیدا کردم، بۆیە یەکسەر بە شێوازێکی نائاسایی پێم گوت: **(هاوڕێ ئایا بە کوشتنی ئەو بەرپرسە دیموکراتییەت و چارەنووسی ململانێ چینایەتی سەردەکەوێ)**. لە وەڵامدا ئەو بڕادەرە تۆزێ بە تووندی وەڵامی دامەوەو گوتی: **(ماوەیەکە هەست دەکەم جۆری بیرکردنەوەت گۆڕاوە، فیکری قەومی زاڵە بەسەرتا، واپێ دەچێت کوشتنی ئەو** (زەلامەت) **پێ ناخۆشبێت، دەبێت ڕەخنە لەخۆت بگریت دەنا "**موحاسەبەت**" دەکەم)**. ڕووداوی ئەم کۆبوونەوەیە سەرەتای لێکترازانی پەیوەندی ڕێکخستنم بوو لەریزی حزبی شیوعی عیراقی، کە دەڵێم پەیوەندی

نووسەر لەسالّی ١٩٦٣دا

تەنزیمی یانی دوورکەوتنەوەم بە رەسمی پاش چەند رۆژ بە نامەیەك ئیستیقالەم ئاراستەی ناوچەی کۆیە کرد، بەلّام زۆر بە هێمنی کە دواتر چەند لە برادەران هەولّیان لەگەلّ دام بگەڕێمەوە، بەلّام بڕیاری کۆتاییم دابوو، بەلّام ئەمەیان نەبووە، هۆکاری دوورکەوتنەوەم لە هاوڕێ و دۆست و برادەرانی حزبی شیوعی کە تێیدا تاکو پاش کودەتا رەشەکەی (٨)ی شوباتی سالّی ١٩٦٣ هەر بە شیوعی دەناسرام. بۆیە کاتێ فەرمانی گرتنی شیوعییەکان لە کۆیە دەرچوو پاش کودەتا یانی لە کۆتایی مانگی شوباتی سالّی ١٩٦٣ **(بەندە)** ئەوکاتە لە پۆلی سێیەمی ناوەندی بووم لەگەلّ مامۆستایەکی عەرەب بەناوی مامۆستا **(قاسم)** کە مامۆستای بیرکاری بوو سالّێك پێشووتر بە هۆی بیروباوەڕی شیوعییەتی لە بەغداوە بۆ کۆیە **(ابعاد)** کرابوو، فەرمانی گرتنمان دەرچووبوو، سەر لەبەیانی ئەو رۆژە **(حەسەن ئەفەندی)** کە ئەوکاتە مفەوزی ئەمنی کۆیە بوو خۆی و دوو پۆلیسی چەکدار هاتنە قوتابخانە تا بمانگرن، بەلّام خوالێخۆشبوو **(سەید بەکر)** کە فەرمانبەر بوو لە قوتابخانە، ئەویش هەواداری حزبی شیوعی بوو زانیبووی هاتوونەتە لای مودیری قوتابخانە، کە ئەوکاتە **(مامۆستا سدیق عەبدولقادر)** بوو داوای بەندە و مامۆستا قاسمی کردبوو، یەکسەر مامۆستا سدیق عەبدولقادر بە **(ئیشارەتێك)** **(سەید بەکر)** تێدەگەیەنێ تاکو ئاگادارمان بکات، ئەوکاتە ئێمە لە **(پۆل)** بوین، کاتێ سەید بەکر هات و گوتی مامۆستا قاسم تۆ و فەرهاد مودیر بانگتان دەکات کە هاتینە دەرەوە سەید بەکر پێی گوتین: **(حەسەنە فەندی) هاتووە بۆ گرتنی ئێوە فریای خۆتان کەون)**، ئەوجا من لە پێشەوەو مامۆستا قاسم بەدوامەوە

لەسەر شورەی مەکتەب بازماندداو یەکسەر بۆ لای **(چیای باواجی)** لە ناوچەیەك پێی دەڵێن **(زرێبار)** لە مالّی خوالێخۆشبوو **(حەمەد ئەمین باپیر)** کە باوکی قوتابی **(عەبدولڕەحمان)** بوو، کە ئەویش پێشووتر شیوعی بوو، بەندەش لێپرسراوی بووم، کە ئەوکاتە باوکی خاوەن مەڕومالّات بوو لەو ناوچە شاخاوییە ڕەشمالّی هەڵدابوو **(کۆز)**ی بۆ مەڕ و مالّاتی دروست کردبوو لای ئەو پیاوە بەڕێزە ماینەوەو **(تفەنگە)**کۆنەکەی لەژێر **(لبادێکی)** ڕاخراوی بن ڕەشمالّەکە دەرهێناو گوتی **(فەرموو دانیشن، پیاوم دەوێ نزیکتان بکەوێ)**. ئەوسا مامۆستا قاسم ئارام بووەو دەستمان کرد بە **(شیر)** خواردنەوە.

ماوەی دووشەو لەو شوێنە ماینەوە تا کاتێ **(بارام)**ی پوورزام بە هەڵەداوان ئێوارەی ڕۆژی دووەم هاتەلامان پێی ڕاگەیاندین کەوا ئەو ڕۆژە شاری کۆیە یەکجار شڵەژاو بووەو شەو پێشمەرگەیەکی زۆر هاتوونەتە لامان، هەندێ لەوانە چەند پێشمەرگەیەکی **(بارزانی)**ن کە ژمارەیان (١٠) کەسن هاتوونەتە مالّی **(ئێمە)**، چونکە سبەینێ **(مەلا مستەفای بارزانی)** دێتە کۆیە و کاتێ لێپرسراوی ئەم دەستە پێشمەرگەیەی بارزانی پرسیاری خاوەن مالّیان کردووە، دایکت پێی گوتوون (باوکی مندالّان لە نوگرە سەلمان لەسەر کوردایەتی، ئەوە سالّێکە حەپسە و فەرهادی کوڕیشم کە چاوساغی مالّەکەیە **(ئەمری حەپس کردنی لە دائیری ئەمنی کۆیە دەرچووەو لە چیای باواجی خۆی شاردۆتەوە)** لێپرسراوی دەستەکەش یەکسەر بەدایکمیان گوتووە **(هەر ئێستا بەدوای فەرهادی کوڕت بنێرە بێتەوە مالێ، هەر (سەگبابێکیش) نزیك مالّەکەشتان بکەوێ بەم تفەنگە دەی تۆپێنم)**، لەو سەروبەندەدا باوکیشم لە حەپسخانە بە لیستی شۆڕش ئازاد کرا، پاش سێ چوار ڕۆژی دواتر و هاتنی دەستەیەك پێشمەرگەی بارزانی بۆ مالّی ئێمە کە هاوکات لەگەڵ هاتنی خوالێخۆشبووان **(عەباس مامەند ئاغای ئاکۆ واحیدی حاجی مەلو و ئەحمەد تۆفیق یانی (عەبدوللّا ئیسحاقی) سکرتێری ئەو سەردەمەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) و مەلا برایمی پیاوی نزیك بارزانی و سالّح میران و لەگەڵ شێخ تەحسینی میری ئێزیدیان و شێخ جەلالی برای بۆ مالّی ئێمە، چونکە (بارزانی نەمر) لە مالّی خوالێخۆشبوو (کاکە زیاد ئاغای غەفوری) دابەزیبوو مالّی ئێمەش دراوسێی دیوار بە دیواری مالّی کاکە زیاد بوو و نەدەکرا ئەو هەموو میوانە لە مالّی کاکە زیاد بن، بۆیە**

ئەو زاتانەی کە ناوم هێناون لە مالّی ئێمە میوان بووون)و شەوانە دەچوونە مەجلیسی بارزانی، بۆیە کە لێرەدا باس لەو رووداوە دەکەم، چونکە خالّێکی وەرگەڕانی ژیانی سیاسیم بوو وەکو لە پێشەوە باسم کردووە، کە چۆن پێش چەند مانگێك لەو رووداوە لە حزبی شیوعی دوور کەوتمەوە و هۆکاری دەروونیش بە گەڕانەوەی باوکم لە **(نوگرە سەلمان)** سەرەڕای گەڕانەوەی خۆم بۆ مالّەوە، پاش راوەدوونانم لەلایەن ئەمنی کۆیە زەمینەی بەهێز کردنی قەناعەتی ویژدانی و سیاسی کورداییەتیم بوو، بەلّام ئەوەی مەسەلەکەی بە تەواوی یەکلایی کردەوە، **(بەخزمەت گەیشتنی بارزانیی نەمر)** بوو لە کۆیە شەوێکیان میوانانی خوالێخۆشبوو کە لە مالّی ئێمە میوان بوون، دەیانزانی کە بە پەڕۆشم بۆ دیتنی بارزانی **(لە زنجیرەی ژمارە (١٠)ی (من الذاکرة) لە گۆڤاری گولّان العربی ژمارە ١٨ لە ١٩٩٧/١١/٢٥)** بە درێژی باسم لەو رووداوە کردووە)، شەوێکیان لەگەلّ باوکم و جەماعەتێ میوان چووینە مالّی کاکە زیاد و بەدیدەنی بارزانی **(شاد)** بووم، بارزانی لە ئەندامانی مالّی ئێمە **(غەریب)** نەبوو، پێشووتریش زۆر جار بە گەورەییەوە ناوی دەهات، باوکیشم بە گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤیەت پاش ١٢ساڵ ئاوارەیی بۆ عیراق شیعرێکی بەناوی **(نامەیەك بۆ بارزان)**، لە ژمارە (٣٥)ی رۆژی ١٩٥٨/١١/٢٢ لە رۆژنامەی **(پێشکەوتن)**دا بڵاوکردۆتەوە کە دەڵێ:

نامەیەك بۆ بارزان

ئەی سروەی شەمالّ، کزەی بەر بەیان
فیدات بم هەڵسە، بڕۆ بێ وچان
نامەی گوشادی کوردو کوردستان
هەڵگرە بیبە بۆ شاخی بارزان
بڵێ مژدە بێ ئەی کێوی سەربەرز
دێنەوە ولّات شێرانی نەبەز
رۆڵەی ئازادین، هاوڕێی دڵسۆزن
خەمخواری گەل و خاکی پیرۆزن
ئەوان رابەری گشت تیرە و هۆزن
بانگدەری مژدەی جەژنی نەورۆزن

بڵێ موژدەبێ، موژدەی یەکجاری
گەل رزگار ئەبێ لەدەست زۆرداری
بڵێ مژدەبێ بەسەر چوو گریان
بەسەر چوو رۆژی شین و قوڕ پێوان
بەسەر چوو بۆ گەل کەلەپچە و زیندان
ئاسایش خوازی بکرێ بەتاوان
کاروانی گەلان لەرێی ئازادی
دێتە گوێ دەنگی زەنگۆڕێ شادی
ئەوجا بای شەماڵ لەوێوە بڕۆ
بۆ دهۆك، ئاکرێ، ئامێدی، زاخۆ
بۆ مووسڵ، ژەنگار، دیاربەکر، شنۆ
بۆ سنەو سابلاخ، سلێمانی، کۆ
بەسەر کەرکووك و هەولێر رابەرە
گوێ لە ئاوازی ئازادی بگرە
ئەوجا بای شەماڵ رۆیشت گەڕاوە
گەشتێکی وایکرد لە هەموو لاوە
لەشار، لەلادێ، لەم لا، لەولاوە
هەرچی بیستبووی بۆمی گێڕاوە
ئەڵێ هەر کوردە وەك شێری ژیان
سوێند ئەخوا بە کورد خاکی کوردستان
لەمەولا ئەبێ هەر تێکۆشەر بین
بەوێنەی تیرو شیر و خەنجەر بین
هەڵبڕی ئاسك و گیانی تێکدەر بین
کوشندەی هەموو چینی شەڕکەر بین
هەر بە تێکۆشان بە هەوڵ و خەبات
گەل ئازاد ئەبێ ئەگات بە ئاوات

سـوێند بـەو دارە بـێ لـەبن قـووت کـرا
سـوێند بـەو بـەردە بـێ بـەخوێن سـوورکرا
سـوێند بـەو دایکـە بـێ کـە جـەرگی بـڕا
سـوێند بـەو باوکـە بـێ کـە رۆڵـەی کـوژرا
سـوێند بـە سـێدارە و بـەخوێنی گـەش بـێ
سـوێن بـە وڵاتـی کـوردی بـەش بـەش بـێ
کـۆڵ نـادەین ئێمـە هـەرگیز ناوەسـتین
زۆر زۆر لەمێـژە هـەرگیز ناوەسـتین
خـاوەنی هـۆش و زانـین و هەسـتین
ئـەبێ یـەک بـیر و یـەک دەنـگ و هەسـت بـین
ئێمـەش ئێسـتاکە ئـازادی خـوازین
بـۆ گشـت گـەلان و بـۆ کـورد دەخـوازین
کـوردیش خـاوەنی نیشـتمانێکە
لەمێـژووی گـەلان قارەمانێکـە
بـیری یـەکێتی کوردسـتانێکە
تایبـەتی خـاوەن کـە داسـتانێکە
بـۆ کـورد سەربەسـتی و سـەربەخۆیەتی
مـاف خۆیـەتی مـاف خۆیـەتی

کاتێ باوکم دەقی شیعرەکەی بۆ جەماعـەتی میـوانی خوێنـدەوە، وای لـە خوالێخۆشـبوو ئەحمەد تۆفیق کرد داوای شیعرەکە لە باوکم بکات کە بە خەتی خۆی بۆی بنووسـێتەوە، چونکە پاش ئەوەی کە گوێی لە شیعرەکە بوو دوو سێ جار لەسەر یـەک گـوتی **(ئافـەریم بەڕاستی شیعرێکی "جالب"ە)** یانی سەرنج راکێشە.

دیتنی بـارزانی و قسـەو هەڵوێسـتی ئـەو شـەوە دەربـارەی هەنـدێ رووداوی وەکـو لـە پێشەوەتر ئیشارەتم بۆ کردووە، بیروبـاوەڕ و قەناعـەتی لام یـەکلایی کـردەوە، ئـەوەبوو پاش دەست پێ کردنەوەی شەڕ لە (١٣)ی حوزەیرانی ساڵی (١٩٦٣) کە ئێمە چـەند رۆژ

پێشووتر بەرەو سنووری عیراق و ئێران چووبووین لە گوندی **(هەڵشق)** گیرساینەوە، پاشان منیش چوومە ریزی پێشمەرگەو لە دادگای بەرزی شۆڕش لە ماوەت بوومە **(کاتب)**، شانەی یەکەمی ناو پارتیم مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ هاوینی ساڵی ١٩٦٣، کە تێیدا بۆ یەکەم جار **(بەندە و کاك سەباح جەلال و خوالێخۆشبووان کەمال ئەحمەد بەرقی ئەفسەری پۆلیس کە موحەقیق عەدلی دادگابوو، تاهیر سالّح فەتاح مولازمی یەکەمی پۆلیس کە بەڕێوەبەری گشتی دادگابوو)**، یەك شانەی حزبی کۆیکردینەوەو لێپرسراوەکەشمان مامۆستا **(عوسمان)**یك، کە کادیری کەرتی دووی **(ماوەت)**ی ئەو سەردەمە بوو، تاکو کۆتایی رووخانی حکومەتی بەعس و وتوویژی نێوان سەرکردایەتی شۆڕش و حکومەتی عەبدولسەلام بەردەوام بوو، کە پاش راگرتنی شەڕ بە چەند مانگێك گەڕاینەوە کۆیە و بە **(خارجی ئیمتیحان)**ی بەکەلۆریای سێی ناوەندیماندا تێیدا سەرکەوتین. بەداخەوە لەو سەروبەندەدا **(گەورەترین لێکترازان – انشقاق)** لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان رووىدا، کە دیسان سەد جار بەداخەوە گەورەترین زیانی بە بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کوردستان گەیاند، کاتێ کە بیر لە رۆژانی پێش ئەو لێکترازانە دەکەمەوە پارتی دیموکراتی کوردستانم بەشێوەیەك دێتە بەرچاو کە دەتوانم بڵێم **(رێکوپێکترین و بەجەماوەرترین و شۆڕشگێڕترین حزبی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو)**، دیسان سەد جار بەداخەوە کارەساتی ئینشیقاقی لێ کەوتەوە، تێیدا بەندە بە ئارەزوو، بە قەناعەتەوە بوومە تەرەفگیری ئەو لایەنەی کە بارزانیی نەمر سەرکردایەتی دەکرد و یەکەم شانەی کە لە کۆیە پاش ئینشیقاق دروست بوو کاری پارتایەتیم تێدا ئەنجامدەدا، بریتی بوون لە کاك عەزیز سەربەست سەرۆك شانەمان و لەگەڵ خوالێخۆشبووان سەید عەلی نەجار و سەید حەمەد ئەمین–ی موختاری گەڕەکی قەڵات لە کۆیە، کە هەمیشە لە دوکانەکەی خوالێخۆشبوو **(وەستا زاهیری نەجار)**، شەریکی سەید عەلی بوو، ئەویش پیاوێکی کوردپەروەر بوو، کۆبوونەوەمان تێیدا دەکرد. دواتریش دەستمان بە شانە دروست کردنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان کرد، کە مامۆستا **(عەلی)** مامۆستای بیرکاری بوو خەڵکی ناوچەی شێخان بوو، مرۆڤێکی پاکی کوردپەروەربوو، سەرپەرشتی رێکخستنەکانی ناو قوتابیانی ئێمەی دەکرد تاکو پاییزی ساڵی ١٩٦٦ کە تێیدا چوومە

نووسەر لەگەڵ ڕێزدار سەرۆك مسعود بارزانی، لەبارەگای ڕۆژنامەی (برایەتی) ساڵی ١٩٩٤

زانکۆی بەغداو لە کۆلیژی **(ئابووری و زانستە سیاسییەکان)** وەرگیرام، لێرەدا نامەوێ باس لەو قۆناغە بکەم، چونکە باسی زۆر کراوەو بەدرێژیش لە زنجیرەکانی **(من الذاكرة)** لە گۆڤاری **(گولان العربي)** باسم لێوە کردووە، بەڵام هەر هەندە دەڵێم لە سەرەتادا بە چەند قوتابییەك دەستمان پێ کرد و شانەمان دامەزراند و پاشان لە هەر کۆلیژێك لیژنەیەك ئەوجا لقەکانی پارێزگاکان، بەڵام ڕێکخستنەکانی زانکۆی بەغدا کە **(خانەقین و کوت و بەسرە)**شی لەگەڵ دابوو، مایەی سەرنج راکێشانی هەموو لایەك بوو بەتایبەتی جموجوڵە سیاسییەکانی بە شێوەیەك ڕێکوپێك بەدیسپلین بوو، بووە مایەی پێخۆشحاڵی و ڕێز لێنانی بارزانیی نەمر، بۆیە کاتێ ئێمەی ئەندامانی مەکتەبی ناوەندی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، کە بریتی بوون لە **(ئەنوەر عەبدوڵڵا، قادر حەمە ئەمین، جەواد شێروانی، جەلال خۆشناو، بەندە)** لە **(دیلمان)** بۆ ماوەی شەش سەعات لەگەڵمان دانیشت، بەوپەڕی ڕێز و خۆشحاڵییەوە ئێمەی بە سەفیری کورد لە بەغدا وەسف کرد و ڕێنمایی بە سوودی کردین، کە ئەویشم لە زنجیرەکانی **(من الذاكرة)** لە **(گولان العربي)**دا

بڵاوکردۆتەوە. لە کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان کە لە ١٩٧٠/٧/١٤ لە ناوپردان بەستراو بوومە سکرتێری گشتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، کە تاکو کۆنگرەی حەفتەم کە لە ١٩٧٢/٣/٢٩ بەسترا مامەوە، بەڵام لە کۆنگرە رازی نەبووم بەهیچ شێوەیەك خۆم هەڵبژێرمەوە و پاشان بە تەکلیفی شەهید سامی عەبدولڕەحمان و لە سەر راسپاردەی مەکتەبی سیاسی بووم بە مودیری ئیدارەی **(دار التآخي)** کە هەردوو رۆژنامەی التآخي و برایەتی تێدا دەردەچوو، سەرەڕای ئەوەی لێپرسراوییەتی کارگێڕی دەزگام لە ئەستۆ بوو سەرپەرشتی سیاسی بابەتەکانی برایەتیم دەکرد و بۆ **(التآخي)**یش بابەتەکان لەلای منەوە دابەش دەکران و تێبینی خۆم بۆ سەرنووسەر خوالێخۆشبوو **(دارا توفیق)** دەربارەی بابەتەکان دەخستەڕوو و بۆم دەنووسی، کە تاکو رۆژانی پێش ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٤ بەردەوام بوو ئەوجا لەگەڵ خێزانی **(دار التآخي)** بەرەو کوردستان بارگەمان تێك ناو چوینە ناو شۆڕش، لێرەدا پێش ئەوەی بچمە ناو ئەو رۆژانەی نێوانی یازدەی ئاداری ساڵی ١٩٧٤ و رۆژە رەشەکانی کە نسکۆی تێدا روویدا، دەمەوێ دەربارەی مەسەلەیەك بدوێم کە پەیوەندی بە **(بەندە)** و **(التآخي)**یەوە هەیە تێدا گەورەو بچوك نزیك و دوور دەزانن کە (فەرهاد عەونی) چ رۆڵێکی لە ئیدارەی ئەو رۆژنامەیە هەبوو، تەنانەت **(مەکتەبی سیاسی)** پارتی ئەو سەردەمە **(جناح)**یکی لە باڵەخانەی ئەم، رۆژنامەیە کە لەسەر شەقامی گشتی **(السعدون)** بوو ئیشغاڵ کردبوو، تێدا رۆژانە ئەندامانی **(م.س)** کە لە بەغدا دەبوون بە سکرتێری گشتی پارتی ئەو سەردەمەشەوە، مامۆستا **(حەبیب محەمەد کەریم)** بوو لە جیاتی دەوام کردن لە بارەگای لقی (٥)کە لە شەقامی دڵڤێنی **(ابو نواس)** بوو لەو **(جەناحە)**ی **(التآخي)** کارەکانیان ئەنجام دەدا، بەتایبەتی ئەو رۆژانەی کەوا کێشە لە نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول و حکومەتی **(بەعس)** دروست دەبوو ئەو مەکتەبە یاخود ئەو **(جناح)**ە وەکو شانەی مێش هەنگوینی لێ دەهات تێیدا **(بەندە)** ئیدارەی ئەم شوێنەشی دەکرد، سەرەڕای (فۆتۆکردنی کۆنووسی گفتوگۆیەکانی نێوان پارتی و بەعس و پاراستنی نهێنییەکانی، هەروەها تەکلیف کردنم لەلایەن پارتیەوە لە رێگای شەهید سامی عەبدولڕەحمان و شەهید دارا تۆفیقەوە بە هەندێ ئەرکی حیزبی دوور لە پلەی پارتایەتی و جۆری بەپرسیاریەتی، کە

بە هەندێ کەس نەدەکرا **(سەرەڕای پلەو پایەی وەزیفی و حیزبی)**، تەنیا نموونەیەک دەهێنمەوە ئەویش ئەرکی بردن و گەیاندنی نامەی تایبەتی **(بارزانیی نەمر)** بوو بۆ کۆنگرەی ولاتانی **(عدم الانحیاز)** کە ئەوکاتە لە جەزائیری پایتەختی ولاتی الجزائر دەبەسترا بە **(بەندەو برای خۆشەویستم کاك عادل موراد)** سپێردرا، ئەمیشیان بابەتێکی ئەلقەی (٢)ی (**من الذاکرة**)یە کە لە ژمارە (١٠)ی گولان العربی لە ١٩٩٧/٣/٢٥ بلاوکراوەتەوە.

جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانە کە هەندێکیان **(مەترسی داریوون)** بۆ هۆکاری راستەوخۆی ئەوکاتەی **(بارەگای بارزانی)** هۆشیاریمان بدەنێ دەربارەی خۆپاراستن و ئاگاداری لە دەوروپشت. **(تەنانەت رۆژێکیان کاکە دارا تۆفیق)**ی شەهیدی جوانەمەرگ لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٣ کاتێ لە یەکێ لە کۆبوونەوەکانی **(کۆمیتەی ناوەندی)** لەناوپردان گەڕایەوە، وەکو عادەتی هەمیشەیی هاتە ژوورەکەی من تێیدا لەگەڵ مەکتەبی ئەو لەیەك **(شوقە)**ی سەربەخۆی نهۆمی ئەو باڵەخانەیە بووین، پاش دانیشتنێکی (٥)دەقیقەیی دەستی بۆ جانتا رەشە چەرمەکەی برد و کردییەوەو دەمانچەیەکی تازەی جۆری چواردەخۆری لێ دەرهێناو دایە دەستم و پێش ئەوەی من دەمم بکەمەوە گوتی: **(فەرمو ئەو دەمانچەیە دیاری بارەگای جەنابی "بارزانی") یە بۆتۆیە و دانەیەکیشم بۆ (فلك الدین) هێناوەو رێنماییشیان ئەوەیە کە ئاگاداری خۆتان بن)** دیسان لە یەکێ لە رۆژانی هاوینی ساڵی ١٩٧٤ کاتێ بەندە لەگەڵ هەردوو برای زێدە خۆشەویستم کاکە د.کەمال مەزهەر و کاکە جەلالی عومەری سام ئاغا لە ناوچەی **(ئازادی)** کە نزیك بە حاجی ئۆمەرانەوەیە، ئەوکاتە ئەمانەتی گشتی راگەیاندن و رۆشنبیری و لاوانی لێ بوو، بە پیاسە بەرەو بەرزایی گوندی **(زینوێ شێخی)** هەڵدەگەڕاین، باس هاتە سەر ئەو رۆژەی کە تێدا گەلی کوردستان بە تێکڕایی مانیان گرتبوو دژی ئەو سیاسەتە بە عەرەب کردن و شۆڤێنستەی حکومەتی بەعس کە بەرامبەر رووداوەکانی ئەو رۆژانەی ناوچەی **(شنگار)** پیادەی دەکرد، تێیدا لەم رۆژەدا ئێمەش لە **(التآخي)** شان بەشانی جەماوەری گەلەکەمان مانمان گرتبوو، دەرگای باڵەخانەکەمان پێوەدابوو، بەڵام سەعات (١١)ی

لەراستەوە: شەهلاخان، هاوسەری دکتۆر کەمال مەزهەر، دکتۆر کەمال مەزهەر، نووسەر
لەژێر پەیکەری هەژاری موکریانی لە مەسیف سەلاحەدین

پێش نیوەڕۆی ئەم ڕۆژە هەردوو بڕای بەڕێزم **(د.کەمال مەزهەر و د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف)** هاتنە سەرەوە تێیدا بەندە بە تەنها لە ژوورەکەی خۆم سەرقاڵی وەرگرتنی ڕاپۆرت و دەنگوباسی کوردستان بووم بە تەلەفۆن لە لقەکانی پارتی و پەیامنێرانی **(التآخي)**یم وەردەگرت، کاتێ ئەو دوو بەڕێزە هاتنە ژوورەکەی من **(د.کەمال مەزهەر)** یەکسەر هاتە قسەو گوتی **(کاکە فەرهاد...من و د.ئەوڕەحمان هاتووین وەکو وەرگرتنی هەڵوێست لەگەڵ تێکڕای گەلی کوردستان بەرامبەر بەو**

سیاسەتە چەوتەو نالەبارەی حکومەتی بەعس بەرامبەر بە سنجاری خۆشەویست، باشترین جێگاش بۆ نیشاندانی ئەم هەڵوێستە لە بەغدا بارەگای (التآخي) یە، بەڵام باشە بۆ بە تەنهای لێرە ! ؟) ڕۆژانێك ڕۆیی و ڕۆژانێك هات سەر لە ئێوارەی ڕۆژێکی ناو شۆڕشمان کاتێ هەرسێکمان **(د.کەمال و کاکە جەلالی عومەری سام ئاغا و بەندە)** بەرەو **(زینوێ)** هەڵدەکشاین و قسەوباس هاتە سەر ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژەو ڕۆژانی دیکە، کاکە د.کەمال ڕووی لە کاك جەلال کرد و گوتی: **(کاکە جەلال بەسەری تۆ ئەو کاك فەرهادە دینەمۆی ئەوکاتەی التآخي بوو)**، لەلایەکی دیکەشەوە، کاکە **(حەمەی مەلا کەریم)**یش، کە هەمیشە پشت و پەنای **(التآخي)** و کاکە دارا بوو، لە هەموو بارێکەوە تاکو ڕۆژانی چوونی بۆ مۆسکۆ بەمەبەستی خوێندن، لە ژمارە (٣)ی گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی کە لە کۆتایی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٠دەرچووە، کاکە حەمە بابەتێکی لەلاپەڕەکانی (٩–١٧) لەژێر ناوی **(چەند لاپەڕەیەك لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی ڕۆژنامەنووسێکی خانە نشین)** بڵاوکردۆتەوە تێیدا لە بڕگەیەکی دەڵێ **(کاك دارا تۆفیق)** هەندێ کادری کارامەی عەرەبی هێنایە ڕۆژنامەکەوە. لەوانە (**ضیاء المرعب و جعفر یاسین و رشدی العامل و عبدالغنی الملاح**) و لە کوردانیش (**د.عزالدین مستەفاو سالّح حەیدەری و بەدرخان سندی و محەمەدی مەلا کەریم و کامەران قەرەداغی و...هتد**).

هەر لەو سەردەمەیشدا کاك فەلەکەددین کاکەیی کە لە پێشترەوە **(حلاجیات)**ی بە ئیمزای **(أ.پرشنگ)** بڵاو دەکردەوە لە زیندان هاتە دەر و ڕاستەوخۆ لە تەئاخی دامەزرا، ناوبراو بابەتی جوان و ناسکی بۆ ڕۆژنامەکە دەنووسی و نووسینەکانی زۆر بە دڵی خوێنەران بوون. هەر لە سەردەمی کاك دارایشدا بوو کاك فەرهاد عەونی هاتە ڕۆژنامەوەو بوو بە بەڕێوەبەری ئیدارەو سکرتێر و ڕاوێژکاری کاك دارا. هەر لەم قۆناغەدا بوو، چەندین جار وەکوو ڕۆژنامەنووس بەنوێنەرایەتی دەزگای **(دار التآخي)** سەردانی دەرەوەم کردووە، یەکێك لەوانە سەردانی وڵاتی ڕۆمانیای سۆسیالیست بوو، بەداوەتێکی ڕەسمی ڕۆژنامەی **(سکانتیا)**ی ئۆرگانی ناوەندی پارتی کۆمەنیستی ڕۆمانیا بۆ ماوەی دوو هەفتە لەگەڵ (١٢) ڕۆژنامەنووسی وڵاتانی جیاجیا بانگهێشت کرابووین. ئەم بابەتەشم لە گۆڤاری (گوڵانی العربی) ژمارە (٩) لە ١٩٩٧/٢/٢٥ لە ژێر ناوی **(من الذاکرة**

١) بەناوونیشانی **(كوردستان كانت حاضرة معنا في رومانيا قبل ٢٤ عاماً)**، پاش گەڕانەوەشم لەم گەشتە بابەتێکم لە ژمارە ١٣٨٦ی (التآخي) رۆژی ١٩٧٣/٧/١٧ لە لاپەڕە (٢)دا بڵاو کردۆتەوە تێیدا هاتووە: (**ان الشعوب الصغيرة والمظلومة تجد بصعوبة بالغة اصدقاء حقيقيين لها بسبب تداخل المصالح في العلاقات الدولية لا سيما منذ بداية الستينات وانخفاض حدة التوتر الدولي وتقليص سياسة الحرب الباردة ومع هذا نرى ان الشعب الروماني وحزبه الشيوعي قد ابديا تفهماً عميقاً للمسألة الكوردية في كردستان العراق وحركة شعبنا بقيادة البارزاني بأعتبارها الحركة التحررية للشعب الكوردي كجزءٍ هام من حركة التحرر العالمي وأكدوا خلال تلك الزيارات المتبادلة وقوفهم بجانب الحقوق القومية للشعب الكوردي وثمنوا استقلالية قيادة الحركة الكردية وعدم القبول بفرض الوصايا عليها والتدخل في شؤونها الداخلية كأنعكاس لطبيعة الحركة وتقدميتها**).

کاتێکیش کە **(نیکۆلای شاوشیسکۆ)**ی سکرتێری حزبی شیوعی و پیاوی یەکەمی دەوڵەتی رۆمانیا لە ١٩٧٤/٢/١٩ سەردانی عیراقی کرد، هەر پاش دوو رۆژ (١٩٧٤/٢/٢١) لە سەعات چوار و نیوی پاش نیوەڕۆی ئەو رۆژە مامۆستا **(حەبیب محەمەد کەریم)**

ئاسەواری بەڕێوەبەرایەتی گشتی لاوان لە ئەمانەتی گشتی راگەیاندن و رۆشنبیری و لاوان لە دەربەندی رایات، سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٤ تاکو نسکۆی شۆڕش، پاش (٢٧)ساڵ – بەکامێرای نووسەر

سکرتێری گشتی ئەو سەردەمەی پارتی دیموکراتی کوردستان بە نوێنەرایەتی (**بارزانیی نەمر**) لە کۆشکی بەغدا (**قصر بغداد**) سەردانی شاوشسکۆی کە تێیدا (بەندە)ش وەکوو رۆژنامەنووس و نوێنەری التآخي ئامادەی تەواوی دیدارەکە بووم. ئاشکراشە ئامادەبوونی رۆژنامەنووسێك لەو جۆرە دیدارانەدا و لەو ئاستە بەرزەدا چ مانایەك دەبەخشێ.

لێرەدا ئەم چەند دێڕانەم وەکو بەڵگەیەکی زیندوو هێنایەوە (**که شایەد حاڵەکانی**) لە سایەی خواوە زیندوون و هیوای تەمەن درێژییان بۆ دەکەم بۆ ئەوەی خوێنەری خۆشەویست بزانێ زۆر جار هەندێ لە (**رۆشنبیر و روناکبیر**)ی گەلەکەمان چۆن (**سەقەتانە**) بیردەکەنەوەو لایان وایە بەری رۆژ بە بێژنگ دەگیرێ.

کرۆکی ئەم چەند دێڕەش بۆ مەسەلەیەکە تێیدا رەخنەی تووندم ئاراستەی ئەو (**فیلد مارشاڵ و سوپەر رۆشنبیرە**)دەکەم کە لە دەورەی دەرچوونی رۆژنامەی (**التآخي**) پاش

التآخي
جريدة عامة سياسية
تصدر باللغتين العربية والكوردية
شارع الرشيد - سنك
بغداد
العدد / الادارة / ٦٦٦
التاريخ / ١٩٧٣/٥/٢٠
الى / مديرية المطبوعات العامة
تحية طيبة:
يطيب لنا ان نرجو ارسال جريدة واحدة من كل جريدة سياسية يومية
لسان حال الحزب الشيوعي الروماني عند صدورها باسم البريد الجوي
على عنوان مدير ادارة جريدة التآخي لغرض نشر خبر عنها في عدد
قريب. تحسبون جهة سكوه وشكرنا اليكم سلفا عن الخدمة المطلوبة
ويجوز سكوه اجرة البريد الجوي.
مع فائق الاحترام
رئيس التحرير
نسخة منه الى /
الادارة والاعلانية
الاضبارة الخاصة
الوطن امه

الهواتف
صاحب الامتياز ٨٩٤٢٤
رئيس التحرير ٨٩٤٣٠
الاعلان والاشتراك ٨١٦٠٢
الاعلان في المطبعة ٨٨١٣٦
المحررون والمحاسبة والادارة
بدالة ذات خطين ٨٦١٨١
٨٦١٨٢

رووخانی رژێمی (**صدام**)، تێیدا (**بەندە**) دیسان بە حوکمی لێپرسراویەتی کاری حزبیم وەکو لێپرسراوی دووەمی لقی پێنج لە بەغدا چ رۆڵێکم بینی لە وەرگرتنەوەو ئامادەکردنی باڵەخانەو چاپخانەکەو کەرەستەی چاپ کردن کە پاشان بە فەرمانی سەرۆك مسعود بارزانی کە ئەو کاتە لە بەغدا بوو، هەموویم تەسلیم بەلایەنی پەیوەندیدار کرد. سەرەڕای ئەو هەموو راستیانە کاتێ ئەو سوپەر رۆشنبیرە ساڵ و

التآخي

جريدة يومية
تصدر عن دار التآخي للطباعة
والنشر - بغداد

الدورة الأولى (١٩٦٧-١٩٦٩)

صاحب الامتياز ورئيس التحرير:
صالح اليوسفي
هيئة التحرير: حبيب محمد كريم
المهندس شوكت عقراوي
المحامي نجيب بابان
محمد سعيد الجاف
عبدالله سعيد
(حل الاستاذ حبيب محمد كريم محل المهندس
شوكت عقراوي بعد استقالة الاخير)

الدورة الثانية (١٩٧٠-١١ آذار ١٩٧٤)

صاحب الامتياز: حبيب محمد كريم
رئيس التحرير: علي عبدالله (١٩٧٠)
دارا توفيق (١٩٧٠-١٩٧٤)

الدورة الثالثة (من ١٠/٥/٢٠٠٣-

رئيس مجلس الادارة المؤقت ورئيس التحرير:
فلك الدين كاكه يي
نائب رئيس التحرير:
محمد البدري
مساعد رئيس التحرير للشؤون الثقافية:
حسب الله يحيى
مستشار رئاسة التحرير:
د.عدنان حقي زنكنه
مدير التحرير: مخلص خوشناو
مدير الادارة والمالية: عبدالله بابان
مدير المطبعة: احمد شبيب
الدولية والاقليمية: د.فؤاد حمه خورشيد
العلاقات والتربية والتعليم: حسين الجاف
التصحيح والتنقيد: دارا صديق نورجان
المرأة: ميادة نورالدين
المراسلون والتحقيقات: هشام بدران
الصفحة الاخيرة والترجمة:
شاخوان ادريس
الرياضة: رضا كركوكي
الشباب: د.ازهار رحيم
الثقافة الكوردية: جمعة جباري
الأخراج الصحفي: سنكر حسين
المسؤول الفني: فريد شيوه زووري
التنضيد: سليمان خالد ازكه يي
الاشراف الطباعي والتصميم: مؤيد داود يار
الأشراف اللغوي: صادق الجلاد
الهندسية: توفيق احمد حسين
مكتب رئيس التحرير: رزكار محمود محمد

التآخي

جريدة يومية
تصدر عن دار التآخي للطباعة
والنشر - بغداد

الدورة الأولى (١٩٦٧ - ١٩٦٩)

صاحب الامتياز ورئيس التحرير :
صالح اليوسفي
هيئة التحرير : حبيب محمد كريم
المهندس شوكت عقراوي
المحامي نجيب بابان
محمد سعيد الجاف
عبدالله سعيد
(حل الاستاذ حبيب محمد كريم محل
المهندس شوكت عقراوي بعد
استقالة الاخير)

الدورة الثانية (١٩٧٠ - ١١ آذار ١٩٧٤)

صاحب الامتياز : حبيب محمد كريم
رئيس التحرير : علي عبدالله
(١٩٧٠)
دارا توفيق (١٩٧٠-١٩٧٤)

الدورة الثالثة (من ١٠/٥/٢٠٠٣)

نائب رئيس التحرير :
محمد البدري
سكرتير التحرير
كارزان صالح محمود
مدير شؤون الادارة والمالية:
محمد رزوقي ابراهيم
الأخراج الصحفي :
صباح احمد محمد

خـوول و نـاوی سەرنووسـەر و بەڕێوەبـەر و کارمەنـدە سـەرەکییەکان و لاوەکییـەکانی (**التآخي**) هەر لە سالّی ١٩٦٧ەوە تاکو رۆژانی ئـەمڕۆش رۆژانـە کـە تـاکو نووسـینی ئـەم بابەتەش بلّاو دەکرێتەوە، هیچ ناوێکی لە بیرو یاد نەچووە تـەنها نـاوی (**بەنـدە**) نـەبێت، نووسینوو نەنووسینی ناوی من بە قەدر تۆزقالّێك لـە مـن زیـاد و کـەم ناکـات، بـەلّام ئـەو کەسە زەرەرمەند دەکات کە بە دەستی ئەنقەست درۆ لەگەلّ مێژوو دەکات، بـە تایبـەتی بـۆ رۆشـنبیرێك کـە ئیـدیعای رۆشـنبیری و (**تەسـاموح و دیموکراتیـەت و شـەفافیەت و راستگۆیی**) بکـات لێـرەدا وتەیـەکی بـە نرخـی (**بـارزانیی نـەمر**)م دێتـەوە یـاد کـاتێ لـە دیدارێکی بەڕێزیان لەگەلّ دەستەی سەرکردایەتی یەکێتی قوتابیانی کوردسـتان لـە رۆژی (٦)ی مانگی شوباتی سالّی ١٩٧٠ لە (**دیلمان**) ئـەنجام درا تێیـدا بەنـدە لەگـەلّ پێـنج لـە ئەندامانی ئەو دەستەیە ئامادەی ئـەو دیدارەبووم، بـارزانیی نـەمر لـە کـاتی قسەوباسـی سیاسی هەمەجۆر کە تێیدا باسی رۆشنبیران کرا، فەرمووی (**مرۆڤی رۆشنبیر ئەوەیە کـە نێـوانی خـراپ و چـاك دەستنیشـان بکـات و رەشـوو سـپیش لێـك جیاکاتـەوەو بزانێـت مەسلّەحەتی میللەتەکەشی لە چ تەرەفێکدایە و حەقی کەسیش نەخوات و درۆش لەگەلّ میللەتەکەی نەکات، ئەگەر وانەبێت ئەسـلّەن نـە رۆشـنبیرەو نـە خوێندەوارێشـە**)، ئـەو بابەتەشم لەژێر ناوی (**"اللقاء كان في ديلمان" ذكريات عن لقاء تأريخي مع البارزاني الخالد تم في شباط ١٩٧٠ واستغرق ست ساعات كاملة..**) لە رۆژنامەی (**خـەبات**) ژمـارە ٦٨٢لـە ١٩٩٣/٧/٧ بلّاوکردۆتەوە).

کاتێ کە چووینە ناو شۆڕشـیش بەوپـەڕی حەماسـەتەوە کارمـان لـە ئەمانـەتی گشـتی راگەیاندن و رۆشنبیری و لاوان دەکرد، تێیدا وەکو بەڕێوەبـەری گشـتی لاوان ئەرکـەکانم بەجێ دەهێنا، هەتا رۆژانی (**نسکۆ**) نەمان دەزانی (**خەتەر و ماندووبوون چـییە**). پـاش نسـکۆی شۆڕشـیش بـە گەڕانـەوەمان قۆنـاغێکی تراژیـدیایی دیکـە دەسـتی پـێ کـرد، گەڕانـەوەشمان پـاش نسـکۆی شـۆڕش بـە (**خـەیاری**) شەخسـی نـەبوو، رووداوو هۆکارەکانیشم دیسان لە زنجیرەی (**من الذاكرة**)دا باس کردووە. قۆناغـە تراژیدییەکـەی پاش نسکۆ لە کەس شاراوە نییە، بەلّام کاتێ کە دێمە سەرگورشتەی خۆم رووداوەکان و هەڵوێستەکان خۆی لەو رووداوەی خوارەوە دەبینێتەوە:

پـاش نسـکۆی شـۆڕش و گەڕانـەوەمان بـۆ کوردسـتان یەکسـەر لەگـەڵ **(پـەروین)**ی هاوسەرم بڕیارماندا بگەڕێینەوە شاری **(کۆیە)**، چونکە پێشووتر مااڵم لە بەغدا بوو، بـەاڵم لەبەر ئەوەی بارودۆخی سیاسی لە بەرژەوەندی ئێمەدا نەمابوو کە لـە بەغـدا بمێنینـەوە، سەرەڕای ئەوەی کە تێکڕای کەلوپەل و ناومااڵی بەغدام بە کتێبخانـەو وێنـەو ئەرشـیفەوە لەالیـەن دەزگـای **(االمـن العامـة)**ی حکومـەتی بـەعس **(حجـز وهـراج)** کرابـوو، تـەنانـەت **(دەفتەری نفوسیشمان)** سەری تێداچوو. دیسـان ئـەو بابەتەشـم لـە ئەڵقـەی(١٥)ی **(مـن الذاكرة)** لە گۆڤاری گواڵن العربـی ژمـارە ٣٩ی ئـابی سـاڵی ١٩٩٩ بـاڵو کردۆتـەوە، لـەژێر ناوی (**مرثية لمحطات ثلاث تعرضت فيها ممتلكاتي ومكتبتي واوراقي للضياع.....**) بەاڵم دیسان بڕیارێکی ئاسان نەبوو، بەتایبەتی بۆ **(پەروین)** کە مـاڵی بـاوکی لـە کۆنـەوە هـەر لەبەغـدا بـوون و فێـری ژیـانی ئـەوێ بـوو، منـیش هـەروەها، وەنـەبێت بڕیـارێکی بـە قەناعەتـەوە بووبێـت، چـونکە دوورکەوتنـەوە لـە شـارێکی وەکـو بەغـدای ئەوکاتـە کـە مەڵبەندی رۆشنبیری و رووناکبیری و سیاسی ئەو سەردەمەبوو سـەرەڕای دوورکەوتنـەوە لە کەش و هەوایەك کە لە **(مانگی ئەیلوولی سـاڵی ١٩٦٦)**وە لەسـەری راهـاتبووم، بـەاڵم هەروەکو گوتراوە **(الرياح لاتجرى بما تشتهى السفن)** و لە کۆتاییدا لە کۆیە گیرساینەوە.

مـاوەی نزیکـەی سـاڵێك لـەماڵی بـاوکم بـووین، زۆرجـار بـە هەفتـەو مـانگ لەمااڵـەوە نەدەچوومە دەرەوە، چونکە خانووەکەمان تاکو بڵێی گەورەو دڵگیربوو لە هەر چوار الوە چیمەن و درەخت بوو کە پانتاییەکەی (١٥٠٠م) بوو، تێدا زۆربەی کاتەکەم بە

خوێندنەوەو گوێ گرتنی رادیۆ بەسەر دەبرد، بـەڵکو ئـەوە خوایـە گـوێم لـە هـەواڵێکی پەیوەند بە کوردەوە بێت و ناوەناوەش برادەرە ئـازیز و نیشـتمانپەروەرەکانم لـە کۆیـەو سـلێمانی و هـەولێر و کـەرکووك و دهـۆك و شـوێنەکانی دیکـەی کوردسـتان سـەردانیان دەکردم و ساتەکانمان بە باسی سیاسـەت و دەنگووباسـەکانی کـوردەوە بەسـەر دەبـرد، بەتایبەتیش لەگەڵ برای ئازیز و دێرینم (**عبدالموجود طه**)کە ناوە ناوە چ بەندە دەچوومە هەولێر و چ ئەو دەهاتە کۆیە، کە هەر لەسەرەتای یەکترناسینمان لە رۆژی یەکەمی دەوام لە کۆلیژی **(ئابووری و زانستە سیاسییەکان)** لـە مـانگی ئـەیلوولی (١٩٦٦)ەوە هەمیشـە شەوانە تاکو سەعات دوو و سێی شەو خەریکی خوێندن و خوێندنەوەو گفتوگۆبووین چ

لەو شوقەیەی کە لە **(عمارة الشيخلي)** لەسەر شەقامی شێخ عومەر یاخود لەو ژوورەی ژمارە (٨) ئوتێلی **(دنيا)** لە شەقامی **(السراي)** لە حیدەرخانە چوار ساڵی بەغدا پێکەوەبووین، لەسەر تێکڕای ئەو بابەتانەی کە پەیوەندی بە دۆزی کورد و سەرکردایەتی کورد هەبوو تێکڕای دەبوو زادەی رۆژانەی کارمان لەریزی **(یەکێتی قوتابیانی کوردستان)**، وابزانم تێکڕای قوتابیانی زانکۆی بەغدا ئەو سەردەمە ئاگاداری ئەو رەوشەی ئێمە بوون، کە چەند بەدڵ و گیانەوە سەرقاڵی کوردایەتی بووین، ئەو پەیوەندی و هاتووچۆیەش بەتایبەتیش دوای نسکۆی ئاداری ١٩٧٥و گەڕانەوەم بۆ کۆیە لە زیادبووندابوو تاکو ئەو رۆژەی کاك **(عبدالموجود)** تووشی بارودۆخێکی مەترسیدار بوو، تێیدا دامودەزگای ئەمنی هەولێر خەریکی گرتنی بوون لەسەر هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانەی و خۆڕاگری و رەتکردنەوەی چوونەریزی **(الجيش الشعبي)**. ئەوەبوو لە یەکێ لە رۆژەکانی هاوینی ساڵی ١٩٨٥ بڕیاری چوونە دەرەوەی داو تێیدا **(بەندە)** بە ئوتۆمبیلی خۆم بە خۆی و تێکڕای ئەندامانی خێزانی بەرەو کۆیەم بردن و پاش دوو رۆژیش مانەوە لە ماڵی مامۆستا مەجید فەقێ براو برادەری دێرین و مێردی کچی پووڕم، کە ماڵیان بە تەك ماڵی ئێمەوە بوو، لە کۆیەوە پاشان هەر بە ئۆتۆمبێلی خۆم بەرەو سلێمانی لە سلێمانیشەوە بەهۆی هەردوو جووتە بڕای کوردپەروەر **(جەلال و جەمالی حەمەعەلی)** برایانی شەهید **(نوری حەمەعەلی)** ئەوانیش بە ئۆتۆمبیلی خۆیان گەیاندیانە ناوچەی **(ئەحمەد ئاوا)** لەوێشەوە بۆناو شۆڕش. بە رۆیشتنی **(عبدالموجود)** تاڕادەیەك لایەکم چۆڵ بوو و بۆشاییەکی گەورەی بۆ دروست کردم.

پاش نسکۆ و گەڕانەوەمان بۆ کوردستان و لە یەکەم سەردانم بۆ بەغدا شەوێك لەگەڵ شەهید **(دارا تۆفیق)** و **(سیروان عەبدوڵڵا سەعید)** چووینە ماڵی خوالێخۆشبوو و نیشتمانپەروەری گەورە کاکە خەسرەو تۆفیق پاش باس و خواس و تاوتوێ کردنی بارودۆخی ئەم سەردەمە کاك **(خەسرەو)** رایەکی دەربڕی کە بەڕادەیەکی تەواو کاریگەریی لەسەر بۆچوونی ئێمە هەبوو دەربارەی کاری پارتایەتی، رایەکەش خۆی لەم ئامۆژگارییە دەدیتەوە کە پوختەکەی ئەمەبوو **(بۆ ئێوە "مەبەستی من و سیروان بوو" کە پێشووتر ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بووین و خەڵك دەتاناسن، نابێ کاری پارتایەتی ئاسایی بکەن "مەبەست لە شێوازی رێکخستنی پارتایەتی بوو)**، چونکە لە

یەکەم هەنگاو ئاشکرا دەبن و سەرتان تێیدا دەچێت، باشترین ڕێگا ئەوەیە کە ئێمە هەر هەموومان ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە پتەوتر بکەین و ئاگاداری یەکتری بین و بیروڕاکان لە ناو خۆماندا بگۆڕینەوە، کە دووڕە لە جۆری کاری حزبایەتی باشترین شێوازی ئەمڕۆی خەباتە و زامنی پاراستنی ریزەکانە، بێ ئەوەی حکومەت بتوانێ شتێکمان لەگەڵ بکات، هیچ بەڵگەیەکی دەست ناکەوێ، چونکە ئێمە لە بنەڕەتدا کاری حزبی ناکەین، بەڵام دەتوانین بەم شێوازە درێژە بە خۆڕاگری و گیانی ڕەتکردنەوە بدەین. ڕاوبۆچوونەکانی کاکە خەسرەو ئێمەی هەموو پابەندی ئەم شێوازە پەیوەندییە کرد کە تاکو ڕۆژانی ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕینیش کە ئەو لە مااڵی خۆی لە بەغدا بوو، ئەم پەیوەندییە لە نێوان زۆربەی ئەو برادەرانە بەردەوام بوو بە درێژایی ئەو ساڵانەش هاتووچۆی بەردەوام و گۆڕینەوەی ڕاو بۆچوونەکان و زۆر جاریش لە ڕێگای بەڕێزان (**هەڤاڵانی تێکۆشەری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران**) بابەت و شتی (**زێدە خەتەر**)مان بۆ یەکتری دەنارد.

پاش نسکۆ بارودۆخی سیاسی بە شێوەیەك گۆڕدرا کە هەموو کەس بەرگەی نەدەگرت بە تایبەتیش لە سەرەتادا، بۆ منێکی پارتی کە تووشی ئەو کارەساتە هات، ڕاستەوخۆ کاریگەریەتی سەد لە سەدی لەسەر ژیانی منەوە هەبوو، چونکە وەکو لە پێشەوە باسم لێوە کردووە هەر لە بەهاری ساڵی ١٩٦٣ەوە تاکو نسکۆی ١٩٧٥ ماوەی ١٢ ساڵ هەموو کات و ساتێکی ژیانم بە کاری کوردایەتی خەریك کردبوو و ئەویشم لە ڕێگای ئەندامیەتی پارتی و یەکێتی قوتابیانی کوردستان ئەنجام دەدرا.

شاری (**کۆیە**) بۆ من هەم (**مەئوا هەم سەلوا**) بوو، بەتایبەتیش بارودۆخی سیاسی و مادی وای فەرزکرد بمێنمەوە، زۆربەی کاتەکانیشم لە ماڵەوە بەسەردەبرد تاکو ڕۆژانی دامەزراندم لە دائیرەی ئینحیساری تووتنی کۆیە لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٧، کە پاشان بوو بە (**کارگەی پوختەکردنی تووتن**) کە لەلایەك لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە کارگەی جگەرەی هەولێر بوو، لەلایەکی دیکەوە پەیوەندی بە کارگەی جگەرەی سلێمانییەوە هەبوو، کە لە هەردوولا کۆمەڵێکی زۆری هەڤاڵ و برادەر و دۆستانی زێدە نیشتمانپەروەر و دڵسۆزی تێدابوو کە زۆربەی بەشە گرنگەکان بە دەست ئەوانەوە بوو، بۆیە کاتێ بە (**معاون ملاحظ نقل**) بە مووچەی (٤٠) دینار دامەزرام، کاری (**مأمور مخزن**) یشم دەکرد،

که زۆرجار تووشی هەڵەی ژمارە دەهاتم، بەڵام دڵسۆزی و هیمەتی برایانم لە سلێمانی و هەولێر خوا کاریان راست بکات، یارمەتیان دەدام لە راستکردنەوەی هەڵەکان، لەکۆیەش لەناو فەرمانگەکەمان، کە برای بەڕێز **(حەمیدی کاکە زیاد ئاغای غەفوری)** بەڕێوەبەری فەرمانگەکە بوو، رێزی تایبەتی دەگرتین و هەمیشە لە رووی کوردایەتییەوە هاوڕا و هاوبیربووین تا بۆشی بلوایە دەی پاراستین و رێنمایی دەکرین. بۆ نموونە رۆژێک لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٠دا لە بەغداوە یانی لە وەزارەتی پیشەسازییەوە کە فەرمانگەکەمان سەر بەو وەزارەتەبوو، **(فۆرمێك)**مان بۆ هات بریتی بوو لە (٨٨) پرسیار هیچی تێدا نەهێشتبووەوە، تەنانەت دەبوایە زانیاری لەسەر خزمی (پلە چواریش) بنووسی و هەندێ لە پرسیارەکان بە شێوەیەك بوو نەتدەتوانی خۆتی لێ گێل بکەیت لێرەدا دەقی هەندێ پرسیاری ئەم (فۆرمە)و وەڵامەکانی خۆم دەخەمەڕوو:

١. الانتماء السياسي الحالي – مستقل.

٢. الانتماء السياسي السابق – عضو في الحزب الديمقراطي الكوردستاني.

٣. اسباب ترك التنظيم السابق– الاحداث التي اعقبت اتفاقية السادس من اذار عام ١٩٧٥.

کاتێ فۆرمەکەم بەوشێوەیە دایە دەستی **(حەمید ئاغا)**، پاش ماوەیەك هاتە ژوورەکەی ئێمە، کە چوار فەرمانبەری لێ دادەنیشت و بریتی بوو، لە **(موحسن عەزیز ئاغای حەوێزی و محەمەدی حاجی گەورەو عەبدوڵڕەحمان حەمە ئەمین بایز و بەندە)** بووین. حەمید ئاغا رووی تێکردم و گوتی: **(وەڵامەکانت دەڵێی بۆ پارتی پێش نسکۆت نووسیوە، نەتیجەکەی بۆتۆ زۆر خراپە، حەزناکەم تووشی بەڵا بیت، چونکە خۆت دەزانی بەعس چەند درندەیە، هیوادارم فکری زیاتری لێبکەیتەوە و دیپلۆماسیانە وەڵامەکان بدەوە، چونکە بە تەنیا تۆ بەو شێوەیە وەڵامەکانت داوەتەوە)**. لە سەرەتادا سوپاسی حەمید ئاغام کرد بۆ ئەو هەڵوێستە دۆستانەو دڵسۆزییەی بۆ من، بەڵام بۆم رووننکردەوە کەوا **(بەعس من دەناسێ و دەزانێ من پێشووتر چی بوویمەو مەجالی خۆشاردنەوەی تێدا نییە، باشتریش دەزانێ کەوا ئەگەر بارودۆخی پاش رێککەوتننامە خیانەتکارییەکەی** (جەزائیر) **نەبا، سەرکردایەتی شۆڕش بە ئاشکرا خەڵکیان سەرپشک**

کرد بۆ گەڕانەوە، بەندە بە هیچ جۆرێك نەدەگەڕامەوە، بۆیە ناکرێ خۆم لەم مەسەلەیە بە دوور بگرم، "خواش لە سوڵتان مەحمود گەورەترە").

دیسان لە پایزی ساڵی ١٩٨٣ **(فۆرم)**یکی دیکەیان دابەش کرد، کە ئەو جارەیان زۆر لەوەی پێشووتر سەختتربوو، تێیدا راشکاوانە پرسیارە سەرەکییەکە بەشێوەی ئەم خشتەیە بوو:

اتطوع وادافع عن العراق	لا اتطوع ولا ادافع عن العراق
السبب	السبب/ بسبب ما ألم بي من مرض القولون
الاسم الثلاثي	الاسم الثلاثي/ فرهاد عثمان عوني
التوقيع	التوقيع

بۆ خوا دەیڵێم ئێمە فەرمانبەرانی کارگەی پوختەکردنی تووتن لە کۆیە، کە بریتی بووین لەو چەند فەرمانبەرە **(حەمید ئاغا کاکە زیاد، موحسین عەزیز حەوێزی، محەمەد حاجی گەورە، عەبدوڵڕەحمان حەمە ئەمین بایز، خەیرەدین محێدین ئەسعەد، پەروین عەبدوڵڵا سەعید، "هاوسەری بەندە"، و بەندە، خەبات بەکر مەنسور، گزنگ محەمەد نافع حەوێزی)** هەر هەموومان بە **(لا اتطوع ولا ادافع عن العراق)** وەڵاممان دایەوە، کە وابزانم ئەگەر، بەعس سەرقاڵی شەڕی ناوەخۆ و شەڕی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران نەبوایە، قەت ئەم وەڵامەی لە ئێمە قەبوولّ نەدەکرد، کە نکۆڵی لە پاراستنی عیراق بکەیت.

پارتی دیموکراتی کوردستان پاش نسکۆ و بارودۆخی دروست بووی پاش ئەم کارەساتە بە دەیان و بگرە بە سەدان کیلۆمەتر لێمان **(دوور)**بوو!.

سەرکردایەتییەکەی تووشی بارودۆخێکی یەکجار دژوار بوو بۆ **(بارزانیی نەمر)** لە **(کەرەج)** هاتووچۆی سنووردار کرابوو، لە خانوویەکی گەڕەکی **(عظیمیة)**نیشتەجێ بوو، پاشان بەرەو ئەمریکا چوو بۆ چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشییەی کە تووشی هاتبوو، ئەندامانی لیژنەی مەرکەزی و مەکتەبی سیاسی هەریەکە بەلایەکدا چووبوون، **(تاك و تەرا)** نەبێت و هەندێکیان تاقم و حزبی دیکەیان دروست کرد و لە ناوەوەش خەڵکی زۆر

نیگەران و تووڕەبوون، حیسابیان بۆ بارودۆخی نسکۆ و تێکشکانەکە نەدەکرد و خەڵکانی پارتی وەکو **(دەنکەکانی تەزبیحێکی پچڕاوی)** لێهاتبوو، هەریەکە بەلایەک، راوبۆچوونی جیاجیا دروست بوو، حزبی تازە سەری هەڵداو جەماوەرێکی زۆریان لە دەور کۆبووەوە، کە زۆربەیان پێشووتر ئەندام و لایەنگر و هەوادارانی **(پارتی)** بوون، ئەویش لە ئاکامی گۆڕانی قەناعەتی سیاسی پاش نسکۆوە رووبان لە رێکخراوە تازەکان کرد، بە هەمان گیانی شۆڕشگێڕی تینووی کوردایەتی. ئەوەی مابووشەوە ژمارەیەکی کەمی ئەو خەڵکە تێکۆشەر و بەوەفایە بوون بۆ ئەو رێبازەی کە پێشووتر بە قەناعەتەوە هەڵیانبژاردبوو، کە لە پێشەوەیان خۆشەویستی بوو بۆ **(خودی بارزانیی)**نەمر وەکو سەرکردەیەکی **(کاریزمی)** تەماشا دەکرا، ئەوەی مابووینەوە، ژمارەمان زۆر کەم بوو تەنانەت هەندێ جار بە **(شەرمەوە)** داکۆکیمان لە هەڵوێستی **(سەرکردایەتی پارتی)** دەکرد، چونکە تەوژمی لایەنەکانی بەرانبەر و هاوکات لەگەڵ هەڵوێستی **(حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران)**ی ئەو سەردەمە بە شێوەیەک **(رکەبار)** بوو کەم کەس هەبوو لە بەرانبەردا خۆی پێ رابگیرایە.

موعاناتی **(ئێمەمانان)**دوو لایەنەبوو:

یەکەمیان ژیان و گوزەران لە رۆژگارێکدا کە سەرتاسەر تراژیدیای مەرگەساتی نەتەوەیەک بوو، کە لە ئاکامی نسکۆی (٦) ئاداری ساڵی ١٩٧٥ەوە دروست بوو، تێیدا بەعس بە گەمەیەکی خیانەتکارانەی توانی گەورەترین زەبری کوشندە لە شۆڕشی ئەیلوول بدات، رۆژانە بەو دەردە جەرگبڕە دەتلاینەوە. دوومیشیان **(وەزعی)** نالەباری پارتی بوو، کە تێیدا دەژیا، بە تایبەتیش ئەو خەڵکەی کە دابڕاو بە جێماوبوو زۆر بەزەحمەت خۆمان بەرانبەر رەخنەو بۆچوونی خەڵکی رادەگرت، ئەوەی زیاتریش ئێمەی لاوازکردبوو شتێك نەبوو پشتی پێ ببەستین وەکو **(ئێستگەیەك، بەیاننامەیەك، راگەیاندنێك)**، زۆرجار لە بەر رۆشنایی بارودۆخەکە، خۆمان شتمان دروست دەکرد تاکو ساڵی ١٩٧٨ بارودۆخەکە بەم شێوەیە مایەوەو لە سەفەرێکی سلێمانی کە کۆمەڵە برادەرێکی زۆر دڵسۆزی ئەم رێبازەی کە وەکو خۆیان مابوونەوە، لەوانەی کە من دۆستایەتی نزیکم لەگەڵیاندا هەبوو وەکو **(هیوا جەلال حەمدی، حەمەی فەرەج ئاغا جەلال و جەمالی حەمەعەلی کە هەردووکیان برای شەهید (نوری حەمەعەلی)ین، ئازاد**

ڕەشید و هەڵکەوتی برای و کەمال محێدین کە بە (کەمال)ە شەل ناسراوە، ئازاد عەبدوڵڵا یەحیا، مامۆستا سەلاح عیرفان، شێخ ئەحمەد شێخ مەحمودی مامۆستا و شێرزاد حەسەن کە ئەوکاتە ستۆدیۆی نەورۆزی هەبوو لە جادەی سجن و دارا حەسەن یارە پێش ئەوەی بچێتە دەرەوە ئەحمەد سەلام، کەمالی حەمەعەلی، کامیلی ئەمین سامون و فازیلی براگەورەی و دەیان براو برادەری دیکە کە تێیدا لەم سەفەرە برای ئازیزم هیوا جەلال حەمدی دوو سێ بەیاناتی (قیادەی موەقەتەی پارتی دیموکراتی کوردستانی دامێ) کاتێك نیوەڕۆیەك لە میواندارى مالّى ئەوان بووین، لەگەڵ مالّەوەم کە بە وەرگرتنى ئەم چەند **(نەشرەیە)** بە قەدەر هەموو دنیا **(پێی شاد و کەیف خۆش بووم)** لە گەڕانەوەشم بۆ کۆیە کە ئۆتۆمبێلێکی جۆری **(فۆلکس واگن)** مۆدێل **(١٩٧٦)**م هەبوو لە کاکە **(دارا تۆفیق)**م بە نرخێکى هەرزان کڕیبوو لە شوێنێکى نادیارى ئۆتۆمبێلەکەم شاردبۆوە و وردە وردە پیشانى برادەرانى دڵسۆز و جێگاى متمانەم دەدا، بۆ نموونە (مەجید ئاسنگەر، عەبدولڕەحمان رووتە، مەجید فەقێ، شێردڵ حەوێزى، کە ئەویش زۆر جار بەیاننامەکانى یەکێتى نیشتمانى کوردستانى بۆ دەهێنام و قسەمان لەسەر دەکرد، چونکە هەمیشە پێکەوە **(شێردڵ و بەندە)** و کاك مەجید میرخان سەرەڕاى بیروڕاى جیاوازمان پێکەوە بووین، زۆر جارىش پێکەوە دەچووینە ئەم لاو ئەولا، لەکۆیە و سلێمانى و سەرەڕاى برادەرە هەواداەکانى **(پارتى)** چەندین هاوڕێ و برادەرى دڵسۆزى دیکەم هەبوو، بەتایبەتى ئەندام و لایەنگر و دۆستانى ئەو سەردەمەى (**حزبى شیوعى عیراقى و یەکێتى نیشتمانى کوردستان**) و خەڵکانى سەربەخۆى نیشتمانپەروەر بۆ نموونە ناوى هەندێکیان دەهێنم وەکو برایان (**شەهید جەبارى حاجى ڕەشید و خەسرەو گول محەمەد و سەلام محەمەد و جەلالى عومەرى سام ئاغا، وکامەران عارف فەرەج و فەرەیدوون ئەحمەد**)، جارێکیان لەو سەردەمەدا وابزانم سەرەتاى ساڵى ١٩٧٨ بوو شەوێك لە شەوان بە تەنیا میوانى کاکە **(خەسرەو گول محەمەد)**بووم لەماڵەوەى لە سلێمانى، ئەوکاتە ماڵەکەى لە خانووەکانى پێشەوەى ناو سەرچنار بوو، پاش درەنگانێکى شەو باسى بارودۆخ و رووداوە سیاسییەکانمان دەکرد، داواى لێکردم پەیوەندى لە ڕێگاى ئەوەوە بە یەکێتى نیشتمانى کوردستانەوە بکەم، بەڵام من بۆم ڕوونکردەوە، کەوا **(بەندە)** وەکو هەواداری پارتى ماوەتەوەو دەمێنێتەوە، ئەویش لە پاشاندا گوتى **(موهیم ئەوەیە خەڵکى بە کوردپەروەرى بمێنێتەوە)**.

لەو سەردەمە تاکو ساڵی ١٩٨٠ دووجار بە **(کوڵ)** گریاوم، یەکەمیان مێژووەکەیم لەبیر نەماوە، بەڵام وا دەزانم پایزی ساڵی ١٩٧٨ بوو کە تێدا رۆژانە ئیشتراکم لە رۆژنامەکانی **(الثورة، العراق، الفكر الجديد)** هەبوو لە کتێبخانەکەی کاك نەوزادی وەستا کەریم لەکۆیە، کاتێك ئێوارەیەکیان بە رۆژنامەکانەوە گەڕامەوە ماڵەوەو پاش پشوودانێکی کورت، یەکە یەکە رۆژنامەکانم دەخوێندەوە، نۆرە هاتە سەر رۆژنامەکەی **(الثورة)**کە لەلاپەڕەی یەکەمیدا نووسرابوو **(مقتل جلال الطالباني)** ئیدی بەپەلە هەواڵەکەم خوێندەوەو بە تەواوکردنی هەواڵەکە بەشێوەیەك تاساندمی، کە بۆ پێنج دەقیقە نوزەم لێوە نەهات، پاشان هەر لە ناخەوە گریانم هات و قوڕگم پڕبوو و دەستم کرد بە گریان. لەو سەروبەندەدا **(پەروینی هاوسەرم)** کە رێکانی کوڕی نۆبەرەمی بەباوەشەوەبوو، زۆر ترساو بە حەپەساوییەوە هاواری لێکردم و گوتی **(خێرە چی قەوماوە! بۆ دەگری!؟)**، منیش بەدەست ئیشارەتم بۆ هەواڵی رۆژنامەکە کرد، کاتێ ئەویش لە خوێندنەوەی بووەوە رەنگی تێکچوو و گوتی **(مع الاسف بەڕاستی خەبەرێکی زۆر ناخۆشە، بەڵام لام سەیرە کە تۆ بەم شێوەیە دەبینم و دەگری، چونکە ئەوەی من دەیزانم تۆ لە پاش لەتبوونی پارتی لە ساڵی ١٩٦٤ەوە تۆ لەگەڵ خەتی مام جەلال نەبووی، یەکێك کە زۆر لەم پیاوە نزیك نەبێت و خۆشی نەوێ بەم شێوەیە بۆی ناگری)**، منیش پاش دەمێك بۆ پەروینم ڕوونکردەوە **(کە راستە من لەگەڵ خەتی مام جەلال نەبووم، بەڵام مام جەلال سەرکردەیەکی کوردە و سەرکردایەتی لایەنێکی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان دەکات، ئەمڕۆ کورد لە "میحنەتە" پێویستی بە ئەو و بە غەیری ئەو هەیە، لەدەستدانی مام جەلال و هەر سەرکردەیەکی کورد لەم ڕۆژەدا تەنانەت لەدەستدانی تاکە پێشمەرگەیەکی کوردیش خەسارەتێکە کە هەرگیز تەعویز ناکرێتەوە)**، هەر بەم ئێوارەیە یەکسەر بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆم چوومە ماڵی خواڵخۆشبوو **(عەبدولڕەحمان ڕووتە)** کە پیاوێکی تێکۆشەری ڕێبازی کوردایەتی بوو لە چلەکانەوە لە ریزی پارتیدا کاری کردووەو پێشمەرگەیەکی بەتوانای شۆڕشی ئەیلوول بوو، پاشانیش لە دوو بەرەکییەکەی ناو پارتی بەلای **(بالّی مەکتەبی سیاسی)** کەوت، ماڵەکەی لەگەڕەکی سەرباخ بوو، کاتێ منی دیت پەشۆکاوم یەکسەر گوتی: **(خێرە بەو دەرەنگە هاتووی دەمووچاوت ئاسایی نییە، خێرە)** منیش زۆر لەسەر خۆ هەواڵەکەم پێ ڕاگەیاند، ئەویش

یەکسەر گوتی **(بەسەری بابت درۆیە، من پێش دوو سەعات لە هەولێر بووم هەندێ لە برادەرانی نزیکم دیوە کە ئاگاداری هەموو خەبەرێکن ئەسڵ و ئەساسی نییە)**.

جاری دووەمیش نەک هەر گریام، بەڵکو بەشێوەیەک تاساندمی کە بۆ ماوەی نیوسەعات وەکو منداڵ دەگریام **(شەوی یەکی ئاداری ساڵی ١٩٧٩)** لە ماڵەوە بووم **(کاکە عەبدەم)** کە خوالێخۆشبوو وەستا عەبدەی ئاسنگەری ئامۆزای باوکم و مێردی پورە **(شەمام)**م بوو، لە هۆڵی ماڵی ئێمە دانیشتبووین، ئەوکاتە من هەمیشە رادیۆم بە دەستەوە دەگرت **(میلەکەیم)** بەولاو بەولادا دەگەڕاند، لەو کات و ساتانەشدا هەواڵەکانی ئێران و رووخانی رژێمی شای خائین دنیای پڕکردبوو. کاتێک سەعات (٨)ی شەو میلی رادیۆکەم خستە سەر ئێستگەی **(مونت کارلۆ)** لە ناکاو گوتی: **(في الوقت الذي يحتفل اكراد ايران بسقوط نظام الشاه و مطالبتهم بحقوق الشعب الكوردي في تجمع جماهيري حاشد في مدينة مهاباد، اعلن اليوم في واشنطن عن وفاة ابرز زعيم كردي في القرن العشرين وهو الملا مصطفى البارزاني عن عمر يناهز الثمانون عاماً في مستشفى جورج تاون في الوقت الذي كان يستعد للعودة الى ايران عقب انتصار الثورة الايرانية...)**.

هەواڵەکە بروسکەئاسابوو، دڵتەزێن بوو، سەر سوڕهێنەربوو بە شێوەیەک باوەڕ نەدەکرا، من بەشبەحاڵی خۆم دوور لە هەموو لێکدانەوەیەکی زانستی وام دەزانی بارزانی جارێ وازوو نامری! یاخود هەر بیرم لە مردنی بارزانیی نەدەکردەوە، لە ناخمەوە بە هەموو قەناعەتێکەوە خۆشم دەویست تاکو رۆژانی ئەمڕۆش تەنیا وێنەیەکی ئەوم **(لەسەر سەرە)**، پێشووتر باسم لێوە کردووە، ناوی بارزانی هەر کە منداڵ بووم پێش شۆڕشی چواردەی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ گوێبیستی بووبووم، پاش گەڕانەوەشی لە یەکێتی سۆڤیەت **(عەونی)** باوکم شیعرە بەناوبانگەکەی لە رۆژنامەی پێشکەوتن لەژێر ناوی **(نامەیەک بۆ بارزان)** بڵاو کردەوە، کاتێکیش سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوولی کرد بەجارێك بوو بە سونبوڵی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستان و کوردی پێ دەناسرا، بەڵام کە لە مانگی ئاداری ساڵی ١٩٦٣ لە ماڵی خوالێخۆشبوو کاکە زیاد ئاغای غەفووری بەخزمەتی گەیشتم بووە هۆکاری راستەوخۆ و بڕیاری چوونە ریزی ئەو کاروانەی کە ئەو سەرکردایەتی دەکرد.

وەکو گوتم هەواڵی مردنەکەی لەسەرەتادا تاساندمی، پاشان بەشێوەیەک گریام کەوای لە دانیشتوانی هۆڵەکە کرد ئەوانیش دەست بە گریان بکەن، تەنانەت **(رێکان)**ی کوڕم کە

تەمەنی سێ ساڵان بوو، ئەویش لەگەڵ ئێمە دەگریا، لەماڵی باوکیشم هەمان شیوەن بوو، بەتایبەتیش لەوکاتە قوتابیەکی زانکۆی **(موسڵ)**ی دەستە خوشکی **(پەری)** خوشکم لایان میوان بوو ناوی **(رمزیە أحمد رشید)** بوو و خەڵکی **(ئامێدی)** بوو، ئەویش هەروەک خۆمان ئەو کاتە هەواداری رێبازی **(بارزانی)** بوو، شیوەنەکە گەرمتر بوو، بۆ بەیانییەکەی بۆینباغێکی رەشم بەست، بەڵام خوالێخۆشبوو **(سالح شمس) کە ئەویش ئەندامێکی پارتی چلەکان و پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بوو، پاشانیش لەگەڵ بالّی مەکتەبی سیاسی بوو ئەو سەردەمە ئەویش (مراقب عمل) بوو لە هەمان فەرمانگەکەی ئێمە، ئەو بەیانییە کە چوومە فەرمانگە لە باغچەی پێشەوەدا تووشی هاتم و بەیانی باشم لێکرد، ئەویش زۆر غەمبار بوو، پاشان پێی گوتم، (منیش بە مامی خۆت حسێب بکە حەز ناکەم ئەم بۆینباغە رەشە ببەستیت لەوانەیە سەگبابێك بتبینێ و بچێ خەبەرت لێ بدا، موهیم ئەوەیە تۆ چیت لە دڵدا هەیە، بە بەستنی ئەو بۆینباغە تازە بارزانی زیندوو نابێتەوە، سەد رەحمەت لە گۆڕی).**

تەنانەت **(پەری خوشکیشم)** بۆ ماوەی یەك هەفتە لە زانکۆی موسڵ کە قوتابی دوا قۆناغی کۆلیژی زمانی بەشی ئینگلیزی بوو **(جلی رەشی پۆشی بوو)**، کە دیسان لەوێش **(راپۆرت نووسە بێ ویژدانەکان)**ی ئەو سەردەمە راپۆرتێکیان لە دژی نووسیبوو، پاشتر بووە مایەی دوورخستنەوەی لە کوردستان، لە دامەزراندنی وەکو مامۆستا، بەڵکو دوو ساڵی رەبەقی لە قەزای **(السعدیة)**ی سەر بە پارێزگای **(بعقوبة)** بەسەر برد، پاشتر بەواستەو پارەیەکی زۆر گەڕاندمانەوە کۆیە.

ئەو شەوە سەرەڕای تێکچوونی باری دەروونیم، سڕبوونی هۆش و بیر توانیم تاکو درەنگانێکی شەو هەواڵەکان لە ئێستگەکانی **(مۆنت کارلۆ، ئیسرائیل، لەندەن، دەنگی ئەمریکا)** بەدرێژی تۆمار بکەم لەسەر کاسێتێك و هەڵی بگرم تاکو دوای راپەڕین، لە یەکەم سەردانی کاك مسعود بارزانی بۆ کۆیە، لە رۆژی ١٩٩١/٣/٢٠ خوالێخۆشبوو شەهید فرەنسۆ هەریری یاوەری بوو لەماڵی هەردوو برا **(موشیر و هیمداد)** کوڕانی خوالێخۆشبوو شەهید **(شێخەی حاجی رەسوڵ)** کاسێتەکەم پێشکەش کرد، تێیدا بووە مایەی پرسیاری رۆژنامەنووسێکی بیانی کە خاوەنی **(فلیمی دیکۆمێنتی)، (ریاح الموت)** بوو، کە ئەوکاتە لەگەڵ کاك مسعود دابوو، دەربارەی ئەو کاسێتەی کە من لەم هەموو ماوەیەدا پاراستوومە.

هەواداریم بۆ پارتی و داکۆکی کردنم لە ڕێبازی بارزانی هەر لە سەرەتاوە بەتایبەتیش لە ڕۆژانی خوێندنمان لە زانکۆی بەغدا (١٩٦٦–١٩٧٠)دیسان لە قۆناغی یەکگرتنەوەی ریزەکانی پارتی لە ساڵی ١٩٧١ ئەوجا لە ڕۆژانی ناو شۆڕشمان، پاشتریش لە ساڵانی دوای نسکۆوە تاکو ڕاپەڕین، لە ڕاپەڕینیشەوە تاکو ڕۆژانی ئەمڕۆ، ڕۆژێك لە ڕۆژان نەبووە هۆکاری دوورکەوتنەوە لەو دۆست و براو برادەرە خۆشەویستانەی کە بڕوایان بە قەناعەتەوە بە بیروباوەڕێکی دیکە هەبوو، ڕاستە بەندە بەوپەڕی بڕواوە داکۆکیم لەو ڕێبازە دەکرد و **(بارزانی نەمر)**م بە سەرکردەیەکی کاریزمی هەرە زاناو دڵسۆزی کورد و کوردستان دەزانی، بەڵام هیچ کاتێك هەڵوێستی ناکوردانەو ناشیرینم بۆ هیچ سەرکردەو ڕێبازێکی دیکە نەبووە، ڕێزم لە بیروڕای بەرانبەر گرتووە، چونکە ئەوەم دەزانی، ڕاستییەك هەیە، ئەویش خۆی لەو شیکردنەوەیە دەبینێتەوە کە **(بەرانبەریش)** لە قەناعەتەوە بۆ کورد و کوردستان وەکو من تێدەکۆشی، بەڵام بەڕێبازێکی جوداتر، دەمێکە هاتوومەتە ئەو قەناعەتەش کە لە ١٠٠٪ بڕوام پێیەتی نێوانی پارتی و یەکێتی ئەو بۆشاییە فیکری و بۆچوونە گەورەی تێدا نییە ببێتە مایەی دوو حزب، دوو بیروڕا، دوو بۆچوون، دوو فیکر، دوو فەلسەفە، بەڵکو هۆکاری لێك چوون و فیکریان بەشێوەیەك لێك نزیکە، کە لە بنەڕەتدا مایەی بوونە یەك حزبە، چونکە هەردووکیان پارتی و یەکێتی (حزبی ڕێبازی کوردایەتین، کوردستانیانە بیردەکەنەوە، خەون بە دەوڵەتی کوردستانەوە دەبینن، تاکو سەر ئێسقان حیزبی عیلمانین، دوورن لە ململانێ چینایەتی لە کۆمەڵگای کوردستاندا لە بنەڕەتیشدا هەردووکیان ئاوی جۆگای یەك سەرچاوەن، کە بە بڕوای من دەکراو گونجاوتر و سوودمەنتر دەبوو، گەر وەکو دوو خەتی **(هاوتەریب – خطتان متوازیان)**، هەڵسوکەوت و مامەڵەی سیاسی لەگەڵ ئێستاو ئایندەی کورد و کوردستان نەکەن.

پاش وەفاتی بارزانی بە ماوەیەك بە تەلەفۆن لەگەڵ کاکە **(دارا تۆفیق)** ڕێککەوتین کە لە کاتێکی دیاردا سەردانی سلێمانی بکەین، کاتێ کە لە سلێمانی یەکمان گرتەوەو سەردانی ستۆدیۆکەی کاك **(شێرزاد حسێن)**مانکرد، کە پاشان پەیوەندی بە ریزی شۆڕشەوە کرد و ئێستا ئەندامی مەکتەبی ناوەندی (دارایی) لە پارتی لە ستۆدیۆکەی پێی ڕاگەیاندین کەوا **(کاسێتی ڕێورەسمی بەخاك سپاردنی بارزانیی نەمری لە شنۆ)** پێگەیشتووەو هەر ئەوکاتە یەکێ کاسێتێکی بۆ ئامادەکردین، کاتێ کە نیوەڕۆ چووینە

مالّی باوکی کاکه دارا، خوالێخۆشبوو **(تـۆفیقی فـەتحوللّا ئاغـا)** کـه ئەوکاتـه لـه دەسـته چـەپی جـادەی ئۆرزدیبـاك بـوو، پـێش نـانخواردن بـه پەلـه **(موسـەجەلێك)** پەیـداکراو دەستمان کرد بـه لێدانی کاسـێتەکه، کـه لـه ناخـەوه کاکـه داراو مـنی هەژانـد و قـورگی هەردووکمانی پرپله گریان کرد که گەڕاشمەوه کۆیه، کاسێتەکەم بۆ خزم و دۆستانی نزیك لێ دەداو هەر جاره به کۆمەڵه فرمێسکێك کۆتاییمان پێ دەهێنا.

لەسەرەتاوه ئاماژەم پێداوه پارتی له ئێمه دوورببوو ئەویش هۆکـاری خـۆی هەیـه، کـه لێرەدا جێگای باس نییه، بەڵام ئێمەمانان زۆری لێ نزیك بـووین، چـونکه لـه هەڵوێسـت و کـردارداخۆمـان بـه پـارێزەر و دەمڕاسـتی ئـەو حزبـه دەزانـی، تەنانـەت هەنـدێ مرۆڤـی نیشتمانپەروەر و دڵسۆز وای دەزانی که ئێمه به رێکخستن له پارتییەوه نزیکین، تەنانەت رۆژێکی بەهاری سالّی ١٩٨٤ کاتێ یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەر گەرمی وتووێـژ بـوو لەگـەڵ حکومـەتی بەغـدا، **(بەنـده)** دووجـار سـەردانی **(سـورداش)**م کـرد، کـه ئەوکاتـه بارەگای سەرەکی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی لێ بوو، جـاری یەکـەمیان به تەکلیفی گەلاوێژ خانی خێزانی شەهید دارا تۆفیق لەگـەڵ برایـانی ئـازیز **(عبـدالموجود طه، عثمان عبدالرحمن که برا گەورەی شەهید سامی عەبدولڕەحمانه، لەگەڵ کاك حسێن سنجاری و سەریەست بامەرنی)** سەردانی **(سورداش)**مان کرد، تێدا بـەرێزان **(مام جـەلال سکرتێری گشتی یەکێتی و هەندێ له ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان)**مان دیت، لەو دیدارەدا داخوازییەکی خێزانی کاك **(دارا تۆفیق)**م پێ ڕاگەیاندن و کاك نەوشیروان مستەفا وەعـدی ئـەوەی دا کـه ئـەوان بـه ڕەسمـی لـه کـاتی چـوونه بەغـدادا لەگـەڵ سـەرکردایەتی بـەعس بـاس لـه چارەنووسـی ئـەو و چـەند تێکۆشەرێکی دیکه دەکەن، (**له ئەلقەی ١١ی من الذاکرة، صفحات مجهولة مـن حیـاة دارا توفیق– گولاّن العربي، العدد ٢٣ فی ٢٥ نیسان ١٩٩٨**) باسی لێوەکراوه. له هەمان بۆنەدا که بۆ شەوەکەش له سورداش ماینەوەو رێزێکی بێ پایانیان گرتین و له ژوورێکی سادەی ئەو خانووەی که لێی دەژیان دەستمان به قسەو باس کرد و ئامادەبووانیش بریتی بـوون له بەرێزان **(نەوشیروان مستەفا، مولازم عومەر، فەرەیدون عەبدولقادر، سـالار عـەزیز، حسێن سنجاری، عبدالموجود طه، بەنده)** تێیدا به گەرمی باس لـه وتووێـژ و هەڵوێسـتی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکـرا، مـن سـەرەڕای ئـەوەی هەڵوێسـتم لەگـەڵ بۆچـوونی

یەکێتی نیشتمانی کوردستان **(کۆك)** بوو دەربارەی وتووێژکردن لەگەڵ حکومەت جۆرێکە لە خەبات و تێکۆشان، چونکە منیش لەو روانگەوە لەگەڵ ئەو بۆچوونەبووم پێویستە ئەوەی دەکرێ بکرێ لە پێناو **(انقاذ مایمکن انقاذه)**، کورد لە میحنەت بوو، کوردستان دەسووتا، شەڕی ئێران و عیراق لە گەرمی دابوو، بۆ کورد قازانج بوو لەو سەردەمەدا ئەگەر لایەنێك بتوانێ شتێك بۆ کورد بکات، ئەگەر وەکو حاجی قادری کۆیی دەڵێ **(بە ئۆینیش بیت)**، بۆیە کاتێ راوبۆچوونی خۆمم دەربارەی ئەم مەسەلەیە نیشاندا دیسان گوتم: **(پێویستە سەرکردایەتی یەکێتی سەرەڕای ڕاست و دروستی هەڵوێستی دەربارەی وتووێژ لەگەڵ میری، پێویستە لەم مەسەلە چارەنووسسازەدا لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان جۆرە (تەنسیق)ێکی هەبێت جارێ، چونکە یەك لایەنی سیاسی بە تەنیا ناتوانێ بارودۆخی کوردستان کۆنترۆڵ بکات، لە هەمان کاتیشدا ئەگەر بە (ئوینیش)بێت پێویستە لایەنێك لە عیراق و لایەنێك لەگەڵ ئێران ئیدامە بە بارودۆخەکە بدەن، تاکو بارودۆخەکە دەگۆڕێ و (ئینفراج)ێك دروست دەبێت و لە قۆڕگی شووشە دەردەچین)** لە وەڵامدا کاك فەرەیدون عەبدولقادر رووی تێکردم و گوتی: **(کاکە ئێمە لە سەرکردایەتی یەکێتی وەرەقەیەکی سپی بۆ کاك مسعود ئیمزا دەکەین، ئەو چی دەوێ ئێمە رازین، فەرموو هەر بەیانی ئەو وەرەقەیە تەسلیم بە جەنابت دەکەین و بۆی ببەو لەپێشەوە ئێمە رازین)**، منیش یەکسەر بە کاك فەرەیدوونم گوت: (کاکە گیان بەندە سواری **"فارس"** ئەم کارە گرنگە نیم، من لە کاك مسعود دوورم و بەئاسانی نایگەمێ، دووەمین ئەمەیان کاری سەرکردایەتی یەکێتییە، پێویستە لە ڕێگای خۆتانەوە، کە بۆ ئێوە ئاسانە ئەم هەڵوێستە بە پارتی بگەیەنن، بەرژەوەندی کورد لەوەدایە سەرەڕای پەیوەندی نالەباری نێوانتان دەبێت بەرژەوەندی بالای کورد و کوردستان لە سەرووی ناکۆکیەکانتان دابێت). جاری دووەمیش دیسان لەگەڵ کاك عبدالموجود و کاك شێردڵ حەوێزی سەردانی سورداشمان کرد و لە چارەنووسی کاکە دارا تۆفیقم پرسییەوە، کە لە سەردانی پێشووتر بەکاك (**نەوشیروان مستەفا**)م ڕاگەیاندبوو، وەکو کاك نەوشیروان لە زاری **(عزت الدوری)** گیرایەوە گوتبووی (**إذا طیب یرجع إلی بیته**). پێی ڕاگەیاندم و منیش خانەوادەی کاك دارام لێ ئاگادار کرد.

سالّی ١٩٨٦ لەدایکبووانی **(موالید)**ی سالّی ١٩٤٦ بۆخزمەتی سەربازی **(احتیاط)** پاش گرتنی فاو بانگکراین، پاش تەواوکردنی **(دورة التدریب الاولی)** لە سەربازگەی هەولێر بۆ سنجار گوێزراینەوە، ئێمە کۆمەڵێك لە سەربازەکانی خەڵکی کۆیە، بڕیارماندا پاش تەواوکردنی دەورەی سیلاح فێربوون فیرار بکەین، ئەوەبوو تێکڕامان کە (١٥)کەس بووین، گەڕاینەوە کۆیە و هەریەکە بۆخۆی ڕێگایەکی گرتەبەر بۆ پاراستنی گیانی خۆی و کەسمان ئاگامان لەوەی دی نەبوو، من لە یەکەم ڕۆژدا لەگەڵ خوالێخۆشبووی باوکم بەرەو رانیە چووین، کە مالّی کچێکی پورمی لێ بوو خێزانی خوالێخۆشبوو **(کاکە ڕەسوڵی فەقێ حاجی سالّح)**ی بوو، کە بەڕاستی مرۆڤێکی جوامێر و بەدڵ و مەرد بوو بە گەیشتنمان پێشوازییەکی پیاوانەی لێکردین و یەکسەر گوتی: (**مالّ مالّی فەرهادە و ئێمە لە خزمەتیداین و هیچ دڵتان پێوەی نەبێت**). لە قۆناغی یەکەم ماوەی (**شەش مانگ و ١٠ ڕۆژ**) لەوێ مامەوە، ڕۆژانە لە ژوورێکی مالّەکەدا نەدەهاتمە دەرەوە، کەسیش نەیدەزانی لەو شوێنەم، تەنیا ئەندامانی خێزانەکەمان نەبێت و کاکە ڕەسوڵیش درێخی لە خزمەت کردنم نەدەکرد و دوو هەڤاڵی زێدە ئازیزم، یەکەمیان کاکە **(حاجی کاك حسێن)**ی قەڵادزەییە کە هەفتەی جارێك یان دووجار سەردانی دەکردم و جارێکیشیان لێم بوو بە **(خدری زیندە)**، ئەویش سەر لە ئێوارەیەك **(نائب ضابط)**یکیان کوشت لە بەردەمی ئەو مالّەی منی تێدابووم کە پاشتر بوو بە (**منع التجول**) لە رانیەو هەر ئەوکاتە من لەگەڵ **(نەسرین)**ی کچە پووڕم یەکسەر ڕوومان لە مالّی ناسراوێکی ئەوان کرد کە مالّی **(خوالێخۆشبوو عیزەتی حەمە مستەفا)** بوو، پاشانیش بۆ مالّی دۆستی بەڕێزمان کاکە (**ئاکۆی عەباسی مامەند ئاغای ئاکۆ**) کە لە زەمانی باوکمەوە دۆستایەتی لەگەڵ خوالێخۆشبوو کاکەباس (**عەباس**) هەبوو سەرەڕای دۆستایەتی و برایەتی حاجی کاك حسین لەگەڵ ئەوان، بۆ ڕۆژی دوایی کاکە حاجی حوسێن فریام کەوت و منی بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك بردە مالّە خزمێکی لە **(بەستەستین)** کە ئەو سەردەمە کۆمەڵگایەکی گەورەی ئەو ناوە بوو، سەرەڕای ئەوەی مەڵبەندی قاچاخچییەکانی ئەو دەڤەرەبوو، تاکو مەسەلەکە ساردبووەوە، ئەوجا گەڕامەوە مالّی کاك ڕەسوڵ لە رانیە. دووەمیشیان کاکە (دڵشاد نەجیب) (**عەمید دڵشادی ئێستا**) بوو کە دوو سێ جار سەردانی کردم لە بەهاری هەمان سالّ ١٩٨٧یش کاتێ کە تووشی نەخۆشی **(نەزیفی قۆڵۆن)** بووم (**بارامی وەستا عەبدەی ئاسنگەر**) کە باوکمان ئامۆزایەو پورزامە بە کۆستەرێکی کە ئەندامانی حزبی

دیموکراتی کوردستانی ئێرانی تێدا بوو بە کۆمەڵ دەچوونە سلێمانی، کە بارام لێپرسراوەکەی دەناسین، ئێمەیان هەڵگرتوو بەرەو سلێمانی چووین و هەر ئەو ئێوارەیەش لەگەڵ کاکە هیوای جەلال حەمدی چووینە لای (**د.جەمالی میرزا غەفوور**) کە عیادەکەی لەگەڕەکی مەڵکەندی بوو، چارەسەری تەواوی بۆ کردم و لە سلێمانیش ماوەی (١٠) مانگ لە مالّی (**ئاوەڵ زاوام**) قادری حاجی مەلا خالید بەنهێنی مامەوە کە ناوە ناوە برای دڵسۆزم (**جەلالی حەمە عەلی**) دەهاتە لام و هەر جارە چەند شەوێك لە مالّی ئەوانیش دەمامەوە و خوالێخۆشبوو (**لطفیة**)خانی خێزانی وەکو خوشکێکی دڵسۆز و میهرەبان خزمەتی دەکردم، لێرەداو لەو سەرو بەندەدا هەڤاڵ و برادەرێکی نزیکم کە ئەوکاتە (**ضابط احتیاط**) بوو، تاکو بڵێی مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر و کوردپەروەر و دڵسۆزی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، لە رێگای کاك جەلال و مامۆستا شێخ ئەحمەدی شێخ مەحمودی دۆست و برای ئازیزم زانیبووی کە من لە سلێمانیم و خۆم شاردۆتەوە، ناوە ناوە ئەویش بە نهێنی سەردانی دەکردم، رۆژێکیان بە کاك جەلالی حەمەعەلی گوتبوو (من لە وەزعی فەرهاد زۆر دەترسم بەتایبەتی لە سلێمانی ئەگەر هاتوو خوانەخواستە بگیرێ یەکسەر ئیعدامی دەکەن، چونکە هیچ وەرەقەیەك، شتێکی پێ نییە کە خۆی پێ بپارێزێ، بۆیە حەز دەکەم تۆ پێی بڵێی کە من دەتوانم وەرەقەیەکی لە یەکێ لەو (**موستەشارانە**) بۆ پەیدا بکەم، کە بە حوکمی ئەوەی پلەکەم (**ضابط احتیاط**)ە دەتوانم بێ ئەوەی کەس بزانێ بۆی جێبەجێ بکەم، لە راستیدا کاکە (**ئەحمەد سەلام**) کە ئەو جوامێرە بوو بەڕاستی خەمخۆر و دڵسۆزی من بوو وەکو لە پێشتریش باسم کردووە، مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر و دڵسۆزی رێبازی بارزانی بوو **(کە بە داخەوە لە رۆژانی شەڕی خۆکوژیدا تووشی دەردی سەری هات و هاتە هەولێر و لە رۆژنامەی برایەتی دامەزرا و تاکو منیش لە برایەتی بووم ئەویش لەوێ مایەوە، پاشووتریش کەسێك لە بەندە زیاتر گرنگی پێ نەداو تەنانەت موچەی رێزلێنانیشی پێی رەوا نەدیتراو بە ناچاری پێش ماوەیەك گەڕایەوە سلێمانی)**، کاك (**جەلالی حەمەعەلی)**یش لە وەڵامدا بە کاك (**ئەحمەد سەلام)**ی گوتبوو **(تکات لێ دەکەم ئەم مەوزوعە لەگەڵ فەرهاد هەر باس مەکە، چونکە ئەگەر قەبوولّی وەرەقە وەرگرتنی کردبا خۆ لە کۆیە دەیتوانی پەیدای بکردایەو خۆی تووشی ئەو ناڕەحەتییەو دەردەسەرییە نەدەکرد)**. هەر لەو ماوەیەدا رۆژێکیان دایکم سەردانی کردم و لە سۆزی دایکایەتییەوە

پێی گوتم (**کوڕی خۆم قسەیەك هەیە لە ڕووتی دەدەم، ڕەجام وایە لێم تووڕە نەبیت، ماوەیەکە** "ئەو کاتە ساڵێك زیاتر بەسەر فیرار کردنەکەم چووبوو" **مالّ و منداڵت بەجێ هێشتووە و هەر ڕۆژە لەمالێك خۆت دەشاریيەوە، خۆت سەرگەردان کردووە، وەڵاڵ کە منداڵەکانت دەبینم ئاگرم لەجەرگ بەردەبێت، کوڕی پیاو بە، وەرگرتنی وەرەقەیەك نە دەبێتە خیانەت و نە عەیبداریش دەبیت، ئەوە هەزاران کەسی وەکو تۆ وەرەقەیان لەگیرفانەو بە حوڕیەتی خۆیان هاتوو چۆ دەکەن، بەقسەی دایکی خۆت بکەو لە کەلی شەیتان وەرە خوارێ**). لە وەڵامی قسەکەی دایکم زۆر لەسەر خۆ هاتمە جواب و گوتم، (**ڕەجات لێ دەکەم جارێکی دیکە ئەم مەسەلەیەم لەگەڵ باس مەکە بۆ من نابێ، ڕۆژێك دادێ بە ڕوومیدا دەدەنەوە، لەوانەیە بۆ خەڵکی دیکە ناشیرین نەبێت، بەڵام بۆ من سەد جار عەیبەو ڕووڕەشی دونیاو قیامەتم مەکە**)، دایکم تاکو ڕۆژانی ئەمڕۆش کە لە ژیاندا ماوە باس لەو هەڵوێستەی من دەکات، تەنانەت کاتێ لەسەرەتای قۆناغی دووەمی شەڕی خۆکوژیدا، کاتێ برادەرانی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی دەچنە سەر مالّی باوکم بە دایکم دەڵێن (**ئەگەر لە ماوەی ٢٤ سەعات ئەم خانووە و کۆیە بەجێ نەهێڵن بەم (٧٥)یە** "مەبەست لە کلاشینکۆڤی مەخزەن ٧٥ فیشەکییە" **ساردت دەکەمەوە، لێرە جێگاتان نابێتەوە، بڕۆن بۆلای فەرهادی کوڕت**). دایکیشم مەردانە دێتە وەڵام و ڕوو لەو قسەکەرە دەکات و پێی دەڵێ: (**شانازیی بە فەرهادی کوڕمەوە دەکەم، چونکە، یەکەم: سیلاح بەدەست و پیاو کوژ نییە، دووەمیش: ئەو لە ڕۆژە هەرە ناخۆشەکاندا تەنازولی نەکرد تەنیا وەرەقەیەکی جاشایەتیش (الافواج الخفیفة) هەڵگرێ، چونکە پەروەردەی ئەخلاقی باوکییەتی، مەعلومیشە باوکی کێیە، بەڵام شەرمەزاریيە بۆ ئێوە کە موعامەلەی خێزانی** (عەونی) **بەم شێوەیە دەکەن**). ئەمەو ماوەی (**دوو ساڵ و ١٤ ڕۆژ لەنێوانی ڕانیەو سلێمانی و هەولێر** "لەمالّی وریای برام" **وەختم بەسەر برد و لە دائیرەش فەسڵ کرام**)، تاوەکو پاش ڕاپەڕین ئەوسا گەڕامەوە وەزیفە.

خوێنەری خۆشەویست

لەپێشەوە داوای لێبووردنتان لێ دەکەم، کەوا بەم چیرۆکە کە ناوم ناوە (**ئەزموونی ڕۆژنامەگەریم**) سەرم هێشاندوون، کە بەشێکی تایبەتە بە ڕووداوی شەخسی و جۆری هەڵوێستی سیاسی کە لەوانەیە پێتان وابێ من بۆ خۆ هەڵکێشان باس لەو ڕووداوانە دەکەم، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە خودی (**ئەزموونی**

رۆژنامەگەریم)ەوە نییە، بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە ئەزموونی رۆژنامەگەریم بەشێکە لە ئەزموونی کورداییەتیم، هیوادارم پێم باوەڕ بکەن، مەبەستی سەرەکیم لێک گرێدانی هەڵوێستەکانە، چونکە لەسەرەتادا پێم راگەیاندن مەبەستم بە درێژەدانی ئەم چیرۆکە بۆ وەڵامی ئەو پرسیار و ئەو هەڵوێستانەبوو کە رووبەڕووی من دەبووەوە، تێیدا هەندێك لە بێ ئاگاییەوە وایان لێك دەدایەوە من بە حەقی خۆم ئەو شوێنەم وەرنەگرتووە **(مەبەست لە سەرنووسەری برایەتی)** بوو، هەندێکیش تەنیا سەرەڕای بە ئاگابوونی لەرۆڵ و بیرو هەڵوێستی من بە **(وەکالەت)** شەڕی بە من دەفرۆشت تاکو کاك **(جەوهەر نامیق سالم)**ی پێ ئەزیەت بدەن ئەمەشیان جۆرە ناحەقییەکە چ بەرانبەر بە پارتی و چ بەرانبەر بە کاك جەوهەر و چ بەرانبەر بە من، کە بە بەڵگە لە زۆری ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی، پارتی تربووم و لە ریزی ئەو پارتییە کۆنترم و هەڵوێستی کوردانەشم لای دۆست و دوژمن ئاشکرایە، هیچ کاتێکیش حیساب بۆ ئەو جۆرە خەڵکە ناکەم کە **(في غفلة من الزمن)** بوونەتە ئەو شتەو دژایەتی خەڵکی دڵسۆز و کوردپەروەری پێ دەکەن، لێرەدا لای خوێنەر سەیر نەبێت کە دەڵێم حیساب بۆ ئەو جۆرە خەڵکە ناکەم، چونکە جارێ لە پێشەوە هەر لە تەمەنی چواردە ساڵییەوە چوومەتە ریزی بزووتنەوەی نیشتمانی،

وزارة الصناعات الغذائية
المؤسسة العامة للصناعات الغذائية
المنشأة العامة للدهان الوطنية
في اربيل

الرقم: ٤٦٧٤/ ف م / ٤/ ٤/ ٦
التاريخ: ٢ / ١٢ / ١٩٨٦

القسم: الذاتية والارشيف

الى: ـ السيد فرهاد عثمان عوني حبيب ـ رئيس ملاحظين
الساكن في قضاء كويسنجق / محلة القلعة رقم الدار ٥٧١

م: ـ انذار

استنادا الى كتاب مقر الدولة الاول الخاص / الادارة المرقم ت / ١٨/ ٧٥٤ في ٥ / ١١/ ١٩٨٦ والمتضمن ارتكابك جريمة الهروب من خدمة الاحتياط اعتبارا من ٢٢/ ١/ ١٩٨٦ فعليه ..

تخطرك بالالتحاق بالخدمة المذكورة اعلاه خلال سبعة ايام اعتبارا من تاريخه اعلاه وبعكسه تعتبر مستقيلا من الوظيفة وتتخذ كافة الاجراءات القانونية الاخرى بحقك .

پاشانیش لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا بوومەتە پێشمەرگەو ئەندامی پارتی و قاڵبووی خێزانێکم کە زیاتر لە حەفتا ساڵە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی حزبی هیواو رزگاری، پاشانیش لەگەڵ دروست بوونی پارتی لە ئابی ساڵی ١٩٤٦ **(عەونی)** ئەندامی یەکەم لیژنەی ناوچەی پارتی بووە لە کۆیە (لێرەدا تەنیا بۆ مێژوو بە پێویستی دەزانم ئەم باسە بگێڕمەوە وەکو خۆی.

(پاش راپەڕین بەماوەیەك لە رۆژێکی بەهاری ساڵی ١٩٩٣ بەڕێز مام جەلال لە سەردانێکی بۆ کۆیە سەردانی کردین لە ماڵی خۆمان بۆ ئەحوالێ و سیحەت پرسینی باوکم، کە ئەوکاتە لەماڵەوە ناساغ بوو، کە بەهۆی تەمەن و ناساغییەوە لەماڵەوە بوو، تێیدا بەڕێزان کاك کۆسرەت رەسوڵ عەلی و د.بەرهەم سالح و کاك شێردڵ حەوێزی و کاك چەتۆ حەوێزی لەگەڵ هەندێکی دیکەی لێپرسراوانی یەکێتی لەم سەردانە لەگەڵ مام جەلال بوون، پاش دانیشتن و سیحەت پرسین مام جەلال رووی لە دانیشتوان کرد و گوتی: **("کوڕینە بۆ مێژوو شتێکتان بۆ باس دەکەم ساڵی ١٩٤٦ کاتێ پارتی دروست بوو من بە پالێوراو وەرگیرام، ئەوکاتەش زەوابتی حزبی وابوو کە پاش تەواوکردنی ماوەی پالێوراویەتی و بەرزبوونەوە بۆ پلەی ئەندامیەتی، دەبوایە دوو ئەندام ئیمزا لەسەر بەرزبوونەوە بۆ پلەی ئەندامیەتی بکەن، یەکێ لەوانەی کە ئیمزای لەسەر بەرز کردنەوەی پلەی ئەندامیەتی "بەندە"کردووە** (لێرەدا مام جەلال دەستی بۆ باوکم درێژ کرد و گوتی) **ئەم زاتە یەکێ لەو دوو ئەندامە بوو، بۆ مێژوو لە بیرتان نەچێت).**

لە دیمانەیەکیش لەگەڵ بەڕێزی دا لە ٢٠٠٤/٨/٢ لە قەڵاچوالان کاتێ لەگەڵ برای بەڕێزم **(مستەفا ساڵح کەریم)** وەکو نەقیب و جێگری نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان سەردانیمان کرد، پاش تەواوبوونی کارە رەسمییەکە، رووی تێکردم و گوتی **(پێش ماوەیەك لە کۆیە گلەییم لە بەرپرسانی حزبی و حکومی کۆیە کردووەو رێنماییم کردوون کە یەکێ لە شەقامە سەرەکییەکانی کۆیە بەناوی "عەونی" شاعیر و نیشتمانپەروەرە ناوبنێن).**

درێژە بە رێڕەوی کوردایەتی خەسڵەتی ئەو بنەماڵەیەی ئێمەیە، کە هەر لەناوەندی سییەکانی ئەو سەردەمە لە رێگای رێبەری ئەم خێزانە کە **(عەونی)**یە گوتوویەتی:

ئەسلەحەی جەنگی دەبەستم
کۆیە ١٩٣٥

ئەسـڵەحەی جـەنگی دەبەسـتم پاسـی کوردسـتان دەکـەم
قـەتل و عـامی تورکـەکانوو غـارەتی ئێـران دەکـەم
چـونکە ئـەم دوو چـینی زاڵـم خـوێنی کوردیـان زۆر رژانـد
دوژمـنی خـاك ولاتم پـەرت و سـەرگەردان دەکـەم
ناکەسـێك نـیم بـۆ مـەتالیب مـن لـە رووی لافـەوە
ئیرسـی خۆمـە بـەڵکو داوای دەوڵـەتی ساسـان دەکـەم
مـن لـە ڕێگـای سـەربەخۆیی خـاك و رزگـاری گـەلم
گیـانی خـۆم و قـەوم و خوێشـانم هـەمووی قوربـان دەکـەم
چـیم بـە ئاشـوور کـرد لـەکاتی خـۆی بـەڵێن بـێ هـەروەها
تـەخت بـەختی دوژمنـانی کـورد بـە خـاك یەکسـان دەکـەم
هەرکەسـێك بێـت و لـە هـەرلا خـوێنی کـوردی رشـت بـێ
خـۆم بەشـوێنی دا دەڕۆم خانـەی بەسـەر وێـران دەکـەم
گیـان بـەخت کـردن لـە ڕێگـای نیشـتمان پێویسـتی یـە،
مـن کـە کـوردم پـەیڕەوی فەرمایشـی یـەزدان دەکـەم
خزمـە گـوێ بگـرن لـە بەنـدە (**عـەونی**) زۆر بـێ چـارەیە
مـن گـرینم نـەك لـە بۆخـۆم، بـەڵکو بـۆ کـوردان دەکـەم

بۆیە لام سەیر نەبوو، کاتێ ڕێکخراوی بەعس (**الفرقة الحزبية**) ساڵی ١٩٩٠ لە کۆیە وەکوو سەگی هار خەریکی بە بەعس کردنی قوتابیانی ناوەندی و دواناوەندی کۆیە بوون، دەمێك بە هێمنی و بە پەیمان پێدان، کە لەدوا ڕۆژدا ئەوانەی ئیمزا بۆ بەعس دەکەن و دەبنە بەعسی لە کۆلیژی باش وەردەگیرێن، پاشان کە دەیان زانی سیاسەتی

پەیڕەوکردنی هێمنایەتی کەڵکی نابێت و بەرهەمی نییە، ئەوجا دەکەوتنە هەڕەشەو گورشە و تۆقاندن و ڕۆژێك دەچنە ئەو **(پۆلەی)** کە ڕێکانی کوڕمی لێ بوو، کە ئەو لە قۆناغی سێی ناوەندی قوتابیەکی زیرەك و هەڵکەوتووبوو، لەلایەن بەرپرسێکی بەعسی کە یاوەرەکەی **(جوامێرێك)**ی کۆیی بوو، روو لە قوتابیان دەکەن جارێك بە خۆشی و جارێك بە هەڕەشە بۆ ئەوەی بچنە ریزی **(بەعس)**ەوە، بەڵام هەندێ لە قوتابیان کە ژمارەیان چوار قوتابی بوون کە یەکێکیان **(ڕێکان)**ی کوڕم بوو، رەتی ئەوەیان کردبووەوە ببنە بەعسی و لە ئاکامدا پاش مشتومڕێکی زۆر کابرای بەرپرسی بەعسی روو لە قوتابیەکان دەکات و دەڵێ: ئێوە چاو لە ڕێکان مەکەن، چونکە **(هذولة تأريخهم اسود)** یانی ئەوانە کە مەبەستی ڕێکان بوو مێژوویان رەشە **(خاوەن مێژوو رەشیش لای بەعس ناشکرایە کە چییە !)**. ئەو **(مێژووە رەشەش)** ناشکرایە بە شەو و ڕۆژێك دروست نەبووە، بەڵکو پێکهاتەی زیاتری نیو سەدەی خەبات و تێکۆشان و دەردەسەرییە، کە لەلای **(هەندێك) (بەهەند)** وەرنەگیراوەو ڕێگای چوونە پێشەوەشیان لێ دەگرن و ئەگەر بۆیان بکرێ لە ریزی پارتیشیان دەرکەنار دەکەن !.

لێرەدا سەیر و سەمەرەکەش لەوەدایە کە هەندێ جاریش تانە لە خەڵکی دڵسۆز و نیشتمان پەروەر دەگیرێ و بە ناحەق دەکەونە گیان و مێژووی خەڵکانی بە هەڵوێست کە ئەمیشیان بەڕای من تۆڵەسەندنەوەیە لە خودی پارتی و لە مەرجەعییەتی پارتی بەم ڕێگایە بە **(کۆنە قین و هەڵوێستی ناجوامێرانە)**، تۆڵە لە خەڵکانی دڵسۆزی ڕێبازی ڕاستەقینە دەکەنەوە، بەڵام سەیروسەمەرەتریش لەوەدایە، کە مەرجەعییەتیش زۆر جار بەداخەوە دەکەوێتە ژێر کاریگەریەتی هەندێ لەو بەرپرسانەی کە بەرەو هەڵدێری دەبەن، چونکە بنکۆڵ کردنی پارتی لەلایەن هەندێکەوە وەکو چیرۆکی ئەو (**موهەندیسە سۆڤیەتییەوەیە. وایە کاتێ لەلایەن دەزگای جاسوسی ئەمریکی** (C.I.A) **کڕابوو، کە تەنیا ئیشی ئەوەبوو لەو کارگەیەی ئەو بەڕێوەبەرایەتی دەکات، نەهێڵێ هیچ تەکنیکارێکی بەتوانا ماوەی سااڵێك زیاتر بمێنێتەوە بۆ ئەوەی سامانی زانیاری** (تراكم المعلومات) **لەو کارگەیە کۆنەبێتەوە**).

لێرە من کاتێ گلەیی خۆم ئاراستەی مەرجەعییەتی پارتی دەکەم وەنەبێ جارێکی دیکە بە تەمای پلەوپایەیەکی حزبی بم، چونکە قەت بە تەما نەبووم و هەمیشە وەکوو (**سوار چاکێك**) کارم تێدا کردووەو پێوەی ماندوو بووم، رام گەیاندووە (**وەکو خرۆشۆف**) گوتەنی: "**من له بازاڕ دێمەوە و پێویستم به چوونە بازاڕێکی دیکە نییە**"، بەڵام کاتێ گلەیی و گازاندە لە (**حزبەکەم**)، دەکەم مەبەست لە هۆشیارکردنەوەیەتی، کە ئەگەر وابڕوا بەرەو چ هەڵدێرێك دەچێت. مێژوو باس لە گەورە پیاوانی کورد دەکات کە کات وساتی خۆی چییان بۆ میللەتەکەی خۆیان کردووە، بەڵام کاتێك کە کەسێك و تاقمێك نەبووە لەو بنەماڵانە درێژە بە خەباتی ئەو کەڵە سەرکردانە بدات، کاروانی پڕ لە سەروەریی ئەو سەرکردانە لە شوێنی خۆی لەو قۆناغەدا وەستاوە، لەبەر ئەوەی خاوەن حزب نەبوون، تاکە ئامرازی درێژەدانیش بە خەباتی سەرکردە بە تایبەتیش لەو چەرخەو لەو سەردەمەدا بوونی رێکخراوێکی خاوەن سەرکردایەتییەکی هۆشیارە، کە نەهێڵێ خەڵکانێك دەستووری موکەرەمیان هەبێت، بە تەجاوز کردنە سەر حورمەتی دڵسۆزان و تێکۆشەرانی، کاتێ بەندە لە برایەتی و لێپرسراویەتی دەزگای برایەتی و خەبات دەرکەنارکرام ئەندامی دوو مەکتەبی ناوەندی پارتی بووم هەر لە ساڵی ١٩٩٣ەوە یەکەمیان مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن بوو کە بە بڕیار و قەناعەتی خۆم کاتێ کەلە برایەتی لابرام لێی چوومە دەرەوە، بەڵام دووەمیان کە ئەویش مەکتەبی ناوەندی (**دیراسات**) بوو تێیدا لەگەڵ کۆمەڵێك لەگەڵ مامۆستایانی بەڕێزی زانکۆ و پسپۆرانی

جۆراوجۆری دیکەی ئەندامی ئەم مەکتەبە بووین (**بە قودرەتی قادر**) بەبێ ئاگادارکردنەوە تەنانەت بەبێ نووسراوێکی ڕەسمی هەموومانیان (**فنیش**) کرد، بێ ئەوەی هۆکارێکیش هەبێت. لەکاتێکدا ئەو دەستەیە بە لێپرسراویەتی کاك جەوهەر نامیق سالم (**خاوەنی ٣٥ کتێبی چاپکراوەو هەرهەمووی بە قەڵەمی ئەو کۆمەڵە ڕۆشنبیرە ئامادەکراوە**)، بەڵام لێرەدا کەس ناپرسێ بەتایبەتی مەرجەعییەتی ئەم حزبە (**پارتی**)، کە هۆکاری لابردنی ئەو دەستە جەمعەیە چی بوو! کێ لە پشتەوەیەتی! ؟ قازانج و زەرەری چی بوو، کاتێ ئەو (**شۆڕشە**) کراو



نووسەر لەگەڵ بەڕێز مام جەلال لە ڤیستیڤاڵی یەکەمی بەدرخاندا- دوکان ٢٠٠٤/٤/٢٢

کێ لە پشتەوەیەتی؟! پاشان مەکتەبەکە چی بەسەرهات و بەرهەمی چییە؟! ئەمەو سەدان پرسیار رۆژانە لای تێکۆشەرانی حزب ئاراستەی یەکێتری دەکرێ، بەڵام هەر هەمووی بێ وەڵامە و کەس خۆی لێ بەساحێب ناکات!. هۆی لێنەپرسینەوەکەش بە راوبۆچوونی شەخسیم دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێکی گرنگ، کە بێ گوێ نەدان بەو هۆکارانە ئایندەیەکی نیمچە باشیش چاوەڕوانی لێ ناکرێت و بەرەو هەڵدێر دەچێت. لێرەدا دوو نموونەی سادەی دیسپلینی پارتایەتی دێنمەوەیاد کە رۆژانێك دیسپلینی پارتایەتی لەناو پارتی لەسەرووی هەموو (**بەرژەوەندییەکان**) بوو، بەڵکو ئەمە خوایە پەندی لێ وەربگیرێ.

یەکەمیان: لەنێوەڕاستی ساڵی ١٩٦٢ لیژنەی ناوچەی کۆیەی پارتی، بێ ئاگادارکردنی **(م.س)** بڕیاری کوشتنی پیاوێکی دا لە کۆیە، کە گوایە کاری سیخوڕی بۆ حکومەت دەکات، کارەکە ئەنجامدرا، بەڵام کابرا تەنیا بریندار بوو، پاش ماوەیەك مەکتەبی سیاسی لیژنەی ناوچەی کۆیەی تێکڕا **(تەجمید)**کرد و **(فاعل)**ەکەشی موحاسەبەکرد و سزادرا، لەبەر ئەوەی بەپێی بڕیاری مەکتەبی سیاسی نەدەبا هیچ کارێکی لەم جۆرە

ئەنجام بدرێت، بەبێ ئاگاداری و موافەقەتی پێشەکی مەکتەبی سیاسی بە نووسراوی ڕەسمی.

نموونەی دووەم: ساڵی ١٩٦٣ چوومە ریزی پێشمەرگەو لە دادگای بەرزی شۆڕش لە ماوەت بە نووسەر **(کاتب)** داندرام، پاش ماوەیەك بارەگای سەرۆکی دادگا گوێزرایەوە بۆ گوندی (**عیساوی**)، کە بارەگای مەکتەبی سیاسی و دام و دەزگاکانی دیکە لێ بوو، سەرۆکی دادگا خوالێخۆشبوو **(عومەر حەبیب)** و بەندە لە خانوویەکی قوڕی دوو ژووری دەژیاین بە ڕێکەوت لە زستانی ئەوساڵەدا خوالێخۆشبوو **(دارا تۆفیق)** کە ئەویش تازە پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردبوو، ماوەیەك لەگەڵ ئێمە لەو خانووە دەژیا، پاشان کاك **(عومەر دزەیی)**، هونەرمەندیش بۆ ماوەیەك میوانی هەمان خانووی ئێمە بوو. خواردنمان ڕۆژانە یان **(نان و چا یاخود چاو نان)** بوو تەنیا ڕۆژانی پێنج شەممە **(نیسك یاخود نۆکار)**یان بۆ لێ دەنایین.

شوێنەواری باڵەخانەی دادگای بەرزی شۆڕش لەماوەت، دوای (٤٠) ساڵ، بەهاری ٢٠٠٣ – بە کامێرای نووسەر

نیوەڕۆی ڕۆژێکی زستانی بەفراوی ئەم ساڵە، سەرۆکی دادگا داوای لێکردم کە بچمە لای خوالێخۆشبوو **(عەلی مام ڕەزا)**، کە ئەکاتە بەڕێوەبەری ئیداری مەکتەبی سیاسی

بوو، چوونەکەشم بۆلای لەسەر داوای سەرۆکی دادگا، بۆ وەرگرتنی هەندێ **(پیان)** بوو کە لەگەڵ **(نۆکاو)**ەکە بیخۆین، بەتایبەتی ئەو ڕۆژەش ئەو دوو میوانە بەڕێزەش (**ناوبراوان**) لەگەڵمان بوون.

چوونەکەم زۆر پێ ناخۆش بوو، چونکە دەبوایە ماوەی دە خوولەك لە ڕێگایەکی بە بەفرگیراو ببڕم بەلام ملی ڕێگام ناو و چوومە لای ئەو خانووەی کە کاك عەلی مام ڕەزای لێ بوو، کاتێك ڕووبەڕووی کاك عەلی بوومەوەو داوایەکەی سەرۆکی دادگام پێ ڕاگەیاند، کاك عەلی لە وەڵامدا گوتی: **(سەلام لە حاکم عومەر بکەو پێی بڵێ بە ئەمری مەکتەبی سیاسی لە غەیری ئیستیحقاتی ڕۆژانەی (**مەتبەخ**)، ناتوانین یەك دانە پیازێکیش بە کەس ببەخشین)**، بە دڵشکاوی گەڕامەوە، زۆر جاریش ئەم مەسەلەیەم بۆ برادەرانی خۆم گێڕاوەتەوە، کە پاشان بۆم دەرکەوت کاك عەلی ڕاست بوو، چونکە لەو ڕۆژە دژوار و ناخۆشانەدا، ئەگەر فەرمانەکانی مەکتەبی سیاسیی جێبەجێ نەکردبا، لەوانەیە ڕۆژانە تووشی تەنگژەیەکی ئیداری ببوا، ئەگەر بهاتبایە حیساب بۆ ئەم مەسەلە وردانە نەکرابایە، بەڵام سەد حەیف و مەخابنە کە ئێستاکە سەدجار بەداخەوە نەك هەر حیساب بۆ یەك دانە پیازی ژووری ئازووقەکەی خوالێخۆشبوو عەلی مام ڕەزا ناکرێ، بەڵکو ڕۆژانە چەندین جار **(پەیڕەوی ناوەخۆی حزب)**یش پێشێل دەکرێ، بێ ئەوەی کەسێك حیسابی بکات یاخود جۆرە لێپێچینەوەیەك هەبێت و هەریەك بە ئاوازی خۆی لێ دەدات. ڕاستە سەردەمی پارتی زەمانی خوالێخۆشبوو عەلی مام ڕەزا جیاوازی لەگەڵ ئەم سەردەمە هەیە، کە ئەندامێکی تەمەن چل و سێ ساڵەی حزبی وەکو (**بەندە**) لە پالێوراوێکی پارتییەوە دەستی پێ کردووە و پاشان بوو بە ئەندام و ئەوجا لە لیژنەیەکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە کۆیە تا گەیشتینە پلەی سکرتێری گشتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، پاشان مودیری ئیدارەی ڕۆژنامەی (**التآخي**) و سەرپەرشتیکاری بابەتە سیاسییەکانی برایەتی و بەڕێوەبەری گشتی لاوان لە ئەمانەتی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیر و لاوان لە پاش نسکۆش گەرچی پارتی بە

سەدان کیلۆمەتر لێم دووربوو، بەڵام ئەوکات لە هەموو کاتێک لێی نزیکتر بووم، ماوەی نێوانی ساڵی ١٩٧٥–١٩٩١ دەیان و سەدان چیرۆکی ئەو رۆژە سەختانە دەبنە هەوێنی رۆمانێکی چەند سەد لاپەڕەیی، کە بەدەیان رووداوی ناخۆش و ترسناک و دژواری بەخۆیەوە دەگرێ، ساتەوەختێکی ترسناک لەو رۆژانەدا بەرامبەر دەیان و سەدان رۆژانی خۆشییە لێرەدا تۆمار بکرێت، بەڵام خۆشبەختانە سەروەت و سامانێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کوردایەتی، ئەوتۆی بۆ من دروست کردووە، کە بۆتە مایەی دروست کردنی **(حصانة)**یەکی ئەوتۆ نە بە نووسینی راپۆرتنووسی بێ ویژدانی دوور لە گیانی پارتایەتی رەسەن و نە بە هەڵوێستی ماستاوچی و خۆڕەپیش کەرانی، کە بوونەتە کۆرپەی بەنازی **(مدلل)** هەندێ لە لێپرسراوان ناسرێتەوە.

بەندە ئەگەر لە یەک کات و ساتدا ئەندامی دوو مەکتەبی ناوەندی و سەرنووسەری رۆژنامەیەکی رۆژانەو لێپرسراوی دەزگایەکی رۆژنامەنووسی بێت هیچ فەرق ناکات بۆمن کە هیچ یەکێ لەو پۆستانەم نەبێ و هیچ زەرەرێکی بۆ من تێدا نییە، ئەگەر لە هەموو ئەو ئیمتیازاتانە بێ بەش بم، چونکە من لە ناخەوە و لەسەرەتاشدا تینووی پلەو پایە و پارە نەبووم، بۆیە کاتێ لە ساڵی ٢٠٠٢ لەلایەن شەخسی بەڕێز **(جەوهەر نامق سالم)** سکرتێری پێشووی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئاگادار کرام کەوا سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان دەستنیشانی کردووم بۆ پۆستی لێپرسراوی نووسینگەی پارتی لە (**قاهیرە**)ی پایتەختی وڵاتی میسر و داوای لێکردم کە خۆم ئامادە بکەم، وێڕای پیرۆزبایی شەخسی بەڕێز سەرۆک بارزانی، بەڵام پاش ماوەیەک بێ ئاگادار کردنەوەو دیاری کردنی هۆکار لەناکاو زانیم کەوا خوالێخۆشبوو کاك **(عومەر بۆتانی)** بۆ ئەم پۆستە داندراوە. دیسان لام ئاسایی بوو، چونکە لە بنەڕەتدا من خۆم داواکاری ئەو پۆستە نەبووم و هیچ هەوڵێکیشم لەم بارەیەوە بۆ نەدابوو، چونکە هەمیشە بە قەناعەتەوە خۆم بە **(تێر)** ناسیوە و داواکاری هیچ لەو پۆستانە نەببووم، کە کارم تێدا کردوون، بەڵکو بە هەوڵو کۆششی بەردەوام و شەونخوونی و سالانێکی زۆری خەبات و تێکۆشان پێگەیشتووم، بەڵام ئاشکرایە و وەکو رۆژی روونناك دیارە کە خودی پارتی گەورەترین زەرەر دەکات کاتێ، ئەو حزبە خۆی لەو جۆرە **(کادیر)**ە بە ئەزموونانە بێ

بەش دەکات، کە لەجیاتی ئەو جۆرە کادیرە بە ئەزموونانە، بەداخەوە خەڵکی وا لە پۆستی حکومەت و حزبی دادەندرێ **(لەگەڵ ڕێزم بۆ هەرهەموویان کە لە بنەڕەتدا خەتای ئەوانی تێدا نییە، بەڵکو خەتای ئەوانەیە کە هەڵیان دەبژێرن)**، بە هیچ جۆرێك لەگەڵ ئەو شوێنەی کە بۆی داندراون یەك ناگرنەوە، تاکە قازانجی ئەم کەسانە زیادبوونی توێژی جۆری **(فەرمانبەری)** حیزبییە، کە بۆتە لەشکرێك، لەشکرێکی **(بێ چەك)** و هیچ کاتێ ئامادەی ماندووبوون و قوربانی تێدا نییە، هەر ئەمەشە هۆکاری ئەو ناڕەزاییەیە، کە ڕۆژانە لە زیادبووندایە و بەری ناگیرێ.

خوێنەری بەڕێز

لەکۆتاییدا هەگبەکەم ئێستاش نیوە بە نیوە نەبووە، بەڵام وەکو پێشووتر باسم لێوەکردووە ئەو **(مەقام)**ە لەوە زیاتر هەڵناگرێ، بەڵام لێرەدا بە پێویستی دەزانم ڕاستییەك ڕوون بکەمەوە بۆ ئەوەی کەس **(نان و پیازی)** پێوە نەخوات، ئەوەی نووسیوومە یەك دێڕم لە ڕووداوە ڕاستییەکان لانەداوەو بە مەبەستی **(طەن)** لێدان نییە کەسم بریندار نەکردووە، کورد دەڵێ **(دۆست ئەوەیە بتگرییێنێ)**، هەمیشە و تاکو دوارۆژی ژیانم شانازی بە ژیانی پڕ لە سەروەری و مێژووی خۆم دەکەم، دژی خۆڕەپیشکردن و لەپێشەوەی ڕیز دانیشتنم، ماوەی چارەکە سەدەیەکیش ئابوونەی حزبیم داوەو زۆربەی جاریش بێ ڕێکخراو ماومەتەوە، هەمیشە دژی نەرجسیەت و خۆپەرستی و بەرزکردنەوەی دروشمی درۆم، ڕێز لەو سەرکردەو مرۆڤانە دەگرم ڕاستگۆیانە مامەڵە لەگەڵ خۆیان و دەرووپشتیان دەکەن و درۆ لەگەڵ مێژوو ناکەن. ئێستاکە وەکو مرۆڤێکی سەربەخۆ، مرۆڤێکی بە نەژاد کورد و بە بۆچوونی کوردستانی کاری ڕۆژانەم ئەنجام دەدەم، دوورم لە هەڵوێستی تەسکی حزبایەتی، کە گەورەترین زەرەی بە بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستان گەیاندووە و دەیگەیەنێ و بە، **(ئەوجا هەر لایەنێك و هەر کەسێك بیکات)**، هەموو سەرکردەکانی کورد و کوردستانم لا ئازیز و بەڕێز و بە حورمەتەوە تەماشای بیرو بۆچوونی هەموو لایەنە کوردستانییەکان دەگەم، دەمێکە و زەمانێکە هاتوومەتە ئەو قەناعەتە ئەرکی مرۆڤی تێکۆشەر و کوردپەروەر ئەوەیە بە هەموو

هێزییەوە دەبێت لە خزمەتی یەك ریزی گەلی کوردستان دابێت، ماوەی دروست بوونی بچووکترین **(درز)** نەدات، بەو بەرنامەیە لەگەڵ برایانم لە ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان مامەڵە لەگەڵ هەموو رۆژنامەنووسانی کوردستان دەکەم، بە جیاوازی نەتەوە، بیروڕای سیاسی، ئایینی، چونکە شوێنەکە سەرەڕای قەناعەتی تەواوم ئەوە دەخوازێ، کە بەم جۆرە هەڵسوکەوت بکەم هەر ئەوەشیان بۆتە مایەی لێکدانەوەی جیاجیا لەسەر من، لە پێشەوە لەلایەن خودی هەڤاڵانی ڕێبازی ٤٣ ساڵەم مەبەستم تاکو ساڵی (**لە ناو پارتیدا**) کە زۆر جار بە ناحەق ئەو جۆرە لێکدانەوانە بۆ هەندێ لە ڕاوبۆچوونەکانم کە لە کاتی دیمانە رۆژنامەوانییەکانەوە دەڕی دەبڕم، خراپ لێك دەدرێتەوەو تەفسیراتی جۆراوجۆر و هەمەڕەنگی بۆ دەکرێ، جارجاریش **(موحاسەبە)**ی نادیاریش کراوم و تانەشم لێ دراوە، بەڵام دیسان ئەوەی ڕاست بووە بەڕاستم زانیوەو سڵم لێنەکردۆتەوەو سڵی لێ ناکەمەوە، چونکە بە ویژدان و قەناعەتەوە بڕوام پێ بووە لە پێشەوەش دەزانم وەکو دەڵێن **"داری بە بەر هەمیشە بەردی تێدەگیرێ"**.

(**برایەتی و التآخي**) زۆر لام ئازیز بووە، تاکو دوا ساتیشم خۆشەویستیم بۆیان دەمێنێ، چونکە التآخي تاکو رۆژانی ١٩٧٤/٣/١١ بەناودارترین رۆژنامەی گۆڕەپانی رۆژنامەگەریی عیراقە، لە سەردەمێکدا، کارم تێدا کرد و رۆژنامەی برایەتیش لەسەرەتادا ڕ وەکوو خوێنەر ساڵی (١٩٦٧) ڕ وەکوو بەڕێوەبەری کارگێڕی ئەو دەزگایەی ئەوەی لێ دەردەچوو، رۆڵی سەرپەرشتیاری بابەتە سیاسییەکانیم دەبینی (١٩٧٢–١٩٧٤)، پاشان ڕ وەکوو سەرنووسەری ئەو رۆژنامەیە (١٩٩٣–٢٠٠٠) لام یەکجار خۆشەویستە و بە شانازییەوە هەمیشە باس لەو ماوەیە دەکەم کە کارم تێدا کردووەو بەقەدەر خۆشەویستییەکەی برایەتیش **(رقم)** لەو بڕیارەیە، کە تێیدا برایەتی ئەوجا بە هەر بیانوو و هۆکارێك بووبێت **(زیندە بەچاڵ)** کرا، تێیدا کلاوی **(عەلۆ)**یان لەسەر **(جەلۆ)** دانا و بێ ئەوەی حیساب بۆ مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی بکەن کە پارتی دیموکراتی کوردستان شەرەفی خاوەنییەتی یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەی پێ برابوو، بەڵام سەد حەیف و مەخابنە نازانم ڕ (**بڕیارێك**) بوو ئەو دەسکەوتەو ئەو سەروەرییە لە پارتی، بسێنێتەوە و برایەتی وەکوو رۆژنامە لەگۆڕەپانەکەدا نەمێنێ، لێرەدا سەد جار بەداخەوە ئەوەی بۆ یەکەمین

رۆژنامەی رۆژانەی کوردی لە مێژوودا ماوەتەوە، تەنیا (**یادکردنەوەیەتی**) لەلای خەمخۆرانی، لای هەندێکیش باوەڕناکەم ئەوەیان لا مەبەست بێت، کە برایەتی یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەی کوردییە لەمێژوودا، کە پاش (٢٧) ژمارەی یەکەمی لەساڵی ١٩٧٤، (**خوولی یەکەم**) بەعس بڕیاری خنکاندنی داو، بەڵام برایەتی جارێکی دیکە لەپێشەوەی ئەو کاروانەی رۆژنامەگەری کوردستان بوو، کە لەگەڵ ڕاپەڕینەوە قۆناغێکی زێڕینی بەخۆیەوە دیت، بەڵام سەد حەیف و مخابن بە بڕیارێکی سەیر و سەمەری ئەوجارە (خۆماڵی) لە گۆڕەپانەکە دابڕا.

بەشی هەشتەم

پاش بەجێهێشتنی برایەتی و دەزگا لە رۆژی ٢٠٠٠/٢/٢٠، رۆژی دوایی یەکسەر چوومە بارەگای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، کە لە کۆنگرەی دامەزراندنییەوە لە هەولێری پایتەخت بەسترا (١٩٩٨/١٢/٢٩–٩٩٨/١٢/٣١) و بە نەقیبی رۆژنامەنووسان هەڵبژێردرام، بە داخەوە تاکو ئەمڕۆش هەندێ رۆژنامەنووس و هەندێ کەناڵەکانی راگەیاندن بە (**نەقیبی سەندیکا**)م بانگ دەکەن، ئاشکراشە بەپێی یاسا نەقیب نەقیبی رۆژنامەنووسانە نەک نەقیبی سەندیکا، بەرامبەر بەم هەڵەیە منیش زۆر جار باسی ئەو رووداوەیان بۆ دەکەم کە بەهەشتی مامۆستا (**مەسعود محەمەد**) لەگەشتی ژیانم باسی لێوە دەکات، چیرۆکەکەش بریتییە لەم چەند دێڕە:

(مولازمێکی پۆلیس بەناوی قاسم لە بنکەی پۆلیسی ئیمام قاسم لە کەرکووک دادەمەزرێ و بەڕێوەبەرەکەشی کە بە پلە لەو گەورەتر دەبێت، هەمیشە لەجیاتی قاسم بە عبدالقادری بانگی دەکات، هەموو جارێکیش قاسم بە شەرمەوە دێتە وەڵام دەڵێ: **(موخلستان ملازم قاسم)**، بەڵام دیسان بێ سوود دەبێت، پاش ماوەیەک مولازم قاسم سەر لە بەیانییەک دەچێتە بەردەم بەڕێوەبەر و سەلامێکی عەسکەری بۆ دەکات و دەڵێ:

گەورەم کاتی خۆی باوکی ڕەحمەتیم پاش لە دایک بوونی حەوت کچ، کە ئێستا من برای حەوت خوشکم، دەچێتە سەر مەزاری ئیمام قاسم **(دەست بۆ لای مەزارەکەی ئیمام قاسم دڕێژ دەکات)** و لەسەر مەزارەکە لە یەزدانی گەورە دەپارێتەوە دەڵێ: (خودای گەورە، بە گەورەیی خۆت و ئەو ئیمامە، پاش حەوت کچ کوڕێکم پێ ببەخشە، شەرتی پیاوبێت ناوی بنێم قاسم و هەموو سااڵێکیش لە ڕۆژی لەدایک بوونی **(نەزر)** دەکەم، کە بێمە ئەم شوێنە پیرۆزە **(مەڕێك)** سەر ببڕم و بیکەمە **(خێر)**، ئەوەبوو خودای گەورە پاڕانەوەکەی باوکمی قەبوڵ کرد و منی پێ بەخشی و باوکیشم منی ناونا **(قاسم)** و هەموو سااڵێکیش هەتا لە ژیان بوو سااڵنە خێری خۆی لەسەر مەزاری ئیمام قاسم دەکرد، گەورەم منیش شانازی بەناوی **(قاسم)**ەوە دەکەم و حەز دەکەم هەمیشە بەناوی **(مولازم قاسم بانگم بکەن و منیش لە خزمەتدام)**، دیسان سەلامێکی عەسکەری دیکەی بۆ بەڕێوەبەرەکەی کرد و بەرامبەری لە حاڵەتی (ئیستیعداد) راوەستاو چاوەڕوانی وەڵامی بەڕێوەبەر بوو، بەڕێوەبەری پۆلیسیش وەکو نەبای دیبێت و نە باران) زۆر لەسەر خۆوە گوتی **(گوێ مەدەیێ عبدالقادر)**.

پێش دەرچوونم لە برایەتی ناوەناوە دەوامی سەندیکام دەکرد و حەفتەی رۆژێکیش دەوامی تەواوم لێ دەکرد و ئیشوکارەکان بەباشی بەڕێوە دەچوون، بەڵام ئەوەی لێرەدا بە پێویستی دەزانم بیڵێم، بوونی برای ئازیز کاك **(ممتاز حەیدەری)** بوو، کە هەر لە سەرەتاوە وەکو رۆژنامەنووسێکی سەربەخۆ **(مستقل)** ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری سەندیکا بوو، پاش کۆنگرەی دامەزراندنیش لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەندیکا بە سکرتێری سەندیکا هەڵبژێردراو رۆژانە دەوامی رێکوپێکی سەندیکای دەکرد و ئیشوکارەکانیشی دڵسۆزانە ئەنجام دەدا تا ڕادەیەکی زۆر ئەرکی منی سووك و ئاسان کردبوو، بۆ خوداش بڵێم هیچ ئیشێکی بێ من نەدەکرد، تەنانەت رۆژی وا هەبوو سێ چوار جار تەلەفۆنمان بۆ یەکتری دەکرد.

(بە ئومێدی خودا لە ئایندەدا بە درێژی باس لە دروست بوونی سەندیکا دەکەم هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تاکو دواڕۆژی مانەوەم لە سەندیکا).

ئاشکرایە کە کاری سەندیکا بە پێی یاساو واقیع کارێکی پیشەییە **(عمل نقابی)**، بەگوێرەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانەوە لە ژێر دروشمی **(لەپێناو چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووس و دابین کردنی مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان)**، بەڵام لێرەدا تەنها لایەنە رۆژنامەگەرییەکەی باس دەکەم، کە لە سەرەتاوە ئەنجام دراوە.

پاش چەندین کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەندیکا، کە بریتی بوون لەو برا رۆژنامەنووسانە (ئازا حەسیب قەرەداغی، ممتاز حەیدەری، یۆنان هۆزایا، ئازاد عبدالواحد، محمد خدر مولود، تحسین محمد خلیل (ئەبو دڵشاد)، حامد محمد علی، فەهیم عبدالله، فەرهاد عەونی) باس لە دەرکردنی گۆڤارێکی بابەتی دەکرا کە لەلایەن ئەنجوومەنی سەندیکاوە دەربچێت بە شێوەیەك کە:

یەکەم: بە تەواوی سەربەخۆبێت و دووربێت لە ئایدۆلۆجیاو سیاسەتی تەسکی حیزبایەتی.

دووەم: گۆڤاری سەرجەم کاری رۆژنامەنووس و هەموو پێکهاتەکانی گەلی کوردستان بێت بە جیاوازی بیروڕاو نەتەوەو ئایین.

سێیەم: گرنگی بە مێژووی ئەرشیف و بەڵگەنامەکانی ئەو بوارە بدرێت، کە تا رادەیەک لەلایەن نەوەی نوێوە نامۆیە.

چوارەم: بڵاوکردنەوەی دۆسیەی رۆژنامەنووس، تایبەت بەو نەتەوانەی کە لەسەر خاکی کوردستان دەژین، ئەو پێکهاتە پێك دێنن کە گەلی کوردستانی لێ پێکهاتووە.

پێنجەم: بڵاوکردنەوەو تۆمارکردنی کارو چالاکی و بەیاننامەکانی سەندیکاو سەرەڕای تۆمارکردنی کۆنگرەکانی.

ژمارەی یەکەمی گۆڤاری (**رۆژنامەڤانی**)، لە ٢٢ی نیسانی ساڵی ٢٠٠٠ دەرچوو، بۆ سەرنووسەرەکەش، ئەنجوومەنی سەندیکا رۆژنامەنووس (**مومتاز حەیدەری**) هەڵبژارد و (**بەندەش**) وەکو خاوەن ئیمتیازی گۆڤارەکە، چونکە بەپێی یاسای چاپەمەنی ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣، پێویستە هەموو رۆژنامەو گۆڤارێك خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری هەبێت، کاك مومتاز زۆر چالاکانە بەدوای دەرچوونی گۆڤارەکەوە بوو، تەنانەت لەسەرەتادا بۆ چەند ژمارەیەکیش بەشداری نەخشەسازی گۆڤارەکەی دەکرد، سەرەڕای بابەت نووسین.

لەسەرەتادا لەگەڵ کاك مومتاز رێڕەوی گۆڤارەکەمان داڕشت و رێککەوتین کەوا رووی لایەنی ناوەوەی بەرگی پێشەوە وتاری گۆڤاری تێدا بنووسم، ئەویش لە بەرگی ناوەوەی دوواوە وتاری بۆ بنووسێ، سەرەڕای بابەتی رۆژنامەنووسی.

لە یەکەم ژمارەو لەو شوێنەی کە بۆم تەرخان کرا، وتارێکم بڵاوکردەوە بە پێویستی دەزانم دەقەکەی بڵاو بکەمەوە، چونکە تەعبیر لە سیاسەت و بۆچوونی سەندیکا دەکات لە رێگای ئۆرگانی سەندیکاوە، کە ئەویش گۆڤاری رۆژنامەڤانی بوو.

"کاروان بەردەوامە . . !

نێـوانی رۆژگـاری لـەدایك بـوونی یەکـەم ژمـارەی رۆژنامەیـەکی کـوردی (**کوردسـتان– ١٨٩٨/٤/٢٢**)، تاکو ئەمرۆ پاش سەدەیەك و دوو سالّ کاروانی رۆژنامەگەری کوردی پێـی ناوەتە قۆناغێك کە خۆی لەخۆیدا سەرەتای چەسپاندن و گەشەپێکردنی ئەو ئەزموونەیـە کە میقداد بەدرخانی پێشەوا بەردی یەکەمی بۆ دانا، دوور لە ولاّتی پان و بەرینی کـوردان لە ئاکامی ئەو غەدرە گەورەیەی کە مێژوو لە نەتـەوەی ئێمـەی کـردووە ولاّتەکـەمانی بـۆ چوار پارچە دابەشکرد و تەنانەت ئەمرۆشی لەگەلّدابێت لـە هەنـدێ کـەلێن و بـەرەی ئـەم ولاّتە بێ سنوور و لەت لەتکراوەدا، تـاکو ئێسـتاش دەرچـوونی رۆژنامەیـەکی کـوردی بـە تاوان لە قەلّەم دەدرێت و مـاوە نادرێت وشـەی کـوردی بخرێتـە سـەر رووپـەڕی کاغـەز، نـەوەکا ببێتـە بۆمبـای ئـەتۆم و تـەخت و تاراجیـان سـەرنگوم بکـات، بـەلاّم دیسـان رۆشنبیرانی ئەم نەتەوە ستەمدیدەیە لەگەلّ ئەو هەموو غەدر و زۆرداریـیەی لێیان دەکـرا، سەریان بۆ رەشەبای خەزانی دژ بە ئیرادەی نەتەوە دانەنوانـدوو لـە رووانگـەی دڵسـۆزی و هەست کردن بە ئینتیمای نیشتمانی، چالاکانە کەوتنە کار و هەریەك بـەپێی هەلومـەرجی خـۆی و سروشـتی بارودۆخەکـە خزمـەتیان بـەو کاروانـە کـردووە تـاکو گەیشـتۆتە ئـەو قۆناغەی ئـەمرۆ کـە ئـەویش سـەردەمێکی تـازەی خولّقانـدووەو رۆژنامەگـەری کـوردی و کوردستانی پێی ناوەتە قۆناغێك، دەتوانین بڵێین بۆتە دیاردەیـەکی گـەورەی شارسـتانی لە ناوچەیەکدا، کە هیچ لایەنێکی سیاسی و گرووپی جیاجیا نەماوە خاوەن دەزگایەکی

راگەیاندن نەبێت چ رۆژنامە، چ گۆڤار، چ رادیۆ، چ تەلەفزیۆن، ئازادانەش تەعبیر لە راو بۆچوونەکانیان دەکەن، بێ ئەوەی هیچ جۆرە سانسۆرێك لە ئارادا بێت تاکو کار گەیشتە ئەو رادەیەی رۆژنامەنووسانی کوردستان پاش ئەوەی ژمارەیان رۆژانە لە زیادبووندایە هەست بە جۆرە بۆشاییەك بکەن، کە ئەویش نەبوونی چوارچێوەیەکە تاکو کۆیان بکاتەوەو رێکیان بخات. هەر بۆیەش لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٤ەوە رۆژنامەنووسان بیرۆکەی دامەزراندنی سەندیکایەکی تایبەت بە خۆیان خستەڕوو، بەڵام شەڕی شووم و نەگریسی ناوخۆ ئاستەنگی پێکهێنانی دروست کرد و نەیهێشت هەوڵەکان سەربگرن، تاکو سەرەتای ساڵی ١٩٩٧ لە ئاکامی بانگەوازەکەی دەنگی میللەت، رۆژنامەنووسان سەرەڕای جیاوازی بیروڕاو ئینتیمای سیاسییان کەوتنە گەڕ و پرۆژەی یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانیان گەڵاڵە کرد و پەرلەمانیش لە بۆنەیەکی زۆر پیرۆزدا، کە ئەویش یادی سەد ساڵەی دەرچوونی یەکەمین رۆژنامەی کوردی بوو، ئەم پرۆژەیەی کردە دیاری و پێشکەش بە سەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستانی کرد، کە ئێستاکە خەریکی پیادەکردنی ئەو دروشمەیە **(لەپێناو چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووس و دابین کردنی مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان)**، کە لە ژێر سایەیدا کۆنگرەی یەکەمی ئەنجام داو بۆتە ڕێڕەوی راستەقینەو پەیامی ئەو سەندیکایەی کە بۆ سەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستان هاتۆتە کایەوەو نۆبەرە رۆشنبیرییەکەش ئەو گۆڤارەی بەردەستی ئێوەی خۆشەویستە کە بە ئاسانی نەکەوتۆتە بەردەستی ئێوە، چونکە ئامادەکردن و دەرچوونی گۆڤارێك تایبەت بە کاری رۆژنامەگەریی و مێژوو بابەتی هەمەجۆری رۆژنامەڤانی کارێکە بە زەحمەت دێتە بەردەست، بەو هیوایەی کەلێنێك پڕ بکاتەوەو بەردەوامبوونیش بە نووسین و بابەتە بەپێزەکانی خەمخۆرانی ئەو بواره پابەندە".

لە هەمان ژمارەش بابەتێکم لە لاپەڕەی (٢٨–٣٨) نووسی لەژێر ناوی **(کورتە باسێك دەربارەی مێژووی رۆژنامەگەری لە کوردستانی عیراق)**دا هەر لە سەرەتای رۆژانی داگیرکردنی عیراق لە لایەن دەوڵەتی بەریتانیای گەورە تاکو رۆژانی ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١، لێرەدا دەبێت بە چەند دێڕێك باسی رۆژنامەنووس **(عبدالله زەنگەنە)** بکەم کە هەر لە ژمارەی یەکەمەوە شانی دا بەر ئەم ئەرکە رۆژنامەنووسییە مێژوویە بەگیانێك کە دەتوانم بڵێم **(بێ هاوتایە)** و لە ژمارەی

یەکەمیشدا بابەتێکی لەژێر ناوی (دەبێ رۆژی ١٩٦٧/٤/٢٩ نەك ١٩٦٧/٥/٦ سالّیادی رۆژنامەی **(برایەتی)** بێ کە سەرجەم بابەتەکەی بۆ رەت دانەوەی راوبۆچوونەکانی منە، دەربارەی رۆژی دەرچوونی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی برایەتی لە خوولی یەکەمی لە سالّی ١٩٦٧دا، پاشانیش لە ژمارە دووی گۆڤارەکە بابەتێکی زێدە بەپێزی بلّاوکردووە لەژێر ناوی **"دادگایی کردنی خەبات یەکەمین رۆژنامەی سیاسی رۆژانەی کوردی"** بە سێ بەش، کە بەشی سێیەم لە ژمارەی (٤) بلّاوکردووە کە لەو کاتەدا سەرەڕای ئەوەی وەکو باسم لێوە کرد بابەتەکە زێدە بە پێز بوو، بەلّام کات و ساتی بلّاوکردنەوەی بابەتەکە لە **(رۆژنامەڤانی)** ئەوەی ئیسپات کرد کە رۆژنامەڤانی بە شێوەیەك سەربەخۆیە کەس ناتوانی نکولی بکات، چونکە هەر لەسەرەتادا بڕیاری ئەوەمان دا، کە دەبێت ئەو کراسەی لەبەر **(رۆژنامەڤانی)** دەکرێت، ئەو کراسەبێت کە تەعبیر لە رەنگەکانی ئالّای کوردستان بکات نەك تەنها ئەسیری یەك **(رەنگ بێت)** هەربۆیەش بابەتەکە رەنگدانەوەیەکی باشی لێ کەوتەوەو **(رۆژنامەڤانی)یش** هەر لە یەکەم ژمارەیەوە تاکو دوا ژمارەی و بە بەردەوامی بۆتە سەرچاوەیەکی زێدە گرنگی مێژووی رۆژنامەگەری لە کوردستان.

سەرقالّ بوونی من بە رۆژنامەڤانییەوە، نووسینی سەروتار و بابەتی هەمەجۆری رۆژنامەنووسی بوو، بەلّام کارە سەرەکییەکە بۆ خودی رۆژنامەنووس مومتاز حەیدەری دەگەڕێتەوە، تاکو ژمارە (٨) بە سەرنووسەری مایەوە، بەلّام پاش ئەوەی بە ئارەزووی خۆی سەندیکای بەجێهێشت، ئەرکەکە کەوتە سەرشانی رۆژنامەنووس **(عبدالله زەنگەنە)**.

لە ژمارە(٤) و بەسێ ئەلّقە بابەتێکی دوور و درێژم لەسەر ئەو رۆژنامەی **(کوردستان)**ە نووسی کە لە سالّی ١٩٥٩ لە تاران دەرچوو بوو، لە لایەن هەندێ رۆشنبیری دیاری ئەو سەردەمەی کوردی رۆژهەلّاتی کوردستان سەرپەرشتی دەکرا، کە لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی حەمەرەزای شای ئێراندا، دەربارەی رۆژنامەکەو هۆکاری دەرچوونی، لە سەرەتای بەشی یەکەمی وتارەکە نووسراوە، کە بە ناوونیشانی **(بیبلیۆگرافیای ئەو بابەتانەی کە لەسەر کورد و کوردستان)** نووسراوە کە ماوەیەکی باش پێیەوە سەرقالّ بوم، چونکە هەلّدانەوەی سەرجەم **(لاپەڕەکان)**ی ژمارەی رۆژنامەکەو گەڕان بە دوای

ناوونیشان و مەتنی بابەتەکان بە مەبەستی دۆزینەوەی ئەو بابەتانەوە کە لەسەر کورد و کوردستان نووسراون کارێکی ئاسان نییە، هەڵبژاردنیشم بۆ جێبەجێکردنی دەگەڕێتەوە:

یەکەم: زۆرجار لە مێژووی هاوچەرخی گەلی کوردستاندا کاتێ باس لە گۆڤار و رۆژنامەی وەکو (**تێگەیشتنی راستی، پەیام، دەنگی گێتی تازە، رۆژنامەی (کوردستان)ی تاران، کاروان، رۆشنبیری نوێ، بەیان**) لە هەندێ قۆناغدا یەکسەر هەندێ لە رۆشنبیران هێرش دەکەنە سەر ئەو بڵاوکراوانە، چونکە لەسەردەمی لکاندنی کوردستان بە عیراق و چەوسانەوەی نەتەوەیی، هێرشی سەربازی و ئەنفال، کیمیابارانی کوردستان بڵاوبوونەتەوە، کە سەرجەمی بەرەش دەبینن، بەڵام کاتێ رۆشنبیران ئەگەر ویستیان بگەنە بڕیاری راست و دروست پێویستە بە وردی و ئینسافەوە تەماشای ئەو بڵاوکراوانە بکرێت، کە ژمارەیەکی زۆر بابەتی زێدە بە پێز و سوود بەخشی بە کورد و کوردستانەوە تێدایە، کە لە کات و ساتی خۆیدا خزمەتێکی بەرچاوی کردووەو بە دەیان و سەدان نووسەر و شاعیر و ئەدیب و رۆژنامەنووسی نیشتمانپەروەر بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە، کە ئەمیشیان هەوێنی گرنگی دانی (بەندە) بوو بە رۆژنامەی **(کوردستان)**ی تاران.

(رۆژنامەڤانی) لەنێوانی ٢٢ی نیسانی سالّی ٢٠٠٠ تاکو ٢٠٠٣/١٢/٥، (١٢) ژمارەی لێ دەچوو بە (هەزاران) لاپەڕەیە، لە ژمارە (٤)ەوە، کە لە ٢٢/ی نیسان ٢٠٠١ دەرچوو، رۆژنامەنووس عبدالله زەنگەنە بە **(سکرتێری نووسین)**ی گۆڤارەکە داندراو، مامۆستا **(عبدالکریم شێخانی)**یش بە سەرپەرشتیاری زمانەوانی لە سەرەتاشەوە پیت چنین و جێبەجێ کردنی هونەری **(فەرهاد موحسن)** و **(توانا جەمال)** بوون، بەڵام لە ژمارە پێنجدا **(هەوار محەمەد عەلی)** لەجیاتی فەرهاد موحسن دەست بەکاربوو، لە ژمارە (٦)یشەوە دەستەی نووسەرانی بۆ دەست نیشان کرا کە بریتی بوون لە رۆژنامەنووسان:

١. ئازاد حمد أمین ٢. ئەکەد موراد ٣. حامد محمد علی
٤. زادۆق ئادەم، ٥. زیرەك کەمال ٦. عبدالڕەزاق عەلی
٧. فەهیم عبدالله

کە لە راستیدا هەموویان ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکابوون، لە ژمارە (٨)یشەوە، کە لە ٢٢ی نیسانی ٢٠٠٢ دەرچوو، رۆژنامەنووس **(زیرەك کەمال)** بوو بە سەرنووسەری

گۆڤارەکە و سکرتێری نووسین و ئەندامانی دەستەی نووسەران و سەرپەرشتیاری زمانەوانی (**تایپێست و نەخشەسازی**) وەکو خۆیان مانەوە، لە ژمارە (٥)یشەوە گۆڤارەکە کەوتە سەر ئەنتەرنێت.

وەکو لە پێشەوە ئیشارەتمان پێ داوە، گۆڤاری "**رۆژنامەڤانی**" گۆڤاری هەموو پێکهاتەکانی گەلی کوردستانە، بە جیاوازی نەتەوەو بیروڕای سیاسی و ئایین، زۆرجاریش هەوڵی بێ وچانم داوە لەگەڵ رۆژنامەنووسانی کلدۆ ئاشور و تورکمان بۆ ئەوەی ئەوانیش دۆسییەی رۆژنامەنووسی خۆیان تۆمار بکەن کە دەرفەتێکە هەر هەموولایەک دەتوانین بەوپەڕی ئازادی بنووسن و بخوێنینەوە، بێ ئەوەی سانسۆر بتوانێ لەمپەر دروست بکات، ئەوەبوو توانیمان لە ڕێگای رۆژنامەنووس (**ئەکەد موراد**) کە ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکا بوو ئەو دۆسییە ئامادە بکرێت، کۆمەڵێك رۆژنامەنووسی سریانی چەندین بابەتیان دەربارەی رۆژنامەنووسی ئاشووری ئامادە بکەن و لەسەرەتای دۆسییەکەش — (**بەندە**)ش وتارێکم دەربارەی ئەو دۆسییەنووسی کە تێدا ڕاو بۆچوونی گۆڤارەکە دەربارەی ئەو دۆسییەی کە ئامادە کرابوو لە ژمارە (١٠)دا بڵاوکرایەوە کە دەقەکەی لەلاپەڕە (٢١٧) بڵاوکراوەتەوە و دەڵێ:

"دۆسیێی رۆژنامەنووسیی سریانی، بۆچی؟

لەژمارەکانی پێشووی (رۆژنامەڤانی)دا، بایەخێکی بەرچاو بەهەندێ رۆژنامەی کوردی وەکو (کوردستان)ی دایك و (زاری کرمانجی)و (ژین)ی ئەستەنبول و... درابوو لە ڕوانگەی کۆکردنەوەی هەموو زانیارییەکان و ئەو بابەتانەی لەسەر ئەو رۆژنامەو گۆڤارانە بڵاوکراونەتەوە، سەرەڕای شیکردنەوەو باس کردنی بابەتەکانیان بە مەبەستی شارەزابوونی نەوەی تازەو ئەو ڕۆشنبیر و رۆژنامەنووسانەی کە دەرفەتیان نەبووە ئاوڕێك لەو رۆژنامەو گۆڤارە دێرینانە بدەنەوە، کە لەکات و ساتێکی زێدە دژوار و تاریکیدا ببوونە مەشخەڵی ڕێگا ڕوونکردنەوەی سەردەمانێك کە بە زەحمەت دەتواندرا ناوی کوردو کوردستان بە ئاسانی بهێندرێ. لە هەمان

کاتیشدا بە ئەرکی سەرەکی خۆمانی دەزانین کە رۆڵی ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەو خاوەنەکانیان و نووسەرانی زیندوو بکەینەوە تاکو نەوە لەدوای نەوە لەو راستییە ئاگادارین کە ئەوەی ئێستا هاتۆتە بەرهەم رەنجی خەبات و تێکۆشانی خەڵکی سەردەمانی پێشووتریشە ئەوجا هەریەکە بەپێی توانای ئەو سەردەمەی کە تێیدا ژیاوە.

لەم ژمارەیەشدا خوێندەواری ئازیز چاوی بە دۆسیەو مەلەفێکی بەرچاوی رۆژنامەو گۆڤاری برایانی سریانی دەکەوێ هەر لە دەرچوونی رۆژنامەی (زهریری بهرا) کە لە ١٨٤٩/١١/١ لە شاری ورمێ لەکوردستانی ئێران دەرچووە بۆ ماوەی ٦٩ ساڵ و لەساڵی ١٩١٨ لەبەر بارودۆخی شەڕی یەکەمی جیهانی وەستاوە. پاش ئەوەش چەندین رۆژنامەو گۆڤاری دیکەی وەکو (رسائل فی ئاشور له سالّی ١٨٨٧ و المراسل الاشوری ١٨٩٠ و صوت الحق) لە ساڵی ١٨٩٧، دەرچوون، لەکاتێکدا یەکەم گۆڤار کە بە زمانی سریانی لە عێراق دەرچووە، گۆڤاری (اکلیل الورد) بووە، مەبەستیش لەبایەخ دان بەم دۆسییە لە رۆژنامەڤانیدا دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار، یەکەمیان: برایانمان کە بە زمانی سریانی دەدوێن ئەوجا چ (ئاشووری چ کلدان)، بەشێکی گرنگی پێکهاتەی ئەم گەلەن کە بەناوی گەلی کوردستان ناوزەد دەکرێن و خاوەن مێژوو شارستانییەت و کەلتوور و فەرهەنگێکن کە پێویستە بایەخی پێ بدرێت، چونکە پرۆسەیەکی سەرکەوتوو نایەتەکایەوە، ئەگەر گرنگی بەلایەنێك بدرێ و بەشێکی دیکە فەرامۆش بکرێ. دووەمیان سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان خۆی بە بەرپرس دەزانی بەرامبەر بایەخ دان بە کلتوور و شارستانیەتی هەموو نەتەوەکانی کوردستان کە لە پێشەوەیان باری رۆشنبیری و مێژووی رۆژنامەگەری ئەم نەتەوانەن، کە تێیدا برایانی کلدان ئاشووری رۆڵێکی بەرچاو لەم سەندیکایەدا دەبینن، کە ئەویش بەرهەمی قۆناغە پیرۆزەکەی راپەڕینەو تێیدا یەکەمین ژمارەی رۆژنامەی ئاشووری بە

ئاشکرا (بەرا) کە ژمارە (٤٠)ی پێوەیە لە ١٩٩١/١٠/١دەرچوو پاش ئەوەی ژمارەکانی پێشووی بەشێوەیەکی نهێنی لە شاخە سەرکەشەکانی کوردستان لە ٢٦/مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٢ەوە دەستی پێکردبوو و یەکەمین گۆڤاری سریانیش بەناوی (نجم بیث نهرین) لەمانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٢ دەرچووەو تاکو ئێستاش بەردەوامە، لەگەڵ دەیان رۆژنامەو گۆڤار و ئێستگەی رادیۆو تەلەفزیۆن کە هەموویان لەگەڵ بوونی ١٦ قوتابخانە لە هەولێر و ٢١ قوتابخانە هەر سێ قۆناغ لە دهۆك کە هەرهەموویان بە زمانی سریانی تێیاندا دەخوێندرێ و ئەو راستییەمان بۆ دووپات دەکاتەوە، کە ئەویش ئەم ئەزموونەی ئێستامان سەرەڕای کەموکوڕییەکان ئەزموونی راستەقینەی هەموو گەلی کوردستانە، بە کورد و ئاشووری کلدان و تورکمان، کە هەر یەك لەو نەتەوانە چ گچکە و چ گەورە، قۆناخی زێڕینی وەهایان بەخۆوە نەبینیوەو ئەرکی نیشتمانییان ئەوەیان لێ دەخوازێ، کە بەهەموو شێوەیەك، داکۆکی لێ بکەن و بیپارێزن هەوڵی بەردەوپێش".

دوێنێ رۆژنامەنووسیی سریانی، بوچی؟

لەژمارەکانی پێشووی (رۆژنامەڤانی) دا بایەخێکی بەرچاو بەهەندێ رۆژنامەی کوردی وەکو (کوردستان)ی دایک و (زاری کرمانجی)و (ژین) نەستێتول و... لە روانگەی کۆکردنەوەی هەموو زانیارییەکان و نەو بابەتانەی لەسەر نەو رۆژنامەو گۆڤارانە بڵاوکراونەتەوە سەرەڕای شیکردنەوەو باس کردنی بابەتەکانیان بە مەبەستی شارەزابوونی نەوەی تازەو نەو روشنبیر و رۆژنامەنووسانەی کە دەرفەتیان نەبووە ناوڕێک لەو رۆژنامەو گۆڤارە دێرینانە بدەنەوە، کە لەکات و ساتێکی زێدە دژوار تاریکیدا ببوونە مەشخەڵی رێگاروونکردنەوەی سەردەمانێک کە بە زەحمەت دەتواندرا ناوی کوردو کوردستان بە ئاسانی بهێندرێ، لە هەمان کاتیشدا بە نەرکی سەرەکی خۆمانی دەزانین کە رۆڵی نەو رۆژنامەو گۆڤارانەو خاوەنەکانیان و نووسەرانی زیندوو بکەینەوە تاکو نەوە لەدوای نەوە لەو راستییە ئاگادارین کە ئەوەی ئێستا هاتۆتە بەرهەم رەنجی خەبات و تێکۆشانی خەڵکی سەردەمانی پێشووترینە نەوجا هەریەکە بەپێی تواناو نەو سەردەمەی کە تێیدا ژیاوە.

لەم ژمارەیەشدا خوێندەواری ئازیز چاوی بە دۆسیەو مەلەفێکی بەرچاوی رۆژنامەو گۆڤاری برایانی سریانی دەکەوێ هەر لە دەرچوونی رۆژنامەی(زهریری بهرا) کە لە ١٨٤٩/١١/١ لە شاری ورمێ لەکوردستانی ئێران دەرچووە بۆ ماوەی ٦٩ ساڵ و لەساڵی ١٩١٨ لەبەر بارودۆخی شەڕی یەکەمی جیهانی وەستاوە. پاش ئەوەش چەندین رۆژنامەو گۆڤارەی دیکەی وەکو (رسائل في ناشور لە ساڵی ١٨٨٧ و المراسل الاشوری ١٨٩٠و صوت الحق لە ساڵی ١٨٩٧ دەرچوون لەکاتێکدا یەکەم گۆڤار کە بە زمانی سریانی لە عێراق دەرچووە گۆڤاری (اکلیل الورد) بووە، مەبەستیش

لە ژمارە (١١–١٢)شدا، کە لە سەرەتای مانگی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٣ دەرچووە، بۆ یەکەم جارە لەمێژووی تورکمانەکانی کوردستان لە گۆڤاڕێکی کوردی و کوردستانی دۆسیەی رۆژنامەگەریی تورکمانی بڵاو بکرێتەوە، کە پێشەکییەکەی بە ناوی (**خاوەن ئیمتیاز**) لەلاپەڕە (٥٠٢) بڵاوکراوەتەوە ئەو راستییە دەسەلمێنین کە هیچ کاتێک کورد سیاسەتی (**دوو روویی‌ان**) بەرامبەر هیچ لایەنێک و نەتەوەکانی دیکەی سەر خاکی کوردستان نەبووەو تەنها بۆ مێژوو دەقی وتارەکە کە لە پێشەکی دۆسییەکە نووسراوە لە ژێر ناوی (**دۆسیەی رۆژنامەگەریی تورکمانی لە کوردستان**) بڵاو دەکرێتەوە کە دەڵێ:

"**دۆسیێی رۆژنامەگەریی تورکمانی لە کوردستان**

ئاشکرایە پێکهاتەی گەلی کوردستان، جۆرە مۆزایکێکی بە خۆیەوە گرتووە، کە ئەویش بوونی نەتەوەو رەگەزو ئایینی جیاوازە، لە چوارچێوەی (کوردستان)**، کە بەشێکە لەو وڵاتە پان و بەرینەی، هەر لە دوای شەری نەگریسی چالدێرانەوە کە لە سالی (١٥١٤) رووبدا، خاکەکەی تووشی** (لەت لەت بوون) **کردو سەرەتای ئەو دابەشبوونەوەی لێکەوتەوە، کە جارێکی دیکەش لەدوای جەنگی یەکەمی جیهان، دووچاری هەمان چارەنووس بووەوە، کە تاکو ئێستاکە** (جەوری مێژوو) **و بەرژەوەندی بڕیار بەدەستانی وڵاتانی زلهێز، جگە لە کەموکوڕی خۆشمان، بواری ئەوەی نەداوە، هەر هیچ نەبێت سنوورەکانی نێوان، نەبنە** (ئەو سنوورە پیرۆزەی کە نابێت هەرگیزاو هەرگیز دەستی لێ بدرێت)**.**

بەڵام دیسان ئەو (واقع الحال)**ەی کە هەیە نەبۆتە هۆکاری بە پەراوێز کردنی ئەو گەلانەی کە لەسەر ئەو خاکە لەت لەت کراوە دەژین، ئەویش لە روانگەی ئەو خەسڵەت و رەوشت و وێژدان مرۆڤانەی نەتەوە دابەشکراوەکەی** (کورد)**ە، کە رێز لە بوون و ماف و پێکەوە ژیانی هەموو گەلان دەگرێ، کە بەهەموویان پێکەوە گەلی مەزنی کوردستان پێکدەهێنین، هەر هەموومان تێیدا مافمان پارێزراو بێ و هەموو لایەک**

مێژوو و کلتورو ئەدەب و کاری فەرهەنگیمان بە زوبانی خۆمان بخوێنین و ڕێز لە کەلەپووری یەکدی بگرین، هیچ هۆکارێکیش نەبێتە لەمپەر، لەبەردەم پەرەپێدانی ئەو سەرمایە نیشتمانییە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستییانەی سەرەوە، سەرەڕای بڕوا بوون بەو قسە پەند ئامێزەی کە دەڵێ: (هەرگەلێك مافی گەلێکی دیکە زەوت بکات، خۆشی ئازاد نییە).

ماوەیەکە (ڕۆژنامەڤانی) **لە هەوڵ و تەقەڵڵای ئەوە دایە کە** (دۆسێی تایبەتی) **بۆ مێژوو و کاری ڕۆژنامەگەریی، لەوانە هەردوو گەلی ئاشووری و تورکمانیش، تەرخان بکات.**

ئەوەبوو لە ژمارەی پێشووی گۆڤارەکەماندا، (دۆسێی ڕۆژنامەگەریی ئاشوری)**مان لە کوردستان بلاوکردەوە، وا لەم ژمارەیەشدا** (دۆسێی ڕۆژنامەگەریی تورکمانی)**یش، بلاودەکەینەوە، بێ گومان، ئێمە پێمان وایە، ئەو هەوڵانەمان لە ئاکامدا دەبێتە هۆکارێکی بەهێز بۆ خوێندنەوەیەکی بابەتیانەی یەکتری و لێکحاڵی بوونیی زیاتر لەو کارە ڕۆشنبیرییانەی کە شارستانییەتی ئەم وڵاتە پان و بەرینە دابەشکراوەی** (کوردستان) **نیشان دەدات."**

گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی کە بە (١٢) ژمارە لە ژێر ئەو ناوەو بە (هەزارەها) لاپەڕە ژمارەی (١٢) لە ٢٠٠٣/١٢/٥ کەوتۆتە دەست خوێنەرانەوە، وەکو دوا ژمارەی، چونکە قۆناغێکی دیکە بەسەر خودی گۆڤارەکەدا هات کە وتاری دوا لاپەڕەی ژمارە (١٢) باشترین تۆماری ئەم قۆناغەن وەکو خۆی لێرە بڵاو دەکەینەوە.

"خوێنەرانی بەڕێز و دوا ژمارەی (ڕۆژنامەڤانی)

ژمارە(١)ی (ڕۆژنامەڤانی)**، کە لە ٢٢ی نیسانی ساڵی** (٢٠٠٠)**، ڕێکەوتی** (١٠٢)**هەمین ساڵیادی لەدایك بوونی، یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی،** (کوردستان)**ی جووتە بڕا میقداد**

مەدحەت و عەبدولڕەحمان بەدرخاندا دەرچووە، تاکو ئەمڕۆ (٢٠٠٣/١٢/٥)، (١٢)یەمین ژمارەی بە پێز و بەرەکەتی دەکەوێتە بەردەستی خوێنەران، ئێمە خۆمان نامانەوێ لێرەدا (مەدح و سەنای) گۆڤارەکە بکەین، چونکە هەموو ژمارەو بابەتەکانی، بۆ هەڵسەنگاندنی لەلایەن ئێوەی بەڕێزەوە، لەبەر دەستن و خۆیان دەسەلمێنن، بەڵام لێرەدا دەمانەوێ ئەم ڕاستییانە بخەینەڕوو:

یەکەم: ئەو بابەتانەی بۆ (ڕۆژنامەڤانی) هاتوون، بە جیاوازی بیروڕاو بۆچوونی ئایین و نەتەوەکان، بەوپەڕی بێ لایەنییەوە لە ئامێز گیراون.

دووەم: (ڕۆژنامەڤانی) تەنیا گۆڤاری ڕۆژنامەنووسانی کورد نەبووە، بەڵکو گۆڤاری تێکڕای ڕۆشنبیرانی کوردستان، بە (کورد و کلدۆ ئاشووری و تورکمان)ییەوە هەموو جیاوازییەکانیانەوە بووە، ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی مەلەفی ڕۆژنامەگەریی ئاشووری لە ژمارەی پێشوودا، هەروەها مەلەفی ڕۆژنامەگەریی تورکمانی لەم ژمارەیەدا، بەڵگەی دروستی ئەم ڕاستییە بووە لە ڕوانگەی هەڵوێستی ڕاست و دروستی سەندیکاوە، کە خۆی بە خاوەنی هەموو ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دادەنێ و بۆیان بۆتە چوارچێوە.

خوێنەرانی بەڕێزو دوا ژمارەی (ڕۆژنامەڤانی)

ژمارە (١)ی (ڕۆژنامەڤانی)، کە لە ٢٢ی نیسانی ساڵی (٢٠٠٠)، ڕێکەوتی (١٠٢)هەمین ساڵیادی لەدایک بوونی، یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی، (کوردستان)ی جووتە بڕا میقداد مەدحەت و عەبدولڕەحمان بەدرخاندا دەرچووە، تاکو ئەمڕۆ (٢٠٠٣/١٢/٥)، (١٢)یەمین ژمارەی بە پێزو بەرەکەتی دەکەوێتە بەردەستی خوێنەران، تورکمان)ییەوەو هەموو جیاوازییەکانیانەوە بووە، ئامادەکردن و بلاوکردنەوەی مەلەفی ڕۆژنامەگەریی ئاشووری لە ژمارەی پێشوودا، هەروەها مەلەفی ڕۆژنامەگەریی تورکمانی لەم ژمارەیەدا، بەڵگەی دروستی ئەم ڕاستییە بووە لە ڕوانگەی هەڵوێستی ڕاست و دروستی سەندیکاوە، کەخۆی بە خاوەنی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەردەستە، دووەمیشیان تاکو ئێستا (٣) ژمارەی لێ دەرچووە، لە ژمارە (١)ەوە بەناوی (ڕۆژنامەنووسان)ەوە دەربکات.

(ڕۆژنامەڤانی) لە ڕێگای ستافی خۆیەوە، وێڕای سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ ئەو خاوەن قەڵەمە بەڕێزانەی کە بەشداربیان لەسەرهەڵدانی (ڕۆژنامەڤانی) کردو تا دوا ژمارە لەگەڵیدا بەردەوام بوون،

سێیەم: **پاش هاتنە ئارای هەلومەرجی دروستبوونی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی کوردستان، لە هەردوو** (سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان) **و** (یەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردستان)**، ئەنجوومەنی فیدراسیۆن بڕیاریدا، لەپاش کۆنگرەی گشتی رۆژنامەنووسانی کوردستان کە لە ١٣-٢٠٠٣/١٢/١٥دا لە هەولێری پایتەختی کوردستان دەبەستڕێت، گۆڤارێکی دیکەی نوێ، لە جیاتی هەردوو گۆڤاری** (رۆژنامەڤانی) **و** (رۆژنامەنووسان)**، کە یەکەمیان ئەوا ژمارە (١٢،١١)یتان لە بەردەستە، دووەمیشیان تاکو ئێستا (٣) ژمارەی لێ دەرچووە، لە ژمارە (١)ەوە بەناوی** (رۆژنامەنووسان)**ەوە دەریکات.**

(رۆژنامەڤانی) **لە رێگای دەستەی خۆیەوە، وێڕای سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ ئەو خاوەن قەڵەمە بەڕێزانەی کە بەشداریان لە سەرهەڵدانی** (رۆژنامەڤانی) **کرد و تا دوا ژمارە لەگەڵیدا بەردەوام بوون، داواکارە لە تێکڕای نووسەر و رۆشنبیر و رۆژنامەنووسانی سەراپای کوردستان، لەمەودوا** (رۆژنامەنووسان)**یش لە زادەی بیری خۆیان، بەتایبەتی لەبواری رۆژنامەنووسیدا کە هەموو لایەنێکی ئەم بوارە دەگرێتەوە، بێبەش نەکەن، هیوادارین قەڵەمی بەڕێشتان گیانی هەردوو پێشڕەوانی ئەم کاروانە شارستانیەمان،** (میقداد مەدحەت و عەبدولڕەحمان بەگ بەدرخان) **و تێکڕای شۆڕەسوارانی ئەم بوارە شاد بکات.**

رۆژنامەڤانی"

(**عەبدوڵڵا زەنگەنە**) وەکو سەرنووسەر و رۆژنامەنووس "**خالد بەکر ئەیوب**" وەکو سکرتێری نووسین و دەستەی نووسەرانیش بڕیتین لە رۆژنامەنووسان:

(**سۆزان مامە، ئازاد عوبێد، ئەکەد مورات، ئەنوەر حسێن، ئیسماعیل بادی، ئیسماعیل عەلی، رەفیق سالح ئەحمەد**)، پاشانیش (**موسەدەق تۆفی**) لە ژمارەی (؟؟) بوو بە ئەندامی دەستەی نووسەران، هەروەها دەستەیەکی ڕاوێژکارانیشی بۆ هەڵبژێردرا کە بڕیتین لەو رۆژنامەنووسانە:

(**حامد محەمەد عەلی، د.عبدالفتاح عەلی بۆتانی، د.کەمال سەعدی، د.موەفەق دەرگەڵەیی، د.هیمداد حوسێن، یۆنان هۆزایا**).

لەبـەرگی نـاوەوەی گۆڤارەکـە وتـارێکم لـەژێر نـاوی **(دیاریـیـەکی تـازەی سـەندیکای سەرجەم رۆژنامەنووسـانی کوردسـتان) بڵاوکـردەوە** کـە تـەعبیر لـە رۆژانـی دەرچـوونی **(رۆژنامەنووس)** دەکات بە پێویستی دەزانم وەکو خۆی بڵاوی بکەمەوە.

دیاریـیەکی تـازەی سەندیکای سەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستان

کۆنگرەی گشتی رۆژنامەنووسانی کوردستان، کـە لـە رۆژانـی ١٣-٢٠٠٣/١٢/١٥دا بـە ئامادەبوونی ٤٧٥ رۆژنامەنووس لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بەسترا، ئەو سەندیکایەی لێ کەوتەوە کـە نوێنەرایـەتی سـەرجەم رۆژنامەنووسـانی کوردسـتان، بـە جیاوازی نەتەوەو ئایین و بۆچوون و بیروڕای جیا دەکات، لێرەدا رۆژنامەنووسان وەکـو توێژێکی رۆشنبیری توانیان، سەرەڕای هەندێ ڕاوبۆچوونی جیاواز، دەربارەی پێکهاتەی ئەنجوومەنی سەندیکاو هەردوو لیژنەی چاودێری و بەرزەفت کردن و دیاری کردنی هێڵی گشتی لقەکانی سەندیکا، لەسەر بنەمایەکی ئینتیلافی زێدە فراوان، کە لە رۆژانی ئەمرۆی بـارودۆخی کوردسـتان باشـترین شـێوازی دیموکراتییـەو هـەموو لایـەک دەخوێنێتـەوەو کەسیش فەرامۆش ناکات و خوێندنەوەیەکی زێدە بابەتیانەی کۆمەڵگای کوردسـتان بـە هەموو رەنگەکانییەوە لە ڕێگای ئەو رۆژنامەنووسانەی کە نوێنەرایەتیان دەکەن حزوریان هەیەو بەڕاست و دروستی لە خزمەت و پیادەکردنی ئەو دروشمە ناوەندییەن کە هەر لە کۆنگرەی گشتیماندا لە ژێری کۆببوونـەوەو داوای: (چەسپاندنی ئازادی و دەستەبەر کردنی ماف و گوزەرانی رۆژنامەنووسان)**مان دەکرد، بۆ ئـەوەی سـەندیکا لـە ڕێرەوی پیشەیی و نیشتمانی خۆی لانەداو دوور بێ لە سیاسەت کـردن و بـە ئاقـاردا بردنـی بـۆ لایەک.**

نۆبـەرەی (گـۆنگرەی گشـتی)**یـش،** (رۆژنامـەنووس)**ی تەواوکـەری** (رۆژنامەنووسـان+ رۆژنامەڤانی)**ـە کە لەبەرگێکی تازەیدا بەهەمان گیانی هـەردوو گۆڤـاری ئامـاژە بـۆکراو دێتـە گۆڕەپـانی رۆژنامەنووسـیی کوردسـتان، تـاوەکو ئـەمیش بەشـداری لـەو پـرۆژە کوردسـتانییە بکـات کەبـەر لـە پـتر لـە سـەدەیەک شۆڕەسـوارو پیشەوای ئەم بواره توانی**(کوردستان)**ی نۆبەرە، دوور لە وڵاتی پان و بەرینی کوردستان،**

بکاته دیاری بۆ ئەو نەتەوەیەی تاوەکو رۆژانی ئەمڕۆش خاکەکەی بەسەر چوار ولاتی (غەیرە) دابەشکراوە، بەڵام ئەوەی ماوەتەوە ناوە پیرۆزەکەی (کوردستان)ە، کە رۆژنامەنووسانی درێژە بەو کاروانە دەدەن کە ئاسۆی روونا کی لێمانەوە دیارە، ئەو رۆژەش نزیك بۆتەوە هیواو ئامانجەکانمان دێتە دی، ئەگەر هەرهەوومان، بە تایبەتیش رۆشنبیران لەنێوانیشیاندا رۆژنامەنووسان دەتوانن ئەو رۆڵە بگێڕن کە بانگەشەو داکۆکی لە پاراستن و ڕێکخستنی ماڵی گەلی کوردستان ئەرکی سەرەکی ئەوانە، ئەگەر وەفادارین بۆ ڕێبازی میقداد بەدرخان و ئەو(کوردستان)ەی کە تاکو ئەمڕۆش پاش سەدوشەش ساڵ شانازی بەو هەستە نەتەوایەتییە دەکەین، کە (کوردستان)ی کردە دیاری و پەیامی راستەقینەی گەلەکەمان بەرەو بەدیهێنانی ئەو ئاواتەی کە دەمێکە خەونی پێوە دەبینین.

دەرچوونی (رۆژنامەنووس)ی نۆبەرەی سەندیکای سەرتاسەریی لە هەموولایەك پیرۆزبێت..!

فەرهاد عەونی"

لە ژمارە (١١–١٢) رۆژنامەڤانی ئەڵقەی یەکەمی **(ئەزموونی رۆژنامەگەریم)** بڵاوکردەوە پاشان لە ژمارە یەکی رۆژنامەنووسیش بە زنجیرە (٧) ئەڵقەم تێیدا بڵاوکردۆتەوە ئەم ئەڵقەشیان **(ئەڵقەی ٨)** دوا ئەڵقەی ئەو زنجیرەیە کە بە ئومێدی

ژینۆ

ژینۆ

خوا لە ئایندەدا مێژووی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانیش بڵاو دەکەمەوە، بەڵام کاتێ ئەوە دەنووسم کە سەندیکا بەجێ دەهێڵم.

ئەزموونی گۆڤاری ناوەندی سەندیکا ئەوجا چ **(رۆژنامەڤانی)** و چ **(رۆژنامەنووس)** پانتاییەکی زۆری لە رۆژانی کاری سەندیکام داگیر کردووە، بەڵام هیچ کاتێك رۆڵی سەرەکیم تێدا نەبینیوە، بەڵام پەیداکردنی ئیمکانیاتی ماددی، خەمخۆریم بۆ دەرچوونی لە رۆژانی خۆی، هەڵسەنگاندنی بابەتەکانی، نووسینی بابەتی بەرگی یەکەمی ناوەوە کە تەعبیر لە رای سەندیکاو گۆڤارەکە دەکات، ئەوە سەرەڕای ئەو بابەتانەی کە تایبەت بۆ گۆڤارەکەم نووسیوە، کە هەر هەموویان رۆڵی خاوەنییەتی گۆڤارەکەیان پێ بەخشیوم و هەست کردنیش بە خاوەنییەتی ماندووبوون و شەونخوونی و بیرلێکردنەوەی دەوێ، کە ئەمانەش بە ئاسانی بۆ رۆژنامەنووس **(مەیسەر)** نابن.

بە کوردی و بە کورتیش هەڵسەنگاندنی ئەم بەرهەمە **(گۆڤارەکە)** تا رادەیەك لە لایەن بسپۆڕان و خوێنەرانییەوە مافی خۆی دراوەتێ، بەڵام ئەوەی جێگای داخە

دیارییەکی تازەی
سەندیکای سەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستان

فەرهاد عەونی

کۆنگرەی گشتی رۆژنامەنووسانی کوردستان، کە لە رۆژانی 13-2003/12/15دا بە ئامادەبوونی 475 رۆژنامەنووس لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بەسترا، ئەو سەندیکایەی لێ کەوتەوە کە نوێنەرایەتی سەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستان، بە جیاوازی نەتەوەو ئاین و بۆچوون و بیروڕای جیاوازی دەکات، لێرەدا رۆژنامەنووسان وەکو توێژێکی رۆشنبیری توانیان، سەرەڕای هەندێ راوبۆچوونی جیاواز، دەربارەی پێکهاتەی ئەنجوومەنی سەندیکاو هەردوو لیژنەی چاودێری و بەرزەفت کردن و دیاری کردنی هێڵی گشتی لقەکانی سەندیکا، لەسەر بنەمایەکی ئینتیلاق زێدە فراوان، کە لە رۆژانی ئەمڕۆی بارودۆخی کوردستان باشترین شێوازی دیموکراتیەو هەموو لایەك دەخوێنێتەوەو کەسیش فەرامۆش ناکات و

زۆربەی هەرە زۆری رۆژنامەنووسانی کوردستانی لێ دوورخرانەوە و تەنانەت دەتوانم بڵێم زۆرۆبەی هەرە زۆریشیان خۆیان ماندوو ناکەن کە دانەیەکی لێ بکڕێت، کە زۆر جار لە نرخی ئەو پاکەتە جگارەیە هەرزانتر بووە رۆژانە دوو پاکەتی لێ دەکێشن، کە ئەمیشیان دەردێکەو دەرمانەکەی جارێ زۆری ماوە بدۆزرێتەوەو چارەسەری ئەو نەخۆشییە (**بێ باکیە**) بکات. بەڵام دیسان لەو بڕوایەدام (**رۆژنامەنووس**) توانیویەتی بۆشاییەکی گەورەی گۆڕەپانی رۆژنامەوانی پڕ بکاتەوە.

لەلایەکی دیکەوە شێرکۆی ئامۆزام (**شێرکۆ حەبیب**)، کە دەرچووی پەیمانگای مامۆستایانە و ساڵی ١٩٨٧ وەکو هەزاران کەسی دیکە ولاتی بەجێهێشت و بەرەو هەندەران ڕۆیشت، پاشان بەمالێ و منداڵەوە لە (**لەندەن**) گیرسایەوەو بە ئارەقی نێوچەوانی منداڵی خۆی پێگەیاند و کاری سیاسەتیشی وەکو (**پارتییەکی**) جگەرسۆز دەکرد و لەسەر هەمان ڕێڕەوی باوکی، لە پاش دروست بوونی پارتی دیموکراتی کوردستان، دوای کۆنگرەی گشتی رۆژنامەنووسانی کوردستان، کە لە ڕۆژانی ١٣–٢٠٠٣/١٢/١٥ لە هەولێر بەسترا، لە ئاکامی یەکگرتنی هەردوو ڕێکخراوی رۆژنامەنووسان (**سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان – یەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردستان**) لە یەک ڕێکخراوی سەرتاسەریدا کە (**سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان**)ەو هەریەکەیان پێشووتر گۆڤارێکی تایبەت بەکاری رۆژنامەنووسییان دەرکرد بەناوی (**رۆژنامەڤانی + رۆژنامەنووسان**) کە پاشان بە تێکەڵاوکردنیان بەرهەمێکی تازە هاتە کایەوە بەناوی (**رۆژنامەنووس**) کە ژمارەی (١)ی لە ٢٠٠٤/٤/٢٢ دەرچوو کە تێیدا بەندە دیسان وەکو خاوەنی ئیمتیاز و رۆژنامەنووس. لە هاوینی ساڵی ١٩٤٦ ئەویش –یانی باوکی شێرکۆ عومەر حەبیب– وەکو (**عەونی**) شاعیری برا گەورەی بۆ ماوەی چەند ساڵێك ئەندامی لیژنەی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون لە کۆیە.

لە هەمان کاتیشدا شێرکۆ خوێندەوارێکی باشی کتێب و رۆژنامەبوو، ماوەیەکی زۆریش پەیامنێری رۆژنامەی برایەتی بوو لە (**لەندەن**) و بۆ زۆربەی گۆڤار و رۆژنامەکانی پارتی چ کوردی و چ عەرەبی بابەت و ڕاپۆرت و هەواڵی ئامادە دەکرد و دەیناردن و بەبێ بەرامبەر، کاری لەم بوارە بەردەوامە تاکو رۆژانی ئەمڕۆ. لە هاوینی ساڵی (٢٠٠٠)وە لە

كوردستان اليوم
kurdistanalyaum.com
كوردستان تشهد مسيرات فرح ابتهاجاً باعتقال الطاغية صدام
نهاية طاغية
يوثن: صدام سيواجه محاكمة علنية .. ومصير مثرون لتشهب العراقي
أربعة من أعضاء مجلس الحكم الانتقالي العراقي أعلنوا صدام بعد اعتقاله

كوردستان اليوم
kurdistanalyaum.com
مجلس الحكم الإنتقالي في العراق يباشر أعماله ويصدر قرارات هامة
من أجل مستقبل أفضل للعراق
تشكيلة مجلس الحكم الإنتقالي في العراق

ماڵەوە سەرقاڵی ئامادەکردنی گۆڤارێکی چەند لاپەڕەیی بوو بەناوی (**ژینۆ**)، هەر خۆشی نەخشەسازی بۆ دەکرد و بە **(پرینتەر)** چاپی دەکرد و نزیکەی ١٥٠ دانەی لەسەر حیسابی خۆی بە پۆستە بۆ دۆست و ناسیاوان دەنارد، چ لە لەندەن و چ لە شارەکانی ئەورووپا، هەندێ دانەشی بۆ من دەناردە کوردستان و منیش بڵاوم دەکردەوە و تاکو مانگی نیسانی ٢٠٠٣، (٣٩) ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە. (بەندەش) لە ژمارەکانی (١٥) و (١٦) تاکو دوایی چ وەکو دەستەی نووسەران و چ وەکو خاوەن ئیمتیاز بەشداریم لە نووسین و ئامادەکردنی دەکرد، بەڵام مەسەلەی چاپکردنی شێرکۆ لە لەندەن خۆی کارەکەی ئەنجام دەداو لە ژمارەی (٢٥)یشەوە رۆژنامەنووسان: تاریق ئیبراهیم شەریف و عەبدولغەنی عەلی یەحیا و عومەر سالّح بەگ وەکو دەستەی نووسەران دەست نیشان کران و **(ژینۆ)**ش بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی تا ژمارە (٣٩) مانگی نیسانی ٢٠٠ بەردەوام بوو، بە رووخانی رژێمی صدام سەرقاڵی شێرکۆ بە ئیشوکاری دیکەوەو چونی من بۆ بەغدا، ژینۆ لە بڵاوکردنەوە وەستا، بەڵام شێرکۆ و بەندە هەر بە ئومێدین لە ئایندەدا ئەگەر بوار رەخسا جارێکی دیکە شانی بدەینەوەبەر.

پاش وەستانی (ژینۆ) بەهۆی سەرقاڵیمان بە هەندێ ئیشوکاری سیاسی و پیشەیی، دیسان بە پێویستمانزانی بەتایبەتیش پاش بارودۆخی رووخانی رژێمی فاشی بەغدای سەدام حسێن، ئەمجارەیان بە زوبانی عەرەبی رۆژنامەیەك بەناوی **(کوردستان الیوم)** دەربکەین، یەکسەریش بیخەینە سەر ئەنتەرنێت بۆ ئەوەی بتواندرێ دەنگێکی زیاتر بێتە گۆڕەپانی رۆژنامەگەری لە کوردستان و ئاراستەی خوێندەواران و رۆشنبیرانی عەرەب

كوردستان اليوم
kurdistanalyoum.com
عبر برقيات ورسائل مواساة مرسلة للبارزاني والطالباني
استنكار دولي واسع لعمليتي أربيل الأرهابيتين
فاجعة الأول من شباط والشارع الكوردستاني المتيقظ
مسيرات غاضبة في العواصم الأوربية تندد بعمليتي أربيل الأرهابيتين

(كوردستان اليوم) في مكتبات عاصمة اقليم كوردستان

بکرێت. لە هەمان کاتیشدا گرنگییەکی تایبەتی بە هەواڵ و چالاکییەکانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بدات و رۆژنامەنووسانی عەرەب لە رۆڵی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ئاگاداربن و جارێکی دیکە کۆکەسێك بیر لەوە نەکاتەوە یەکێتی و سەندیکاکانی کوردستان ببنە بەشێك لە رێکخراوەکانی عیراقی هاوچەشن، بۆ مێژووش ئەو نامەیەم پاراستووە کە لە (**رۆژنامەنووس و رۆشنبیرێکی**) کورد ئاراستەم کراوە، پاش رووخانی رژێم داوام لێ دەکات، بە پەلە بەشداری لە هەڵبژاردن و چالاکییەکانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی عیراقی بکەین، چونکە وەکو لە نامەکە دەفەرمێ (**دۆستانمان پێیان خۆشەو بە چاکی دەزانن**) و بە هەموو عەقڵی خۆیدا وای لێکدەداوە کە کاتێ باسی (**لە دۆستانمان**) دەکات من یەکسەر وای بۆ دەچم کە کاکی

رۆژنامەنووس و رۆشنبیری کورد لەگەڵ (**جۆرج بۆش**) سەرۆکی ئەمریکادا دانیشتووەو ئەو واتە بۆش رایسپاردووە کە ئەم بەو ئەرکە (**عیراقیە**) نیشتمانییە هەڵبستێت، بۆیە بەندەش یەکسەر بەپەلە هەردوو بۆ رۆژنامەنووس و ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکا (**زیرەك کەمال و ئازاد حەمەدئەمین**)مان نارد بۆ بەغدا بۆ ئەوەی لە نزیکەوەو راستەوخۆ لەو (**رۆشنبیرە**) بگەیەنن کە ئەم راسپاردەیە (قابیلی هەزم کردن) نییە لە ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و جارێکی دیکە بۆ بۆ ئەم جۆرە برایەتییە (ئەوان برا گەورە و ئێمە برا بچوك) لە قاموسی ئێمەدا جێگای نابێتەوە.

(كوردستان اليوم) مانگی جارێك لە لەندەن دەردەچوو، سەرپەرشتیاری گشتی (بەندە) و سەرنووسەرەكەشی رۆژنامەنووس **(شێركۆ حەبیب)** بوو.

دەبێ ئەوەش بۆ مێژوو بڵێم دیسان خەرجی رۆژنامەكە لەلایەن شێركۆوە دابین دەكرا و من و رۆژنامەنووس **(تاریق ئیبراهیم شەریف)** كە وەكو بەڕێوەبەری نووسینی رۆژنامەكە بەشداری دەكرد، لێرە لە هەولێر بابەتەكانمان ئامادە دەكرد و شێركۆش لە لەندەن بە بەردەوامی بابەتی ئامادە دەكرد.

ژمارەی یەكەمی **(كوردستان اليوم)** لە مانگی گەلاوێژی ساڵی ٢٠٠٣ دەرچووەو سەروتارەكان **(بەندە)** دەینووسی لەژێر ناوی **(كلمتنا)** و شێركۆش لە دوالاپەڕەدا بابەتێكی لەژێر ناوی **(كلمات من خارج الاسوار)** دەنووسی. سەرەڕای ئەوەی هەردووكمان لەگەڵ رۆژنامەنووس **(تاریق ئیبراهیم شەریف)** بابەتی دیكەمان دەنووسی و ئامادە دەكرد، لە ژمارە (١)دا بەڕێزان **(منذر الفضل، مجید ئاسنگەر، سەباح ئارام و د.خلیل ئیسماعیل محمد و عومەر عەلی شەریف و شێركۆ حەبیب و رۆژنامەنووس تاریق)**یش چەند بابەتێكی هەمەجۆری، ئامادەكردبوو بەندەش ستوونێكم لەژێر ناوی **(كركوك بین ثوابتها التأریخیة و منطق طارق عزیز!)** نووسیوە.

ژمارە (٢) كوردستان الیوم لە مانگی ئابی هەمان ساڵ دەرچووە، چەند بابەتێكی گرنگی تێدایە بۆ نموونە وەكو **(الحل الوحید لضمان وحدة دولة العراق وبناء الدیمقراطیة هو تبني النظام الفدرالي)** چاوپێكەوتنێكی رۆژنامەنووسیش لەگەڵ **د.منذر الفضل** لەلایەن رۆژنامەنووس **(شێركۆ حەبیب)** كراوە، **(صباح ئارام)**یش بابەتێكی لەژێر ناوی **(الانظمة العربیة والشرعیة المذعومة)** نوسیوە و رۆژنامەنووس (فوزی الاتروشی) بابەتێكی لەژێر ناوی **(تنظیم العمق إلی عمق الهاویة)** و **(د.عبدالفتاح علی بوتانی)**یش بابەتێكی لەژێر ناوی **(اللواء الركن عبدالعزیز العقیلي في ذاكرة الكورد)** و بەندەش بابەتێكی لەژێر ناوی **(بغداد الامس كما رأیتها الیوم)** كە هەردوو لاپەڕەی (٦–٧)ی گرتووە، بەشی یەكەمە لە دووبەشی و **(تاریق كاریزی)**یش بابەتێكی لەژێر ناوی **(الواقع الثقافي في مدینة كركوك التي تنهض من تحت الرماد)** و **(كوردە أمین)**یش بابەتێكی لەژێر ناوی **(قصة الكوردیة في الاعلام العربي)** و **(انتصار بكر صالح)**یش بابەتێكی لەژێر ناوی **(مستقبل العراق مرهون**

بارادە العراقيين) و **(عونى الداودى)**یش بابەتێکی لەژێر ناوی **(سمكۆ اغا شكاك و دوره ي الحركة التحرري الكوردية)** و **(شیرکو حبیب)**یش بابەتێکی لەژێر ناوی **(الشارع الكوردي يريد معرفة الحقيقة)** و چەندین بابەتی دیکەی هەمەجۆر لەلایەن بەڕێوەبەری نووسینەوە ئامادەکراوە تێدایە.

بەم شێوەیە ژمارەکانی **(كوردستان اليوم)** بە ڕێکوپێکی مانگانە لەکاتی خۆی بە (٨) لاپەڕەو بەڕەش و سپی دەردەچوو، بەڵام لە ژمارە (٦) بە ڕەنگاوڕەنگ دەردەچوو لە ژمارە (١٠)شەوە دوو چاپی هەبوو، چاپی لەندەن، کە لەلایەن شێرکۆوە ئەنجام دەدرا و چاپی کوردستانیش لە **(هەولێر)** لە چاپخانەی ڕۆشنبیری چاپ دەکراو ڕۆژنامەنووس **(محەمەد خدر مەولود)**یش کە ئەوکاتە بەڕێوەبەری چاپخانە بوو یارمەتێکی زۆری دەداین و هاوکارمان بوو.

تەمەنی **(كوردستان اليوم)** زۆر درێژ نەبوو، لەماوەی (١٢) ژمارە لێ دەرچوو، تێدا کۆمەڵێك لە نووسەر و ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووس بابەتیان تێدا بڵاو کردۆتەوە، ئەگەر بێت و ڕۆژێك لە ڕۆژان لیکۆڵەرێك بابەتەکانی ڕۆژنامەکە لەگەڵ شیکردنەوەی بارودۆخ بەراورد بکات دەزانی، ئەم ڕۆژنامەیە چۆن وەکو دەنگێك خۆی لە گۆڕەپانە ڕامیارەکەدا قیت کردۆتەوەو خۆی بەدەمڕاستی گەلی کوردستان دەزانی، بێ ئەوەی لە هیچ دامودەزگاو لایەنێکی سیاسییەوە پشتگیری لێ کرابێ. لە هەموولایەکەوە و ژمارە خوێندەوارانیش لەسەر ئەنتەرنێت لە هەر ژمارەیەکی دەگەیشتە (؟؟) خوێنەر سەرەڕای دابین کردنی لە هەولێر و لەندەن. ئێستاکەش زۆر جار **(من و شێرکۆ)** باس لەوە دەکەین ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان بۆمان بڕوا بیر لە دەرکردنەوەی گۆڤاری **(ژینۆ)** بە کوردی و ڕۆژنامەی **(كوردستان اليوم)** بە عەرەبی دەکەین.

سەرەڕای ئەو نووسەرانەی کە ناویان لە بڵاوکردنەوەی ژمارە (١ و ٢) هاتوو چەندین ڕۆژنامەنووس و نووسەر و ڕۆشنبیر بابەتیان لە ژمارەکانی دیکەی (کوردستان الیوم)دا بڵاوکردۆتەوە وەکو (د.منذر الفضل) فەوزی الاتروشی، سعید یەحیا، سیامەند بەنا، کاظم

حەبیب، د.بێوار خنسی، یاوەر نامیق سالم، مەدیحە هەمەوندی، عونی الداودی، کوردە ئەمین، عومەر عەلی شەریف، پرۆفیسۆر گارق پاشا عمادی، خالد عیسا طە، مەجید ئاسنگەر، زوهێر کاظم عەبود، فوئاد چیاووك، مصطفی القرداغی، مسعود عکو، پولا، علی الارکوازی، احمد رجب، د.عدنان جواد الطعمە، کامیران حسین بروارى، مصطفی صالح کریم، نزار حیدر، کامران کوردی، خالد بکر ایوب، د. محمد عمر مولود، ناجی عقراوی، لەگەڵ چەندین دیمانەی رۆژنامەنووسی کە لەلایەن سەرنووسەرەوە ئەنجام دراوە.

(کوردستان الیوم) ئەگەر بهاتایە بارودۆخ و ئیمکانیاتی بۆ بڕەخسایە، دەتوانم بڵێم دەیتوانی ببێتە یەکێ لە رۆژنامە دیارەکانی کوردستان بە زمانی عەرەبی، چونکە جارێ رۆژنامەیەك بوو بەوپەڕی سەربەخۆییەوە هاتبووە گۆڕەپانەکەو دەیان قەڵەمی ناسراو تیایاندا نووسیوەو بابەتی بەپێز و حەساسی تێدا بڵاو کراوەتەوە.

ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان هەر لەپاش کۆنگرەی گشتی رۆژنامەنووسانەوە بەو ئاقارەدا هەنگاوی دەنا کە تا چەند بتوانێ گۆڤارە کوردییەکەی زیاتر گرنگی پێی بدرێت، چونکە لە راستیدا گۆڤارەکە بە تەواوی رۆڵی خۆی دەبینی و بۆتە (سەرچاوەی) بواری رۆژنامەگەری کوردی و کوردستانی لە هەموو بارێکەوە، دەشتوانم بڵێم ئەو هەوڵەی بۆ بەرەوپێشەوەبردنی گۆڤارەکە درابوو رۆڵی خۆی بینی و بەردەوامە.

لەلایەکی دیکەوە دۆزینەوەی سەکۆیەك بە زمانی عەرەبی زۆر پێویست بوو بۆ سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، چونکە بە حوکمی پەیوەندی و ئەندام بوونی سەندیکا لە فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی (IFJ) جۆرێك لە پەیوەندی نێوان ئێمەو سەندیکا و رێکخراوی دیکەی عەرەبی دروست کردووە، سەرەڕای هاتووچۆی نێوان و سەردانی رۆژنامەنووسانی عەرەبی عێراقی و وڵاتانی عەرەبی، کە هەموو تێکڕا لەگەڵ زەروورەتی بوونی سەکۆیەك بە زمانی عەرەبی بۆ خستنەڕووی رۆڵی سەندیکا راوبۆچوون و چالاکی و گرنگی سەندیکاو سەرەڕای پێکهاتەو ئەو خزمەتانەی کە بە رۆژنامەنووسانی کوردستانی دەگەیەنێ، بەڵام دیسان بەهۆی هەندێ هۆکاری هونەری و نەبوونی کادیری رۆژنامەنووسی بە زمانی عەرەبی، چونکە ئەو رۆژنامەنووسانەی لەم بوارە بە زوبانی عەرەبی کاری رۆژنامەگەری ئەنجام دەدەن، ژمارەیان کەمە و ئەوەی لە گۆڕەپانەکە

بەدابەش بوون بەسەر ئەو دەزگا رۆژنامەنووسانەی کە لە پاش راپەڕین دروست بوون، رۆژ لە دوای رۆژ روو لە زیاد بوون دایە، بەڵام دیسان ناوی خوامان لێهێناو بەو ئیمکانیاتەی کە هەبوو دەست بەکاربووین، ئەوە بوو لەسەرەتادا ژمارەی (١)ەمی لە سەرتای مانگی ئادار بە (٤) لاپەڕە دەرچوو کە تێیدا بەندە وەکو **(سەرنووسەر)** و و رۆژنامەنووس **مستەفا سالح کەریم** جێگری سەرنووسەر و رۆژنامەنووس **(طارق**

ابراهيم شەريف) سكرتێرى نووسين بۆ رۆژنامەنووسانيش **(خالد بكر ايوب)** و **(لينا سياوەش)** يارمەتيان دەداين و **(كاوە فاروق)**يش دەرهێنەرى هونەرى **(نەخشەسان)** بەڕەنگێكى شين لەسەرەتادا.

منبر كل الصحفيين

الصحفي

تصدرها نقابة صحفيي كوردستان

العدد(٢٥) ١٠ كانون الثاني ٢٠٠٧ — ١٢ صفحة — (٢٥٠) دينار

للمشاركة في مؤتمر دولي حول حرية التعبير
وفد من النقابة يتوجه الى باريس

نقيبة لدعوة هيئة الاعلام والاتصالات... توجه وفد من نقابة صحفيي كوردستان الى باريس للمشاركة في مؤتمر دولي حول (حرية التعبير والتنمية الاعلامية في العراق)... الذي يعقد في العاصمة الفرنسية (باريس) خلال الايام (٨-١٠/١/٢٠٠٧).

هذا ويشارك أيضاً عدد من الاعلاميين والصحفيين الكوردستانيين والعراقيين وردد من نقابة الصحفيين العراقيين في أعمال هذا المؤتمر.

من اجل مساندة الصحفيين العراقيين نقابة صحفيي كردستان تشارك في اجتماع عمان

٧,٠٠٠ سبعة آلاف يورو منحة من الفدراسيون الدولي للصحفيين الى عوائل شهداء صحفيي كوردستان

الوفد الكوردستاني خلال الاجتماع

أقيمت تعبار امساندة الصحفيين العراقيين) فقد في مدينة عمان عاصمة المملكة الاردنية الهاشمية، اجتماع للصحفيين العراقيين و الكوردستانيين باشراف الفدراسيون الدولي للصحفيين و مساندة الاتحاد العام للصحفيين العرب، وحضر الاجتماع الذي عقد في فندق اهلندي أن) وللفترة من ١٨-١٩ /١٢/ ٢٠٠٦ السيد ايدان وايت السكرتير العام للفدراسيون الدولي، و السيد سيف الشريف نائب امين عام اتحاد الصحفيين العرب، و طارق الموصلي نقيب صحفيي الاردن، و وفد نقابة صحفيي كوردستان المؤلف من النزماله، فرهاد عمرتي نقيب صحفيي كوردستان، مصطفى صالح كريم نائب النقيب، حامد محمد علي عضو مجلس النقابة، و شيركو حبيب مسئول مكتب العلاقات الخارجية للنقابة،كذلك حضر الاجتماع وفد من نقابة الصحفيين العراقيين منم الزماله، مؤيد اللامي امين عام النقابة و سعد محسن و سناء الضاش من مجلس النقابة بالاضافة الى عدد من الصحفيين العراقيين. كما حضر الاجتماع السيد عقيد الجزائري عضو البرلمان العراقي و رؤفا جاباسكيرا من ايندكس اون سينسر شيب و محمد عليه مدير مكتب الموسكو في العراق و، اوليفر مونى-كابل مدير المشاريع في الفيدراسيون الدولي. و رائد أريبيل من الاتحاد الدولي لنقابات العمال.

احضريات الاجتماع وتعرض كلمات الوفد الكوردستاني وقد ات صحفية في الصفحات ٤،٣،٢.

نقابة صحفيي كوردستان تصدر بلاغا

عقد مجلس نقابة صحفيي كوردستان يوم السابع والعشرين من شهر كانون الأول ٢٠٠٦ اجتماعه الشهري بمدينة السليمانية. وكان الاجتماع مخصصا لبحث موضوع اعقاد المؤتمر العام الثاني لصحفيي كوردستان والذي كان المقرر حسب القانون عقده خلال شهر كانون الأول من العام الماضي بالاضافة الى تشكيل لجنة حول كيفية توزيع المبلغ الذي تم منحه من قبل الفدراسيون الدولي للصحفيين الى عوائل شهدا - صحفيي كوردستان. ومن أعضاء النقابة إضافة الى بحث مواضيع تنظيمية وأمور نقابية مختلفة وفي نهاية الاجتماع أصدر مجلس النقابة بلاغا حول تأجيل عقد المؤتمر العام الثاني الى صيف العام الحالي. وفيما يلي نصه:

بلاغ من نقابة صحفيي كوردستان

وفق قانون نقابة صحفيي كوردستان المرقم (٤١) لسنة ١٩٩٨ وتعديله الأول. كان من المقرر أن يعقد المؤتمر العام الثاني للنقابة في هذا الشهر الكانون الأول ٢٠٠٦). إلا أن وبسبب عوامل خارج عن إرادة المجلس، قرر المجلس تأجيل عقد المؤتمر الى صيف عام ٢٠٠٧.

والعوامل تتمثل في النقاط التالية:

أولا: إن مجلس النقابة كان منهمكا منذ أكثر من سنة بإعداد مشروع قانون العمل الصحفي في كوردستان. وتم خلال هذه الفترة عقد العديد من السمينارات والندوات والاجتماعات في فروع النقابة كافة، وعقب الوصول الى صيغته النهائية، قدم مشروع القانون بتاريخ ٢٠٠٦/١٠/١٧ الى البرلمان الكوردستاني. ومن الواضح أن هذا العمل بحاجة الى المتابعة المتواصلة، ونظرا لأهمية المشروع فإن مهمة متابعته تقع على عاتق مجلس النقابة المالي.

ثانيا: وعلى ضوء النقطة السابقة، لم يكن بالمستطاع خلال الفترة المتبقية عقد الكونفرانسات العامة بفروع النقابة وذلك بغية انتخاب ممثلي الصحفيين للمؤتمر.

ومن الواضح أن عدد أعضاء النقابة في أنحاء كوردستان كافة إضافة الى فرعي الموصل وبغداد، يبلغ (٣٠٠٠) ثلاثة آلاف عضو. ولا شك أن انتخاب ممثلي هذا العدد بحاجة الى فترة كافية وعمل جدي ومتواصل. ولم يكن بالامكان أبدا - هاتين المهمتين في الوقت نفسه.

ثالثا: إضافة الى الفترة الزمنية بهدف الاعداد لمؤتمر ناجح والذي يتطلب عدة أشهر، ومن المعلوم أن عقد مثل هذا المؤتمر بحاجة الى ميزانية مناسبة التي لم تتوفر وحد الآن.

رابعا: إضافة الى النقاط السابقة، كان مجلس النقابة يعمل خلال العام الماضي من أجل نيل العضوية العاملة في الفدراسيون الدولي للصحفيين (IFJ) وأخذ ذلك في حزيران من العام الماضي وأدى لتحقيق هذا الهدف الى مشاركة مجلس النقابة وبفعالية في الندوات والاجتماعات التي عقدت خارج الوطن. وذلك بغية إيجاد الحلول الجذرية لمشاكل وأزمات الصحفيين العراقيين الذين يواجهون الارهاب والعنف والتهديدات. ولقد قيم دور النقابة عاليا في هذا المجال.

إن مجلس نقابة صحفيي كوردستان، وخلال اجتماعه الذي عقد يوم ٢٠٠٦/١٢/٢٧ بمدينة السليمانية وعلى ضوء النقاط أعلاه قرر تأجيل عقد المؤتمر الى صيف العام الجديد (صيف/ ٢٠٠٧)، وسوف يتم تبليغ الصحفيين الكوردستانيين بالتفاصيل عن طريق فروع النقابة لاحقا.

مجلس نقابة صحفيي كوردستان
السليمانية ٢٠٠٦/١٢/٢٧

ملخص تقرير الحريات الصحفية في الوطن العربي الصادر عن لجنة الحريات المنبثقة عن الاتحاد العام للصحفيين العرب عن عام ٢٠٠٥

مقدّم الى ورشة العمل الخاصّة بالصحفيين العراقيين عمّان ١٨-١٩/ ١٢/ ٢٠٠٦ برعاية الاتحاد الدولي للصحفيين والاتحاد العام للصحفيين العرب

في بداية حزيران ٢٠٠٦ أصدرت لجنة الحريات تقريرها عن وضع الحريات الصحفية في الوطن العربي عن عام ٢٠٠٥، وتم إعلان وتصدير التقرير في مؤتمر كبير عقد في مقر الاتحاد بالقاهرة بتاريخ ٢٠٠٦/٦/٤، بحضور رئيس الاتحاد الأستاذ إبراهيم نافع، والأمين العام الأستاذ صلاح الدين حافظ، وبالطبع رئيس اللجنة.

وقد حظي التقرير بتغطية إعلامية واسعة كبيرة على مستوى العالم العربي. فهو التقرير الأول الذي يصدر عن الاتحاد العام للصحفيين العرب منذ إنشائه وعن اللجنة منذ تشكيلها الأخير في المؤتمر العاشر الذي قد بالقاهرة عام ٢٠٠٤.

لقد صدر التقرير في ٩٠ صفحة من القطع الكبير، وشمل معظم الدول العربية الأعضاء، وغير الأعضاء، بالاتحاد، وهو أول تقرير يصدر من جهة ذات اختصاص في الوطن العربي، وبأقلام ولغة عربية، حيث كنا في السابق، نقرأ عن أوضاعنا العربية من حيث الحريات الصحفية في التقارير الغربية فقط. فقد كنا مستوردين للمعلومة وأصبحنا الآن مصدرين لها. وقد أعطى هذا البعد الجديد مصداقية للتقرير، وإقبالا عليه من الجهات التي كانت ترصد أوضاعنا الصحفية بعد، وربما بطريقة غير دقيقة.

البقية في ص٨-٩

رۆژنامەکە ژمارە (١) و (٢)ی بە چوار لاپەڕە و لە ژمارە (٨)یشەوە بوو بە (٨) لاپەڕەو لە ژمارە (١٥)یشەوە تا دوا ژمارەی کە ژمارە (٢٤) بە ١٢ لاپەڕە مانگانە (تاکو مێژووی ئەم کاتە)، دەردەچێت تیراژی رۆژنامەکە (١٠٠٠) دانە سەرەڕای بڵاوبوونەوەی لەسەر ئینتەرنێت.

رۆژنامەکە وەکو لە پێشەوە باسم کردووە مینبەری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە کە بە تەواوی (**دەنگوباس و چالاکی و راوبۆچوون**) و بە خۆیەوە دەگرێت، سەرەڕای ئەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بە رۆژنامەو کاری رۆژنامەنووسییەوە هەیە لەگەڵ دیارترین رووداوی سیاسی لە گۆڕەپانی سیاسی، بۆ ئەمەشش تارادەیەک ویستوومانە خۆمان دوور لەو ڕێڕەوە بگرین، کە زۆربەی رۆژنامەو گۆڤارە عەرەبییەکانی کوردستان تێکەڵی بوون، ئەویش خۆ خستنە ناو گێژاوی سیاسەتە. بۆیە (**الصحفی**) زیاتر بەو ئاقارە دەڕوات کە لەلاپەڕەی ژمارەکانی ڕەنگی داوەتەوە، وا بزانم گرتنەبەری ئەو سیاسەتە باشترین ڕێگایە بۆ سەندیکا، بۆ ئەوەی نەکەوێتە گێژاوی بواریک، کە زۆربەی هەرە زۆری رۆژنامەو گۆڤارەکانی تێ کەوتوون، هەتا دەگاتە رۆژنامەو گۆڤارە هونەریی و ئەدەبییەکانیش.

لەماوەی مانگێکدا ئەو بابەتانەی کە بۆمان دێت چ بە (ئیمێل) یاخود بە ڕێگای ئاسایی، لە پێشەوە هەڵدەسەنگێندرێ، پاشان ڕێگای خۆی دەدۆزێتەوە بۆ لاپەڕەکان.

ئێستاکە دەستەی رۆژنامەکە کە ژمارە (٢٤)[1]ی لەبەردەستدایە سەرەڕای بەندە کە سەرنووسەری رۆژناکەیە، رۆژنامەنووس (**مستەفا سالح کەریم**) گۆشەیەکی لەلاپەڕە (١٢)دا هەیە، رۆژنامەنووس (**خالد بەکر ئەیوب**)یش بابەتەکان هەڵدەچن دەکات و گۆشەیەک بەناوی (**اکلیل**)وە دەنووسێ و رۆژنامەنووس عبدالستار رۆژبەیانیش کە بەتەمابوین رۆڵی سکرتێری نووسین ببینێ پاش بەجێ هێشتنی رۆژنامەنووس (**طارق ابراهیم شریف**)، کە لە دوو سێ ژمارەدا رۆڵی چاک و بەرچاوی تێدا بینی، بەڵام بەهۆی

---

[1] گۆڤاری (الصحفی) لە ژمارە ( ) بوو بە گۆڤارێکی قەشەنگ و بە پێز، ( )ی لێ دەرچووە، سەرەڕای سەرنووسەرو جێگری سەرنووسەر دەستەکەی بریتین لە: (قاسم محەمەد عەلی، سکرتێر نووسین، عەبدولستار رۆژبەیانی/ هەڵەچن، ئەیوب محەمەد بابەکر/ سەرپەرشتیاری هونەری، عومەر شەهاب/ نەخشەسان).

دوورکەوتنەوەو چوونی بۆ ولاتی **(دانیمارك)** نەکرا تاکو ئێستاکە لەو پۆستە جێگیر ببێت، بەڵام دیسان (**بەدواداچوونی**) باشی هەیەو بەهۆی (ئیمیل)ەوە بابەت بۆ رۆژنامەکە دەنێرێ و گۆشەیەکیشی هەیە بە ناوی (**اول وآخر الكلام**)، رۆژنامەنووسان (**ئەردەلان حەمید و کاوە فاروق**) تایپ و نەخشەسازی رۆژنامەکە دەکەن.

ژمارەیەکی بەرچاو لە نووسەران و رۆژنامەنووسان بەشداری لە (**الصحفی**) دەکەن بە ڕادەیەك کە زۆرجار ناوەکانیان دووبارە دەبێتەوە وەکو (**شێرکۆ حەبیب، لینا سیاوش، حامد محمد علی، اکد مراد، سعید یحی الخطاط، عدنان المزوری، فخری امین، عبدالغنی علی یحی، توفیق سعید، انتصار بکر صالح، خضر دوملی، نصر حاجی خدر، ادمون لاسو، هشام بدران، د.باسم ایلیا هابیل عمر علی شریف، جمال الهموندی، طارق کاریزی، محمد ابراهیم ئامیدی، رائد ابلحد عبو، اسماعیل بادی، مکرم سید احمد البرزنجی، ولیم تیدور، د.هاشم حسن، عبداللطیف یاسین، عبدالمنعم**)؟؟ وەکو باسم لێوەکردووە کە ژمارە (٢٤) لە بەردەستدایە لێرەدا نهێنییەك نییە، ئەگەر بڵێم (**الصحفی**) تینوویەتی ئێمە ناشکێنێ و هەموو ئومێدمان ئەوەیە، کەوا بتوانین لە ئایندەدا (**الصحفی**) ببێتە هەفتانە، تاکو بتوانێ (**ئامادەیی**) لە گۆڕەپانەکەدا هەبێت، بەڵام دیسان لێرەشدا دووبارەی دەکەمەوە کە (**الرياح لاتجري بما تشتهي السفن**)، کە لە پێشەوە خودی رۆژنامەنووسانی نووسەر بە زوبانی عەرەبی بەشێك لەو بەرپرسیاریەتییە لە ئەستۆ دەگرن، کە وەکو پێویست بەشداری تێدا ناکەن، سەرەڕای باری ئابووری سەندیکا کە ئەویش رێگرە لەبەردەم پێشکەوتنی رۆژنامەکە بەهەرحاڵ کورد دەڵێ: (**بەقەدەر بەڕەی خۆت پێ ڕابکێشە**)، و ئێمەش جارێ هەر ئەوەندەمان پێ دەکرێت و هیوادارم خەڵکانی پاش ئێمە بواری باشتریان بۆ بڕەخسێ (**کە ڕەخسا**) لەپێناوی پێشخستنی کاری رۆژنامەنووسانی لە کوردستان.

بەشی نۆیەم و کۆتایی

لە پەراوێزی
"ئەزموونی رۆژنامەگەریم"

خوێندەوارانی خۆشەویست:

دەربارەی بابەتی ئەو هەشت ئەڵقەیەی کە ماوەیەکە لەژێر ناوی (**ئەزموونی رۆژنامەگەریم**)، لە گۆڤاری (**رۆژنامەنووس**)ی خۆشەویستدا بڵاوی دەکەمەوە، لە سەرەتادا لەبەر دوو هۆکار بڵاومکردنەوە:

یەکەم:

وەکو لە ئەڵقەکانی پێشووتریشدا بە درێژی باسم لێوەکردووە، (بەندە) ساڵانێکە سەرقاڵی ئەم بوارەیەم، کە بەڕاستی لە ناخەوە خۆشم ویستووە و پێوەی ماندووبووم و شەونخونیم بۆ کردووە، بەتایبەتی لە کات و ساتی بەرهەمهێنانی گۆڤاری (**نضال الطلبة**)ی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، هەر لە سەرەتاوە، تاکو چوار ژمارە، لەگەڵ هەندێ برایانی دیکە، کە ناویان لە شوێنی خۆیدا هاتووە، بەندە (**هەوێنی**) زیندووکردنەوەی پرۆژەکە بووە، تاکو رۆژانی بەجێهێشتنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە کۆنگرەی حەوتەم، کە لەنێوانی ١٩٧٢/٤/٢٩–١٩٧٢/٥/٢ لە سلێمانی بەسترا. ئەوجا ئەو دوو ساڵەی شەو و رۆژانی التآخي و برایەتی (١٩٧٢–١٩٧٤) لە بەغداو دوو ژمارەی (**دیاری لاوان**)ی شاخ لە رۆژانی شۆڕش ئەیلوولی مەزندا (١٩٧٤–١٩٧٥) کە تێیدا لەگەڵ برای ئازیزم خوالێخۆشبوو (**دارێ شێخ نوری**) لە ئەمانەتی رۆشنبیری و راگەیاندن و لاوان بە شێوازی سەردەمی بەهەشتی (**حسێن حوزنی موکریانی**) دەرمان دەکرد. پاشانیش ئەزموونی حەوت ساڵەی رۆژنامەی برایەتی، سەرەڕای ئەو چەندین گۆڤار و حەفتەنامانەی دیکەی تێدا بڵاو دەکرایەوە، پاشتریش ئەزموونی ناو سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە بواری راگەیاندن، کە تێیدا گۆڤاری (**رۆژنامەڤانی**) و پاشان (**رۆژنامەنووس**)، هاوکات لەگەڵ رۆژنامەی (**الصحفي**) بە زوبانی عەرەبی، ئەوە سەرەڕای بەشداری کردن لە نووسین وهێنانە بەرهەمی گۆڤاری (**ژینۆ**)، کە لەلایەن شێرکۆ حەبیبی ئامۆزامەوە لە لەندەن دەردەچوو، لەگەڵ رۆژنامەی (**کوردستان الیوم**)، کە لێرە لە هەولێری پایتەختی کوردستان ئامادە دەکراو چاپ و پەخش دەکرا، هاندەر و هەوێنی بیرۆکەی ئەم چیرۆکە بوون، ناووم ناوە (ئەزموونی رۆژنامەگەریم) تێیدا (**دەرکەنارکردنم**) لە برایەتی (**بدون وجه حق**) کە ئێستاو ئێستاش نەمزانی هۆکارەکەی چی بوو، (**بەڵکو**

خودا بکات رۆژێ لەرۆژان بۆم ئاشکرا بێت) کە جۆرە توڕەییەکی لا دروست کردم، سەرەڕای ئەو هەمووماندووبوون و شەونخوونییەی کە بە رۆژنامەی **(برایەتی و بلاوکردنەوەکانی)** دیکەی و دامەزراندنی دەزگای **(برایەتی و خەبات)** کە نەدەبوو بەو بڕیارە ناکاملە منیان دوورخستبایەوە، لە کاتێکدا برایەتی لە قۆناغی زێڕینداببوو، جۆرە تووڕەبوونەکەش خۆی لەو بڕیارە دەبینێتەوە، کە بڕیاری نووسینی ئەزموونی رۆژنامەگەری لا دروست کردم، چونکە هەندێ **(کاڵ فام)** بەشێوەیەکی دیکە تەفسیریان بۆ ژیانی رۆژنامەنووسیم دەکرد، بێ ئەوەی بەقەد تۆزقاڵێك ئاگاداری ژیانی سیاسی و رۆشنبیری و رۆژنامەنووسی من بن **(کهذه مصیبة)**، بەڵام خۆیان لێ گێل دەکەن، کە لێرەدا **(المصیبة أعظم)**.

دووەم:

رۆڵی برای ئازیز و رۆژنامەنووس و ئەرشیفناس و رۆشنبیر کاکە **(عبدالله زەنگەنە)**یە، کە هەمیشە لە روانگەی ئەوەوە، گوناهە ئەو جۆرە ئەزموونانە بزربن، هەرچەند ئەزموونی ئاسایی نین، چونکە وەکو گوتەنی ئەزموونی تاك، هەرچەندە سادەو ساکاربن، بەشێکە لە مێژوو، کە هەمووی تێکڕا دەبێتە خەرمانی بواریك رۆژێك دادێت پەنجەی بۆ درێژ بکرێت. دیسان وەکو کاکە عبدالله دەیگوت **(خۆت بینووسی باشترە لەجیاتی ئەوەی خەڵکی دیکە بینووسێ)**. لە راستیدا لەژێر کاریگەرییەتی ئەو دوو خاڵەی سەرەوە بوو ملم لێ ناو و ناوی خوام لێهێناو ئاکامەکەی ئەو هەشت ئەڵقەیە بووە کە هەر لەم دوو گۆڤارەدا بڵاوکرایەوە، ئەگەر خودای مەزنیش یارم[1] بێت پرۆژەی بەکردنە کتێبم لا دروست بووە لەگەڵ هەندێ وێنەو دیکۆمێنتی دیکە، کە لەم شوێنەدا بڵاو نەکراونەتەوە، ئەمجا نازانم بە کوێ دەگات؟.

شتێکی ئاساییە هەندێ جار نووسەر، لەکات و ساتی نووسینی بابەتێکدا، هەندێ شتی وردەکاری لەبیر دەچێت، بۆیە لێرەدا کاتێ بەخوێندنەوەی ئەڵقەکاندا دێمەوە هەندێ

---

[1] پاش چەندین ساڵ ئەو کتێبەی بەردەستتان ئومێدو ئارەزووی ئەو رۆژانەبوو کە بە زنجیرە ئەو بابەتەم لە گۆڤاری **"رۆژنامەنووس"**ی سەندیکا بڵاودەکردەوە.

شتم دێتەوە یاد، بۆیە لام باشە وەکو سەرەتاکەم پەنجەی بۆ درێژ بکەم، واشی بۆ دەچم لەوانەیە بابەتەکە بە جۆرێک لەجۆرەکان دەوڵەمەند بکات، بۆیە لێرەدا کاتی ئەو وردەکارییە وەکو چەند خاڵێک دەخەمەڕوو، مەبەستم لە تۆمارکردنی هەندێ زانیاری راستە، زیاتر لەوەی باس کردنی شتێکی دیکە بێت، کە سەراپای هەمووی سەربوردەی ژیانی مرۆڤێکە لە بواری رۆژنامەنووسیدا، هێندێ جار دەوروبەری لایەنی دیکەی ژیانمی گرتۆتەوە، بە حوکمی تێکەڵاوی بوارەکانی ژیان، کە ناکرێ بە ئاسانی لێکیان جیا بکەمەوە، ئێستاکە بۆتە مۆڵکی میژوو، هەموو ئەو کەسانەش. کە لەم ئەڵقانەدا ناویان هاتووە، وەکو چۆن باسیان لێوە کراوە، لەگەڵ رەچاوکردنی هەندێ کەس و هەندێ بابەت، زۆری لێ نەچوومەتەپێش، ئەوەیشیان بەو سنوور نەبەزاندنە دادەنێم، کە پێویستە هەموولایەکمان لەو ئاستەدابین و لە (**شەلم کوێرم ناپارێزم**) دوور بکەوینەوە، چونکە هیچ مانایەک نابەخشێ. نووسەری بیرەوەری هەندێ شت باس دەکات کە رووداوەکانی تێدا زۆر تایبەتین و هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی چوونە دەرەوەیە لە هەموو ئیلتیزاماتێک و دابونەریتێک کە پێویستە رۆشنبیران خۆی لێ بپارێزن ئەمە یەکەمیان، دووەم دوورکەوتنەوە لە بوارێک ئەوجا بە هەر هۆکارێک بێت نابێتە هۆکاری (**تەکفیر**) کردنی هەموو لایەن و کەسایەتییەکان، یاخود ئەو لایەنەی کە مرۆڤ کاری تێدا کردووە. بە نسبەت خۆمەوە کاتێ کە باسی کەموکوڕی و بەهەڵەدا چوون و راست نەکردنەوەی هەڵە زەقەکانی پارتەکەی خۆم دەکەم، کە هەر لە ساڵی ١٩٦٣ەوە تێیدا ئەندام بوومەو لە دوو قۆناغی جیاوازدا وەکو پێشمەرگە لەگەڵیدا بەشداریم لە شۆڕشی ئەیلوول کردووەو سێ جاریش مالّ و حاڵم لە سەری رۆیشتووەو تاڵان کراوم، تەنانەت خاوەنی دەفتەری نفووسەکەشم نەبووم، خۆم (لەقۆناغی ١٩٦٣–١٩٦٤) و مندااڵەکانیشم (**رێکان و لانە**) ئەوانیش لە قۆناغێکدا (١٩٩٥)ساڵێکی پڕ تەمەنی خوێندنیان لەکیس چووەو سەرەڕای یەخەگرتنی نەخۆشی بە نسبەت (**پەروین**)ی هاوسەرم لە بارودۆخێکی دژواردا ئەمانە هەمووی لەگەڵ دەربەدەربوونی مالّی باوکم و تاڵان کردنی مالّی (**عەونی**) لە کۆیە لەلایەن (**پێشمەرگەی کوردستان**)ی سەر بەلایەنێکی سیاسی، کە بەندە هەر لە سەرەتای دروستبوونیان بە کوردپەروەرو نیشتمانپەروەرو دۆستی لە قەڵەم داون، بەڵام چاوی

ململانێی سیاسی کوێر بێت، زۆر جار سپی ڕەش دەکات و بەپێچەوانەوەش، ڕەش سپی دەکات. زۆر جاریش بۆتە مۆرك و (**مارکە موسەجلە**)ی ململانێی سیاسی لەوڵاتێك کە تاکو ئەم ساتە شتێکی دەست نەکەوتووە لە ڕووی یاسایی بناغە ئاسنیندا، بەڵام بە داخەوە (**بسم الله له سفرەی بەتاڵ دەکات**). کە دەڵێم هەموو ئەوانە نابێتە هۆکاری (**تەکفیر**) کردنی ئەو لایەنەی کە هەر لە هەڕەتی (**لاویم**)ەوە (**لە ساڵی ١٩٦٣**)ەوە، هەموو ژیانم بۆی تەرخان کردووە کە تێیدا بە دەیان و سەدان ڕووداوو چیرۆك بەخۆیەوە دەگرێ و لە ڕۆژە هەرە سەختەکانی پاش نسکۆشدا خۆم بە نزیکترین دۆست و هەوادار و لایەنگیری ئەم لایەنە داناوە بە شاهیدی دەیان و سەدان خەڵکی ئەم کوردستانە، تەنانەت بۆ ئەوەی ڕۆژێك لە ڕۆژان بە وەرگرتنی (**تاکە وەرەقەیەکی ئەفواجی خەفیفە**) خۆم و ئەو لایەنەی کە شانازیم بە ڕۆڵی مێژوویی خۆی و سەرکردە مەزنەکەی کردووە عەیبدار نەکرێن، بە هەموو قەناعەتەوە (**ڕەفزی**) ئەم وەرەقەم کردووە کە تەنیا و تەنیا خۆمی پێ بپارێزم وەکو سەدان و هەزاران خەڵکی ئەم کوردستانە، کە زۆربەی هەرە زۆریان، بەنابەدڵی و بەبێ قەناعەت بێ ئەوەی زەرەریان بۆ کوردستان و بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستان هەبێت، ناچاری خۆ تۆمارکردن دەبوون لە ئەفواجی خەفیفە، کە زۆربەیان تەنیا هەر بەناوبوو بۆ خۆپاراستن لە شەڕێکی (**مرۆڤخۆر**) کە بەدەیان هەزار لاوی وڵاتی عێراقی نۆش کرد، بوونە قۆچی قوربانی ئارەزووی سەدامی دیکتاتۆری ژمارە یەکی ئەم سەرزەمینە لە مێژووی هاوچەرخدا، بەڵام دیسان (**بەندە**) ئەوەشی پێ قەبوڵ نەکرا کە بووە هۆکاری خۆشاردنەوەم (**اختفاء**) بۆ ماوەی (**دوو ساڵ و چواردە ڕۆژ**) لە ماڵی خزم و کەسوکار و دۆستی نزیك و دڵسۆز لە ڕانیەو سلێمانی و هەولێر، پاشان فەسڵ کردنم لە فەرمانبەرییەتی میری لە ساڵی ١٩٨٦ وە تاکو پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ئەوسا گەڕامەوە وەزیفە. ئەمانە هەمووی لە ڕوانگەی ئەوەوەبوو تا خۆم و ئەو لایەنەی شانازیم پێوە دەکرد لە (لەکەدارکردن)ی بپارێزم، بەڵام ئایا ئەو لایەنە وەکو من حیسابم بۆ دەکرد و لە ڕوانگەی بەرژەوەندی ئەوەوە مامەڵەم لەگەڵ ڕووداوەکان دەکرد، بێ ئەوەی، وەکو (هەندێك)، حیساب بۆ بەرژەوەندی خۆم بەقەد

تۆزقاڵێك بكەم، كە ئەویش بووە هۆكاری ئەو هەموو زەرەر و زیانەی لە خۆم و خێزانم و بنەماڵەی (**عەونی**) كەوت.

وەڵامی ئەم پرسیارەی سەرەوە دەربارەی ئایا ئەو لایەنەی كە خۆم بۆ تەرخان كردبوو مامەڵەكردنی لەگەڵ من وەكو مامەڵەكەی من بوو بۆ ئەو؟! لەوەڵامدا دەڵێم نەخێر و سەدان جار نەخێر، بەڵام دیسان لای من مەسەلەكە (**مەحلولە**) یانی ئاشكرایە و پرسیارم لا دروست ناكات، چونكە سیاسەت و حیزبایەتی لە بنەڕەتدا (بێ وەفایی)یەو بەفراوانی پەیڕەو دەكرێ، بەتایبەتی بەرامبەر ئەو ئەندامانەی كە لە رادەبەدەر دڵسۆز و فیداكاری رێبازی ئەون، بەڵام چونكە خاوەن رای خۆیانن و نابنە (پیاوی) كەس و سپی و رەش لایان تێكەڵ نابێت، لە روانگەی بیروباوەڕی مەبدەئی خۆیانەوە مامەڵە لەگەڵ رووداوە حیزبی و نیشتمانییەكان دەكەن، كە ئەمیشیان لەگەڵ رێبازی تەسكی حیزبایەتی، كە سیمای جۆری ئیش كردنی لەسەر شێوازی (ستالین)یەتە، بۆیە زۆر جار مرۆڤی تێكۆشەر و بە ئەمەك و دڵسۆز و مەبدەئی و بڕوا بەتینی پەیڕەو و پرۆگرام لە بەر هەندێ هۆكاری لابەلا بە ناحەق پەراوێز دەكرێ و لە تۆمارگای گشتی (**حیزب**) بە خەتێكی (**سوور**) دەگوازرێتەوە بۆ (**تۆمارگای پەراوێز**) كراوان. لە هەمان كاتیشدا لەجیاتی ئەوان خەڵكانێك (**بە قودرەتی قادر**) دێنە پێشەوە، كە نەك تەنیا ساتێك (**ئارەقە**)یان بۆ ئەم حیزبە نەكردووە، بەڵكو بە شانازییەوەو رۆژێك لە رۆژان (**علی مرای ومسمع الناس**) گوتویانە:- (**دەبمە.....بەڵام نابمە پارتی**). ئەوجا ئەو و دەیانی لەو جۆرە، كە تەنانەت لە سێبەری ئەم لایەنەش دوورنەبوون، پۆستی وەزارەت و ئەندام مەكتەب و مودیر عام و كارگێڕیی لق و ئەندامی پەرلەمانیان پێ دەسپێردرێ و لەلایەن خودی ئەندامانی سەركردایەتی (**پلەو پایەی**) بەرزتریشیان بۆ دەست نیشان دەكرێ، ئەوجا بزانن (**قوڕ بەسەر ئەم حیزبە**) چ چارەنووسێك چاوەڕوانی ئایندەی دەكات! بەڵام دیسان وەكو كورد دەڵێ: (**ئەو نانە نانە ئەمڕۆ لە خوانە!**) حیساب بۆ دوا رۆژ و ئایندە ناكرێ، گرنگ ئەوەیە كارەكە ئەمڕۆكە دەڕوا... بۆ دوارۆژیش (**خوا كەریمە**)، بەڵام دیسان بە تەواوەتیش لە (**خوا كەریمە**)كەش نەگەیشتوون، چونكە یەزدانی گەورە لە ئایەتێكی پیرۆزدا دەفەرموێ: (**وان لیس للانسان إلا ما سعی وان سعیه سوف یری**).

مەبەستم لە نووسینی ئەم ئەڵقەیە وەکو پەراوێز، کە دوایین ئەڵقەی بابەتەکەمە، دەمەوێ هەندێ سەرە قەڵەم دەربارەی هێندێ لەو بابەتانە پەنجەیان بۆ درێژ بکەم، کە پێموایە پێشووتر مافی تەواوی نەدراوەتێ یاخود لە بنەڕەتدا بە سەرمدا تێپەڕیوە، وا لێرەدا دەیهێنمەوە یاد، مەبەستی سەرەکیشم دەوڵەمەند کردنی بابەتەکەیە، کاتێکیش چەند دێڕێکیان دەربارە دەنووسم، مەبەستم نە خۆهەڵکێشانەو نە بریندارکردنی ئەم و ئەو و کەس و لایەنێکە، بەڵکو مەبەستم روودەرخستنی هەندێ لایەنی شاراوەیە لە سەروبەند و سەرقاڵیم بەکاری رۆژنامەنووسی و سەندیکایی، کە ئەویشیان بەشێکە لە هەمان ئەزموونی رۆژنامەگەریم.

لە سەروبەری سەرقاڵیم بە کاری رۆژنامەنووسی، پاشانیش بەکاری سەندیکایی، هەمیشە (**قەوانێك**) بە سوواوی لێ دەدرایەوە، گوایە (**پارتایەتییەکەی**)من کاڵ بۆتەوەو موجامەلەی بێ بنەمای ئەولاو ئەملا دەکەم، تەنانەت کار گەیشتە ئاستێك کە رۆژێك لە بۆنەیەکی نیشتمانیدا باس لە کەسایەتییەکی گەورەی ساسیی کورد دەکرا، کە خەریکە پۆستێکی گرنگی ئەم عێراقە وەردەگرێ، بەو بۆنەیەوە دیمانەیەکی رۆژنامەنووسیم لەگەڵ کرا، دەربارەی ئەو رووداوە گەورەیە، کە تێیدا لە روانگەی مرۆڤێکی کورد و کوردستان پەروەر، وەڵامی پرسیاری ئەم کەنالە رۆژنامەنووسییەم دایەوە، کە هەر لەو ساتەوە قیامەت هەڵسا کە چۆن دەبێت (بەندە) بەم شێوە باشە باس لەو کەسایەتییە بکەم و بەم شێوەیە بەشان و باڵیدا هەڵبدەم، پاشانیش لە یەك دوو شوێنەوە تەلەفۆنم بۆ کرا بە پرسیارێکەوە کە ئایا ئەم (**قسانە و پیاهەڵدانەم**) راستە و قسەی منە، منیش لە وەڵامدا بەبێ کەمو زیاد دەمگوت: "**بەڵێ تەنانەت فاریزەکانیش هی منن، نەك تەنها ئەو قسانەی کە لەسەر زاری منەوە بڵاوکراوەتەوە**". لێرەدا من دەزانم هەندێ پارتی ناڕەسەن کە لە بنەڕەتدا مەبەستیان لە دەرکەنارکردنی من و خەڵکی هاوشێوەی منن بە مەبەستی بنکۆڵ کردنی ئەم حیزبەیە، کە تەنها بە شەونخوونی و ماندووبوونی سەدان هەزار تێکۆشەری ڕێبازی کوردایەتییە، لە پێشەوەشیان خوێنی هەزاران شەهیدی ئەم کوردستانە، گەیشتۆتە ئەمڕۆژە کە ئەو جۆرە خەڵکانەی ناڕەسن و بێ مێژوو بێ بیروڕای ڕەسەنی پیرۆزن، دەیانەوێ کوردایەتی ئەم ڕێبازە لە بەرچاوی تێکۆشەرانی رۆژانی

سەخت بخەن، بۆ ئەوەی تەنها خۆیان جڵەوی کارەکانیان بکەوێتە دەست. (**بەندە**) کاتێ کە ریزی پارتی دیموکراتی کوردستانم هەڵبژاردووە، پێش چل و چوار ساڵ، بۆ مێژووی ئەو بابەتە دەگەڕێمەوە، کە ساڵی (٢٠٠٧)ە، مەبەستی سەرەکی لەپێناو کورد و کوردستان بووە، چونکە ئاشکرایە کە (**حیزب**) رێگایە بۆ گەیشتن بە ئامانجێک کە لای هەموان، ئاشکرایشە کە ئامانجی پارتی چی بووە، پارتیش هەمیشە دووربووە لە بەرچاوگرتنی ئامانجی تەسکی حیزبایەتی، بەتایبەتی لە سەردەمی سەرکردەی نەتەوایەتیمان (**بارزانیی نەمر**)، کە ئەو زاتە هەمیشە وەکو سەرکردەیەکی نەتەوەیی هەڵسوکەوتی دەکرد، نەک وەکو سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە ئەمیشیان بەداخەوە و هەزاران جار بەداخەوە هۆکاری ئەو تۆمەتانە بوون، کە دەدرانە پاڵ بارزانی نەمر گوایە (**بارزانی دووره له گیانی حیزبایەتی و حیزبی ئیهمال کردووەو حیزبایەتی ناکات**). ئێستا وا بەدەردەکەوێ کە بارزانی نەمر چەندە راست بووەو چۆن بە ئەقڵیەتێکی ستراتیژی سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستانی دەکرد و چون مامەڵەی لەگەڵ رووداوەکان دەکرد.

کوردایەتی لای من دوورکەوتنەوەیە لە (**دەمارگیری**) و لایەنگیری تەسکی حیزبایەتی و هیچ کاتێک من ئەم رێبازەم (**یانی رێبازی تەسکی حیزبایەتی**)یم پیادە نەکردووە، هەمیشە بە پێی توانا و بەپێی لێپرسراویەتی ئامرازی نزیکبوونەوەی ریزەکانی گەلی کوردستان بووم، چ لەو کاتەی کە سکرتێری گشتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووم (١٩٧٠–١٩٧٢) کە لەو کاتەدا هەردوو باڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لەژێر هەمان ناودا بە سەرۆکایەتی بارزانی نەمر یەکیان گرتەوە، ئاشکراشە لای تێکۆشەرانی قوتابیانی کوردستان، کە (**بەندە**) بەهاوکاری برایانی ئەو بەر، یانی قوتابیانی باڵەکەی دیکە، لە پێشەوەشیان برای ئازیز و خۆشەویستم شەهید (**فازڵی مەلا مەحموود**) کە لەگەڵ شەهید (**عبدالرحمن قاسملو**) رێبەری پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ڤیەننا تیرۆرکران. بە هەردووکمان بە پاڵپشتی برایانی دیکەمان، توانیمان رێکخستنەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە یەک رێکخستنی تۆکمەدا، هەر لەزاخۆوە تاکو خانەقین و مەندەلی و زڕباتیە، رێک بخەینەوە، کە بە جووتە ئەو ئەرکەمان پێسپێردرابوو. ئەزموونی دووەمی ئەم بوارەم جارێکی دیکە لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بوو، کە بە هیممەتی

هەردوولا، بە دڵسۆزی برایانی هەردوو ئەنجوومەنی (**یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**) تواندرا هەردوو ڕێکخراوەکە پێش هەموو یەکێتی و سەندیکاو ڕێکخراوەکانی دیکەی سەر گۆڕەپانی کوردستان، تەنانەت پێش یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی (**سلێمانی و هەولێر**)، لە یەک سەندیکای سەرتاسەری کوردستانی کۆبکەینەوە، بە جیاوازی بیروڕاو ئایین و نەتەوە، کە لێرەدا ئەو ئەرکە لە من دەخوازی بە کردەوەو بە بۆچوون و بە هەڵسووکەوت (**نەقیبی سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی کودستان**)بم و هیچ جیاوازییەک لە نێواندا قەبوڵ نەکەم و ئەمیشیان ئەرکی مرۆڤی تێکۆشەر و دڵسۆز و کوردپەروەرە، بەتایبەتیش ئەوانەی ئەرکێکی لەوجۆرەیان هەیە، چونکە ئایندە و دواڕۆژی کورد جارێ لەمپەر و ئاستەنگی زۆری دیکەی لەپێشە، ئەگەر بە یەکڕیزی و بە یەکگرتنی تەواوی ریزەکانی گەلی کوردستان نەبێت، ناتواندرێ ئەم ئەرکە و ئەم پرۆژە نەتەوەییە بگاتە ئەو ئاکامەی کە ماوەی دەیان و سەدان ساڵە ڕۆڵەکانی کوردستان خەونی پێوە دەبینن.

لێرەدا دێمەوە سەر ئەو بابەتەی کە ناوی پەراوێزم بۆ دەست نیشان کردووە، تێیدا بەم شێوازە، بەم بۆچوونە، بەم بیروباوەڕە هەڵسووکەوتم لەگەڵدا کردووە، کە لەسەرەوە باسم کردووە، بەڵام کاتێ گۆڤارێك یاخود تاقمێکی ڕۆشنبیر، ئەوجا بە چ مەبەست و بە چ نیازێك خەریکی گەڵاڵە کردنی (**فایلێکن**) بەناوی (**قەڵەمەکانی شەڕ**) و بە بەربڵاوی لێرەولەوێ بڵاو دەکرێتەوە، کە لە دووتوێی ئەم دۆسییەیە ناوی (**فەرهاد عەونی**)یش وەکو قەڵەمێکی شەڕی ناوخۆ بڵاوکراوەتەوە، بەڕاستی ئەویش جێگای سەرسووڕمانە کە قەڵەمی بەندە و هەندێ قەڵەمی هاوشێوەی بەندە، بە قەڵەمی شەڕ ناوزەد بکەن، (**سامحهم الله**)، بەهەر حاڵ (**بەندە**) سەرنووسەری ڕۆژنامەیەکی بەربڵاوی پارتی دیموکراتی کوردستان بووم و بە شانازییەوە شانازی بەم حەوت ساڵەی ئەو ئەزموونە دەکەم و ئەوەی تێیدا نووسراوە لە ڕووی ئەخلاقی و یاساییەوە (**بەندە**) لێی بەرپرسیارە، ئەوجا چاك بێت یان خراپ، بەڵام دەبێ بزاندرێ ڕۆژنامەی برایەتی ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، کە جەمسەرێکی دوو لایەنەی شەڕێکی دژوار و نەگریسی خۆکوژی بووە، لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کە تێیدا دەیان و سەدانی وەکو (**بەندە**) سەربازی ئەم لەشکرکێشییەی شەڕی ناوەخۆ بوون، بەبێ ئیرادە و بێ

قەناعەتی شەخسی بەم شەڕە نەگریسە. لەمێژووشدا نەمان دیتووە و نەمان خوێندۆتەوەو نەمان بیستووە سەربازانی لەشکرێك بە تۆمەتی شەڕەنگێزی و هەڵایسانی شەڕ تۆمەتبار بکرێن، (**قوربان ئامادەکاری دۆسییەی قەڵەمەکانی شەڕی ناوەخۆ**) دەبوایە پێش ئەوەی باس لە قەڵەمەکانی شەڕ بکەیت، پێویست بوو هۆکاری لایەنە مێژووییەکەی هەڵگیرسانی ئەم شەڕە نەگریسە بکەیت و پاڵەوانە راستەقینەکانی هەڵگیرسان و هۆکاری ئەم شەڕە دیاربکەیت، پێش ئەوەی بێیتە سەر بابەتی قەڵەمەکانی شەڕ، کە ئێمەش تیایدا وەکو سەربازانی ئەو لەشکرەین، کە بە (**اوامر**) و لە روانگەی پابەند بوون بەلایەنێکی سیاسی تووشی ئەم تۆمەتە هاتووین. بەندە دیسان بە ئامادەکاری ئەم دۆسییەیە دەڵێم (**قوربان دەبوایە باس لە هۆکار و پاڵەوانە سەرەکییەکانی ئەم** (تراژیدیا کوردییە) **بکەیت، پێش ئەوەی بێیتە ناو ئەم بابەتە**)، لێرەدا کەس وا تێ نەگات من بمەوێ پاکانە بۆ خۆم بکەم و خۆم لە مەسەلەکە ببەمە دەر، نەخێر ئەوە مەبەست نییە، بەڵکو مەبەست لێرەدا رەت کردنەوەو رەت دانەوەی ئەو چەواشە کارییەیە، کە هەندێ بە مەبەستی تایبەتی یاخود بەبێ مەبەست، خەریکی وروژاندنی مەسەلەیەکن کە (**شەیتان دەستی لێ هەڵگرتووە**)، کە دیسان باشتر وایە و پێویستە رۆشنبیرانی کوردستان پێش هەموو شتێك ببنە هەوێنی یەك ریزی و پێشەنگی یەککرتنەوەو نووسین و بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتانەی کە (**برینەکان ساڕێژ دەکەن، نەك –کولاندنەوەی برینەکان– بە مەبەستی خوێن لێهاتنی**).

لە پەراوێزی بابەتی ئەزموونی رۆژنامەگەریمدا هەندێ رووداو و بابەت هەیە کە لە ئەڵقەکانی پێشوودا مافی تەواوی نەدراوەتێ، بە پێویستم زانی بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە چەند دێرێکیان لەسەر بنووسم، کە بریتین لەم خاڵانە:–

یەکەم:

لەنێوانی کاری رۆژنامەگەریم، کە قۆناغی یەکەمی لە ساڵانی حەفتاکانەوە دەست پێ دەکات، تاکو رۆژانی نسکۆی شۆڕش ئەیلوول (١٩٧٥/٣/٦). قۆناغی دووەمیش کە لە

١٩٩٣/١٠/٢٦وه دەست پێ دەکات تاکو رۆژانی ئەمڕۆ (٢٠٠٧/٣/٢١)[1]، چەندین جار گەشتی رۆژنامەوانیم بۆ دەرەوەی وڵات کردووە، (**ئەوجا لەسەر بانگهێشت کردنی دەزگایەکی رۆژنامەنووسی بووبێت یاخود لەلایەن دەزگایەکانی خۆمانەوە نێردراوم**)، کە بریتین لەگەشت بۆ وڵاتانی (**رۆمانیا لە رۆژانی ١٧-١٩٧٣/٣٠، ئەڵمانیا**) لە رۆژانی فیستیڤاڵی دەیەمی لاوان و قوتابیانی جیهان لە مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٩٧٣، بۆ قاهیرەی پایتەختی وڵاتی میسر لە ١٩٧٣/٩/٥، بۆ تاران هاوینی ساڵی ١٩٧٤، بۆ دیمەشق پایتەختی سوریا لە بەهاری ساڵی ١٩٩٥، بۆتاران لە شوباتی ساڵی ١٩٩٩، بۆ کرماشان لە زستانی ساڵی ٢٠٠٠، ئەم گەشتانەش کە ئەنجام دراون، تەنها وەکو رۆژنامەنووسێك حیسابی بۆ کراوە، کە لەسەر زۆربەشیان بابەتم، چ بە کوردی چە بە زوبانی عەرەبی، نووسیوەو هەندێکیان لە گۆڤاری گوڵان العربی لەژێر ناوونیشانی (**من الذاکرة**)، هەندێکیشیان لە برایەتی و لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی دیکە کە لە ساڵی ٢٠٠٠ کۆتایی هاتووە، بەڵام پاش مانگی شوباتی ٢٠٠٠ گەشتەکانم بۆ کاری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بووەو زۆر جار بەناوی شەخسی وەکو نەقیبی رۆژنامەنووسان هەندێ جار لێپرسیراویەتییەکەم وای کردووە، لەگەڵ برایانی دیکە لە ئەنجوومەنی سەندیکاو دەستەی لقەکانی، ئەم گەشتانەی دوایی پەیوەندی بە گەشتە رۆژنامەییەکانی دیکەم نییە، بەڵام دیسان بەدرێژی لە رۆژنامەی (**الصحفی**)، سەندیکا هەمووی (**بابەت و ریپۆرتاژی لەسەر نووسراوە**).

لە گەشتەکانی رۆژنامەنووسیی قۆناغی یەکەمدا (١٩٧٠-١٩٧٥) و (١٩٩٣-٢٠٠٠) چەندین رۆژنامەنووسی ناودار و کەسایەتی سیاسی یەکەم و یاخود دووەمی ئەم وڵاتانەم دیوە، لەگەڵ ئەو شاندانەی کە لەگەڵیان، یاخود کەلەگەڵمان بوون وەك (**سەرنووسەری رۆژنامەی** (اطلاعات)**ی سەردەمی شای ئێران و سەرنووسەر و جێگری سەرنووسەری رۆژنامەی** (سکانتایا)**ی زمانحاڵی حیزبی شیوعی رۆمانی، سکرتێری یەکەمی حیزبی شیوعی رۆمانی و سەرۆکی وڵاتی رۆمانیا** (نیقولای شاوشیسکۆ) **سەرۆکی مەسڵەحەتی تشخیص نظام ئاغای هاشمی رەفسنجانی**)، **یاریدەدەری سەرۆکی سەرکردایەتی**

---

[1] بەڵام کاری رۆژنامەنووسیم بە بەردەوامی مایەوە، تاکو رۆژانی گرێدانی کۆنگرەی سێیەمی گشتی کە لە / / لە هەولێر بەسترا.

سەرۆکی رۆمانیا نیکۆلای شاوشیسکۆ
لەنێوان سکرتێری پێشووی پارتی دیموکراتی کوردستان و نووسەری ئەم بابەتە/ بەغدا

نەتەوەیی حیزبی بەعسی سوریا عبدالله الاحمر، سەرۆکی وەزیرانی پێشووی سوریا عبدالحلیم خدام، سەدام حسێن کە ئەوکاتە جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و سەرۆك کۆماری عێراق ئەحمەد حەسەن بەکر بوو). دوای چەند رۆژێك لە ئاشکرابوونی پیلانەکەی (**نازم گزار**) لە باڵەخانەی (**المجلس الوطني**) لەکاتی کۆنگرە رۆژنامەنووسییەکەی کە بە مەبەستی تیشك خستنەسەر پیلانەکە گرێدرابوو، ئەحمەد حەسەن بەکری سەرکۆمار بۆ دوو جار کە جارێکیان پەیوەندی بە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسییەوە هەبوو، (**بەندەش**) وەکو نوێنەری التآخي ئامادەبووم، جاری دووەمیش وەکو نوێنەری پارتی لە (**جمعية الاقتصادين العراقين المركز العام**) بوو، دیتنی (سعدالدين وهبه) گەورە رۆژنامەنووسی الاهرام لە باڵەخانەی الاهرام لە قاهیرە سالّی ١٩٧٣ و (صلاح الحافظ) رۆژنامەنووسی بەناوبانگی میسری لە قاهیرە، (اسامه السرايا) سەرنووسەری رۆژنامەی الاهرام، جوناثان راندل و دەیان رۆژنامەنووس و سیاسەتمەداری دیکە.

دەربارەی گەشتەکان، وەکو لە پێشەوە باسمان لێوەکرد، لە سەریم نووسیوەو یاخود وەکو پەیامنێر، لەو ولاتەی کە بۆی چووم، هەوالّ و راپۆرتم ناردووە، بەلاّم هەندێ لایەنی تایبەتی هەیە کە لە ژووری داخراوەکان باسی لێوەکراوە، لای من تەنیا لە دەفتەری بیرەوەرییەکان تۆمارکراون، چونکە تاکو ئێستاکەش هەندێ شتی تایبەتی هەیە، کە پەیوەندی بە دوو لایەن و دوارۆژی ئەم پەیوەندییەو نهێنییەکانی دانیشتنی دوو لایەنەکە هەبووە، رێگام بە خۆم نەداوە بە هیچ شێوەیەك باسی لێوە بکەم، بەلاّم بەداخەوە لە رۆژگاری ئەمرۆدا دەبینین هەندێ رۆژنامەنووس و هەندێ رۆژنامە، نەك هەر باسی هەندێ لە نهێنی ئەم ولاّتە دەکەن، بەڵکو هەندێ جار دەچنە ناو بابەتێك، کە هیچ بنەمایەکی نییەو دەبێتە مایەی وروژاندنی مەسەلەیەك تێیدا کەسایەتییەکی ئەم ولاّتە یاخود لایەنێکی سیاسی بریندار دەکات. من تاکو ئەم ساتەش ئەوە بەبارتر و چاکترین بەرژەوەندی دەزانم کە رۆژنامەنووسانی کوردستان مەرج نییە هەموو شتێك بنووسن و (**لە بنی کودو بدەن**)، چونکە لاسایی کردنەوەی کاری رۆژنامەنووسی ولاّتانی ئەورووپا و خاوەن قەوارەی سیاسی یاسایی، جیاوازییەکی یەکجار زۆری لەگەلّ ولاّتێکی زوڵملێکراوی دابەشکراو هەیە، کە لە هەموو لایەکەوە رەحمی پێناکرێ و دەزگا موخابەراتیەکانیان هەمیشە لە پیلان رێکخستن دان، ئەویش بە مەبەستی زیندە بەچاڵکردنی ئەو ئەزموونەی، کە بێگومان بێ کەموکوڕی نییە، بەلاّم نابێت باس لە کەموکوڕی (**ئەگەر بەڵگە**) هەبێت بێتە ئاستی (**شەلم کوێرم ناپارێزم**)، ولاّتانی ئەورووپا خاوەن قەوارەی سیاسی خۆیانن و دەیان ساڵەو هەندێکیان سەدان ساڵە حکومەتن و هیچ ترسێکیان لەسەر نییە و ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانن، خاوەن سوپاو پۆلیس و سنووری یاسایی و دیاریکراوی خۆیانن، مەترسی لەبارچوون و لەناوچوون رووخانیان نییە. ئەوجا ئەگەر رۆژنامەنووسێکی فەرەنسی یانئەڵمانی یان سویدی هەر بابەتێك بنووسێ دیسان ناگاتە مەترسی دروست کردن لەسەر بارودۆخی سیاسی ئەم ولاّتە، چ جای کوردستانێکی خۆمان کە لە هەر چوار لاوە ئاشکرایە بە چ دەورە دراوە، سەرەڕای بارودۆخی سیاسی عێراق، کە دیسان لە پاش رووخانی رژێمی دیکتاتۆری سەدام ئاشکرایە هێزە سەرەکییەکانی عێراق تا چ رادەیەك دۆستی گەلی کوردستانن! بۆیە من پێم وایە و (من

باوەڕم پێیەتی، وەکو مرۆڤێکی ئەم وڵاتە بانگەشەی بۆ دەکەم)، نەڕاستەو نە دروستە، ئێمە خۆمان وەکو رۆژنامەنووسێکی بەلجیکیی، ئیتاڵی یان سویدی حیساب بکەین. دیسان نە راستەو نەدروستن کوردستان لە رووی یاسایی و قەوارەی سیاسی و سنوورەوە وەکو وڵاتانی ئەورووپا حیساب بکەین. بۆیە دەبێت هەمیشە رۆژنامەنووس بەراورد لەنێوان ئەو جیاوازیانە بکات.

دووەم:

لە یەکێ لە ئەڵقەکانی پێشوودا باس لە پێکهاتەی نووسینگەی ناوەندی راگەیاندن کرا، هەر لە سەرەتاوە تاکو رۆژی بەجێهێشتنم بە لێپرسراوەکانییەوە هیچ مەبەستێکی شەخسی یان مەبەست نەبووەو کەس لەو برادەرانە بریندار بکەم، بابەتەکەم وەکو خۆی گێڕاوەتەوەو باسم لێوە کردووە، بەڵام ئەگەر نووسینەکەی من بۆ برادەرێك بۆتە هۆکاری تووڕە بوون و هەڵچوون، من لێرەدا جارێکی دیکە بەو برادەرە دەڵێم کاکە برا، تۆش مافی خۆتە زانیارییەکانم بۆ راست بکەیتەوە ئەگەر خواری تێدایە لە هەمان گۆڤار و لە هەمان شوێن بێ ئەوەی هیچ جۆرە سانسۆرێك رێگری بڵاونەکردنەوەی بێت.

لە سەروبەندی دەرچوونی بڕیاری گواستنەوەم لە برایەتییەوە بۆ دەستە سێ کەسییەکەی راگەیاندن، کە پێك هاتبوو لە رۆژنامەنووسان (**فلك الدين كاكەيي، كاروان ئاکرەیی و بەندە**) چ لە دوو کۆبوونەوەکەی دوایی لەگەڵ جەنابی سەرۆك بارزانی، چ لە دەرەوەی کۆبوونەوەکان و چ فڕان فڕانێك بۆ بەمەبەستی جێگرتنەوەکەی جێگای من لەلایەن هەندێکەوە لە ئەندامانی مەکتەبی راگەیاندن و بەرپرسی دەزگاکانی راگەیاندن کرا، کە بەداخەوە یەکجار دوور بوو لە گیانی هەڤاڵەتی و برادەرایەتی، کە ماوەی چەند ساڵێك ئەم بوارەی راگەیاندن کۆی کردبوونەوە، بەڵام بەندە پاش یەکلاکردنەوەی بڕیاری خۆم کە ئەویش دوور کەوتنەوەبوو لە مەکتەب و بواری لێپرسراویەتی دەستە و دەزگاکانی راگەیاندن، بەڵام دیسان بیرم لە پاشەڕۆژی برایەتی دەکردەوە چ وەکو (**یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەی کوردی لە مێژوودا و چ وەکو پەیوەندی من هەر لە سەرەتاوە لەساڵی ١٩٦٧ لەگەڵ برایەتی**) و ئاواتەخوازبووم بکەوێتە دەستێکی ئەمین و

لـه رێبازەکـه دەرنەچـێت و برایـەتی پـڕ بـه مانـای خـۆی رۆژنامـەی برایـەتی بـێ. لـەو برادەرانەی که به قەناعەتەوە بیرم لێ دەکردەوە که به کەڵکی ئەو شوێنە بێت و نەهێڵێ بۆشـایی تـێ بکـەوێ لـەو کـات و سـاتەدا رۆژنامـەنووس (**زاهـیر رۆژبـەیانی**) بـوو، بـۆ بەدیهێنانی ئەم مەبەستەش ئێـوارەی ٢٠٠٠/٢/٢٠ پـاش تـەواوبوونی دوا کۆبوونـەوەم لـه مەکتەبی راگەیاندن بە ئامادەبوونی جەنابی سەرۆک بارزانی لە سەری رەش یەکسەر رووم لە بارەگای مەکتەبی سیاسی کرد و چوومە لای کاك (**جەوهـەر نـامق سـالم**) کـه ئەوکاتـه سکرتێری مەکتەبی سیاسی بوو، تکام لێکرد و لێیپاڕامەوە هەموو هەوڵ و کۆششی خۆی بخاتەگەڕ و لەگەڵ جەنابی سەرۆك بارزانی قسە بکات، بـۆ ئـەوەی کـاك زاهـیر رۆژبـەیانی دەستنیشان بکرێت بـۆ پۆسـتی سەرنووسـەری برایـەتی، تـاکو گفتیشـم لـێ وەرنـەگرت، ژوورەکەیم بەجێ نەهێشت، گەرچی کاك جەوهەریش هەمان بۆچوونی منی هەبوو، حـەزی دەکرد کاك زاهیر رۆژبەیانی ئەم کارەی پێ بسپێردرێ، ئەوەبوو پێشنیارەکە سەری گرت و پاش چەند رۆژێکیش کە کاك زاهیر ناوی وەکو سەرنووسەر لـه رۆژنامەکـه بڵاوکرایـەوە بەخۆم و بە (**سینیە پاقلاوەوە**) چوومە بارەگای برایەتی بە مەبەستی پیرۆزبایی کردن لە کاك زاهیر و کارمەندانی، بەڵام پاش یەك دوو مانگ لەم سەردانەی من، بەوپەڕی داخـەوە کاك زاهیر رۆژبەیانی لە دانیشتنێکی لەگەڵ رۆژنامەنووسان (**شێرزاد عبدالرحمن و بەرهەم عەلی و هەندێ رۆژنامەنووسی برایەتی**) لە ژوورەکـەی دەسـت دەکـات بـه قسـەو بـاس، دەربارەی (**سەلبیات و گەندەڵی زەمانی**) لەکاتێکدا کاك زاهیر باش دەیزانی کـه جـەنابی سەرۆك بارزانی (**بەندە**)ی دانـابوو بـەوەی لـه دەسـتەی سـەرۆکایەتی راگەیانـدن ئـەرکی کارگێڕی و دارایی پـێ سـپاردم وەکـو خۆیـان فـەرموویان یـانی جـەنابی سـەرۆك کـه بـه بەندەی گوت: (**ئەگەر تـۆ بتـوانی کـۆنترۆڵی ئـەم لایەنـه بکـەیت، چـونکه ئێمـه مـانگی ئەوەندە ملیۆن دینارە لە رایگەیاندن سەرف دەکەین**). بە هەرحاڵ ئەم مەسەلەیەم بۆیە هێناوە یاد پێویستە هەموو لایەکمان ئەگـەر کەموکوڕییـەکمان هەسـت پـێ کـرد لـه هـەر لایەن و لە هەر کەسێکەوە بێت پێویستە راستەوخۆ پێ رابگەیەنین نەك پاش ملـەو کـاتێ شوێنە کە بەجێ دەهێڵن (**تەشریح**) بکرێت، بە تایبەتی بۆ پیاوێکی وەکو کـاك زاهـیر کـه هەموو جار کاتێ دەهاتە سەر قسە دەی گوت: (**تۆ دووجار مامۆستای مـنی**)، یـەکێکیان

دەگەڕێتەوە ساڵانی (١٩٧٠–١٩٧٢) کە سەرپەرشتی لقی کەرکووکی یەکێتی قوتابیانی کوردستانم دەکرد، کاتێکیش کە سەرنووسەری برایەتی بووم و کاك زاهیریش جێگر. بە هەرحاڵ دیسان من کاك زاهیر بە برایەك و رۆژنامەنووسێکی زۆر باش دەزانم و لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی کە پێکەوە کارمان کردووە زۆری لێ رازی بووم، وەکو حەزرەتی (مەسیح)یش دەفەرمووێ (**من منكم بلا خطيئة فليرمني بحجارة**).

سێیەم:

بە مەبەستی ئامادەبوون لە کۆنگرەی بەرهەڵستکارانی رژێمی عێراق پێشوو (**مؤتمر المعارضة العراقية**) لە لەندەن و بەشداری کردنم وەکو رۆژنامەنووسێك لەم کۆنگرەیەدا کە ماوەی سێ رۆژی خایاند پاشان بۆ مەسەلەی عیلاج ماوەی مانگێك لە ماڵی شێرکۆی ئامۆزام مامەوە، بە هاوکاری ئەو سەردانی دکتۆر و نەخۆشخانەمان دەکرد، رۆژێکیش بە ڕێککەوت سەردانی (**سعد البزاز**)مان کرد لە بارەگای رۆژنامەی (**الزمان**)، کە ئەوکاتە لە لەندەن دەردەچوو و سعد پێشوازییەکی گەرمی لێکردم، چونکە پێشووتریش ئاشنایەتیم لەگەڵیدا هەبوو. لە نێوانی دانیشتنەکەدا هاتە سەرباسێك بەلای منەوە گرنگ بوو، کە وەکو سەعد خۆی باسی لێوەکرد دەوڵەمەند کردنی رۆژنامەی الزمان بە (٦) یاخود بە (٨) لاپەڕەی کوردی لە دوو تۆی رۆژنامەی الزمان، وەکو پاشکۆیەك لە ناوەڕاستی الزماندا رۆژانە دەربچێت و گوتی ماوەیەکە بیر لەو مەسەلەیە دەکەمەوە، پێشووتریش ویستوومە پەیوەندیتان پێوە بکەم، بەڵام نەڕەخساوە و بە گەرمی داوای لێکردم کە من ئەو ئەرکە بگرمە ئەستۆ بە مەرجێ وەکو سەرنووسەری ئەو پاشکۆیە ناوم لە سەرووی لاپەڕە یەکدا بنووسرێ، بەڵام (**بەندە**) لەوەڵامدا پێم گوت: (**پرۆژەکەت کارێکی باشە پێویستە زووتر بیرتان لەم مەسەلەیە بکردایەوە، چونکە ئێستا نەوەی پاش ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ گوێ بە عەرەبی زانین نادات، ئەگەر لە قوتابخانەو زانکۆ ئیشی پێ نەبێت و پێویستە بیر لە خوێندەواری کورد بکەنەوە، بەڵام بە گوێرەی من کە ئەرکی ئەم مەسەلەیە بخەمە ئەستۆ، ئەوا لە پێشەوە سوپاست دەکەم، بەڵام لەبەر ئەوەی من ماوەی (٧) ساڵ سەرنووسەری رۆژنامەیەکی کوردی بووم، کە یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەی کوردییە لە مێژووی رۆژنامەگەری کوردی و ئۆرگانی پارتێکی تەمەن (٥٧)**

ساڵەیەو بۆ ئەو کاتە (١٩٤٦–٢٠٠٢)، خاوەن دەسەڵات لە کوردستان جائیز نییە، من ئەو ئەرکە وەرگرم، سەرەڕای ئەوەی بەندە نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستانم کە ئەرکی ئەو جۆرە پۆستانە بۆ من ناشێ. سەعد جارێکی دیکە لەسەرووبەندی ئازادکردنی عێراق لە مانگی شوباتی ٢٠٠٣ سەردانی کوردستانی کرد و لەگەڵ بڕای رۆژنامەنووس "طارق ئیبراهیم شەریف" لە ماڵەوەو دیسان هەمان پرۆژەی دووپات کردەوەو منیش هەمان وەڵامم دایەوە).

<u>چوارەم:</u>

زۆر جار کاری رۆژنامەنووسی مرۆڤ تووشی (**موجامەلە**) یاخود جۆرێك لەم بابەتە موجامەلەیە دەکات بە حوکمی کارەکەی، پێویست دەکات جۆرە شێوازێك بگرێتەبەر بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو ئامانجە بپێکێ مەبەستیەتی، زۆر جاریش هەندێ لە موجامەلەیی تێیدەپەڕێنن و دەیکەنە ماستاو سارکردنەوە، کە ئەمەشیان کارێکە رۆژنامەنووس ناشرین دەکات و راستگۆیی نامێنی، یان هەندێ رۆژنامەنووس یان هەندێ بەرپرسی دەزگاکانی راگەیاندن بە میزاجی شەخسی مامەڵە لەگەڵ بابەتەکان و ناوەکانیان دەکەن، دیارە ئەمەشیان دووەم لە کاری راستەقینەی رۆژنامەنووسی. بەگوێرەی من لەماوەی کاری رۆژنامەنووسیم تاکو بڵێی دپلۆماسیانە پێشوازی خەڵك و میوان و رۆژنامەنووس و سیاسەتمەدارانم کردووەو بەوپەڕی حورمەتەوە، چ لە روانگەی ئەخلاقی شەخسی چ لە حورمەتگرتنی شوێنەکەوە، مامەڵەم لەگەڵ دەوروبەر کردووەو هیچ کاتێکیش سکرتێر و نووسینگەی تایبەتیم نەبووە، هەمیشە دەرگای من والاّ بووە، بەڵام دیسان هیچ کاتێکیش سەرم بۆ کەس نەوی نەکردووەو هەمیشە لەناخەوە خۆم بە گەورە زانیوەو موجامەلەی درۆشم بۆ کەس نەکردووە برادەرانی مەکتەبی ناوەندی شاهێدی موساجەلەتەکانی منن لەگەڵ لێپرسراوانی مەکتەبی ئەوساو تەنانەت هیچ کاتێکیش لە ئەندامانی سەرکردایەتی پارتیشم قەبوڵ نەکردووە تەجاوزی ئیشوکارم بکەن یان شتێکم دوور لە بەرژەوەندی گشتی و پارتی لەسەر بسەپێنن، چونکە ئەمەیان خەسڵەتێکە هەر لە مندالّییەوە خوالێخۆشبووی باوکم فێری کردووم، زۆر جاریش دەیگووت مرۆڤی ئازا ئەوەیە (**شەڕ**

لەگەڵ لەخۆ هەژارتر و بچووکتر نەکات، بەڵکو ئازایەتی ئەوەیە شەڕی لەگەڵ لە خۆ دەوڵەمەندتر و بە هێزتر بکات).

دیسان دەرسێکی دیکە لە باوکم فێربووم، کە بەبێ کار سەردانی هیچ فەرمانبەر و لێپرسراوێك نەکەم، بۆیە جارێکیان پاش رێککەوتننامەی یازدەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ کاتێ خوالێخۆشبوو (**عەلی بەهار**) دەبێتە قائمقامی کۆیە، کە پاڵێوراوی شۆڕشی ئەیلوول بوو بۆ ئەو پۆستە، باوکم وەکو ئەرکێك بە شەخسی سەردانی قائمقامی تازە دەکات، کاتێ دەچێتە ژوورەکەی قائمقام تەماشا دەکات خوالێخۆشبوو عەلی بەهاری لەبەر ئەوو میوانەکان لە شوێنی خۆی هەڵناستی، بۆیە باوکیشم یەکسەر روو لە قائمقام دەکات و پێی دەڵێ (**كاك عەلی من هیچ كاتێك سەردانی قائمقامیەت و سەرای كۆیەم نەكردووە، ئیلا بە حەپسكراوی و تەحقیق كردن نەبێت، ئەمەی ئەمڕۆش كە هاتوومەتە لای جەنابت یەكەم جارمە لەژیان كە بە ئازادی و بێ حەپس كردن سەردانی ئێرە دەكەم، ئەویش لەبەر خاتری ئەوەیە كە تۆ قائمقامی** (شۆڕش و بارزانی)**یت، دەنا من سەد ساڵی دیكەش لێرەبیت نایەمەلات و خودا حافیز**)، باوکم ئیتر دێتە دەرەوە، (**بەندە**)ش لەسەر هەمان رێوشوێن رۆیشتووم تەنانەت ماوەی چەند ساڵێکە سەردانی هیچ بارەگایەکی حیزبی لایەنە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستانم نەکردووە، تەنیا یەك دوو جار بۆلای یەك دوو لایەن ئەویش بە مەبەستی جێبەجێ کردنی ئەرکی سەندیکای بووە، لێرەدا مەبەست خۆ بەزلزانین نییە، یان خوانەخواستە جۆرە رکەبەرایەتییەکی ئەم و ئەو بێت، بەڵام من مەسەلەکە بەشێوەیەکی دیکە لێك دەدەمەوە، ئەویش لەو روانگەوە سەرچاوە وەردەگرێت کەوا سەردانی بێ کارو بێ مەبەستی دیاری بەرژەوەندی گشتی، دەچێتە خانەی کات بە فیڕۆدانی بێ مانا کە دەکرێ خۆمانی لێ بپارێزین.

* خاڵێکی دیکە بە پێویستی دەزانم باسی لێوە بکەم یارمەتی دانی قوتابیانی هەژار و پەککەوتەیە لەسەر بودجەی دەزگای رۆژنامەنووسیی برایەتی و خەبات، لە سەرەتادا هەر لە ساڵی ١٩٩٤دا (٣) قوتابی کە بواری گوزەرانیان زۆر خراپ بوو و لە رێگای چەند خێرخوازێکەوە پێم زانی بوو، رۆژێك بانگی لای خۆمم کردن و پێم راگەیاندن مانگانە سەردانی بەڕێوەبەری دارایی دەزگا بکەن بۆ ئەوەی هەریەکەیان (١٥٠)دیناری سویسری

وەربگرن، دیارە بۆ ئەوسا ئەو بڕە پارەیە زۆر بوو، ساڵی ١٩٩٧یش مامۆستا عەزیزی مەلا ڕەش پێی ڕاگەیاندنم کەوا پرۆژەیەک هەیە چەند خێرخوازێک لە دەرەوەی وڵات ئەویان ڕاسپاردووە تاکو بتوانێ ئەو منداڵانەی لە کوردستان کە بێ باوک و دایکن و بەردەوام دەبن لە خوێندن مانگانە بڕێک پارەیەکیان بۆ تەرخان بکرێت، کاتێکیش مامۆستا عەزیز ئەو مەسەلەیەی بۆ باس کردم، یەکسەر دیسان لەسەر بودجەی دەزگا مانگانە (١٠٠٠) دیناری چاپی سویسریم بە مامۆستا عەزیز دەدا، ئەویش بەبێ بەرامبەر سەردانی چەند شارێکی کوردستانی دەکرد بەمەبەستی دابەشکردنی بەسەر قوتابیانی بێ باوک و دایک، پاش ئەوەی شێرکۆ حەبیبی ئامۆزاشم زانی ئەویش بە هەمان شێوە مانگانە لە لەندەنەوە بڕێ پارەی دەنارد بۆ هەمان مەبەست، لەلایەکی دیکەشەوە دوو خێزانی هەژاری دیکەش مانگانە بە بڕی (٢٥٠) دیناری سویسری یارمەتی دەدران و تاکو ڕۆژی دەرچوونم ئەم یارمەتیانە بەردەوام بوو، پاش منیش وەکو ئاگادارببووم هەر لە یەکەم ساتی پاش من ئەم هاوکارییە بڕا.

دیمانەی گۆڤاری "بزاو"
لەگەڵ نووسەر

دەقی ئەو دیمانەیەی کە گۆڤاری (**بزاو**) کە (**کواریکی سیاسی هەفتانە بوو**) لە دەزگای (**ئاراس**) دەردەچوو لە ژمارە ٢٥ی رۆژی یەکشەمە رێککەوتی ٢٠٠٧/١٢/٢ بڵاوکراوەتەوە، لەبەر چەند هۆکاری تایبەت بەپێویستم زانی دەقەکەی وەکو خۆی لێرەدا بڵاوبکەمەوە.

* **بزاو (هەولێر):** فەرهاد عەونی نەقیبێکی دڵشکاو بریندار ماڵەکەی لە کۆشکێکی گەورەدایە بەرامبەر بە مەکتەبی راگەیاندنی پارتی، ئەو مەکتەبەی کە یادگاری غەدرێکی گەورەیە لە یادەوەری ئەودا چەند جارێك پێوەندیمان پێوە کرد، تا رازی بوو ئەو چاوپێکەوتنەی لەگەڵ بکەین، بیانووەکەشی کۆنگرەی رۆژنامەنووسانی کوردستان بوو، کە بڕیار وایە بەر لە کۆتایی ئەم ساڵ ببەسترێت، ئەو دەیگوت ئەو ماوەیە حەز ناکەم هیچ دیمانەیەك بکەم، نەوەك وەك پڕوپاگەندە بۆ کۆنگرە لە قەڵەم بدرێت. شوێنی چاوپێکەوتنەکەمان ماڵی نەقیبی رۆژنامەنووسان بوو، ئەگەرچی هەر لە باخچەی خانووەکەیەوە سەلیقەی خاوەن ماڵ هەستی پێ دەکرێت، بەڵام شێوەی رێکخستنی کتێبخانەکە و پۆلێنکردنی کتێبەکانی و پاك راگرتنی جامخانەکە و رازاندنەوەی بەچەند وێنەیەکی تایبەت، ئەو لایەنەت بۆ دەردەخات کە کتێبخانەکە نەك هەر بەکتێب، بەڵکو بەزەوقیش دەوڵەمەندە، کە سەیرکردنی خودی کتێبەکانیش ئیلهامبەخشی نووسینە، هەر بۆیە لێمان پرسی بۆچی کەم دەنووسی؟ لە وەڵامدا گوتی: (**نووسین لای من دۆخێکی ویژدانییە، هەندێ کاتیش بۆ ڕوونکردنەوە و وەڵامدانەوەی بابەتێك دەست بۆ قەڵەم دەبەم**) فەرهاد عەونی ساڵی ١٩٤٦ لە کۆیە لە دایك بووە، تا ئێستاش لە هەندێ ئەتەکێتی ژیانی تایبەتی خۆی وەك گەنجێك بەورە و جۆشە، لەم بارەیەوە دەڵێ: (**تا دڵم مابێ، من زیندووم، تا زیندووش بم گەنجم، ئێستاش کاتم هەبێت لەگەڵ خێزانەکەم دەچمە بازاڕ، دەچمە ئاهەنگ**).

لە ساڵی ١٩٦٣ەوە لە ریزی پارتی دیموکراتی کوردستانە، پێشمەرگایەتی کردووە، لە تەمەنیدا ٣ جار مەلا مستەفای بارزانی بینیوە، چەند جارێك ماڵی لە پێناو پارتیدا بەتاڵان چووە، ساڵی ١٩٧٠ تا ١٩٧٢ لە پاش کۆنگرەی شەش سکرتێری یەکێتی

قوتابیان بووە، بەڵام دوای ئەو هەموو تەمەنە لەگەڵ پارتی، دڵی لەم حزبە شکاوە، ئەو سەرنووسەری رۆژنامەی برایەتی بوو، کە رۆژنامەیەکی داخرا و گوێڕایەڵ و پێوەست بوو، بەڵام لەم دیمانەیەدا بەپێچەوانەی هەناسەی ئەوکات راشکاوانە و بوێرانەتر هاتە قسە، لەم دیمانەیەدا هەندێ وردەکاری ئەو دڵشکاویەمان بۆ روون دەکاتەوە.

*** پرۆژی یاسای کای رۆژنامەنووسان ئێستا لە پەرلەمانە و مشتومڕێکی زۆر لە بارەی ئەو پرۆژەیە لە ئارادایە، لێرە و لەوێ چەند دەنگێك دەبیسترێت کە ئەم پرۆژەیە مەترسییەکی گەورەیە بۆ ئازادیی کاری رۆژنامەوانی، تا چەند ئەو گومانە لە جێی خۆیەتی؟**

– لە راستیدا دوو هۆکار پاڵی پێوە نابن بیر لەم پرۆژەیە بکەینەوە، یەکەم: نەبوونی یاسایەك لە کوردستاندا، کە کاری رۆژنامەنووس ڕێك بخات. دووەم: بەمەبەستی چەسپاندنی ئازادیی رۆژنامەوانی کە لە دروشمەکەی ئێمەدا هاتووە، پرۆژەکە لەلایەن چەند ئەندامێکی ئەنجوومەنەوە بەیارمەتی هەندێك لە یاساناسانی ناو پەرلەمانی کوردستان دانـدراوە، خودی سەندیکای پارێزەران و چەند مامۆستایەکی زانکۆ و بەڕێوەبەری گشتی یاسایی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری لەم بوارەدا ڕۆڵی خۆی بینی، داخوازی ئێمە ئەوە بوو کە دەبێ دارشتنی پرۆژەکە بەشێوەیەك بێت، کە لایەنی یاسایی زاڵ بێت، کاری ئێمە لە ئەنجوومەنی سەندیکا بەو ئاراستەیە بوو، کە دەبێ ئازادیی رۆژنامەنووسی بەشێوەیەك فراوان بێت، کە هیچ ئاستەنگێك لە بەردەم ئازادی کاری رۆژنامەنووسی نەمێنێتن بەڵام هەمیشە دووچاری یەك شت دەبینەوە، ئەویش ئەوەیە ئێمە کوڕی ئەو نیشتمانەبن و لە ڕێکخراوە پیشەیی و حزبی و سیاسییەکان کارمان کردووە، دەبێت ڕەچاوی ڕەوشی سیاسی کوردستان بکەین. تاکو ئێستا ڕەوشەکە جێگر نەبووە، دەزگای هەواڵگری هەموو وڵاتانی دەوروبەر دژی ئەو ئەزموونە پیلان دەگێڕن، بەر لە هەموو کەس ئەرکی رۆژنامەنووسانە لەو لایەنە ئاگادار بن، لە هەمان کاتیشدا نابێت چاو لە هەڵەکان بنوقێنن، دەبێت هەڵەکانیش دیاری بکەن، بەڵام بەشێوازێکی بابەتیانە.

*** بەڵام لە چەند بڕگەیەکی پرۆژەکە ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، کە دەبێ ڕەچاوی هەندێك**

لایەنی وەك دابوونەریت و ئاسایشی هەرێمی کوردستان بکرێ، مەبەست لەم سێ لایەنە چییە؟

– بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێ چەند لایەنێك روون بکەمەوە، یەکەم چاودێری دابوونەریت، دابوونەریت مەبەستمان ئەوە نییە ئەو شتانەی لە کۆمەڵگەی کوردی هەیە نەکەوێتە بەر رەخنە، هەندێك شت هەیە لە رۆژنامەکان بڵاودەکرێتەوە کە من بۆ خۆم شەرمم کردووە ئەو رۆژنامەیە بهێنمەوە ماڵ، شتی زۆر بێ پەردەی لە بارەی سێکس تێدا بووە، کە دوور بووە لە زمانی راست و شیکردنەوە، کۆمەڵگەی ئێمە پێویستی بە هەندێك بابەتی زۆر گرینگتر هەیە ئێمە مەبەستمان ئەوە نەبوو ئەو بابەتە بەر تەسك بکەینەوە، ئێستاش چی ماوە رۆژنامەکانی کوردستانی باسی نەکەن، ئێمە دەڵێین سنووداریکردنی هەندێك لایەن.

هەندێك رۆژنامە بەتایبەتی لە سلێمانی رەخنەی ئەوەیان گرتووە کە چۆن باس لە پاراستنی ئەو زانیارییانە دەکرێت کە پێوەندی بەئاسایشی هەرێمەوە هەیە، وایان لێکداوەتەوە کە تۆ هەر پرسیارێك بکەیت سبەی دادگا یان هێزی بەرامبەر دەیخاتە چوارچێوەی ئاسایشی هەرێمەوە، لە کاتێکدا وا نییە ئاسایشی هەرێم دیارە چییە بۆ نموونە رێککەوتنێك لە نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنێکی دیکەی هەیە بۆ پاراستنی سنوور، پێویست ناکات رۆژنامەنووس بچێتە ناو ناخی بابەتەکەوە هەندێك نهێنی سیاسی دەوڵەت هەیە دەبێ رۆژنامەنووس خۆی لێ بپارێزێت، نالێین باسی نەکات، هەندێك کەس هەیە بەبێ بەڵگە باسی بابەتەکان دەکات.

*** پێت وایە هۆشیاری دەسەڵاتی حکوومی و حزبی کوردستان لە ئاستێکدا بێت کە بەشێوازێکی تر مامەڵە لەگەڵ ئەو مادەیەدا نەکات؟ واتە بەشێوەیەکی زیر ناوەڕۆکەکەی وەربگێڕن؟**

– لەوانەیە خوێندنەوەی لاستیکی دەربارەی ئەو بابەتە بکرێت، بەڵام ئەوەی کە پێویستە ئەمڕۆ قەدەغە بکرێت پاش شەش مانگی تر دەتوانرێ ئازاد بکرێت، ئێمە گوتمان ماوەی ساڵێك دەکەینە تاقیکردنەوە، ئەگەر بوو بەرێگر لەبەردەم ئازادی رۆژنامەنووسیدا، دەکرێ ئەم یاسایە هەموار بکرێت بابەتێکی تر هەیە کە رەخنەی لێ

دەگیرێت گوایە ئێمە لە پێناسەی رۆژنامەنووسدا دەڵێین دەبێت رۆژنامەنووس ئەو کەسە بێت کە ئەندام بێت لە سەندیکای رۆژنامەنووسان یاخود مەرجەکانی سەندیکای تێدا بێت، ئێمە بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەوە نین. رۆژنامەنووس ئازادە، دەبێتە ئەندام یان نا، کە ئێمە لەگەڵ لیژنەی رۆشنبیری و یاسایی پەرلەمان دانیشتین، ناڕەزایی خۆمان بەرامبەر بەو خاڵە نیشاندا، دوو خاڵەکەی تریش وەک ئاسایش هەرێم و دابوونەریتی گشتی وتمان هیوادارین بە یاسایەک رێکبخرێ، شتەکە بەلاستیکی لێک نەدرێتەوە.

*** ئەو پرۆژەیەی ئێوە بۆ پەرلەمانتان نارد بەو ئاڕاستەیە دەستکاری کرا، کە ئازادیی رۆژنامەوانی تەسک بکاتەوە؟**

– لەگەڵ لیژنەی یاسایی دانیشتنین شتەکانی ئێمەیان زۆر پێ دروست بوو، پێمان راگەیاندن تکاتان لێ دەکەین نە ئێمە، نە خۆتان ناشیرین مەکەن، ئەوانیش هەندێکیان ئەندامی سەندیکان و باوەڕ ناکەم دەستکاری بکەن سەرۆکی پەیامنێرانی رێکخراوی بێ سنوور (رۆیتر مینارد) پێی راگەیاندم کە وێڕای سەرنجیان لەسەر هەندێ خاڵ، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو پرۆژەیە پەسند کرا کوردستان بەچەند هەنگاوێک پێش فەرەنسا دەکەوێت، لەو رۆژانەدا لیژنەی داکۆکیکردن لە رۆژنامەنووسان، کە سەنتەرەکەی لە ئەمەریکایە، هاتن زۆربەی خاڵەکانیان بەدڵ بوو، بەڵام تێبینیان لەسەر چەند خاڵێک هەبوو منیش گوتم ئێرە جارێ نەبووە بە ئەمەریکا.

*** یەکگرتنەوەی هەردوو رێکخراوی رۆژنامەنووسانی هەولێرو سلێمانی بەچاکی جێی خۆی گرت؟**

– هیچ کەلێنێک لە نێوان ریزەکانی رۆژنامەنووسانی کوردستاندا نەماوە.

*** واتە ئەم جارە ئەنجوومەنی سەندیکا بەرێککەوتن نابێت؟**

– هەندێک جار بەهەڵە ئەو یەک ریزییەی سەندیکای رۆژنامەنووسان لێک دەدرێتەوە رۆژنامەنووسان ئازادن، هەر گرووپێک ئەوانەی هەواداری لایەنێکی سیاسین دەتوانن یەک بگرن چ وەک لیست یان کەس خۆی هەڵبژێرێت، رۆژنامەنووسان خۆیان رێگەکە دیاری دەکەن لە کۆنگرەدا.

*** سەندیکای رۆژنامەنووسان تا ئێستا بەزەبری رێککەوتن خۆی راگرتووە، ئەگەر**

شتێکی تر لە دەرەوەی ئەم رێککەوتنە لە کۆنگرەوە سەر هەڵبدات شیزاەی سەندیکا تێك ناچێ؟

– ناتوانم پێشبینی هیچ بابەتێك بکەم تا رۆژی کرنگرە ژمارەی ئەندامانی کۆنگرە ٣٦٠ رۆژنامەنووسە لەوانەیە ٣٦٠ بۆچوونی جیاوازی تێدا بێت.

*** ژمارەی ئەندامانی سەندیکا چەندە؟**

– نزیکی ٣٠٠٠ کەسە.

*** پێت وایە ئەو هەموو رۆژنامەنووسانەمان هەبێت؟**

– منیش گلەیی لە رەوشی رۆشنبیری و رۆژنامەنووسی کوردستان دەکەم، هیچ رێکخراوو وەزارەتێك و لایەنێك و سەندیکا و یەکێتییەك نەماوە گووار و رۆژنامەی نەبێت، شارو شارۆچکە نەماوە گووار و رۆژنامە دەرنەکات، ئەمە وای کردووە رۆژنامەنووس زۆر بێت ئەو هەموو کەناڵە کێ بەڕێوەیان دەبات، یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسان ١٤ ناوونیشان دەگرێتە خۆ، بەڵام دەکرێت لە ئایندەدا ٥ سەندیکا دروست بێت وێنەگران لە پەیامنێر و نووسەران جیاواز بێت.

*** بودجەی سەندیکا چەندە؟ سەرچاوەی یارمەتیی حکوومەتە؟ یان هەر ئابوونەی رۆژنامەنووسانە؟**

– بەپێی یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسان سەرچاوەی دارایمان سێ جۆرە، یەکەمیان ئەو پارەیەیە کە حکوومەتی هەرێم بەپێی بڕیاری پەرلەمان دەیداتە سەرجەم سەندیکا و رێکخراوە پیشەییەکان، ئێمەش یەك لەو سەندیکایانەین، سەرچاوەی دووەم ئابوونەی رۆژنامەنووسانە، سەرچاوەی سێیەم یارمەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و یان هەر لایەنێکی تر بەرەزامەندی ئەنجوومەنی سەندیکا.

*** ئەی لەلایەن رێکخراوە جەماوەرییەکانی پارتی و رێکخروە دیموکراتییەکانی یەکێتی یارمەتی نادرێن؟**

– نەخێر، هیچمان لێ وەرنەگرتوون، ئێمە وەك بودجە تا ماوەیەك ١٦ ملیۆن و ٢٥٠ هەزار دینارمان وەردەگرت، دوای ئەوەی بووین بەیەك ئێستا بووەتە ٢٧ ملیۆن. ئێمە پێنج لقمان هەیە، لەگەڵ ئەنجوومەن، بارەگای هەر پێنج لق و ئەنجوومەنیش کرێیە،

کۆمەڵێك فەرمانبەرمان لە هەموو لقەکان هەیە، ئەوانیش مووچەخۆرن، ئێمە کووارى (**الصحفى**) دەردەکەین، بەبڕیارى کۆنگرەى گشتى لە ساڵى ١٩٩٨ تاوەکو ٢٠٠٣. یەك ئەنجوومەن یان سکرتێرى لقەکان یەك دیناریان وەرنەگرتووە، هەموو بەخۆبەخش بووە، لە کۆنگرەى ساڵى ٢٠٠٣ کە یەکێتى رۆژنامەنووسان و سەندیکاى رۆژنامەنووسان یەکیان گرتەوە، بڕیارێك هەیە دەڵێ: (پێویستە لەسەر ئەنجوومەنى سەندیکا دەرماڵەیەك بۆ ئەندامانى ئەنجوومەن و سەرۆك و ئەندامانى لیژنەکان و سکرتێرى لقەکان و ئەندامانى لقەکان بەپێى خۆ تەرخانکردنیان ببڕێتەوە، بۆ نموونە سکرتێرى لقەکان ٧٥ هەزارە، ئەندامانى ئەنجوومەن ١٥٠ تا ٢٥٠ هەزار دیناڕە، من رۆژى وایە زیاتر لە ١٢ سەعات دەوام دەکەم ئەو پارەیەى لە سەندیکاى وەرى دەگرم بەشى بەنزینەکەم ناکات، ئەمەش شتێکى ڕەمزییە.

*** ئەى لە دەرەوە یارمەتى نادرێن؟**

– نەخێر.

*** ئەى یەکێتى رۆژنامەنووسانى جیهان؟**

– ئێمە ساڵانە لە بەرامبەر هەر رۆژنامەنووسێکدا ساڵى ٥ دۆلار دەدەین بە (IFJ).

*** تۆ خۆت مووچەت چەندە؟ تەنیا ئەم کارەت هەیە؟**

– بەڵێ بەتەواوەتى خۆم بۆ سەندیکا تەرخان کردووە، هەر ئەو ٢٥٠ هەزارەى مانگانەیە ئەوەشى دەیەوێ ببێتە نەقیب. دەبێت بزانێت سەندیکاى رۆژنامەنووسان وەك هیچ سەندیکایەکى تر نییە، هیچ نییە لە پشت پەردەوە بکرێت، لە کۆنگرەکانیشدا ئەنجوومەنى سەندیکا ڕاپۆرتى دارایى دەخاتەڕوو.

*** دەستێوەردانى یەکێتى و پارتى لە سەندیکاى رۆژنامەنووساندا لە چ ئاستێکدایە؟**

– پارتى و یەکێتى نە لە نزیك نە لە دوور دەس لە کارى سەندیکایان وەرنادەن؟ ڕەنگە هەموو کەس بەمە باوەڕ نەکات، ئەگەر ئەوان نزیك کەوتبانایە لێم قبوولّ نەدەکردن. ئەنجوومەنیش قبوولّى نەدەکرد، چەند جارێك گوتوومە ئەگەر بێتوو ئازادیى رۆژنامەنووسى لەکوردستاندا بەر تەسك بکرێتەوە و نەتوانم بەرگرى بکەم من نەقیبى سەندیکا نابم، ئەگەر هەر لایەنێکى سیاسى هاتە ناو سەندیکا و دەستیان تێوەردا، من

دەست لە نەقیبی هەڵدەگرم.

*** لە کۆنگرەی داهاتوودا خۆت هەڵدەبژێریتەوە؟**

– ئەگەر زۆربەی هەرە زۆری رۆژنامەنووسان لەسەر کاندیدکردنەوەی من بەو شێوەیەی کە کارم کردووە رازی بن، خۆم هەڵدەبژێرمەوە، ئەگەر رازیش نەبن دوعای خێر بۆ ئەوەی پاش خۆم دەکەم و هەوڵ دەدەم سەندیکاکە بەهەمان ڕێڕەوی باشی خۆی بڕوات.

*** لەکاری سەندیکا ماندوو نەبووی؟**

– خوا بەهرەیەکی داوە پێم، ئێستاش تەمەنم ٦٠ ساڵە، بەهەمان هێزی ٣٠ ساڵی کار دەکەم، ئێستا هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئەمڕۆ و ئەو ڕۆژانەی کە بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی (**التاخی**) بووم لە بەغدا و تەمەنم (٢٥) سالّ بوو، ناکەم.

*** سەندیکا زیاتر کاری لەسەر ڕێکخستنەوەی پێوەندی ڕۆژنامەنووسان بەدامەزراوەکانی حکوومەت کردووە، کەمتر لە پێگەیاندن و بەپیشەکردنی ڕۆژنامەنووس ڕۆڵی هەبووە بۆ؟**

– من نالّێم کاری ئێمە نییە و نالّێم کاری ئێمەیە. من سەردانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی میسرم کرد، لە پێش دەزگاکە سەیری باڵەخانەکەم کرد گریام، برادەرێکم گوتی بۆ دەگریت، گوتم بۆ خۆمان دەگریم ئێمە ئەوە ساڵی نۆیەمین بەسەر دامەزراندمان تێپەڕ دەبێت، لە خانوویێکی کرێ داین خەریکە مشک دەمانخوات، باڵەخانەکەی ئەوانیش زۆر لە ئەنجوومەنی وەزیرانی ئێمە گەورەترو ڕێکوپێکترە زیاتر لە چوار هۆڵی تێدایە بۆ ڕاهێنان، نهۆمی چوارەمیش کافتریایە بۆ کارمەندانی، ئەو خولانەی دەکرێتەوە، سەرچاوەی دارایی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی میسر موچەی ڕۆژنامەنووسان ٥ تا ٨٪ بۆ سەندیکای ڕۆژنامەنووسانە، بەڵام ئەوەی ئێمە لە ڕۆژنامەنووسانی وەردەگرین ٩ هەزار دینارە ئەویش هەموو نایدەن، ئەگەر ئێمەش توانای داراییمان هەبوایە و بینای باشمان هەبوایە، ئەوە کاری ئێمە دەبوون سەرەڕای ئەویش چەندین خوولی باشمان کردووەتەوە بەپێی توانا، فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی یارمەتی داوین.

*** زۆربەی ئەو شاندانەی بەناوی رۆژنامەنووسان دەچنە دەرەوە لە ئەندامانی ئەنجوومەن پێکهاتووە بۆ؟**

– تائێستا هەر ٥ تا ٦ جار چووینەتە دەرەوە، هەندێکیان بەناو بانگهێشت کراوین، بۆ نموونە کۆنگرەی پاریس لەلایەن یونسکۆوە ئامادە کرابوو، بەناو فەرهاد عەونیان مێواندارى کرد، ئەو برادەرانەی تریش بەهەمان شێوە بوو. لە هەندێ کۆنگرەش دەبێت بەرپرسانی سەندیکا برۆن، چونکە خاوەنی بڕیارن، ناکرێت کەسێک بڕوات کە خاوەنی بڕیار نییە. ئەمە خوولێک نییە تا رۆژنامەنووس بنێرین خوول لە کۆنگرە جیاوازە بۆ خوولەکان هیچ رۆژنامەنووسێکی ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکا نانێرین.

*** یادداشتەکانت لە رۆژنامەنووس بڵاوکردنەوە، بەڵام ناوەڕۆکەکەی زیاتر بیرەوەری تایبەتی خۆت بوو، نەک ئەزموونێکی رۆژنامەنووسی، بۆچی بەشێوەیەکی تر بڵاوت نەکردەوە؟**

– من هیچ کاتێک ئەزموونی رۆژنامەوانیم لەگەڵ ئەزموونی ژیانی سیاسیم جیا نەکردووەتەوە، رۆژنامەگەریم بەشێکە لە ئەزموونی ژیانم.

*** یادداشتەکەتان تووڕەبوونێکی زۆری پێوە دیاربوو؟**

– مافی خۆمە تووڕە بم، مافی خۆمە بگریم، پێبکەنم، من وا هەڵکەوتووم ئەگەر شتێک لە ئەنجامی بڕوای سیاسی و ویژدانییەوە نەبێت، ناینووسم لەو پێناوەشدا دەنووسم، ئەگەر شتێک لە ناخەوە بریندارم نەکات و سۆزم رانەکێشێت ناینووسم ئەوەی لە کۆواری رۆژنامەنووس بڵاوم کردوتەوە، نزیکەی نۆ زنجیرە بوو، تایبەت بوو بەئەزموونی رۆژنامەنووسیم بۆ ئەو ساڵانە دەگەڕێتەوە لە کۆیە قۆناغی ناوەندی بووم، هەتا رۆژی ئەمڕۆ بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە.

*** ئەو تووڕەییەی تۆ، پێوەندی بەلاچوونت لە رۆژنامەی برایەتییەوە هەبوو؟**

– بەدڵنیاییەوە یەک لەو هۆکارانەی کە پاڵی پێوە نام ئەو خاڵە بوو، لە راستیدا ئەو غەدرە بوو، کە لە برایەتی لێم کرا. من ئەو کاتیش بەبرادەرانی سەرەوەم راگەیاند ئەو کارە بەغەدر دەزانم پۆستی گەورەتریان دامێ، بەڵام لە راستیدا رازی نەبووم، چونکە لای من پۆستی سەرنووسەری لە بەرپرسیاری مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن گەورەتر

خۆشتان دەزانن کە کاتی خۆی محەمەد حەسەن هەیکەل کە لە ئەهرامیان لابرد، کردیان بەوەزیری ئەرشاد، بەڵام تاسەر رازی نەبوو، گوتی هەمیشە سەرنووسەری ئەهرام بەشوێنی شیاوی خۆم دەزانم. من لە برایەتی بەبڕوای زۆربەی ئەو خەڵکانەی کە کاریان لەگەڵ دەکردم، لە پەیامنێران لە رۆژنامەنووسان من وەک سەرنووسەر و بەرپرسی دەزگایەیەک سەرکەوتوو بووم، لەبەرئەوە بەلامەوە کارێکی چاوەڕوان نەکراو بوو، منیان لە سەرنووسەری لابرد بەبڕیارێك، کە بەداخەوە لێیان نەکۆڵیبووە.

*** لە باجی بڵاوکردنەوەی ئەو بیرەوەرییانە ناترسی؟**

– من هەموو شتێکم نەگوتووە، بەردەوام من سنووریك بۆ خۆم دادەنێم، کە دەبێ هەندێ ئەرك هەیە ئەرکی سیاسی، ئەخلاقی، ئەدەبییە، جێبەجێ بکەیت، من لەگەڵ ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یاخود لەگەڵ ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی ناخۆشییەکەم بووە، لەسەر برایەتی، هیچ شیاو نییە من بێم و ئەو ناخۆشییە بهێنمەوە سەر رۆژنامەکە، تۆ دەبێ پاریزگاری لێ بکەیت، تەنانەت کە ئاماژەیشم پێ داوە گوتوومە هەندێ شت پێویست ناکات بگوترێت، زۆرجار لەلایەن خودی مەکتەبی سیاسییەوە رەخنەم لەسەر رێڕەوی برایەتی لێ گیراوە، نووسراوەکانیشم لایە، بەڵام من ئەمە بەپێویست نازانم بڵاوی بکەمەوە.

*** هەروەك لە یادداشتەکانت نووسیوتە، لادانی تۆ لە خەبات بەهۆی ململانێی ترەوە بووە لەسەرەوە، تۆ بووی بەقوربانی ئەو ململانێیانە؟**

– من نااڵێم بوومەتە قوربانی، دەڵێم ئێستا نازانم هۆکاری سەرەکی لابردنی من لە برایەتی چی بوو، راستە سەرۆك بارزانی پێی گوتم کە بەرزم کردوویتەوە(ترفیع)، لە راستیدا خۆم بەبەرزکردنەوەم نەزانی، بەڵام دیسان دوور نییە لە هەندێ ململانێی ناو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ئەوسا، رەنگە لەبەر خاتری ئەوەی فلانە کەس خزمی ئەوە و ئەوە دۆستی ئەوە، رەنگە لای فلان خوازراو نەبێ، لەوانەیە ئەوە یەکێك بێت لە هۆکارەکان.

*** تۆ باس لە سەردەمی خۆت دەکەی، بەڵام ئەو کاتیش، برایەتی هەر مینبەرێکی داخراو بوو لەچاو رۆژنامەنەکانی دیکە؟**

– بۆ خۆی رۆژنامەی برایەتی، رۆژنامەیەکی حزبییە، ئۆرگانێک بوو لەسەردەم و بارودۆخێکیش بوو، کە بارودخێکی زۆر دژوار بوو بەداخەوە لەو رۆژەی من سەرنووسەری برایەتی بووم هەتا دوا رۆژم لەوێ ململانێی شەڕی براکوژی زاڵ بوو، رۆژنامەیەکی حزبی مولکی تۆ نییە، بەڵام لە هەمان کاتدا هەوڵی خۆمی زۆر تێدا بوو لە هێنانی هەندێ رۆژنامەنووس کە سەر بەپارتی و لایەنەکانی دیکە بوون بۆ نووسین لە برایەتی و خەبات بەتایبەتی نووسینی ئەو نووسەرانەی کە گۆشەیان هەبوو، هەتا گۆشەکەی خۆم زۆرجار رەخنەم لە حزب و حکوومەتی هەرێمی کوردستانی ئەوساش دەگرت.

*** لەگەڵ ئەوەدا بوویت کە ناوی برایەتی گۆڕا و کرایە خەبات؟**

– کارێکی زۆر خراپیان کرد پارتی لە رووی کاری رۆژنامەگەرییەوە ئەگەر شتێك هەیە شانازی پێوە بکات، ئەوەیە کە خاوەنی یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەی کوردییە، ئێستا بڕیاریان دا بگۆڕدرێت وەکو ئەوە وایە کۆپە کۆرپەکەم بمرێت.

*** بەڵام ژمارەکان هاتنە سەر خەبات؟**

– ئەوەش کارێکی خراپتر بوو، کارێکی دووربوو لە زانستی رۆژنامەگەریی، تەنانەت سەرمان لە لێکۆڵەر و توێژەرەکانیش شێواند، ئەگەر سبەینێ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەسەر ئەو رۆژنامەیە بکەین، نازانن چەند برایەتی و چەند خەباتە ئەمە جێگەی رەخنەیە و رەخنەی لێ دەگیرێت، ئەوە کارێکی شیاو نییە ئێستاش کە رۆژنامەی برایەتییان گۆڕی بەخەبات. خۆزیا خەبات کە مێژوویەکی دووردرێژی لە ناو پارتیدا هەیە، بۆ سااڵی چلەکانت و پەنجاکان دەگەڕێتەوە، وەك خۆی دەمایەوە واتا ئەگەر برایەتییان لەبەر خاتری خەبات گۆڕی و خەباتیان لەبەر تەئاخی کردە کوردی کارێکی باشیان نەکردووە و خۆزیا برایەتی نەدەبووە قوربانی ئەو ئاڵوگۆڕە.

*** بەنیاز نیت بگەڕێیتەوە ناو راگەیاندن؟**

– بەتەما نیم و بیریشی لێ ناکەمەوە و حەزیشی لێ ناکەم.

*** تۆ کەسێکی نزیك بوویت لە جەوهەر نامیق، کاك جەوهەر لەو دواییەدا کەمێك یاخییانە دەنووسێت ئەوە چۆن لێك دەدەیتەوە؟**

– بەڕاستی ناتوانم لە جیاتی کاك جەوهەر قسە بکەم، بەڵام زۆرجار یەك بیروڕامان

هەبووە لەگەڵ کاک جەوهەر زۆر کاتیش جیاواز بووین و زۆر گفتوگۆی گەرموگوڕ لە نێوانماندا رووی داوە، بەڵام یەک شت هەبوو ئەو زۆر حزبییانە بیری دەکردەوە، بەڵام من زۆر لەو کاڵتر بووم.

*** نەخۆشییەکانت پێوەندی بەو بارودۆخە هەبووە کە دروست بوون؟**

– لە راستیدا دوو هۆکار هەبوو من دووچاری هەندێ نەخۆشی بووم، وەکو نەخۆشی دڵ، نەخۆشی شەکرە، ئەویش بۆ ماوەی حەوت ساڵ رۆژانە من ١٤ سەعات لە برایەتی دەوامم دەکرد، ١٤ سەعات دانیشتن بەبێ جوواڵە، لەگەڵ جگەرەکێشان ئەوە هۆکارێک بوو، کە دووچاری ئەو کارەساتەی کردم پاشانیش زۆرم جگەرە دەکێشا رۆژی نزیکەی ١٠٠ جگەرەم دەکێشا هەرگیز جگەرەم نەدەکوژاندەوە، شەوانەش کە دەهاتمەوە ماڵ هەتا سەعات یەک و دووی شەو چاوەڕێی لاپەڕە یەکی برایەتیم دەکرد.

*** بۆچی بەسەردانیش نەگەڕایەوە رۆژنامەی خەبات؟**

– من لە دوا ژمارە برایەتی کە لە رۆژی ٢٠ی شوباتی ٢٠٠٠ لە دوا لاپەڕە، گۆشەیەکم نووسی بەناوی (**برایەتی ئازیز بەخێر بمێنی**) لە چوارچێوەی نووسینەکەم دەڵێم داوا لە یەزدانی مەزن دەکەم کەوا لە هەموو پیلان و بەڵایەک بیپارێزی، پاش ئەوەی من لە برایەتی رۆیشتم برادەران رێزی رۆژانەی سەرنووسەرایەتی منیان نەگرت، بەشێوازێک مامەڵەیان لەگەڵ کردم هەروەکو عەبدولسەلام عارف ئینقلابی بەسەر عەبدولکەریم قاسمدا کردبێت، تەنانەت برایەکەم هەبوو بەناوی دلێر، دلێر کارمەندێکی ئەرشیف بوو، کرێکاری بۆ ئەرشیف دەکرد، ئینجا پێی رازی نەبوون و دەریان کرد. دەنا من لە ساڵیادی یەکەمی رۆژنامەی برایەتی بەخۆم و سینییەک پەقڵاوەوە چوومە برایەتی بۆ ئەوەی پیرۆزباییان لێ بکەم، بەڵام بەداخەوە هەڵسوکەوتەکەیان، هەڵسوکەتێکی زۆر ناشارستانی بوو بەرامبەر من چونکە من دامەزرێنەری ئەو دەزگایە بووم.

*** ئەو هەڵسوکەوتە، لەسەر پارتی حیساب دەکەیت؟ یاخود لەسەر ئەو کەسانەی لەناو راگەیاندندان؟**

– لە کۆتاییدا لەسەر پارتی حیسابیان دەکەم، ئەگەر پارتی کادیری خۆی بەشێوازێکی شیاو و راستەقینە و شارستانیەت پەروەردە بکات، نابێت چاوپۆشی لە

هەڵەی وا بکات کە بەرامبەر من ئەنجام درا، کە کادێرێکی سی چل ساڵەی ئەو حزبەم.

*** پەشیمان نیت لەو هەموو قوربانییەی کە خۆت باسی دەکەیت، وەکو سێ جار سووتاندنی کتێبخانەکەت؟**

– هەرگیز پەشیمان نیم، ئەگەر جارێکی دیکەش بگەڕێمەوە بۆ ژیانی لاویەتی، هەمان ڕێگەی هەڵدەبژێرم، بەڵام بە ماقوولانەتر.

*** واتە بەپێی ماندووبوونی خۆت، وەك پێویست لە لایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە ڕێزت لێ نەگیراوە؟**

– نەخێر زۆر بەداخەوە.

*** یەکێتی مالیان لێ تالان کردی، بەڵام لەم دواییەدا چەندین جار چاوت بەمام جەلال کەوت، ئایا هیچ ڕقت لە ناختدا هەبوو؟**

– نەخێر من پاش بەکۆتاهاتنی شەڕی ناوخۆ. یادداشتێکم بۆ هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی نارد، تایبەت بوو بەو زەرەر و زیانانەی لێمان کەوتەوە لەبەرئەوەی ئەو کاتەی نووسیم ئەوکاتیش مولکەکانی ئێمە هەر داگیر کرابوو، نامەیەکی تایبەتم بۆ خودی مام جەلال نارد، مام جەلال پاش حەوت ڕۆژ بەنامەیەکی تایبەت وەڵامی دامەوە، بەڵام پارتی تاوەکو ئێستا وەڵامی نامەکەیان نەداومەتەوە، داوای قەرەبووم نەکردبوو، تەنیا داوام کردبوو کە ئاگادارین ئێمە وامان بەسەرهاتووە، تەنانەت مالّی عەونی لە کۆیە هەتا ئێستا چاکم نەکردووەتەوە، پاش ئەوەی بۆ ماوەی حەوت ساڵ ئاوارەی تێدا بووەو وێران کراوە، تا ئێستاش دایکم لە خانوویەکی بەکرێدا دەژی لە هەولێر.

*** مولکەکانت هەمووی وەرگرتوونەتەوە؟**

– بەڵێ، بەڵام پاش حەوت ساڵ ماندووبوون، دووجار چوونیشم بۆ لای مام جەلال، پاشانیش بۆ لای ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و حزبی شیوعی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامی سۆشیالیست و بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری، ئەوانە هەمووی بۆ ئەوەی کارێك بکەن کە ڕیزەکانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بپارێزن، وەکو بڵێی کارێکی سیاسیم نەبووە، تەنیا ئەو کارە بووە کە چۆن ئەو سەندیکایە بپارێزم و ئەوەی هەستم پێ کردووە ئەوەیە، کە هەموو لایەك لەگەڵ ئەوەدان ئەو سەندیکایە لەو چوارچێوەیەی تێدایە بپارێزێت.

روونکردنەوەیەکی پێویست[1]

"لە پێناو چی راستییەکان ئاوەژوو دەکرێن..؟!"

[1] ئەم بابەتە لە یەکێک لە ژمارەکانی رۆژنامەی هاوڵاتی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٥ بڵاوکراوەتەوە

لە پێناو چی راستییەکان ئاوەژوو دەکرێن..؟!

رۆژنامەی خەبات لە ژمارە ١٩٥٤ی رۆژی شەممە رێککەوتی ٢٣ی تشرینی یەکەم بابەتە هەواڵێکی لەلایەڕە یەکدا لەژێر ناوونیشانی **"لە پەرلەمانی عیراقدا ٨٠٪ی ئەندامانی لیستی هاوپەیمانێتی کوردستان دەگۆڕدرێت"** بڵاوکردۆتەوە لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئەم روونکردنەوەیە بڵاوبکەمەوە بەمەبەستی تیشک خستنە سەر چەند راستییەك کە لە بابەتەکەی (**خەبات**)دا فەرامۆش کراوە.

لە سەرەتادا بابەتەکە بەم شێوەیە دەست پێ دەکات (**ئاژانسەکان و سەرچاوەکانی هەواڵ وا پادەگەیەنن کە گۆڕانکارییەکی گەورە بەسەر ئەندامە کوردەکانی کۆمەڵەی نیشتمانی عیراقدا دێت و ئەو گۆڕانکارییە ڕێژەی ٨٠٪ی لیستی هاوپەیمانیەتی کوردستان لە پەرلەمانی عیراقدا دەگرێتەوە ...**).

کەوا دەگەیەنێ ئەم هەواڵە لەلایەن ئاژانسەکان (**مەبەست چەندین ئاژانسی جۆراوجۆرەوە لە چەندین سەرچاوەی هەواڵ**) بڵاوکراوەتەوە، کە ئەمەشیان دووڕە لە راستی، چونکە هیچ ئاژانسێك یاخود هیچ سەرچاوەیەکی هەواڵ ئەم بابەتەی بڵاو نەکردۆتەوە، داڕشتنی هەواڵەکە لەلایەن ئەو لایەنەی هەواڵەکەی داوەتە ڕۆژنامەی (**خەبات**) بەم جۆرە هەواڵەکەی بۆ داڕشتوون تاکو مەغزایەکی دیکە بەخۆیەوە بگرێت، کە ئێمەی ڕۆژنامەنووس لێی تێدەگەین و لێی ئاگادارین.

بەهەر حاڵ مەسەلەکە لەوە گەورەترە و دەبوایە پێش ئەوەی بخرێتە سەر لاپەڕەی (**خەبات**) لەلایەن خودی سەرکردایەتی سیاسی لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لەگەڵ پەرلەمانتارەکان ئەم مەسەلەیە باس بکرایە و پەنجە بخرایە سەر کەموکوڕییەکان و ڕاشکاوانە و بە شەفافیەت مامەڵەی لەگەڵ بکرابایە، پێش ئەوەی خەڵکانێك لەسەر ڕووی لاپەڕەی ڕۆژنامە بەم شێوەیە بریندار بکرێن و (**استهانە**)یان پێ بکرێت هەتا ئەگەر کەموکوڕیش هەبێت، کە لە بنەڕەتیشدا و لە پێشەوەیش ئەو جۆرە ئیستیهانەیە و گوێنەدانە و فەرامۆشکردنی پەرلەمانتاران لەماوەی ئەم (٧) مانگەدا بەبێ لێپرسینەوە،

هۆکاری یەکەمی ئەو کەموکوڕییانەیە کە لەناو لیستی هاوپەیمانی کوردستاندا هەیە، کە ئێستا خاڵ بە خاڵ لێی دەدوێم.

یەکەم: هەواڵەکەی خەبات دەڵێ: سەرچاوەکان هۆکاری ئەنجامدانی ئەم گۆڕانکارییەیان بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە ئەندامانی کورد لە پەرلەمانی عیراقدا ئەرکی خۆیان بە باشی جێبەجێ نەکردووە، بەتایبەتیش دەربارەی ئەو بابەت و کێشە زۆرانەی کە بەم دواییانەدا رووياندا.

لێرەدا منیش بە سەرسوورمانەوە تەماشای داڕشتنی ئەم بابەتە هەواڵە دەکەم، کە چۆن داڕێژەری هەواڵەکە ویستویەتی تەڕ و وشك پێکەوە بسووتێنێ، چونکە کاتێ دەڵێ: **"ئەندامانی کورد لە پەرلەمانی عیراقدا"**، هەر هەموویان بە یەك چاو و بە یەك هەڵسەنگاندن (**تقیم**) تەماشا دەکرێن، دیارە ئەمەشیان گوناهێکی گەورەیە بەرامبەر ئەو پەرلەمانتارانەی، کە هەمیشە لە (**خەندەقی چاوەڕوانی**)دا بوون بەرامبەر هەر لایەن و هەر پەرلەمانتارێکی لیستەکانی دیکەی ناو پەرلەمان و بە درێژایی ئەم ماوەیەش هیچ شتێکیان لە کەس قبوڵ نەکردووە، کە زەرەری کوردستانی هەبووبێت و هەندێکیشیان هەمیشە حازر بەدەستبوون، ئەگەر کار بگەیشتایە شەڕە مستیش، سەرەڕای رەتدانەوە و بەرەنگاربوونەوەی هەندێ لە پەرلەمانتاری کورد لەگەڵ پەرلەمانتارانی دیکە چ لە ناو هۆڵ و چ لە دەرەوەی هۆڵ و چ لە رێگای کەناڵەکانی ئاسمانییەوە، (**کە بەداخەوە کەناڵەکانی خۆمانی لێ بێ بەش بوون**)، دیسان لێرەدا دەبوایە سەرچاوە، هەواڵەکەی (**خەبات**) باسی دوو لایەنی گرنگ بکات:

١. ئاشکراکردنی ناوی ئەو پەرلەمانتارە کوردستانییانەی کە هیچ رەنگ و دەنگ وقورساییان لە پەرلەماندا نەبووە، تەنانەت بۆ یەك جاریش نەهاتوونەتە قسە بەدرێژایی ئەم (٧) مانگەی تەمەنی پەرلەمان، تاکو جەماوەری خەڵکی لێ ئاگادار بن لەو نوێنەرانەی، کە بەناوی ئەوانەوە بە لیستی هاوبەش نێردراون بۆ ئەم جێگایە.

٢. ئەو بابەت و کێشە زۆرانە چین (**کە بەم دواییانە رووپداوە**) و پەرلەمانتارانی کورد لێی بێدەنگ بوون، لێرەدا من بە یەقینەوە تەحەدای داڕێژەر و سەرچاوەی هەواڵەکەی

(**خەبات**) دەکەم و (**ئامادەم دیسان لە موناقەرەیەکی تەلەفزیۆنیش لەگەڵ هەر کەسێك رووبەڕوو ببمەوە**)، کە باس لەوە بکات پەرلەمانتارانی کورد بێ دەنگ بوون لەهەر مەسەلەیەك کە رووبدابێ، بەتایبەتی ئەو بابەت و کێشانەی کە پەیوەندی بە کورد و کوردستانەوە هەبێت. هیوادارووم خاوەن هەواڵەکەی (**خەبات**) بە تەنها یەك بابەتی بۆ نموونە بهێنایەتەوە، کە ئێمەی پەرلەمانتارانی کورد لێی بێدەنگ بووبین، بۆ ئەوەی لای سەرجەم خەڵکی کوردستان ئاشکرا بێت، لێرەدا تەنها بۆ نموونە باس لەم رووداوە بچووکە دەکەم، کە هەندێ لە ئێمەی پەرلەمانتاری کورد خەریك بوو لە هۆڵی پەرلەمان لەگەڵ (**جواد المالکی**)، کە کەسایەتی دووەمی حزبی دەعوەیە بیکەینە شەڕ و قسەی تووندمان رووبەڕوو کرد، چونکە ئەوە بۆ چەند جارێك لە راپۆرتێکیدا باس لە پێشمەرگە دەکرد و بە میلیشیای ناوزەد دەکرد، ئەوەی لەبیرمە پەرلەمانتاران (**ئیبراهیم جەلال، عەبدولمەجید زەنگەنە، وداد خان، د. نەوزاد سالح رەفعەت و یەك دوو پەرلەمانتاری دیکە و بەندە**) لێی چووینە پێشەوە، کە ئەو ساتەش لەلای میکرۆفۆنەکە دانیشتبوو پێمان گوت: "**تۆ لە چ روانگەیەکەوە و بە چ مافێك دەتەوێ ئیستیفزازی هەستی نەتەوەی کورد بکەیت، ئێمە نە لە تۆ و نە لە کەسێکی لە تۆ گەورەتر و نە لایەنێکی دیکەی قەبوڵ ناکەین، جارێکی دیکە بەم شێوەیە پێشمەرگە بە میلیشیا ناوزەد بکات**".

سەرەڕای ئەوەی زۆر قسەی دیکەی بە رەقی لەگەڵ کرا، ئەویش کە زانی ئێمە زێدە تووڕەین لە وەڵامدا گوتی: "**أني یاهو مالتي فلان الفلاني وافق علی هذه التسمیة**" ناوی فلان و الفلانیش بە ئاشکرا هێنا و کە ئەندامێکی سەرکردایەتی لایەنێکە و ئێمەش گوتمان (**وانییە تو راست نیت هیوادارین جارێکی دیکە ئەم مەسەلەیە دووبارە نەبێتەوە**)، بە تووڕەییەوە بەجێمان هێشت بۆ زانینی خوێنەری بەڕێز، لەو ڕۆژەوە تاکو ڕۆژانی ئەمڕۆ من و ئەو (**المالکی**)یە مەرحەبا لە یەکتری ناکەین[۲].

دووەم: لە بەشێکی دیکەی بابەتە هەواڵەکەی خەبات گوتراوە، (**هاوکات یەکێك لە سەرچاوەکان بە سەرسوڕمانەوە رایگەیاند ژمارەیەك لەو ئەندامە کوردانە ئاخافتنی**

---

[۱] مەبەستم ڕۆژانی ئێمەو مالیکی کە لە پەرلەمانی عیراقی ئەندام بووین.

زمانی عەرەبی نازانن، ئیتر چۆن بتوانن بەشداری لەم گفتوگۆ گەرمانەدا بکەن)، لێرەدا منیش بە سەرسووڕمانێکی زێدە و زیاترەوە لەگەڵ ئەو سەرچاوەیە کۆکم دەربارەی ئەم مەسەلەیە، بەڵام سەرسووڕمانەکەی من جیاوازی هەیە لەگەڵ سەرسووڕمانەکەی سەرچاوەی هەواڵەکە، ئەویش لەوەوە دێت نەزانینی زمانی عەرەبی نابێتە عەیب و لەکەداربوونی هەر مرۆڤێك كە نایزانێ، بەڵام عەیبەكە بۆتە جێگای سەرسووڕمانی من و خەڵکانی دیکە، لەوەدا خۆی دەگرێ (**کێ بەرپرسیارە لە دانانی مرۆڤێك لە لیستی کوردستانی ببێتە پەرلەمانتار بۆ کوێش؟! بۆ پەرلەمانی عیراق، کە چوار بەشیان عەرەبن و ئەوانی ئێمەش عەرەبی نەزانن)**. لێرەدا دەبوایە ئەم سەرچاوەیە رەخنە لەو لایەن و لەم لایەنە بگرێت، کە لە روانگەی (**مەحسوبییەت و مەنسوبییەت**) و رازی کردنی بێ مانای ئەو و ئەم، تەنها بە مەبەستی حزبایەتی تەسك بۆ ئەوەی دەنگێك زیاتر بن، ئەو جۆرە خەڵکانە دەنێرنە ئەم شوێنانە، کە هیچ نەبێت پێویستی بە زانینی زمانە لێرەدا دیسانە گلەیی لەو پەرلەمانتارانە ناکرێت، کە بوونەتە ئەندام لە پەرلەمانی عیراق، بەڵکو پێویستە گلەیی و گازاندە لەو کەس و لایەنانە بکرێ، کە خەڵکانی زمان نەزان هەڵدەبژێرن، بۆ ئەم جۆرە شوێنە (**پەرلەمان**) کە ئاخافتن و شەڕە قسە و هەمووی هەر بە زمانی عەرەبییە، (**باوەڕیش ناکەم لە ئایندەشدا ئەم دیاردەیە دووبارە نەبێتەوە و لە جێگایەکی دیکە و لە پەرلەمانی داهاتووشدا**).

<u>سێیەم</u>: بەشێکی دیکە لە بابەتە هەواڵەکەی (**خەبات**)دا هاتووە دەڵێت: (**هەر ئەو سەرچاوانە ئەوەشیان راگەیاند کە گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوەکان پاش ئەو رووبەڕووبوونەوەیە دێت، کە لەنێوان لیستی هاوپەیمانێتی کوردستان و حکومەتەکەی جەعفەریدا رووید و گەیشتە رادەی ئەوەی هەڕەشەی هەڵوەشاندنەوەی حکومەتە کاتییەکە بکرێت و شاندێکی کوردی بۆ ئەم مەبەستە بۆ دانوستاندن لەگەڵ لایەنەکانی حکومەتدا بەرەو بەغدداد رۆیشت**).

مەبەستی سەرچاوەی هەواڵەکەی (**خەبات**) ئەوە دەگەیەنێ گۆڕینی ٨٠٪ی پەرلەمانتارانی کورد لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کەوا ئەو پەرلەمانتارانە هیچ جۆرە هەڵوێستێکیان نەبووە، بەرامبەر حکومەتە کاتییەکەی

جەعفەری، بۆیە وەکو (**موحاسەبەیەك**) جارێکی دیکە ناخرێنە ناو لیستی هاوپەیمانی کوردستان بۆ پەرلەمانی عیراق (**ئافەرم**).

لێرەدا داڕێژەر و نووسەری سەرچاوە هەواڵەکە، دەبوایە باس لەو کێشە یاخود لەو کێشانە بکات، کە پەرلەمانتارانی کورد کەمتەرخەم بوون یاخود هیچ جۆرە هەڵوێستێکیان نەبووە بەرامبەر کەموکوڕییەکانی حکومەتەکەی جەعفەری و بۆتە جێگای تووڕەیی سەرکردایەتی کورد و موحاسەبەکردنیان بەوەی جارێکی دیکە ئەم (**مەوقیعە**) وەرنەگرنەوە.

بۆ مێژوو دەڵێم پەرلەمانتارانی کورد (**کە مەبەست لە هەندێکیان هیچ کاتێك بێ هەڵوێستی راستەوخۆ نەبوون و هەمیشە لە چاوەڕوانی ئەوەدابوون کەوا ئەگەر هەر تەجاوزێك کرایە سەر مافی گەلی کوردستان لێیان بێ دەنگ نەبن**)، بە تایبەتیش بەرامبەر خودی ئیبراهیم جەعفەری، کە لە دوو بۆنەی جیاوازدا زۆر بە زەقی رەخنەی تووندی لێگیراوە و هەڵوێستی بەرامبەر نیشان دراوە، (**کە لەوە زیاتر بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی نیشتمانی عێراقی**)، ناتواندرێ زیاتر بکرێت و مەسەلە چارەنووسەکانیش هەمیشە لە دەرەوەی پەرلەمان یەکلا کراونەتەوە، ئەوە چونکە ئەمیان کاری راستەوخۆی سەرکردایەتی سیاسییەوە وکۆمەڵی نیشتمانیش دەزگایەکی یاسا داڕێژە (**سلطة تشريعية**)ییە سەرەڕای بانگرکردنی سەرەك وەزیرو وەزیرەکانی بەمەبەستی روونکردنەوەی هەڵوێست و گفتوگۆکردن لەسەر بەرنامەی حکومەت و رەخنە لێگرتنیان. لەم بوارەشدا (**ابراهيم الجعفري**) لە دوو بۆنەی جیاوازدا رووبەڕووی پەرلەمانتارانی کورد بووەوە، جاری یەکەمیان دەربارەی دەقی سوێند خواردنە ناکاملەکەی جەعفەری وەزیرەکانی حکومەتە کاتییەکەی بوو، کە تەعبیری (**فیدرالییەتی لێ هەڵگیرابوو**)، وەکو هەندێك دەڵێن بە دەستی خۆی هەڵی گرتووە و هەندێکیش دەڵێن گوناهی سەرۆکی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران بووە.

کرۆکی مەسەلەکە ئەوەیە رۆژی سوێند خواردن سەرۆك وەزیران و سەرجەم وەزیرەکان بە وەزیرە کوردەکانیشەوە (**تەنیا د. بەرهەم سالح و کاك عبدالباسط**) نەبێت، هەموویان ئەو سوێندە (**ناتەواوەیان**) خوارد، کە بۆیان نووسرابوو، کە دەبوایە وەزیرە

بەڕێزەکانی کوردستان لەکاتی سوێند خواردندا ئەم سوێندە ناتەواوەیان نەخواردبا و لەشوێنی خۆیان نەجولاّبانەوە و رایانگەیاندبا، کە سوێندی ناتەواو ناخۆن، ئەوجا دەزاندرا چ جۆرە رەنگدانەوەی دەبوو، بەلاّم دیسان پاش ئەم رووداوە چەند وەزیر موحاسەبە کران، کە لە بنەڕەتدا خەتایەکە بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە؟

بە هەرحالّ ئەمەی ئیشی ئەوان بوو، بەلاّم بۆ رۆژی دوایی بەپێی یاسا و پەیڕەوی ناوخۆ د. فوئاد مەعسوم سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستان لە یەکەم ساتی دانیشتنی سەرلەبەیانی ئەو رۆژەدا، بەناوی لیستی هاوپەیمانی کوردستان داوای لە سەرۆکایەتی کۆمەلّی نیشتمانی (**الجمعية الوطنية**) کرد، کەوا رووبکردنەوەیەکی راست دروست لە بارەیەوە رابگەیەندرێ و داوا لە (الجعفری) بکرێت کە جارێکی دیکە وەزیرەکان سوێند خواردنەکە بە (**کاملی**) دووبارە بکەنەوە، کە ناکرێ بەم شێوەیە لێی بێدەنگ بین سەرەڕای رووبکردنەوەی پێویست لە لایەن خودی (الجعفری) بۆ ئەم مەسەلەیە، کە نەدەکرا لەمە زیاتر بە یاسا و پەیڕەوی ناوخۆ زیاتر بکرێت لە کۆمەلّی نیشتمانی، پاشانیش ئاشکرایە سەرکردایەتی سیاسی کورد کەوتنە ناو مەسەلەکە بەو شێوەیە کۆتایی هات)، کە جارێکی دیکە سوێندەکە بە (**فیدرالّییەت**) لە هۆلّی ئەنجوومەنی هەویزران بخوریّت و ئاکامەکەی لە پەرلەمان راگەیەندرا، لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە، ئایا گوناهی پەرلەمانتارانی کورد چییە، دەربارەی هەلّوێستی سەرۆک وەزیرانێك لە هەلّگرتنی وشەی فیدرالّییەت لە سوێندەکەدا، کە سەرکردایەتی سیاس کوردستان پێی رازی بووە، (**مەبەست لە جەعفەرییە لە دانانی بە سەرۆك**)، رۆلّی پەرلەمانتارانی کوردیش لە ڕێگا سەرۆکی فراکسیۆنە بەسەرۆکایەتی کۆمەلّی نیشتمانی راگەیەنرا، بۆ چەند جارێکیش هەندێ لە پەرلەمانتارانی کورد ئەو مەسەلەیان دووبارە و سێ بارە کردۆتەوە خۆ ئەگەر بڕیاری سیاسی سەرکردایەتی کوردی شتێکی دیکە بوایە ئەوا پەرلەمانتاران دەبوونە سەرە ڕمی ئەو هەلّوێستە بێ ئەوەی لەهیچ شتێك سڵ بکەنەوە.

رووداوی دووەم هەلّوێستی پەرلەمانتارانی کورد بوو بەرامبەر (الجعفری) لە رۆژی ٢٠٠٥/٦/١٤ کاتێ (الجعفری) بڕوانامەی سیاسی خۆی راگەیاند، هەلّلّایەکی گەورە لەلایەن

پەرلەمانتارانی کوردەوە بەرپابوو، بەڵام بەگوێرەی ڕێوڕەسمی گفتوگۆ و ناڕەزایی، دەبوایە بەپێی پەیڕەوی ناوەخۆ قسەی لەسەر بکرابایە، بەندە کاتی خۆی لەگەڵ هەندێ لە پەرلەمانتارانی دیکەی کورد ڕاوبۆچوونی خۆمان بەرامبەر خودی (الجعفری) نیشان دا، کە بەتووندی ناڕەزایی جەماوەری گەلی کوردستانیان نیشان ددا بەرامبەر حکومەتەکە و بەرنامەی کاری. لێرەدا بە پێویستی دەزانم، دەقی ڕووداوەکە وەکو چۆن لە ڕۆژنامەی (**الصحفی**) ژمارە (٧)ی ٢٠ حوزەیرانی ٢٠٠٥ دەرچووە بە زوبانی عەرەبی بڵاوکراوەتەوە، جارێکی دیکە لێرەدا بڵاوی بکەمەوە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە داڕێژەری سەرچاوەی هەواڵەکەی (خەبات) نەکەوتە داوی بێ ئاگایی لەو ڕووداوانەی کە لەناو هۆڵی پەرلەمانی عیراق ڕوویان دەدا و پەرلەمانتارانی کورد بەوپەڕی جورئەتەوە بەرەنگاری دەبوون و سەرنج و تێبینی خۆیانیان لەسەر ڕادەگەیاند، کە ئەمیش دەقەکەیەتی بە زمانی عەرەبی:

"الجمعية الوطنية تناقش ملاحظات التحالف الكردستاني حول البرنامج السياسي للحكومة العراقية

في جلسة الجمعية الوطنية العراقية ليوم ٣١ أيار ٢٠٠٥ قدم الدكتور إبراهيم الجعفري البرنامج السياسي للحكومة الانتقالية التي يرأسها، وعلى أثر ذلك تقرر تشكيل لجنة من ممثلي الكتل السياسية بهدف مناقشة البرنامج السياسي وتقديم المقترحات المطلوبة على شكل تقرير يقدم إلى رئاسة الحكومة لإغناء البرنامج المذكور ومعالجة النواقص والثغرات الموجودة فيه.

وفي يوم ١٤ حزيران ٢٠٠٥ عقدت الجمعية الوطنية اجتمعها الاعتيادي لمناقشة البرنامج السياسي بحضور الدكتور إبراهيم الجعفري وعدد من السادة الوزراء، وبعد اكمال النصاب القانوني للجلسة تلي السيد فريدون عبدالقادر تقرير اللجنة الخاصة بمناقشة البرنامج السياسي للحكومة الانتقالية والذي كان عبارة عن تسع ملاحظات منها فقرة خاصة في الباب (٨) من البند (أ) والتي تنص على: (الحاجة لإشارة صريحة إلى المادة ٥٨ من قانون إدارة

الدولة العراقية الخاصة بالمرحلين والمهجرين وبشكل خاص لتطبيع ومعالجة قضية كركوك).

وفي الباب (٩) من تقرير اللجنة الخاصة بمناقشة البرنامج السياسي نص البند (ب) على: (معالجة العلاقة بين المركز والحكومة الإقليمية في كردستان والمحافظات بما ينسجم مع نظامنا الاتحادي وترسيخ أركانه وتعزيز علاقات الإخوة والتعاون بين مكوناته وتهيئة مستلزمات معالجة آثار السياسات الشوفينية).

وبعد ذلك تلى الدكتور سعدي البرزنجي نائب رئيس كتلة التحالف الكردستاني نص ملاحظات التحالف الكردستاني المقدمة إلى رئاسة الجمعية الوطنية حول البرنامج السياسي للحكومة العراقية والتي نشرتها مجلة (الصحفي) **نصها كما يلي:**

وبعد فتح الباب المناقشة قدم حوالي ستين عضواً من مختلف الكتل السياسية مداخلات تحريرية وشفهية حول البرنامج السياسي المذكور، وكان لملاحظات السادة أعضاء الجمعية ضمن التحالف الكردستاني أثرها البالغ على سير المناقشات في أجواء ديموقراطية.

وقدم السيد فرهاد عوني عضو الجمعية الوطنية ضمن التحالف الكردستاني مداخلة مكتوبة تمت قراءتها من قبله، على منصة الرئيسية حيث أشارت المداخلة إلى الثغرات الواردة ضمن البرنامج السياسي المذكور وفيما يلي نص المداخلة:

السيد رئيس الجمعية الوطنية المحترم:

عالجت المذكرة التي قدمها التحالف الكردستاني إلى رئاسة الجمعية الوطنية في ٢٠٠٥/٦/٧ الثغرات والنواقص في البرنامج السياسي للحكومة العراقية التي يرأسها الدكتور إبراهيم الجعفري.

ونظرا لكوني نائباً لرئيس لجنة شؤون الأقاليم والمحافظات أرى تجاهلاً واضحاً (وارجو أن لا يكون ذلك متعمداً) **في موضوع العلاقة بين الحكومة المركزية وإقليم كردستان ككيان سياسي مؤسس على مرتكزات ديموقراطية وقانونية منذ ثلاثة عشر عاماً.**

وإن خلو البرنامج السياسي من ذكر طبيعة العلاقة بين الحكومة المركزية وإقليم كردستان قد أثار قلق الشارع الكردستاني بشكل كبير وقد تناقلت وسائل الإعلام في كردستان هذا الموضوع بشكل واسع ولا سيما هنالك سابقة في هذا الصدد (والسابقة كما

هي معروفة تتعلق بموضوع القسم المنقوص) **قد عززت بما يشبه ضعف الثقة بالحكومة التي كنا نأمل لها النجاح جميعاً وما نزال.**

إن الفقرة المضافة إلى موضوع العملية السياسية في النسخة النهائية (أي النسخة الثانية) **في البرنامج السياسي والتي وزعت بعد مضي أيام من إلقائه من قبل السيد رئيس الحكومة العراقية في الصفحة (٤) وفي آخر الفقرة حيث تقول:** (آخذة بنظرة الاعتبار الاتفاق السياسي الذي توصلت إليه كتلتا الائتلاف العراقي والتحالف الكردستاني)، **تنقصها** (قوة وجدية الالتزام) **لأن عبارة** (آخذ بنظر الاعتبار) **هنا تختلف كثيراً عن العبارة أو المبدأ المتفق عليه بين الكتلتين السياستين التحالف الكردستاني والائتلاف العراقي كما هو موجود في الفقرة الثالثة: حقوق الأقاليم والمحافظات والمواطنين بين الاتفاق المبرم بين الكتلتين السياسيتين في ٨/٤/٢٠٠٥ والتي تنص على:** (تعزيز المكانه الخاصة لدور الأقاليم ومجالس المحافظات واحترام نتائج الانتخابات والمجلس الوطني لإقليم كردستان وتطوير التنسيق والتعاون بين الحكومة الاتحادية وحكومة إقليم كردستان ... الخ).

نرجو من السيد الوزراء التوضيح عن أسباب خلو برنامجه السياسي حول موضوع العلاقة بين الحكومة المركزية وحكومة إقليم كردستان والتي تعتبر من أهم المسائل المطروحة في الساحة السياسية في كردستان والتي تشمل أيضاً خلوه من ذكر المادة (٥٨) من قانون إدارة الدولة للفترة الانتقالية وعودة الأوضاع القديمة في مدينة كركوك إلى قدمها والتي أثارت شعبنا في كردستان، ونطالب بمعالجتها بما يعزز ثقة شعب كردستان بالحكومة المركزية وتثبيت ذلك في تقرير اللجنة الخاصة بمناقشة البرنامج السياسي لرئاسة الحكومة."

لێرەدا جێگای داخە راگەیاندنی کوردی بەهیچ شێوەیەك ئامادەیی لەناو هۆڵی پەرلەمانی عیراقدا نەبووە و تاکو ئێستاکەش خەڵکی نازانن چ رووێداوە، کێ بێ هەڵوێست بووە و کێش هەمیشە ئامادەباشی بووە، چونکە ئاشکرایە راگەیاندن چ رۆڵێکی گەورە دەبینێ، کە بەداخەوە راگەیاندنی کوردستانی بە شێوەیەکی زێدە دیار لێی بێبەش بووە بە پێچەوانەی رۆژنامەکانی بەغدا، بەتایبەتیش رۆژنامەکانی سەر بە لیستی ئیئتیلافی شیعە، کە ورد و درشتی بابەتەکانیان بڵاو دەکەنەوە. لێرەدا تەنیا ئامادەیی

رۆژنامەی (الاتحاد) باس دەکەم بە حوکمی ئەوەی سەرنووسەری رۆژنامەکە کاك (فریاد رەواندزی)یە کە ئەندامی کۆمەڵەی نیشتمانی بوو رۆژانە لەم روورداوانە دواوە و رۆژنامەی (چاودێر)یش تەنیا لەناو هەموو رۆژنامەکانی کوردستان لە ژمارە ٣٣ی رۆژی دوو شەممە رێککەوتی ٢٠٠٥/٦/٢٠ بە درێژی و لەژێر ناوونیشانی:

"پەرلەمانتارانی کورد پاشەکشە بە جەعفەری و پەرلەمانتارانی (العراقیە)ش داوای عیراقی عروبە دەکەن

دەنووسێ کە ئەمەش دەقەکەیەتی کە بۆ مێژوو و بۆ جەماوەری کوردستان وەکو خۆی بڵاوی دەکەمەوە، تاکو بەم شێوەیە جارێکی دیکە راستییەکان ئاوەژوو نەکرێن و سپی بە رەش لە قەڵەم نەدرێ فەرموون ئەمە دەقەکەیە وەکو خۆی:

(٦/٤) دانیشتنی دوای نیوەڕۆی پەرلەمانی عیراق، بۆ لێپێچینەوە لە (د. جەعفەری) سەرەك وەزیرانی عیراق تەرخان کرابوو، بەتایبەتی لەسەر پرۆگرامی پێشکەشکراوی حکومەتەکەی.

لیژنەکانی پەرلەمان راپۆرتی خۆیان لەسەر پرۆگرامەکە خوێندەوە و رەخنەیان لێگرت، پاشان نوێنەرانی هاوپەیمانی کوردستان، (**فەرهاد عەونی، عەبدولمەجید زەنگەنە، برایم جەلال، وەلید شەریکە، خەسرەو جاف، د. نەوزاد سالّح رەفعەت**) یەك لەدوای یەك رەخنەیان لە جەعفەری گرت، بەتایبەتی لەسەر فیدرالّی و کێشەی کەرکووك. سەرەنجام (**د. جەعفەری**) پاشەکشەی کرد و بەڵێنی پێداچوونەوەی بەو پرۆگرام دا، لە میانەی قسەکانیشیان باسی فیداکاری کورد و سەرکردەکانی کرد. ئەم پاشەکشەیەی (**د. جەعفەری**) و گفتدانی بۆ پێداچوونەوەی پرۆگرامی حکومەتەکەی، سەرەڕای ئەوەی پێشنیاز هەبوو جارێ پەرلەمان پەسەندی نەکا، هەتا پرۆگرامە تازەکەی جەعفەری دەبینرێ، بەڵام هەر پەسەند کرا. (**د. نەوزاد سالّح رەفعەت**) دژ و (**فەرەیدون عەبدولقادر**)یش لەگەڵ پەسەندکردنی بوو.

هەر لە هەمان دانیشتندا، نوێنەرانی لیستی (**العراقیه ـ د. ئەیاد عەلاوی**) ڕەخنەیان لە پرۆگرامەکە ئەوەبوو، کە عیراق لە عروبە و گێڕانەوە بۆ نەتەوەی عەرەب، دابڕیوە.

چوارەم: لە بەشی کۆتایی بابەتە هەواڵەکەی (**خەبات**)دا هاتووە (**جێی باسە فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشتر گلەیی و گازاندەی لە گروپی کوردی پەرلەمانی عیراق کردبوو، چونکە لە تەنگژەکە و چارەسەرکردنیدا ڕۆڵی چاکیان نەگێڕا، ئەمە لەکاتێکدا کە ئەرکی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە لە ئەستۆی ئەو پەرلەمانتارە کوردانە بوو**).

لێرەدا و لەپێشەوە پرسیارێك ئاڕاستەی سەرچاوە و داڕێژەری ئەم بابەتە هەواڵەی (**خەبات**) دەکرێت، پرسیارەکەش ئەوەیە چ کاتێك کاك فازڵ میرانی گروپی کوردی بینیوە و لەکوێ و چەند پەرلەمانتار ئامادەی ئەم کۆبوونەوەیە بوون و هۆکاری بینینەکە چی بووە و چی لێ کەوتۆتەوە؟!.

بەش بەحاڵی خۆم کە ئەندامێکی پەرلەمانی عیراقیم لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان، کە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردراوم، لەڕۆژی دەست بەکاربوونم لەو پەرلەمانە تاکو ڕۆژانی ئەمڕۆ بەڕێز (**فازڵ میرانی**)م نەدیوە، تەنها لە پرسەی خوالێخۆشبوو (**کاك عومەر بۆتانی**) نەبێت، کە لەشاری دهۆك پرسەکەی بۆی دانرابوو، ئەویش بێ ئەوەی لە بەخێرهاتن زیاتر چی دیکە لێی ڕووبدابێت، نەشم بیستووە گروپی کوردی کۆبوونەوەی بە ئامادەبوونی کاك (**فازڵ میرانی**) گرێ دابێت و تێدا گلەیی و گازاندەی کردبێت، بەڵام لەوانەیە کاك (**فازڵ**) فلان و فلانی دیبێت ئەو گلەییەی کردبێت. چونکە (**خەڵەکە**) لەخودی پێکهاتە و شێوازی بەڕێوەبردنی بەرپرسیارەتییەکەیە (**الاداء**) هەبووە، کە ئەمیشیان گوناهی ئێمەی پەرلەمانتاری تێدا نییە، بەڵکو گوناهی ئەو لایەن و کەسانەیە لە دانان و داڕشتنی ئەم پێکهاتەیە دا، کە نەیتوانی ڕۆڵی لێپرسراو و براگەورە ببینێ و ڕێنمایی ئەو پەرلەمانتارە (**بەڵەنگازانە**) بکات، کە هیچ کاتێك هەستیان نەکردووە (**کێ بەرپرسیارە!**) لێرەدا جێی باسە ئەگەر بڵێم راستە کەموکوڕی لە لیستی هاوپەیمانی کوردستانی هەیە و لە ئایندەشدا هەر دەبێت چونکە:

١. بەهیچ شێوەیەك لەکاتی دانانی ئەو خەڵکە وەکو پەرلەمانتار لە پەرلەمانی عیراق دیراسەتی ئەو خەڵکە نەکراوە، کە تا چ رادەیەك لەرووی زانینی زمان، باری کەسایەتی، خەلفیەتی سیاسی و رۆشنبیری، خاوەن رابردووی پاك، کارامەیی و لێهاتوویی، کە بتوانێ رۆڵی پەرلەمانتار ببینێ. لێرەدا گلەیی و گازاندەکە ئاڕاستەی خودی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان دەکرێ، بەتایبەتیش (**سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان**)، کە تا رادەیەکی زۆر کەمتەرخەم بوون لە دانانی ئەم خەڵکە، کە هەندێکیان (**لەگەڵ ڕێزی بێ پایانم بۆ هەر هەموویان**) دەڵێم کە هەندێکیان نەدەبوا بنیردرێنە ئەم جێگایە کە بوونەتە هۆکاری ئاڕاستەکردنی گلەیی و گازاندە لە تێکڕای پەرلەمانتارانی کوردستان، چونکە هەندێکیان نەك هەر هیچ وتەیەکیان لە زار نەهاتۆتە دەرێ، بەڵکو لە کامێرای پەرلەمانیش خۆیان دەشاردەوە و هەندێکیش بە هیچ شێوەیەك هەڵوێستیان لەگەڵ (**الحد الادنی**)ی کوردستانیەتی لیستی هاوپەیمانی کوردستان یەکی نەدەگرتەوە، بەڵام دیسان ئەگەر گلەیی و گازاندە و قسە لەسەر هەڵوێستی پەرلەمانتارانی کوردستان هەیە، دەڵێم و من بەرپرسم لە قسەی خۆم پێویستە ئاڕاستەی سەرکردایەتی سیاسی بکرێت، چونکە ئەوان لێپرسراون بەرامبەر هەر کەموکوڕییەك، کە هەیە هەر لە ڕۆژانی ڕووخانی ڕژێمی دکتاتۆری سەدام، تاکو ڕۆژی ئەمڕۆ، دیسان هەر ئەوان بەرپرسیارن بەرامبەر هەر ناپەزاییەك کە لەلایەن گەلی کوردستانەوە دەکرێت، بەرامبەر تێکڕای ئەو مەسەلە چارەنووسسازانەی کەمتەرخەمی لێکراوە، بێ ئەوەی تاکە کەسێك موحاسەبە کرابێت. دیسان دەپرسم کێ بەرپرسیارە، ئێمەی پەرلەمانتارانی کورد، کە هەندێکمان (**تەماشاکەر و گوێ بیست بووین**) یاخود ئەو دەستەیەی کە ئەو (**تەماشاکەر و گوێگرانەی**) ناردۆتە ناو پەرلەمانی عیراق. لێرەدا هەمیسان دەپرسم ئایا کێ بەرپرسیارە؟ جێگای خۆیەتی ئەو ڕووداوە بە بیر لێپرسراوان بهێنمەوە، کە مەغزاکەی بۆ ڕۆژی ئەمڕۆش سوودی هەیە. (**پاش ڕێککەوتنی یازدەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠دا سەدام حسێن**)، کە ئەو کاتە (**جێگر**) بوو سەردانی کوردستان دەکات، بارزانیی نەمر دەبینێ و لەکاتی قسە و گفتوگۆدا سەدام دەڵێ: "**ئەوەی ڕوویدا لەنێوان کورد و حکومەتی عیراق، پێش ئەم ڕێککەوتنەی یازدەی ئادار خەتای**

(ئیستیعماره) به دەرەجەی یەکەم کە نەیانهێشتووە ئێمە وەکو برا پێکەوە بژین"، لێرەدا بارزانی قسەکانی پێ دەبڕێ و پرسیارێك ئاڕاستەی سەدام حسێن دەکات و دەڵێ: **"ئەگەر شوانێك لەم هەرەتوپەرەتەدا رانە مەڕێك بلەوەڕێنێ، بەڵام بەهۆی بێ ئاگایی و گوێ نەدانی شوانەکە لە ئاستی رانە مەڕەکە گورگێك فرسەت دەهێنێ و مەڕێکی خوارد ئایا خەتای شوانەکەیە، کە بەرپرسی گیانی مەڕەکانە یاخود گورگەکەیە، کە پیشەی هەمیشە مەڕ خواردنە"**. هەر خودی بارزانی نەمر لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: **"شوانەکە بەرپرسیارە نەك گورگەکە، چونکە شوان شوانە و کاری سەرەکی ئەو بەخودان کردن و پاراستنی گیانی مەڕەکانە و گورگیش گورگە و ئاشکراشە گورگ پیشە و کاری چییە؟ شوانی عیراقیەکانیش حکومەتەکانی عیراق بوونە، کە لەبەر زوڵم و بێ ئاگایی و هەست نەکردن بە بەرپرسیاریەتی میللەتی عیراق گورگان خوارد دەکەن، ئیستیعمار گورگە، بەڵام ئێوە شوانەکەن مەیەڵن مەڕەکانتان بخورێت"**. لێرەدا ئەگەر بە ڕاست و دروستی سەرکردایەتی سیاسی کورد لە خەمی تەواوی ئەو مەسەلانە بووایە، کە بەداخەوە بە ناڕێکی دەڕوات و بۆتە جێگای ناڕەزایی دەربڕینی ئاشکرا لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە، نەدەگەیشتنە ئەو ڕۆژەی کەوا خەڵکانێك هەڵبژێرن بۆ پەرلەمانی عیراق نەتوانن بە عەرەبی قسە بکەن. پاشانیش هەر خۆیان گلەیی و گازاندە لە ئێمەی ٨٠٪ی پەرلەمانتار بکەن بەرامبەر ئەو کەموکوڕیی کە هەندێکمان بەرامبەر خودا و میللەت و ویژدانی خۆمان ئاسوودەین کەمتەرخیمان نەکردووە و ناشیکەین.

بەڵام بابەتی دووەم کە کاك فازڵ ورووژاندوویەتی دەڵێ: **"ئەمە لەکاتێکدا کە ئەرکی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لە ئەستۆی ئەو پەرلەمانتارە کوردانە بوو"**، لێرەدا منیش دەڵێم سروشت و پێکهاتەی (**کۆمەڵەی نیشتمانی**) یان پەرلەمانی عیراق ئەوە هەڵناگرێ کەوا کێشە گرنگ و چارەنوسسازەکان لەوێدا یەکلا بکرێتەوە، (**تاکو ئێستا ئەو جۆرە کێشانەی لێ یەکلا نەکراوەتەوە**)، چونکە:

١. ئاشکرایە ژمارەی ئەندامانی لیستی هاوپەیمان کوردستان (٧٧) پەرلەمانتارە لەکۆی گشتی ئەندامانی پەرلەمانی عیراق (٢٧٥) پەرلەمانتارە، یانی چارەیەکی پەرلەمان بەپێی بڕگەکانی یاسای کاتی و پەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمان مەسەلەکان یان بە زۆرینە یاخود

به دوو لەسەر سێی دەنگەکان یەکلا دەکرێتەوە. ئێمە وەکو لیستی کوردستان هیچ کاتێك ناتوانین بەو ژمارە پێکهاتەیە هیچ مەسەلەیەك یەکلا بکەینەوە، ئەگەر لەسەر بنەمای رێککەوتن (**التوافق**) نەبێت، بۆیە چارەسەرکردنی ئەو کێشانە هیچ کاتێك لە ئەستۆی پەرلەمانتارانی لیستی کوردستان نییە، بە قەدەر ئەوەی ئەرکی سەرکردایەتی سیاسی کوردستانە، کە لە دەرەوەی پەرلەمان یەکلای بکاتەوە، (**کە تاکو ئێستا هەروابووە**). بۆیە کاتێ لەسەر داڕشتنی یاسای تازەی هەڵبژاردنی گشتی کە لە ٢٠٠٥/١٢/١٥ ئەنجام دەدرێ، ئێمە و لیستی شیعەکان ناکۆك بووین و ئێمە رازی نەبووین ئەم یاسایە بەم شێوەیەی ئەوان دەیانەوێست دابڕێژرێ. ئێمە وەکو هەڵوێست وەرگرتن پاش ئەوەی کە نەمانتوانی باسکردنی پڕۆژەکە دوابخەین، لە هۆڵی پەرلەمان هاتینە دەرەوە بۆ دوو رۆژیش مانمان گرت، لە دەوامکردن بەڵام دیسان ئەوان بە حوکمی زۆرینە پڕۆژەکەیان تێپەڕاند و رۆیشت، بەڵام پاشان لەژێر فشاری سەکردایەتی سیاسی کوردستان لە دەرەوەی پەرلەمان هەندێ دەستکاری کرا و لەسەری پێکهاتن، ئێمەش دەستمان بۆ بەرز کردەوە. بۆیە لێرەدا ناحەقییە بەرامبەر پەرلەمانتارانی کورد کەوا رابگەیەندرێ کە چارەسەکردنی کێشەکان لە ئەستۆی ئەواندایە. دیسان جێی باسە ئەگەر باسی نووسینی رەشنووسی دەستوور بکەم، کەوا لە سەرەتای دەستپێکی پەرلەمان چەندان لیژنە دروست بوون، کە یەك لەوانە (**لیژنەی ئامادەکردنی رەشنووسی دەستوور بوو**)، کە زۆربەی ئەندامی لیستی کوردستانی لەو لیژنەیە لە خەڵکی پسپۆڕ و شارەزا پێکهاتبوو، بەڵام دیسان پاش چەندان دانیشتن و گفتوگۆ، کە ماوەی چەند مانگێکی خایاند، ئەندامانی ئێمە، کە ژمارەیان (١٥) پەرلەمانتار بوون لەکۆی (٥٥) پەرلەمانتار و پاشانیش ٢٥ کەسی سوننەشی تێکەوت، کۆی گشتی لیژنەکە بە نوێنەری (**سوننەکان**) گەیشتە (٥٥ + ٢٥ = ٨٠) ئەندام، تێدا ١٥ ئەندامی پەرلەمانتارانی لیستی کوردستان بوون، بەرامبەر ٦٥ پەرلەمانتاران و نوێنەرانی (**سوننە**) لێرەدا سەرەڕای ئەو هەموو دانوستاندنە و گفتوگۆ جۆراوجۆرانەی کە لەناو ئەو لیژنەیە رووید و نەتواندرا خاڵە سەرەکییەکانی یەکلا بکرێتەوە، چونکە ئەگەر بە دەنگ بێت ئەوا ١٥ دەنگی کوردستان بەرامبەر ٤٠ دەنگی دیکەی لیستی عەرەبەکان و سونەشی هاتە سەر، ئەوا ١٥ دەنگی

کوردستانی بەرامبەر ٦٥ دەنگی غەیر کورد بوو، ئەمیان ژمارەی دەنگی کوردستانی بەرامبەر دەنگی عەرەبی شیعە و سونە. بۆیە کاتێ گفتوگۆ لەسەر ئەم خاڵانە دەکرا دەبوایە یان بە دەنگ یان بە تەوافوق یەکلا بکرابایە، ئاشکرایە کە بە ژمارەی دەنگ ناتواندرێ شتێك بکرێ، بەڵام رێگای دووەم کە (**تەوافوق**) بوو نەدەگەیشتە ئاکام، چونکە نوێنەرانی شیعە وسوننە هەر لایەنەیان پێیان لەسەر مەسەلەیەك دادەگرت کە ئێمە پێی رازی نەدەبووین، سەرەڕای نەبوونی (**دەسەلآت**) بۆ یەکلاکردنەوە لەناو خودی لیژنەکە، بۆیە دیسان بە حوکمی بارودۆخی سیاسی دەبوایە سەرکردایەتی سیاسی مەسەلەکان یەکلا بکاتەوە، نەك ئەندامانی پەرلەمان و ئاکامەکەش هەر بەو رێگایە بوو کە کرا.

لێرەدا گوناهە ئەم مەسەلەیە لە ئەستۆی پەرلەمانتارانی لیستی کوردستان ببەسترێ، چونکە تاکو رۆژانی ئەمڕۆ، لە ئایندەیەکی دووریشدا دەبێت (**مەسەلە چارەنووسسازەکان**) لە دەرەوەی پەرلەمان یەکلا بکرێتەوە. لێرەدا مافی خۆمانە ئێمەش ئەو پرسیارە بکەین، چۆن پەرلەمانتارانی کورد دەیانتوانی مەسەلەی خاڵەکانی دەستوور یەکلا بکەنەوە، ئەگەر راستەوخۆ سەرکردایەتی کوردستان نەهاتبا ناو کێشەکە و بۆ چەندین رۆژ لە بەغدا بمێنێتەوە، تاکو بەو ئاکامە گەیشت کە دیسان گەلی کوردستان بەتەواوی لێی رازی نییە. ئەمە راستییەکەیەتی، بەڵام ئەوەی گوتراوە وەکو کورد دەڵێ: "**تفەنگ بە تاریکییەوە**" نانە. لە کۆتایشدا مەبەستم لەو روونکردنەوەیە ئەوەیە کە هەڵوێستی خۆم دەربڕم، چونکە بێ دەنگی بۆنی رازی بوونی لێدێ، بەڵام چونکە من ناڕازیم، ناتوانم لێی بێدەنگ بم و لێرەشدا دەمەوێ بۆ مێژوو شتێك بە هەموو لایەك رابگەیەنم، کە زانیومە (بەندە) لە لیستی تازەی پەرلەمانی ئایندەدا نیم، چونکە پێش چەند رۆژێك کۆبوونەوەیەك لە هوتێلی هەورامان گرێدرا بۆ ئەو کەسانەی دەپاڵێورێن. لەبەر ئەوە ئەو هەواڵە بابەتەی کە لە رۆژنامەی (**خەبات**) بڵاوکراوەتەوە دەربارەی گۆڕینی ٨٠٪ی پەرلەمانتاران منیش دەگرێتەوە، لەبەر بێ (**هەڵوێستیمان**). بۆیە بە پێویستم زانی ئەم روونکردنەوەیە رابگەیەنم و پەرلەمانتارانی لیستی کوردستان و خەڵکانی دەرەوەی جۆراوجۆری پەرلەمان بە جیاوازی ئینتیمای سیاسییان ئەو شایەدییەم بۆ دەدەن، کە تا چ رادەیەك (**بەندە**) بە کەڵك ئەو شوێنە هاتووم و چیم

کـردووه و دیسـان ئـەوه دوو بابەتـەی لـه رۆژنامـەی (**الصحفي**) بـه زمـانی عـەرەبی بلاوکراوەتـەوه یـەکیان بەرامبـەر خـودی (الجعفـری) و وەزیرەکـانی قسـەم کـرد و دووەمیشـیان لـەیادی (٤٤) سـاڵەی شۆڕشـی ئەیلوولـدا کـەوا بەیاننامەیـەکم راگەیانـد و راستەوخۆ بە پەرلەمانتاری عیراقیم گوت لە تەلـەفزیۆنیش راسـتەوخۆ پـەخش دەکـرێ و گوتم: **"نوێنەرانی میللەتانی عیراق پێویستە بـە قەناعـەتی مەبدەئییـەوە بڕواتـان بـەو مەسەلەیە بێت کە ئێمەی کورد قەناعەتمان پێیەتی و مـافی خۆمانـە کـە داوای دەکـەین وەکو هەر میللەتێکی بەشخوراوی ئەم سەر زەمینە"**، دەقی بەیانەکەشم لە ژمارە (١١)ی (**الصحفي**) بە زمانی عەرەبی بلاوکراوەتەوە، بەڵام دیسـان دەمـەوێ ئـەو راسـتییەش بـۆ مێژوو رابگەیەنم کەوا من:

١. رازی نەبووم وەکو ئەندام بەشداری لە (**المجلس الوطني**) پێشووتر بکەم، چونکە کـات و جۆری پـێ راگەیاندنەکەم زۆر لا ناشایستە بوو، کاتێ پاش رۆژێکیش ئەندامێکی بەرپێزی مەکتەبی سیاسی پـارتی داوای لێکـردم، کـە هـەر ئـەو رۆژە سـەفەر بکـەم بـۆ بەغـدا بـۆ بەشداری کردن، دیسان ناڕەزاییم نیشان دا و نەچووم و نەمکرد.

٢. بـە رێککـەوت کـاتێ لەگـەڵ بـرای بـەرپێزم زیـرەك کـەمال سـکرتێری سـەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە بە کارێکی سەندیکایی دەچووینە سلێمانی بە گەیشتنمان بۆ ئەوێ کاك زیرەك تەلەفۆنێکی بۆ رۆژنامەنووس (**ستران عەبدوڵڵا**) سەرنووسەری رۆژنامەی ئاسۆی کرد و سەلامی منی پـێ راگەیاند ئەویش (**یان کاك ستران**) بە کاك زیرەکـی گـوت: سەلامی لێ بکە و ئەوە ناوی پەرلەمانتارانی لیسـتی کوردسـتانم لـە بەردەمـە و لـە ئاسـۆ بەیانی بڵاو دەکرێتەوە، ناوی فەرهادیش ژمارە زنجیرە (١٤)ەمین ناوە، خودا وەکیلە لەو کاتەدا زانیم کە من بۆ ئەو ئەرکە پاڵێوراوم باوەڕیشم نەدەکرد جارێکی دیکە من دابندرێم بۆ ئەو شوێنە، چونکە پێشووتر راشکاوانە رەفـزم کردبـوو، لـەماوەی ئەندامییەتیشـم لـە پەرلەمانی عیراقدا لەوانەیە بابەت و کێشە نەبووبێ، کە بەشداریم تێدا نـەکردبێ و بـەرپێز (**مەلا بەختیار**)یش لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنی ناوی منی یەکەم کەس هێنا کە حـزورم لـە پەرلـەمان هەیـە. لەهـەمان کاتیشـدا سـەرەڕای بـەجێ هێنـانی ئەرکـە نیشـتمانی و نەتەوەییـەکانم زیـاتر لـە چـەند مانگێکـە راشـکاوانە رام گەیانـدووە (**شـایەدەکانیش**

زیندوون)، که من بەهیچ جۆرێك نامەوێ لە دەورەی داهاتوو هەڵبژێردرێمەوە، چونکە بەڕاستی ١٠٠٪ هاتوومەتە سەر ئەو ڕایە (**الذين يعلمون والذين لايعلمون**) وەکو یەك تەماشا دەکرێن و زۆر جاریش (**الذين لايعلمون**)نەکەش بە چاوێکی باشتر لە (**الذين يعلمون**) هەڵدەسەنگێندرێن/ سەرەڕای ناڕازی بوونم لە جۆری دابەش کردنی لێپرسراویەتی و ئەرکەکان چ لەناو لیژنەکان و چ لە دەرەوەی لیژنەکان، لەناو پەرلەمانتارانی لیستی کوردستان، کە بە هیچ پێوەرێك لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی و لێهاتوویی بۆ ئەم شوێنە یەك ناگرێتەوە، تەنها بۆ ڕێکخستنی (**دیکۆر**) نەبێت، کە لە بنەڕەتدا ڕەچاوی ئەو شتانە کراون، کە دوورن لە بەرژەوەندی گشتی و بۆتە هۆکاری ناڕەزایی خودی بەشێکی زۆری پەرلەمانتارانی هاوپەیمانی کوردستان، کە ئەویش لەگەڵ قەناعاتی ویژدانی و سیاسیم تێك ناکاتەوە و زۆریش لێك دووەرە، بۆیە ئەم چەندە دێڕە ڕادەگەیەنم، بەڵام دیسان بۆ مێژوو وەکو وەبیرهێنانەوەیەك مافی خۆمە ڕایبگەیەنم (**وەکو پێشتریش ڕامگەیاندووە**)، من دەمێکە پێویستم بە پلە و پایە نییە، چونکە وەکو دەڵێن (**لێ بوومەتەوە**) وەکو (**خرۆشۆف**)ی سەرکردەی پێشووی یەکێتی سۆفیەتی پێشووش لە دیمانەیەکدا لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێکی ئەورووپی، کە کاتێ ئەو پرسیارەی لێ دەکات، (**ئایا ژیانی خانەنشینیت بێزاری نەکردووی؟**) (**خرۆشۆف**)یش لە وەڵامدا دەڵێ (**ڕۆڵە من لە بازاڕ گەڕاومەتەوە و تازە کارێکم پێ نییە**)، کە دەڵێم پێویستم پێ نییە لە ڕوانگەی (**تەرفع و تەکەبورەوە**) نییە، چونکە بەندە پێش (٣٥) ساڵ کاتێ لە هەڕەتی لاوێتیدا بووم تەمەنم (٢٥) ساڵ بوو، لە دوای ڕێککەوتنامەی یازدەی ئادارى ساڵی ١٩٧٠ بە چەند مانگێك حکومەتی بەعس و سەرکردایەتی شۆڕش و پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێککەوتن لەسەر پێکهێنانی (**المجلس الوطني**)لە ١٠٠ ئەندام کە تێدا (بەندە) ئەو کات سکرتێری گشتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووم، یەکێکی بووم لەو (٢٥) ئەندامەی کە بۆ کورد داندرابوو، کە بۆ ئەو (**المجلس الوطني**)یە تەرشیح کرابووم، بەڵام نەهاتە کایەوە، تاکو ئێستاکەش هۆی پێکنەهاتنی ڕانەگەیندرا، بەڵام دیسان سەرچاوەی هەواڵەکەی خەبات دەبوایە بەو شێوە و دوور لە ڕاستییەکان باس لەو مەسەلەیەی نەکردبا، گوایە لەبەر بێ هەڵوێستییان جارێکی دیکە لە پەرلەمانی داهاتوودا داناندرێنەوە، دەبوایە هەر هیچ

نەبوایە رەچاوی ترس و لەرزی ئەو بارودۆخە ترسناکە بکرابایە، کە پەرلەمانتارانی کورد رۆژانە تێیدا دەژیان چ لە کاتی سەفەر کردنیان لە شارەکانی کوردستان بۆ بەغدا چ جۆری هاتووچۆیان لەناو بەغدا، کە هەموو کاتێك لە کوشتن و تیرۆر نزیك بووین، کە ئەو کاتە ئەگەر بقەومابایە (**لە بروسکەیەکی چەند دێڕییان زیاتر پێ ڕەوا نەدەبڕا**) پێم وایە نووسەری ئەم بابەتەی (**خەبات**) لێی بێ ئاگا بووە.

اللهم بلغت اللهم فأشهد

فەرهاد عەونی

ئەندامی کۆمەڵی نیشتمانی عیراقی (پەرلەمان)

و نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

هەولێر ٢٠٠٥/١٠/٢٥

پاشکۆ

نووسەر لە هەڕەتی لاویەتیدا
بەهاری ١٩٦٣ – کۆیە

یەکەم ژمارەی گۆڤاری (نضال الطلبة)ی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان کە

نووسەری ئەم کتێبە سەرنووسەری بووە لە بەهاری ساڵی ١٩٧١ لە بەغدا

گۆڤاری (نضال الطلبة)ی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان

نووسەر لەگەڵ (ڕێکان)ی کوڕی – کۆیە ١٩٨٩

نووسینگەی رۆژنامەی (برایەتی) لە هەولێر، زستانی ١٩٩٤

سەردانی سەرۆك بارزانی و جەوهەر نامیق سالم سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

برایەتی
ژمارە/ ٥٥
رۆژ ٢١/١٠/١٩٩٥

(مزگێنی وتایبەتی)

بۆبار

لە بەر باری گرانی و ژیانی کارمەندە دڵسۆزەکانی دەزگای برایەتی و خەبات کە لە ناو شاری هەولێر ماونەتەوە بڕیار درا بە یارمەتی دانی هەریەک لەو کارمەندانەی کە لە خوارەوە ناویان هاتووە لەگەڵ بڕی یارمەتیەکە بە شێوەیەکی مانگانە کۆی یارمەتیەکە لە لیستەی مووچەی دەزگا دیاری بکرێت.

١.ع ق گ	٥٠٠
٢.ع ح	٥٠٠
٣.م خ	٥٠٠
٤.ی ع	٥٠٠
٥.ک ا	٥٠٠
٦.م ح ر	٥٠٠
٧.م ز	٥٠٠
٨.خ گ	٥٠٠
٩.خ س	٥٠٠
١٠.ص گ	٥٠٠

فەرهاد عەونی
سەرپەشتیکاری دارایی و نیداری
دەزگای رۆژنامەی برایەتی و خەبات

PDK
دەزگای برایەتی و خەبات

(برایەتی) رۆژنامەنووسانی خۆی لە رۆژە ناخۆشەکانیش لەبیرنەکردووە
ژمارەی نووسراو: ٢٢ لە ١٩٩٥/١٠/٣١

له دیمانەیەکی رۆژنامەنووسی لەگەڵ سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان

(مسعود بارزانی۹ نیسانی ١٩٩٦ هاوینەهەواری سەڵاحەدین

هاوینەهەواری سەلاحەدین، بارەگای رۆژنامەی (برایەتی) لە چەپەوە: خەتاب عومەر، فەرهاد عەونی، شکار عەفان، جەوهەر نامیق سالم، سلێمان خالید، پەیمان فەرهاد، لێژان بارزان مەلا خالید، یەحیا جاف

ژمارەیەک لەرۆژنامەنووس و کارمەندانی رۆژنامەنی (برایەتی)و (خەبات) لەهاوینەهەواری سەلاحەدین زستانی ١٩٩٦ دانیشتوان لە راستەوە: محیەدین عەزیز، سەعید یەحیا، فەرهاد عەونی، یاوەر نامیق سالم، زاهیر رۆژبەیانی، شکار عەفان، محیەدین قادر، سلێمان خالید ئاژگەیی. راوەستاوان لە راستەوە: فەرهاد محەمەد، محەمەد خدر مەولود، یەحیا جاف، کیفاح ، شێرزاد عەبدولڕەحمان، پەیمان فەرهاد، کاروان محەمەد سینۆ، خالید محەمەدئەمین، دلێر عەونی، شاخەوان، شەمالّ ئاکرەیی، نەوزاد شەمعون، موخلیس خۆشناو، خەتاب عومەر

لە چەپەوە: ئاسۆ کەریم، فەلەکەدین کاکەیی، فەرهاد عەونی

هاوینەهەواری سەلاحەدین، نیسان ١٩٩٦

سەرنووسەر رۆژنامەی برایەتی (فەرهاد عەونی)

لە یادی (٩٩) ساڵەی دەرچوونی یەکەم ژمارەی (کوردستان)ی دایك

پێشانگایەك لەبەردەم نووسینگەی رۆژنامەی (برایەتی) و (خەبات) دا

سەردانی جەوهەر نامیق سالم، بۆ نووسینگەی رۆژنامەی (برایەتی) لەیادی (٣٠) ساڵەی دەرچوونی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی (برایەتی) ١٩٩٧/٥/٦

نووسینگەی رۆژنامەی (برایەتی)، هۆڵی میقداد بەدرخان ١٩٩٧/٥/٦

نووسینگەی رۆژنامەی (برایەتی)

لەراستەوە: سامی عەبدولڕەحمان، فەرهاد عەونی، جەوهەر نامیق سالم، فەلەکەدین کاکەیی، عەدنان نەقشبەندی، فەوزییە عیززەدین رشید، فەڕەنسۆ هەریری

یادی (٣٠) ساڵەی دامەزراندنی دەرچوونی یەکەم ژمارەی (برایەتی) هەولێر ١٩٩٧/٥/٦

نووسەر لەگەڵ خوالێخۆشبوو عەزیز پشتیوان

لە دیمانەیەکی رۆژنامەی (برایەتی)دا، هاوینی ١٩٩٧ شەقلاوە

دیداری سەرۆك بارزانی لەگەڵ سەرنووسەرو جێگری سەرنووسەر و سکرتێری نووسینی رۆژنامەی (برایەتی) هاوینی ١٩٩٧

لالش، دیمانەیەکی رۆژنامەنووسی لەگەڵ برایەکی ئێزیدی

لەراستەوە: زاهیر رۆژبەیانی، جێگری سەرنووسەری (برایەتی)، جەوهەر نامیق سالم سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، سامی عەبدولڕەحمان بەرپرسی کارگێڕی (پ.د.ك) فەرهاد عەونی سەرنووسەری (برایەتی) بەهاری ١٩٩٨

١٩٩٨/٤/٢٢ رۆژی دەرچوونی یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

لە نووسینگەی سەرۆکی پەرلەمان (جەوهەر نامیق سالم)

نووسینگەی سەرنووسەری رۆژنامەی (برایەتی)

لەچەپەوە: خوالێخۆشبوو شوکر مستەفا، پرۆفیسۆر جەلیلی جەلیل، فەرهاد عەونی بەهاری ساڵی ١٩٩٨

پرۆفیسۆر جەلیلی جەلیل، فەرهاد عەونی

نووسینگەی رۆژنامەی (برایەتی)

سەباح مەندەلاوی و خەیاڵ جەواهیری هاوسەری

سەردانی سەرنووسەری رۆژنامەی (برایەتی) دەکەن – هاوینی ١٩٩٨

نووسینگەی رۆژنامەی (برایەتی)، هۆڵی میقداد بەدرخان، دەستەی دامەزرێنەرانی سەندیکا، لە چەپەوە: خوالێخۆشبوو فیکرەت عیززەت، فەرهاد عەونی، ممتاز حەیدەری، ئەبو دلشاد هاوینی ١٩٩٨

نووسینگەی رۆژنامەی (برایەتی)، هۆڵی میقداد بەدرخان

یەکێك لەدانیشتنەکانی دەستەی دامەزرێنەری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، هاوینی ١٩٩٨

شەهید شەوکەت شێخ یەزدین لەگەڵ سەرنووسەری (برایەتی)

نووسینگەی رۆژنامەی (برایەتی) هاوینی ١٩٩٨

دیواربەندی دەزگای (برایەتی) و (خەبات)، لەبەردەم دەزگا

خوالێخۆشبوو سەعید ناکام لە ڕاستییەوە: فەرهاد عەونی – لە چەپییەوە: تاریق ئیبراهیم شەریف

دیدارێکی نووسەر لەگەڵ (نێچیرڤان بارزانی) دا

نووسینگەی سەرنووسەری (برایەتی) فەرهاد عەونی، یوسف مەولود قەساب، ئاسۆ کەریم

هاوینی ١٩٩٩

نووسینگەی رۆژنامەی برایەتی

لەچەپەوە: شەهید فەرەنسۆ هەریری، عەمۆ بابا، فەرهاد عەونی

لە چەپەوە: شەهید سامی عەبدولڕەحمان، نازەنین وسو، فەرهاد عەونی

نووسینگەی رۆژنامەی (برایەتی) ١٩٩٩/٤/٢٢

جەوهەر نامیق سالم سەردانی نووسینگەی رۆژنامەی (برایەتی) دەکات ١٩٩٩

لەراستەوە: سامی عەبدولڕەحمان، جەوهەر نامیق سالم، زاهیر رۆژبەیانی، فەڕەنسۆ هەریری، فرسەت ئەحمەد

سامی عەبدولڕەحمان، جەوهەر نامیق سالم

سەردانی نووسینگەی رۆژنامەی (برایەتی) دەکەن

خەیاڵ، کچی شاعیری گەورە محەمەد مەهدی جەواهیری

سەردانی نووسینگەی رۆژنامەی برایەتی دەکات

لەسالّڕۆژی دەرچوونی رۆژنامەی (برایەتی)، کاروان ئاکرەیی بەڕێوەبەر گشتی
K.tv پیرۆزبایی لەسەرنووسەری (برایەتی) دەکات ١٩٩٩/٥/٦

خوالێخۆشبوو سامی عەبدولڕەحمان لەنێوان فەرهاد عەونی و سەرۆ قادر، لەکۆبوونەوەیەکی لەگەلّ
رۆژنامەنووسانی دەزگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٩٩٩/٥/٦

چەپکە گوڵی پیرۆزبایی بۆ (برایەتی)

خاتوو جەمیلە جەلیل، ئۆردیخانی جەلیل، فەرهاد عەونی

لەکاتی سازدانی دیمانەیەک رۆژنامەنووسی لە مالّی نووسەر پاییزی ١٩٩٩

نووسەر لەنێوان خوالێخۆشبوو د. مارف خەزنەدار لەلای راست و ئۆردوخانی جەلیل لەلای چەپ
هەولێر، پاییزی ١٩٩٩

ئایدان وایت، سکرتێری فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان لەگەڵ فەرهاد عەونی، نەقیبی
رۆژنامەنووسانی کوردستان، لەبەردەم بارەگای سەندیکا لە هەولێر، کانوونی دووەمی ٢٠٠٤

۲۰۰۰/۲/۲۰ بارەگای رۆژنامەی (برایەتی) رۆژی خواحافیزی سەرنووسەر (فەرهاد عەونی) لە پۆستەکەی
لەراستەوە: زاهیر رۆژبەیانی/ جێگری سەرنووسەر، فەرهاد عەونی/ سەرنووسەر، ئاسۆ کەریم/ سکرتێری نووسین

رۆژنامەنووسان و کارمەندانی دەزگای (برایەتی) و (خەبات) ۲۰۰۰/۲/۲۰
رێوڕەسمی خواحافیزی سەرنووسەر لەپۆستەکەی خۆی

سەرۆکی هەرێمی کوردستان (مسعود بارزانی)، لەڕاستییەوە فەرهاد عەونی، لە چەپییەوە: جەوهەر کرمانج، سەرۆ قادر، لەکۆبوونەوەیەک لەگەڵ ژمارەیەک لە رۆژنامەنووسانی کوردستان

ئایاری ۲۰۰۷ مۆسکۆ – شاندی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە جلوبەرگی کوردی لەهۆڵی کۆنگرەی (۲۵)ەمینی IFJ

نووسەر لە چەند دێڕێکدا

١. لە ١٩٤٦/١١/٢٨، لەشاری کۆیە لەدایکبووە و هەرسێ قۆناغی خوێندنی لەم شارە تەواوکردووە.

٢. بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە ئابووریی سیاسی لە کۆلێژی ئابووری و زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی بەغدا، ساڵی ١٩٧٠ تەواو کردووە.

٣. هەر لەسەرەتای لاوێتییەوە لە شەستەکانی سەدەی رابردوو، چووەتەوە نێو کاری سیاسییەوە و شەرەفی ئەندامێتی لە حزبی شیوعی عیراقی لە ساڵی ١٩٦٠ لە شاری کۆیە وەرگرتووە. بەهۆی چەند هۆکارێکی هزری و نەتەوەیی، لەسەرەتای ساڵی ١٩٦٣، ریزەکانی ئەم حزبەی بەجێهێشتووە و هەر لەم کاتەوە تا ئێستاش رۆڵی ئەم حزبە لە دۆزەکانی نیشتمانی عیراقیدا بەرز دەنرخێنێت.

٤. لە هاوینی ساڵی ١٩٦٣، پەیوەندیی بە ریزەکانی پێشمەرگە و پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە، وەک (نووسەری بەرزەفت–کاتب ظبط) لە دادگای باڵای شۆڕشی کورد. کە بارەگاکەی لە شارۆچکەی ماوەت بوو، دەست بەکاربوو.

٥. لەساڵی ١٩٦٤، لە ریزەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان کاری کردووە و یەکەم شانەی ئەم یەکێتییەی لە دواناوەندی کۆیە پێکهێناوە، ئەمەش پاش گەڕانەوەی بۆ خوێندن، دوای دابڕانێک بۆ ماوەی ساڵێک و چەند مانگێک.

٦. لەکاری ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، دوای وەرگرتنی لە زانکۆ بەردەوام بووە، لە ئەندامێتی لێژنەی کۆلێژ تا ئەندامێتی مەکتەبی ناوەندی ئەم یەکێتییە بەرەوپێش چووە.

٧. لە شەشەمین کۆنگرەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، کە لەساڵی ١٩٧٠ بەسترا، وەک سکرتێری گشتی ئەم یەکێتییە هەڵبژێردرا و بەردەوامیش بوو تا ١٩٧٢/٥/٢، کە

حەوتەمین کۆنگرەی لەشاری سلێمانی رێکخرا، لەم ماوەیەدا (٤) ژمارە لە گۆڤاری (خەباتی قوتابیان–نضال الطلبة) بە زمانی عەرەبی دەرکرد.

٨. لە سکرتاریەتی دەستەی ئاوەدانکردنەوەی باکوور، بۆ ماوەی چوار مانگ، وەک تۆێژەری ئابووری لە ١٩٧٢/٦/١–١٩٧٢/١٠/١، کاری کردووە.

٩. وەک بەرێوەبەری کارگێڕی دەزگای (تەئاخی و برایەتی) رۆژنامەوانی، لە پایزی ١٩٧٢ و هەروەها وەک سەرپەرشتیاری وردبینی بابەتە سیاسییەکان لە رۆژنامەی (برایەتی) و وەک بەرپرسی نووسینگەی سەرنووسەر، تا ١١ی ئاداری ١٩٧٤، کاری کردووە.

١٠. وەک ئەندامی دەستەی کارگێڕی کۆمەڵەی ئابووریناسانی عیراقی (مەڵبەندی گشتی لە بەغدا) بۆ دوو خولی دواییەک ١٩٧٢–١٩٧٣ و ١٩٧٣–١٩٧٤ هەڵبژێردراوە.

١١. بۆ دووەم جار لە بەهاری ١٩٧٤، دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە لایەن دەسەڵاتدارانی بەعسەوە، پەیوەندی بە ریزەکانی شۆڕشی کورد کردووە، لەوکاتەدا بوەتەوە سکرتێری دەستەی هەماهەنگی لەگەڵ دەزگاکانی شۆڕشدا و دواتر وەک بەرێوەبەری گشتی کاروباری لاوان لە ئەمینداریەتی گشتی راگەیاندن و رۆشنبیری و لاوان کاریکردووە، لەم ماوەیەدا لەگەڵ هاوکارانی لەم بەرێوەبەرایەتییەدا، دوو ژمارەی لە گۆڤاری (دیاری لاوان) بە زمانی کوردی دەرکردووە.

١٢. دوای شکستهێنانی شۆڕشی کورد، لە ئەنجامی رێککەوتننامە شوومەکەی جەزائیر لە ٦ی ئاداری ١٩٧٥، بۆ زێدی خۆی شاری کۆیە گەڕاوەتەوە و لە ساڵی ١٩٧٧، لە کارگەی تووتن وەک فەرمانبەر بە ناوونیشانی (یاریدەدەی تێبینەر) دامەزراوە، لەساڵی ١٩٨٦ بەهۆی پەیوەندی نەکردنی بە سوپا لەکار لادراوە و دوای سەرکەوتنی راپەڕینی بەهاری ١٩٩١، گەڕاوەتەوە سەرکار.

١٣. لە ١٩٩٣/١٠/٢٦ تا ٢٠٠٠/٢/٢٠، وەک سەرنووسەری رۆژنامەی (برایەتی) کە رۆژانە بەزمانی کوردی لەشاری هەولێر دەرچووە و هەروەها وەک بەرپرسی دەزگای رۆژنامەنووسی (برایەتی و خەبات) کاری کردووە.

١٤. له چالاکییەکانی رێکخراوی مافی مرۆڤ له کوردستاندا لەسەرەتای دامەزراندنییەوە له ساڵی ١٩٩١، بەشداربووە، هەروەها بەشداری کۆنگرەکانی ئەم رێکخراوەی کردووە، دواتر بووەتە ئەندام له دەستەی باڵا لەدوای کۆنگرەی دووەم که لەساڵی ١٩٩٣ له سلێمانی بەسترا، تاکو ئێستا.

١٥. سەرۆکایەتی لێژنەی ئامادەکردنی پرۆژەی دامەزراندنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و یاسای سەندیکا لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٧ کردووە، له یەکەمین کۆنگرەی سەندیکا که له ١٩٩٨/١٢/٢٩ وەک نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان هەڵبژێردراوە و له دووەمین کۆنگرەشدا، که لەساڵی ٢٠٠٠ بەسترا، وەک نەقیب هەڵبژێردراوەتەوە و دوای یەکگرتنەوەی هەردوو رێکخراوی رۆژنامەنووسی (یەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردستان و سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان) له یەک رێکخراودا، بەناوی (سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان)، له یەکەمین کۆنگرەیدا که له ساڵی ٢٠٠٣ و لەدووەمین کۆنگرەی گشتیدا لەساڵی ٢٠٠٧، وەک نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان هەڵبژێردرا.

١٦. سەرۆکایەتی لێژنەی ئامادەکردنی پرۆژەی یاسای کاری رۆژنامەگەری له کوردستاندا لەگەڵ هاوکارانی له ئەنجوومەنی سەندیکا و دەرەوەی ئەنجوومەن کردووە، ئامادەکردنی ئەم یاسایە ماوەی دوو ساڵی پێچووە، تا وەک (یاسا) له پەرلەمانی کوردستان بە ژمارە (٣٥) له ساڵی ٢٠٠٧ پەسەند کراوە.

١٧. له دەرچواندنی ژمارەیەک له رۆژنامە و گۆڤار وەک (کوردستان الیوم، ژینۆ) لەگەڵ هاوکارانی شێرکۆ حەبیب و تاریق ئیبراهیم شەریف، بەشداربووە که له یەک کاتدا له کوردستان و لەندەن دەردەچوو.

١٨. وەک سەرنووسەری گۆڤاری (الصحفي) که له سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە زمانی عەرەبی دەردەچێت له ژمارەی (١) تا ژمارە (٧٦) کاری کردووە، هەروەها وەک خاوەنی ئیمتیاز له گۆڤاری (رۆژنامەڤانی) دواتر (رۆژنامەنووس)، که له لایەن سەندیکاوە بە کوردی دەردەچێت له ژمارە (١)ی رۆژنامەڤانی تا ژمارە (١٢) و له ژمارە (١)ی رۆژنامەنووس تا ژمارە (٢٤)، کاریکردووە.

١٩. ئەم كتێبانەی بەچاپ گەیاندووە:

أ- ناميلكەيەك بە ناوونيشانی (المنظمات الجماهيرية الكوردستانية ١٩٥٣-١٩٩١) ڕێكخراوە جەماوەرییەكانی كوردستان لە نێوان ساڵانی ١٩٥٣-١٩٩١، كە لە لایەن نووسینگەی توێژینەوەكانی سەر بە پارتی دیموكراتی كوردستان لە ساڵی ١٩٩٦، دەرچووە.

ب- (من حقيبتي)، كۆمەڵە گوتارێكە كە بەزمانی عەرەبی لە گۆڤاری (الصحفي) بڵاوكراوەتەوە.

ج- (ذاكرة الأيام) بە زمانی عەرەبی.

د. لەچاپدانەوەی (دیوانی عەونی)، بۆ جاری دووەم، چاپێكی زیادكراو و چاككراوەیە.

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (١٠٩) ساڵی (٢٠١١)ی پێ دراوە

لە چاپکراوەکانی نووسەر:

١. المنظمات الجماهيرية الكوردستانية ١٩٥٣-١٩٩١، دراسة أولية الطبعة الأولى ١٩٩٩ أربيل.

٢. من حقيبتي، الطبعة الأولى ٢٠١١ أربيل.

٣. ذاكرة الأيام الطبعة الأولى ,٢٠١١

٤. إعادة طبع (ديوان عوني) طبعة مزيدة ومنقحة ٢٠١١ هولير.

Kurdistan Journalist's